ڕامان
ئەنجامنامەی ڕێکخراوی گشتیە - ڕامان دەری دەکات
١٩٢
نیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند [شاهرام حەمیدزادە]/ تا: شاریف فەلاح
ئەنگژەی شانۆ: ڕەنگدانەوەی ئەنگژەی شانۆکارە/ تا: فەخرەدین تاهیر
حەزن بان ئەحسان؟: ناسیەیە کێشەیەک/ بۆرار ئاهەنگی
هاجر ماڵا عەبدوڵڵای جاڵی (١٨٣٤ - ١٩٠٨)/ جەواد حەمدیەک سالح
نیشتمانی ماننا و پاشای ئاز!/ شاروخ حەمەعزاڕە
دوو شیعری دیکەی [سلێمان بەگی کاتب فارسی]/ ڕێبوار حەمەتوفیق

تابلۆی هونەرمەند: زوهێر حەسەب
(حەسەکە)



- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرتریت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبوڵ مەرکەزی
ئەدریسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 07504494662 - 2228506
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com

چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

ناوەرۆکی

دەق

- خەیاڵی با/ عەبدولموتەلّیب عەبدوڵڵا/ 3
- من و تۆ/ نالّە حەسەن/ 6
- ئیتر.../ ماریا ئەحمەد/ 8
- ماسییێن زیقین/ مزگێن ڕووناک/ 9
- دوو سۆناتای شەکسپیر/ لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 10
- من و «ئەو» و نەنکە تەمین/ ئەدیب نادر/ 12
- تاژیدان/ سەدیق ڕەسوڵی/17
- سروودە بالّکراوەکان/ ک. د. ئازاد/ 19
- گوهێ کوڕێ مەمەد/کاوا شێخێ/ 22
- گرێ کوێرە/ لە فارسییەوە: مەزهەر ئیبراهیمی/ 25
- کۆمیدیا/د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 28

هەڤپەیڤین

- دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند (شەهرام حەمیدزادە)/ ئا: شەریف فەلاح/ 31

مێژگرد

- تەنگژەی شانۆ، ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شانۆکارە/ ئا: فەخرەددین تاهیر/ 38

دەق و ڕەخنە

- «مردن یان مان؟» ئەمەیە کێشەکە/ موراد ئەعزەمی/ 53

ڕەخنە و لێکۆڵینەوە

- ئەدەب و هونەری شیعر/ ئەمین گەردیگلانی/ 57
- حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی (١٨٣٤-١٩٠٨) لەنێوانی سەردەفتەر و پەراوێزدا/ جەواد حەمەدبەگ سالّح/ 64
- ڕەخنەی ئەدەبی و میتودەکانی/ لە فارسییەوە: هێرش کەریم/ 71

هزر و فەلسەفە

- فەلسەفەی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ/ د. حەمید عەزیز/ 79

بیرەوەری

- بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم/ کەریم شارەزا/ 97

ئەزموون

- ئەزموونی کارکردنم لە شانۆی منداڵانی کورددا/ ڕزگار کەریم/ 99

وتار

- نیشتمانی مانناو پاشای ئازا/ شاروخ حەسەنزادە/ 109
- دوو شیعری دیکەی (سلێمان بەگی کاتب فارسی)/ ڕێبوار حەمە تۆفیق/ 113
- ڕۆشنا.. ژنە کوردە غەدر لێکراوەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی/ د. فوئاد حەمە خورشید/ 117

زمانزانی

- زمان شوناسێک لە نەتەوە/ هادی حەبیبی/ 120

میژوو

- کورتەیەک لە میژووی عیبرانییەکان/ کەلسوومە جەمیل/ 128

هونەر

- شانۆی ڕۆژ و تێڕوانینێکی سیاسیی بۆ شانۆ/ دانا ڕەووف/ 134
- موزیکی شانۆ لەنێوان دانان و هەڵبژاردندا/ لە عەرەبییەوە: نایف شێخانی/ 143

خوێندنەوەی کتێب

- کۆتایی گەمە و تارمایی سپی/ هاشم سەڕاج/ 146
- هەنگاوێکی نوێ لە ڕێگەی ڕۆمانی کوردیدا/ د. زوهدی داوودی/ 151

بەدواداچوون

- چەند سەرەقەڵەمێک بۆ خوێندنەوەی کتێبی (کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کورد)/ تۆفیق کەریم/ 155

نرخاندن

- گۆڤاری ڕامان وەک سەرچاوەیەکی زانستی/ شاهین نەجمەددین/ 157

سووکە لەنگەر

- وەستاگەری لە هونەردا/ مەهدی ئومێد/ 160

خەیاڵی با

عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(١)

باران
لەو پەڕی بێهوودەیی
یاری بە با دەکا.

(٢)

هەموو دەچین
نە خەمە
با دێ
باران لە زولفی دەتکێ.

(٣)

خۆتان لە با لادەن
گیرفانتان پڕە لە باران.

(٤)

شتێک بە دڵ بڵێ
با بۆ بارانی
نەگێڕێتەوە.

(٥)

کەس لە کتێبی با
ناگا بە مەیلی جاران
باران نەبێ.

(٦)

یەکەم خەڵاتی با
بەر باران دەکەوێ
زمانی بەربووە
چاوی پشیلان.

(٧)

ژیان چەشنی با
لە بازاڕ دەمانگێڕێ

بێ ئەوەی بتوێتەوە.

(٨)
ئاسمان لە هەر کوێ بە با بگا
وڕێنە دەکا
لە دەمی باران.

(٩)
باران
کەوتە نووسینەوەی با
بە قەڵەمی خۆر.

(١٠)
چۆلەکەیەک
پەڕە لە باران دەبزێوێ
خەیاڵی با دەکا.

(١١)
با لەو پەڕی دنیا
پڕ پڕ دێ
بە دەستی بەتاڵ.

(١٢)
تەم بەری ئاسمانی گرتووە
با بەری ژیان
دەڕنێ.

(١٣)
لە بازاڕی باران
دەست لە ئاسمان هەڵدەگرین
بۆ کۆشکی با.

(١٤)
با بە تەماشاکردنی ئاودا دەڕوا
لەسەر پشتی شەپۆل.

(١٥)
با لە هەموو شوێنێ
خۆی پێش دەخا
کێ ئاوڕ لە هەڕەشەی باران
دەداتەوە.

(١٦)
دنیا وەک ئەوەی با
لە شار دابهێنێ
دەبارێ.

(١٧)
لەبەر چاوی با
باران دێتە خوارێ
کەس بە کەس نییە.

(١٨)
ئەوەی ناهێڵێ
کەس لە ماڵ بێتە دەر
بایە بارانە
ئەوەی ناهێڵێ کەس
لە ماڵ بێ.

(١٩)
لە دڵی گەرمی باران
با دێ
ڕێگای لە سەبەتە دەکا.

(٢٠)
لە تەنیایی با
خەو دەبیاتەوە
باران
لە لووتکەی ژیان.

(٢١)
ئاسمان شپرزەیە
باران بە پەتێک شۆڕ دەکاتەوە
کەس نییە
با نەبێ.

(٢٢)
باران پێکەنینی ئاسمانە
بەر لەوەی با
خەو لە ئاونگ بکوتێ.

(٢٣)
هەندێ جار باران لە بیر خۆت بەرەوە
پێش با

زمان بخه دەمی دەریا.

(٢٤)
ئەوەندە با بە یەکتر دەدوورمەوە
کە ببارێ.

(٢٥)
باران لە نەخشی با
دەچێتەوە یاری.

(٢٦)
با لە مالّ دێتە دەر
ئاشنا دەبێ
لە شەقام ڕادەکا
باران بە ڕەگەوە دەچنێ.

(٢٧)
چاو داخە
با بە گۆچانی خواری باران
بە دواتدا دەگەڕێ.

(٢٨)
با هیچ ئاراستەیەک ناس ناکا
بەڵام عەقڵی لە چاودایە
بە پێی باران.

(٢٩)
گالیسکەی با
ئاو بەرەو کۆشکی
تەنیایی دەبا.

(٣٠)
با وەک کۆڵەکەی باران
ئاسمانی ڕاگرتووە.

(٣١)
چۆلەکەیەک لە سەر تەنافی با
بە خەیاڵدا دەڕوا
لەوێ
باران لە گیرفان دەردێنێ.

کانوونی یەکەم ٢٠١٢

من و تۆ

نالە حەسەن
(کەنەدا)

من هەمیشە
لەسەر دیوارەکانی خەیاڵم
شیعرە شینەکان و
لەسەر جەستە ڕووتەکەی تۆش
خۆم دەنووسمەوە

کۆترە ئیرۆسییەکانی نێو خەونەکانم
بۆ هەر کوێ بفڕن
دواتر دێنەوە و
لە بنار مەمکۆڵەکانی تۆ دەنیشنەوە

وەرزەکانی تەمەنی من
وەکو شەپۆل
بەنێو ڕووباری نیگەرانییەکانی خۆم و
بەنێو جۆگەلە مەست و پڕ هاژەکەی
نێو مەمکۆڵەکانی تۆ تێدەپەڕن

من قژی خاوی تۆ دەکەم بە ڕەشمااڵێک
بۆ کوڕانی گەڕەکەکەمان نا
تەنها بۆ خۆم
دەمارەکانی عاتیفەشت بە جۆلانەیەک
بۆ کچانی دراوسێکانم نا
ئەویش بۆ خۆم

تۆ لە بووکەشووشەیەکی چاو سەوز دەچیت
دەمەوێت
هەموو شەوێک
لە ئامێزی خۆمدا بتخەوێنم

جەستەی تۆ پاییزێکی لێو تەڕە
سێوەکانی نێو خەیاڵیشت
کانی شیعرم دەتەقێنێتەوە



من نه له شیلەی نیگاکانت
نه له خەونه پەرتبووەکانت
نه له زەردەخەنه ئیرۆسییەکانت
تێرنابم و تێرنابم و تێرنابم

باڵای تۆ کەمانجەیەکی گیاییە
شەونم ئیرۆسییەکانی ڕوح
بە سەما دەهێنێ

چاوەکانت
پڕن له تریفه پڕشنگییەکانی شەو
مەمکەکانیشت
پڕن له میلۆدییەکانی مەستبوون

جەستەی تۆ
له شەتڵه ڕەیحانێکی تەڕ دەچێ
له باخچه نارنجییەکانی مانگ
دەم بۆ خۆرەتاوی عەشق دەکاتەوە

دەڕۆم دوور دەکەومەوە
دوور له تۆ نا
دەمەوێت بگەڕێمەوە
نێو تەمه سپییەکانی خەون

من هێندە سەرمەستم به تۆ
لەنێو ماڵه سپییەکەی هەور
جگه له ڕوخساره ڤینۆسییەکەت
هیچ ئەدگارێکی تر نابینم

من و تۆ
له دوو باڵندەی مۆرفیمینی شیعر دەچین
بەنێو ئاسمانه شینەکەی خەیاڵ
دەسووڕێینەوە

من و تۆ
له دوو درەختی ئاوی دەچین
وا پێدەچێت
چیتر پێویستمان به بارانی خودا نەبێت

من و تۆ
تابلۆیەکین
پڕ له ڕەنگه ئاچوغەکانی عەشق
ڕەنگەکانی خۆمان
به جوانی و
به خەون و
به ژیان دەبەخشین..!

هەولێر / کەندا
شوباتی ۲۰۱۳

ئیتر...

ماریە ئەحمەد

بەریئیی تخووبەکانی ژان
فریودانەکانی خۆمان
حەسرەتی حەژمەتی
ئەغیار لەوانەکانی خاکەساری خەم
هەموو ڕۆژەکان
خۆزگە بە شەو دەخوازم
چونکە خەون بە ئێوەوە دەبینم
دڕکستانی ڕۆژ جەللادێکە
چەپۆکی مەرگ
ئافاتی بێ موبالاتی
شکۆدارترین تەوقەکانی
دیلیەتی من لە خۆم
ئەم دڵۆپە خوێنانەی بە ڕوحمەوەیە
چۆڕاوەی مەزادخانەکانی
بریندی دڵی منن
بەگەیشتن بە تەلعەتی
سوبح دەمی ئێوە
من کە هەمیشە جەنگاوەرێک بووم
لەناو لافاوەکانی ڕق
وەحشەتی فەرسەخە تابووتییەکانی من
لە دووری ئێوە
خائین بە سەنگەرەکانی پێکەنین
بۆیە کەوتمە ناو زەلالەتی گریان
ئەغیار لە مەیدانەکانی ئایینده
غافڵگیر لە شکانی سەدەفی
تاسە هەناریيەکان
ئەسەفی ناو باخچە پایزییەکان و
کۆڵانەکانی ڕووخانی
مەرگی ئێوە کوشتمی
نغرۆ بوون لە ناو گۆمی مەنگی
ئەو زەمەنە میۆزییە
سەرنجم بەهیچ کوێ ڕاناگات
ئیمشەو دەستی مانگ دەگرم و
بەسەر تاشەبەردەکانی ئاسمان و
تاسە بەرزەکانی ئەستێرە و
بەناو کۆڵانە گیاییەکانی
بەر دەرگای ماڵی غەریبی مندالێم
پیاسەیەک دەکەم
بێ بەش لە باوەشی هەناسە گەرمەکانی
خوشکەکەم و
دنیای پڕ لە نهێنی هەنسکەکانی
حوزنی دایکم
کە شەمەندەفەرەکانی مەرگێکی
مەئیووس
لەگەڵ خۆی بردن و
ئیتر....
نەمبینینەوە!!

ماسیێن زیڤین

مزگین ڕووناک
(لجێ - ئامەد)



واخ و ئەمان
ئەم ل بەر دەریێ حەیاتێ مان
ل سەر پێپەلووکا بنی
ل بەر سیان، سیا دیری
حەیات، حەیات!
ما قەی دۆرا مە ژی نەهات؟
ل گۆڕستانا ئەتروسکان مان ئەم
ل وێ دەرێ
ژ داوا تە کەتن خوارێ
بوون تۆزا بنێ بێندەرێ
د ڕەمالا ڕەمالەکێ بوون ئەم ل حەیاتا دارا سێدارێ.
واخ و ئەمان!
دەریایێن مە ل کوو مان؟
سلاڤ نە ل وە، کەشتییێن ڕووم و فینیکەییان!
جاخێن شباکەیان،
پارسوویێن قۆرسانان!
سلاڤ نە ل وە، کاروانێن هەڤریشم و بهاراتان!
ئەم زەڤییەکە پەمبوو بوون، ئەم چنین ژ خوە رە برن
چ نەرمک و سپی
چ مەحزوون و شکەستی بوون ئەم
زەمبیلێن مەیافارقینێ ژی ئەم نەدپەژراندن
ئەم پەمبوویێن بێکەسیێ بوون قەی، ل حەیاتێ،
نۆشی جان نەبە ژ تە رە، تیموور لەنگ!
سپیتیا مە یا بێمراز ببە کەفەنێ پێشەڕۆژێ
واخ و ئەمان!
ئەم ل بنیا پاییزا حەیاتێ مان
و ئەم بوون ماسیێن سەربازێ مارگۆمز یێن زیڤین
لال و بێ کەن
ل تەنتیا سەد سالە
و نها ئەو ماسیێن زیڤین
ل بنێ قاسەییێن کلیتکری دچن و هەی دچن
د کەشتییێن قۆرسانێن یەکچاڤ و چارگووھ دە
لەو ماسیێن زیڤین نکارن ئاڤژەنیێ ژی بکن

ئەڤ هەلبەستە ژ پەرتووکا (فیغانا پێنووسێن نازک) ڕووپەلێن (٨١-٨٢) هاتییە وەرگرتن، کو ژ ئامادەکرنا ئەڤین شکاکییە و چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠١٢) ل ئامەدێ هاتییە چاپکرن. هەژییە بێتە گوتن کو هەلبەستڤان مزگین ڕووناک ل (٢٤)ێ حەزیرانا ١٩٧٣ ئان ژدایکبوویە و یەکەم هەلبەستا خوە ب ناڤنیشانێ (دیرۆک) ل سالا (١٩٩٢)ێ ل کۆڤارا (ڕەوشەن)دا بەلاڤکرییە. ل سالا (٢٠٠٥)ێ ژی ل پێشبازیا چیرۆک و هەلبەستان یا (حوسەین چەلەپی)دا خەلاتا یەکەمین وەرگرتبوو.
«ڕامان»

دوو سۆناتای شەکسپیر

لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
(زانکۆی جیهان - هەولێر)

غەزەلی ١٤

نا، نا، لە ئەستێرەکان نا،
من ناتوانم لە ڕووی ئەستێرەکانەوە توانایی پێشبینی
کردن دەستەبەر کەم.
سەرباری ئەوەش دڵنیام
من شارەزای زانستی ئەستێرەناسیم،
بەڵام نەک بۆ ئەوەی بڵێم کێ بەختی باشە و کێ خراپ
یان کەی تاعوون لێمان دەدا، کەی وشکە ساڵی دەقەومێ،
یان وەرزەکان چی دەبن و چلۆن دەبن.
من ناشتوانم پێشبینی چرکەکان بکەم،
پێتان بڵێم ئایا تۆف و کرێوەیان بە دوادا دێت
یان گرمەی هەورە تریشقە، یان ڕەشەبا،
یان بڕوانمە ئاسمان و بەوەی تێیدا دەیدۆزمەوە
بۆ میران پێشبینی بکەم
ئایا ئەوە بۆ تەختت و بەختی پاشایەتییان بە باش
وەردەگەڕێت؟
ئەوە لە چاوانی تۆیە زانستم ئاو دەخواتەوە و
لە سای ئەو ئەستێرە ئۆقرەگرتووانەی نێو چاوانت
هونەری خۆ دەخوێنمەوە:
جوانی و هەقیقەت پێکەوە دەپشکوێن،
گەر بێتو تۆ بەروبوومێک لە خۆتدا پاشەکەوت بکەیت.
دەنا دەربارەی تۆ دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم:
کۆتایی تۆ دوابڕانی چارەنووس و ئاوابوونی چاخی جوانی و
هەقیقەتە.

غەزەلی ١٧

کێ باوەڕ بە شیعرم دەکات لەو سەردەمەی دێتە ڕێمان،
گەر ئەو شیعرە لێوڕێژ لە شرۆڤەی شیاوترین

باشییەکانی تۆ بێت؟
ئەگەرچی هەر خودای بانی سەر دەیزانێت کە شیعری من
چ نییە بێجگە لە گۆڕێک کە ژینت دەشارێتەوە و
تەنانەت نیوەی جوانیشت ناخاتە بەر دیدەی دنیا.
خۆ ئەگەر من بمتوانیبا جوانی چاوت بنووسمەوە و
لە سەر کێش و ئاهەنگی نوێ
هەرچی چاکەی تۆیە خاڵ بە خاڵ بژمێرم،
ئەو سەردەمەی لە داهاتوو دێتە ڕێمان پێمان دەڵێت:
"ئەو شاعیرە درۆ دەکات،
ئەو پەرییە ماڵ لە تەشقی ئاسمانە
هەرگیز ڕوخساری مرۆڤی لە قوڕ چێ کراوی وەخۆ
نەگرتووە".
بەم جۆرەیە کە لاپەڕەکانی شیعرم،
زەردەهەڵگەڕاو لە سۆنگەی کۆنی و کەنەفتی،
وەک ئەو پیرە کلۆڵانەی چەنەیان پتر لە هزریان دەجوولێ،
قسەی سووکیان پێ دەگوترێ و سەرنجی کەس ڕاناکێشن،
ئەوکات جوانی و شایستەیی ڕاستەقینەت
بە سرووش و ئیلهامێکی شاعیرانە دێتە هەژمار
یان کێش و سەربەند و سەروای سترانێکی کەونارایی.
بەڵام ئەوکات گەر بێتو زارۆکێکی تۆ زیندوو مابێت،
تۆ دوو ژیان دەبەیتە سەر:
جارێک لە زارۆکی خۆدا و
جارێکیش لە شیعری منداد.

سەرچاوە:

William Shakespear, The Sonnets, Edited by M. R. Ridley, Everyman Books, London 1992.

من و"ئەو" و نەنکە تەمین

ئەدیب نادر
(بریتانیا)

من بەرجەستەکەری ئەو پەندە کۆنە بووم و لەبەر خاتری ئەو کەوتمە ئەم شوێنەو بە میتالێکی ناحەز بارم قورس بوو. ئەم شوێنە دارماڵە لە ڕکەی دژوار و هەڵەموو تەنیا بۆ ئادەمییەکی کێویلە لەبار و گونجاو بوو. لەبەر ئەوەیش کە برای ئەو بووم، "کۆرمەم" لای خۆی هێشتمییەوە، ڕەنگە وایزانیبێ بەو ئەمەکداراییە ساختەیە ئیدی دەستبەرداری ئەو مەراقە قوواڵە دەبم کە وردەکارییەکانی مردنەکەی"ئەو" بزانم و سۆراخی ڕاستییەکانی بکەم...لەگەڵ ئەوەیشدا بەم شێوەیە خۆم کۆت و پێوەند کردبوو، کەچی وەک باڵندەیش وابووم، حەزم دەکرد لە هەموو شوێنێک بم و فڕینی بێ هاوتای ئاواتەکانم هەڵناقرچێن. ئەم هەڵوێستە، بێ شک دنیاکەی منی ژێرەوژوور کرد و گۆڕینی ڕیشەیی بە سەردا هێنا، بەتایبەتی زۆرم حەز لەو لایەنەی بوو کە مشتومالّی دەدام، بەرپرسیارێتی دەکرد بە سێبەرم، بەاڵم گۆڵی سەرەکی ئەوە بوو بزانم ئەو ماوەیە "ئەو" چۆن لەوێ هەڵیکرد و چۆن چۆنی مااڵوایی بە ژیان گوت. هەرکە سەرەداوی بابەتەکەم گرت ناوی ئەو پیرێژنە قوت بووەوە، وەکو تەلیسمێک وابوو دەبوایە بۆ شکاندنی بگەڕێم، ئەویش ماندووبوون و مەینەتییەکی فرەی گەرەک بوو، بەاڵم تازە ژیانم بۆ ئەوە تەرخان ببوو هیچی دیکەیش گرنگ نەبوو، تەنانەت ئەگەر سەرەنجام پەییم بەوە ببردایە کە بە کوشتیش دراوە شتێکی ئەوتۆی وام ئەنجام نەدەدا کە ڕەنگبوو جنۆکەکان بەختەوەر بکات و شایلۆغانی بۆ ساز بدەن، هەر تەنیا دەستەبەرکردنی هەقیقەت دەبووە هۆکاری ئەوەی کە لە ئایندەی شتەکان حاڵی بم.

ئەو پیرێژنەی کە لە دواساتەکانی ژیانیدا بە سەرییەوە ببوو، بە سایەی "ئەو"ـەوە ببوو بە ئەفسانەو کارەکتەرێکی دڵبەستەی وەرگرتبوو، هەرکە ناوی دەهات، دەتگۆ بە ئاوی ژیان ناوهێنەرانی ئاودێردەکات، دەتگۆ دەیانژێنێتەوە، دەتگۆ لەودا "ئەو" دەبینن و مردنەکەیان لە بیر دەچێتەوە. سااڵێک پتر بۆی گەڕام، قەت لە شوێنێکدا بەند نەدەبوو، دەتگۆ بە شێوەیەکی هەتاهەتاییانە سزای خۆی دەدات، گرژ و وشک ببووەوە وەک ئەوەی بەردەوام بەڕۆژوو بێت، تەنیا

و تەنیا لە پێناوی ئەو ئومێدەی کە هەیبوو و کەسیش نەیدەزانی چییە. ماوەیەکی زۆر ڕابورد، بەیانییەک بەوڵای دۆڵی جنۆکاندا دەڕۆیشتم نامەیەکی بەپەلە بگەیەنم "کۆرمەم"، لەوێ لە ڕەشماڵێکدا بینیم خەریکی نانی تێرییە، ساجی داغی لەبەردەمدا بوو، چوار کیژۆڵەی ناوازەیش بەردەستییان دەکرد. لەڕاستیدا هەر بە سووسە زانیم ئەوە. ئەویش هەر کە بینیمی کتوپڕ ناوی"ئەو" لە زاریدا دەرپەڕی. تووشی بارودۆخێکی هێند سەمەرە بوو، تاسا، وەک ئەوەی من تارمایی"ئەو" بم، گریانێک لە ناوەوە گەمارۆی دا هەر بە ڕێژنە دەچوو، هەنسکەکانی دەتگۆ شریخەی هەورە تریشقەن، یەکسەر لێوەکانم لە سەر دەستە دەماراوییەکەیدا گیرسانەوە، فرمێسکە ناکاوەکانم نەرمونیانییان بە دەستە پیرەڵۆکەکانی بەخشی، بە بێ دەنگیی شان بە شان دانیشتین، کچەکان حەپەساوانە لە سەر سینییەکی بێ ڕادە بریقەدار نان و چا و ماستێکی هێندە سەیر و نایابیان لە پێشم دانا هەر لێی تێر نەدەبووم، نازانم چی بوو، جادووی لێ کرابوو، یان گیای نەمریی تێکرابوو، وەکو ئەوەی "ئەو" بم و زیندوو بووبێتمەوە و بە بارتەقای سەروەختی مردوویێتییەکەم تاسەی خواردنم کردبێت، قۆرییە چایەکە و نیو دەرزنە تیرییەکە و مەنجەڵە مام ناوەنجییەکەی ماستە سەیرەکە دیارنەمان و تەنیا بریقەی سینییەکە دەرکەوتەوە...

شۆڕەسوار شۆڕەسوار شۆڕەسوار شۆڕەسوار.. گوێچکەکانم ئاخنران. پارچە هەویرەکانی لە ئەموستە وشکەڵەکانی کردەوە و ئاردەکەی بە چەند چەپڵەیەک تەکاند. هەستم کرد هێندە نابات بە مرادی خۆم دەگەم، لە دەمی خۆیەوە گوێم لە دوا وشەکانی "ئەو" دەبێت و سەربوردەکە، لۆچەکانی دەمی ئەو دەیکەنەوەو بە یەکجاری بە ڕاستییەکان ئاشنا دەبم... بێ گومان "نەنکە تەمین" هەرگیز نەیتوانیبوو لە دەردەڵی خۆی خاڵی بێتەوە، هەمیشە قەڵبەزەیەک بوو لە کەفوکوڵی حیکایەتە ڕاستەقینەکانی، هەمیشە سەرهاتەکانی تەواوبوونیان ڕەتدەکردەوە و دێوجامەی ئەبەدییەتیان لەبەر دەکرد. بەڵگە نەویستە من لەوە شەرمنتر بووم داخوازی گێڕانەوەی لێ بکەم، کەچی خۆشبەختانە خۆوەکیی کەوتە فواره کردن و پەی دەر پەی ئەموستە ئارداوییەکانی لە بۆشاییەکی جوان گیردەکرد، پەیتاپەیتا تۆز و خۆڵی سەر ڕووی ڕاستییەکانی دەتەکاند و تیشکی کرانەوەی لۆیەکانی دەخستە سەر، من پێشتر بیستبووم کە ئەوە شێوازی دەستپێکردنی ئەوە و ئاوا لە ناو گوێیە ڕادێراوەکاندا ئامانجی خۆی دەپێکێت.

: "هەرکەهاتنە ناوچەکەبە بێ هیچ پێچوپەنایەک گرەویدەی "ئەو" بووم، "کۆرمەم" بە نەفرەت بێت قوونی حەجمانی بە خۆوە نەدەبینی. هێشتا چایەکەم دەمی نەکێشابوو چرپوچاوی گرژ و مۆن کردەوە و گوتی: "من هەتا لای چەمەکەی خوارەوە دەچم"، کەچی من ئیتر نەمبینییەوە، دڵم خەبەری دا، بیرم کردەوە: باشتر کە ڕۆیشت، ئەو چەهرەیەی ناپاک خۆی بۆ نمایش کردم. من و "ئەو" دانیشتین، ئارامییەکی بێ وێنە لە دەوروبەرماندا بەرقەرار بوو، یەکەم جار بوو ئاواو بێ سڵکردنەوە تەماشای ئادەمیزادێک بکەم و ناوچاوەکانی شتێکی نابەجێ و ئەهریمەن ئامێزی تێدا نەبێت دووچاری دڵەڕاوکە و پەشێویم بکەن... بەرلەوەی شتەکانی هەڵبڕێژێت خۆشەویستییەکی دانسقە دەرگەی بە ڕوومدا ئاوەڵا کردەوە، بەڵام هێندەی پێنەچوو بەمیهرەبانییەکی باڵاوە کەوتە گۆکردن: "سەرزەمانێک بوو خۆم نەدیوکردبوو، ڕووکارانە وەک بۆهیمییەک ڕەوتارم دەکرد بۆ ئەوەی تێبینیی ئەوە نەکرێت کە ژێرەکییانە سەرقاڵی شتێکی ئەوتۆم کە بێ سێ و دوو لە چاوی بەرانبەرەکەمدا سزای هەڵواسینی حەڵاڵ کراوە. زۆر بە ئاگاییەوە بزوتنەوەکەمان دامەزراند، سەرەتا برادەرە نزیکەکانی خۆمم ڕاپێچ کردە ناوییەوە، تەنیا ئەو نەبێت، ئەو هەمیشە ڕاڕا بوو، سەرەڕای ئەوەیش کە زۆر دەمێک بوو تێکەڵ بووین و بە ورد و درشتی یەکدیمان دەزانی، جارجارە دەمگوت: چی بە سەر ئەو ئاگاییەمدا هات، داخۆ لەوانی دی جیاوازتر بوو، عاشق بوو، هەرچەندە هەستم بەوە نەدەکرد کە عەشق بە شێوەیەکی کۆنکریتی ژیانی قانگ بدات، وەلێ کە ڕەتی کردەوە ببێتە یەکێک لە ئێمە ئیدی وەک بڵێیت پێستەکەم هەگبەی خوێیە و ماخۆلانی بە ڕوحم خستووە، چی بکەم... هەموو هەڵەکان لە کیس چوون تا ئەوانی دیکەیش بێنمە ڕیزەوە، ترسەکە لەوێدا بوو نەبا لەکاتی مەستیدا ئەم مەسەلەیە بۆ یەکێک ئاشکرا بکات و بکەوێتە سەر زاران. لەبەر ئەوە ڕایەڵەکانی ڕێکخستنم سەرلەنوێ دارشتەوە و.. دەستبەجێ تێم تەقاند و ڕۆیشتم. کەسوکار، دوور بە دوور دەیانزانی وێنەی ئاژەڵێکی کێوبی پەنای ڕەوەزە شاخ و سەختاییەکانم کردبووە نەواو حەشارگەی خۆم، هیچ نەدەدرکێنرا، تەنیا ئەوە نەبێت باسی کەسێک دەکرا ئەشکەوتە ڕک و قوواڵەکانی کردبووە مااڵی خۆی... ڕادیۆیەکی سۆنیی بۆرم بە ملدا شۆڕ کردبووەوە، قەڵەمبڕێکی پتەو و چەند پیلێکی گەورە لە گیرفانەکانمدا خڕەیان دەهات و بەندێک کاغەزی تەنک و چەند قەڵەم جافێک و هەندێک کتێبی ڕەنگ زەردم لە کۆڵەپشتەکەمدا سیخناخ کردبوو، بەبێ دوودڵی دەمزانی خزمەکانم دەڵێن ڕەنگە ئەو بێت، بە تایبەتی "سمەی

پسمام" کە مەرجی لەگەڵ دایکمدا دەکرد لە سەر کەڵەشێرێکی خۆمالّی و دەشی بردەوە، نەک لەبەر ئەوەی شانس یاوەری بوو، بەڵکو لەبەر ئەوەی دایکم هەمیشە ئەوەی هەڵدەبژارد کە دەیدۆڕاند، بەڵام ئەم جارەیان گوێیان لە ناوێکی دیکە دەبوو، سمەیش پاشگەز دەبووەوە لەوەی گرەوەکەی جێبەجێ بکات. وەک ئەفسانە باسم لێوە دەکرا، وایەو.. وایە.. سەرقالّی نووسینێکە تەنیا دڵسۆزەکان پەی پێ دەبەن، سەرقالّی ڕاو و شکارە، نێچیرەکەشی ناخوات، بە نیازە بناغە بۆ دنیایەکی دیکە بەرقەرار بکات و زۆری دیکەش کە کۆمەڵێک جەمسەری لێک جیاواز بوون و ئەقڵ هەڵی نەدەمژین. پاش تێپەڕینی حەوت مانگ زیاتر ئینجا بۆیان دەرکەوت ئەو ناوە نامۆیە کەس نییە لە من زیاتر"، بەڵام ئەو ڕۆژەی بە میوانی لای من لایدا، تا ڕادەیەک لەوە خاترجەم بوو کە هیچ شتێک ڕوو نادات. چا و ماستێکی بێگەرد و نیو دەرزەن تیری بە ئیشتیایەکی سەرسوڕهێنەرەوە حەپەلووش کرد، کتومت وەک تۆ، ئاخ.. هەتا دەمرم بە سوێم، چونکە شتێکی دیکەم شک نەدەبرد بیخەمە بەردەمی.. بە سوێم.. زۆر زۆر بەسوێم.. سێ چارەک پتری پێ چوو بوو کە "کۆرمەم" ڕۆیشتبوو، مێردمندالێک بە هەڵەداوان هات و گوتی: "نەنکە تەمین، نەنکە تەمین، هاها لەو خوارە شاییە جنۆکەیە". "ئەو" گوێی لە هەواڵەکانی دنیا گرتبوو، دابڕانێکی پێوە دیار بوو، هەندێک سەرنجی شپرزەی لە سەر کاغەزێکدا ڕنووس کردبوو، منیش کە ناگەهان لە خەبەرەکە حاڵیم کردەوە دەرچووە دەرەوە و تەماشەیەکی لێژاییەکەی کرد، زۆر سەیرم پێ هات کە پەلەپرووزەی پێوە دیار نەبوو، بەبێ شلۆژ بوون، بە هەنگاوی پتەوەوە پێی هەڵگرت بۆ ئەوەی لە شاییەکە خۆی دوور بخاتەوە، هەتا قەدپاڵەکە ڕۆیشتبوو کە لە دوورەوە، جنۆکەیەکی بەد و پیس بەچاو سێرەی لێگرتەوە، یەکسەر بەدییەک پەی بە ناواخنی برد، ساتەوەختێک توانایی ڕۆیشتنی کز بووەوە، پێیەکانی نەرم نەرم گژوگیاکانیان شانە دەکرد، پاشان هێواش هێواش کەوتە شێلان و ئاڵۆزاندنیان، بە ئومێدی ئەوە بووبێ لێبڕ ماچەکانی هەتاو بە سەر قژی هەناسەو نیگاکانیدا بڕژێن، کەچی تینوێتییەکی ڕەش دایگرت، مەتارەکەی لە گەرووێدا بەتاڵ کردەوە، سارددییەک چەشنی موچڕکەیەکی چەتوون بۆ شکاندنی سنوورەکانی سەرتاپای لە جوولّەدابوو، وەک ئەوەی نەخۆش بێت، ڕەق هەڵگەڕا، یان وەک ئاوێکی مەنگی لێهات، خەوێکی قوولّ لە بەرنامەیدا بوو زەفەری پێ بەرێت، وەک ئەوەی چەند دەستێک بێت و هەڵبگرن و بە ئەرزە بێ بەزەییەکەدا بیکێشن، جار دوای جار ئەم جەزرەبەیەی پێکەوت، قەیرێک جورئەت خستییە سەر ئەژنۆ، بە دەنگێکی دوور کە من تەنیا سەداکەیم دەبیست وتی: "نەن.. کە.. تە.. می.. ن... نەن..کە..تە..می..ن... نە.. خ.. تێ.. ک.. ئا..ا ا.. و....م م.. ب.. دە.. ڕێ.. ێ ێ.." یەکسەر درکم بەوە کرد کە ئازار دنیایەکی دیکەی نیشان دەدات، تەنانەت ئەو سەدایەیش بە من نامۆ بوو. دەمزانی ئیدی چاوەکانیشی بەتاڵ بوون لەئومێدە درەوشەدارەکانی و چیدی دنیایەکی دیکەیان نەدەبینی. لەو دەور و زێتواڕە خەمگینییەکی سەیر و عەجایەبم بینی کەوتە فڕکە فڕک، بە تەرزێکی ڕمۆک لێم دەڕوانی، کەوتبوو، گوێم لێبوو دەیگۆ: "ئەوە بۆ سەرسامی، خۆ من لە جێگەو تەبەقەیەکی دیکەی ئاسمانەوە نەهاتووم. دەنگی قوولّ نەبوو، بە دەنگی یەکێکی دیکە دەچوو، دەنگێکی تووڕە، خۆویست، جێگای دەنگی ئەوی گرتبووەوە. بێ گومان دەنگی "کۆرمەم" بوو، "کۆرمەم"ی تەنگەستوور و ڕەفتار کولّێنانی و شێتی خۆراکی بەلەزەت و خۆش، "ئەو"یش بوو بە سیڕەسیڕێکی تابلّێیت هەراسان کەر، سیڕەسیڕێک بۆ شوێنێک دەگەڕا تێیدا جێگیر بێت و ژیانێکی دیکە دەست پێ بکات، یان لانی کەم بیری ئەوانەی جێگایەک قۆرخ دەکەن کە هینی خۆیان نییە و.. زیک زیک زیک زیک.. با بەلاساری بوو بە بەرجەستەکەری ئەو دەنگە و هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینەی لێ پڕاوپڕ کرد.

: کە بە خۆشنوودییەوە نانەکەی دەخوارد، وتی: "ئێوە نایناسن، من دەمویست بە شێوەیەکی جیاواز مێژوو پەروەردە بکەم، گوزارەی لێ بکەم و لە ساختەکاری و شێوان دووری بخەمەوە، بەڵام ئەو شتێکی تەواو پێچەوانەی ئەوەی دەویست، مەودایەکی بێ کۆتایی لە نێوانماندا قوت ببووەوە. کە زانی نەشونمایەکی باشمان کردووە، کەوتە نامە نارەدن، باسی یەکخستنی هەوڵەکانمانی دەکرد بۆ هێنانەدی ئاواتەکانی من، کە ئاواتگەلێکی هاوبەشیش بوون، دەمودەست بڕوام بە خۆم هێنا کە مرۆڤ دەشێت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. هەرگیز شەونخوونیی نەچەشتبوو، شەوێک نەبوو لە ژیانیدا بە ئارامی نەنووستبێت. من هەموو شتێکم ئەنجام دەدا، ئەنجام دابوو، ئەوەی دەمزانی لێم نەدەشاردەوە، لە هیچ شتێک بێ بەشم نەدەکرد، ئەو مانیفێست و بەرنامەیەیش کە بۆم نارد، دەستی تێوەردا و شێواندی، دواجار ناوی خۆی پێ ڕەوا بینی و منی وەک برژانگێک لە چاوی بزوتنەوەکە دەرکرد و تووڕی هەڵدام. چاک درکی بەوە دەکرد کە لەو خۆشەویستتر و خۆنەویست ترم، ئەرک و تەقەللاکانی منی بە حازری کرد

بە مولکی خۆی، دروشمەکانی گۆڕی، وشەکانی بزڕکاند، لۆگۆی "گۆڕینی دنیا" کەشمانی شێواند. زۆر کەڕەت لە وەڵامدانەوەی پرسیار دزەی دەکرد و لە تێڕوانینمان قەلەڕی دەکرد. لەگەڵ بوونی ئەو هەموو مەودایەی نێوانیشمان چەندین نامە و پرسیاری چارەنووسسازم ڕووبەڕوو دەکردەوە، کەچی لە سەرپاکییان هەڵدەهات، تووڕە دەبووم، تووڕەییم لە تەقینەوەی گرکانێک توندتر و لە نەڕەی شێرێکیش تۆقێنەر و درندەتر بوو، لە سەبری گووژاڵکێکیش تاڵتر و ناخۆشتر بوو، لەوێ، لەو هەزار بە هەزار و سەختاییانەی چیاکانی سەر سنوور ژیانی بێ دەنگی و دووریی هەڵبژارد، بێ دەنگیی بەرانبەر بە من و کارەکانم و دووریش لە جنۆکەکان.. بەڵام کارەکانی خۆی لەگەڵ داروودەستە کۆنەکانیدا ئەنجام دەدا و سەرومڕ بۆ سەرەنجامەکان ڕایدەکرد، بە کورتی دەستکەوتی کوتوپڕی دەویست، ئەگەرچی لە کردەوەکانی پێشوویدا هیچ ئەنجامێکی دەستەبەر نەکردبوو وەلێ لەمەدا... بێ گومان، ئەو، وێڕای ئەوەی کە کوودەتای بە سەر مندا کردبوو، کەچی قەت نەیدەویست ئەو سەختاییانە بەجێ بهێڵێت و ئەم زەمینە بخاتە ژێر ئەو هەنگاوانەیەوە کە من کۆششی ئەوەم تێدا دەکرد پتر دەستگیرۆیی بە زیندەگیمەوە بکەم، کە هەموو چرکەساتێک لە مەترسیدا بوو، هەتا ئەمڕۆ، چونکە ئەو هەمیشە بە تەما بوو یەکەمین جێگە کە قۆپی هەرەمەکە بوو لەو بەولاوە کەس پێی نەگات، بۆیە نامەی بۆ جنۆکەکان نارد، ئاگاداری کردنەوە کە من لێرە دەبم، چونکە ئەو قەت پیاوی ئەوە نەبوو خۆی ململانێکانی یەکالابکاتەوە، داروودەستەو... هەتا ژێر بە ژێر جنۆکەکانیشی تێوە دەگلاند تا چارەسەری بۆ بخولقێنن".

بەڵێ، تا ئەو ڕۆژەی ئەو ڕووداوە قەومما.. ئەو ڕووداوەی کە دوابەدوای ڕۆیشتنی "کۆرمەم" ڕووی دا و وەک زیک زیکەیەک جەستەی خۆی بەجێ هێشت و بایش بە ئەمەکترین هاوڕێی بوو، هاوڕێی بوو هەرگیزیش تەنیا بەجێی نەدەهێشت. ئەبڵەق لێم ڕامابوو، ئەو ناوبڕەی دەتگۆ سزایەکی توند و تیژە، باش بوو درێژەی نەخایاند، بە سۆزێکی بێ ڕادەوە وتی: "ئێستایش تۆ وەک جاران لەگەڵ ئەودا لە گفتوبێژێکی بێ وێنەدایت، هەموو شتێکتان کوتومتە، دیارە تۆیش کەسێکی سۆزداریت، لە سالۆڕۆژی جیابوونەوەی ڕوح و جەستەی "ئەو"دا بوویتە بە ئاسمانێک تەنیا لە کاتی تەڕبوواندا خۆی بەرجەستە دەکات، خۆی دەدۆزێتەوە... دەتەوێت بۆ شوێنێکی دی بڕۆیت، بەڵام لە یادت نەچێت هەموو شوێنەکان دەبنە شوێنی گەڕیدەبوونی ڕوح و جەستەت، شوێنی گەشتە سەراسیمەکانت، شوێنی گەیشتنە بێ سەرەنجامەکانت... مەڕۆ... ڕوحت لێرە لەگەڵ گۆڕانەکاندا دەگۆڕێت و سەقامگیرییەکەی تۆختر دەبێتەوە. مەڕۆ..جارێک لەگەڵ خۆت بمبە بۆ ئەوێ، دەمەوێت لە ناو ئەو ئاپۆرایەی کە دێن و گوێ لە وتارەکەی ئەو دەگرن خۆم وەک شەبەنگێک جارجارە دەربخەم و دەنگەکەی "ئەو" یش باژێڵەی ئەو زێوارە بکەم، بەڵام دەبێت شتەکان ناکاو و نهێنی بن، چونکە پەیامێکی "ئەو"م پێیەو کاتی ئەوە هاتووە بیبەخشم".

ئەو ڕۆژەی کە "کۆرمەم" دەیویست یەکەمین کۆبوونەوەی جەماوەری ساز بدات، من بە ڕێگەوە بووم، نامەکەم هەڵپچڕیبوو، خۆبندبوومەوە، بەرچاوم ڕوونتر ببووەوە. ئیدی دەمزانی شای جنۆکەکان ئیشە گلاوەکانی ئەنجام دەدەن، نامەکەم دووبارە خستەوە نێو زەرفەکەیەوە و تێپم لێدایەوە، هێند بە مەعلانی کردم هەرگیز هەست بەوە نەدەکرا کە دەستکاری کراوە. کە گەیشتم، بێ تاقەت دیار بوو، چاوەکانی قاوەیی دەچوونەوە، پڕی بە نامەکەدا کرد، ڕاپسکاند لە دەستم و دوورکەوتەوە، چوو لە ژێر دارگوێزەکاندا کەوتە خوێندنەوەی، کە گەڕایەوە وتی: "بڕۆ لاندرۆڤەرەکە بێنە، دەڕۆین" کە هێنام، من و دووکەسی دیکەیش لە گەڵیدا سوار بووین، مێتاڵەکانی شانی ئەوانەی پیادە دوامان کەوتن، سۆمای چاویان دەبرد، بە نێو ڕێگە چەوڕێژ و سەختەڵان و ناوبەناو خۆڵاوییەکەدا دانگەڕێزەمان دەکرد، بە دوای ئێمەدا جێبەکە تۆز و خۆڵی دەوروواژاند و پیادەکانیش مەلەیان تێیدا دەکرد، کە گەیشتینە نزیک ئەو شارەدێیەی قەدپاڵێکی ئاوەدان کردبووەوە و لەولایەوە هاوینەهەوارێکی ناوازە و لەم لایەوە دەریاچەیەک هەبوو هەر بە بەهەشتی خەونەکان دەچوو، تا بڵێی شینایییەکی سەخی بەدۆڵەکەی خوارەوە بەخشیبوو، با جموجوولێ تێکەوت، لەگەڵ هەڵکردنی زیاتریدا دەنگێکی سەیر هاوشانی دەهات و گوێیەکانی سیخناخ دەکرد. نەختێک جامەکەی هێنایە خوارەوە و ناگەهان نالەیەکی بێ وێنەو ئاااااای ی ی ی.. یەکی تاڵی دەرپەڕاند، ئینجا وتی: ئاااااای ی ی ی... گوێم بایەکی ڕەش لێیدا، ئاخر با... بۆچی وام لێدەکات.. بۆچی دەست دەوەشێنێت.. ڕایگرن، ڕایگرن... کە بە پەلەپڕووزێ دابەزی، لاجانگەکانی کەوتنە ژێر تووڕەیی قامکەکانی، ڕشایەوە، ڕشانەوەیەکی لافاوئاسا، هەموو ڕەنگە بەتامەکانی لە قاڵب دابوو، کەس هەستی بە خەتەرناکیی بارەکەی نەکرد هەتا ئەو کاتەی دەزوولەی خوێن بە دوای ڕشانەوەکەیدا هات، ئەوسا ترس ڕەوە سیسارکە کەچەڵەیەک بوو لەسەر هەموومانداو لەنگەری گرت، پێشنیار بۆ حەوانەوە کرا، نەختێک بە دەوروبەریدا هاتن، ئەو چرکەساتانە،

دەوروبەر لە بەرچاویدا بوو بە بیابانێکی بێ پایان، گوێی تەنیا یەک ڕیتمی دەبیست، چاوەکانیشی لێڵ بوون وەک ئەو ڕووبارەی پەلەقاژەی ماسییەکانی نێو تۆڕی ماسیگرەکان بێ ئارام و ڕەنگ پەڕیوی دەکەن، بێ گومان لەبەر هەڵبزڕکانی حاڵوباری ئەو، حەسانەوەکە بە حەسانەوە نەدەچوو. ناچار کەوتنە خۆ، زۆر نەڕۆیشتبوون کە هەر لە خۆڕا بۆنیەتی جێبەکە هەڵسایەوە و بە شێوەیەکی جادووئامێزانە بە هەوادا پەرت بوو، وەک بڵێیت دەستێکی بەهێز بیهاوێژێت. کەس باوەڕ یارمەتیدەری نەبوو. یەکێک لەوانەی تەنیشتم ئەوەندە حەپەسا بوو دەتگوت لە شاشەیەک دەڕوانێت کە پیشاندەری پەسڵانە، ئەبڵەقی کردبووی بە بەرد، شوفێرە خاوێن و دەموچاو بە تاس و لووسەکە وەک گایەکی بەکەڵ کە لە دوورەوە مانگای بینیبێت چاوەکانی تا ئەوپەڕی داپچڕاند بوو، هەر هەموو لە ژیانماندا شتی وامان نەبینیبوو کە ئاوەزمان لە شرۆڤەکردنی دەستەوسان بێت. لەگەڵ هەموو لاپڕەسەنییەکی ئەوەی کە ڕووی دا، پاش چەند کاژێرێک گەیشتینە جێ. ئەو جادەو بان و دەشتایی و دەوروبەرە دەکوڵاو ژاوەی دەهات، وەک جەژنێک سروشت هەموو ڕەنگەکانی قۆستبووەوە، خەڵکێکی بێ شومار ئەو ناوەیان تەنیبووەوە و چاوەڕێی وتارە مێژوویییەکەی بوون، هەر کە لە بڵندگۆکەوە وتی: "خوشکان، برایان، هەڤاڵانی تێکۆشەر، سڵاوێکی شۆڕشگێرانەتان لێ بێت..." چەپڵەڕێزان دەستی پێکرد.. بەڵام مقۆمقۆیەکی ئاشکرایش لە ناو ئاپۆراکەوە ڕوحی تێگەڕا. وتارەکە درێژەی کێشا. ڕۆژەکە بەرەبەرە فێنک دەبووەوە، مەردمەکەیش وەک دەریا شەپۆلی دەدایەوە. گوێچکەکان بەرجەستە دیار بوون، دوا ڕستە و گوزارشت کە بیسترا ئەوەبوو کە گوتی: "ئەی خەڵکی بەشەرەف، حاڵی حازر خەریکی دانوستانین.. لەگەڵ سەرانی دنیاکەی پێشوودا خەریکی دانوستانین". ئیدی بایەکە کتوپڕ ڕیتمەکەی خۆی هێنایەوە ئارا، خۆی کردەوە بە مایستروێەکی بەهرەمەند و زیکەزیکێکی بێ لێبڕ بالادەستیی خۆی ڕاگەیاند، "نەنکە تەمین" بە ناو خەڵکەکەدا تێدەپەڕی، لایانی دەدا وەک ئەوەی پەردەی پەنجەرەیەکی تازە لابدات، وەک تیشکێکی خودایی دەرکەوت، ڕاستەوخۆ تەماشای ئەوی دەکرد، ئەویش پابەند بە خووەکانی پێشوویەوە هەر دەیوبست لە نیگاکان هەڵبێت، بەڵام کار لە کار ترازا، تۆنی دەنگی مۆمیا کرا، دەمی چووە کلیلە. ئەو هەمیشە بڕوای بەوە هەبوو کە هێزێکی ئاسمانی داکۆکی لێدەکات، بەڵام وا دەرنەچوو، زیکەزیکەکەیش تا دەهات زیاتر زەفەریان بە ئاوەزی دەبرد تا وەک کەشتییەکی لێهات لەنگەرەکەی پچڕابێت. "نەنکە تەمین" بارەکەی ناهەموارتر کردو ئاگایی خەڵکەکەی پەرت کردەوە و بەرەو خوارەوە ڕایکرد، ئەوانیش چیدی گوێیان لەو نەما، مقۆمقۆکە بەرزتر بووەوە و سەرنجی خەڵکەکە بەلای خوارەوەدا ڕۆیشت، خەڵکێکی زۆر لەوێ تەکینەوە، هەموو بەرەو لای پیاوێکی ڕیش درێژ ڕۆیشتن کە ئەو ئانوساتە لە شەڕی جنۆکەکان گەڕابووەوە و گەیشتبووە ئەو خواره. هەموو دەستیان لە ڕیشە بێ کۆتاییەکەی دەدا، حەوت ساڵ بەر لەوسا "ئەو" پێی گوتبوو نابێت ڕیش بتاشین هەتاکو قیامەتێک بۆ ئەم دنیا بێ کەڵک و چەپەڵە دەهێنین. "کۆرمەم"، لەو دوورەوە دیسان پڕی بە لاجانگەکانی خۆیدا کرد. وتارەکەی قفڵ کرد و ڕۆیشت، ئێمەیش بە دوایەوە. ئەو شەوە دووچاری لەرزوتایەکی سەیر و سەمەرە بوو. وەک بورکانێکی بێ ڕادە شێت وابوو، کەفوکوڵی گرتبوو، شتی هەڵەق و مەڵەقی دەردەپەڕاند کە بێجگە لە تەلیسم بە هیچی تر نەدەچوون و گەمارۆی تێگەیشتنیان دەدا.. وڕێنە.. وڕێنە ئاسا بوون، هەر وەک شەپۆلی بێ ئاگایی سوولاوکەیان بەستبوو.. لەو ساتەوەختە بێ کۆتاییەدا ئەوەی وەبیرهاتەوە کە شای جنۆکەکان حەوت ساڵ بەر لە ئێستا لە نامەیەکدا بۆی نووسیبوو، کاتێ کە "ئەو"یان بە عەرزەکەدا دابوو ڕادیۆ سۆنییە بۆرەکەی پێ ببوو، کتوپڕ بە زیکەزیک و زیرە زیر و جیرەجیر کەوتبوو. هەنووکەیش ڕووبەری هەڵکردنی گرتبووەوە، زیکەزیکێکی چەقاوەسوو بوو، ببووە مایسترۆیەکی تەڕدەست و ڕابەرایەتی سیمفۆنیایەکی یەکنەوا و سەرومڕی ئەوتۆی دەکرد هەر دەتوت لە دڵی بێزارییەوە سەرچاوەی گرتووە، هەر دەتوت دژی تاریکییەکی بێ ڕادەیەو تەقەللا دەدات شەقار شەقاری بکات.

شتەکان ئاوا لە ناکاو ڕوویان دا.. عاجباتی دەهاتە بەرچاو، "نەنکە تەمین" چی دی لە گوندەکەی خۆی نەدەبینرا. هەموو شوێنێک سیمای ئەوی گرتبووە خۆی، لە هەموو شوێنێکیشدا دەیوت: "دوور نەبوو لێم، چاوم لە سەر ڕاکشانەکەی نەدەتروکاند، لەگەڵ مەرگدا کێشمەکێشێکی ماندوونەناسی بەرپا کرد، دەیزانی هەموو شتێک بەلاڕێدا دەبرێت، بەڵام.. دەنگێک، دەنگێکی نەمر هزرەکانی دەسمی و دەیوت: "ئەمە ڕاز نییە، دەبێت بزانرێت، بەرلەوەی نامەیەکی دیکە بە شای جنۆکەکان بگات، دەبێت چی دی بەو تەلیسمە دانەنرێت کە لەکرانەوە بەدەرە و کەس ناتوانێت بیشکێنێت".

تشرینی یەکەمی ۲۰۰۷- مایسی ۲۰۱۲: لەندەن

تاژیدان

سەدیق ڕەسوولی
(بۆکان)

خەزوورم پیاوێکی ئازا و دلێر و نێوبەدەرەوەیە. کەس نییە ڕەشیدخانی شێرپەنجە نەناسێ. کۆتەکەی بەسەر شاندا دەکا و دەسرەیەک بە دەستەوە. قەفی سمێڵی زۆر باش، کەوشی قەیسەری لەپێ دەکا و هەرسێ کوڕەکەی و چەند کەسی دیکە بە دوایەوە. بە کوڕە گەورەکەی دەڵێ: گوێ بڕاو، یان تووتکە گوێ بڕاو.

وا دیارە نووکی چەقۆ گوێی لای ڕاستی دادڕیوە. بە نێوەنجی دەڵێ: تووتکەبۆر.

تۆزێک قەڵەو و گوێ پان و سەرلووڵە.

بەڵام کوڕە چکۆلەکەی، باریکەڵەی خوێن شیرین، پەیکانێکی مودێل ٨٣ی پێیە. ڕۆژ هەتا ئێوارێ مسافیرکێشی پێ دەکا و زۆر شەکەت و ماندووە.

کوردستانم لە نێو ئەو پەیکانە مودێل ٨٣یەدا ناسی.

دەربەست گرتم و تۆزێک خوارتر ئافرەتێک، یان هەمان کوردستان دەستی هەڵدێنێ. کوڕە نێوی سەلیمە. باوکی بە قوتە بانگی دەکا. کوڕێکی قوتی خوێن شیرین.

دەڵێ: ئەگەر ئیجازەت لەسەر بێت، خوشکم سوار کەم.

ڕایدەگرێ و کوردستان بە ناز و عیشوەیەکی هێمن سوار دەبێ.

لە ئاوێنەکەی پێش دەمی شۆفیرەوە سەیرم کرد. تازە دەگاتێ و تۆزێک بڕۆی باریک کردۆتەوە و لە زانکۆ دەرس دەخوێنێ.

سەلیم: بۆ کوێ دەچی؟

: له پێشدا ئەو خاتوونە بگەیێنە.
سەلیم قەبوولّی ناکات.
بۆیە دەڵێم: کولتەپە.
لاق لەسەر گاز دادەنێ و بە جادەی ساحیلیدا بەرەو کولتەپە ڕێ دەکەوێ.
زۆر دوور نابینەوە. لادەداتە شەقامێکی کوڕت و بە پرسیارەوە: لەسەر ئیجازەت خوشکم دادەبەزێنم.
جانتایەکی شینی بە شانەوە و هێندێک کتێب لە بن هەنگڵێدا.
بە لەنجە و لار دادەبەزێ و لە دەرگایەکی داری کۆن دەدا.
لە کولتەپەوە بە ماشێنەکەی خۆم گەڕامەوە هەمان کۆڵان و دوور لەو دەرگایە، لە پشت شووشە ڕەشەکانی ماشێنەکەوە خۆم لێ مات دا هەتا هاتە دەرێ.
کوردستان بە تۆپێ کراسێکی سنەیی لە مالّێ هاتە دەرێ. بە پەنا ماشێنەکەدا هات و بە حاڵ شووشەکەم داداوە و سەیری باڵای جوانیم کرد و پێمەوە کرد.
بانگم کرد: بەڕاستی بە ئاواتی تۆوەم.
سەری داخست و ڕۆیی.
لە بەردەرگا وەستا، حوسێن برای نێوەنجیم دی. تووتکەبۆر وەستای کاشیکارییە و سواری ماتۆڕەکەی دەبێ هەتا خێرا خۆی بگەیەنێتە نهۆمی دووی ماڵەکەی من و ئاشپەزخانەکەی کاشیکاری بکات. حەیف تووتکەبۆر تۆزێک خرپنە، لە دەرگای تەنگەوە ناچێ.
بەڵام گوێ بڕاوی براگەورە لە تەورێز پێکەوە ئاشنا بووین. بەرەو بۆکان دەهاتەوە. لەبەر خاتری کوردستان سوارم کرد و هەتا بۆکان قسەی قۆڕی بۆ کردم.
بەڵام ڕەشیدخانی شێرپەنجە قوماربازە و دایمە تاسی لە گێرفاندایە، ئەگەر تەنیاش کەوێ، تاس بۆ خۆی هەڵداوێ. لەسەر دەسرە و کڵاوەکەی خۆی دەیکا، یان لەسەر کەوشەکانی خۆی لەگەڵ خۆی تاس هەڵداوێ.
لە تەورێزڕا هاتووم و قوماربازێکی زۆر لێهاتووم. ماوەی دوو ساڵە لە بۆکان نیشتەجێم و خانوویەکی سێ نهۆمی خشپیلانە لە دەوری مەیدانی کولتەپە ساز دەکەم.
ئەو خانوویەم لە جگەرەکێشانێکدا بە ڕەشیدخان دۆڕاند.
کوڕەکانی لە خۆشیان لە دەوری باوکیان خڕ بوونەوە. چایان بۆ دانا، جگەرەیان بۆ داگیرساند.

ڕەشیدخان کوتی: بۆ دەستی کۆتایی چیت پێیە؟
چاوێک لە کوردستان دەکەم. چاوێک بە کوڕەکانی ڕەشیدخاندا دەگێڕم.
کوردستان چاوێکم لێ دادەگرێ و چایەکم بۆ دادەنێ. دێمە سەر چۆک و دەڵێم: هەرچی هەمە، دایدەنێم، تۆ تەنیا کوردستان دانێ!
پێم پێدەکەنێ. کوڕەکانیشی پێم پێدەکەنن.
تۆزێک بیر دەکەنەوە. ئەو هەموو زەوی و زار و باغ و کێڵ و دۆڵ و دەرەیە. ئەو هەموو چۆم و زەریا و شار و ماڵ و دێهاتە، بیابان و میرووڵەکانی و بەورەکانی... ئەو هەموو ماسی نێو بەحر و چۆم و مانگ و ئەستێرە...
هەرچی بیر دەکەنەوە، لەوانەیە لە خۆشیان شێت بن.
ڕەشیدخانی شێرپەنجە پێی وایە: ئەوە قوماری ناوێ. کوردستان بۆ تۆ، ئەو هەموو شتانەش بۆ ئێمە.
پێیان دەڵێم: ئەگەر دۆڕاندتان، ئێوە تەنیا کوردستان لە دەست دەدەن، بەڵام من بیدۆڕێنم، بۆش و بێکەس دەبم. بۆش و بێ وڵات دەبم.

ئایەتێکی قورئانی پیرۆز: لەعنەت لەو کەسەی قومار دەکا.

سروودە بالّکراوەکان

ک. د. ئازاد
(بانە)

هەر زیندانەوانەکە دەرگای کردەوە، لە پشتەوەڕا مەئموورێکی ڕیشن پالّی پێوەنام بۆ ژوورەوە!
قاچم لە شیپانەی دەرگاکە گیرا و بە سەرەوە ڕەتەلّم برد بۆ ژوورەوە و لە نێوەڕاستی دیوەکەدا بە دەمەوە بە عەرزی داکەوتم!
هەرەسی قاقای زیندانییەکان، ژوورەکەی هێنا لەرزین. کە هەستامەوە خۆم لە نێوان نزیکەی دە پازدە کەسدا دی کە بە کەوتنەکەم پێدەکەنین!
دەرگا داخرایەوە و من مامەوە و پۆلێک زیندانی!
چوار دەورەیان گرتم.
– بۆچی گیراوی؟
– بە جورمی سیاسی!
– پەح! هەر کەس لە دایکی دەتۆرێ دەبێتە سیاسی!
وێکڕا دیسان دایانە قاقای پێکەنین!

* * *

بە منەوە پازدە کەس لەو دیوەی زیندانداببوون. تاوانی ئەوان ؛ دزی، کوشتن، تالآن، ماشێن دزین، چەقۆکێشی و... بوو!
لە ناویاندا هەر من سیاسی بووم! هەمووش لە من بە تەمەنتر بوون.

هەر شەوی هەوەڵ، هەرچی پووڵم پێبوو، لێیان دزیم!
بۆ ماوەی حەوتوویەک بە تەنیا بووم! نە کەس دەگەڵم دەدوا و نە منیش وازم لە دۆستایەتی ئەوان هێنا بوو! بۆیە منیان ناردبوو بۆ بەندی قاچاخچی و شڕ و درەکان تا پتر ئەشکەنجەم دەن!
لە گۆشەیەک دادەنیشتم و چاوم دەبڕییە ئاکاری هاوبەندییەکانم، ئەوانیش پاش یەک دوو ڕۆژ وازیان لە گاڵتەکردن دەگەڵ من هێنا.
هەموو بە دەنگی بەرز لەگەڵ یەک دەدوان و بۆ هەر قسەیەک جۆێنێکیان ئاوێتە دەکرد!
پاش حەوتوویەک، وردە وردە دەگەڵ سێ چوار کەسیان مەرحەبایی و چاک و چۆنیم پەیدا کرد.
من هێواش دەدوام و پێشم دەگوتن تا ئارام بدوێن و واز لە جوێندان بێنن.
سمایل شاوەیس یەکێک لە بەندییەکان دەیگوت:
– زمانمان بە جوێن ڕاهاتووە. بە دەنگی بەرز قسە کردن بۆتە فەرهەنگمان. بۆمان تەرک ناکرێ.
جەعفەر ڕەزاپوور کە بە جافر فەیلی ناسرابوو، دەیگوت:
– من پێشتر وانەبووم! کە باوکم مرد لە پۆلی پێنجی سەرەتایی وازم لە خوێندن هێنا! ناچار بووم کرێکاریی بکەم. کە دایکم شووی کردەوە، مێردەکەی تریاکی بوو! کە سەرخۆش بوو، نێوانیان باش بوو، بەڵام هەر تریاکی لێدەبڕا تێک دەچوو!لە من و دایکمی دەدا! تا منداڵ بووم هیچم نەدەگوت، بەڵام فامم کردەوە، منیش بە گژیدا دەچووم. ڕۆژێکیان کە چوومەوە وەک هەمیشە بەسەر شەڕی دایکم و باوەپیارەکەمدا کەوتم. باوەپیارەکەم ئەوەندە لە دایکمی دابوو کە وەمزانی مردووە! منیش چەقۆی چێشتخانەکەم تاودایە و سێ چوار جار کردم بە کەلەکە و لەشی باوەپیارەکەمدا و هەڵاتم. دوایی گرتیانم و زانیم مردووە!

* * *

ڕۆژ نەبوو زیندانییەکانی هاوبەندی من، شەڕ و کێشەیان نەبێ! من بەو کارەیان زۆر ناڕاحەت دەبووم.
ڕۆژێکیان وەک هەمیشە لە نێوان زیندانییەکان بوو بە مشتومڕ. زۆر زەق و بێ شەرمانە جوێن و قسەیان بە دایک و خوشکی یەکتر دەگوت. جوێنی ناموسی لای ئەوان وەک مەرحەبایی ئاسایی بوو!
هەرجارێکیش کێشە ساز دەبوو، یەکتریان لەت و پار دەکرد. زیندانەوانەکانیش هەردوو لای کێشەکەیان بۆ ماوەی یەک ڕۆژ تا حەوتوویەک بۆ ژووری تاکەکەسی دەبردن!
ئەو ڕۆژە لە نێوان ئیرەج کە بە ئیرەج خان، یان ئیرەج پەنجە زێڕ بە ناوبانگ بوو، دەگەڵ یەدوڵڵا کرماشانی کە بە یەدە جەک، یان یەدە پاڵەوان ناسرابوو، بوو بە کێشە! دەیانگوت یەدە دەتوانی پێش یان پاشی ماشێنێک بگرێ و لە عەرزی بەرزی کاتەوە! هەر بۆیە بە یەدە جەک دەناسرا!
هەردووک ڕاست بوونەوە! یەکیان چەقۆیەکی پێبوو و ئەوی تریان ژیلێتێکی ڕیش تاشین!
هەرچەند ڕۆژ جارێک دیوی زیندانەکان کە بە سلوول دەناسران، دەگەڕان و هەرچی چەقۆ و شتی مەترسیدار هەبوو کۆیان دەکردەوە، بەڵام زیندانییەکان دووبارە وەدەستیان دەخستنەوە!
هاوبەندییەکانم کورد بوون. زۆر بەوە ناڕاحەت بووم کە لە جیاتی ئەوەی ئەو لاو و پیاوانە خۆیان بە مەسەلەیەکی زانستی، نەتەوایەتی یا میللییەوە خەریک بکەن، خۆیان بە لات و لاتبازی و شەڕی بێ ماناوە خەریک دەکرد، هەر بۆیە کە ئیرەج و یەدە لەیەک ڕاست بوونەوە، پێش ئەوەی کارێک بکەن خۆم پێنەگیرا و بە تووندی بەسەریاندا گوڕاندم:
– توخوا عەیب ناکەن؟ داناوەشێن؟ خۆ ئێوە خوێنی نەتەوەی کوردتان لە ڕەگ دایە. لە جیاتی ئەوە بیر لە میللەت و نەتەوەکەتان وەکەن، خۆتان بە پڕوپووچ و لاتبازی خەریک کردووە. من لەسەر میللەتەکەم گیراوم و لە زینداندام! دەمتوانی وەک ئێوە بێ خەیاڵ بم و زۆریش خۆشی ڕابوێرم، بەڵام دڵم قبوولّی ناکاو ئەوەتا لەسەر ناهەقییەک کە لە کەسانی وەک ئێوە دەکرێ و بە خاتری ئێوە دەبێ لە زیندانداببم و هەموو ڕۆژێ ئەشکەنجەی جەللادانی میللەتەکەم قەبوولّ کەم.
گوڕە و نەڕەی من لە زیندانداً دەنگی داوە. کەس متەقی لێوە نەدەهات! هەموو بە سەرسوڕمانەوە لە منیان دەڕوانی. دوایە زانیم قسەکانم وەها ئەو چارەد کەسەی شڵەژاندبوو کە تا ئەوکات لە ماوەی ژیانیاندا ڕانەچڵەکیبوون!
منی بێدەنگی ناو زیندان، ببوومە پارچەیەک هاوار!
بۆ ماوەی چەند خولەک، بێدەنگییەک باڵی بەسەر زیندانداً کێشا. بە شێوەیەک کە خۆشم پێم سەیر بوو!
هەموو لە عاستی خۆیان ڕاوەستابوون. کەس نەدەبزووت. بە هەلم زانی و هەر بەو دەنگە گوڕاندم:
– ئەو چەقۆ و تیخانە بۆ بڕینی گەرووی دوژمنانی میللەتەکەتان بەکار بێنن، نەک بۆ یەکتر بڕیندارکردن و کوشتن! ئەی کوردایەتیتان کوا؟
هەردووک ئیرەج و یەدە وازیان لە شەڕ هێنا و چەقۆ و تیخیان فڕێ دا! بەندییەکانی تریش بە سەر و چاو قسەکانی منیان پەسەند دەکرد و بە دڵیان بوو.

ئەوە دەسکەوتێکی باش بوو. دەبوو ببپارێزم.
نەرمتر درێژەم پێدا:
– باشە ئێوە کە ڕۆڵەی میللەتی کوردن و بە کوردایەتی خۆتان دەنازن و شانازی دەکەن، چەند کەستان نووسین و خوێندنەوە بە زمانی دایکی خۆتان دەزانن؟ دەی پێم بڵێن؟
کەس نەبوو!
دووبارە درێژەم پێداوە:
– تا لێرەم هەرکەس پێی خۆش بێ، من دەتوانم نووسین و خوێندنەوەی کوردی فێرکەم.
شەڕ کوژابۆوە!
بڵاوەیان کرد، لە کاتێکدا هەموویان لە بیری قسەکانی منداببوون! کاتێک ئەوەم بۆدەرکەوت کە ڕۆژی دوایی یەک یەک و دوودوو دەهاتن بۆ لام و داوایان دەکرد کە نووسین و خوێندنەوەی کوردییان فێرکەم.
کاتێ زانیم هەموویان حەز بە فێربوون دەکەن، داوام لە ڕەشیدخان کرد کە بە دەسەڵاتترین و گەورەی ناو زیندانەکەمان بوو، بۆ وەدەست خستنی قاقەز و قەڵەم بۆ هەمووان. ئەویش بە واستەی پاسەوانەکانی ئاشنای، بۆی وەدەست خستین.
زیندان ببوو بە پۆلی فێرکاری. بۆ ماوەی دە ڕۆژ نووسین و خوێندنەوەی کوردی درێژەی هەبوو!
ڕێنووسی کوردیم بە سادەترین شێوە پێ گوتن!
ئەو ڕستە و وشە و پیتانەی من پێم دەگوتن، دەیاننووسی و دەیانخوێندەوە. دوایی خۆشیان دوو دوو و سێ سێ یەک دەکەوتن و خۆیان ڕادێنا.
زیندانەوانەکان پێیان سەیر بوو! سلوولی ئێمە کە بە گێچەڵترین دیوەکانی زیندان بوو، ئێستا کپ و خاموش بوو و بێجگە لە ویرەویری زیندانییەکان دەنگی لێوەنەدەهات!
پێیان زانی چ قەوماوە!
درەنگ ببوو! تازە کار لەکار ترازابوو!
منیان بانگ کرد. لە دیوێکدا سێ کەس لە پشت مێزێک بەرانبەرم دانیشتبوون. چەقۆت لێدابان خوێنیان لێوە نەدەهات. من بێ باک بووم و مێشێکیشم میوان نەبوو! ئەرکی خۆم بەجێ هێنابوو!
– کێ ئیجازەی بە تۆ داوە نووسین و خوێندنەوەی کوردی فێری زیندانیان بکەی؟
– بۆ؟ ئیرادی چییە؟ پێیان خۆش بوو سەوادیان هەبێ و منیش فێرم کردن! زمانی کوردی، یان زمانێکی تر چ فەرقێکی هەیە؟
– خۆت گێل دەکەی؟ نازانی ئەوە بۆنی سیاسی لێدێ؟
– کەسێک بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێ بۆ سیاسییە؟ بۆ خراپە؟ مەگەر خۆتان بە چ زمانێک خوێندووتانە؟ بە زمانی دایکیی خۆتان!...
نەیان هێشت بچمەوە سلولەکەی خۆم!
بەڕێیان کردم بۆ ژووری تاکەکەسی. پاش سێ ڕۆژ ناردیانم بۆ بەندی سیاسییەکان!
پاش چل و پێنج ڕۆژ ئازاد کرام.
* * *
سێ ساڵ ڕابرد. ڕۆژێک لە چوارڕێیانی ئیقبالێ سنە دەپەڕیمەوە، کەسێک باوەشی پێداکردم و دەگەڵ خۆی منی هێنا پیادەڕۆ!
– سڵاو مامۆستا گیان!
– سڵاو! ببووڕە ناتناسم!
– هەقتە! بە یەکەوە لە زیندان بووین! سێ ساڵ پێش! تۆ سیاسی بووی و ئێمە...
– ها!بیرم هاتەوە! کاک یەدوڵڵا؟
– بەڵێ!
ئەم لاو ئەو لای یەکترمان ماچ کرد.
– چ دەکەی؟
– کە لە زیندان بەربووم، وازم لە کاری خراپ هێنا! ئێستا میکانیکی ماشێنم! ئەمڕۆ پشووم دا بە خۆم! نەچوومە سەرکار. باشتر! تۆم دییەوە.
– دەی ئەوانی تر؟
– باوەڕکە مامۆستا گیان، پاش ڕۆیشتنی ئێوە هەموومان بڕیارمان دا ڕوونەکەینەوە زیندان، مەگەر بە جورمی سیاسی نەبێ! هەموشمان کوردی فێر بووین! پاش ڕۆیشتنت زیندانەوانەکان خەریک بوون بتەقن! تازە زانیمان بۆچی ئەوەندە لە زیندانی سیاسی دەترسن!...
– کاک یەدە من دەبێ بڕۆمەوە و...
– نا بە سەری تۆ مامۆستا نابێ! دەچین بۆ ماڵی بچووکی خۆت! لای ژن و منداڵەکەم زۆرم باس کردووی. دەبێ بتبینن!
کە بەرەو ماڵی یەدە دەڕۆیشتین شیعری بەندیخانەی قانیعم هاتەوە یاد:
«بیری ئازادیم، لە زیندانا فراوانتر دەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە!»

۱۳۹۰/٦/۱۹ هەتاوی
(۲۰۱۱/۹/۱۰ز)

گوهێ کوڕێ مەمەد

کاوا شێخێ
(ئەلمانیا)

د ئودا من دە ل کامپێ سێ خۆرتێن رووس هەبوون. ژ بەر وان و ژ بەر عاراقا وان من نکاریبوو ل هوندر نمێژ بکرا. ئەز دەردکەتم دەرڤە، و دەرڤە ژی پڕ سار بوو، بەرف ل ئەردێ بوو. یەکی ژ وان ئەز دیتم دەما من نمێژ دکر و بوو بر-برا دەڤێ وی. من ژێ فێم نەکر و نە من زانیبوو یێ چ دخوازە. هەما کنجێن خوە ل خوە کرن و سۆلا من دا من. من فێم کر کو دخوازە من ببە جیهەکی و من دا دوو وی. ب رێ دە جارێ دبێژە: «موسلم، ئەلاهووئەکبەر؟» و ئەز نزانم دخوازە چ بێژە. من دا دوو وی و ئەم دەمەکێ مەشیان، ئەم گهیشتن بەر ئاڤاهیەکێ. ئەم دەرباس بوون، ل قاتا ددوان دەریکی مەزن ئێ ڤەکری هەبوو و ل سەر دیواران سوورەتێ جامی و یێن هەجێ هەبوون و هنەک گۆتنێن عەرەبی. من ناس کر ئەڤایا جامی یە. ئەز ژ کێفا رە فڕیام.

یێ رووس ڤەگەڕیا و ئەز کەتم هوندر. ئەردا وێ راخستی بوو و ل ئالیێ قوبلە پەرداک کەسک هەبوو و ل سەر رەفکان چەند پرتووکێن قورئانا پیرۆز هەبوون و ئاڤا ڤەخوارنێ هەبوو و ل قۆرزیکێ زلامەکی ب ریھ هەبوو و کومەکی سۆفیان ل سەرێ وی بوو، ژ تیپێ وی من تەخمین کر کو ئەو مەلێ جامیێ یە. پرتووکەک ژی د دەست دە بوو. من ژ خوەرە گۆت «ئەڤ مەلە یان کورد و یان عەرەبە». ئەز ل پشت وی روونشتم، من خوە کوخاند و من سلاڤ دایێ: سەلامو ئەلێکوم. وی ژی وەک من سلاڤا من ڤەگەراند: ئەلێکم سەلام . ل من زیڤڕی و ب ترکی ئاخڤی. من تەنێ گۆتنا ماشەللاّ ژێ فێم کر. وی ناس کر کو ئەز ژێ فێم ناکم، ب ئەرەبی ژ من رە گۆت: «تو ئەرەبی زانی؟» من ژێرە گۆت: «ئەرێ، ئەز باش زانم.»

گۆت: «تو دخوازی نمێژێ بکەی؟» من گۆت: «ئەرێ. باشە ئەڤ جامی ل ڤر هەیە. ئەز د کامپێ دە دژیم و ئەز نکارم ل ور نمێژا خوە بکم.»

مەلە کەنیا و گۆت: «ئەڤ جامی مەمەد ژ مە رە کرێ کریە و ئەو پەرێ وێ دە. خوەدێ خێرا وی بنیڤیسە و ژێ رازی بە.»

من گۆت: «ئەرێ وەلّەھ، خوەدێ ژێ رازی بە، کارەکی پڕ باش کریە.»

مەلە گۆت: «نە تەنێ ئەڤ، پەرێ من ژی دە و ھەر دەمەکێ خێرێ بەلاڤ دکە و ھەما کو کارێ وی تونە بە، تێ ڤر نمێژ دکە. تێ وی ببینی، ئینشەلّەھ. ھەما زلامەکی وسا بینا جنەتێ ژێ تێ.»

مە نمێژا خوە کر و ئەز ئێدی ھین بووم، ھەر ببا دەما نمێژێ، ئەز دچووم جامیێ. جارەکێ ئەز چووم، من دی یەک ل با مەلە سەکنیە و پێ رە داخڤە و زارۆکەکی دەھ سالی پێ رە یە. مە نمێژا خوە کر و کێڤا من پڕ ھات کو وی زارۆکێ بجووک ژی نمێژا خوە ل کێلەکا باڤێ خوە کر. مەلە بانگ ل من کر و گۆت: «وەرە، ئەز تە ب مەمەد رە بدم ناسکرن.»

مە ھەڤدوو ناس کر، لێ ئەو تەنێ ترکی زانە و ئەز ژی ترکی نزانم. مەلە ژ مە رە بوو وەرگێڕ. من گۆت: «ئەز پر کێڤخوەشم گاڤا ئەز دبینم یێن وەک تە ل ئەورۆپا نمێژا خوە ژ بیر ناکن و زارێن خوە ژی ھین دکن.»

مەمەد گۆت: «سێ زارۆکێن من ھەنە، ھەرسێ ژی نمێژ و رۆژیا خوە دکن و ئەڤ یێ ھەری بچووکە و شێرینە و ئەز نزانم گاڤا ھەرە ترکیێ ئەزێ چاوا بێ وی ب قەدینم؟»

یا دنی رۆژێ من ژ مەلە پرسی: «ما چما وێ کورێ وی ھەرە ترکیێ؟»

گۆت: «ئەو زارۆکێن خوە دشینە ئەسکەریا ترکیێ دکن، دا کو تێکلییێن وان ژ ور قوت نەبن، ل ور مال و ملکێ وان پڕ ھەیە.»

من گۆت: «ئێ مادەم مال و ملکێ وان ل ور پڕ ھەیە، ما ل ڤان دەران چ دکن، چما نارن ور؟»

مەلە کەنیا و گۆت: «ما ژ تە وەرێ کو ل ڤر مالێ وان ھندکە؛ ل ڤر ژی پر تشتێن وان ھەنە: ئاڤاھی، ئەرد، فابریک، دکان و رەستورانتێن وان ل ڤر ھەنە. لێ مەرۆ ب بەخت بێژە، دلێ وی ژ خوەدێ رە یە، تمی خێران دکە، جارنا ژێ ھەر مەھێ جارەکێ دچە ترکیێ و ئانھا دیسا چوویە. ھەما کو نەھات نمێژێ ل جامیێ، ئەز زانم کو نە ل ڤرە.»

ئو ب راستی ژی، پشتی دو رۆژان مەمەد ھات و ژ ھەر یەکی ژ مە رە سجاداک ئانیبوو و ئەم بێتر نێزیکی ھەڤ بوون و تێکلییا مە خورت بوو و تمی بالا من دکوشاند کو ژ خەلکێ رە دگۆت «ھەڤالێ من ب ئەرەبی داخڤە» (یانی ئەز)، و من پر د خوەست کو ئەز ژێ رە بێژم کو ئەز کورد م، لێ من ددی کو ئەو نە ژ تشتەکی دبێژە. من دەین نەدکر. ژ خوە مە ژ ھەڤ فێم نەدکر و من ژ خوە رە دگۆت: ما دی ئەم سەر رێچا خوەدا دگھێژن ھەڤ، بەرا وسا بە.

دەمەک باش دەرباس بوو، ناڤا من و کورێ مەمەد خوەش بوو، من ژ وی کورێ ھەز کر، وەک برایێ خوە. چما نا؟ مە رۆژێ سێ-چار و جارنا پێنج جاران ھەڤدوو ل جامیێ ددیت. جارەکێ مەمەد ژ ترکیێ ھات و ژ من رە تشتن پر خوەشک ئانیبوون: قورئانەک نوو ب تیپێن مەزن و ب شرۆڤەکرنا ئەرەبی و قورئانەک بچووک ژ زێر دگەل زنجیرەک زێر، دا کو ئەز ب ھستێ خوە ڤە دار داکم. ئەز ب راستی ب وان تشتان پڕ کێڤخوەش بووم و من ئەو قورانا بچووک ل پێشیا ھەڤالێن خوە ب ھستێ خوە ڤە ب دار داکر، دا کو زانبن ئەز موسلمانم.

پشتی چەند رۆژان، ئەز چووم جامیێ. من دیت ل بەر دەری قەرەبالخەک پڕ مەزن و تەڤلھەڤیک ھەیە. من گۆت قەی ھنەک مرنە. ھنەکا راھشتبوون دارا و ھنەکا کێر. ئەز کەتم ناڤ وان بێ کو ئەز زانبم چ ھەیە. من مەمەد د ناڤ وان دە دیت و من دی کورێ وی ژی ل وە و گوھێ وی ب پاچێن سپی پێچایی یە. ب راستی ژی وەک کێرەکێ ل کەزەبا من کەت، گاڤا من کورک د وێ رەوشێ دە دیت. ھەما بێ ھایا من ژ من ھەبە، من خوە ئاڤێت لاوک و من ئەو ھمبێز کر، خۆرتا خوە ئاڤێت من، دا کو من دوور بخینن، لێ مەلە نەھات و ژ وان رە گۆت کو ئەز دۆستێ لاوکم. من ژ مەلە پرسی: «چ ھەیە؟» وی گۆت: «ھنەکا ل لاوک خستیە و گوھێ وی برین کریە و باڤێ وی پر ھێرس بوویە و کارکەر و مەرڤێن خوە دانە سەر ھەڤ ھەیا زەلال ببە بێ کێ وسا کریە. ھەگەر دەرکەڤە ھۆلێ کو ژ دژمناتیکێ وسا کرنە، دبێژن ئەمێ ئەلمانیا بشەوتینن و خوەدێ مە بسترینە....»

مەمەد ب تەلەفۆنێ دە داخڤی و دگۆت: «ئەز گوھێ کورێ خوە نادم ب ئەلمانیا گشی....»

لێ پشتی دەمەکێ پۆلیس ھاتن و ھەرتشت خویا بوو. زارۆکان ل دبستانێ لیستیە و زارۆکەکی ئەلمان وسا کریە و برینەک سڤک د گوھێ لاوک دە چێبوویە و پشتی دو رۆژان کارن گوھێ لاوک ڤەکن. خۆرت ژ ھەڤ بەلا بوون، لێ نمێژا نیڤرۆ و یا عەسرێ ل مە چوو و مەلە فتوو دا کو

ئەم کـارن تەقی یا رۆژاڤـا ب هەڤ ره بکن و ئەز وێ شەڤێ رانەزام ژ کەربا ره، تمی ئەو لاوک دهات بیرا من. لێ باش بوو پشـتی دو رۆژان گـوهێ وی ڤـەکـرن و ڤـەگەڕیابوو وەک بەرێ. لێ دیسـا باڤێ وی دەڤ ژ وان بەرنەدا و ئەو دان مـەحکەمێ و پەره ژ وان سـتـەندن، ل گۆر گۆتنا مەله. و وەک سەدقه، مەمەد ژ بەر سەلامەتیا کوڕێ خوه چەند کەس ژ پەرێ خوه شاندن حەجێ و یەک ژ وان مەله بوو، لێ مخابن کاخەز و پاسپۆرتا من تونه بوو، یا نا وێ ئەزێ ژی شاندباما و ب چوونا مەله ئێدی من و مەمەد یەک جار هەو ژ هەڤ فێم کر...

دۆرا مـەهەکێ ل سەر ڤێ رەوشێ دەرباس بوو. رۆژەکێ مـەمـەد هات و ل هەر یەکی ژ کەسـێن جامـیێ نان بەلاڤ کر و هەر یەکی پێنجی ئەورۆ دان مـە. من نزانی بێ چما و نە وی کـاریبـوو شرۆڤـە بکرا؛ قـالا ئەسکەریێ کـر و دەسـتێ خـوه دا گـوهێ خوه و ژ بەر کـو من زانیـبـوو کـو کـورەکی وی ئەسکەر هەیه و من ژ بەر خوه ڤە فێمکر کو ئەڤایا کـوڕێ وی یێ ئەسکەر شاندیه و کریه سەدقه ژ بۆ گوهێ برایێ خوه یێ بچووک یێ کو گوهێ وی برین ببوو. کێفا من پڕ هات. من چەند کەرتۆن شێرانی برن کامپێ ل هەڤالێن خوه بەلاڤ کرن و مە پارا مەله ڤەشارت.

چەند رۆژ دەرباس بوون، مـــەله هات؛ ئێـــدی بووبوو هەجی، پڕۆرێ خوه کـور کـربوو. مـە سـلاڤ دا هەڤ و ئەم ب هەڤ شـا بـوون، ژ مـە ره هەر یەکی تزبیک سـەد لب ئانیـبـوو و مـە ئاڤـا زەمزەمێ ڤـەخوار. مـە ژی پارا وی ژ وان تشـتێن کو مەمەد ل مە بەلاڤ کربوون، دایێ. مەله پرسی: «ئەڤ ژ بۆ چ نە؟» من ژێ ره گـــۆت: «ئەڤـــانـا کوڕێ مەمەد ئێ ئەسکەر شاندنه ژ بۆ سەدقا گوهێ برایێ خـوه.» مـەله ژ گـۆتنا مـن ئەجێبـمـایی مـا و گـۆت: «ئەز باوەڕ م تە شاش فێم کریه، ژ بەر کو ئەو کور ژ برایێ خوه هەز ناکـه، لێ دیسـا ژی خـوەدێ قـەبول بکـه، ئێمـه ل مـه ئەم بخون....»

یا دنی رۆژێ ئەز چووم جامـیێ، مەله ئەز دیتم کەنیا و بانگ ل من کر و گۆت:

– من زانیـبـوو تە شـاش فـێم کـریه، ژ بەر کـو چیـرۆکـا گوهێ وی کەڤن بوویه...

– مـا ئەو چ پەره و خـوارن و شـێـرانی بوون کـو ل مـه بەلاڤ کرن؟

– ئەوایا بەلا کـــرن ژ بەر کـــو لاوێ وی یێ ئەسکەر بەشـداری ئـوپەراسـیـۆنەکێ ل دژی تەرۆریسـتـان بوویه و سێ هەب کـوشـتنه و گـوهێ وان ژێ کـرنه و ب خـوه ره هلدانه وەک بیرانین..

مـەله گـۆتنا خوه بەردەوام کر و د بەر ره قـەتێ شێـرانیێ داڤێتن دەڤێ خوه، لێ نەمـا دەنگێ وی هاته من. دونیا ل بەر چاڤـێـن مـن رەش بوو و مـن ئەو هشت و ئەز رابووم دەرکـەتم بێ کـو ئەز نمێـژا خـوه بکم. د بن بـارانێ دە، ئەز مەشیام هەیا کامپێ. ل بەر دیواران من دی ژنێن کنجێن رەش ل وان رووونشـتی نە و دگـرین. ئەز گـیـهـام کامـپێ، من خوه تەڤ کنجێن خوه ئاڤێت سەر تەختێ خوه و ئەز د خـــەو دە چووم. مـن دیت ب ســـەدان دایک دگـــرین و ژ ئەزمـــانان بارانەک ژ خـوین و گـوهان دباریا و ل ئەردێ جـەندەکێ خـۆرتان بێ سـەری ئاڤـێـتـی بوون و مـن دیت مەمەد و مـەله راهشـتبوون سەرێن ژێکری و دکەنیان و ل تەنتا هەر سەریکی ژێکری قورئانەک زێڕ هەبوو.

ئەز ڤـەجنقـیـم سـەر دەنگێ دیا خـوه، سـجـادا من دادوەشاند و ژ ناڤ سجادێ گـوه دوەشـیـان. ئەز شـیـار بووم. وەختێ نمێـژا سـبـەها یه. مـن راهشت سـجـادا کـو مـەمـەد ژ من ره ئانیـبـوو و قەتێ شێـرانیـێ یێن کو مـابوون و هەردو قـورئانێن وی، یا زێڕ و یا راســتـی، و تزبیـا مـەله، و ئەز چووم جـامـیێ. من دیت مـەمـەد ژی ل وره. هەما من هەرتشتێ وی دایێ و من پێنجی ئەورۆ یێن وی ژی دانێ و ئەز هاتم کـو ئەز دەرکـەڤم. مـەله ل بەر دەری ئەز گرتم و گۆت: –چ هەیه، تو خەیدی یه؟

من گۆت: – ژ مـەمـەد ره بێـژ، دەمـا کـوڕێ وی گـوهێن خۆرتێن خەلکێ ژێ دکه، ئەو شەکران بەلاڤ دکه و دەمـا برینەک بچـووک ل گـوهێ کـوڕێ وی دکـەڤـه، ئەو ئاگـر و مرنێ بەلاڤ دکـه. هەگەر ئەڤ موسلمانتیـا وه به، ژ من ره نه گەرەکه. گـوهێن خەلکێ ژی ل بەر دلێ دایکێن وان شێرینن، ئەزبەنی، و ئەز دەرکەتم..

ل کۆلانێ من تەلەفۆن ژ باڤێ خوه ره ڤەکر و من ژێ ره گـۆت: «هەگـەر گـوهێ من ل بەر دلێ تە شـێـرین بە، وەسێتا خوه ژ بیر بکه!!!»

من تەلەفۆن گـرت و ئەز دەرکـەتم، من دیر رۆژ هلتێ و جـارا یەکەمین بوو کـو من تیرێژێن رۆکـا سـبـەهێ ددیتن، وسا خوەشک وەک تایێن ژ زێڕ ل ئاسمان بەلا دبوون و ل قۆرزبکەکێ دن ژی کەسکەسۆرەک رەنگین دچرساند...

گرێ کوێرە

نووسینی: بەهرام سادقی
لە فارسییەوە: مەزهەر ئیبراهیمی
(سنە)

«شتێکی نادیار هەیە، وەک دەست وایە، نایبینم، بەڵام هەستی پێ دەکەم، پاڵم پێوە دەنێ و بەرەو ئەم لاو ئەولام دەبا...»

-ئەها! تۆزێ سەرت هەڵبڕە ناو چاوت بکەوە. پێ بکەنە. چاو لەکامێراکە بکە تا سێ دەژمێرم. ئاگادار بە نەجووڵێی، ئەگینا وێنەکەت خراپ دەردەچێ. ئامادە! یەک، دوو، سێ...

* * *

دوو شەو دواتر لەپلیکانی وێنەگرییەکە سەرکەوت تا وێنەکانی بێنێتەوە. پسوولەی وێنەکەی توند گرتبووە نێو دەستییەوە. بیری لەوە دەکردەوە کە پێرێ شەو کابرای وێنەگر لێی پرسیبوو:

-ناوی بەڕێزت چییە؟

ئەویش ناوی خۆی پێ گوتبوو.

-شەش لە چواری ئاسایی؟ کارت پۆستاڵیشت گەرەک؟

ئەویش وەڵامی دابووەوە:

- یەکیان... وەک نموونە.

- دووسبەی شەو ئامادەیە... کاتژمێر هەشت.

هەر کە دەرگاکەی کردەوە، چاوی بە کاتژمێرەکە کەوت کە لە هەشت لایدابوو. لەبەر خۆیەوە گوتی:

بێ گومان ئێستا ئامادەیە.

شاگردی کابرای وێنەگر لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو، لەبەر پێیدا هەڵسا و ئەمیش دوای ئەستاندنەوەی سڵاوەکەی لەسەر کورسییەک دانیشت. سەیرێکی نەناسیاوانەی شاگردەکەی کرد:

– وا دیارە بۆ خۆی لێرە نییە؟

– با... با... هەر ئێستا لێرە بوو.

– ئەمە پسوولەی...

پسوولەکەی لە گیرفان دەرهێنا و نایە بان مێزەکەوە. شاگردەکە هەڵیگرت و خوێندییەوە و بەڕێزەوە سەرێکی بۆ جووڵاند.

– بەڵێ گەورەم، هی ئەم شەوە... بەڵام دەبێ چاوەڕوان بی تا خۆی بێتەوە.

ویستی بڵێ: «مااڵ و منداڵم جێ هێشتووە.» تەنیا گوتی: «مااڵ و منداڵ...» و ڕۆچووە نێو کورسییەکە. شاگردەکە تێدەگەیشت کە ئەو مااڵ و منداڵی بەجێ هێشتووە و هاتووە بۆ بردنەوەی وێنەکانی و ئێستاش کە وێنەگرەکە نییە، تووڕە بووە، بەڵام چی لە دەست دەهات؟ ئەوەی بە چاک زانی خۆی بە شتێکەوە بخاڵفێنێ. دەستی کرد بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەلبوومێک... دیسانەوە پرسی:

– نایەتەوە؟

– با دێتەوە، هەر ئێستا...

خۆی بە وێنەکانی قەد دیوارەکەوە سەرگەرم کرد...

* * *

لە پاش چارەکێک، کابرای وێنەگر هاتەوە. هێشتا پێی گەرم نەببووەوە سەری قسەی داهاورد:

– بەخێر بێی گەورەم.

ڕووی لە شاگردەکەی کرد:

– ئەم بەڕێزە دەمێکە تەشریفی هێناوە؟

دیسانەوە ڕووی لە کابرا کرد:

– هەر ئێستا پێشکەشتانی دەکەم.

کابرا لەسەر کورسییەکە هەڵسا، هات بۆ لای مێزەکە و دەستەکانی نایە لێوارەکانییەوە. وێنەگرەکە لە تاریکخانەکەوە وێنەکانی هێنا.

– ئەمانەن وایە؟ ئەرێ خۆیەتی.

دەستی ڕاکێشاو وێنەکانی لێ وەرگرت، بڕێ لێیان ڕاما و پاشان گوتی:

– ئەمانە نین. بە هەڵە هێناوتە.

– چی؟ وتت...

– ئەمانە نین، من سمێڵم نییە، ئەم وێنانە سمێڵیان هەیە، بێجگە لەوەش، من کاڵو لەسەر ناکەم.

وێنەگرەکە وێنەکانی لە دەستی کابرا فڕاند و بە وردی سەیری کردن و دوایی چاوی لە کابرا کرد:

– سەیرە، بەڵام فرە لە ئێوە دەچێت.

– لە من دەچێ؟ چی بڵێم وەڵاڵا... ئەوە ئیتر تۆ دەیزانی.

وێنەگرەکە تۆزێ ئەم پاو ئەو پای کرد. شاگردەکەی ماوەیەک بوو چووبووە دەرەوە (چونکە نەیدەزانی چی بکات، وای بە باش زانیبوو پێچ بکاتەوە و لەوێ نەوەستێ). ڕۆیشتەوە نێو تاریکخانەکە و هەندێ وێنەی تری هێنا، لەسەر مێزەکە باڵاوی کردنەوە و بە ورتەورت دەستی کرد بە پشکنینیان:

– خۆ ئەمە نییە.

وێنەی کچێک بوو.

– ئەمەش نییە.

هی ژنێک بوو.

– ئەمەش هیچ.

هی منداڵێک بوو.

– ئەمە؟

لە وێنەکە و کابرای ڕوانی.

– ئەمەیان زۆر لە بەڕێزت دەچێ. کاڵاویشی لەسەر نییە... بەڵام سمێڵی هەیە.

کابرا سەری هێنایە پێشەوە:

– با بزانم... ڕاست دەکەی کاڵاویشی نییە...

بەردەوام بوو:

– کاکە چی «ئەمە زۆر لە تۆ دەچێ»؟ من چۆن بزانم وێنەی خۆمە؟ من چاوم لە دەموچاوی خۆمەوە نییە، لەبیرم نییە چۆنە. بۆچی ئێوە وێنەکان بە ڕێکوپێکی دانانێن لێتان تێک نەچێت؟ ژمارەیان لێ نادەن؟

– بۆنا. ژمارەیان لێ دەدەین، بە ڕێکوپێکی دایاندەنێین، بەڵام هاوار بە دەست مرۆی نەزانکارەوە. ئەم شاگردەم هەمووی هەڵشێواندووە. شپرزەی کردوون. سەیرکەن، ئەمانە سێ جۆرە وێنەن، سیانەکەیان یەک ژمارەیان هەیە. لەم ئاخری پیرییەوە تەکانم دا شاگردم هێنا! ئەیژی ناو بنیادەما نەژیاوە... کەر و گا لێک جیا ناکاتەوە.

– باشە ئێستا دەڵێی من چی بکەم کاکە گیان؟ دەبێ تا کەی لێرە ڕاوەستم؟

وێنەگرەکە دیسانەوە وێنەکانی دەپشکنی.

– ئەمەش نییە.

وێنەی بینایەکی مێژوویی بوو.

– ئەها... خۆیەتی.

کابرا کردی بە وێنەکەدا:

– چی دەڵێی؟ ئەمە هیچی لە من ناچێ. من کەی قەمسەڵەکەم ئاوا بوو؟

کابرای وێنەگر دانیشت. بە جارێیەوە گوتی:
– ئیتر بە ئێمە چی. ڕەنگە پێرەکە جلوبەرگەکەت ئاوا بووبێ و ئەمڕۆ گۆڕیبێتت.
– ئەمە تۆ چی دەڵێی...
وێنەگرەکە هەستایەوە سەر پێ. شانەکانی هەڵتەکاند:
– ئیتر وێنەی ترمان لێرە نییە. دەبێ یەکێک لەمانە بێت.
کابرا توند تووند ددانەکانی دەکڕاند بەیەکدا. کە نەختێک داساکیا، گوتی:
– ئەمانە وێنەی من نین. پارەی شەش دانە وێنەی شەش لە چوار و یەک دانە کارت پۆستاڵیت لێوەرگرتووم، من ئەوانەم لێت دەوێ...
کابرای وێنەگر سێ جۆرە وێنەکەی نایە بەر دەستی.
–فەرموو گەورەم. پێشکەش بە بەڕێزت. ناڕەحەتی گەرەک نییە. بەو خوایە سەرم سڕ ماوە. ئەم وێنەگەلە هەر سێکیان شێوەی تۆ دەدەن، وێنەی خۆتن ئیتر. یەکیان بە سمێڵ و کلاوەوە، یەکیان بە سمێڵەوە و بێ کلاو، یەکیانیش بەبێ سمێڵ و کلاو. حەزت لە هەر کامیانە بیبە.
– حەز؟ بۆچی بە حەزە؟ کاکە گیان، یان خەڵەفاوی، یان خەریکی گاڵتەم پێ دەکەی؟! مەگەر تۆ کاسبی ناکەیت، کەس وێنەی بەلاوە نەگرتووی، نانت ناوێ؟ لە کۆێی ئەم دنیایەدا کەسێک دەچێ وێنەکەی خۆی بێنێتەوە، سێ جۆرە وێنەی دەخەنە بەردەست و دەڵێن هەر سێکیان وێنەی تۆن، تیتاڵیشی پێ دەکەن و دەڵێن هەر کامیانت پێ خۆشە بیبە؟! پێرێ کە وێنەکەم بە لاوە گرتی، کوێر بووی؟ ئاخر من سمێڵم هەبوو؟ کلاوم لەسەردا بوو؟ قەمسەڵەکەم ئاوابوو؟
کابرای وێنەگر نەیدەزانی چی بکات. بڕێ دەستی بەیەکدا سوی و هەوڵی دا خۆی ڕاگرێت، ئەمجا بە هێمنییەوە گوتی:
– قسەکانت هەموو ڕاستن، قسەی حەق جوابی نییە، منیش قبووڵمە، بەڵام بەو خوایە تاوانی ئەو شاگردە گەمژەیەمە. وێنەکانی هەموو هەڵشێواندووە، ژمارەکانی تێکەڵ کردووە، ئەگینا هەر ئەو کاتە بێ ئەوەی کاتت بگرم پێشکەشم دەکردی و ئەم دەمەقڕەشی لێ نەدەکەوتەوە، بەڵام سەرم لەوە سڕ ماوە ئەم وێنەگەلە چۆن هەر سێکیان هاوشێوەی تۆن؟ ئەیژی هەر خۆتن. جا نازانم هی تۆن، یان کەسێکی تر وەک تۆ... نازانم وێنەکەی بەڕێزت چی لێ هاتووە... بێژی چی لێ هاتبێ؟ ئاخر تۆ چۆن خۆت ناناسیتەوە؟
– ئەدی تۆ خۆت دەناسیتەوە تا من بیناسمەوە؟
– چۆن خۆم ناناسمەوە! ئا تۆ وێنەیەکم پێ نیشان دە، هی هەرکاتێکیش بێ، هەر زوو پێت ئەیژم هی خۆمە، یان نا، پێم سەیرە...
– پێت سەیرە!؟ بۆچی دەبێ هەموو خەڵکی ئەم دنیایە وێنەکانیان بناسنەوە؟ ئەتۆ وێنەگری، کارت ئەوەیە. کامە مریشک هێلکەی خۆی دەناسێتەوە؟ تۆ بزانە چۆن کلاو دەکەنە سەر خەڵکی. سێ چوار ڕۆژ چاوەڕوانیان دەکەن، لە مالّ و منداڵیان دەخەن، ئەمجا ئاواش وەڵامیان دەدەنەوە...
وێنەگرەکە خەریک بوو دەست بکات بە گریان، لە گیرفانیدا ئاوێنەیەکی دەرهێنا و دای بە کابرا:
– ئا ئەمە خۆ ئیتر ئاسانە. چاو لە خۆت بکە! بزانە لەم وێنەگەلە دەچی، یان نا؟
ئاوێنەکەی لێ وەرگرت و لە خۆی ڕوانی، ئینجا هەروا کە ئاوێنەکەی لەناو دەستدا بوو، بە بۆڵەبۆڵ دانیشتە سەر کورسییەکە.
پاشان لەناکاو ئاوێنەکەی دایە دەست وێنەگرەکە و دوو دەستەکەی توند گرت بەسەرییەوە و بە تەوژمەوە گوشی. کابرای وێنەگر بە هێواشی پرسی:
– بینیت؟
کابرا هەڵساو چوو بۆ لای مێزەکە. وێنەکانی هەڵگرت و لێیانی ڕوانی و داینییە دەست کابرای وێنەگر. وێنەگرەکە گوتی:
– ئەگەر دانیشی، خاوەن ئەم وێنەگەلە ئێستا دێن بۆ ئێرە خراپ نییە لەگەڵ هاوشێوەکانی خۆت ئاشنا ببی.
کابرا چوو بۆ لای دەرگاکە:
– هەمووی تەڵەکەبازییە. ئەمانە هیچیان وێنەی من نین. نازانم وێنە ڕاستەقینەکەی من چی لێ هاتووە. بگرە هەر وێنەت نەگرتبێتم. قوڕتان بەسەر بۆ وێنە گرتنتان.
کە ئەو ڕۆیشتە دەرەوە، وێنەگرەکە هەر وەک شێت بە نێو ژوورەکەدا دەسووڕایەوە.
– خوایە خەریکم شێت دەبم. چۆن خۆی نەناسییەوە؟ چۆن ئەم وێنەگەلە هەمووی لەو دەچوون؟ وەختە... وەختە خۆم لەم پەنجەرەوە بخەمە خوارەوە.
شاگردەکەی هاتە ژوورەوە:
– ئەو پیاوە وێنەکانی بردەوە؟ دیتم بەرەو ئەو وێنەگرییەی بەرانبەرمان دەچوو.

سەرچاوە:
سنگر و قمقمەهای خالی، دکتر بهرام صادقی، نشر کتاب زمان، چاپ دوم، تهران ۱۳۸۸.

کۆمێدیا

«پیەسێکە لە یەک پەردەدا»

د. موحسین ئەحمەد عومەر



پەردە بەرز دەبێتەوە، ڕووناکی لەسەر دوو کەسە، کەسی یەکەم لە ناوەڕاستی شانۆ وەستاوە، کابرایەکی پۆشتە و پەرداخە، کەسی دووەم لە لای چەپی شانۆ کەمێ لە دواوەی ئەو وەستاوە، جلوبەرگێکی ڕەشی لەبەرە، کراس و پانتۆڵێکی ڕەش و پێڵاوێکی ڕەش. کەسی یەکەم لە شێوەی ڕۆبۆت بە نەرمی و لەسەرخۆ دەجوولێتەوە، تەنیا لە جێی خۆی وردە جوولەی ڕۆبۆتی دەکا، کەسی دووەم (کە تارمایی، یان فانتۆمی هەمان کەسی پۆشتە و پەرداخەکەیە) جوولەی زۆر دەکا و ئەم سەر و ئەو سەری شانۆ دەکا، لە هەمان کاتدا ئەم کەسە حیکایەتخوانیشە، واتە چیرۆک لەسەر زمانی ئەو دەگێڕدرێتەوە. کەسی یەکەم فەرمانبەرێکی بەرزە، کەسی دووەم تارمایی خۆیەتی، لێرەوە هەردەم بە کەسی تارمایی ناوی دێ.

کەسی تارمایی: (ڕووی لە بینەرانە، هاتۆتە پێشەوەی شانۆ، لای چەپ) ئەم مرۆڤە دەبینن! (وچانێک)

کەسی تارمایی: ئەم مرۆڤە دەبینن ئەم مرۆڤە (وچانێکی کورت) ئەمە (دەستی بۆ درێژ دەکا) بە پێی خۆی چووە ناو زیندان، بە دارەبازە هاتە دەرەوە! (وچانێک)

کەسی تارمایی: پێتان سەیر نەبێ، چونکە لەو بڕوایەدام باوەڕ ناکەن. (وچانێکی کورت) من ڕوحی ئەوم و چیرۆکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە، ئیتر لەم گێڕانەوەیە هەموو کەسەکان دێنە سەر شانۆ، بەڵام دەبێ تێبینی ئەوە بکەن، لە نێوان ئەو و من کە یەک کەسین هەست بە جیاوازییەکی زۆر دەکەن، بەو مانایەی ئەگەر ئەو ئێستا لە گۆڕ دەربێنی و بگەڕێتەوە هەمان دۆخی پێشوو، خۆی دەخاتەوە ناو هەمان پێوەندی، ئەمانەش ئەوەندە زۆرن، ئەوەندە زۆرن، ئەوەندە زۆرن، بە ڕادەیەک من کە لەو دوورم هەست بە ژانە سەر دەکەم، پێوەندییەک وەک تەونی جاڵجاڵۆکە (وچانێکی کورت) لەوانەیە تەونی جاڵجاڵۆکە ڕێکتر بێ لە ژیانی ئەو. هەر چۆنێک بێت لێرەوە ئەوەی گرینگە، من نوێنەرایەتی لایەنی

جـــوانی ئەم پیـــاوە دەکـــەم، لە هەمـــان کـــاتدا من حـیکاتخـوانیـشم. (تکایە بینەران ئەم دوو ڕۆڵەتان لێ تێکەڵ نەبێت.) (وچانێکی کورت)

کەسی تارمایی: منیش وەک هەموو کەسێک خەون و ئاواتم زۆر بوون، (کەسی یەکـەم وردە وردە بە جـوولّەی ڕۆبۆتی بۆ دواوەی شـانۆ دەچێ و بزر دەبێ، تەنیا کـەسی تارمـایی دەمێنێتـەوە) خـەونم هەبوو سـوودم بۆ هەمـوو لایەک هەبێ، بێ گـومـان سـوودم بۆ خـۆشم هەبوو، دەمـویست ئەو سـوودە کـە بۆ خـۆم دەگـەڕایەوە، بـە پلەی یەکـەم لە ڕێگای سـوودگەیاندن بەوانی تر دابینی بکەم، بەڵام دەزانن مـرۆڤ کـە فـەرمـانبـەرێکی گـەورە بێ، زۆر بەرپرسیاری گەورەی لەسەر شانە، ئیتر کۆمەڵێک دەست لە خـوارەوە و سـەرەوە دادەبەزن، مـرۆڤ ئەگـەر وشـیـار نەبێ، هەمـوو شـتێک تێکەڵوپێکەڵ دەکـرێ، (وچانێک) هەمـوو شـتـێک تێکەڵوپێکەڵ دەکـرێ و سـەرەنجـام ڕاسـتیـودروسـتی تێکەڵ بە غەدر و خیـانەت و درۆ دەبێ، (وچانێک) بەڵام باش بوو لەم تێکەڵوپێکەڵ کـردنە من سـەرم لێ شـێـواو وەک تاوانبـارێک ناسـرام، دواجـار بە پێی خـــۆم چوومـــە زیندان، پـاشـــان بە دارە بـازە هاتمە دەرەوە، لەم پرۆسـەیەش کـە وەک ئەزمـوونێکی سـەیر بوو لە نێـوان ئـاسـمـان و زەوی دووچاری پاکـبـوونـەوە بووم، ئەوەتا دەبینی من کە تارمـایی لایەنی جوانی ئەو کەسـەم لەسـەر شـانۆ قسـەتان بۆ دەکـەم. (فـەرمـانبـەر بە هەمـان جوولّەی پێشوو دێتەوە سەر شانۆ و لە ناوەڕاستی شانۆ دەوەسـتێ و ڕووناکی لەسـەرە و هەمـان وردە جـوولّەی ڕۆبۆتی خۆی دەکا). ئێستا ڕێگا دەدەم ئەفسەر لوقمان بێتە ژوورەوە. (ئەفسەر لوقمان دێتە سەر شانۆ، لە لای چەپی فـەرمـانبـەر دەوەسـتێ و ڕووی لە بینەرانە، بە چەشنێک دەوەســتێ وەک ئەوەی بیـــەوێ هەڕەشـــە لە بینەران بکا)

کەسی تارمایی: بەڕێز ئەفسەر لوقمان پێمان بڵێ ئەم زاتە بۆ بە پێی خـــۆی چووە ناو زیندان، بۆ بە دارەبازە هاتە دەدرەوە؟!

ئەفسەر: ئینجا ئەمە چ پێوەندییەکی بە تۆوە هەیە؟

کەسی تارمایی: هەھ... هەھ....! چ پێوەندییەک!

ئەفسەر: بەڵێ!

کەسی تارمایی: ئینجا بڵێ چ پێوەندییەکی بە منەوە نییـە، پێم سەیرە قسـەی وا دەکەی، چونکە ئەو منم، من ئەوم!

ئەفسەر: قسەی قۆڕ و بێ مانا...!

کەسی تارمایی: هەڵبەت قسە....

ئەفسـەر: بەڵێ بەڵێ، ئەمانە هەمووی قسـەی قـۆڕن. هیچ پێوەندییەکی بە تۆوە نییە و تۆ مافی ئەوەت نییە لە بارەی ئەم فەرمانبەرەوە قسە بکەی.

کەسی تارمایی: سـەیری فـەرمـانبـەر دەکا، فـەرمـانبـەر پێـدەکـەنێ، دڵانەکـانی زۆر بە جـوانی دەردەکـەون، لە هەمـــان کـاتدا شـانەکـانی لەگـەڵ پێکەنین بەرز و نزم دەکـاتەوە، دەیەوێ سـەرنجی ئەوە بگەیەنێ کـە هەمـووی کۆمێدیا و بێهوودەییە). ڕاستە قسەی قۆڕ و بێ مانان، ئەی باشە پێم بڵێ ئەفسـەری بەڕێز قسـەکانی ئێوە جوانن کە دەڵێن پێوەندی بە ئێمەوە نییە، ئەی من، ئەم بینەرانە لێرە چین.

ئەفسـەر: بینەران هاتوون گـوێ لە چیـرۆک گێـڕانەوە بگرن و ماوەیەکی خۆش بەسەر بەرن و تەواو.

کـەسی تارمـایی: ئەی خـۆ نەهاتوون دەمـوچاوی تۆ ببینن!

ئەفسەر: ئینجا دەم و چاوی من چ عەیبییەتی!

کـەسی تارمـایی: عـــەیبی زۆرە، ئەوە نیـــیـــە شت دەشـــارێتـــەوە، ناتەوێ کـــەس چیـــرۆکی ئەم ڕووداوە تراژیدییە بزانن.

ئەفسەر: ئینجا خۆ ئێمە ئێستا لەسەر شانۆین.

کەسی تارمـایی: ئەی باشە شـانۆ شـوێنی گێـڕانەوەی چیرۆک و کارەسات نییە؟

ئەفسەر: بێ گومان چیرۆکی خەیاڵی نەک واقیعی.

کەسی تارمایی: ئینجا کێ دەتوانێ جیاوازی لە نێوان ئەم دووە بکا، خەیاڵ یانی چی، واقیع یانی چی، واقیع بۆ خـۆی خـەیاڵە و خـەیاڵیش واقـیـع، ئەمـە چ بەزمـێکە جـــەنابتـــان دەتانەوێ چیـــرۆکی ســـەرەکی بزر بکەن (وچانێک) ئێستا پێمان بڵێ بەڕێز ئەفسەر لوقمان، ئەم زاتە کـە دەیبـینی تا دوێنێ فـەرمـانبـەرێکی بەرز بوو، لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەک، بۆ چەند ڕۆژێک لێبـان کردە هەڵڵا و بەزم و ڕەزمێک ئەوسـەری دیار نەبێ، سـەرەنجام بە پێـــیـــەکـــانی خـــۆی چووە زیندان و بە دارەبازە هاتە دەرەوە، (وچانێک) تکایە پێمان بڵێ چۆن دەبێ یەکێک بە پێی خۆی بچێتە زیندان بە دارەبازە بێتە دەرەوە!

ئەفـــســـەر: ئـینجـــا بـۆ لە مـن دەپرسی، بـۆ نـاچی لە ڕۆژنامـەنووسـان بپـرسی، ئەوان هەمـوو چیـرۆکـەکـەیان لەلایە.

کەسی تارمایی: ڕۆژنامەنووس؟!

ئەفسەر: بەڵێ ڕۆژنامەنووسەکان و ڕۆژنامەکانیان!

کەسی تارمایی: ئینجا خۆ ئەوان بەرپرسی ولآت نین؟

ئەفسەر: ئینجا ئەمە قسەیە تۆ دەیکەی! هەر ئەمرۆ نووسەرە پۆست مۆدێرنەکان لەگەڵ ئەوەدان ڕۆژنامەنووسەکان ولآت بەڕێوە دەبەن، ئینجا ئێمە تەنیا لایەنی جێبەجێکردنین، بڕیار و وردەکاری لە ناو ڕۆژنامەکانە، لای ڕۆژنامەنووسانە!

کەسی تارمایی: تۆ ئەمە لە کوێ دەزانی کە ڕۆژنامەش ناخوێنیتەوە.

ئەفسەر: منیش گوێم لێ بووە، هەندێ جاریش ڕۆژنامە دەخوێنمەوە، بەڵام نازانم پۆست مۆدێرن یانی چی؟

کەسی تارمایی: بە خوا منیش نازانم مەبەست لەمە چییە؟

ئەفسەر: مەبەست لەمە وابزانم هەر وەک وەڵامی ئەو پرسیارە وایە کە دەمێکە منی پێ هەراسان دەکەی.

کەسی تارمایی: ئا، مەبەستت لەوەیە فەرمانبەرەکە بە پێی خۆی چووە زیندان لەبەر چاوی بینەران بە دارەبازە هاتە دەرەوە!

ئەفسەر: ئینجا شتێکی هەروا...!

کەسی تارمایی: بێ گومان مەبەستتان هەر ئەو وەڵامەیە، بەڵام ئێستا وەڵامی ئەم پرسیارە تێکەڵوپێکەڵ بووە، شێوەی هەتا هەتایی وەرگرتووە، وەک هاتوچوونی مانگ لە شەوانی سایەقە و تۆف و باران.

ئەفسەر: تۆ شتی سەیر دەڵێی، باسی چی دەکەی؟

کەسی تارمایی: هەهـ... باس لەوە دەکەم بۆ ئەم فەرمانبەرە گەورەیە لەبەر چاوی بینەران (خەڵک) بە دوو پێ و دوو چاو و بەژن و بالآیەکی ڕێک و پۆشتە و پەرداخ چووە زیندان، کەچی بە دارەبازە هاتە دەرەوە.

ئەفسەر: ئینجا بۆ ناچی ئەم پرسیارە ئاراستەی بەرپرسی بالآتر بکەی، بۆ لە یەکێکی وەک منی دەکەی کە نازانم ڕوخساری ئەم فەرمانبەرە چۆنیشە!

کەسی تارمایی: ها... ها... ها... (قاقا پێدەکەنێ) کەسی هەرە بالآ، ئینجا ئەمە چ پێوەندی بەوانەوە هەیە!؟

ئەفسەر: ها... ها... ها... (قاقا پێدەکەنێ) نەخێر هیچ پێوەندی بەوانەوە نییە.

کەسی تارمایی: شانۆگەرییەک بوو، شانۆگەرییەکی یەک پەردەیی، ئەفسانە بوو، داستان بوو، بۆ سەرگەرمی خەڵکی شار دروست کرا، وەک مەتەڵێک نهێنییەکانی هەڵبێنن، هەڵبەت بۆ لە بیربردنەوەی ئازارەکانی ژیانی سەختی سەردەم...!(فەرمانبەری پۆشتە و پەرداخ بە جوولەی ڕۆبۆتی لە نێوان کەسی تارمایی و ئەفسەر دێ و دەچێ، هەنگاوەکانی درێژتر دەکاتەوە، دەنگی ئاوازێک دێ زیاتر هەستی تراژیدی لە لای بینەران دروست دەکا. کەسی تارمایی و ئەفسەر لەسەر شانۆ بە ناڕێکی لە دەوری فەرمانبەر دەسوڕێنەوە، پاشان ژنی فەرمانبەریش دێتە سەر شانۆ، پاشان منداڵێکیش لە دوای ژنەکە دێتە سەر شانۆ، فەرمانبەر بە جوولەی ڕۆبۆتی درێژە بە گەڕانی خۆی دەدا، ئەمانیش هەر یەکەی بە جۆرێک، پاشان لە دوو لای شانۆ، دوو کەس دێنە ژوورەوە، دەرگایەکی زیندانیان هەڵگرتووە، ئەم دەرگایە درێژییەکەی دوو مەترە و پانییەکەشی دوو مەتر، لە ناوەڕاستی شانۆ دایدەنێن، دوو کەسەکە کە جلوبەرگی ڕەشیان لەبەرە و ماسکیان لە دەم و چاوە، لە پشت دەرگایەکە دەوەستن، فەرمانبەر وردە وردە بە جوولەی ڕۆبۆتی دێتە پێش دەرگایەکە دەوەستێ و ڕووی لە بینەرانە، ئەفسەرەکە دەچێ بۆینباغەکە لە ملی فەرمانبەرەکە دەکاتەوە و دەیداتە دەست دوو کەسەکەی پشت دەرگای زیندان).

کەسی تارمایی: (ڕووی لە بینەرانە و لە پێشەوەی شانۆ زۆر نزیک بووەتەوە) سەیرکەن بەڕێزان ئێستا چیرۆکی ڕاستەقینەی ئەو فەرمانبەرە بزێوەتان بۆ دەگێڕمەوە، سەیرکەن، تکایە بە هیچ کەسێک باوەڕ مەکەن، بەڵام لە بیر نەکەن تکایە ئەمە درامایەکە کە لایەنی خەیاڵی تێدا زۆر بە هێزە، ئیتر خەیاڵ هەموو شتێکە. (دەنگی ئاوازێکی تراژیدی دێ، لەم کاتەدا دوو کەسەکەی پشت دەرگای زیندان بۆینباغەکە لە ملی فەرمانبەر دەکەن و بە هەموو هێزی خۆیان بۆ دواوە ڕایدەکێشن، بێ گومان ئەوان دیمەنی خنکاندن نمایش دەکەن، بەڵام ئەم نمایشە هەر دەبێ بەم چەشنە بێ و بواری شێوازێکی تر نییە، بە پێچەوانەوە خەیاڵی دراماکە هیچ نرخ و بەهایەکی جوانی و لۆژیکی نامێنێ. فەرمانبەر جوولەی نامێنێ.) چیرۆکەکە بەم جۆرە بوو، فەرمانبەر بە پێی خۆی چووە زیندان، بە دارەبازە هاتە دەرەوە!

ئەفسەر: من بە هیچ شێوەیەک باوەڕ ناکەم، ئەمە چیرۆکە و شانۆگەرییەکە خۆت داتهێناوە، هەتا لە خۆی نەپرسن، کەس هەقیقەت نازانێ. دەبێ دەرهێنەرێکی باشتر لە ئێوە ئەم شانۆگەرییە دەربێنی.

کەسی تارمایی: بێ گومان ئەمە ڕاستە! (دوو پیاوەکە و ژن و منداڵەکە فەرمانبەر هەڵدەگرن و دەیبەنە دەرەوە. ئاوازە تراژیدییەکە درێژەی هەیە.)

(تاریکی).

شەهرام حەمید زادە:
ئەوەی تا ئێستا لەبارەی شایی کوردی نووسراوە، نووسەرەکانی بیانی بوون.. هەر هەڵپەڕکێیەکیش مێژوو و فەلسەفەیەکی لە پشتە

سازدانی: شەریف فەلاح

شەهرام حەمیدزادە، گەنجێکی بەبیروباوەڕ، خەباتکارێکی شێلگیر و هونەرمەندێکی دەروەستە، هەر لە تەمەنی مێرمنداڵییەوە لە دەقەری ورمێ و لەناو کۆڕ و شایی و داوەتی گوندەکانی دەوروبەری ورمێ بە هەوا و نەزمەکانی هەڵپەڕکێی کوردی ئاشنایەتی پەیدا کردووە و زۆر بە ئۆگری و عەشقەوە پەرەی پێداوە و زۆر بە جوانی ناسیونی و لە فەلسەفە و پێکهاتەی زۆربەی نەزمە هەڵپەڕکێیەکانی ناوچەی کرمانج نشین زۆر بە باشی شارەزایە و لە چۆپی کێشان و ڕاهێنانی تیپ و گرووپی هەڵپەڕکێدا کەسێکی لێهاتوو و پێداگرە.

شەهرام جیا لە هونەری هەڵپەڕکێ، وەرزشوانێکی جدییە و لەم بوارەشدا ئەزموونی باشی هەیە. هاوکات لە مەیدانی خەباتی کوردایەتی و بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورددا کەسێکی دەروەست و نیشتمانپەروەرە و بە هاوسەنگی سازکردن لە نێوان پاراستنی هونەر و کولتووری ڕەسەن و خەباتی سیاسی لەپێناو دەستەبەربوونی مافە نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆتە کەسێکی جێکەوتوو و سەرقاڵی خزمەتە.

* سەرەتا خۆت بە خوێنەران بناسێنە و بڵێ لە چ کاتێکەوە و چۆن بوو تێکەڵ بە دنیای هونەری هەڵپەڕکێی کوردی بوویت؟

– من شەهرام حەمیدزادە خەڵکی شاری سەلماس لە باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەدایک بووی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی (١٩٨٠ز) و ماوەیەک وەک ڕاهێنەر لە خزمەتی گرووپی هەڵپەڕکێی ڕۆژهەڵاتدا بووم.

منیش وەک هەموو کوردێک کە لە کوردستان دەژین، هەر لە منداڵییەوە چاوم بەو هونەرە ڕەسەنە کەوتووە. ئەوەی ڕاستی بێ من لە تەمەنی ١٢ساڵییەوە بەشداری ئەو هونەرە بووم و لەو ناوچەیەی کە من تێیدا ژیاوم، بەڵام ئەوەی بە شێوەیەکی گرووپی بێ، یان لە قاڵبی گرووپێکدا بێت، دوای هاتنم بۆ ناو ڕیزەکانی خەباتی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر دریژەم بەو هونەرە داوە و لەژێر نێوی گرووپی (شەڤا یەڵدا) کە مێژووی ئەو گرووپە بۆ ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی (١٩٩٩ز) دەگەڕێتەوە.

* هەروەک دەزانین هەڵپەڕکێ هێما و سیمبۆلێکە لە خەبات و بەرخودان و شارستانیەتی کورد لە ڕابردوودا، پێناسەی تۆ بۆ هەڵپەڕکێ چییە؟

– پێش ئەوەی بچمە سەر وەڵامی پرسیارەکە ئەوەی پێی دەڵێی (هەڵپەڕکێ) لە پێناسەی منداً "چۆپی"یە دەلیلی خۆم هەیە بۆ ئەو ڕاستییە کە ناوی ئەو هونەرە کوردییە چۆپییە.

چۆپی کۆنترین ناوی ئەو هونەرە جوان و ڕەسەنەی کوردە.

بە خۆشییەوە زمانی کوردی ئەوندە دەوڵەمەندە هەر پارچەیەک، یان هەر ناوچەیەکی کوردستان بە جۆرێک ئەو هونەرە ناو دەبەن، بۆ نموونە لە ناوچەکانی کرمانجی سەروو، یان ئەو ناوچانەی کە کرمانجی تێدا دەژین، بەو هونەرە دەڵێن "داوەت، گۆڤەند، دیلان و شاهی"، بەڵام لە ناوچەکانی کرمانجی خواروو، یان ناوچەکانی سۆران نشین بەو هونەرە دەڵێن: زەماوەند، هەڵپەڕکێ، شایی، ڕەشبەڵەک"، زۆر بە کەمی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان چۆپیش دەگوترێ، ئەوەی کە چۆپی زۆر بە کەمی دەگوترێ هۆیەکەی ئەوەیە کە ئەو ناوە زۆر کۆنە لەبەر ئەوەیە کە ئێستا زۆر بە کەمی بەکار دەبرێت، یان هەر بەکار نابرێت.

ئێستا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو دەسماڵە دەڵێن چۆپی کە سەرچۆپی ڕایدەوەشێنێت، ئەگەر چەند کەسێک، یان کۆمەڵێک خەڵک کۆبوونەوە شاییان کرد، یان خۆشییەک، یان بەو هونەرە ویستیان مێژوویەک نیشان بدەن من پێی دەڵێم چۆپی، لەبەر ئەوەی کە لە هەموو کوردستاندا ئەو کەسەی کە دەسماڵ ڕادەوەشێنێت لە سەرەوەی هەموویانە و پێی دەڵێن سەرچۆپی کە وابوو ئەو کەسانەی لە خوارەوەی ئەو کەسەوەن چۆپین.

هەر ئێستاش لە هەموو ناوچەکانی بادین نیشیندا بەو کەسەی کە لە ئاخری هەموویانەوەیە، پێی دەڵێن بنچۆپی. ئەوە پێناسەی من بوو لەمەڕ ئەو هونەرە جوان و

ڕەسەنەی کورد کە هیوادارم توانیبێتم پێناسەیەکی کورتم لەسەر ناوی ئەو هونەرە ڕەسەنەی کورد بە خوێنەران دابێ.

سەبارەت بە پرسیارەکەت، هەر وەکو هەموومان دەزانین فەرهەنگ فاکتەرێکی هەرە سەرەکییە بۆ ناساندنی هەر نەتەوەیەک. بەخۆشییەوە گەلی کوردیش خاوەنی فەرهەنگێکی هەرە دەوڵەمەندە لە جیهاندا، دەتوانم بە بەپرسیارێتییەوە بڵێم دوای شۆڕشەکانی گەلی کورد، فەرهەنگی گەلی کورد دووەم هۆکار بووە بۆ لەناو نەچوونی نەتەوەی کورد کە نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، هەربۆیە هونەری چۆپی بەشێکی گرینگە لەو فەرهەنگە و دەبێ بڵێم هونەری چۆپی کوردی لە جیهان لە جۆری خۆیدا لە ڕیزی یەکەمدایە.

بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە دەتوانین ئاماژە بە گرووپی کاوە بە ڕاهێنانی کاک عەلی زەهیرنیا لە شاری سنە بکەین کە سەرچاوە و یەکەم هەنگاوی بووژانەوەی هەڵپەڕکێی کوردی بووە لە قاڵبی گرووپدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاشان چەندین گرووپی دیکە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزران و نوێنەرانی چەندین گرووپی ئەوکاتی شاری سنە لە فیستیڤاڵی چۆپی نێونەتەوەیی کە لە وڵاتانی بلاڕووس و یۆنان بەڕێوە چوو، بەشدار بوون و توانیان پلەی یەکەم بەدەست بهێنن و بووە هۆی سەرسوڕمانی بیروڕای گشتی جیهان.

بەداخەوە هەرچەندە هەتا ئێستا هیچ لایەنەک بە گوێرەی پێویست پەرەی بە لایەنی تیوریی ئەو هونەرە ڕەسەنەی کورد نەداوە، تەنیا بە شێوەی پراکتیک پەرەی پێدراوە، هەتا ئەو سااڵنەی دوایی کە هەندێک نشتیمانپەروەر لە شاری سنە خەریکی کۆکردنەوەی بابەتن لەسەر ئەو هونەرە ڕەسەن و جوانەی کورد، ئەوەی کە هەتا ئێستا لەسەر چۆپی کوردی نووسراوە، نووسەرەکانی بیانی بوونە.

* تۆ زیاتر شارەزای چۆپی (هەڵپەڕکێ) بادینی و نەزمەکانی باکووری کوردستانی ئێرانیت، تۆ بۆ خۆت شارەزای چەند نەزمی چۆپیت و بەپێی ئیمکان چەند دانە لەو نەزمانە شی بکەرەوە و فەلسەفەکەیان باس بکە؟

- لە ڕاستیدا من ناتوانم بڵێم شارەزایی تەواوم بەسەر هونەری ئەو ناوچەیەدا هەیە، بۆ نموونە ئەگەر بێتو هونەری ئەو ناوچەیە دەفتەرێکی سەد بەرگی بێت من دێرێکم لەو دەفتەرە.

من وەک خۆم شارەزاییم لە ٢١ نەزمی چۆپی ئەو ناوچەیەدا هەیە، کە بریتین لە.

١-مەلانێ ٢-لێ گدیێ ٣-ساریێ ٤-زراویکێ ٥-عەرەبان ٦-شەخسێنە ٧-مۆمەر ٨-مۆمری ژنان ٩-باواسۆ ١٠-باواسۆ ژنان ١١-شەنگە ١٢-جاندرمە ١٣-تۆیلەمەس ١٤-یارسەنەم ١٥-ناریێ ١٦-یارپێدا ١٧-قەمبەریەمانێ ١٨-ئەکمەلی ١٩-ئەکمەلی سووک ٢٠-لێ دیۆ ٢١-هۆمدی.

ئەو نەزمانە بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن، بەشی سادە و بەشی شێخانی.

فەلسەفەی چۆپییە سادەکان ئەو چۆپییانەن کە باسی عیشق و ئەوین و مەسەلە کۆمەاڵیەتییەکان دەکەن، بەاڵم فەلسەفەی چۆپییەکانی شێخانی باسی حیماسە و ڕۆژی تەنگانە دەکەن، لێرەدا فەلسەفەی هەندێک لەو چۆپییانە بۆ خوێنەران باس دەکەین.

مەبەست لە ملانێ ئەوەیە کە دەست لەناو دەستی یەکتر و شانبەشانی یەکترن، بەاڵم مەبەست لە قلیچکێ ئەوەیە قامکی چووکە لەناو قامکی یەکتر قفڵ دەکەن.

چۆپییە سادەکان پێکهاتوون لە دوو بەش.

أ) ملانێ.

ب) قلیچکێ.

چۆپییەکانی ملانێ بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ملانێ:

٢- شەخسێنە:

٣- ساریێ: ئەم چۆپییە کە بۆ لای ڕاستەوە دەڕوات سێ جاران پاژنەی خۆی لە عەرز دەدات، پاشان ڕوو بە پشتی یەکتر بۆ لای ڕاستەوە دەڕۆن. (موزیکی ئەم چۆپییە خاوە).

شایی کوردی جیا لە بەزمەکەی، ڕەمزێکیشی بەدواوەیە، ئەو ڕەمزەش نیشاندانی یەکگرتوویی و تەبایییە

فەلسەفەی ئەم چۆپییە ئەوەیە کە ژنێکی نوێژکەر لە هەمان کاتدا خەوگران لە یەکێک لە ناوچەکاندا هەبووە کە مێردەکەی بە پاژنەی خۆی لە خەوی هەستاندووە بۆ نوێژ کە لە گۆرانییەکەیدا باسی ئەو فەلسەفەیە دەکات و دەڵێ:

(ساریێ ڕابە سبەیە وەختی نوێژا تەیە نوێژ تەرا فایدەیە)

٤- هۆمدی: ئەم چۆپییە کە بۆ لای ڕاستەوە دەڕوا بەسەر لاقی چەپدا جارێک خۆی دەشکێنێ و لاقی ڕاست بە عەرزدا دەکوتێ و دوو هەنگاو دەچن بۆ لای ڕاستەوە. (موزیکی ئەو چۆپییە زۆر شادە).

فەلسەفەی ئەم چۆپییە کوڕە لادێیەک ئاشقی کچی ئاغا دەبێت، کاتی بەدزییەوە قسەکردنی کچە و کوڕە نۆکەری ئاغا دەیانبینێ لاق بە عەرزدا دەکوتێ و بەسەر شانی ڕاستی خۆیدا هەڵدێت و دەچێت بە ئاغا دەڵێ، کاتێک ئاغا لێی دەپرسێ چی دیتووە؟ لە کوێی دیتووە؟ بە گۆرانییەک بە ئاغای دەڵێت **(هامدیت هامدیت بانا، بانی بانی سرێ)**

چۆپییەکانی قلیچکێش ئەمانەن.

١- جەلەبە: ئەم چۆپییەش قامکە بچووکەکان لە یەکتر

قفڵ دەکەن و دەستەکان و لاقی ڕاست دوو جار دەکوتن بۆ لای ڕاست و دەڕۆن. (موزیکی ئەم چۆپییە نەختێک خاوە).

فەلسەفەی ئەم چۆپییە ئەوەیە کە کابرایەک، یان باشترە بڵێین ئاغایەک مەڕومااڵتی زۆری هەبووە کە شوانی زۆر هەبوون، کاتی لێک جیاکردنەوەی ئەو مەڕومااڵتە قامکی یەکتریان گرتوون و لاقیان بە عەرزدا کوتاوە تا لێک جیا ببنەوە، یان تێکەڵ نەبنەوە کاتێک ئاغا لە شوانەکانی خۆی دەپرسێ کە ئەوڕۆ چۆنتان ئاژەڵەکان لەوەڕاندووە، ئەو وەاڵمەی کە شوانەکان دەیدەنەوە بە ئاغا، ئێستا بە گۆرانی دەگوترێ کە ئەوەی یەکەم دەڵێ **(جەلەبی پەز و بزنا من چێراند ناو تەرازنا)** شوانەکەی دیکە دەڵێ **(جەلەبێ کاور و گیسکا من چێراند ناو وان نیسکا)**

۲- یارسەنەم: ئەم چۆپییەش قامکە بچووکەکان لە یەکتر قفڵ دەکەن بۆ هەر چوار لایان سێ هەنگاوان دەڕۆن کە بۆ پێشێ دێن سێ جار الق بە عەرزدا دەکوتن. (موزیکی ئەم چۆپییەش زۆر شادە).

فەلسەفەی ئەم چۆپییە ئەوەیە کە گوندێک هەیە بەنێوی "گێدووک" کە کاتی خۆی چوونەتە ئەو گوندە بووک بێنن لە کاتی گەڕانەوەدا بۆتە باوبەفر و بۆران و ڕێگایان لێ ون بووە، بۆ هەر چوار لای خۆیاندا چوونە دەر نەکەوتنە، لە ئاکامدا زۆر کەس مردوون و لە ناویاندا بووکەکەش هەبووە کە دوایی زاوا دەڵێ.

یارسەنەم یارسەنەم، یارسەنەم
بووکێ خودا خرا بێکە ڕێکا گێدووکێ
نە ئەز بوومە زاوا نە تە بووکێ).

۳- کەلەشۆ:

٤- تۆپلەمەس:

چۆپییەکانی شێخانیش بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن کە بریتین لە:

أ) ملانێ

ب) قلیچکێ

چۆپییەکانی ملانێ شێخانی ئەمانەی خوارەوەن:

۱- ناڕێ:

۲- یارێدا: ئەم چۆپییەش بۆ لای ڕاستەوە دەڕوات و سێ هەنگاو بۆ لای ڕاستەوە دەڕۆن، هەنگاوێک دەڕۆنە دواوە، پاشان دوو جار دێنەوە بۆ ناوەوە و لاقی ڕاست بە عەرزدا دەکوتن، لاقی چەپ بەرز دەکەنەوە، ئەو جوواڵنەیە دوو جاران دووپات دەبێتەوە.

فەلسەفەی ئەم چۆپییەش ئەوەیە کاتێک نەیارانی کورد لێی دەدەن و پیاوێکی کورد دەکوژن، کوڕەکەی بە ناوی "تەمر" تۆاڵنەی بابی خۆی دەستێنێ و دوو کەس لە نەیارانی کورد دێن بۆ گرتنی تەمر و وەدوای دەکەون و دایکی تەمر هەاڵدێ و بە دواياندا هاوار دەکا. فەلسەفەی ئەم چۆپییە لەسەر هاوار و هەاڵتنی ئەو دایکە دامەزراوە، کاتێک هاوار دەکات دەڵێ:

یار پێدا، یار پێدا
تەمر نەکوژن بێ ڕێیا خودێدا

۳- قەمبەریەمانێ

٤- جاندرمە

٥- ئەکمەلی

٦- ئەکمەلییسووک

۷- لی دێۆ

چۆپییەکانی شێخانی قلیچکێ بریتین لە:

۱- عەرەبان: ئەم چۆپییەش بۆ لای ڕاستەوە سێ هەنگاو دەڕۆن و دوو هەنگاو بۆ لای چەپ دەگەڕێنەوە. (موزیکی ئەم چۆپییەش زۆر زۆر خاوە).

فەلسەفەی ئەم چۆپییە ئەوەیە، هەروەک هەموان دەزانین ئێمە وەک گەلی کورد ئایینمان زەردەشتی بووە، کاتی شەڕی نێوان کورد و عەرەبەکان، کوردەکان لە یەکێک لە شەڕەکاندا سەرکەوتنێکی مەزنیان بەدەست

هێناوە، ئەم چۆپییەش لەوێوە دانراوە، کاتێک سێ هەنگاو دەڕۆنە پێش و هێرش دەبەنە سەر دوژمن و سەریان بەرزە و دەڕۆن و کاتێک دوو هەنگاو دەگەڕێنەوە دواوە خۆیان خوار دەکەنەوە هەتا دوژمن نەیانبینێ. گۆرانییەکەشی ئەمەیە:

عەرەبان قڕکەن قڕکەن
خوونا وان نەیارا فڕکەن فڕکەن

٢- مۆمر
٣- مۆمری ژنان
٤- باواسۆ
٥- باواسۆ ژنان

٦- شەنگە: ئەم چۆپییەش بەلای چەپدا دەڕوات و لێی دەدات و لاقی چەپ دوو جار بەسەر لاقی ڕاستدا دەبەن و دوو هەنگاو بەرەو پێشەوە دەڕۆن، پاشان هەنگاوێک دەگەڕێنەوە بۆ دواوە و دوو جار بەسەر لاقی ڕاستدا دەچەمێنەوە.

(موزیکی ئەم چۆپییەش زۆر زۆر خاوە).

ئەم چۆپییە لەسەر بنەمای کوشتنی کابرایەکی گەورە دانراوە، فەلسەفەکەی بەم جۆرەیە کە کاتی خۆی کابرایەکی دەسەلاتدار هەبووە و هەیبەت و کەسایەتییەکی مەزنی بووە و لە کەس نەترساوە، وەزیرێکی سەرەڕۆی هەبووە و ڕۆژێک لێیداوە و میری ناوچەیەکی کوشتووە، خوارزاکەی پێی دەڵێت:

یار هەری شەنگە کوشتنا میر لە عەشیر و دەوڵەتا دەنگە

ئەم چۆپییە کاتی خۆی لەسەر قەبری ئەو میرە ئەنجام دراوە.

* بەڕای تۆ بۆچی لەناو هەڵپەڕکێی کوردیدا چۆپی تاکەکەسی نییە و کەس بە تەنێ دیلان ناکات، فەلسەفەی بەکۆمەڵی دیلانی کوردی چی دەگەیەنێت؟

- یەک لە هۆیەکانی پێشکەوتن و بەناوبانگ بوونی چۆپیی کوردی لە جیهاندا ئەوەیە کە چۆپیی کوردی بە کۆمەڵە، نەک تاکەکەسی، لە ڕاستیدا لە جیهاندا ئەم جۆرە چۆپی کردنە کەم وێنەیە.

هەندێک وڵات هەن کە چۆپیی بەکۆمەڵ دەکەن و ئەو وڵاتانە ئەو جۆرە چۆپییانە تەنێ بۆ بەزمی خۆیان دەکەن، بەڵام چۆپیی کوردی جیا لە بەزمەکەی، ڕەمزێکیشی بەدواوەیە، ئەو ڕەمزەش نیشاندانی یەکگرتوویی و تەباییە، یەکگرتن بە مەبەستی بە یەک دەستی و یەک دڵی و ڕاوەستان بەرانبەر بە هەر دوژمن و نەیارێک.

* هەروەک دەزانن هەموو نەزمێکی هەڵپەڕکێی کوردی، مێژوو و ڕووداوێکی لە پشتەوەیە و فەلسەفەکەی دیارە، تۆ پێت وایە هونەری هەڵپەڕکێ دەکرێ وەک هونەرەکانی دیکەی ئێستا دابهێنرێ و ئاڵوگۆڕ و تازەگەریی تێدا بکرێت؟

- من لەگەڵ جوانکردنی هەموو هونەرێکدام، بەتایبەت هونەری چۆپی کوردی کە جوانکاری پێویستە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەیدا نیم کە هەر کەسێک بە کەیفی خۆی بەناوی داهێنان و نوێخوازییەوە بیەوێ چۆپی تازە دابهێنێ، هونەری چۆپی کوردی کراس نییە کە من بە سەلیقەی خۆم بیکڕم و لەبەری بکەم و تۆش بە کەیفی خۆت، هەروەک باست کرد هەموو چۆپییەکی کوردی مێژوو و فەلسەفەیەکی لە پشتە، کە وابوو هیچ کەسێک ناتوانێت چۆپییەکی تازە لەخۆڕا دابهێنێ ئەو کەسانەی ئەو کارە دەکەن من پێم وایە دەبێتە هۆی لەناو بردنی مێژووی هونەری چۆپی کوردی، نەک تەنیا گەشەی پێ نادات، بەڵکو ئەو هونەرە جوان و ڕەسەنەی نەتەوەی کورد بەلاڕێدا دەبات و خەوشداری دەکات.

لەگەڵ ئەوەدا نیم هەر کەسێک بە ئارەزووی خۆی بە ناوی داهێنان و نوێخوازییەوە بیەوێ هەڵپەڕکێی تازە دابهێنێ

هەر وەک پێشتر باسم کرد دەتوانین جوانکاری لە چۆپی کوردیدا پێک بهێنین، هەروەک دەبینێ یەک هاتووە بۆ نموونە ئێستا موزیکی پێشکەتوو هاتۆتە نێو هونەری جوانی چۆپی کوردییەوە، هەروەک هەموومان دەزانین لە هەموو ناوچەکانی کوردستاندا پێشتر بە چەپڵە و گۆرانی دووقۆڵی گورانییژ بە دوای یەکدا شاییان بەڕێوە دەبرد، بەڵام دەبێ جوانکاری و داهێنان لەسەر بنەما و ڕوحی نەزمە ڕەسەنەکان بێت و بپارێزرێن.

* خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانی چۆپی هەڵپەڕکێی کرمانجی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات لە چیدا دەبینی؟

- خاڵە هاوبەشەکانی چۆپی کوردی زۆرن، نەک تەنیا لە باکوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانن، بەڵکو لە هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستانیش ئەو خاڵە هاوبەشانە بەرچاو دەکەون.

خاڵە هاوبەشەکانی چۆپی کوردی لە هەموو پارچە و

ناوچەکانی کوردستان زۆرن، بەڵام خاڵە هەرە سەرەکییەکان بریتین لە:

١- لە هەموو ناوچەکانی کوردستان چۆپی بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچێت.

٢- لە هەموو پارچە و ناوچەکانی کوردستان، ئەو کەسەی کە یەکەم کەسە، یان لە سەرەوەی هەمووانە پێی دەڵێن سەرچۆپێکێش.

جیاوازی نێوان چۆپییەکانی بادینی و سۆرانی سێ شتی سەرەکین، **یەکەمیان:** چۆپییەکانی سۆرانی ٩٥٪ یان بە ئاهەنگی شاد بەڕێوە دەچن، بەڵام چۆپییەکانی بادینی خاو، یان لەسەرەخۆیان هەیە کە زیاتر ڕەنگی ڕەمزیان پێوە دیارە.

دووەمیان: ئەوەیە لە شاییەکانی سۆرانیدا جوولەی دەست زۆر بە کەمی دەگۆڕێت، بەڵام لە چۆپی بادینیدا جوولەی دەست دەورێکی سەرەکی لە هونەری چۆپیدا دەبینێ و هەر چۆپییەک جوولەی دەستی تایبەت بە خۆی هەیە.

سێیەمیان: چۆپییەکانی بادینی هەم بۆ لای ڕاست و هەمیش بۆ لای چەپ دەڕۆن، بەڵام چۆپییەکانی سۆرانی تەنیا بە لای ڕاستەدا دەڕۆن.

* لە ڕوانگەی تۆوە فەلسەفەی سەرچۆپی چییە و دەبێ چۆن بێت و چ ڕۆڵ و دەورێکی لە دیلانی کوردیدا هەیە؟

- پرسیارەکەت سێ پرسیارە، بەڵام لە قاڵبی یەک پرسیار دایە.

بەشی یەکەم: لە ڕوانگەی منەوە سەرچۆپێکێش وەک ڕێبەری حزبێک، یان نەتەوەیەکە، دووەم: ئەگەر بێتو ئەو ڕێبەرە چاک ئەرکی ڕێبەرایەتی خۆی بەڕێوە نەبات، ئەوە ئەو حزبە سەرکەوتوو نابێت، سەرچۆپێکێشیش، ئەگەر چاک سەرچۆپییەکەی ئەو کەسانە بەڕێوە نەبات، ئەوە دەبێتە هۆی کوشتنی هونەری هەموو ئەو کەسانە کە لە دەستیدا هەڵدەپەڕن، بەشی سێیەم: سەرچۆپێکێش دەبێ پێش ئەوەی کە لە فیکری هونەرنمایی خۆیدا بێت، دەبێ لە فیکری هونەری ئەو گرووپە، یان ئەو کەسانەدا بێت کە لە دەستیدا هەڵدەپەڕن.

بەداخەوە ئێستا لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان و بەتایبەت ناوچەکانی سۆراننشین سەرچۆپێکێشان بۆتە کارێکی چاولێکەری، هەندێک کەس هەن لە شاییە گشتییەکاندا پێیان وایە، ئەگەر نەچنە سەرچۆپی لەوانی تر کەمترن، یان بچووکترن، بەڵام نازانن چۆن چۆنی سەرچۆپی بگرن و نازانن بە بەڕێوە بردنی ئەو هونەرە بە دەستی خۆی هەم خۆی بچووک دەکات و لە گشت خراپتر هەم ڕەسەنایەتی هونەر و کەلەپووری کوردی دەڕووخێنێ.

لە ناوچەکانی بادینیدا سەرچۆپی کەموکوڕی هەیە، بەڵام نەک بە شێوەی ناوچەکانی سۆرانی.

دەتوانم بڵێم بە خۆشییەوە ئەو ناوچەی کە من تێیدا گەورە بووم، ئێستاش ئەگەر کەسێک دەچێتە سەرچۆپی حەڤەن لە سەرچۆپی دەزانێ، بۆیە دەچێتە سەرچۆپی هەتا ماندوو نەبێت و بۆ خۆی دەسماڵ نەدا بە کەسێکی دیکە، کەس ناچێتە پێشێ و سەرچۆپی لێ وەرناگرێ، هیوادارم

لە هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش ئاوا سەرچۆپی بەڕێوە بچێ، هەتا زیاتر پەرە بەو هونەرە ڕەسەنە بدەین.

لە ڕاستیدا چەند بەرپرسایەتییەک لەسەر شانی سەرچۆپێکێش هەیە، پێم خۆشە باسیان بکەم کە بریتین لە:

أ) هەماهەنگ، یان ڕێکخستنی چۆپی، یان شایی لەگەڵ موزیکدا.

ب) سەرچۆپێکێش نابێ بێڵێ مەودا بکەوێتە نێوان چۆپیەکە.

ت) سەرچۆپێکێش دەبێ فیکری ئەوەی هەبێت کە هەموو مرۆڤێک، یان هەمووان وەک میرمندال و گەنج و پیرەمێرد و پیرەژن لە هەمووان گرینگتر بووک و زاوا لە شاییە گشتییەکاندا بەشدارن، کە وابوو دەبێ

سەرچۆپیکێتش جۆرێک سەرچۆپییەکە بکێشێ هەتا ئەو هەموو تۆپژانە ڕازی بکات تا ئەوانیش بتوانن لە ڕێگای سەرچۆپیکێشەکەیانەوە هونەرەکەی خۆیان بنوێنن، بۆیە ئاراستەی هونەری هەموویان و تەواوی شاییەکە لە دەستی سەرچۆپیکێشدایە.

س) هونەرنمایی خۆی لە کاتی بەڕێوەبردنی ئەو بەرپرسایەتییەدا ئەویش بۆخۆی دوو بەشە.

یەکەم: جموجوڵی جەستەیی و لەشولار بۆ جوان کردنی ئەو شاییە.

دووەم: دەسماڵ ڕاوەشاندنی خۆی لەگەڵ ئەو ئاهەنگە ڕێک بکات کە بۆ شاییەکە لێدەدرێ.

هەر سەرچۆپیکێشێک کە بیەوێ سەرچۆپی بکێشێ دەبێ ئەو چوار خاڵەی تێدا بێت، یان لانی کەم دەبێ ١٠٠٪ ئەو سێ خاڵەی کە سەرەتا باسمان کرد، تێیدا بێت.

ئەگەر کەسێک کە بچێتە سەرچۆپی، بەڵام ئەو خاڵانەی کە باسم کردن تێیدا نەبێت، بە بەرپرسایەتییەوە دەڵێم جیا لەوەی خۆی سووک دەکات، دەبێتە هۆی لاواز کردنی ئەو هونەرە ڕەسەن و جوانەی کورد.

* فەلسەفەی ڕەشبەڵەک لە چۆپی بادینیدا چییە؟

- ناوچەی بادینیش وەک هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان فەرهەنگی ڕەشبەڵەک، فەرهەنگێکی هەرە کۆنە و بەڕێوە دەچێت.

فەرهەنگی ڕەشبەڵەک دوو شتی سەرەکی دەگەیەنێ.

یەکەم: تێکەڵ بوونی دوو ڕەگەزی نێر و مێینە کە لە مێژووی کۆنی کوردەواریدا وەکو دیاردە و نەریتێکی جوانی کۆمەڵایەتی ماوەتەوە و لەگەڵ یەک جیاوازییان کەم بووە و بەشداری ژنان لە کار و پیشە جۆراوجۆرەکانی ژیان لە فەرهەنگی کوردیدا بۆ چاخەکانی کەونارا دەگەڕێتەوە.

دووەم: ڕۆڵی ژن لە چۆپی کوردیدا جوانییەکی بێ وێنە دەداتە چۆپی، هەر بۆیە گۆرانییەکی زۆر کۆنی کوردی بە زاراوەی کرمانجی سەروو هەیە کە دەڵێ **(خالی سەرێ کورکان ڕەوشێ داوەتا کچێکن)**.

هەر چەندە فەرهەنگی ڕەشبەڵەکی چۆپی کوردی زۆر پێش هاتنی ئایینی ئیسلام هەبووە، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان بۆ لەناوبردنی ئەو فەرهەنگە ڕەسەنە هەموو هەوڵی خۆیان داوە بۆ ئەوەی ئەو فەرهەنگە بسڕنەوە و جیاوازییەکانی نێوان ژن و پیاو پەرە پێ بدەن و کولتوورەکانی خۆیان بچەسپێنن. بەو بیانووەی کە لە ئایینی ئیسلامدا ڕەشبەڵەک حەرامە، بە خۆشییەوە گەلی کورد زۆر لەو دەوڵەتانە بە بڕوادارتر و ئاگاترە، هەر بۆیە گەلی کورد بە هەموو توانایییەک بەرانبەر بەو پڕوپاگەندە ژەهراوی و دژە فەرهەنگییەی داگیرکەران ڕاوەستاوە و پەرەی بە فەرهەنگی خۆی داوە و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە.

* گاوانی چ ڕۆڵ و دەورێکی لە هەڵپەڕکێی کوردیدا هەیە؟

- ئەوەی کە تۆ پێی دەڵێی، گاوانی من پێی دەڵێم "بنچۆپی" یان باشترە بڵێم لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی دەگۆترێ بنچۆپی، بەو هۆکارانەی کە لە وەڵامی پرسیاری دووەمدا ئاماژەم پێ کردوون سەبارەت بە سەرچۆپی و هەمیسان بە پێویستی نازانم جارێکی دیکە باسی بکەمەوە.

بەداخەوە لە فەرهەنگی ئێمەدا بە چاوێکی سووک لە بنچۆپی دەڕوانن، یان باشترە بڵێم بەو جۆرەی خەڵک حەزی لێیە بچێتە سەرچۆپی، ئاوا هۆگریی بنچۆپی نین، بە دوو هۆ یەکەم: لەبەر ئەو ناوەی کە بۆیان داناوە وەک ناوی گاوانی کە لە ڕاستیدا نازانم لەبەر چی ئەو ناوەیان لێناوە و چ فەلسەفەیەکی لە پێشتەوەیە.

دووەم: زۆر کەس پێیان وایە، ئەگەر لە بنچۆپیدا بن، ناتوانن بەو جۆرەی کە لە سەرچۆپیدان هونەری خۆیان نمایش بکەن، بەڵام لە هەڵەدان، لەبەر ئەوەی کەسی بنچۆپی ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییەی لەسەر شانە کە سەرچۆپی لەسەر شانیەتی، بەتایبەت لە چۆپییەکانی ناوچەی کرمانج زماندا لەبەر ئەوەی چۆپییەکانی بادینی بۆ هەر دوولا دەڕۆن هەم بەلای ڕاست و هەم بەلای چەپ، کە وایە بنچۆپیکێش هەم سەرچۆپیکێشە و هەم بنچۆپیکێشە.

لە چۆپی کوردیدا هەندێک هونەرنواندن لە نێوان سەرچۆپی و بنچۆپیدا هەن پێم باشە ئاماژەیان پێ بکەم وەک:

١- کاتێک سەرچۆپی دەسماڵەکەی ڕادەوەشێنێت، نابێ بنچۆپی دەسماڵ ڕابوەشێنێت و هەروەها کاتێک بنچۆپی دەسماڵ دەسووڕێنێ نابێ سەرچۆپی دەسماڵ بسووڕێنێت.

٢- کاتێک سەرچۆپی هەڵەیەک دەکات، دەبێ بنچۆپی ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە.

٣- جارێکی دیکەش دەیڵێم ئەو هونەرنواندنەی کە سەرچۆپی دەیکات، کەسی بنچۆپیش حەقیەتی ئەو هونەرنواندنانە ئەنجام بدات.

تەنگژەی شانۆ ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شانۆکارە

ئا: فەخرەدین تاهیر
(سوێد)

(١ - ٢)

بزاڤی شانۆی کوردی لە تاراوگە دامەزراندن و گەشەسەندنەکەی ئەوەندە کۆن نییە، لەو قۆناغەی کۆچی کوردان لە هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا بۆ تاراوگە، ئەو بزاڤە دەستی پێکردووە و لەم قۆناغەدا دەستەیەکی دیاری دەستەبژێری ڕۆشنبیر لە هونەرمەندانی کورد بەرەو تاراوگە کۆچیان کرد و دوای نیشتەجێ بوونیان لە ئەوروپا بەگشتی و هەندێکیشیان لە باکووری ئەوروپا (ولاتانی ئەسکەندەناڤیا) ڕوونتر بڵێین لە ولاتی سوێد مانەوە، هەوڵدان بۆ دامەزراندن و کاری هەرەوەزیانەی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا سەری هەڵدا... ئەو قۆناغە یەکەمین هەوڵ و دامەزراندنی گرووپی شانۆی کوردییە لە تاراوگەدا، قۆناغی دووەم لەدوای ساڵی ١٩٩١ وە دەست پێدەکات، لە دوای کۆڕەوە دوو ملیۆنییەکەی کوردانی باشوور دێت بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەندێک لە شانۆکارانی کوردیش بیریان لە خۆ دەرباز کردن و خۆ پێگەیاندن کردەوە، تا لە ئەوروپا بڕەو بە خۆیان و بە شانۆی کوردی لە تاراوگە بدەن.

هەر لەو گۆشەنیگایەوە دەستەبژێرێکی دیکەی شانۆکارانی کوردی بەئەزموون بە ژن و پیاوەوە ڕوویان لە ئەوروپا کرد، هێندەی نەبرد قۆناغی دووەمی شانۆی کوردی تاراوگە دەستی پێکرد لە ولاتانی وەک: ئەڵمانیا. نەمسا، بەریتانیا، هۆڵەندا، فەرەنسا و پێشتریش لە قۆناغی یەکەمیدا شانۆ تاڕادەیەک لە سوێد بە پچڕ پچڕی هەبووە، بۆ ئەو مەبەستە بە پێویستمان زانی مێزگردێکی هەمە لایەنە لەگەڵ شانۆکار و پسپۆڕی ئەو بوارە بسازێنین... بۆ کۆکردنەوەی ئەو شانۆکارانە لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیس بووک توانیمان پێوەندییەکان دروست بکەین و مێزگردەکەش سازدرا.

ئەو کەسانەی توانیمان پێوەندیان پێوە بکەین بریتی بوون لەم بەڕێزانە:

ئەنوەر قادر ڕەشید نووسەر و ڕەخنەگری شانۆ، برایم فەرشی نووسەر و شانۆکار، مەهدی جاف نووسەر و شانۆکار، فرمێسک مستەفا ئەکتەر و دەرهێنەر و مامۆستای شانۆ، هاوڕێ زەنگنە دەرهێنەر و پسپۆڕی شانۆ.

هەڵبەتە زۆر پسپۆڕ و دەرهێنەر و ئەکتەری دیکەی بەئەزموون لە ئەوروپا هەن، لەوانە چەند دانەیەکیان کار دەکەن و ئەوانی دیکەش دوور کەوتوونەتەوە و دەتوانین بێژین وازیان لە شانۆ هێناوە، مخابن نەمانتوانی پێوەندییان پێوە بکەین.

* دوای ڕاپەڕین لە کوردستان دوو بۆچوون لەبارەی شانۆی کوردییەوە لە ئارادایە، بۆچوونی یەکەم پێیان وایە گەلی کورد شانۆی نییە، ئەم بۆچوونە نەبۆتە ڕاوبۆچوونێکی گشتگیر، بەڵام بۆچوونی دووەمیان تا



ئەنوەر قادر ڕەشید

ڕادەیەکی زۆرتر لە نێـو هەندێک لە شـانۆکـاران و ئەو نووسـەرانەی گـرنگی بە شـانۆ دەدەن، دەڵێن: شـانۆی کوردی لە تەنگژەدایە، تەنگژەی پسپۆڕیی، دەق، بینەر و گـرنگی نەدانی لەلایەن دامـودەزگـا فـەرمـیـیـەکـانی فەرهەنگیی سەر بەحکوومەتی کوردستان، ئایا ئێوە لەو بارەیەوە ئەو ڕەوشە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ئەنوەر قـادر ڕەشـیـد (ئەڵمـانـیـا): دەبێ پێشـەکی ئەو پرسـیـارە بنەڕەتیـیـە لە خـۆمـان بکەین، ئایا شـانۆ وەک هونەرێکی بەربڵاوی مرۆڤایەتی، دەکرێ لای هەر نەتەوە و وڵاتێک لەوی تر جـیـاواز بێت؟ بێ گـومـان هەر نەتەوە و گەلێک تایبەتمەندیی و دیدی خۆی بۆ بەرجەستە کردن و ڕاڤە کردنی پرسیارە ئەزەلییەکانی فەلسەفە و خەسڵەتە تـایـبـەتـیـیـەکـانی مـرۆڤ هەیە، بۆیە دەکـرێ شـانۆ تایبەتمەندیی خۆی هەبێ وەک دید و بۆچوون، نەک لادان لە بنەمـاکـانی شـانۆی مـرۆڤـایەتی، بۆیە دەبێ ئەو تایبـەتمەندییـە بخـرێتـەوە قـاڵبی هونەری و دەربڕینی ئیستێتیکی لە سنووری دەربڕینە هونەرییەکەدا، ئەوەی جێی هەڵوەستە لەسەرکردنی ڕاستەقینەیە ئەوەیە کە شانۆ لە کـوردسـتـاندا وەک دیاردە و پێـداویسـتـیـیـەکی کـۆمـەڵایەتی سـەری هەڵنەداوە، بەڵکو وەک لاسـایی کردنەوەیەکی هونەری لە لایەن قـوتابیـانەوە لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەوە لە بەغـداوە هێنراوە، ئەمـەش ئەوە دەگـەیەنێ کـە شـانۆ ئەوەندە ڕەگی ڕۆنەچووە تا ببێـتـە پێـویسـتـیـیـەکی بەردەوام بۆ وەرگر، ڕاسـتـە لە سـاڵانی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو چەندین گرووپ و تیـپـی هونەری هەبوون و چەندین جـۆرە بەرهەمی ئەکادیمی و نا ئەکادیمیان پێشکەش کردووە و بینەرێکی بەرچاویش ئامـادەبیـان هەبووە و چەندین سـیـمـینار و دەمەتەقێشـیـان لەسەر کراون، بەڵام لەگەڵ تایبەتمەندیی بارودۆخی ژێر چەپۆکی ڕژێمی پێشوو و ڕادەی ڕۆشنبیری گەنجانیش نابێ ئەوە لەیاد بکەین کە لەگەڵ ئەوەدا کە زۆربەی بابەتەکان بە لایەنی کەمـەوە سـەرەداوێک، یان هێمایەکی بەرگری و خەباتیان لەخۆ گرتبوو، بۆیە زیاتر دەبوونە هەناسەیەکی ئازادی بۆ بینەران، ڕەنگە ئەمە لای هەندێک کەس بە لایەنێکی نێگەتیڤی ئەو سەردەمەی لە قـەڵەم بدەن، بەڵام ئەو لایەنی خـەباتە لای کـەڵە شـانۆکـارانی جـیـهـان پەیڕەو کـراوە، تەنانەت لای گـرووپەکـانی (هونەر بۆ هونەر) یش ئەو کـەڵە شـانۆکـارانەی وەک پسکاتۆر و برێخت و داریۆ فـۆ و ئۆگـیـسـتـو بوئال و...تاد بە نا هونەری سەیر نەکراون، چونکە لە پاڵ دەربڕینی ئایدیۆلۆژیدا، ئەکـادیمی و هونەریش بەرهەم هێنراون.

شانۆکاری کورد بەر لە ڕاپەڕین مۆتەکەیەکی بەناوی سانسـۆرەوە لەسـەر شان بوو، بۆیە بە ناچاری پەنایان بۆ خـۆ دزینەوە لە دەربڕینی ڕاسـتـەوخـۆ دەبرد و ئەوەندەی سەرقاڵی جوانکاری دەبوون، زیاتر مەبەستیان گەیاندنی بابەت بوو، بابەتیش بەتاڵ نیـیـە لە جـوانکاری، چونکە مەعریفە و ئیستێتیکا دوو لایەنی لە یەکتر دابڕاو نین و تەواوکەری یەکترن، یان ڕوونتر بڵێین لە ئیستێتیکادا مەعریفە هەیە و مەعریفەش جوانکاری لەخۆ گرتووە.

پاش ڕاپەڕین ڕاسـتـەوخـۆ و ناڕاسـتـەوخـۆ چەند فاکتەرێک کاریان لە سەرجەمی شانۆکاران کرد، وەک پێـچـەوانە بوونەوەی تەواوی سـیـسـتـمـی سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتی و ئابووری لە باشـووری کـوردسـتـان کـە پێـویسـتـی بە خوێندنەوەیەکی نوێ و ڕاڤەکردنێکی نوێ هەبوو، لە هەمـوو دنیاشدا بە وەرچەرخانی قـۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر، بەرگریکارانی باو و سەرهەڵدانی دەربڕین و دیدێکی تر دێنە کـایەوە، قـۆناغی نوێش پێـویسـتی بە بەرچاوڕوونی و تێگەیشـتن لە دەوروبەر هەیە، لەلایەکی تردەوە باری نالەباری ئابووری وای لە شانۆکار و بینەریش کرد عـەودالّی پاروو نانێک بن و تا قـۆناغێکی تر شانۆ بخەنە خانەی دووەمی پێداویستییەکانەوە، هەر لێرەشەوە دەزگـاکـانی ڕاگـەیاندن زۆربەی شـانۆکـارانیـان بەلای

فرمێسک مستەفا

خۆیاندا ڕاکێشا و لە کاری سەرەکی خۆیانیان کردن. ئێستاش کە دەوترێ شانۆ لە تەنگژەدایە ڕاستە، دەوترێ هۆڵی شانۆ نییە ڕاستە، دەڵێن دەقی ئەکادیمی نییە ڕاستە، داموودەزگا ڕۆشنبیرییەکان بەپێی پێویست ئاوڕ لە شانۆکار نادەنەوە ڕاستە، بەڵام لە هەموو ئەمانە ڕاستتر ئەوەیە دیدی هونەریی نییە، خوێندنەوەی هونەریی نییە، پێکەوە کارکردن ئەستەمە، یەکتر قبوووڵ کردن لە ئارادا نییە، بەڕای من ئەمانە هۆکاری سەرەکی ئەو تەنگژانانەن کە من بە دروستتری دەزانم بڵێین شانۆکار لە تەنگژەدایە نەک شانۆ، تەنگژەی شانۆ ڕەنگدانەوەی تەنگژەی شانۆکارە، چۆن دەڵێین شانۆمان هەیە کە ساڵ تێدەپەڕێ و لە سەرانسەری باشووری کوردستاندا دە بەرهەمی هونەریی بەچێژ نابینین؟ چۆن بڵێین شانۆمان تەندروستە کە لە دە فیستیڤاڵی شانۆییدا چوار بەرهەمی ئەکادیمی هونەری بەدی ناکەین؟

فرمێسک مستەفا: ئێوە لە بەشی دووەمی پرسیارەکەتاندا، وەڵامی بەشی یەکەمتان داوەتەوە، شانۆی کوردی تا ئێستا دەیەوێت بوونی هەبێت و بەو شێوازە لە دایک بێت کە لە ئاستێکی جۆراوجۆردا ناسنامەیەکی ڕەسەن بۆخۆی دروست بکات و خۆی بەرەوپێش ببات. شانۆی کوردی لە بازنەیەکی داخراودا خول دەخوات، ئەمەش گەلێک هۆکاری هەیە وەک نەبوونی پرۆگرامی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی شانۆ، گرووپە شانۆییەکان، گرنگی پێنەدانی شارەوانییەکانی شارەکان بۆ مالّە شانۆییەکان، نەبوونی هۆڵ و مالّی شانۆیی شیاو و پێشکەوتوو و شارستانی، نەبوونی نمایشی بەردەوام. نەبوونی مەنهەجی پێویست لە پەیمانگا و کۆلیژە هونەرییەکان، کەمی پسپۆڕ لە شانۆدا، کەمی مامۆستای مەشق و ڕاهێنان، لە سەروو ئەمانەشەوە نەبوونی بینەری بەردەوام بۆ بینینی نمایشەکان، نەبوونی ستراتیژییەتێکی تەواو لە نێوان خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەروەها نەبوونی پردێکی هاوبەشی ئەکادیمی لە نێوان شانۆکارانی دەرەوەی وڵات و ناوەوەی وڵات، ئەمانە هەمووی ئەوە دەردەخەن کە شانۆ تەنیا بۆ پڕکردنەوەی خولیایە، یان بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەیە، یان فەرمانبەری میرییە وەک دامەزراوێکی حکوومی. هەر ئەمەیشە وای کردووە شانۆکاران بڕوایان وایە کە بەشی یەکەمی ئەو بۆچوونە کەسییە ئێستا لە دیدی شانۆکارە جددی و ئەکادیمییەکان گشتگیربووە، بەتایبەتی لەم بارودۆخەی ئێستای هەرێمی کوردستاندا کە شانۆکارانی ناوەوەی وڵات دەرفەتی ئەوەیان پێدراوە بە ئەزموونە شانۆییەکانی ڕۆژئاوا ئاشنا بن، کەوتوونەتە ئەو پرسیارە و ئەو گومانەیان لەلا دروست بووە.

برایم فەرشی (ئەڵمانیا): باشووری کوردستان یەک لە پێنجی خەڵکی کورد و یەک لە شەشی خاکی کوردستانی لە خۆگرتووە. لێرە شتێک بە ناوی "شانۆ" پێشکەش دەکرێ، پەیمانگای هونەرە جوانەکان و شوێنی تر شانۆکار پەروەردە دەکەن. وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی شانۆی لە پاڵدایە، کۆمەڵێک کەس بە ناوی شانۆکار، پسپۆڕی شانۆ و کارمەند موچەی لە حکوومەت وەردەگرن، بە ملیۆن دۆلار بۆ فیستیڤاڵ و پڕۆژەی شانۆ خەرج دەکرێ. ئایا دەکرێ نکوڵی لە بوونی ئەوانە بکرێ؟ دەکرێ ئەوەش بپرسین، ئایا ئەوەی هەیە لەگەڵ ستانداردی باوەڕپێکراوی شانۆ دێتەوە؟ دەبێ ئەوەش ڕوون بکرێتەوە، مەبەست لە "تەنگژەی شانۆ، پسپۆڕی، دەق و بینەر" چییە؟

پەیڤی تەنگژە لە بواری جیاوازدا بەکار دەهێنرێ، بەڵام بە گشتی تەنگژە لە سەردەمی گواستنەوە لە حاڵەتێک بۆ حاڵەتێکی دیکە ڕووەدا و دەبێ کاتی بێت، ئەگەر ئابووری وڵاتێک ماوەی بیست ساڵ لە تەنگژەدا مابێتەوە، ئابووری ئەو وڵاتە لەبەر یەک دەترازێ، ئەگەر شانۆ لە باشووری کوردستان ماوەی بیست ساڵ بە پسپۆڕ



برایم فەرشی

و دەق و بینەرەوە لە تەنگژەدا مابێتەوە، قسەی ئەو کەسانە دەسەڵێندرێ کە دەڵێن، شانۆ لە کوردستان بوونی نەماوە.

ئەگەر تەنگژە و نەمانی شانۆ لەدوای "ڕاپەڕین" دەستی پێکردبێ، دەبێ بەر لەوە "کوردستانی عیراق" هەم خاوەنی "شانۆی کوردی" بووبێت و هەم تەنگژەی شانۆ و پسپۆڕیی و دەق و بینەر لە گۆڕێدا نەبووبێ. ئایا ئەوە ڕاستە ؟! ڕاست ئەوەیە، کە شانۆکاران لەو سەردەمەدا گورۆتینیان بە شانۆ داوە و بینەریش لە هۆڵی تاریک دانیشتووە بۆ ئەوەی لە نێوان ڕەمزوڕازی وشە و نواندندا شتێک ببیستێ. بوونی گورۆتینی شانۆکار و بوونی بینەر لەو سەردەمەدا بە مانای ئاستی بەرز و پسپۆڕیی و هونەری شانۆ و ڕۆشنبوونی پێناسەی "شانۆی کورد" نەبووە. هەر ئەو دەمیش ئالۆزی و پشێوی و چەند بەرەکی و گرفتی نەبوونی تێکست، کەمبوونی پسپۆڕ لە ئارادا بووە، ئەگەر سەرنج بدەینە تێکست و شانۆنامەکانی ئەو کات کە بە کوردی نووسراون، بۆمان دەردەکەوێ کەمترین تەکنیکی نووسینی دراما تێیاندا بەدی دەکرێ، نواندن و تەکنیکی شانۆگەریی لە ئاستی پێویستدا نەبووە. لە زۆربەی شارەکانی باشوور، شانۆ بە شێوەیەکی خۆڕسک و حەزی تاکەکەسی و هەڵوێست و نیازی سیاسی پێکهاتووە، دامودەزگای شانۆ ئەگەر بووبێ، بەشێک لە دامودەزگای حکوومەت و ئیدارەکانی دەوڵەتی عیراق بووە و کوردەکان بە شانۆکارەوە لە چوارچێوەی ئەو سیستەمەدا، کە بە نیسبەتی کورد سیستەمێکی پۆلیسی، ئایدیۆلۆژیک و داپڵۆسێنەرانە بووە، کار و چالاکی شانۆییان نواندووە. شانۆکاران لەو سەردەمەدا هیچ بەڵگەنامەیەکی تیوریکیان لە پاش خۆیان بەجێ نەهێشتووە کە بیسەلمێنێ ئەوان پێناسەی "شانۆی کوردی" و پرەنسیپ و تایبەتمەندییەکانیان دیاریی کردووە. شانۆی بەر لە "ڕاپەڕین" پڕ لە لەخۆبردوویی بووە، بەڵام بەیس و بنەوان و مەحەک نییە بۆ بوون و نەبوونی شانۆی بیست ساڵ دواتر.

شانۆگەریی پیشەیەکی ڕۆژانە و دژوارە لە ڕیزی کاری کرێکارانی "معدن". لە سەردەمی کۆن لە یۆنان، ئەو کەسانە دەبوون بە شانۆکار کە تاقەتی بیست ساڵ خۆیندن و فێربوون و تاقیکردنەوەیان هەبوایە. شانۆ، کارێکی هۆشیارانە و هونەرێکی فیکریی و فەلسەفییە. نووسینی دراما یەکێک لە دژوارترین تەکنیکی نووسینەکانە. پێشکەش کردنی شانۆ کە بە شێوەی زیندوو ئەنجام دەدرێ و کارێکی هەمەلایەنەی گرووپییە، پرەنسیپ و بەئاگابوونێکی بالای دەوێ و ئەنجامدانی لە توانایی هەرکەس و هەموکەسێکدا نییە. شانۆی پڕۆفیشنالی سەردەمی ئێمە ئاسانتر لە پێشوو نییە، بەڵام لە پاڵ شانۆی پڕۆفیشنالْ بە شێوەیەکی بەربلاو شانۆی ئاماتۆر هەیە کە گەورەترین ڕێکخراوی شانۆی جیهان پێکدەهێنن.

ئەوەی هەموو کەس و هەرکەسێک دەتوانێ ئەنجامی بدات، نمایش و نمایشکاربیە. لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا، لە هەموو سەردەمەکاندا و لە ناو ئینسانەکانی سەرەتاییشدا نمایش هەبووە و ئەفسانە و ئایینەکان تەژی لە نمایش بوون. فەرهەنگی کورد لە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ پڕ بووە لە نمایش، کە هەم پەیوەست بووە بە ژیان، سروشت، شوێن و بیروباوەڕی ئینسانی کورد و هەمیش تەژی بووە لە بیر و خەیاڵ، فانتازیا و ئەفسانە. هیچ ئایین و ئایینزا و بۆنەیەک نەبووە لە ناو کورددا کە گرێدراوی نمایش نەبووبێت. نمایش خۆڕسک بووە و بە درێژایی مێژوو پشتاوپشت گواستراوەتەوە، ئەگەر شانۆ هونەرێکی هۆشیارانە بووبێت. نمایش لە غەریزە و نیازەوە سەرچاوەی گرتووە.

مێژووی ئینسان بە گشتی هەتا ٣٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا ژیانی غەریزی پڕ لە نمایش بووە، لەگەڵ پرسیارکردنی ئینسان لە خۆی و دەوروبەری، فەلسەفە

هاوڕێ زەنگنە

پێکهاتووە و شانۆ (تیاتر) لەگەڵ فەلسەفە و پرسیارکردنی ئینسان سەری هەڵداوە. بە پەیدابوونی شانۆ، نمایش و جیهانی خەیاڵ و فانتازیا و ئوستوورە بە تەواوی فڕێ نەدراوە، بەڵکو هۆشیارانە لە شانۆدا جێکراوەتەوە.

ئەگەر سەیری مێژووی فەلسەفە و شانۆ بکەین، دەبینین شانۆ زەرفێک بووە بۆ گواستنەوەی فەلسەفە و بیری فەلسەفەیی بۆ ناو خەڵک، بە پێچەوانەوە نمایش زەرفێک بووە بۆ گواستنەوەی باوەڕی ئایینی، خورافات و ئەفسانە بۆ ناو خەڵک. یەکەم درامانووسانی یۆنان و ئیتاڵیا فەیلەسووفان و یەکەم نمایشوان مرۆڤی ئاسایی بوون. نمایش لە ڕێگای لاسایی کردنەوە و شانۆ لە ڕێگای داهێنان و نواندنەوە پەرەی ستاندووە.

ئێمەی کورد هەرچەند دەوڵەمەندترین پاشخانی نمایش و ئوستوورە و ئایینمان هەبووە و خاوەنی یەکەم دیالۆگ و مۆنۆلۆگ(گاتاکانی زەردەشت و ئەفسانەی گلگامێش) بووین کە دوو دیاردەی سەرەکی درامـا لە سەردەمی کۆنەوە تا ئێستا بووە، بەو حاڵەوە لە نمایشەوە خۆمان نەگواستۆتەوە بۆ شانۆ.

ئەگەر دوای ئەم باسە بگەڕێیەوە سەر مەسەلەی شانۆ بەرەو دوای "ڕاپەرین"، دەبێ لە خۆمان بپرسین شانۆکارانی باشووری کوردستان لە هەردوو سەردەمدا، چەندە لە ناو نمایش و چەندە لە ناو شانۆدا سەر قاڵ بوون؟!

هاوڕێ زەنگنە (ئەڵمانیا): ئەگەر ئەم پرسیارەم پێش سااڵنێکی زۆر زوو لێ بکرایە، ئەوە یەکسەر بە وەاڵمێکی زۆر کورت بەڕێم دەکرد، بەاڵم ئەمڕۆکە زانستی هونەری شانۆ فێری کردم، بۆ هەر وەاڵمێک دەبێت بناغەیەکی زانستیشی لەگەڵدا بێت. بواری شانۆ لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی زانست و زانستگاکاندا تێگەیشتنێکی تر بۆ کاریگەری و وردیلەکانی نێو شانۆ پەی پێبراوە، بۆیە گرنگییەکی لە نێو هەموو بوارەکانی زانستیدا پەیدا کردووە، بەشێوەیەکی ئەوتۆ، کە ئەمڕۆکە پسپۆڕی نووسینەوەی مێژووی شانۆ هەیە، لەنێو ئەم پسپۆڕییەشدا، پرسیارێکی ئەوتۆ دەخرێتە بواری لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی پسپۆڕانەوە و چەند بوارێک لەخۆ دەگرێ کە گەڕانە بەدوای سەرچاوە فەرهەنگییەکانی شارستانییەتی کۆنی کوردستان، ئەم گەڕانە بە هەموو بوارەکانییەوە کە پسپۆڕانی بواری میتۆلۆژی کوردستان و بواری شوێنەوارناسەکانی کوردستان و ڕێتوال و سەما و زانای شانۆ و...تاد. لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ بۆ زەمەنێکی دیاریکراو دەتوانرێت ئەو بەرهەمە بخەنە بەردەست و دەبێت بە بناغەیەکی ناسنامەی گەلی کورد و بزاڤی شانۆی گەلەکەی. بناغەکانی ئەم گەڕانە چۆن دەکرێت؟ ئەم کەسانەش دەبێت تەنیا کەسانێک بن، کە هزری زانستییان لە زانستی ئەکادیمییەوە سەرچاوەی گرتبێت. لە ئەمڕۆی کوردستانیشدا ئەکادیمی بوون بووە بەپرسیارێکی گەورە و سەیر.

زانستی شانۆ گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامە، کە شانۆ لە ئەنجامی نمایشی شانۆیی و ڕیتوالەوە لە تەواوی جیهاندا سەرچاوەی گرتووە، کەواتە گەڕانێکی وردی زانستیمان پێویستە بە دوای ڕابردووماندا، ئەم ڕابردووەش لە شارستانییەتی کوردستاندا دەستگیر دەبێت، کە لە شارە دێرینەکانی کوردستان وەک کرماشان و ئامەد و ئورفە و هەولێر و بابا گورگور و دەڤەری بادینان و هەورامان و...تاد هەیە و شوێن و هەوارگە دێرینەکان دەستگیر دەبێت، واتە ئەو شوێنانەی کە لەسەر کەمیی تەمەنیان لە چەند هەزار ساڵێک بەسەرەوە دەبێت. ئێمە دەبێت بەدوای خوداکانی شارستانییەتەکەمان بگەڕێین، ئەمەش بەوە دەبێت، کە بزانین ئەو خودایانەی کە لە شاری کرماشان و ئامەد و هەولێر و کەرکووک و هەورامان و بادینان...تاد کێ بوون، چۆن دەیانڕوانییە ئەو خودایانە،

کە سەرچاوەی نەهامەتی و بەختەوەریان بوون، بۆ دابین کردنی ئەو بەختەوەرییە چیان دەکرد؟ چۆن شاییان بۆ دەکرد و چۆن قوربانییان بۆ دەدا و ڕاویان بۆ دەکردن و چۆن سەمایان دەکرد و بۆ کێ سەمایان دەکرد و کێ تەماشایانی دەکرد، کێ داهێنانی ئەو جوولانەوەیە بوو و کێ سەرپەرشتی دەکرد؟ ڕەنگدانەوە و کاریگەری چۆن بوو؟ ئەمانە بەشێکی وردیلەی ناسنامەی گەلن. ئەی ئەو ڕیتوالانە چۆن بوون و چۆن جێبەجێ دەکران؟ خوداکان و کۆمەڵگە چۆن پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا دەکرد و دانوستاندنی نێوان خەڵک و خودا چۆن بوو؟ مرۆڤ چۆن ڕۆڵی خودای دەبینی و نوێنەرایەتی دەکرد؟ زانستی ئەمڕۆ بە بەڵگەی لۆژیکییەوە سەلماندوویەتی، کە بزاڤی شانۆی جیهانی ئەمڕۆ لە ناخی هزری ڕیتوالەوە سەرچاوەی گرتووە. شارستانیەتی میسری و میزۆپۆتامیا و یۆنانییەکان سێ شارستانیەتی دەوڵەمەندی جیهانین لەپاڵ شارستانیەتی هیند و چین و ئەفریقا.

کوردستان بەشێکە لە کولتووری میزۆپۆتامیا و چەندین جێگا و شاری دەوڵەمەندی هەیە، کە گەورەترین سەرچاوەی کولتوورییە، لە کوردستاندا شاری کرماشان قووڵترین و چڕترین دەوڵەمەندیی بەخۆیەوە دەگرێت، شاری ئامەد و شاخی ئاگری داغ (خوداکانی هەموو ئەو ناوچانەی دەوروبەر لەسەر ئەو شاخە جێگای خەوتن و ئارامیی هەتا هەتاییان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە)، شاری حەلەبی ئەمڕۆ دەوڵەمەندیی تایبەتی خۆی هەیە و شوێنەوارەکان هەتاکو ئێستاش ماون، لە کوردستانی باشووریش ناوچەی بادینان و ئاتەشگەدەکانی هەورامان چوار خوداکانی هەولێر و شاری کەرکووک گەورەترین سەرچاوەی کولتوور و فەرهەنگی شاراوەی کوردستان لەخۆی دەگرێت، ئەگەر زانستی پسپۆڕیی فەرهەنگی بۆ ناسنامەی کوردستان هزری بخاتە کار.

دوو شاری گەورە لە باشووری کوردستان (کەرکووک و هەولێر) کەوتوونەتە ناوەندی شارستانیەتی میزۆپۆتامیاوە، تەنیا لە شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا زیاتر لەسەد خودا هەبوون و خاوەن ڕیتوالێکی زۆر جۆراوجۆر و بەنرخن. ئەمە بەشێکی ئەو سەروەتەیە، کە شانۆی کوردی خودانێتی، بەڵام لە ڕووی زانستی شانۆوە پێویستە بخرێتە بواری لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆرەوە، بە تایبەتی پسپۆڕی لە بواری زانستی میژووی شانۆیی، هەروەها لە ڕووی زانستی سیمیۆلۆژیا و زانستی ئیکنۆگرافییەوە و زانستی شانۆ و بوارەکانی ترەوە لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت. لە چەندین بواری تری شانۆدا ئێمە پێویستمان بە شرۆڤەکردن هەیە. یەکێک لەو بوارانە بواری سەکۆیە، لەیەکێ لە گوندەکانی کوردستان هەموو ماڵەکان خاوەن سەکۆی لاکێشەییە، لایەکی سەکۆکە پشتی داوە بە دیوارەکەوە، تەنیا لە یەک ماڵی ئەو گوندە، سەکۆکە لە ناو حەوشەکەدا بووە و سەکۆکەیان بازنەیی بووە، لەم ماڵەدا حیکایەتخوانێکی بەناوبانگ هەبووە، کە لەسەر ئەو سەکۆ بازنەییە حیکایەتی گێڕاوەتەوە. زۆر جار گێڕانەوەی حیکایەتەکەی حەوت شەوی دەخایاند. ئەو سەکۆیە تایبەت بۆ حیکایەتخوانەکە دروست کراوە. کاتێ خەڵکی هەموو لە دەوری حیکایەتخوانەکە دانیشتوون، ئینجا حیکایەتخوانەکە دەستی کردووە بە گێڕانەوەی حیکایەتەکەی. ئەوەی لێرەدا گرنگە بوترێت، ئەو حکایەتخوانە گۆچانێکی بەدەستەوە بووە، ئەو گۆچانە سیفەتی تایبەتی خۆی هەبووە، کە ئەم شێوە گۆچانە تایبەتە بە کولتووری کوردەواری، ئەو گۆچانە لە کاتی گێڕانەوەی حیکایەتەکەی بووە بە دەسگیرانەکەی و بووە بە دوژمنەکەی و ببووە ڕەقیبەکەی و بووە بە ئەسپەکەی و زۆر بابەتی تر. ئەوەی شایانی باسە نزیکی هەمان بابەت لە گوندێکی سەردەشت و مەهاباد هەیە، کە ئەمە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی زانستی شانۆیی هەیە لە ڕووی نواندن و نمایشەوە، بەتایبەت لەسەر بناغەی تازەترین لێکۆڵینەوەی نمایش چییە و نمایشی پیرفۆرماتیڤی چییە و چی بە نمایشی شانۆیی لێکدەدرێتەوە.

لە سەردەمێکدا شانۆگەریی گوند هەبووە، لەیەکێ لەو نمایشانەدا شانۆگەریی لەسەر عەرەبانەی تەراکتۆر پێشکەش کراوە. ئەم جۆرە نمایشە تایبەتمەندییەکی خۆی هەبووە، پێویستە لە ڕووی زانستی سەکۆ و پانتایی و کاریگەری لەسەر ڕۆشنایی زانستی شانۆ و تیوریییەکانی شانۆوە لێک بدرێتەوە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی ڕۆشنایی زانستی سیمیۆتیک.

سەبارەت بە شانۆ و تەنگژە، ئەم دوو واژەیە لە ئەدەبیاتی شانۆدا لە کام خاڵدا بەریەک دەکەون و ئەم دوو واژەیە بەیەکەوە لێک دەدرێنەوە، یەکێ لە بەناوبانگترین شانۆکاری ئەڵمانی هاینەر مویلەر لە شوێنێکدا دەڵێت:

(شانۆ خۆی تەنگژە)، ئەم وتەیەی هاینەر مویلەر زۆر لێکدانەوەی لێکەوتەوە و چەندین جار نووسین و گفتوگۆی لەسەر کراوە. ئەوەی دەمەوێت لێرەدا بە تێگەیشتنێکی زۆر جیاوازی بڵێم، هەموو بیرکردنەوەکان

لە ڕوانگەی چۆنیەتی تێگەیشن لە هونەری شانۆ و ڕووداوەکانی سەر شانۆ و بڕینی سنووری کولتووری، بەرەو ئاشنایی بوون بە کولتوورەکانی تری گەلانی تری گەردوون.

تەنگژە و باس کردنی تەنگژەی شانۆ هەمیشە بە بودجەوە دەبەستراینەوە. بۆ نموونە ئەڵمانیا یەکێکە لەوڵاتانی ئەم جیهانە، کە مالّی شانۆ و هۆڵی شانۆی دەوڵەت و هەرێم و پارێزگا و شانۆی سەربەخۆی تێدایە و سالانە لە لایەن حکوومەتەوە بە شێوەیەکی جیاواز هاوکاری دەکرێن، لە ئەڵمانیا نزیکەی دوو ملیار یۆرۆ بۆ شانۆ تەرخان دەکرێت، بۆیە لە کاتێکدا لە سالّی ٢٠١٠دا ویسترا کەم بکرێتەوە، یان چەند هۆڵێکی شانۆیی دابخرێت، بابەتی شانۆ و تەنگژە دەهاتە کایەوە. تازەترین نووسین لە بارەی تەنگژە و شانۆوە ڕۆژنامەی زوید دویچە هێنایە زمان و دەڵێت تەنگژە خۆی شانۆ دروست دەکات. سەرەڕای تەنگژە شانۆ دەتوانێت بزوێنەر و زیندوو و کاریگەر بمێنێتەوە، واتە تەنگژە لێرە بەمەبەستی بودجە و بڕینی بودجە، بەڵام بەپێچەوانەی کوردستانەوە.

شانۆی کوردی لە کوردستاندا (باشوور) لە تەنگژەدایە؟ لە مێژووی هەزاران سالّەی کوردستاندا هیچ کاتێک هێندە پارەی نەبووە وەک ئێستا و هێندەی پارەی بۆ شانۆ سەرف نەکردووە وەک ئێستا. ئەی ئەم هەموو پارە زۆرە بۆ وا بە بێ سیستمێکی ئەکادیمی و پلانێکی دروست بەم شێواوییە لە ناو دەچێت؟ کێ لەمە بەرپرسیارە؟ واژەی تەنگژە کە دێتە ناو شانۆکارانەوە، بۆ باس دەکرێت؟ کەواتە هۆیەک هەیە، ئەی دەبێت ئەو هۆیە چی بێ؟ تۆ بڵێیت نەزانرێت؟ زۆر لەو هۆیانەی کە باس کراوە بە ئاشکرا من دووبارەی ناکەمەوە.

بە ڕاستی شانۆ لە تەنگژەدایە؟ بەو شێوەیە، کە لەسەرەوە لێکم دایەوە، بابەتی تەنگژە دەبێت لە کوردستاندا بە جیاواز لە زۆربەی دنیا تەماشا بکرێت، بەتایبەتی لە کوردستانی باشووردا بابەتی تەنگژە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەو تایبەتمەندییە بە هیچ شێوەیەک لە ولاتانی تر بەدی ناکەم.

ئەو تەنگژە لە کوردستانی باشووردا ڕووبەڕووی شانۆکار بووەتەوە، واتە شانۆکار لە تەنگژەدایە، بێ گومان بەشێک لە شانۆکاران لە تەنگژەدان. ئەو ڕوالّەت و دیاردەیە، ئەوە تەنگژەی شانۆکارانە کاریگەرییەکی زۆر نێگەتیڤیان لەسەر تەواوی بزووتنەوەی شانۆی کوردستاندا هەیە. تایبەتمەندییەکانی ئەو تەنگژەی شانۆکاران لە کوردستاندا چییە؟من تەنیا چەند خاڵێکی گرنگی باس دەکەم.

یەکەم: ئەو شانۆکارانەی لە پێنج سالّی ڕابردوودا بەرپرسیارێتی شانۆیان گرتبووە دەست و هەندێکیان ئێستاش لە بەردەستیاندایە و خودانی زانستییەکی ئەکادیمی نین، ئەگەر ئەکادیمیش بووبێتن، ئەوە لە سنووری بەغداد و ولاتە سوسیالیستییەکان دەرنەچووە، دەگەڕێمەوە بۆ نەبوونی هزرێکی سیستمی بۆ بیرکردنەوە. من پرسیارێک دەکەم، شانۆکارانی کورد لە زۆربەی شانۆکارانی جیهان بەهێزتر و خۆشەویستییان بۆ خاک و شانۆ بەرزە، بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە دەیان کەسی وەک من، لەوانەیە من نموونەیەکی زۆر بچووک بم لەم بارەیەوە. من کە جاری یەکەم سەردانی کوردستانم کرد و لە کوردستان هونەرمەند فرمێسک مستەفاشم بینی پێکەوە لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و دەربەندیخان وۆرک شۆپمان ئەنجام دا، هەمووشی لەسەر ئەرک و ماندووبوونی خۆمان بوو، لە ڕێگەی دهۆکەوە بەرەو هەولێر بۆ ئەنجامدانی وۆرک شۆپێک بەردێک لە شاخێک بەربۆوە خوارەوە و خەریک بوو بە خاوخێزانەوە لەناو بچین، بەڵام خۆشەویستی شانۆ زۆر لەلامان بەرز بوو. من خۆم دوای ئەوەش پێنج جار بۆ کۆڕ و وۆرک شۆپ و پرۆژەی شانۆیی بەبێ هیچ بەرانبەرێک هاتوومەتەوە بۆ کوردستان، چوار جاریش بۆ دروست کردنی هۆڵێکی شانۆیی لەسەر بناغەی تەلارسازی شانۆی ئەڵمانی لەگەڵ ئەندازیارێکی تەلارسازی، کە خوێندنی لە ئەڵمانیا تەواو کردبوو لە بواری تەلارسازی شانۆ، هەمووی لەسەر ئەرکی خۆمان و بەبێ هیچ بەرانبەرێک هاتوومەتەوە. لەگەڵ هەر سەردانێکمدا زۆر بەخۆشییەوە هەر لە دهۆک و هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و دەربەندیخان و چەمچەماڵ... تاد سەردانی شانۆکارانم کردووە و دڵسۆزیی شانۆ و برادەرایەتیمان گۆڕیوەتەوە و باسی دەیان خەونی شانۆییمان کردووە،

ئەمڕۆ دەبوایە ئەو خەونانە و خۆشەویستی بۆ شانۆ مەزنتر و جوانتر بکرایە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەو خەونانە بە هۆی دەسەڵاتی کەسانێکی ئەوتۆ کە بەڕێوەبەرایەتی شانۆ و لە وەزارەتیش بەرپرسیارێتی شانۆیان گرتووەتە دەست، ئەقڵۆسفێرێکی زۆر خراپیان لەناو شانۆکارانی کوردستان دروست کرد، ئەقڵۆسفێرێکی پڕ ڕقەبەرایەتی ئەگەر حکوومەتی کوردستان بەمە بزانێ، کە چی ئەمڕۆ لە

کوردستاندا هەیە، دڵنیام ئەو کەسانەی هۆکارن، ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی مێژووی شانۆ دەکاتەوە.

زۆربەی شانۆکارانی تاراوگە هیوای زۆریان بەشانۆ بەرزە و هیچ کاتێک ئەو ڕەفتارانە خەونی شانۆکاران لەبار نابات، بەڵام دڵسۆزی شانۆکاری تاراوگە بۆ خاک وکوردستان زۆر بەهێزە و ڕووبەڕووی ئەو ڕەفتارانە دەبێتەوە و دڵنیام ڕۆژێک ئەو لاپەڕانە هەڵدەدرێنەوە و دەخرێنە بەردەستی حکوومەتی کوردستان.

خاڵی دووەم: خۆ بەکەم زانینی کەسێتی خود، ئەم خۆ بەکەم زانینەیە کە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە، جۆرێکە لە نەخۆشی. ئەم جۆرە نەخۆشییەش سالانێکی زۆر لەگەڵ خۆیدا ڕایدەکێشێت و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات. کەسێتی جێگیر بۆ شانۆکار زۆر پێویستە، دڵسۆزی شانۆکارانیش لەنێوان یەکتردا هەر زۆر پێویستە. جاران شانۆکار و ئەکتەری شانۆ هەیمەنەتێکی هەبوو، سەنگینی خۆی هەبوو.. من زۆر جار هەناسە هەڵدەکێشم و دەپرسم بۆ دەبێت وا بەیەکتر بکەین، وێنەی هەندێ کەسێتی شانۆکار بە جۆرێک بە وتار و وێنە بلاو دەکرێتەوە، من زۆرم پێ حەیفە بۆ؟ خۆ ئەوانە خاوەنی کەسێتی گەورە بوون، بۆ وایان لێهات؟ ئەمە زیانێکی زۆر بە بزاڤی شانۆی کوردی دەگەیەنێت، بۆیە بەڕای من پێویستە ئەو بارودۆخە بێتە گۆڕین.

خاڵی سێیەم: جەنگ لە کوردستاندا. جەنگی دوژمنەکانی کوردستان ڕەنگدانەوەی دەروونی زیانبەخشی دەبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕستەیەی سەرەوە باسم کرد. ئەو کێشەیەی شانۆکاران لەناو خۆیاندا بەهیچ شێوەیەک کێشەیەکی تەندروست نییە، بەڵکو کێشەیەکە و نیشانەی خەست کردنەوەی نەخۆشییەکەیە. ئەم کێشەیە خۆشەویستی شانۆ و برادەرایەتی و هەستی نەتەوەیی دەکوژێت و کاری شانۆیی وێران دەکات و لەزەتی کاری شانۆکردن لاواز و ماندوو دەکات، هەروەها هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی شانۆیی ئیفلیج دەکات، هەروەک ئیفلیجی کردووە، هەروەها داهێنان ئیفلیج دەکات و شانۆکار بێ هەڵوێست و فێری دەستەمۆکردن دەکات، هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی لەسەر بینەر و کۆمەڵگا دەبێت و بەم شێوەیە زیانێکی گەورە بەکوردستان دەگەیەنێت، ئەمەش خواستی دوژمنانی کوردستانە، بەڵام بی ئاگا بەشێک لەو شانۆکارانە بۆیان جێبەجێ دەکەن و خۆشیان بێ ئاگا لە میدیاکاندا بە دڵسۆزی کوردستان دەدەنە قەڵەم. ئەو

مەهدی جاف

شانۆکارانە هەموویان لە داموودەزگای حکوومەتی هەرێمدا بەرپرسیاریەتییان لەبەردەستدایە و بەرانبەر بە ئایندە بەرپرسن لە جیاتی بەرەوپێشخستن، شانۆیان بەرەو دواوە بردووە، ئەمیش بەرپرسیارییەکی گەورەیە. لە پلانەکانی سیستمی کارکردنی ئەڵمانیادا هەرکەسێ ئەگەر چوار ساڵ نەیتوانی ئەو هۆڵە شانۆیە بەڕێوەبەرێت و بەرەو پێشەوەی ببات، ئەوە واز دەهێنێت، یانیش دەیگۆڕن، یان خۆی جێگەکەی دەگۆڕێت، یان دوور دەکەوێتەوە، ئەمە کولتوورێکە پێویستی بە فێربوونە، بەم شێوەیە نرخی خۆی و کەسێتی خۆی لە میژووودا دەپارێزیت.

مەهدی جاف (سوێد): بە بڕوای من وا باشترە باسی شانۆ لە کوردستان بکەین نەک شانۆی کوردی، چونکە شتێک نییە ناوی شانۆی کوردی بێت. خۆ سەرقاڵکردن بەو پرسەوە، بێجگە لە بە فیڕۆدانی کات و هەست بە کەمیی کردن، هیچ شتێکی تری لێ بەرهەم نایەت، ئەمڕۆ میژوونووسانی جیهان، ئەگەر باس لە شانۆی هەر وڵاتێک بکەن، باس لە شانۆی ئەو وڵاتە دەکەن، شانۆ لە فەرەنسا، شانۆ لە ڕووسیا، شانۆ لە سوێد...تاد بەخۆماڵیکردن و بەنەتەوەیی کردنی هەڵەیە و سنووردار دەبێت. لەبەر ئەوە من هیچ کاتێک لەگەڵ ڕای یەکەمدا نەبووم، شانۆ لە کوردستاندا هاوکات لەپاش نەمانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە کوردستان دروست بووە، هەر وەک لە وڵاتانی عەرەبی و تورکیا و ئێران هەیە، بەڵام

ئەگــەر باس لە شــانۆییــەکی نەتەوەیی بکات، ئەوە پرسێکی تڕە، زۆربەی میللەتانی جیهان لە دێرزەمانەوە خاوەنی شانۆی نەتەوەیی خۆیانن، ئێمە هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە وەک پاداشــتێک بۆ شــانۆکاران کــە بەر لە ڕاپەڕین چۆن لە ڕێگەی شانۆ و ئەدەبیاتەوە میللەتیان بۆ ڕاپەڕین و ئازادی هان دەدا و زۆربەی پەیامی بەرهەمــە شانۆگەرییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ڕۆژە مەزنانە بوو، تەنیــا هەوڵێکی تاکەکەسی بۆ هەوڵــی دروست کــردنی شانۆیەکی نەتەوەیی هەبوو، بەڵام بەداخەوە پشــتیــوانی لێنەکــــرا، بەڵکو ئەو تەنگژەیە وایکرد هەندێک لە شانۆکاران وڵاتیــان بەجێهێشت و ڕوویان لە ئاوارەیی کرد.

بۆ ڕاوبۆچوونی دووەم من ڕاوبۆچوونم جــیــاوازە، بە بڕوای من شــانۆکــاری خــاوەن توانایی و پســپــۆڕ لە کوردستــان هەن، دەقیش هەیە. تەنگژەکە داموودەزگاکان دروســتــیــان کــردووە، لە ســەرووی هەمــوویانەوە ئەو دەزگایەی کە ناوی بەڕێوەبەرایەتی شانۆیە، ئەم دەزگایە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک هەیە، شــانۆکارێکی زۆر لەوێ دامــەزراون، ژمــارەیان ئەوەندە زۆرە لە ژووروەکــاندا شوێنی دانیشــتنیان نییــە، زۆربەیان لەبەردەرگا بەپێــوە وەستاون، دێن بۆ هەواڵ پرسین و چا خواردنەوە، ئەمانە بە بڕیاری حکوومــەت دامــەزراون، من لە بەرپرســێکم پرسی هەر یەکســەر پێی گــوتم لە خــوام دەوێت ڕۆژێک یەکێک بڵێت نەخۆشم، یان کارم هەیە و نایەم. خەرج و بودجەی ئەم بەڕێوەبەرایەتییانە چەندە و چی لێدێت باس ناکــەم، لەبەر ئەوە من زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم کە نــەمان و نەهێشــتنی ئەم جــۆرە دەزگــایانە بە ســوود و قــازانجی شانۆیە لە کوردستاندا.

* ئەگەر شانۆی کوردی لە کوردستــان بەگشتی بوونی هەیە و لە تەنگژەیشدا نییە، پێتان وایە بزاڤێک بەناوی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا هەیە؟

ئەنوەر قادر ڕەشید: وەک وتمان شانۆکار لە کوردستان لە تەنگژەدایە و مەرج نییە هەمان تەنگژە لە تاراوگەش بوونی هەبێ، ئەمە دیارە بە پێوەری ئاسایی، بەڵام کاتێ دێینە ســەر باسی شــانۆ لە تــاراوگــە (بە تایبــەت لە ئەوروپا) دەبینین پێکهــاتەیەکی زۆر جــیــاوازە و بە قەبارەی هونەرەکە وابەستــەی لایەنی داراییەکە دەزگای تایبــەتی بەرهەمــهــێن ســەرپەرشــتی دەکــا (دیارە ئەم دیاردەیە بۆ بەرهەمی پیــشــەییــە لە لایەن گــرووپی پڕۆفــیــشنالّ، یان هۆڵە شــانۆییــەکــان ئەنجــام دەدرێن)، ئەمەش لە کاتێکدا بە ئاراستەی ئاسایی خۆیدا دەڕوا کە بینەری ڕاستەقینەی شانۆ، وەرگری بەردەوامیان هەبێ و بتوانن ژیانی پێ دابین بکەن، ئەو پرۆسەیەش بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێ و دراماتۆرگ بە کەسی سەرەکی پلان دانەری بەرهەمی شــانۆیی دادەنرێ، دەبێ بەر لە هەر شتێک هەمــوو لایەنەکانی بەرهەم یەکلایی بکرێتەوە لە هەڵبــژاردنی دەق و دەرهێنەر و ئەکــتــەر و زۆربەی کــارە هونەرییــەکــانی تر، ئەوەش پاش کــۆکــردنەوەی زانیــاری تەواو لە بارەی ناوچەکــــە و باری دەروونی و دارایی، تەنانەت ڕێژەی تەمــەنیش، بۆیە ئەم پرۆســــە ئاڵۆزە، ڕەهەندی کوردی و شانۆکاری کوردیشی پێ ئاشنا نییە، ناکرێ وا بە ئاسانی شانۆکاری کورد جێی خۆی (وەک کورد و بە بەرهەمی کوردی بکاتەوە).

فرمێسک مستەفا: من پرسیارەکە بە جۆرێکی تر دەکــەم، ئەگەر شانۆ لە ناوەوەی کوردستــان لە تەنگژەدا بێت، ئەی دەبێت لە دەرەوەی وڵات کــــە ناوەڕاســـتی شارستــانییــەتە خــۆی بە چ ئاقــارێکدا بردووە؟ ئەوسا وەڵامەکە وردتر دەبێت. بزاڤی شانۆی کوردی لە ناوەوەی وڵات لە تەنگژەدایە، بەڵام لە دەرەوەی کــوردســتــان لە هەژاریدایە، ئەمــەش بەرۆکی شــانۆکــاران ناگــرێتــەوە ئەوەندەی شــــانۆکــــارانی کــــورد لە دەرەوەی وڵات لە بارودۆخێکی سەختدا دەژین و بواری کاری شانۆییان زۆر بەرتەسکە لە چاو شــانۆکــارانی ناوەوەی وڵات، ئەگــەر بەراورد بکرێت، هەروەها شانۆکارانی ئەوروپا خۆیان هەر لە دابین کــردنی هۆڵ و کۆکردنەوەی شانۆکارانی کورد لە بەرهەمێکدا... تاد، پەیدا کردنی بودجە بۆ کارەکەیان و زۆر ئاریشــەی تر وا دەکــات ســیــمایەکی هەژارانەی پێــوە دیاربێت، بەڵام ئەو شــانۆکــارانەی بەشــداری دەکــەن لە بەرهەمە بیانییەکانی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، ناچێتە قــاڵبی شانۆیەکی کوردییــەوە. بۆ من گــرنگ نییــە بە چ زمــانێکە، بەڵام گــرنگە ناوەرۆک و ئەکــتــەرەکــان، واتە بابەت کوردی بێت، یان تێکەڵکێش بن لەگەڵ ئەکتەری بێگانە، یان تێکستی بێگانە بێت و ئەکتەر و دەرهێنەر کوردبن. گرنگ ئەوەیە مۆرکی شانۆی کوردی پێوە بێت و وەک ناسنامەیەک بۆ شانۆی کوردی و ئیزافەیەک بخاتە سەر بزاڤی شانۆی کوردیمان لە دەرەوەی کوردستاندا.

برایم فــــەرشی: من نازانم هەمــــوو ئەو کــــورد و کــوردســتــانیــانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین "تاراندراون"، یان بە مــەیلی خۆیان هاتوون، ئەگەر مەبەست لە "بزاڤ" جــوولانەوەیەکی شــانۆیی کــوردی دەرەوەی وڵات بێ، کــە

هەڵگری تایبەتمەندی کورد و شانۆی کوردی بێ، پێویستمان بە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییانە هەیە بۆ پێناسەی ئەو "شانۆی کوردی"یە، ئەگەر مەبەست تەنیا پێشکەش کردنی شانۆ بە زمانی کوردی لە لایەن کوردەکانەوە بێ، وەڵامی پرسیارەکە بە بەڵێ دەدرێتەوە. بەر لە چوونە ناو ئەم باسەوە دەبێ ئەوە بڵێین لە دەرەوەی وڵات، بێجگە لە شانۆکاری باشوور، شانۆکارانی هەموو پارچەکانی تری کوردستان و شانۆکارانی کوردی سۆڤیەتی پێشوو دەژین. لێرە لەگەڵ مەیدانێکی بەرفراوانتر و ڕەنگاوڕەنگتری شانۆی کوردی ڕووبەڕووین، کە هەر کام تاقیکردنەوەی شانۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ خۆیان دەهێنن، ڕەنگە ئەم پرسیارەی ئێوە بە شێوەی عادەتی ڕووی لە شانۆی کوردەکانی باشووربێ کە لە "تاراوگە" دەژین، بەڵام ئێمە لێرە لەگەڵ چوار بەشی دیکەی شانۆی وڵاتەکەمان ڕووبەڕووین، من لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، هەموو لایەنەکان لە بەرچاو دەگرم.

ساڵەکانی هەشتا بە هۆی زۆربوونی پەنابەرانی کورد، لە سوێد، ئەڵمان، بەریتانیا، فەرەنسا و هۆڵەندا گرووپی شانۆیی بۆ پێشکەش کردنی شانۆ بە زمانی کوردی پێکهاتن، کە هەموو بەرهەمی ساڵانی سەرەتای ژیانی ئەو کەسانە لە دەرەوەی وڵات بوو، بە نیسبەت کوردەکانی باکوور و باشوور سیاسەت و حزبایەتی دەوری لە چێبوونی ئەو گرووپانەدا دەگێڕا.

لە ناو وڵاتەکانی ئەوروپا، ئەڵمان بە هۆی زۆربوونی کوردەکان و پێشینەی کۆنتر و بوونی دامودەزگای سەر بە کوردەکان، دەوری تایبەتی گێڕا. کوردەکانی باکوور، ڕۆژئاوا تیپی شانۆی تایبەت بە خۆیان پێکهێنا. لە سوێد و باقی وڵاتەکانی دی باشووربیەکان تیپی شانۆی خۆیان سازکرد، لەم ناوەدا ئاوابوونی ناوەندی شانۆی کۆچەر بە بەشداری هونەرمەندانی هەر چوارپارچەی کوردستان و کوردی تفلیس لە شاری کۆڵن، بۆ شانۆ دیاردەیەکی دەگمەن بوو. بوونی باڵەخانە و هۆڵی تایبەت بۆ شانۆ و شوێنی ئیداری و کارمەند و گرووپی منداڵان و لاوان و گەورەسااڵ، هاوکاری لەگەڵ ناوەندەکانی فەرهەنگی ئەڵمان و یەکێتیی ئەوروپا و وئەندامبوون لە دامودەزگاکانی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر بە ناسنامەی کوردییەوە، بەشداری لە فستیڤاڵەکان و ڕێکخستنی سمینار و فستیڤاڵ و بەرنامەکانی هونەری و فەرهەنگی و پێشکەش کردنی شانۆ و بەڕێوەبردنی کورسی شانۆ و زمان و جۆرەکانی هونەر، ناوەندی شانۆی کۆچەری کردبووە ناوەندێکی ڕەسمی باوەڕپێکراو کە لە ڕیزی شانۆکانی دیکەی شاری کۆڵن و ئەیالەتی نۆردڕاین وێستڤالن حیسابی بۆ دەکرا. دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ستۆدیۆکانی فیلم و دامودەزگاکانی ئیداری لە پێوەندی لەگەڵ کورد و فەرهەنگ و هونەری کورد، پێوەندییان بەم دەزگایەوە دەگرت، هەر لەو ڕێگایەوە کۆمەڵێک لە ئەندامانی کۆچەر وەک شانۆگێڕ و ئەکتەر بەشداریان لە شانۆی ئەڵمانی و فیلم و سێریاڵەکانی تەلەڤزیۆنی دەکرد. ئەم ناوەندە، بێجگە لە بەشی لێکۆڵینەوە ئەرشیڤێکی دەوڵەمەندی بۆ شانۆی کوردستان پێکهێنابوو. دواتر لە لایەن هاوڕێ زەنگەنە و برایم فەرشی، لە شاری کۆڵن گەاڵەی پێکهێنانی کۆنفرانسی شانۆکارانی کورد لە ئەوروپا دارێژرا، بۆ ئەوەی هەوڵەکان یەک بخرێن بۆ بە دەزگایی کردنی کاری شانۆکاران. بەڕێوەچوونی دوو کۆنفرانس لە ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ لە شاری میونیخ بە بەشداری کۆمەڵێک لە شانۆکارانی چالاکی نیشتەجێ لە وڵاتەکانی سوێد، نوروێژ، ئەڵمان، فەرەنسە، هۆڵەند، بەریتانیا و پێشکەش کردنی کۆمەڵێک سمیناری جددی، ئەو هیوایەی زۆر دەکرد کە لە ژێر چاودێری چەترێکی وا شانۆ بە زمانی کوردی گەشە بکات. دوای ساڵی ٢٠٠٧ بە ئیمکاناتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ناوەندەکانی نادیاری کوردستان لە دەرەوە کارگەلێک بە ناوی شانۆی کوردەوە کرا. هەمووی ئەو هەوڵانە لەسەر یەک نەبووە هۆی دروستبوونی "بزاڤی شانۆی کورد" لە دەرەوەی وڵاتدا.

هاوڕێ زەنگنە: بە دڵنیاییەوە بزاڤێک لە تاراوگە بەناوی شانۆی کوردی هەیە، بەاڵم کێ دەزانی ئەم بزاڤە چۆنە و کارەکتەری ئەم بزاڤە چییە و نووسەری دەقەکان کوردن؟ ئایا بابەتەکانیان باسی چی دەکەن؟ چۆن ئەو کارە ئەنجام دراوە؟ ئایا لە میدیاکاندا هیچیان لەسەر نووسراوە؟ ئەو شانۆگەریانە لەلایەن ڕۆژنامە و گۆڤارێکی شانۆییەوە بابەتێکی لەسەر نووسراوە و چی لە تاراوگە کراوە و چی لە تاراوگە پێشکەش کراوە و چۆن پێشکەش کراوە؟ چۆن تاراوگە بۆ وڵاتەکەیان گەنجینەیەکی هەمیشە ڕەونەقدار بووە، بەاڵم ئایا کوردستان توانیویەتی سوود لەم گەنجینە شانۆییە وەربگرێت؟ ئەو گەنجینەیە لە زانستگەی کوردیدا دەخوێندرێت، ئایا توانیویەتی لە زانستگەیەکی ئەوروپی خوێندنێک تەواو بکات...تاد؟ هەموو ئەمانە نەکراوە، بۆ؟ ئێمە وەزارەتێکمان هەیە لە

ناو وەزارەتەکەشدا بەرپرسێکی تەرخانکراوی بۆ شانۆ هەیە، ئەی بۆ نەیتوانیوە بەدوای شانۆکارانی تاراوگە بگەڕێت و بیاندۆزێتەوە. ئەی بۆ ئەو بەرپرسانە لە جیاتی بەدوای پسپۆڕانی کورد بڕۆن، چوون بەدوای عەرەبەکانی بەغدا ڕادەکەن؟ چەند ساڵ ئەم بابەتانە دوابکەوێت هێندە، ڕۆژ، یان هێندە مانگ، یان هێندە ساڵ زیان لە ئەدەبیاتی شانۆی کوردی دەکەوێت. ڕۆژێک کە مێژووی ئەم سەردەمە دەنووسرێتەوە، ئەو کاتە بەرپرسیارێتی کەسایەتییە لاوازەکان دەنووسرێتەوە.

لە قوتابخانەکان و لە پەیمانگاکان و لە زانکۆکان (بەشی زانستی شانۆ) یەکێک لە موحازەرەکانی بەتایبەت کە تەرخان کراوە بۆ شانۆی تاراوگەی ئەڵمانی، واتە شانۆی ئەکسیل، بە چەند ڕستەیەک باس لە هۆکارەکانی بەناچاری چوونی شانۆکارانە بۆ تاراوگە.

بزاڤێکی شانۆی کوردی لە تاراوگە، یان شانۆی ئەکسیلی کوردی خاوەن بزاڤێکی زۆر ڕەنگاوڕەنگە، ئەم ڕەنگاوڕەنگییە لە خاڵێکی زۆر پیرۆزدا خۆی دەبینێتەوە ئەویش: کارکردنە بۆ خاک و کولتوور و فەرهەنگەکەی. ئەم کارە بەهەستێکی زۆر دڵسۆزانەوە دەکرێ، سەرەڕای پەرشوبڵاوی لە هەر کونجێکی ئەم وڵاتەدا بێت. لەسەر شانۆی وڵاتانی تر لە ئەکسیل دەیان کتێب و نووسین و لێکۆڵینەوە هەیە، بەڵام لەسەر شانۆ تاراوگەی کوردی کۆنەکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەی زانستی لەسەر نەکراوە. بەڵێ چەند هەوڵێک دراوە، بۆ نموونە لەسەر ئاستی فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە بەرلین و ڤۆپەرتالی ئەڵمانیا و دوو کۆنفرانسی شانۆی کوردی لە شاری مینۆنشن، هەردووکیان لەسەر ئاستی پسپۆڕان سەرکەوتووبوون.

مەهدی جاف: لە تاراوگە هیچ بزاڤێک نییە ناوی شانۆی کوردی بێت، هەوڵەکان تاکەکەسین و ناو بەناو، گرووپی شانۆی کوردی لە کۆمەڵێک وڵاتان هەن، بەڵام وەک دامەزراوەیەکی حکوومی و خاوەن بەرنامەی بەردەوام نییە، ئەوەتا لە ستۆکهۆڵم شانۆی جوولەکە هەیە، ئەم شانۆیە لە حکوومەت هیچ پشتگیری و داهاتێکی بۆ نایەت، کەسێکی سەرمایەدار بەڕێوەی دەبات و یەکێکە لە شانۆکانی سوێد و چەندان شانۆکار و کارمەند لەو شانۆیەدا دامەزراون و بە بەردەوام کار دەکەن، ئێمە وەک کورد لە هیچ وڵاتێکی ئەوروپی شانۆیەکی لەو جۆرەمان نییە. ئەڵمانیا، هۆڵەندا و نەرویج هەروەک ئاگادارم تێکەڵاوییەک لە نێوان شانۆکارانی کورد و هی نەتەوەکانی تر هەیە و بەرهەمی هاوبەشیان هەبووە، ئەمانە وەک پرۆژە، مەبەستی من لە شانۆی جوولەکەکان ئەوەیە کە ئەوان خاوەنی ساختمانی شانۆیی خۆیانن، گەڕۆک نین و بەدوای هۆڵی شانۆییدا بگەڕێن بۆ نیشاندانی بەرهەمەکانیان و کارمەندەکانیان لەو شانۆیەدا دامەزراون.

* باشە ئەگەر ئەو بزاڤەی بەناوی شانۆی کوردی لە تاراوگەدا بوونی هەیە، ئایە ئەو بزاڤە شانۆییە گەیشتۆتە چ ئاستێک؟

فرمێسک مستەفا: ئەگەر شانۆی کوردی لە ناوەوەی وڵات لە تەنگژەدا بێت، بەشی دووەمی کە دوای ڕاپەڕینە لە دەرەوەی وڵات کەوتە دەستی ڕەوەندە شانۆکارەکانەوە. لەوێ تەنگژەکە گەورەترە، شانۆکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات تارادەیەکی زۆر بە تاک باڵی کاردەکەن و کردوویانە، سەرەتا بە تیپی ئارارات لە وڵاتی سوێد دەستی پێکرد، لە چەندین کاری شانۆیی هەوڵیان دا گۆڤارێکی شانۆیی دەربکەن، ئەوەی من ئاگادار بم چەند ژمارەیەکی گۆڤاری شانۆیان لێ چاپ کرد و وەستا. دوای ئەم گۆڤارە، گۆڤاری زانستی شانۆ لە ئەڵمانیا لەلایەن چەند شانۆکارێکەوە کاری بۆ کرا کە بەندە لە دەستەی بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری گۆڤارەکە بووم، ئەویش لەبەر خەرجی و نەبوونی پێداویستی گۆڤارەکە لە دوای سێ ژمارە وەستا. نەک هەر ئەوە، هەوڵدانێک دروست بوو لە پێکهێنانی گرووپی شانۆیی، ئەوانەی من ئاگاداریان بم لە چەند وڵاتێکی ئەوروپی وەک شانۆی لالش لە نەمسا، شانۆی میترا لە ئەڵمانیا لە نێوان شاری مونیخ و شتوتگارددا، لە شاری هانۆڤەر و بەرلین کۆمەڵێک شانۆکاری کورد کاریان دەکرد، هەروەها لە وڵاتی هۆڵەندا گرووپێکی تر دروست بوو، لەم ساڵانەی دواییدا لە بەریتانیا و دانیمارک کە بەگشتی لەوێ یەک دوو کار نمایش کرا و ئیدی بەرهەمیان نەما و شانۆکاران بڵاوەیان لێکرد، لەبەر سەختی بارودۆخی کارکردن.. باشترین ئەزموون ئەو فیستڤاڵانە بوون کە لە ئەڵمانیا دەکران، سەرەتا لە بەرلین و دواجار لە ڤۆپەرتال، هەنگاوێکی زۆر باش بوو بۆ کۆکردنەوەی شانۆکارانی کوردی دەرەوەی وڵات و بە یەکگەیشتنەوەیان بۆ بەرهەمهێنانی کاری شانۆیی، کە بەداخەوە تا ئێستا حکوومەتی هەرێم بیری لەوە نەکردۆتەوە لە دەرەوەی وڵات بە دوو ساڵ جارێکیش بێت ئەو جۆرە فیستڤاڵانە بۆ شانۆکارانی دەرەوە ساز بکات. ئەوسا دەتوانرا بۆ بەشداری پێکردنی لە

فیستڤاڵە نێونەتەوەییەکانی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی هەڵبژێرن، بۆ ناساندنی شانۆی کوردی بە وڵاتانی بێگانە، وەک چۆن لە ناوەوەی کوردستان ئەو هەنگاوە هەیە، با لە دەریشەوە هەبێت، چونکە لە دەرەوەی وڵات پانتاییەکی گەورەتر دروست دەکات و ئاشنایەتییەکە ڕاستەوخۆیە و لە بازنەی کوردستان دەچێتە دەرەوە. تا ئێستاکە دامەزراوەیەکی وا دروست نەبووە بۆ کۆکردنەوەی شانۆکارانی کورد لە تاراوگە تا کرۆکی تەنگژەکەی ناو کوردستانیش چارەسەر بکرێت.. لەم بارودۆخەی ئێستاکەی کوردستاندا، کورد دەبێت سوود لە ئەزموونی شانۆکارانی دەرەوەی وڵات وەربگرێت، تا بتوانرێ بهێنرێتەوە بۆ ناو کوردستان و ئەوانیش توانایی و ئەزموونی پراکتیکی و تیوری خۆیان ببەخشنە شانۆکارانی ناوەوەی وڵات.

برایم فەرشی: کاتێک باس لە بزاڤی هەر شتێک دەکەین، دەبێ مەبەستمان کارێکی بەردەوامی ڕۆژانە بێ کە پەیوەستە بە ژیانی بکەرانی ئەو کارە و ئەوانەی لەو بزاڤە سوود وەردەگرن. ئێمە لە دەرەوەی وڵات شتێکی لەو چەشنەمان نییە. شانۆکارانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات بەردەوام و ڕۆژانە خەریکی کاری شانۆ و دانوستاندن لە بارەی ئەو هونەرەوە نین. زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە کوردستان شانۆکار بوون، لە دەرەوە پێوەندییان بە شانۆوە نەماوە، کەمترین دیالۆگ و کاری هاوبەش لە ناو شانۆکارانی کورد لە دەرەوە دەبیندرێ. کوردی دەرەوەی وڵاتیش نە تەنیا ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە شانۆ بە زمانی کوردی نابینن، بەڵکو بە دەگمەن دەچن بۆ بینینی شانۆی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین. لە بارودۆخێکی وادا لەسەر چ بنەمایەک باس لە بزاڤی شانۆی کوردی دەکرێ؟

مەهدی جاف: هەر وەک ئاماژەم پێدا شانۆیەکمان نییە لەسەری نووسرابێت شانۆی کوردی و بەردەوام بینەرانی کورد و بیانی سەردانی بکەن و شانۆکاران بەردەوام کاری تێدا بکەن، بەڵام بەر لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشووری کوردستان، هەوڵێکی زۆر گەرموگوڕ و پەرۆش بۆ کاری شانۆیی هەبوو، لەبەر ئەوەی وەک هونەری بەرەنگاربوونەوە کاری زۆر باش کراوە، گرووپی شانۆی کوردی هەبوو، بەداخەوە ئێستا نەماوە و ئەوە چەند ساڵێکە هیچ بەرهەمێکیان نییە.

هاوڕێ زەنگنە: چۆنیەتی دیاریکردنی ئەم بزاڤە بەناسینی ئەم بزاڤە گرێ دراوە، ناسینی ئەم بزاڤەش بەستراوە بەوەی شانۆکارانی کورد بە جیهاندا پەرشوبڵاو بوونەتەوە، بەتایبەت لە ئەوروپا ڕەوەندێکی شانۆکاری زۆر هەیە، ئەوروپاش وەک هەر وڵاتێک کەم تا زۆر شانۆکارانی تێدا گیرساوەتەوە، بۆیە هەر وڵاتیک تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە، شانۆکاری کورد لە دەرەوەی وڵات لە ناوەندێکدا، یان لە سەندیکایەکدا کۆنەبوونەتەوە، دوو جۆر هەوڵی زۆر باش هەبوو، کە بۆ مێژووی شانۆی کوردی لە تاراوگە سەربەرزییەکی گەورەیان تۆمارکرد، کە بە شێوازی فیستیڤاڵ بوو، سێ فیستیڤاڵ لە ئەڵمانیا کرا (لە شاری بەرلین و شاری ڤوپەرتاڵی ئەڵمانیا)، ئەوەی دووەم شێوەی کۆنفرانسی شانۆیی بوو، کە کۆنفرانسی یەکەم و کۆنفرانسی دووەم لە شاری میونشن سازکرا.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانم بڵێم شانۆی کوردی لە ئاستێکدایە، کە بە شێوازی جۆراوجۆر دەوڵەمەند کراوە.

یەکەم: نمایشی شانۆیی: نمایشی شانۆیی ڕەنگاوڕەنگ پێشکەش دەکرێن. ئەم شێوازەش ڕەنگاوڕەنگە خۆی لە نمایشی وەک:

١- شێوازی نمایشی شانۆی مۆدێرن.
٢- نمایشی شانۆی کلاسیکی.
٣- نمایشی پێرفۆرمانس.
٤- شانۆی سەمایی.
٥- شانۆی تەعبیری سەمایی.
٦- شانۆی نیوکولتووری.
٧- شانۆی پووپەی.
٨- شانۆی منداڵان.
٩- شانۆی فۆرم تیاترە.
١٠- شانۆی پێداگۆگی.
١١- شانۆی پانتۆمیمی.

دووەم: شێوازی وۆرک شۆپ. ئەنجامدانی وۆرک شۆپی جۆراوجۆر لەلایەن پسپۆڕانی شانۆی کوردەوە. بۆ نموونە: ئەنجامدانی:

١- وۆرک شۆپی شانۆیی فۆرم تیاترە بەشێوەی پسپۆڕی.
٢- وۆرک شۆپی پووپەیی.
٣- وۆرک شۆپی ناسینی جەستەی خودی ئەکتەر.
٤- وۆرک شۆپی شانۆی نیوکولتووری.
٥- وۆرک شۆپی شانۆی پێداگۆگی.
٦- وۆرک شۆپی چۆنیەتی نووسینی شانۆی منداڵان.

سێیەم: نووسینی تێکستی زانستی سەبارەت بە شانۆ

و بڵاوکردنەوەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا.

چوارەم: گرتنی کۆڕ و سیمینار سەبارەت بە شانۆ و بزاڤی شانۆی کوردی.

پێنجەم: گفتوگۆکردن لەسەر شانۆی کوردی لە دانیشگاکاندا (بۆ نموونە ئەڵمانیا. دانیشگای مەکسمیلیەن ئونیڤێرستی میونشن)

شەشەم: بڵاوکردنەوەی کتێبی زانستی بەزمانی ئەڵمانی لەسەر شانۆی کوردی.

حەوتەم: بڵاوکردنەوەی نووسینی زانستی لەسەر شانۆی کوردی بەزمانی ئەڵمانی لە گۆڤاری پسپۆڕی جیهانی بەزمانی ئەڵمانی.

هەشتەم: نووسینی نووسەرانی ئەڵمان لەسەر شانۆی کوردی، بە زمانی ئەڵمانی.

نۆیەم: سەفەرکردنی گرووپە شانۆییەکان بۆ وڵاتانی جۆراوجۆری دەرەوەی ئەورووپا.

دەیەم: کارکردن لەگەڵ شانۆکارە بەناوبانگەکانی جیهان، بۆ نموونە لەگەڵ ئەوگوستۆ بوال کە پێش کۆچکردنی بۆ ماوەی ١٠ ڕۆژ بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەک کاری لەگەڵ کرا، هەروەها شانۆکاری تر لەگەڵ ئاریانە منوشکینی و دیداری شانۆیی لەگەڵ پیتەر بروک، ڕەنگە چەندین کاری تر هەبن من ئاگاداریان نەبم، ئەمە بە شێوەیەکی گشتی، بەشێکی بچووکی ئەو بزاڤەیە کە هەوڵم دا بیخەمە بەردەستی خوێنەران، دڵنیام زۆری تریش هەیە، ڕەنگە بە ڕێزەکانی تر باسی بکەن.

ئەنوەر قادر ڕەشید:

لە ڕاستیدا هەندێ بەرهەمی کوردی پێشکەش کراون، کەمێک بینەریشیان هەبووە، چونکە زۆربەی زۆری بینەرانیان کورد بوون و بە دەگمەن بیانییان تێدابووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمی باش و خراپ وەک لە کوردستان بەرهەمهێنراون، ئەمە وەک بەرهەمی کوردی، چونکە لە ڕاستیدا ڕەوەندی کوردی لە تاراوگەش هەر ئەو کەسانەی کوردستانن و شانۆ بەلایانەوە پێداویستییەک نییە، دەتوانم بڵێم چوون بۆ ئاهەنگێک، یان کۆنسێرتێکیان زیاتر بەلاوە گرنگە وەک لە شانۆ، دیارە ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە کە پاش ماندوبوونی کار و گوشاری نامۆیی، پەنابەرن بۆ ئاهەنگێک بەرن بۆ یەکتر بینین و بەسەربردنی کاتێکی خۆش بە هەڵپەڕکێ و...تاد، بەڵام شانۆکار ئەو دەرفەتەی نییە ماوەیەکی درێژ پرۆژە بکات و هۆڵ بەکرێ بگرێ و کارە هونەرییەکانی لە گیرفانی خۆی سەرف بکات و بینەریشی ئەوەندە نەبێ کە دڵی پێ خۆش بکات، چەند شانۆکارێک ئەو ئەزموونەیان هەیە و پێیدا تێپەڕیون، بەڵام لە ڕاستیدا نموونەیەکن لەوانەی کوردستان بە چاک و خراپییەوە.

* ئێمە لەو باوەڕەداین بزاڤێکی شانۆیی لە دەستپێکی سالانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە پچڕ پچڕی سەرەتا لە سوێد دەستی پێکرد، دوای ڕاپەڕینیش هاتنە دەرەوەی دەستەییەکی دی لە شانۆکاران و هەندێک پسپۆڕی بواری شانۆی کوردی بۆ ئەوروپا، ئەوەندەی پێنەچوو بزاڤێکی بەهێزتر سەری هەڵدا و ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بڕەودا بوو، دەتوانین بڵێین ئەو بزاڤە شانۆییە قۆناغی دووەمی شانۆی کوردییە لە تاراوگەدا، کە توانیویەتی بوونی خۆی بسەلمێنێت، ئێوە لەو بارەیەوە ڕاوبۆچوونتان چییە؟

برایم فەرشی: ئەوەی هەبوو بزاڤی شانۆیی نەبوو، پێشکەش کردنی کۆمەڵێک شانۆ بوو، تەنانەت لەو چەند فیستیڤاڵەی کە ئەو کات لە بەرلین و وپرتاڵ و شوێنی دیکە ساز کرا، کە دەبوو ڕەنگدانەوەی ئەو بزاڤە بێ، نە کەس باسی لە بزاڤی شانۆی کوردی لە دەرەوە دەکرد، نە کارەکان ئاستێکی وایان هەبوو کە بڵێین ئەوە ئاستی "شانۆی کوردی" بوو، تەنانەت ئەو شانۆنامانەی کە لە یەکەم فستیڤاڵی شانۆ لە بەرلین پێشکەش کران، هەر هەموویان هی یەک شاری باشووری کوردستان بوو، بەوە گوترا "یەکەم فیستیڤاڵی شانۆی کوردی"! هەر ئەو کات من لە وتوێژێکی تەلەڤزیۆنیدا باسی ئەوەم کرد، کە شانۆی یەک وڵاتی چەند پارچە لە شارێکدا کۆنابێتەوە، بەڵام کە مەبەست شتێکی تر بێت، گرووپێکیش دەتوانێ بە ناوی هەموو شانۆی کورد و کوردستان و بزاڤی شانۆ لە دەرەوەی کوردستان قسە بکات. ئەم چەشنە بۆچوونە لە هەموو بوارێکدا بە تایبەت هونەر و لەوانەش شانۆ دەبینرێ. هەر لەو گۆشەنیگایەوە بەشێک لە شانۆکارانی باشوور بەر لە "ڕاپەڕین" دەوری خۆیان دەبینی، تەنانەت ئەو کتێبانەی کە لێرە و لەوێ لە سەر شانۆی ئەو سەردەمەی باشووری کوردستان نووسراون، ئەم فیکرە بەسەر نووسەرەکانیاندا زاڵە، من بزاڤی شانۆی کوردی کە قۆناغ بە قۆناغ بووبێ، ناتوانم بسەلمێنم. سەردەمێک هەر بە عەقڵییەت و شارەزایی کوردستانەوە، لە شارەکانی ئەورووپا شانۆ بە زمانی کوردی پێشکەش کراوە، بەڵام هیچ نووسراوە و هەڵسەنگاندن لە سەر ئەو کارانە بۆ ئەمڕۆ بەجێ نەماوە. هەر ئەودەم من لە وتارێکی

دووروودرێژدا کـه له گـۆڤـاری ئاوێنه له تاران چاپ کـرا، باسی ئەو سـەردەمی شـانۆی کـوردەکـانم له ئەوروپا کردووه، بەڵام ئەو وتارەش هەڵسەنگاندن نەبوو.

ئەنوەر قـادر ڕەشـیـد: هاتنی شـانۆکـارانی پسـپـۆڕی بوارەکەی خۆیان بە شێوازێکی تر خۆی نواندووە، چونکە شـانۆی بێ بینەر، یان کـەم بینەر، بواری کـار کـردن بەرتەسک دەکـاتەوە و دەبێتـە بەربەست لە ڕێی هەوڵ و خواستەکانی شانۆکار، بەڵای خۆمەوە ناتوانم لەم ئەوروپا گەورەیەدا سـاڵێ چەند بەرهەمـێکی شـانۆیی (بەدەر لە لایەنی هونەری و نا هونەری) بە بزاڤی شـانۆیی ئەژمـار بکەم، هەر ئەوەش وای کـردووە شـانۆکـارانی کـورد پەنا بەرنە بەر گـرووپە بیانییـەکان، یان خۆیان وەک گـرووپی جیهـانی (بە کەڵک وەرگرتن لە کولتـووری ڕۆژهەڵاتی) کار بکەن. ڕاستە چەند گـرووپێکی شانۆیی کوردی هەن، بەڵام بە ناچاری بە پێـوەرەکانی کـوردسـتـان کـار دەکـەن، چونکە ئەو سـیسـتـمـە بازرگـانییـەی شـانۆی پیشـەیی لە ئەوروپا کـاری پێ دەکـا بۆ گـرووپێکی کـوردی ڕەخسـاو نییـە، هۆکارەکـەشی ئاشکرایە کـە لایەنی بەرهەمـهـێنی شـانۆی پیـشـەیی بەر لە هەمـوو شت بیـر لە قـازانج دەکاتەوە و مەبەستێتی داهاتێکی باشی بۆ دابین بکات، بۆیە شانۆکاری کورد ناچارە بە هەمان مەرج و بوارەکانی وڵات کارەکانی نمایش بکات و نەتوانێ بەتەواوی کەڵک لە بواری بەرهەمـهـێنان و هۆڵی شیـاو و تەکنیکی نوێ وەرگرێ.

مەهدی جاف:لە سەرەتای سالانی هەشتا تا کۆتایی بۆ نموونە لە سوێد (تیپی شانۆی ئارارات) و(تیپی شانۆی کـوردی لە دەرەوەی وڵات لە سـوێد) لە یەک کـاتدا لە شاری ستۆکهۆڵم هەبوون و چەندین بەرهەمیان پێشکەش کردووە و بینەریان هەبووە و کاریگەریشیان لەسەر بینەر و بزاڤی شـانۆ هەبوو، ئەم دوو گـرووپە هەر بە ناو مـاون، هەر کـاتێک بیـانەوێت کـار لە درامـایەکدا بکەن، ئەوە دەبێـتـە درێژەدان بە مـێـژووی ڕابردوویان، لە شـاری یۆتۆبۆری لە سوێد تیپی شانۆی کوردی هەیە و ناو بەناو بەرهەمیان هەیە. لە پاش ڕاپەڕینەوە کە شانۆکاران لەبەر شـەڕی ناخۆ و ترسی برسێـتی و ڕیسـوابوون ڕوویان لە ئەوروپا کـــرد بەو ئـومـــێـــدەی درێژە بە توانایی و ئەزموونەکانیان بدەن، بەڵام ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت بوونەوە، من ئەم بابەتەم بەر لە ١٢ سـاڵ، واتە سـاڵی ٢٠٠١ کردە باسێک و لە فیستیڤاڵی یەکەمی شانۆی کـوردی بە ناوی گـیـروگـرفـتـەکانی شـانۆکـارانی کـورد لە هەندەران پێـشکەش کـرد، پاشـان لە گـۆڤـاری (ڕامـان)دا بڵاو کـرایەوە، لە کـۆتایی سـاڵانی نەوەدەکـانـەوە سێ فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە ئەڵمانیا بەڕێوەچووە، هەر جارەی سێ ڕۆژ بوو، ڕۆژی بەلایەنی کەم سێ شانۆگەری پێـشکەش دەکـران، ئەو شـانۆگـەریانە زۆربەیان بەرهەمی ئەو شانۆکارانە بوون کە ئێوە ئاماژەتان پێیان داوە، کە لە پاش ڕاپەڕینەوە هاتنە ئەوروپا، بەرهەمـەکـان زۆر ئاست بەرز و جێگای دڵخۆشی بوون، هەر بەرهەمێکی بەناوی گـرووپێکی شـانۆی کـوردی ئەم وڵات و ئەو وڵات بوو. بڕبار بوو ئەو فـیـسـتـیـڤـاڵە هەمـوو سـاڵێک بکرێت، بەداخـەوە نەکـرا، ئەوەش دەرگـایەکی لەسـەر شـانۆکـاران داخست کـە سـاڵانە بەهۆی بەرهەمـەکـانیـانـەوە لە یەکـتـر کۆدەبوونەوە.

هاوڕێ زەنگنە: سـەلماندنی بزاڤی شـانۆی کـوردی لە تاراوگە چۆن دەبێت؟ تاراوگە، یان ئەکسیل، هەموو ئەو وڵاتانە دەگرێتەوە، کە شانۆکاری کوردی تێدا نیشتەجێ بووە، بەتایبەت هەموو ئەو شانۆکارانە دەگرێتەوە، کە وەک نارازییـەک دژی ڕژێمی عـیـراقی پێـشـوو وڵاتێکی تریان بۆ درێژەدان بە خەباتی خۆیان هەڵبژاردووە. لەبەر نەبوونی ناوەندێکی شانۆیی، یان دەزگـایەکی شـانۆیی، کـە لەسـەر کـەمـیی ناوی شـانۆکـارانی کـورد، کـارە هونەرییـەکـانیـان تێـدا ناونووس بکات. من بە چاکی دەتوانم لە بارەی بزاڤی شانۆی کوردی لە ئەڵمانیا و ئەو شانۆکارە کوردانەوە قسە بکەم، کە لە ئەڵمانیا توانیویانە لە بزاڤی شـانۆی کـوردیدا ڕۆڵیـان هەبێت، یان کـاری شانۆیان کردووە. ئەو بزاڤە تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی لە چەند بواریکدا لە چاو وڵاتانی تر خۆیان بە شێـوەیەکی زانسـتـی و هونەری لە ناو مـێـژووی شـانۆی کـوردی ئەم وڵاتەدا، شوێنێکی شایستـە بۆ خۆی دیاری بکات. ئەو هەوڵەش لە سـەرووی هەمـوو شـتـێکەوە بۆ چەند هۆیەک دەگـەڕێـتـەوە، ئەوەش بە خـوێندنی زانسـتـی شـانۆ لە دانشگاکـانی ئەڵمـانیـا کـراوە. لەلایەکی ترەوە بە پێشکەش کردنی کار و بەرهەمی شانۆییەوە. بەمەرجێک ئەو کـار و بەرهەمـە توانیبـێـتـی ڕێچکەیەکی زانسـتـی و ئەکـادیمی لە خـۆی بگرێت، تا بـتـوانێت لە نێـو چەندین بەرهەمی شـانۆیی ڕۆژانەی شـارەکـەدا خـۆی بگەیەنێـتـە بـیـنـەران و هەنگاو بـنـێت بەرەو هەڵســـەنگاندنی لە ڕۆژنامەیەکی ئەڵمانیدا.

دوو گـۆڤاری بەناوبانگی شانۆ هەیە، تەنیا تایبەتە بە شـانۆ. ئەم گـۆڤـارە کـۆنـترین و بەناوبانگـترین گـۆڤـاری

ئەڵمانیایە، کە لە ساڵی ١٩٤٦ مانگانە دەردەچێت. زۆربەی شانۆکارە بەناوبانگەکانی ئەڵمان و جیهان بەرهەمی نووسینیان تێدا بڵاوکردووەتەوە و پێنج پرۆفیسۆر و کەسانی شارەزا ڕاوێژکاری ئەم گۆڤارەن. هەموو ژمارەکانی ئەم ٦٦ ساڵەی لە کتێبخانەکانی زانکۆکان پارێزراون. بۆ نموونە نمایش کردنی دایکە ئازاکەی بریخت و وێنەی نمایش کردنەکەی تێدایە. بۆ یەکەم جار کوردێک لەو گۆڤارەدا لە بارەی شانۆ کوردی بەرهەمی نووسینی زانستیانە بەزمانی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە، تا ئێستا سێ جار من لەو گۆڤارەدا نووسینم بڵاو کردۆتەوە. ئەو کەسەی لەو گۆڤارەدا بابەت بنووسێت و بڵاو بکرێتەوە، ئەوە ناوەکەی دەچێتە ڕیزی ناوی ئەو نووسرانەوە، کە لەلایەن شارەزایان و نووسەرانی ترەوە بە ناوەکەی ئاشنا دەبن و بابەتەکەشی دەناسرێت.

بێجگە لەوەش لە ڕۆژنامەی زوید دوێچە تساتۆنگی ئەڵمانی بۆ یەکەم جار لاپەڕەیەکی تەواوی لە بارەی شانۆی کوردی تەرخان کرد، کە لەلایەن ئەکتەری ئەڵمانی و ئەوروپییەوە بەرهەم هێنراوە، لەوێ بە دووروودرێژی لە بارەی ئەم شانۆگەرییەی بڵاوکردەوە و باسی ئەو شێوازی دەرهێنانە جەسوورەکەی دەکات، کە لە شاری داخاو ئەو شارەی هیتلەر فڕنی کوشتاری سەیری بۆ زیندانەکان دروست کردبوو، ئێستا بووە بە شوێنێکی مێژوویی. هەموو خەڵکی لە تەواوی دنیاوە بۆ سەیری ئەم شوێنەواره مێژوویی دێن، هەروەها لە ڕۆژنامەی ئابند تساتیونگ و ڕۆژنامەی تاگس تساتونگ و ڕۆژنامەی میونشنە میرکورو بابەتیان لەبارەوە بڵاودەکرێتەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەڵمان هەر لە ساڵی ١٩٨٨وە لە ڕێگەی نووسین و بەرهەمە شانۆییەکانەوە بە هونەری شانۆی کوردی ئاشنا بووە، بۆ نموونە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٨ لە دوو ڕۆژنامەی بەناوبانگی شاری هانۆڤەر، ڕۆژنامەی هانۆفەریشە ئەلگماین و ڕۆژنامەی نویە پرێسە بە ناوی (هاوڕێ تەنیا لەسەر سەکۆ نمایش ناکات) بابەتێکیان بڵاوکردەوە، ئەو بەرهەمە شانۆییە بەناوی (من بۆ ئازادی خۆم نەهاتووم، لە نووسینی فرانک مارتین و هاوڕێ زەنگەنە) لەلایەن خاتوو ڕووت شیدەوە دەرهێنراو هاوڕێ زەنگەنەش ڕۆڵی سەرەکی ئەو شانۆگەرییەی بینی، ئەم بەرهەمە لە چەندین شاری ئەڵمانیادا نمایش کرا.

ئەم ئاشنایەتییە تەنیا لەنێو کورددا نەبوو، بەڵکو هەنگاوی بۆ ناو شانۆی کولتووری ئەڵمانی ناوە، بۆیە من لێرە سەرنجێکم هەیە، هەنگاوێکی زانستی بۆ چەسپاندن و ئاشنا کردنی شانۆ بە کۆمەڵگای ئەوروپی، بەتایبەت ئەڵمانیا، بۆیە دەتوانرێت ئەڵمانیا بە پێشڕەوێکی ئاشناکردنی زانستییانەی شانۆی کوردی بداتە قەڵەم. بێ گومان بە هاوکاری ئەو شانۆکارانەی تر، کە لەو وڵاتانە خوێندنی شانۆیان خوێندووە، وەک نەمسا (ئوتریش) و سویسرا، کە بەزمانی ئەڵمانیش قسە دەکەن. بۆ نموونە ئەم بەڕێزانە (دڵشاد ئوقمان و خاتوو نیگار قەرەداغی و ساڵح و شەماڵ عومەر و خەرمان هیرانی و هیرۆ سەباح و کاروان عومەر...تاد ڕەنگە کەسی تر هەبێت، بەڵام من ئاگاداریان نەبم، من تەنیا باسی ئەڵمانیا دەکەم).

کەسانی تر لە فەرەنسا وەکو هونەرمەند د. شوان جافر و هونەرمەند سەرکاو هادی و کەسانی تر لە هۆڵەندا و لە سوێد و بەریتانیا و...تاد هەن.

"مردن یان مان؟" ئەمەیە کێشەکە

خوێندنەوەی (بمبووره مەرگ تکایە)

موراد ئەعزەمی
(شنۆ)

بمبووره مەرگ تکایە، ڕەوایەتێکی ژینەمەرگانەیە، لەپێوەندی نێوان من وتۆدا. لەیەکەم هەنگاوی ئەم ڕەوایەتەدا، دوو ئەڵقەی من و تۆ بەدوو وێنەی مەرگ ڕێزەوە تێک دەهاڵێن:

بەناخمدا مردن پەنجەرەیەکە
بەڕووی پشتتدا ئاوااڵە
بەناختدا شووشەیەک لە سامااڵ
بەکاولاشەکانمەوە
ئاوەدان
بجریوێنە بە پیتەکانی منەوە
تا باڵندەیەک بنووسم
دڵۆپ دڵۆپ
لەدەستمدا...
کچم باران! (ڕامان/ ژ١٧٩/ ل٣)

سەرەتا من ئاوا پێ دەنێمە ناو دنیای مەرگاوی دەقەوە: مردن پەنجەرەیە، پەنجەرە، میتافۆرێکە بۆ ڕوانین، ڕوانین بەرەو دیمەن و دنیا و دیاردەکانی. بەرەو بەربڵاوبوونەوەی هەتەری ڕوانگە و مەعریفە، بەاڵم ئەو پەنجەرەیە لە ناخی منداا، هی مردنە، خودی مەرگە. فرۆید دەڵێ، دوو هێز لەناخی ئێمەدا، لەسەرەتای ژیانەوە تا کۆتایی، ململانێیانە، هانمان دەدەن ببزوێین و بجووڵێین و نەوەستین، یەک بەرەو هەرمان و ئەوی تر بەرەو نەمان. ئیرۆس، بەرەو ژیان و نەفەوتان و ئەوین و چێژ و هەرچی چێژبەخشە هانمان دەدات، کەچی جمکەکەی، تاناتوس، ڕامان دەخوشێنێت، بەرەو دارمان و دەرد و خەفەت و فەوتان و شەڕ و فەوتاندن و ڕق و کینە و هەرچی سەربەمەرگ و فەوتانە. ئێستا، ئەوەی زاڵە لە منداا، مەرگە، لە قەوارەی پەنجەرەدا. پەنجەرەیەکی ئاوەاڵ، بەرەو تۆ، بەاڵم نەک ڕوو لەتۆ، کە بە ڕووی پشتتدا، کە تۆ پشتت لە من و پەنجەرەی مەرگە، واتا هەم لە من و هەم لە مردن ڕووت وەرسوورێاندووە.

بەاڵم تۆ، کە ڕووگەردانی لە من و مەرگ، بەناختدا شووشەیەک لە سامااڵە. شووشە، هەم دەلوێ جامی پەنجەرە بێت (شایەد پەنجەرە وێرانەکەی من) و هەم دەفرێ لە جام (بۆ مەی، شایەد؟)، بەاڵم شووشەی ناخی تۆ، سامااڵە، هێمن و ئارام و تژی لە سووکنایی، هەڵبەت ئاوەدان، ئەگەر من جەمسەری تاناتوس و دراوسێی مەرگ بووم، تۆ شووشەیەک لە ئارامشی و ئاوەدان و خزمی ژین و ئەوین و جەمسەری ئیرۆس، بەاڵم ئاوەدان بەچی، بەکاولاشەکانی منەوە. وێرانی من، ئاوەدانی

یوونس ڕەزایی

تۆیە. کەوا بوو، پێناسە و شێوەی پێوەندی من و تۆ دیاری کرا، پێوەندییەکی پتەو، بەڵام دژبەر. هەڵکشانی یەک دابەزینی ئەوی تر، کە لە جیهانی ئەم دەقەدا، ئەوەی دابەزیوە من-ەو ئەوەی هەڵکشاوە تۆ. بڵێی ئەم دوو جەمسەرە، کە هەرتک وزە سەرەکییەکەی پێکهاتەی ڕوحی و ڕەوانی تێدایە، هەر یەک کەس و ئەویش خودی ڕاوی نەبێت، کە خەریکە وتوویژی دەروونی ئەم دوو وزەیەمان بۆ دەگێڕپتەوە و کێشەی ئەزەلی و ئەبەدی نێوان ئەم دوو جمکەمان بۆ ڕەوایەت دەکات؟

هەڵبەت وتوویژەکە، لەدەقدا یەک لایەنە و ئێمە هەر دەنگی من- ڕاوی دەبیستین و دەنگی تۆ- ئەوی تر، لەوبەر دنیای دەقدا ماوەتەوە و نەگەیشتووەتە ئەم ڕووبەرە، شایەد لەبەر ئەوەی پەنجەرەی مردنی من، بەڕووی پشتتدا ئاوالّەیە، نەک بەرەو ڕووی تۆدا. واتا کە تۆ بڕۆی، پەنجەرەی مەرگی ناخی منیش دەبێتەوە و دیارە ئەودەم ساتەوەختی مەرگی منە.

پێوەندی نێوان من و تۆش، ئاوا وێنا دەکات، کە لە هەنگاوی دووەمدا، من یەکسەر دەپەرژێتە داخوازییەک، ڕوو لە تۆ:

"... بجریوێنە بە پیتەکانی منەوە
تا بالّندەیەک بنووسم
دڵۆپ دڵۆپ
لە دەستمدا...
کچم باران... !"

ئەم دێڕانە، بارودۆخی من و تۆن لەحاند مەرگ و بەرانبەر یەک و لە چوارچێوەی دەق، واتا پیت و نووسیندا. داخوازییەکی تەواو ناپایدار و سست وەک ژیان و نادیار و خزیلک وەک مەرگ، ئاراستە دەکرێت. ئەمر بە جریواندن، واتا جۆریک هەناسەدان و ژیان، بەو پیتانەی من کە بالّندەیەکم نووسی، دڵۆپ دڵۆپ لەبەری دەستمدا. کە بالّندە بە کەمترین دەنگ و جوولّە هەڵدەفڕێت و ئاویش دڵۆپ دڵۆپ لە لەپی دەستدا، بەخێرایی دەبێتە هەڵم و هەڵدەکشێت (شایەدیش ئەوە خوێنە بووەتە جەوهەری قەڵەم لە لەپی دەستمدا و دڵۆپ دڵۆپ هەڵدەکشێت و بەرەو مەرگ هەڵدەفڕێت؟). ئەو بارودۆخە ناپایەدار و خزیلک و ڕەش و مەرگاوییە، یەکسەر فەزایەکی بارووکیشمان وەبیر دەخاتەوە.

دوای ئەم فەزا مەرگاوییە تۆخە، لە پتر بەردەنگێکی تژی لە ژیان سەرهەڵدەدات:

کچم باران!

کچ + باران، هەرتک ڕەمزی ژیانەوە و زاووزێ و سەوزبوونن. ژیان دوو قات بووەتەوە.

هەر بەم شێوە، مەرگ پتروپتر، بەدرێژایی دەق بڵاو دەبێتەوە و هەر جارە و وێنەیەک لەمەرگ و هەر کەڕەتەش بە ڕەنگێک لە دەلاقەی مەرگەوە، ڕەوایەتی خۆی و تۆ و دیکەی دیاردەکانی تەداعی کراوەکات، لەکۆتاییشدا فۆرمی ئۆرگانیکی سەربەمەرگ سەرهەڵدەدات.

لە کۆپلەی دووەمدا، دیاردەکان وە جوولّە و حەرەکەت دەکەون:

مەرگ ئەنگوستەکانی لە چاوم دەسوێ
ڕۆژێک کە هەڵدێم بە ئاسۆوە وێرانتر
شەقامیش مەست
دەجریوێنێ
لە پێستتدا

ئەم جارەیان، مەرگ، وەک ساحیرێک، ئەنگوستەکانی لە چاوی من دەسوێت، بەڵام کەی؟ ئەودەم کە ڕوو لە ئاسۆ هەڵدێم، وێرانتر. وێرانی بەر لەمە لە قەوارەی کاوەلاشەوە، هی من بوو، کە تۆی پێوە ئاوەدان ببوو، کە

وابوو، ئێستاکە مەرگ ئەنگوستی لە چاوم دەسوێ، بینایيم، ئەو وزەیەی بەر لەمە لە پەنجەرەکەیەوە بەو دەمڕوانییە مەرگ و جیهان و تۆوە، واتا جیهانبینی منی پێک هێنابوو، کوێر دەبێتەوە. کەی؟ ئەو ڕۆژەی تەمام گرتبێ بەرەو ئاسۆ، بەرەو جیهانێکی بەربلاوتر و ڕەهاتر، ڕاکەم، کەچی من ئیزنم نییە، ئەوە ناوچاوانی منە، کە وێران بم، تاوەکو تۆ ئاوەدان بیتەوە(بە داکشانی ژیان/ ئیرۆس، مەرگ/ تاناتوس هەڵدەکشێت) .

لە بەرانبەردا، هەر ئەو دەمەی هەڵاتنی من بە دەست مەرگەوە کوێر دەبێتەوە، جریواندن، کە بەر لەمە هی تۆ بوو و بالّندە و ژیان، لە دەمی شەقامێکی مەستدا، واتا ڕۆیشتن و سەفەر و نەوەستان و ئازادییەکی سەرخۆشانە، لە ژێر پێستت دەخزێ و لەگەڵ تێکەڵاو بوونی دوو هەستی بیستیاری و لێ سوان، مۆسیقای ژیان دەچڕیت.

...

ئەنگوست، جریواندن، مەستی، بالّندە، سامالّ، مەرگ...، ماسی ئاسا، لە ڕووبەری ڕووباری دەقدا، بەردەوام نوقم دەبن و وەسەر شەپۆلان دەکەون، بەڵام هەرجارەی کە نوقم دەبن، بەدەم تێپەڕین بە جیهانێکی سیحراوییەوە، دواجار کە وەسەر ئاو دەکەونەوە، دەگۆڕێن و ڕوحێکی دیکەیان وەبەر دەنرێت و دووبارە پێوبستە کەشف بکرێنەوە. ئەوە بەسەرهاتی واژە و چەمکەکانن، لە بەستێنی دەقەکانی داهێنەرانەی لە گوێن دەقی شیعری یۆنس ڕەزاییدا.

"... بە ناخدا مردن پێدەشتێک دەنووسێتەوە بەرین
کە دەستت ئاوابێ لەوێ
بەرەو دۆزەخێک لە هەناومدا..."

ناخ، مردن، نووسین، دەست، چوار (واژە- ماسی)ین، کە بەر لەمە لە سەر ڕووخی دەق دیبووماں. بە ناخمدا بەر لەمە، مردن پەنجەرە بوو، بە ڕووی پشتی تۆدا ئاوالّە، نووسین کە هی من بوو، ئێستا مردنە کە دەنووسیت، من لە بەری دەستمدا، بەڵام مردن، بەقەرا پێدەشت بەرین و هەراو. کامێرای جیهانبینی و هەتەری ڕوانینی دەق، کە بە شێوەی مەجازی پاژ بۆ گشت، بەر لەمە لەسەر پەنجەرە و شووشە و دەست و ئەنگوست، دواییش بەرەو ئاسۆ و شەقام داخرابوو، ئێستا پانۆرامای پێدەشتی بەرینمان بۆ وێنا دەکات، بۆ ئەوەی هەست بە دەسەڵاتی بەربلاوی مەرگ بکەین، شایەد!

نووسین هی من بوو بەر لەمە، کە سەر بە جەمسەری فەوتان بووم و مردن، ئێستا هی خودی مەرگە. نووسین، ڕەفتارێکی داهێنەرانەیە، دژ بە فەوتان و نەمان، کەچی دەق داویەتی بە مەرگ، من کە مەرگ لەتەکما دەژیت، مەرگ دەنووسمەوە، بۆ ئەوەی هەرمان بم و نەفەوتێم!!، ئەوە دژوازیی سەیری ئەم جیهانەو گاڵتەی خیلقەتە، بە خوڵقاوەکانی.

مردن بە نووسین تەواوی پێدەشتم لێ دەتەنێتەوە، کە تۆش یاریدەی خۆتم لێ درێغ کەی، بە ئاوابوونی دەستت، کە مەجازێکە بۆ یاریدە و دەهانا هاتنت. ئیتر هەناوی من و تەواوی دەروون و ناخ و ڕوحی من، کە بەر لەمە لانی کەم پەنجەرەیەک بوو ڕوو لە پشتت، یەکسەر دەبێتە دۆزەخ، بەڵام سەیر لەوەدایە، ئەم دۆزەخە تۆش دادەگریت، لەبەر ئەوەی تۆ (دەستی تۆ)، هەتاوئاسا، لە ئاسۆی پێدەشتی ناخی منداً، کە سوور هەڵگەڕاوە بەدەم نووسینی مەرگەوە، یان بەدەم هەڵچۆڕانی دڵۆپ دڵۆپی خوێنی لەپی دەستم لە کاتی نووسینی تۆوە؟)، ئاوا دەبی و لەم دۆزەخەدا نوقم.

"... جێم مەهێڵە
حیلەت تەڕەو
جریوەم مەست
وەرزەکانیش لە سنووری بالّندەوە
لە هێلانەیەک سامالّ دان،..."

لەم کۆپلەیەدا، من/ مەرگ/ ڕاوی لە تۆ/ ژیان/ بەردەنگ، دەخوازیت کە جێی نەهێڵیت. یەکەم و تاقانە داخوازی ڕاستەوخۆی من/ مەرگ، بەرانبەر تۆ/ ژیان.

تۆ،حیلەت تەڕە و من جریوەم مەست. دا وەرسووڕێینەوە سەر خودی دەق و مەزەندەی دەلالەتەکانی ئەم دوو وێنەیە دیاری بکەین.

حیلەی تەڕ، یەکەم و دواییِن بارە پێ دەنێتە ناو ئاقاری دەق، کە وابوو سەرەتا دەلالەتەکانی زاتی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ واژەو ڕێکەوەند و ڕستەکانی دەوروبەری دێنینە بەرباس:

حیلە= ئەسپ= نەجابەت=ڕەسەنایەتی= حەرەکەت= جوولّە= ژیان،

تەڕ= ئاو= بارانە= ژیان.

کە وابوو ژیان لەم دێڕەدا سێ قات حزووری هەیە:

حیلە= ژیان/ تۆ= ژیان/ تەڕ= ژیان

کەچی جریوەی مەست، ڕێکەوەندێکە سەر بە وڵاتی دەق:

"... بجریوێنە بە پیتەکانی منەوە..."

"... شەقامیش مەست

دەجریوێنێ

لە پێستتدا

... "

واتا بەر لەمە جریواندن هی تۆ و شەقام بوو، کەچی شەقامیش هەر سەر بە قاموسی تۆیە و "مەستانە لە پێستتدا دەجریوێنێ"، واتا لێورێژە لە جوولّە و سەفەر و حەرەکەت و ژیانێکی سەرخۆشانە و بزۆزانە. ئێستا، بەو مەرجەی تۆ جێم نەهێڵی و حزووری سیحراوی و زیندووکەرەوەی تۆم لە گەڵدابێت، وەک شەقام، دەبمە خاوەنی جریوەی سەرخۆشانە و مەستانە، بە تایبەت کە ئێستا خاوەنی حیلەی تەڕی، خاوەنی ڕەسەنایەتی ڕەهای سەوز و زیندووی کەحێلێکی باراناوی. حزووری تەڕ و گیان بەخشی تۆ، بێجگە لە بووژاندنەوەی من، شوێن-کاتیش سیحردەکات و لێورێژیان دەکات لە ئارامش و هێمنایەتی:

"... وەرزەکانیش لە سنووری بانّدەوە

لە هێلانەیەک سامانّ دان..."

لەو بارودۆخەدا کە تۆ بە پیتەکانی منەوە بجریوێنی، دیارە منیش ئەوەی بە نووسین بیخوڵقێنم بە دڵۆپ دڵۆپی ناو لەپی دەستم (بە قەڵەمی ناو دەستم، بە جەوهەری خوێنەوە، شایەد!؟)، وەک بانّدە هەڵدەفڕیت. ئەوە موعجیزەی توانەوەی "مەرگ و ژیانە" لە ناخی گیانی عەشقدا.

کە دەلالەتەکانی بانّدەمان، لە قاموسی دەقدا خوێندەوە، ئینجا دەزانین وەرزەکان (کات)، لە سنووردا (شوێن) کە بە پێناسەی بانّدە ئیعجاز ئاوییەکەی بەر لەمە ناسیبوومان. نەک هەر ئەوەندە، کە ڕوحی ڕەهای پەری (ژیان- مەرگ)، کە ئەنجامی حزووری تۆیە، لە ئارامشێکی تۆخی هێمنانەدا، دادەسەکنێت.

"... تۆ ڕووبارێک نەبی ئەگەر

لەو پێدەشتە وێرانەدا

مەرگ ئەنگوستەکانی بە من دەبەخشێ."

دواین قۆناغی دەقیش، وێنەیەکی گوماناوییە، کە کۆتایی دەلکێنێتەوە سەرەتا و بازنەی مەرگ و ژیان ئەبەدی و نەبڕاوە دەکاتەوە. "تۆ ڕووبارێک نەبی ئەگەر"، ڕووبار، حەرەکە و جوولّە و حزووری بێ بڕانەوەی ژیانەوە و ژیاندنەوە. تەواوی سوکنایی و هێمنایەتی و ساماڵەی پێی گەیشتبووین، بەستراوەتەوە بە حزووری سەیال و بەردەوامی تۆ، کە یەک چرکە لە جوولّە بکەوێت، ئەم هێلانەیە یەکسەر تێک دەڕووخێت. لە کوێدا؟، لەو پێدەشتەدا کە بەر لەمە مردن بە ناخمدا بەرین نووسیبوویەوە، ئینجا ئەوچەل ئەوە مەرگ نییە کە وێرانییەکەی بە من ببەخشێ (مەرگ ئەنگوستەکانی لە چاوم دەوسێ)، بەڵکو ئەم جارەیان و لە کۆتایی یەکەمی ئەم بازنە بێ بڕانەوەیەدا، ئەم جارە گیانی مردن دە هەناوم دەخزێت و من خۆم یەکسەر دەبم بە خودی مەرگ:

"مەرگ ئەنگوستەکانی بە من دەبەخشێ."

* * *

وەک بینیتان، ئەم خوێندنەوەیە، خوێندنەوەیەکی (پێکهاتەخوازانە- هێرمێنۆتیکانە) بوو، بە ئیرجاع بۆ خودی دەق. تاقانە سەرچاوەی کەشفی دەلالەتەکان و پێوەندییەکانی دەق، هەر دەق خۆیەتی و بەس. هەڵبەت هەموو جۆرە دەقێک ئاوا چەتوونە بخوێنرێتەوە، بەڵام دەقی لە گوێن ئەم شیعرەی یوونس ڕەزایی کە بە یەکەوە خوێندمانەوە، وێڕای شێوەکانی تر، ئاواش دەخوێنرێتەوە. دووپاتی دەکەمەوە، وێڕای جۆرەکانی تری خوێندنەوە. ئەم نووسراوەیە، یەک لە خوێندنەوەکانی بێ بڕانەوەی دەقی داهێنەرانەی لە گوێن شیعری یوونس ڕەزاییە.

ئەدەب و هونەری شیعر

ئەمین گەردیگلانی
(بۆکان)

شیعر یەکێک لە سەرەکیترین و دەوڵەمەندترین ژانری ئەدەبیاتی کوردییە و بەدەیان شاعیری هەڵکەوتە و مەزن لەو ڕێبازەدا هەوڵیان داوە و بوونەتە ئەستێرە گەشەی ئاسمانی ئەدەبیاتی گەلەکەمان و دەرەوشاونەتەوە.

یەکێک لەو هۆیانەی کە ژانری شیعری بە چڵەپۆپە گەیاندووە ئەوەیە کە شاعیرانی وەک نالی و مەحوی و سالم و کوردی و وەفایی و ئەدەب و...تاد پارێزیان لە هیچ وشەیەک نەکردووە و ئەوی بە لیک و لەبار و جوانیان زانیبێ بێ دوودڵی لە شیعرەکانیاندا هێناویانە و لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی و...تاد نە پرینگاونەتەوە، هەر ئەوەش بۆتە بنۆسی ئەوەی کە شیعری فرە ڕەهەند و چەند مانا بخوڵقێنن. لەگەڵ ئەوەشدا کە کەڵکیان لەو هەموو وشە و زاراوە بیانیانە وەرگرتووە، ڕێزمانی شیعرەکانیان هەتا سەر یەسقان کوردییە و بۆنی ڕێزمانی بێگانەی لێ نایە. بە پێچەوانەی شاعیرانی ئەمڕۆمان کە بەدوای وشەی پەتی کوردیدا وڵات دەپشکنن و مێشکی خۆیان هەڵدەگوشن، بەڵام ئەوەی بیری لێ ناکەنەوە و پووشە بەلایانەوە ڕێزمانی کوردییە، بەداخەوە ئەگەر ئاوا بڕواتە پێشێ لەوانەیە زمانەکەمان بەرەو هەڵدێر و هەڵەموو‌تی فەوتان بەرن. من نالێم با وەک شاعیرانی پێشوو زمانەکەمان بکەینە مەیدانی جلیتانی وشەی بێگانە، بەڵام خۆ دەتوانین هەر بە وشەی ڕەسەنی زاراوە جۆراوجۆرەکانی کوردی قەرەبووی هێندێ ئاریشەی زمانی بکەینەوە و دڵنیام زمانی کوردیش هێندە دەوڵەمەند و بەربڵاوە ئەگەر کاری پێ بکرێ و مەودای گەشانەوە و پەرەپێدانی پێ بدرێ بۆ هیچ وشە و زاراوەیەک دانامێنین و دەستمان لە گۆزەدا نامێنێ. دەتوانین زۆربەی وشە زانستییەکان لەسروشت و کشتوکاڵ و کاروباری لادێ وەرگرین، وشەگەلێک کە پێشتر لەو بوارەدا بەرەویان بوو، بەڵام ئێستا کەڵکیان نەماوە و بۆ مانای خۆیان لەکار ناکرێن، یان کەم لە کار دەکرێن و خەریکن لەبیر دەچنەوە. وەک: تەوەرە، پێوانە، ڕەهەند، پێوەر، هێڵ و...تاد کە هەرکام لە سروشت و کاروباری کشتوکاڵ و ژیانی ڕۆژانەدا باو بوون؛ بەڵام ئێستا لەبواری زانست و ڕەخنەی ئەدەبی و مودێرندا کەڵکیان لێوەردەگیرێ، ئەوەش لەزۆربەی زمانەکانی دنیادا باوە و ئەو کارەیان کردووە. زمانی عەرەبی زیاتر لەهەمووان بۆ وشەی زانستی و ئەمڕۆیی پەنای بردۆتە بەر زاراوەی لادێ و شاخ و کشتوکاڵ و زمانەکەی خۆیان پێ دەوڵەمەند کردووە.

بەو هیوایەی ئێمەش ئاوڕ بدەینەوە سەر پێشینەی زەنگینی خۆمان و بەرەو گەشاندنەوە و خەنی کردنی

عەبدوللا پەشێو

زمانەکەمان هەنگاو هەڵگرین. پێشتر هەموو ئەرکەکان لەسەر شانی شیعر بوو، بەڵام ئەمڕۆ چەندین ژانری دیکەی وەک: چیرۆک و ڕۆمان و سینەما و شانۆ هەیە کە دەتوانین هەوڵی تێدا بدەین و بەردەو ئاسۆی ڕوونی پێشکەوتن و گەشانەوەی زمان و ئەدەبەکەمان باڵ بگرین؛ شانازی بەزمانە دەوڵەمەندەکەی خۆمانەوە بکەین و وەک تاقمێک قەڵەم بەدەستی دۆڕاو و خۆبەکەم زان پشت لە زمانە شیرینەکەمان هەڵنەکەین.

تاقمێک لەلاوانی بیرکورت و بێگانەپەرستی خۆبەکەم زان و بێ ئەزموونیش وشەی کۆنەپەرست و سەلەفییان کردۆتە گۆپاڵی دەستیان و بێ ئەوەی مانای سەلەفی و کۆنەپەرست بزانن چییە و بەکێ دەڵێن هەڵدەکوتنە سەر هەموو شتێکی بەرلەخۆیان و بەکۆن و سواوی دەزانن، بەڵام با ئەو پەندەمان لەبیرنەچێ کە دەڵێ: «هەرکەس تف لە ڕابردووی خۆی بکات، داهاتوو بەشەق تێی هەڵدەدات.» دەبێ ئەوەش تێبگەین کە هەر بەرهەمەی لەگەڵ زەمان و سەردەمی خۆی هەڵسەنگێنین. حاشا لەو ڕاستییەش نەکەین کە ئەو دەنگە هەرمان و نەمرانەی پێشوو لەسەردەمی خۆیاندا نوێ بوون و ئەگەر مۆرکی نوێخوازی و ڕەسەنایەتییان پێوە نەبوایە، کەندولەند و تەرتوتەلان و هەڵەموت و هەورازی سەدەکانیان نەدەبڕی و بگەنە ئەمڕۆ. هەروەک دەبینین هێندێ لەشاعیرانی ئەمڕۆمان شیعر دەڵێن و بڵندگۆی شاتوشووتی بۆ بەدەستەوە دەگرن و پۆزی پێوە لێدەدەن. هێندێک باند و تاقمیان ساز کردووە و بەنۆبە بەسەر و گوێلاکی یەکتردا هەڵدەڵێن و نان بە یەکتری بەقەرز دەدەن. بەنۆرە گوێ لەیەکتر دەگرن و چەپڵە بۆخۆیان لێدەدەن. ئەم هاتوهاوار و شاتوشووتەشیان زۆر کەم خایەنە و دۆستایەتییەکەشیان هەروایە. چاکترینەکەیان سااڵنێک بڕناکات و لەبیر دەچێتەوە. ئەوەش هۆی ئەوەیە لە ڕەسەنایەتی دوور کەوتوونەتەوە. خۆیان و کۆمەڵگاکەیان ناناسن و لەخۆیان و تراویلکەی بەردەمیان زیاتر هیچ نابینن. بەخەیاڵی خۆیان بۆ داهاتوو دەنووسن و خەڵکی ئەمڕۆ گەمژەن و لێیان حاڵی نابن! ئەوە ئەمڕۆش مەلای جزیری و نالی و مەحوی و...تاد تازەن و هێشتا هەموو سووچ و ڕەهەندی شیعرەکانیان نەدۆزراوەتەوە. دیارە لەسەردەمی ئەوانیشدا شاعیری زۆروبۆر هەبوون و هەروەها گێرەشێوێنیش کەم نەبوون، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری ئەو زۆروبۆرانە بێژنگی زەمان دایتەقاندوون و ئاسەواریان نەماوە. هۆی سەرەکی ئەو فەوتانەشیان دوور کەوتنەوەیە لە ڕەسەنایەتی. ئەوەتا شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەفەرموێ: «هێندە شاعیر زۆر بووە لەم عەسرەدا- بۆتە حەشری...تاد کەوایە ئەو هەموو شاعیرەی سەردەمی شێخ ڕەزا کوان؟ بۆ ئاسەواریان نەماوە؟ کەوایە با ئەوە تێبگەین و ڕێز بۆ بیروباوەڕ و شێوازەکان دانێین و مەودا بدەین هەرکەس بەڕێی خۆیدا بڕوات. ئەو گۆڕەپانە هێندە گەورە و بەربڵاوە کەس ڕێ لە کەس ناگرێ.ئەوی بەڕاستی ئاشق بێ و خاوەنی هەستێکی سەوز بێ ناکەوێ؛ لە هەوراز وەسەردەکەوێ و دەگاتە لووتکە. هەروەک شاعیری گەورەی کورد عەبدوللا پەشێو دەفەرموێ:

«شیعر چیایەکی ئەستەمە
داوێنەکەی ئاپۆرەیە جەنگەڵ و بێشەی قەڵەمە
دەگەیتە قەد
تاکوتەرا لێرە و لەوێ
هێندێک دەستی لەسەر دڵە، هێندێک دەستی لەسەر دەمە
کە بەرزتر هەڵدەڕوانی
چەن کەڵەکێوییەکی زامار سۆمای چاویان پشکۆی خەمە

هەر ئەو چەندەن ڕێی قوللەیان لەبەردەمە.»

دەردەدڵ هێنده زۆره، خەریکە هەر لەبیرم بچێتەوە لەکوێم و دەمەوێ سەبارەت بەچی بنووسم! کۆڕی ئەدەبە و واچاکە بەئەدەب بم! کۆڕی ئەدەبە و ڕێز لەکەسایەتی و هونەر و شیعری میسباحەددیوان (ئەدەب) گیراوە. ئەو شاعیرەی کە لەبواری شیعردا خزمەتێکی شایانی کردووە و شیعرەکانی پڕن لە سەنعەت و هونەری شیعری. دڵنیاشم ئەدەب لەسەردەمی خۆیدا نەناسراوە و ڕەنگە شیعرەکانی بۆ کەم کەس هەزم بووبێ، بەڵام چاوی گەشی زەمان گەوهەرە نایابەکانی لێ ون نابێ و لە ئامێزی گەرم و سەوزی خۆیدا دەیانپارێزێ. ئەوەتا لەدەست بارودۆخی ئەو سەردەمەو کەساد بوونی بازاڕی ئەدەب و هونەر سکاڵای کردووە، بەڵام هێندەی باوەڕ بەهونەرەکەی خۆی بووە دڵسارد نەبۆتەوە:

دەفتەری فەزڵ و هونەر باوی نەما لەم عەهدەدا
فازڵ ئەو نادانەیە ئەمڕۆکە دیناری هەیە
بانەکا قیمەت «ئەدەب» لەم عەسرەدا کاڵای هونەر
هەر چلۆنێ بێ مەتاعی تۆ خریداری هەیە.

*

هەرچەندە مەتاعی سوخەن ئەم عەهدە کەسادە
ئەما گەوهەری شیعری «ئەدەب» هەر لەبەرودا

*

سەد هەزار ئەفسووس بۆ ئەهلی بیلادی مە ئەدەب
قەت نەبوو فەرقی بکەن کێ زەرگەرە کێ کووزەتاب

ئەم ساردوسڕییەی خەڵک و کەمتەرخەم بوونیان بۆ هونەر و شیعر دەبینێ، بۆیە ئەم بڕیارە دەردەکا:

پێوەم ئەدەب سەرێ لە هونەر من کەنارە کەم
ئەز بەس کە بێ هونەرییە لەلای بێ هونەر هونەر

دەڵێم ئەگەر ئەدەب ئەمڕۆ بمابایە و ئەم دروشمە بێ مانایەی بەناو نوێخوازانی بیستبایە کە دەڵێن: هونەر لە بێ هونەریدایە؛ دەبوو چ بڵێ؟

ئەدەبی ئاشق و شەیدا و سووتاوی جوانی وەها لەبۆتەی ئەوین و خۆشەویستیدا قاڵ بووە، کڵپەی سۆز و دڵداری ڕوحی داگرتووە و سەرتاپای شیعرەکانی تەژین لە ئەوین و سووتان. وەک ماری سەر ئاور لەتاوی گراوەکەی جینگڵ دەدات و شەوورۆژ خەمی یار بەرۆکی بەرنادا و هەڵیدەچۆقێنێ. حەز و تاسە و خەیاڵی بسک و کەزیەی ئازیزەکەی دەبێتە ڕەشمار و چزرە لە میشک و دڵی هەڵدەستێنێ.

شەو تاسەحەر لەنێشی سەری زوڵفی حاڵی من
وەک حاڵەتی شەوانەیی ئەفعی گەزیدەیە

*

حاڵی زاری من لەحەسرەت ئەو دوو نارانە دەڵێی
گینگڵی ماڕە بەسەر کانوونی پشکۆی نارەوە

*

گوتم مااڵم دەشێوێ من کە - با- زوڵفت دەشێوێنێ
گوتی مەفتوونی زوڵفی من دەبێ مااڵی بەبادابێ.

هەروەها وەفاداری و یەکڕەنگی کانیاوێکە لە ڕوحی ئەدەبدا کە هەتا کۆتایی تەمەنی هەر قوڵپەی کردووە و لەهیچ وەرزێکی ژیانیدا ویشکارۆ نەبووە، ئەگەرچی خۆشەویستەکەی زۆری بێ وەفایی لەگەڵ کردووە و بێ بەزەییانە دڵە خەمبار و ئاشقەکەی شکاندووە، بەڵام ئەو ئەشقە ئاگرینە لە دڵییەوە کەلاوڕێژی کردووە و لەدەرووی زمانییەوە دەرباز بووە و دانە بەدانەی بڵێسەکانی ڕوحی بوونەتە پەپوولەشیعر و بەدەوری سەری گراوە دڵبەردەکەیەوە سووڕاونەتەوە. ئەوەی لە هەموو شتێکیش زیاتر ئەدەبی هەڵقرچاندووە و فرمێسکی پێ هەڵوەراندووە، جەفا و بێ ڕەحمی و بێ وەفایی گراوەکەی بووە. کەس بەقەد ئەدەب بۆ دڵدار و خۆشەویستەکەی نەسووتاوە و وەفادارانە فەرشی ڕوحی لەبەر پێیدا ڕانەخستووە:

جان و سەرم بەبادی فەنادا بەخاکی پات
نەمزانی باسەرت بە نەوای بێ ئیجازە هات

*

لەو ئابی حەیاتی دەمی تۆ تادەمی مردن
باوەڕ مەکە دەست هەڵبگرم بمدەنە بەر گاز

*

وەعدەیی وەسڵم دەداتێ، دەچمە لای نایێتە لام
گەر دەچم زویرم دەکا؛ ناچم ئەگەر، بیرم دەکا

*

قەدی تۆ سەروو، کەناری منە جۆباری سریشک
مەی سزاوارە ئەگەر بێیە کەنارم بەخودا.
قەت مەفەرموو ئەدەب ئەشقی مەیی لێ بۆتە هەوا
سەر بگاتە فەلەک ئەو زەڕەیە غوبارم بەخودا

*

سوهراب

تاجان لەبەدەن دایە ئەدەب تۆ دەپەرستێ
زوننارى ملم زوڵفى خەمت، قیبلەمە غەبغەب

*

وەک دەڵێن مەیلى بەئازادیى بەندانە گوڵم
گەر منم بەندە خودایە قەتم ئازاد نەکا

ئەدەبى ئاشق و دڵسووتاو لەبۆتەى ئەشقى مەجازى و حەقیقیدا وەک یەک تواوەتەوە، لەگەڵ ئەوەى ئاشقى پەرى ڕوویانى سەر زەوى بووە و مەلى دڵى بۆلایان فڕیوە و فرمێسکى شیعرى ڕوونى بۆ هەڵوەراندوون، لەپاڵ ئەوەشدا ئەوینى ئاسمانى و یادى خودای تاقانە لەزۆربەى غەزەلەکانیدا ڕەنگى داوەتەوە. ئەدەب ئەویندارێکى ڕاستەقینەیە و ڕووناکبیرانە خودای خۆى خۆش دەوێ و بەشیعر بەرەو پیرى ئەشقەکەى دەچێ. ڕەخنەش لەو زاهید و وشکەسۆفییانە دەگرێ کە کردەوەیان هەمووى درۆ و ڕیایە و بۆ فریودانى خەڵکى خەریکى زیکر و تەزبیحاتن. دەڵێ ئەو دینداره درۆینانە مەنعى من دەکەن و بەکافرم دەزانن، بەڵام خۆ ئەوان ئاگایان لە دڵ و ناخى من نییە. من خوداپەرست و ئیماندارم، بەڵام وەک ئەوان خۆم نانوێنم و پۆزى پێوە لێ نادەم:

زاهیدان تەکفیرى منیانە و لەدنیا بێ خەبەر
لەم زەمانە سەبحە و زوننار و مێزەر تێکەڵە
خۆزگە بەو شەخسەى «ئەدەب» وەک تۆ و دڵى شەیدایى تۆ
دڵ دەگەڵ سەودایى جانانى هەتا سەر تیکەڵە

*

زادەى ڕەهى هامونى تەریقەت مەبە زاهید
ویردى سەحەر و سەبحەیى سەد دانە ئەڵێ چى؟
تۆ تاوى سەرى شەمعێ مەبینە کە دەسوتێ
بنواڕە لە سۆزى دڵى پەروانە ئەڵێ چى؟
باتین ئەوەیە مەخزەنى ئەسراره سەراسەر
بێ گەنجى حەقیقەت دڵى وێرانە ئەڵێ چى؟
واعیز وەرە یەک هەفتە ئەدەب فێر بە لەلاى من
پەندى بە ڕیا و لۆمە و ئەفسانە ئەڵێ چى؟

خەیاڵى تازە و هونەرى شیعرى بەجۆرێک لە هەست و ڕوحى ئەدەبدا ڕەنگى داوەتەوە کە ئەو نوێخوازى و خەیاڵە ناسکە، بەرگێکى ئەمڕۆییانەى لەبەر غەزەلەکانى کردووە؛ خەیاڵێک کە سێبەر دەکاتە زەمبەر و خشڵى هەتاو، یان کوتانەوەى تریفەى مانگ لەنێو دەسکاونگدا، یان شووشەى دڵى دەکاتە پەرەنگى گواړەى گراوەکەى، بۆ ئەوەى لەبەر گوێیدا بێ و نالەى دڵى ببیستێ، یان چاڵى چەنەى یار دەکاتە کەند و قوواڵکى سەر ڕێگا و کەزیەشى دەکاتە گۆچان:

یارى مە بۆ حەسرەتى مە مووى لە ڕووى کردە نیقاب
بێ خەبەر ئەما کە سایە بوو بە زیبى ئافتاب

*

پێوەم ئەدەب کە تا ببێ نالەیى دڵان
مینای دڵ پەرەنگى دەم ئەو گۆشواره کەم

وەسفى نووری عەرش گیرت دێتە تەسریح و بەیان
گەر لەهاوەندا بەسەنعەت پرتەوى مەھ بێ سەحیق

یانى تاریف و پەسنى تۆ هێنده مەحاڵە وەک ئەوە وایە کە تریفەى مانگ لە دەسکاونگدا بکوتى. هەر ئەم خەیاڵە ناسکەى ئەدەب لەلاى (سوهراب سپێهرى) شاعیرى هاوچەرخى فارس ئاوا هاتووە:(من زنى را دیدم، نور در هاون میکوبید.) هەر بەوەشدا نوێخوازیى ئەدەبمان بۆدەردەکەوێ.

چاهى زەقەن لە ڕێگەم و گێسوو دەلیلى دڵ
تۆ سەیرى ئەم عەساکەش ئەم کوێر و چاڵەکە

*

هێندەى مەنوێنە ڕوخى ئاوێنە مەبادا
ئاهى دڵى مەزڵووم بەڕووتى بنوێنێ

*

تالعى شێواومى خستۆتە ژێر ئارەقچنى

پێم دەسەلێنێ و دەڵێ: گێسووی عەتر ئەفشانم

*

گریانی بەیانانی منە عیللەتی خەندەت

مەعلوومە کە پشکووتنی خونچە بەشەواوە

هەروەها لەداهێنانی ناوی تێکەڵیشدا دەستێکی بالآی بووە و شیعرەکانی پێ ڕازاندۆتەوە و تریفەی نوێخوازی لێ پڕاندوون. وشەی نالەزار و سەمەنسار و...تاد.

بۆ نەشاتی بەزمی مەستانت لەلوتفی تۆ ئەدەب

چونکە سینەی نالەزارە دەنگی دێ هەروەک ڕوباب

*

وەڵلاهی کە بیدەم بە هەموو لەززەتی دنیا

یەک دەم لەسەمەنساری گوڵ و یاسەمەنت بم.

هاوشێوە (جیناس)

شیعری ئەدەب کەلاوڕێژە لە سەنعەت و هونەری شیعری. لەوانە جیناس و بەدیع و سەجع و تەلمیح و تەعقید و ئیهام و تەشبیە و ئیستعارە و...تاد ئەو هونەر و وردکارییە لە دەریای خەیاڵە پڕ ئەزموونەکەیدا شەپۆل دەدا، ئەمەش نموونەیەک لەو جیناسانەی غەزەلەکانی پێ ڕازاندۆتەوە:

چ ڕادەبێ کە بپرسی دەمێ لەحاڵی نزار

فیدایی خونچەیی زارت هەزاری وەک منی زار

لەم بەیتەدا بێجگە لە هێنانەوەی (زار) بەچوار مانای جیاواز، پاتە بوونەوەی پیتی (ز) ئەوەندەی دیکە شیعرەکەی جوان کردووە.

بەو جیلوەیەوە سەخرەیی سەما دەخەیە ڕەقس

لۆمەی نییە زاهید کە ئەتۆی دی بەسەما هات

لەم بەیتەدا وشەی (سەما) و (سەما) کراونەتە جیناس و لەگەڵ ئەوەشدا پیتی(س) چوار جار هاتووە.

چینی سەری زوڵفت کە گوتم نافە خەتابوو

سەد چین و خەتا بێ بەفیدای ئەو ڕەمی ئاهووت

*

چین چینی کەمەرچین و چەمی پەرچەمی پڕ چین

ئاشوبی وەماچین و وەچین و تەتەری خست

لەم دوو بەیتەشدا وشەی (چین) بێجگە لەوەی بوونەتە جیناسی کاملّ و هەشت جار هاتووە، پاتە بوونەوەی وشەی (چ) و (پ) بۆتە هونەری واژەئارایی و چێژێکی شیرین بە خوێنەر و بیسەر دەبەخشێ.

بۆ ڕەقس کە لەرزێکی بە کێوی کەمەری دا

لەرزەی وەکەژ و کێو و وەشاخ و کەمەری خست

لەم بەیتەشدا کەمەری یەکەم بە مانای نێو قەدی گراوەکەیەتی و کەمەری دووەم بەواتای بەرقەدی چیایە.

هێندەی خەم و چین خستە سەری یەک خەمی گێسوو

نازانم ئەوێستاکە لەبەندی چ خەمێکم

لەم بەیتەشدا وشەی خەم سێ جار هاتووە و جیناسی کاملّن. لەگەڵ ئەوەشدا خەمی دێڕی دووەم ئیهامە دوو مانای هەیە، واتە ئێستا نازانم لەبەندی چ داخ و کەسەرێک دام، یان نازانم لەبەندی چ پێچ و لوولێکی بسکی یاردام.

کۆ (جەمع)

کۆ یانی هێنانەوەی چەند شت و کۆکردنەوەیان لە پەسن و باسێکی تایبەتدا.

ئەرێ تەرسا بەچە، گورجی ڕەوش، مەزهەب مەسیحایی

فەرەنگی تەینەت و جووکی سیەر، گەبری کلیسایی

بەلای ئێران و فیتنەی ڕۆم و شۆخی تورک و ماهی کورد

نیگاری بەڵخ و شاهی هیند و تورکی چین بە ڕەعنایی

شەروور و شۆخ و شیرین و شەکەرلەب شاهید و شوهرە

دلێر و دڵبەر و دڵدار و دڵسەخت و دڵارایی

*

ساحیرە و شێوەزەنە و پیلەگەرە و جیلوەفرۆش

بێوەفا و سیدق و سەفا و شەرت و بەقا و عەهدی بەتاڵ

موومیان، موشک دەهان، تاقی جەهان، جووتی پەری

دینکڕ و نازفرۆش، جەرگبڕ و عەقڵ زەواڵ

پێچانەوە و وەشاندن (لەف و نەشر)

هونەری ئەم سەنعەتە لەوەدایە کە شاعیر سەرەتا ناوی چەند شت دێنێ، پاشان بۆ هەرکامیان سیفەت و فاعیل دێنێتەوە کە هەرکامیان تایبەت بەو شتە، یان ئەو کەسە بێ کە سەرەتا باسی دەکا.

بە زولف و ئەبرۆ و موژگان و خەتت و پەرچەم و بالا

کەمەند و تیغ و تیر و جەوشەن و خەفتان و ئالایی

بەکوڵمە و ڕوومەت و لێو و ددان و سینە و گەردن

عەقیق و لەعل و یاقووت و دوڕ و بللوور و مینایی

ئەدەب

سووکاوڕ (تەلمیح)

ئەمەش نموونەی سووکاوڕە (تەلمیح) لەشیعری ئەدەبدا کە لەزۆربەی غەزەلەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە:

ئەو دەمەی ماچی لەبت خەونی عیتابی تۆم هەبوو
خاتەمم پێبوو کەمن یادی سولێمانم نەکرد

مەبەستی لە ئەنگوستیلەکەی سولێمان پێغەمبەرە و لێوی دڵدارەکەی بە یاقووتی ئەو ئەنگوستیلەیە شوبهاندووە.

بڵێسەی ئاگری دووری ئەگەر وابێ مەعازەڵڵا
بەبێ تابی تەجەللای ڕوو، کە سینەم تووری سینا بێ

مەبەست لەو کاتەیە کە لەسەر کێوی سینا حەزرەتی موسا داوای لە خودا کرد خۆی پیشان بدا، خوداش دڵی ناشکێنێ، ڕیزەیەک لە نووری خۆی دەردەخات و تووری سینا دەسووتێنێ. ئەدەب بێجگە لەهێنانەوەی ئەو تەلمیحە، هونەرەکەی لەوەدایە سینگی خۆی بە تووری سینا دەشوبهینێ و دەڵێ: تۆ ئێستا دووری ئاوا ناخت کردوومەتە گرپژێن، ئەگەر پرشنگی ڕووت دەرکەوێ، دەبێ چم بەسەر بێنێ؟

موعجیزەی موسای لەنێو دوو ئەژدەهادا جیلوەدا
پێم دەڵێ یەک میهری ڕوو و یەک زولفی وەک سوعبانمە

حەزرەتی خدری لەسەر چەشمەی حەیاتی دا و دەڵێ:
زومڕودینە خاڵی زیبی خونچەیی خەندانمە

ئەم دوو بەیتەش ئاماژەیەک بوون بە گۆچانەکەی حەزرەتی موسا و ئاوی حەیاتی خدری زیندە. ئەدەب دەڵێ: خدری زیندە لەسەر سەرچاوەکەی لێوی یارم دانیشتووە؛ کەچی ئەو دڵبەرە دەڵێ: سەوزەخاڵە و خونچەی خەندانی لێومی پێ ڕازاوەتەوە.

وتەی سەروادار (سەجع)

هەروەها سەجع وتەی سەروادار کە زیاتر لەپەخشاندا کەڵکی لێوەردەگرن، بەڵام ئەدەب بەجوانترین شێوە لەغەزەلدا هێناویەتی و غەزەلە سەروادارەکانی بەشێکن لە شیعرە هەرە بەرز و غەڕاکانی.

دڵبەری، جانپەروەری، گوڵپەیکەری، عیشوە فرۆش
مەهوەشی، کوڵمەگەشی، مینا‌کەشی، مینادەرە
گوڵبەدەن، شیرین سوخەن، تەنگی دەهەن، وەک شەهدی ناب
چەھ زەقەن، گێسوو ڕەسەن، تورڕە شکەنج و چەنبەرە
یاری من، دڵداری من، غەمخواری بێ ئازاری من
ڕازی من، هامڕازی من، دەمسازی ئاشق پەروەرە

*

دڵبەری، سیمینبەری، جانپەروەری، جادووگەرە
لوعبەتی پڕ حیلەتی، بێ عەهد و بێ پەیمانە

*

سەنەمی، گوڵبەدەنی، خۆش سوخەنی پستە دەهەن
ماهڕوو، سلسلە موو، شیفتە خوو، پڕ خەتوخاڵ

*

لەلایێ شاهید و سادە لەلایێ ساقی و بادە
لەلایێ مەی، لەلایێ نەی، وەکو مەحشەر کە بەرپابێ

*

بۆ گوڵی، ڕوومەت گوڵی، تەلعەت گوڵی، ڕوخسار گوڵ
گوڵعوزاری نازداری، دڵشکاری خودسەرم

*

دزی دڵ، ئافەتی جانی، قوسووری ئەقڵی ئینسانی
فتووری زوهد و عیرفانی، فەسادی دین و دنیایی

پێچەڵاوپووچی (تەعقید)

یەکێکی دیکە لەهونەری شیعریی ئەدەب ئاڵوزییە (تەعقید)، کە خوێنەر و گوێگر بەرەو بیرکردنەوە و

هەڵوێستە کردن هان دەدا و گورج و خێرا پارووی مانای بەدەمەوە ناکات و ئەو بوارەی بۆ خوێنەر هێشتۆتەوە کە خۆی بیر لە شیعرەکە بکاتەوە و شتێکی لێهەڵکرێنێ و چێژی لێوەرگرێ:

مۆرکی سەبکی هیندی بە تەوێڵی زۆر شیعری ئەدەبەوە دیارە و پڕە لەپێچەڵاو پووچی، لە ڕاستیدا ئەو جۆرە شیعرە زوو مانای خۆی بەدەستەوە نادات، بۆیە دەتوانین بڵێین تەعقید، واتە پێچەڵاوپووچی بەشێکە لە تایبەتمەندی ئەو سەبکە.

وەسفی نووری عەرش گیرت دێتە تەسریح و بەیان
گەر لەهاوەندا بەسەنعەت پرتەوی مەهـ بێ سەحیق

*

چاهی زەقەن لە ڕێگەم و گێسوو دەلیلی دڵ
تۆ سەیری ئەم عەساکەش ئەم کوێر و چاڵەکە

*

گوتم جانا دەڵێن وەک تۆ لەچەرخا تالعە ڕۆژی
ئیشارێکی بەکوڵمی کرد گوتی گەر ڕۆژ ئاوابێ

پەند

پەندی پێشینانیش لەشیعری ئەدەبدا جێگای بەتاڵ نییە و لەزۆر غەزەلیدا ئاوڕی لێداوەتەوە، بۆیە بە گۆشەنیگایەکی وردبینانە لە ئەزموون و کردەوەی پێشینیانی ڕوانیوە و گەوهەری بڕێک لە پەندەکانی کردۆتە خشڵ و زەمبەری غەزەلەکانی:

بیستوومە کە شیرینە بەری سەبر لە ئەنجام
ئەمما بەمن ئەو داڕە بەری لێ نەچناوە

ئاماژەیە بەو پەندە: (بەری داری سەبر شیرینە)

ئەدەب نەشکێ دەماغت گەر لەگوڵشەندا ڕەقیبت دی
سوپەر بۆ تیری چەشمی بەد، سەری خەر، زیبی بوستانە

ئەمەش ئاماژەیە بە پەندی: (بێستان و بێ سەرەخەر)، یان (بێستان بێ سەرەکەر نابێ)

بۆ سەر ئەو چاهی زەقەن، زولفی زەغەن بوو ڕەهبەرم
ئاخری چاهە کەسێکی ڕەهبەری ڕێی بێ غوڕاب

یانی هەر کەسیک پشت بە کەسانی نابار و ڕووڕەش ببەستێ تووشی شکان و تێداچوون دەبێ.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەش بڵێم کە ئەدەب بەشانازییەوە ئاوڕی لەزمانەکەی خۆی داوەتەوە و شیعری پێ نووسیوە، چونکە بەخوێندنەوەی شیعرە فارسییەکانیدا بۆمان دەردەکەوێ کە لەبواری وێژەی فارسیشدا دەستێکی بااڵی بووە و شیعرەکانی شان لە شانی شیعری شاعیرانی فارس زمانی سەردەمی خۆی دەدا. ڕەنگە ئەو سەردەمە زۆریشی زیاتر ڕێز لێ بگیرایە، ئەگەر بە فارسی بینووسیبایە، بەاڵم بۆمان دەردەکەوێ ئەدەب ئاشقی زمان و ئەدەبی کوردی بووە و بەشانازییەوە نووسیویەتی، ڕەنگە ئەویش وەک نالی بیری کردبێتەوە کە دەفەرموێ:

کەس بەئەلفازم نەڵێ خۆکوردییە ؟! خۆکردییە
هەرکەسێ نادان نەبێ خۆی تالبی مەعنا دەکا

ئەدەبیش بەو ڕوانگە ڕووناکەوە ئەو ڕێبازەی هەڵبژاردووە و ئەلهەق تێشیدا سەرکەوتوو بووە، بۆیە هەقیەتی بڵێ:

ئەی ئەدەب هەرچەندە شیعرت کوردییە، ئەمما بەمن
شیعری تۆ سەبکی کەلامی شێخی شیرازی هەیە.

سەرچاوە:

١- دیوانی میسباحەدیوان (ئەدەب)، شەرح و لێکدانەوەی محەمەد سەعید نەجاڕی «ئاسۆ» چاپی یەکەم، ١٣٨١ ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەییووبی- ورمێ.

٢- دیوانی ئەدەب عەبدوڵاڵا بەگی میسباحەدیوان کۆکردنەوە و بەراورد و ساغکردنەوە و فەرهەنگ، محەمەد حەمە باقی، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ هەولێر.

٣- چەند شیعری بااڵونەکراوەی ئەدەب، کۆکردنەوەی یوونس ئەمین پوور.

٤- هشت کتاب سوهرابی سپێهری.

حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی (١٨٣٤- ١٩٠٨)
لەنێوانی سەر دەفتەر و پەراوێزدا

جەواد حەمەد بەگ سالّح
(کۆیە)

حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی پشتاوپشت مەلایەتی و خوێندنی لە خانەوادەکەیەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە، مەلا عەبدولڕەحمانی باپیری و مەلا ئەسعەدی باوکی کە زانای گەورە و بلیمەت و ناودار بوونە، مەلا ئەسعەد لەلایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەکانەوە نازناوی شافیعی دووەم، یان شافیعی گچکەی پێ بەخشراوە، خاوەنی دوو مەدرەسەی ئایینی گەورە بووە، کە لە هەموو لایەکی کوردستان ڕوویان تێکردووە و هەمیشە لە فەقێ و موستەعید مۆنجەیان هاتووە، مەدرەسەی یەکەم بریتی بووە لە مەدرەسەی مزگەوتی مەلا ئەسعەد، ئەم مەدرەسەیە سالّی (١٢١٠) کۆچی بەرانبەر (١٧٩٥)ی زایینی بە فەرمانی عەبدولڕەحمان پاشای بابان لەگەڵ مزگەوتەکە دروست کراوە و لە قەبەر باوکی مەلا عەبدوڵڵا (مەلا ئەسعەدی جەلیزادە) کراوە، ماوەی (١٨٩) سالّ، واتا تا سالّی (١٩٨٣) ئەم مزگەوت و مەدرەسەیە خزمەتی زۆریان بە ئایین و زانست و ئەدەب کردووە، کەسانی وەک حاجی قادری کۆیی و کەیفی جوانڕۆیی و شێخ ڕەزای تالّەبانی و نالی و سالم و شێخ عەلی تالّەبانی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و مەلا مستەفای دێلّێژەیی باپیری دکتۆر عیزەددین و مەلا محەمەدی جەلیزادە و مەلا مەعسووم و چەنداتی دیکە، لەم مزگەوتە خوێندوویانە، لە سییەکانی سەدەی ڕابردووشدا، مەلیک فەیسەڵ دەیەوێت بۆ ماوەی سێ مانگ لەم مزگەوتە لەلای مەلای گەورە (مەلا محەمەد) بخوێنێ، بۆ ئەم مەبەستە (٢٠٠) هەزار ڕوپیە بۆ نۆژەنکردنەوەی تەرخان دەکات، مخابن مەلیک فەیسەڵ ئەم کارەی بۆ مەیسەر نابێت، ئەم مزگەوت و مەدرەسەیە لە سالّی (١٩٨٣) و بەدواوە لە ئەنجامی فەرامۆشکردنی بەردەو وێرانیی دەچێت، تا سالّی (٢٠١٠) لەسەر ئەرکی مام جەلال نۆژەن کراوەتەوە(١) مەدرەسەی دووەمیش بریتی بووە لە مزگەوتی گەورەی کۆیە کە لە سالّی (١٢٦٠) کۆچی لەلایەن بەکراغای حەوێزی (قاصد)ـەوە دروست کراوە.

وێڕای ئەمانەیش لەناو مالّەکەیان کتێبی هەمەجۆری ئایینی و ئەدەبی و هونەری و مێژوویی و فەلسەفی...تاد لەخۆ گرتووە، مەجلیسی دەرس و وەعز و ئەدەب و گفتوگۆی زانستی هەردەم لە گەڕ و ئارادا بوونە، وێڕای ئەو دانیشتن و ئاهەنگسازییانەی لەسەردەمی حاجی بەکرئاغا و ئەختەری کوڕی وایان کردووە کە مەلایەکی ناوداری وەک حاجی مەلا عەبدوڵڵای لێدەربچێت و ببێتە پێشەوایەک لە هونەری مەقامناسیندا، بەر لە دانیشتنی لە شوێنی باوکی بەشداری ئەم دانیشتنانەی

حاجی مەلا عەبدولّلای جەلی

دەکرد، دڵ و مێشکی بە گوزارشتیانەوە مەشغوڵ کردووە، وێڕای مەجلیسی فەقێیان، بێ گۆرانی و گاڵتەوگەپ دەنگی خۆش نییە، بە نیسبەت مەلا عەبدولّلاوە کتێبخانەکەشی کتێبی مۆسیقا و مەقامی تێدا بووە، بەهۆی مەولوود خوێندنەوە و کەبار و خوێندنەوەی کتێب و بیستنی ئاوازی فەقێیانە کە حاجی و جەلی بەشداربیان تێدا کردووە، ڕەونەقیان بەشیعری حاجی قادر و مەلا عەبدولّلای جەلی داوە. جەلی دەنگی خۆش بووە، کەباری کردووە، مەولوودی خوێندووەتەوە، لەناوبڕەکانی مەولوود خوێندنەوەدا، مەقامی تایبەت بە تەسەووفی وتووە، کە شیعری شاعیرانی بابەتاهیر و عەلی هەریری و مەلا جەزیری بوونە، ئەم جۆرە ئاهەنگە بەردەوامانە چی بۆ گۆرانیبێژ بێت، یان شاعیر، یان بۆ هەر هونەرمەندێکی دیکە بێت، خوێن دەکوڵێنن و دڵ دەهەژێنن، ئاورینگی جوانی و زەوقی گۆرانی و نەشئەی مۆسیقا و ئارایشی ژووری ڕازاوە و ڕایەخی نایاب و خواردنی پاک و نازک لە تێکڕای ئاهەنگەکەوە هەڵدەستێ و لە ئاوێنەی دەروونی هونەرکار دووبارە دەبێتەوە و دەڕژێتە ناو گوفتار و کردارەوە، کاری جوان و نایاب دەهێنێتە کایەوە.

شانبەشانی ئەم هۆکارانەش کۆمەڵێ هۆکاری تر هەبوونە کە بەشێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردانەوەیان نواندووە لەسەر دروستبوونی کەسێتی مەلا عەبدولّلای جەلیدا، چەشنی گەشت و گەڕانەکانی بۆ باڵەکایەتی لەگەڵ حاجی قادری کۆیی، کە دواتر حاجی قادری کۆیی لە ئەستەنبوڵەوە نامەیەکی بۆ ڕەوانە دەکات و بە بیری دەهێنێتەوە، کە دەڵێت:

(بەبیرت دێ، زەمانێ چووینە باڵەک
بەپێ خواسی، نە کەوشم بوو نە کاڵەک؟) (٢)

هەروەها گەشتیان بۆ لای مەلای خەتێ و چوونی بۆ شام و بەغداو گەلێ شوێنی دیکە، کە دواتر ئاماژەی زیاتریان پێدەکەین. لەپاڵ ئەم کەشوهەوا گونجاو و لە بارەشدا، مەلا عەبدولّلا ڕووبەڕووی کۆمەڵێ کێشە و ئاستەنگ و نەهامەتی بووەتەوە، کە زۆربەیان لەلای مەلا ئەسعەدی باوکییەوە چاوگەیان گرتووە، لەمانە:

جەلی دەستپێکی خوێندنی لەگەڵ حاجی قادری کۆیی لە مەدرەسەی مەلا ئەسعەددا لەلای باوکی بووە، پاشان لەسەر فەرمانی باوکی لەگەڵ حاجی قادری کۆیی بە نیازی خوێندن ڕوو دەکەنە ناوچەی باڵەکایەتی لە گوندی شێخ وەتمان لە حوجرەی مەلا محەمەدی کاک عەبدولّلا خوێندوویانە، جەلی لەم ماوەیەدا دڵی دەچێتە سەر حەلیمەی کچی مامۆستایەکەی، دەنگۆی ئەوەی هەیە، ئەویش وەک باوک و باپیری و ئەندامانی خانەوادەکەی شاعیر بووبێت و پێشبینی دەکرێت کە ئاڵوگۆڕی شیعری خۆشەویستیشیان کردبێت، بەڵام هیچ بەڵگەیەکیشمان لە هەمبەر شیعری حەلیمە بۆ نەماوەتەوە، تەنیا ئەوەی بەجێ ماوە و گەیشتووەتە دەستمان، چوارینەیەکی مەلا عەبدولّلای جەلیزادەیە، کە دەڵێت:

(کە بێری هاتە ناو مێگەل، سەراسەر قرمزی پۆشی
مەلا ئیدراکی چوو، شێخیش تەریق، عارف نەما هۆشی
حەبیب دیتی ڕەقیب وەستاوە، چارۆگەی بەڕوو دادا
گوتم، هەوری سیا هات، شەعشەعەی خورشیدی داپۆشی)

کە مەلا ئەسعەد بەمە دەزانێت، ڕێ نادا و ناهێڵێت کوڕەکەی ئەم کچە (حەلیمە) بخوازێت، ئەم ڕێگرییە مەرگەساتی لێدەکەوێتەوە و حەلیمەی تووشی ئیسقا (سیل) دەکات و دواتر گیان دەنێتەوە(٣).

دووەم ئاستەنگیشی بریتی بووە لەوەی کە حاجی مەلا ئەسعەد، نەک هەر هانی حاجی مەلا عەبدولّلای کوڕی نەداوە بەرەو شیعر و سەرجەم ئەو حەز و مەیلانەی کە

فەقێ و مەلا بۆ لای غەیری کتێبی مزگەوت دەبا، بگرە هەموو کۆششێکی بۆ ئەوە بووە کە مەلایەکی وەک خۆی و چۆن خۆی بیەوێت لێدەربچێت و پارێزگاری نازناوی شافیعی دووەم بکات و بۆ کوڕ و نەوەکانی دوای خۆی شۆڕ بکاتەوە، واش دەردەکەوێت کە دژی شیعریش ئامۆژگاری کردبێ و ڕێگریشی بووبێ، هەر ئەم هۆیەش بووە وای کردووە کە ڕاوبۆچوونی جیا لە بارەیەوە دەرکەوێت، کە هەندێک بە شاعیرێکی ناپیشەوەر و پەراوێز بیناسن، بە پێچەوانەی هەندێ دید و بۆچوونی دیکە کە بە شاعیرێکی بەرز و پیشەوەر ناوزەدی دەکەن و دواتر ئاماژە و بەدواداچوونیان بۆ دەکەین و نموونەیان لەسەر دەهێنینەوە، وێڕای ئەمانەیش حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی کاتێ هەڵوێستی نەرێیانەی هەندێ لە خەڵکانی دەوروبەری دەبینێت و لە هەمان کاتیشدا توانا و دەسەڵاتێکی لەبن نەهاتووی شیعری لە خودی خۆیدا بەدی دەکات، بەشێوازێک نیگەران دەبێت کە بگاتە ئاستی تووڕەیی و هەڵچوون، کە لەم وەڵامەیدا بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت:

(دەفتەری ئەهلی هونەر بگرن، ئەگەر لەم عەسرەدا
مالّی بێ ئیقبال نەبێ وەڵلا جەلی سەر دەفتەرە) (٤)

ئەم دێڕە هۆنراوەیە کۆمەڵێ سەرنج و بۆچوونی دیکە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، لەمانە:

١- خۆ هەڵکێشانی خودی خۆی، کە بە ئاشکرا دەردەکەوێت و شاعیرییەتی بەسەر شاعیرانی سەردەمەکەیدا خۆی زاڵ دەکات، خۆ هەڵکێشانیش وەک دیاردەیەک لەناو شاعیران باو بووە، بە تایبەتیش لەناو شاعیرە گەورە و ناودارەکاندا، چەشنی حاجی قادری کۆیی و نالی و کوردی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و خادیم و قانیع و دەیانی دیکە.

لێرەدا چەند نموونەیەک لەسەر خۆهەڵکێشانی شاعیران دەهێنمەوە: حاجی قادری کۆیی لە پەسنی (مدح)ی خۆیدا دەڵێت:

(بەجێ ما (نالی) وەک نالّی، بەپاشکەوت کوردی وەک گەردی
کە حاجی غاری دا ئەسپی لە مەیدانی سوخەندانی)

(نالی)یش بە هەمان شێوە شانازی بەخۆیەوە دەکات و دەڵێت:

(فارس و کورد و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە
(نالی) ئەمڕۆ حاکمی سێ مولکە، دیوانی هەیە)

قانیع-یش دەڵێ:

(نە مەحویم تاکو مەحۆیم، نە نالّیم تا بنالّێنم
بە شوری شیعری شیرینم، فەلەک شەیدا نەکەم چی بکەم؟) (٥)

٢- گوزارشت لەمە دەکات کە خاوەنی شیعری زۆر و تۆکمە بووبێت بە زمانی هەمەجۆر، ئەگینا بەم شەش هۆنراوەیەی کە جێی هێشتووە چۆن دەتوانێت سەر دەفتەری خۆیمان بۆ بسەلمێنێت؟

لە کاتێکدا تەنیا دوو هۆنراوەیان نەبێت، کە یەکێکیان تایبەتە بە خۆشەویستە جوانەمەرگەکەی (حەلیمە) کە پێشتر ئاماژەمان پێ دا، هۆنراوەی دووەمیشیان تایبەتە بە زانست و هاندانی مەلا محەمەدی کۆرپەتی بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی زانست، کە دەڵێت:

(عەزیزی)، ڕۆژ و شەو، بۆ خۆت بخوێنە
لەناو گێژاوی جەهلدا مەمێنە
لە دنیا عەمەل تەحصیلی عیلمە
ئەوی عیلمی هەبێ دائیم بە حیلمە
مەلا زادەی نەخوندی، میسلی سەگسار
دەبێ هەر هەڵپەڕێی، یا وەک سەگی هار
قۆڵ و قاچی موسڵمانان دەڕێنی
لە سفرەی زاڵمان نانی ڕفێنی) (٦)

پاشماوەی شیعر و چوارینەکانی تری دەچنە خانەی شیعری موناسەبەوە، کە بە شێوازی جووت قافیە (مەسنەوی) دارێژراون، وەک: وەڵامی نامەیەکی شیعری بۆ شێخ عومەری بیارە نەقشبەندی، لەبەر درێژی شیعرەکە چەند دێڕێکی لێ دەخەمە ڕوو:

(عومەر عومرێکە گەر مەیلی بەلامە
ئەدی بۆ مەرکەزی دەرد و بەڵامە
حەیاتی من لە دووری تۆ مەماتە
عەجایەب نیسبەتێک و ئیرتیباتە
هەموو عومرم بە پاییز چوو لە هیجران
بەهارم هیچ نەدی بۆ گەشت و سەیران

بە قوربان شارەزووری چۆن ببینم
زەڕ و زوورم نییە شەقاو هەڵێنم
لەباتی کێوی هەورامانی پڕ نوور
لەژێر کێوی غەمان کەوتووم وەکو موور

تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڵێت:

لەبەر شێخان ئەگەرچی دین بڕاوە

بەتیغی تۆ زمانی من بڕاوە
وەلێ بۆ خاتری تۆ بەندەیانم
زمان دەگرم لە حەقیان تا بتوانم
لەپاشی تۆ خودا بۆ خۆی عەلیمە
لە کەرکووکیش دوعا گۆیی عەلیمە) (۷)

ئەوەی کە واشمان لێ دەکات و باوەڕمان بە توانایی شیعری و ناسینی وەک شاعیرێکی پیشەوەر و سەر دەفتەر ئەو پەسن و (مدح) گەواهیانەیە کە لەلایەن شاعیرانەوە بۆی دراوە، لەمانە حاجی قادری کۆیی کە زیاتر لە (۱۰) شوێندا پەسنی کردووە، لێرەدا تەنیا دوو نموونەی لێ دەخەمە ڕوو:

۱- (ئەگەر نالی بوو لێرە نالێ ناوێت
دڵی کوردی بووە گەردی لەبەر پێت)
۲- (حاجی قادر نییە بەیتێکی وەکو ئێوە بڵێ
ئەسپی کۆن زەحمەتە دەرچێ لەگەڵ ئاهو ڕەوشان) (۸)

مەلای گەورەش (مەلا محەمەدی جەلیزادە) بەم شێوەیە دەربارەی باوکی دەدوێت:

(بابم شیعری خۆشی هەبوو، بە فارسی و کوردی، بە منداڵی شیعری بۆ دادەنام، تەشویقی ئەکردم لەسەر خوندن، ئەگەر ئەشعاری کۆکراباوە دیوانی ئەبوو) (۹)

قانیع خورشیدیش بەم شێوەیە باس لە خانەوادەکەی دەکات: (حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلی، باوکی مەلای گەورە و خاتوو حەزینەی خێزانی مەلا عەبدوڵڵا کە دەکاتە زڕدایکی مەلای گەورە، بەهرەی شیعرییان هەبووە، ئەوەی من بۆی دەچم و گومانم لێی نییە. ئەوەیە مەلەکەی شیعری مەلا عەبدوڵڵا لە مەلەکەی مەلا محەمەدی کوڕی بەهێزتر بووە.) (۱۰)

میرزا عەبدوڵڵا (خادیم) بەم شێوەیە باس لەم خانەوادەیە دەکات: (ئەم تایەفەیە خاوەنی عەلامەی عەسری خۆیان بوون) لە هەموو عیراق هیچ عالیمێ نەیتوانیوە لە عیلم و حیکمەت لەگەڵ ئەم تایەفە بێتە مەیدانەوە، ئەگەر عالیمەکان پێویستیان بە کتێب بووبێت، دەتوانم بڵێم کتێب موحتاجی عالمانی ئەم تایەفە بووە..) (۱۱)

شێخ ڕەزای تاڵەبانیش ڕووی تێدەکات و دەڵێت:

(حاجی کاکەولا لە ئادەم فیلترە)

حەزینەی هاوسەریشی لە دوای کۆچی دوایی، بەم شێوەیە پێیدا هەڵدەڵێت:

(ئەی ڕەفیقانی شەریعەت بین بکەن گریان و شین
حەیفە بۆ ئەو قطبی کامل کۆچی کرد بۆ ژێر زەمین
حەیفە بۆ ئەو کۆهی عرفان و دەلیلی ڕاهی حەق
پێشەوای ئەهلی محبەت ئەو ڕەئیس العاشقین
ئەو چراغی خانەدانی علم و فانۆسی خودا
طالبی ڕاهی خودا و ناصبی أعلامی دین
وەک جەنابی حەق تعالی مەرحەبای فەرمو لەوی
ڕووی لەوی کرد و لە دنیای کرد وداعی آخرین
(ارجعی عبدی الی) فەرمووی موشتاقم بە تو
(هذه جنات عدن فأدخلوها خالدین)
قابضی أرواح لەسەردا هات بە رفق و التفات
قبضی کرد روحی شەریفی ئەو عەزیزی نازەنین
ئاخری داغی فراقی نا لە جەرگی عالەما
کورد و تورک و هەم عەرەب هەم أهلی دین و غەیری دین
بعضە کەس شێت بوون لە تاوی هێندێ کەوتنە بەحری غەم
هەندەکیش صبر و ثباتیان کرد مەلوول و ماتەمین
الفرض گریە و فیغان و شیوەن سۆز و صدی
هەند بڵند بوو گەییە گۆێی سکانی چەرخی حەفتەمین
ساخودا بمرم لەپاش تۆ کاکە عبداللەی جەلی
ئەم ژیانەم بۆ چییە من پاشی تۆ بەدڵی غەمین
ئەی ڕەفیق دنیا وەهایە کەس دڵی پێ خۆش نەبێ
نەبووە تا سەر قەت لە بۆ کەس تا رسول المرسلین
دائم و باقی خودایە، ماسوای وی فانییە
(کل نفس ذائقة الموت) هەر بەوی راجع دەبین
هەی (حەزینە) بەس بسووتێ سووتنت بێ فایدەیە
بگرە صبری بەلکە مأجووری لە جملەی صابرین) (۱۲)

وێڕای ئەمانەی کە ئاماژەمان پێکردن هەندێ بەسەرهات و گۆتە و چەمک هەنە کە هێمان و گوزارشت لە ژیری و دانایی کاکە عەبدوڵڵای جەلی دەکەن، لەمانە: کاتێ دەچێتە لای مەلای خەتێ بە نیازی خوێندن، مەلای خەتێ چەند جارێک ڕووی تێدەکا و پێی دەڵێت: ئا کوڕم، ناوت چی بوو، کوڕی کێی و لەکوێ هاتووی؟

من پیر و کەم بیست و خەڵفاوم...

حاجی مەلا عەبدوڵڵا لە مەبەستی پرسیارەکانی دەگات...

بەزاری مەلا ئەسعەدی باوکییەوە، ئاگاداریان کردووە کە وتوویەتی: مەلای خەتێ، پیر بووە و کەم بیست و خەڵفاوە، بۆیە بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە: ئەوەی کە بە

تۆیان ڕاگەیاندووە، زۆر لە ڕاستییەوە دوورە، ئەگەر باوکم ئەم قسەیەی بوتبایە، چۆن بۆ خوێندن منی دەنارد لای جەنابت؟!، ئەم وەڵامەی مەلای خەتێ خاو دەکاتەوە و دێتە سەر ئەو باوەڕەی کە بوختانی پێ کراوە(١٣) نموونەیەکی دیکە لە دانایی و قسەزانی و وەڵامدانەوەی بەخێرایی و لەکات و شوێنی خۆیدا، ئەم ڕوودواوەیە: مامۆستا مەلا نوورەددین کوڕی حاجی مەلا عەبدوڵڵا و برای مەلای گەورەی کۆیە (مەلا محەمەدی جەلیزادە)، خەونێکی بۆ باوک و کەسانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: (لەخەودا وامزانی کەوتمە ناو ئاو، بەڵام تەڕ نەبووم)، مەلای گەورە گورج دەڵێ: (ئەم شێخە چ شێخێکە کە تەڕ نەبووە لەئاوا). حاجی مەلا عەبدوڵڵاش بێ وەستان بۆی تەواو دەکات و دەڵێت: (ئەو شێخە برای تۆیە، وەکوو نوورە لەچاوا)، دێڕێکی ناسک و جوان، هەم مەتەڵە شیعرە و هەم تەواوکەر و وەڵامەکەیەتی، گونجانێکی ناسکیش لەنێوان (نوورە لەچاوا) و ناوی (نوورەددین)دا هەیە:

(ئەم شێخە چ شێخێکە کە تەڕ نەبووە لە ئاوا(١٤)
ئەو شێخە برای تۆیە وەکو نوورە لە چاوا)

مەلا عەبدوڵڵا لەدوای مردنی مەلا ئەسعەدی باوکیشی بەردەوام ملکەچی فەرمانەکانی بووە و توانیویەتی نهێنی و ئامۆژگارییەکانی باوکی بپارێزێت و ئەنجامیان بدات، بەڵگەشمان ئەوەیە کاتێ کە هاوەڵی باوکی دەبێت لە ئەنجامدانی مەراسیمی حەجکردنی ساڵی (١٨٧١)، مەلا ئەسعەدی باوکی درک بەمردنی خۆی دەکات، بەر لە مردنی ئامۆژگاری مەلا عەبدوڵڵا دەکات کە تەرمەکەی لە حیجاز بنێژن و هەواڵی مردنەکەشی بۆ خانەوادەکەی و کەسانی دەرەوەی خانەادەکەی نەدرکێنێ، تا وەرزی حەجی داهاتوو، هۆیەکەشی بۆ ئەمە گەڕاندەوە، کە مزگەوتی گەورەی کۆیە کە لەلایەن بەکراغای حەوێزییەوە (قاصد) دروست کرابوو، هەندێ کار و کەموکوڕی تێدابوو، مەلا ئەسعەد لەمە دەترسا کە بەبڵاوبوونەوەی مردنەکەی، دەست لەکارکردن بۆ تەواوکردنی مزگەوتەکە هەڵبگیرێت و بە ناکامی بمێنێتەوە، مەلا عەبدوڵڵا وەک پێویست نهێنی و ئامۆژگارییەکانی باوکی پاراست و ئەنجامی دا، مەرامی باوکیشی کە بریتی بوو لە تەواو کردنی کەموکوڕییەکانی مزگەوتەکە هاتە دی.

حاجی مەلا عەبدوڵڵا و هزری نەتەوایەتی

مەلا عەبدوڵڵای جەلی چەشنی زۆرینەی زانایانی ئایینی دیکە باوەڕیان بەوە بووە کە بیروهزری نەتەوەیی دەبێتە هۆکاری پچڕاندن و لێک ترازاندنی یەکێتی ئیسلام و زیان پێگەیاندنی، لەپاڵ ئەمەشدا هەندێ بەڵگە هەن دەیسەلمێنن کە حاجی مەلا عەبدوڵڵا یەکێک بووە لەو مەلایانەی هەستی نەتەوەیی (کوردایەتی) لا دروست بووە، بەڵگەشمان ئەو کۆپلە شیعرەیەتی کە دەڵێت:

(با بکەم تەبدیلی نەزم و قافیە و ڕەویە و عەرووز
بەم زمانە هیچی تر شیعرم لە بۆ هەڵناستێ
بیکەمە کوردی زمانی خۆمە چاکی تێدەگەم
خوایە تۆفیقم بدەی من بەندە تۆ مەولاستێ)(١٥)

لە دووتوێی باسەکەمدا ئاماژەم بە هەردوو لایەنی پەراوێزی و سەردەفتەری حاجی مەلا عەبدوڵڵا جەلی لە بواری شاعیریبیەتی ئەم زاتەدا، فەرمانەکەش بۆ خوێنەرانی ئازیز جێ دەهێڵم، ئازادن لەوەی بڵێن کە ئایا شاعیرێکی پەراوێز و پلەدووە، یان شاعیرێکی پیشەوەرە، یان پیشەوەر و سەردەفتەرە هەروەک چۆن خودی خۆی سەر دەفتەری داوەتە پاڵ خۆی، بەڵام من لێرەدا ڕاشکاوانە ڕاوبۆچوونی خۆم دەردەبڕم و دەڵێم: گرمان مەلا عەبدوڵڵای جەلی دوورە شیعر بووە، یان شاعیرێکی نا پیشەوەر و پەراوێز بووە، ئەگەر تەنیا سەیری مەولوودنامەکەی بکەین و بیکەینە پێوەر بۆ هونەرمەندێتی و سەر دەفتەری و بااڵ دەستی مەلا عەبدوڵڵای جەلی، دەگەینە ئەو ئاستەی کە بڵێین:

ئەم توانایی و دەسەاڵت و داهێنانە بێ سنووری کە جەلی لە دارشتن و پەخشان و شیعردا هەیبووە گەواهین بۆ سەر دەفتەریی ئەم زاتە مەزنە.

لێرەدا هەڵوێستەیەک لەسەر وەرگێڕانی مەولوود نامەکەی دەکەم و کورتەیەکی لێ دەخەمە ڕوو:

مەولوودنامە دیارترین و ناودارترین دەقی پەخشانی کوردییە، بریتییە لە نامیلکەیەک لە ئاهەنگی یادی لە دایک بوونی پێغەمبەر (د) دەخوێنرێتەوە، باسی پەیدابوون و دەرکەوتنی پێغەمبەر دەکات.

ئەم نامیلکەیەش چەند جۆر و دانەیەکی هەیە، ئەوەی زۆر دیار و بەناوبانگن، دووانن، یەکێکیان شێخ حوسێنی قازی (١٧٩٠- ١٨٦٨)، دووەمیان حاجی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادە (١٨٣٤-١٩٠٨)

نووسیویەتی و هەردووکیشیان چاپ کراون و بڵاوکراونەتەوە، هەندێ باوەڕیان وایە کە ئەم دوو دانەیە هەردووکیان دانراون، بەڵام لە ڕاستیدا هەردوو دانەکەی شێخ حوسێنی قازی و مەلا عەبدوڵڵای جەلی وەرگێڕدراون و لە عەرەبییەوە کراون بە کوردی، لەم بارەیەوە مامۆستا عەبدولڕەزاق بیمار لە مامۆستا مەسعوود محەمەدی نەوەی مەلا عەبدوڵڵای پرسیوە، وەڵامەکەی بەم شێوەیە داوەتەوە:

(ئەم مەولوودنامەیە لە دەستخەتێکی عەرەبییەوە لەلایەن باپیرمەوە هێنراوەتە سەر کوردی، لە باوکم و مامم و هەندێک لە پووڕەکانم بیستووە کە بەبیری ئەوان، ئەو مەلوودنامەیە تەرجەمە کراوە و هەموو جاران لە موناسەبەتی گەورەدا باپیرم خۆی دەیخوێندەوە).

لە ئەنجامی بەراوردکردندا دەرکەوتووە کە هەردوو مەولوودنامەکە لە نامیلکەیەکەوە کە (ئیبن حەجەری هەیتەمی) نووسیویەتی، وەرگێڕدراون و چاپ و بڵاوکراونەتەوە(١٦)، بەڵام تەرجەمەکەی هەردوولا وشە بە وشە و دەقاودەق نییە و خۆیان لە بەرگێکی تازەی کوردیدا دەنوێنن و نموونەیەکی گەشی پەخشانی کوردین.

مەولوودنامەکەی (جەلی) لەلایەنی ڕەوانبێژی و ئەدەبیات زانییەوە، نموونەیەکی نایابی ئەدەبی کوردییە، مەلا عەبدوڵڵا سەیری کردووە کە (ئیبن حەجەر) یەکێکە لە سەرانی ڕێبازی شافیعی و زانایەکی گەورە و پێشەوایە، بەوپەڕی ڕەوانبێژی عەرەبییەوە پێشەکی نامیلکەکەی داخستووە، ئەویش لە دارشتنی پەخشانێکی سفتی ڕازاوە بە وشە و دەربڕینی (تعبیر) بەرز بەرزی کۆڕی تایبەتی ڕۆشنبیری ئایینی ئەو سەردەمە و بە ڕستە تەرازوو کراوی پاشبەند جووت، وەک ڕێژنە بارانی بەهاران دڕێغی نەکردووە و دەستی لێ داگرتووە و نموونەی شێوازی پەخشانی کوردی ڕێچکە گرتووی (مەقاماتی هەریری و هەمەدانی پێشکەش کردووە).

حاجی مەلا عەبدوڵڵا سەرباری زانایی و مەلایی و تەسەووف و شاعیریش لە بابەتێکی پیرۆزی دڵخوازدا کۆکردووەتەوە، ئەگەر سەیری ئەم دەستپێکردنە بکەین، دەبینین وشە عەرەبییەکان بەرزە فڕی و سام و گەورەیی بە ماناکە دەدەن، سەرەڕای تڕپەی مۆسیقایی بەهاوار و زەمزەمە، ئەوەتا دەڵێت:

(ئەی موسڵمانینە، ڕەحمەتتان لێ بێ، گوێ بگرنە بەحسی
ویلادەتی گوڵی گوڵستانی نبووەت، سەروەری بوستانی
فوتووەت، سوڵتانی تەختی جەلالەت، ئافتابی فەلەکی ڕیسالەت، سەر دەفتەری ئەنبیا، تاجی سەری ئەولیا)

تا دەگاتە ئەو شوێنەی کە دەڵێت:

خۆشەویستی خودایە
دنیا و قیامەتی لەبەر وی ڕونایە
شەفیعی ڕۆژی جەزایە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، وەرگێڕانەکەی جەلی دەقاودەق نییە، لە هەر شوێنێک بە چاکی زانیبێت، قەڵەمی زمانزانی و ئارایشتی ئەدەبیاتی تاو داوە، بێجگە لەوەی کە کاریگەری دەقە بنەڕەتەکەی پێوە دیار نییە، خۆی چەند جار لە چەند شوێندا پارچە پەخشانی کوردانەی وەک زێڕی قاڵی دارشتووە و سەرباری ئەو وشە و زاراوە قەبە عەرەبییە و مەلایانە و ئارەزووی دارشتن و ڕازانەوە و لاف لێدانی ڕەوانبێژی بۆ دەربڕینی مەبەست، لە بۆنەیەکی ئاهەنگی دینیدا بۆ کارکردن لە گوێداران و وروژاندنی سۆزی ئایین پەروەریان تا بڵێی سەرکەوتوو بووە، بە شێوازێک ڕازاندوویەتییەوە ئەسپی قەڵەمی ئەدەب و زمان ئارایشی ڕەوانبێژی تاوداوە، بەشێوازێ زۆر کەس کە گوێی لێ دەبێت، وا دەزانێت گوێ لە قورئانێکی کوردی زمان دەگرێت.

نموونەیەکی دی لە باسی دووگیانی ئامینەی دایکی پێغەمبەر لە مانگی یەکەمەوە تا مانگی نۆیەم، هەر مانگە پێغەمبەرێک دێتە لای و مزگێنی هاتنە دنیای پێغەمبەری ئیسلامی پێدەدەن، جیاوازی لە شێوازی نووسەری کوردی و عەرەبییەکە بە تەواوی لە هەردوو دەقەکەدا دەردەکەون، خۆ خەریک کردنی دانەری عەرەبی بە ڕیز کردنی پاشبەندەوە زۆر لایەنی جوانی ڕوخسار و واتای دەقەکەی لە دەست دەچێت، دەقە عەرەبییەکە ئەوەیە: لە دەقە عەرەبییەکەدا ئامینە بە هەر (٩) پێغەمبەرەکە لە ئادەمەوە تا نۆیەم، لێیان دەپرسێ، لە دوای (من أنت)؟

ئامینە پاشان دەپرسێ: (ماذا ترید؟) نۆ جار ئەم پرسیارە دەکات، بەڵام لە کوردییەکەدا (ماذا ترید)ەکەی، هەر جارێک بە شێوازێکی دەربڕیوە، وەک:

کارت چییە؟ ئیشت چییە؟.. موودەعات چییە؟ مەتلەبت چییە؟.. فەرمایشت چییە؟.. فەرمانت چییە؟

موراد چییە ؟

ئەمەش ڕەنگاوڕەنگ و بەتامکردنی ڕاوێژی چیرۆک گێڕانەوەیە. خۆ دەربارەی دروستکردنی پەیکەری ئادەم لە قوڕ و گیان وەبەرخستنی، تابلۆیەکی ئەدەبی جوان نەخشە کێشراوە کە هەر شایانی کتێبە ئاسمانییەکانی وەکو (پەیمانی کۆن)ـە، هەروەها باسی دروست کردنی عەرش و قورش و لانکی نووری محەمەدی، قەڵەمی وردەکاری شیعر چنین و بەهرە دەنوێنێ، با بنواڕین، گیان چۆن دەچێتە ناو پەیکەرە قوڕەکەی ئادەمەوە ؟ (خوداوەندی عظیم الشأن، ئەمری کرد ڕوح: هەڕۆ ناو بەدەنی حەضرەتی ئادەم، ڕوح کە دیتی حوجرەیەکە تەنگ و تاریک، گریا بەمەحزوونی، نالاندی بە دەنگێکی باریک، گوتی: من بولبولی هەزار داستانی ئونسم، قومری سەرووی بوستانی قودسم، تووتی شەکرستانی مەلەکووتم، نەغمەخوانی شاخساری لاهووتم، ناچمە ناو ئەو قەفەزەی نۆ کون تێ، ئەگەر بە ئاگری غەزەبت هەموو پەڕوبالّم بسووتێ، بە فەرمانی ڕەببی جەلیل، حەضرەتی جوبرەئیل، جەوهەری نووری پێغەمبەری لە پشتی ئادەمی دانا، ڕوح کە چاوی پێکەوت، نەیما سەبر و توانا... بە شـــــەوق و زەوق هاتە ڕەوت، وەژوور بەدەنی ئادەم کەوت.» (١٧)

وەرگێڕانی مەولوودنامەکە و داڕشتنەوەی بە زمانی کوردی بەهرە و توانایی و سەردەفتەری مەلا عەبدوڵڵای جەلی دەنوێنن، لە دوماهیدا دەڵێم: کاتێ کە قەڵەم ڕووبەڕووی نووسینێکی لەم جۆرە دەبێتەوە، لە ئاستیدا دەلەرزێ و ساتە دەکات، بەناچاری ئامێزگیری ئەم کۆپلە شیعرەی حاجی قادر دەبێت و خۆی پێدەگرێتەوە، کە دەڵێت:

(کتێب دەفتەر و تەئریخ و کاغەز
بەکوردی گەر بنووسرایە زەمانی
مەلاو شێخ و میر و پادشایان
هەتا مەحشەر دەما ناوونیشانی)

سەرچاوەکان:

١- دێدەوان یەعقووب گۆڤاری کەکۆن، ژمارە (٩)، ئەیلوولی ٢٠١٠، ل٥.

٢- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، بەشی یەکەم، بەغدا، سالّی ١٩٧٢، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ل١٠٢.

٣-ئینسکلۆپێدیای هەولێر، ئەدەب و بیۆگرافیای نووسەران، (جەلی)، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان، سالّی ٢٠٠٩، ل٣٢١١.

٤- ئینسکلۆپێدیای هەولێر، ئەدەب و بیۆگرافیای نووسەران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١٢.

٥- د. عەبدوڵلا خدر مەولوود (الا یاأیها الساقی و دوازده بابەتی تر)، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، سالّی (٢٠١٢) لاپەڕەکانی ٩٢، ٩٨، ١٠٧.

٦- قانیع خورشید، مەلای گەورەی کۆیی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، سیمین فیستیڤالّی سەنتەری پەرەپێدانی لاوان، ناوونیشانی سەنتەر لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، www.kurdlaw.org.

٧- ئینسکلۆپێدیای هەولێر، ئەدەب و بیۆگرافیای نووسەران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١٢.

٨- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

٩- قانیع خورشید، مەلای گەورەی کۆیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠، ١٨١.

١٠- قانیع خورشید، مەلای گەورەی کۆیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

١١- جەمال محەمەد ئەمین، دیوانی خادیم، سالّی ١٩٧٨، ل٢.

١٢- کەریم شارەزا، حەزینە، کۆیە و شاعیرانی (نامیلکە)، چاپخانەی نجوم، بەغدا، سالّی ١٩٦١، ل٤٨.

١٣- مەسعوود محەمەد، حاجی قادری کۆیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

١٤- قانیع خورشید، مەلای گەورەی کۆیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

١٥- بیۆگرافیای نووسەران، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢١٣.

١٦- عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، سالّی ١٩٩٨، ل٥٧، ٥٨، ٥٩.

١٧- عەبدولڕەزاق بیمار، پەخشانی کوردی، هەولێر سەرچاوەی پێشوو، ل٦٠.

ڕەخنەی ئەدەبی و میتودەکانی

جعفر جهانگیر میرزا حسابی
لە فارسییەوە: هێرش کەریم
(کەلار)

ئاخاوتن ڕێگایەکە بۆ لێک نزیک بوونەوەی دوو کەس، کەمترین و کورتترین ڕێگای نێوان دووڵ بریتییە لە دەست پێکردنی ئاخاوتن و ژیان.

هەتاوەکو ئاخاوتنێک، قسەیەک، هونەرێک لە ئارادا نەبێت، وشەی ڕەخنە هیچ واتایەکی نییە. لە ڕەخنەدا بەلایەنی کەمەوە بوونی قسەکەرێک و گوێگرێک پێویستە، هونەرمەندێک و هونەردۆستێک، نێرەرێک و وەرگرێک، کەسێک کە بەرهەمێکی ئەدەبی دەخولقێنێت و کەسێکیش کە ئەو بەرهەمە دەخوێنێتەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین لە ڕاستیدا ڕەخنە کاتێک بەدی دێت کە کەسێک بیەوێت بەهۆی ئاخاوتنەوە پێوەندی لەگەڵ یەکێکی تردا دروست بکات.

هەموو ئەو شتانەی کە دەیانڵێین، دووبارەی دووبارەبوونەوەکانە، دووبارەبوونەوەی وشەکانە. بە ژمارەیەکی سنورداری پیت، دەتوانین هەزاران وشە دروست بکەین و بە هەزاران وشەش ڕستەی بێ کۆتایی دروست دەکرێت. هەروەکو دەبینین وشەکان سنوردارن، بەڵام ئاخاوتنەکان بێ سنوورن. هەموو ئەو شتانەی کە دەیانڵێین و دەیاننووسین دووبارەی دووبارەبوونەوەکانە. لە نێوان ئەم دووبارەبوونانەوەدا بە کەمێک گۆڕانی لاوەکی دەقی جیاواز دروست دەکرێت، کە پێیان دەڵێین ئەدەبیات.

لەم ساتەدایە کە ڕەخنە دێتە مەیدانەکەوە و ڕاست لە ناڕاست و جوان لە ناشیرین و پەسەند لە ناپەسەند جیادەکاتەوە، بەڵام لەم سەردەمەی ئێمەدا ڕەخنە تەنیا لەم بابەتانەی سەرەوەدا کورت ناکرێتەوە.

هەڵبەتە مەبەستی سەرەکی ئێمە ڕەخنەی ئەدەبییە، بەڵام هونەرەکانی تریش بەرهەم و ئاکامی مێشک و زەوقی مرۆڤن و بەشێکن لە مرۆڤ، کەواتە قسەکانی ئێمە دەتوانێت ئاماژەیەک بێت بۆ هونەرەکانی تریش، واتە لە بناغەدا یەک کاریان هەیە. هونەر هەرچی بێت، دیاردەیەکی مرۆییە و شایانی ڕەخنە و شیکردنەوە و تێڕامانە.

لە فەرهەنگی (دهخدا)دا بەرانبەر بە وشەی ڕەخنە بە واتای ڕەخنەی دەق، یان بەرهەمێکی ئەدەبی، یان هونەری شتێکی ئەوتۆم نەدۆزییەوە، بەڵام لە فەرهەنگی (معین)دا بەم شێوەیە پێناسەی وشەی ڕەخنەی کردووە:

«جیاکردنەوەی باش لە خراپ»

«ئاشکرا کردنی لایەنی باش و لایەنی خراپی ئاخاوتن»

«دیاری کردنی کەموکوڕی و لایەنە باشەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی»

لامارتین

ئێستا دەمانەوێت بزانین سوودی ڕەخنەی ئەدەبی چییە؟ چونکە هەرشتێک سوودی نەبێت، خۆبەخۆ و کەم کەم بەرەو لەناوچوون دەچێت و دەگۆڕێت بۆ یەکێک لە بەها نێگەتیڤەکان (نەرێنییەکان). جوانی و ناشیرینی و باشی و خراپی و زۆرێک لە بەها بڕیار لەسەردراوەکانی تری مرۆڤایەتی ڕێژەیی و ناواقعین.

ئەو شتەی کە لە ئەمڕۆدا بەها و بایەخی هەیە، لەوانەیە پاش ماوەیەکی کەم ئەو بایەخەی نەمێنێت، یان بچێتە ڕیزی بەها نێگەتیڤەکانەوە و بە پێچەوانەوەشەوە، واتا ئەو شتەی کە لە ئێستادا بایەخی نییە و بە یەکێک لە بەها خراپەکان دادەنرێت، لەوانەیە لە داهاتوودا ببێتە شتێکی پیرۆز و بایەخی زۆری هەبێت. لە ئەدەبیاتدا چەندین جار ڕووبەڕووی ئەوە بووینەتەوە کە شێوازێک، یان وتەیەک، یان دیاردەیەک لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا، ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بووەتەوە و بە یەکێک لە بەها نێگەتیڤەکان دانراوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات بەهاکەی گۆڕاوە و وەک داهێنانێکی بەنرخ لێیان ڕوانیوە و گرنگییان پێداوە، بۆ نموونە (شیعری نوێ) کاتێک سەری هەڵدا، هەمووان ڕەخنەیان لێدەگرت و بەلادان لە بەها پیرۆزەکان دایان دەنا، بەڵام دواتر زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە پێشدا ڕەخنەیان لێدەگرت، ڕوویان کردە ئەم جۆرە شیعرە و بە گرنگیان دانا.

ڕەخنە کاتێک سەری هەڵدا کە خوێنەرێکی زۆر بە ویست و داواکارییەکی زۆرەوە دەرکەوتن، داخوازی و چاوەڕوانییە زۆرەکانی خوێنەر، نووسەری جۆراوجۆری بە شێوە و بیرکردنەوەی جیاوازەوە خوڵقاند و لە ئەنجامی ئەمەشدا هەڵبژاردنی بابەتەکان بوو بە کارێکی سەخت و هەندێک لە نووسینەکان کە لە ئاست چاوەڕوانی هەندێک کەسدا نەبوون، ڕەخنەیان لێدەگیرا.

لە زمانی فەرەنسیدا بە وشەی ڕەخنە (la critique) و بە ڕەخنەگر (critigue le) دەوترێت و لە زمانی ئینگلیزیشدا بە وشەی ڕەخنە (critic) دەوترێت کە هەموو ئەمانە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (criticus) کە ئەمیش بۆ خۆی لە وشەی (kritikos)ـەوە هاتووە، ئەم وشەیەش لە وشەی لاتینی (krinein) وەرگیراوە کە بە واتای (هەڵسەنگاندن) دێت.

کەواتە ئەم وشەیە لە بناغەدا بە واتای (هەڵسەنگاندن) دێت، بەڵام تەنیا ئەو واتایە ناگەیەنێت، بەڵکو زیاتر ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی، یان هونەری دەگەیەنێت. هەروەک لە لاپەڕە (١١)ی کتێبی ڕەخنەی ئەدەبیدا (lacritique litteraire) کە لە نووسینی (pierre BRU-NEL)، (Danial MADELENAT)ـە هاتووە: ئامانجی یەکەمی ڕەخنەی ئەدەبی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی بەرهەمێکە. لە سەرچاوە گشتییە فارسییەکاندا بە زۆری لە باسی ڕەخنەدا جیاکردنەوەی باش لە خراپ، جوان لە ناشیرینیان باس کردووە، تەنیا لە دوو کتێبدا نەبێت پێناسەیەکی باشتر و نزیکتر لەوەی ئێمەیان بۆ ڕەخنە کردووە، ئەوانیش بریتین لە:

«پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی لە سەردەمانی پێشوودا جیاواز بووە لەوەی ئەمڕۆ، لە پێشوودا مەبەست لە ڕەخنە دیاری کردنی لایەنە ناشیرینەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی بووە، بۆ نموونە ئەو بەرهەمە ئەدەبییە لە ڕووی دەربڕین و واتاوە لە چ ئاستێکدایە و لە چ بەرهەمێکی تردە وەرگیراوە و بە شێوەیەکی گشتی باس لە بەرز و نزمی وشە و واتای ئاخاوتنی قسەکەر دەکرا، چونکە مەبەستی سەرەکی ڕەخنە بریتی بوو لە جیاکردنەوەی پەسەند لە ناپەسەند...تاد» (د. سیروس شمیسا، نقد ادبی، ص٢١-٢٢)

بەڵام لە جێگایەکی تری هەمان کتێبدا هاتووە: «بەڵام

لە ئەمڕۆدا مەبەست لە ڕەخنە پیشاندانی لایەنی خراپی بەرهەمەکە نییە (هەرچەند لەوانەشە ئاماژە بەم لایەنە بدرێت)، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی ئاوڕ لە باشترین و گرنگترین بەرهەمی ئەدەبی دەداتەوە، لەم جۆرە بەرهەمانەدا پێش ئەوەی خاڵی لاوازی بەرهەمەکە گرنگ بێت، دیاری کردنی خاڵی بەهێزی بەرهەمەکە گرنگی هەیە، کەواتە ڕەخنەگری ئەدەبی هەوڵ دەدات بە ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکە لە لایەکەوە پێکهاتە و بنیادی بەرهەمەکە و واتاکەی بۆ خوێنەر ڕوون بکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە ڕوونکردنەی ئەو ڕێسا و هۆکارانەی کە بوون بە هۆی بەهێزبوون و باشتر بوونی بەرهەمەکە. کەواتە ڕەخنەی ئەدەبی لە لایەکەوە بەکارهێنانی ڕێسا ئەدەبییەکانە بۆ ڕوونکردنەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی و لە لایەکی تریشەوە دۆزینەوەی ئەو شێوازە تازە و بژاردانەیە کە لە بەرهەمەکەدا بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.» (د.سیروس شمیسا، نقد ادبی).

لە کتێبێکی تردا بەم شێوەیە پێناسەی ڕەخنەی ئەدەبی کراوە:

«(ئەبرامز) لە(فەرهەنگی زاراوە ئەدەبییەکانی) خۆیدا دەربارەی ڕەخنەی ئەدەبی دەڵێت: ڕەخنەی ئەدەبی، پێناسە، تەوصیف، ڕیزبەندی، شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبییە» (د. حمید رضا شایگان فر، نقد ادبی، ص١٥)

بە پێی پێناسەکەی (کادن) ڕەخنەی ئەدەبی: هونەر، یان زانستێکە تایبەتە بە بەراوردکردن و شیکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بەرهەمێکی ئەدەبی ...تاد

ئەم دوو پێناسەیە ئەوەمان پیشان دەدات کە ئێمەش بە هێواشی و کەم کەم بەرەو ڕووی هونەری ڕەخنە بە واتا نوێیەکەی هەنگاو دەنێین.

ئەدەبیات و هونەر دوو ڕووی یەک دراون. ئەم دوو ڕووە لەیەک جیاوازن، بەڵام بەشێکیشن لەیەک. ڕوویەکیان خودی بەرهەمەکەیە و ڕووەکەی تریشی ڕەخنەیە. هەر کەسێک بەرهەمێک دەخوڵقێنێت دەبێت ئەوەش بزانێت لەبەرانبەریدا ڕەخنەیەکیش هەیە. دەبێت بزانێت کەسێک هەیە ئەو بەرهەمە ڕاڤە و شرۆڤە دەکات، هەندێ کەس لایەنە باشەکانی بەرهەمەکە و هەندێکی تریش لایەنە خراپەکانی بەرهەمەکە دەستنیشان دەکەن و گرووپێکی تریش هەن پێوەندی ئەو بەرهەمە بە کۆمەڵگاوە لێک دەدەنەوە و کاریگەری بەرهەمەکە لەسەر کۆمەڵگا هەڵدەسەنگێنن، یان بەپێچەوانەوە کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر نووسەرەکە لێک دەدەنەوە و هەندێکیش هەن دەقەکە تێدەپەڕێنن و دەیانەوێت بگەن بە واقعیەتەکانی کەسی نووسەر و گرنگی بە لایەنی کەسێتی نووسەر دەدەن. کەواتە ناتوانیت بڵێیت منی نووسەر بەرهەمێک دەنووسم، بەڵام تۆی خوێنەر نابێت هیچ بڵێیت، قسەکردن مافی ڕەخنەگرە. کەسێک کە لە ڕەخنە بترسێت، باشتر وایە خۆی لە هەر جۆرە نووسینێک بە دوور بگرێت.

ئەدیبێکی فەرەنسی بەناوی (ا. ڤ. ارنۆ) (A.V.Arnault) دەڵێت: «کاتێک ئێوە وەک نووسەرێک خۆتان دەناسێنن، دەبێت وەک نووسەرێک ڕەنج و سەختییەکانی ڕەخنەشتان پێ قبوڵ بێت».

بەڵام ڕەخنەش شێواز و میتودی تایبەت بە خۆی هەیە. ڕەخنە هونەرە و دەبێت فێری ببین. بۆ ڕەخنەگرتن دەبێت بە باشی شێوازەکانی ڕەخنە و ئەو بەرهەمەی کە دەتەوێت ڕەخنەی لێبگریت بناسیت. «بۆ شیکردنەوەی هەر کتێبێک باشترواید یەک میتود، یان یەک شێوازی ڕەخنەی ئەدەبی بەکاربهێنین» (د. علی عباسی، ژیلبر دوران، ماهنامە کتاب کودکان، شمارە ٤٦) کەواتە بەکارهێنانی یەک میتود لە ڕەخنەدا پێویستە.

دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە ئێمە نابێت وەک ئامانجێک ڕەخنە بەکاربهێنین بۆ خراپ کردن، یان لە ناوبردنی بەرهەمێک، یان کەسێک، چونکە ڕەخنە هیچ نییە، بێجگە لە گفتوگۆکردن و هاوبیری کردن. ڕەخنە گفتوگۆیە، گفتوگۆیە دەربارەی بابەتێکی تایبەت، گفتوگۆیەگی ئەدەبیانەیە. ڕەخنە بەو شێوەی کە ئەمڕۆ لە فەرهەنگی ئێمەدا (فەرهەنگی ئێرانی)دا بڵاوە، هەندێ جار ڕوویەکی نەرێنیی دەبێت. بۆ نموونە کاتێک دەڵێین فڵانەکەس بەشێوەیەکی گشتی و لە دیدگایەکی ڕەخنەییەوە لە بەرهەمەکەی ڕوانیوە، هەندێک جار بەو واتایەیە کە هێرشی کردووەتە سەر هەموو بەرهەمەکە، ئەگەر وەک ئامانجێک بۆ ڕووخاندن لە ڕەخنە بڕوانین، ئەوە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم نووسین، یان گوتنی بەرهەمی ئەدەبی و ترس و دوودڵی لای نووسەر دروست دەکات. ڕەخنە بۆ فراوان کردنی ئەدەبیاتە، نەک کەم کردنەوەی. لە ڕاستیدا ئەدەبیات ئارام کردنەوەی ڕوحی مرۆڤەکانە. کەواتە ڕەخنە ئاخاوتن و تێڕوانینێکە لەسەر ئەو ئارامییە نووسراوە. ئارەزووی ڕەخنە گەیشتنە بە هەقیقەت،

دی سۆسێر

هەقیقەتی دەقە نووسراوەکە، هەقیقەتی دەنگە شاراوەکانی دەقەکە، گەیشتنە بە هەقیقەتە نەگوتراوەکان، هەقیقەتی نووسەرەکەی، هەقیقەتی بەرهەمەکە. ڕەخنە جۆرێکە لە گەڕان، هەنگاونانە لە هەوا و فەزایەکی تردا، لە جێگایەکی تردا. گەشتوگوزارێکە بە ناو بەرهەمێکدا، لە جێگایەکی نەناسراودا.

دەبێت ئەوەش بڵێین لە تێڕوانینی هەندێک لە ئەدیبانی ئەم سەدەیەدا، ئەدەبیات بە شوێن (مکان)، یان فەزا دادەنرێت، بۆ نموونە بە تێڕوانینی (مۆریس بلانشۆ): دەقە ئەدەبییەکان جێگە ئەدەبییەکانن. جێگەیەکن بۆ دەربڕینی داخوازییە دەروونییەکان. بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو جێگایانە دەتوانین بە دەروون و ناخی نووسەر بگەین. کەواتە پێوەندی لە نێوان ئەم دوو جێگەیەدا هەیە، واتا هەردوو جێگە ناوەکی و دەرەکییەکان، پێگە، یان جێگە ناوەکییەکان ویژدانە خودئاگا و ناخودئاگایەکانی مرۆڤەکانە (هەڵبەتە ویژدانی خودئاگا و ناخودئاگاش بۆخۆیان دوو جێگەی جۆراوجۆرن) و جێگە و پێگە دەرەکییەکانیش، ئەو پێگەیەن کە بە ئەدەبیات ناوزەد دەکرێن، ئەمەش بۆخۆی لە لایەکەوە دەبێتە هۆی خوڵقاندنی پێگە ناوەکی و دەروونییەکانی مرۆڤ.

بەڵێ ڕەخنە دووبارەی دووبارەبوونەوەکان نییە، بەڵکو گوتنی نەگوتراوەکانە.

کاتێک دەمانەوێت ڕەخنە لە بەرهەمێک بگرین، ئامانج و مەبەستمان پێداهەڵدان، یان لەناوبردنی بەرهەمەکە نییە، ئێمە تەنیا بینەر و تەماشاکەرین، ڕەخنە بینین و دیاری کردنە، جیاکردنەوەی بینراوەکانە لە نەبینراوەکان. لەبەر هەمان هۆیە کە بە هەموو کەسێک ناوترێت ڕەخنەگر، چونکە هەموو کەسێک هەموو خاڵەکان نابینێت، هەموو واقعیەتەکان نابینێت، هەموو جوانییەکان نابینێت. بە بێ بینینی جوانییەکان، ناشیرینییەکان و بە بێ بینینی ناشیرینییەکان جوانییەکان نابینرێن و لە ئەنجامدا هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان ڕووبەڕووی هەڵە دەبێتەوە. لەبەر هەمان هۆیە هەندێ کەس لە ڕەخنە بێزارن. بۆ نموونە شاعیری فەرەنسی سەدەی هەژدەم (لامارتین) (Alphonse de LAMARTIN) ڕەخنە بە (شمشێری بێ دەسەلاتان) ناو دەبات. بە دڵنیاییەوە لەو سەردەمەشدا وەک هەندێ کاتی ئەم سەردەمەی ئێمە، مەبەستی ڕەخنە تەنیا دۆزینەوەی ناشیرینییەکان بووە.

ڕەخنە واتا بڕیاردان، واتا هەبوونی هێزی بڕیاردان بۆ جیاکردنەوەی سیفەتەکانی بەرهەمێک، بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و باشتر تێگەیشتنی بەرهەمێکی ئەدەبی.

کەسێکی ئاسایی بە خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی، لەوانەیە وا هەست بکات هەموو شتێک دەزانێت و پەی بە هەموو مەبەستەکانی بەرهەمەکە بردووە، لە کاتێکدا دەبێت هەر لەو ساتەدا بزانێت کە زۆر نازانێت.

سەرەتای دەست پێکردنی زانین کاتێکە کە کەسێک دوای خوێندنەوەیەکی زۆر بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیانە ئەوە قبوڵ بکات کە هیچ نازانێت.

ئامانجی ڕەخنەگر بەدیهێنانی شتی تازە نییە، بەڵکو دەیەوێت ڕاڤە و شرۆڤەی ئەو بەرهەمە بکات کە هەیە، بنەما و کەرەستەکانی بناسێت و پێوەندی نێوانیان ئاشکرا بکات. بۆ ڕەخنەگرتن لە بەرهەمێک، پێویست نییە کەسی ڕەخنەگر شاعیر، یان ڕۆمانnووس بێت. دەتوانیت ببیت بە ڕەخنەگرێکی بە ناوبانگ و ناوازە بە بێ ئەوەی توانایی نووسینی تەنیا یەک دێڕ هۆنراوەت هەبێت.

ئەدەبیات جۆرێکە لە هونەری نووسین، ئەوەش دەزانین کە ئەدەبی زارەکیشمان هەیە، هەڵبەتە کەمتر ناسێنراوە،

لە کاتێکدا ڕیشەی زۆرێک لە بەرهەمە نووسراوەکانی زۆرێک لە شاعیرانی گەورەی پێشوو، بۆ ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری دەگەڕێتەوە.

نووسەرێک ئەوەی لە دڵیدا هەیە دەینووسێت بۆ ئەوەی کەسێک -خوێنەرێک- بەرهەمەکەی بخوێنێتەوە. کەواتە ئەدەبیات بریتییە لە نووسین و خوێندنەوە. ئەم دووانە (نووسین و خوێندنەوە) تەواوکەری یەکترن و پێکەوە واتا دەبەخشن. نووسینێکی ئەدەبی تا نەخوێنرێتەوە، نابێت بە بەشێک لە ئەدەبیات. ئەدەبیات گەنجینەیەکە لە ئاخاوتنەکان و نووسراوەکان و خواستەکان و ئارەزووەکان.

نووسەر دەنووسێت بۆ ئەوەی خوێنەر چێژ لە نووسینەکەی وەربگرێت، هەروەکو چۆن ڕەخنەگری فەرەنسی (ڕۆلان بارت) گوتوویەتی: «خوێندنەوەی دەقێک واتا چێژ وەرگرتن لەو بەرهەمە». کەواتە نووسەر دەنووسێت بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ بکات، ئەو دەقەکەی دەنووسێت و لە جیهانی ئەدەبیاتدا وازی لێدەهێنێت بۆ ئەوەی خوێنەرێک ئەو دەقە بدۆزێتەوە و بیخوێنێتەوە.

کاری ڕەخنەگر ئەوە نییە پێمان بڵێت ئەو دەقە بخوێنەرەوە، یان مەیخوێنەرەوە، یان پێمان بڵێت بیخوێنەرەوە بۆ ئەوەی بگەیت بە چێژ. لە کاتێکدا دەیەوێت تێبگات و ئەوە تێبگەیەنێت ئەو جۆرە پێوەندییەی کە هەیە لە نێوان خوێندنەوە و چێژدا چ جۆرە پێوەندییەکە. گوتنی ئەوەی ئەو کتێبە بخوێنەرەوە، یان ئەو کتێبە مەخوێنەرەوە بۆ ئەوەی غەمگین، یان دڵخۆش نەبیت، یان بۆ ئەوەی خۆت نەکوژیت، یان بۆ ئەوەی بەرەو لادانت نەبات، ڕەخنە نییە، بەڵکو زیاتر وانەیەکی ئەخلاقییە. ڕەخنە جیاوازە لە وانەی ئەخلاقی. ڕەخنە زیاتر بۆ ئاشناکردنی بەرهەمەکەیە لای خوێنەر.

چێژ لە خوێندنەوەی دەقێک وەردەگرین، چونکە ئاشنامان دەکات بە جیهانێکی تر. ڕەخنە واتا باشتر ناساندنی جیهانێکی تر، ئاشنابوون بە چێژێکی تر، بە جۆرێکی تر، بە ئاخاوتنێکی تر، ئاخاوتنیش خۆی بەشێکە لە جیهانی چێژ، چونکە ئەدەبیات واتا ئاخاوتن.

بە پێی بۆچوونەکان، سەرهەڵدانی ڕەخنە دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانی چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی کتێب و زۆربوونی خوێنەر. نابێت ئەوەش لە بیر بکەین لە سەردەمانی پێشوودا، تەنانەت لەو دەوڵەتانەی کە چاپەمەنیش بوونی نەبووە، وەکو (ئێران) ڕۆشنبیران و ئەدیبان ڕەخنە و خوێندنەوەیان بۆ کتێبەکانی سەردەمی خۆیان هەبووە، بەڵام هەندێ جار ڕەخنەکەیان لە سنووری ڕێزمان و لەوانەشە کەمێک زمانناسی و گوتنی ئەوەی کە فلانە شاعیر کتێبەکەی لە فلانە شاعیرەوە وەرگرتووە زیاتر تێنەدەپەڕی. کاتێک کەسێک کتێبێکی دەنووسی، بە لایەنی زۆرەوە تیراژەکەی لە یەک، یان دوو دانە زیاتر تێنەدەپەڕی و زۆرترین خوێنەریش نەدەگەیشت بە پازدە کەس، واتا تەنیا ئەو چەند کەسە بەرهەمەکەیان دەبینی، دەتوانین بڵێین لەم حاڵەدا جێگایەکی ئەوتۆ بۆ ڕەخنە نەدەمایەوە، بەڵام کاتێک تیراژی کتێبێک بگات بە پێنج، یان شەش هەزار دانە و بە هەمان ئەندازەش خوێنەری هەبێت، بە دڵنیاییەوە ئەم بەرهەمە لەگەڵ خواستی زۆرێک لە خوێنەرانیدایە و هەندێکیش قبوڵی ناکەن (هەڵبەتە ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە و ئەگەر بەپێچەوانەوە بوایە، واتا هەمووان قبوڵیان بکردایە، ئەوە جێگای نیگەرانی بوو). بە کورتی لە ئەنجامی ئەم نووسین و خوێندنەوە و قبوڵ کردن و قبوڵ نەکردنەوەوەیە، گفتوگۆکان سەرهەڵدەدەن، باسی باشییەکان و خراپییەکانی بەرهەمەکە دەکرێت و بیروڕاکان دەگوێزرێنەوە و لە ئەنجامیشدا ڕەخنە سەرهەڵدەدات. هونەری ڕەخنە بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە دەست پێکردنی دەگەڕێتەوە بۆ داهێنانی چاپەمەنی و بە پێپەڕبوونی بەسەردەمی ڕێنسانس و گوزەرکردنی بە نێو ئەو تیوریە و دیاردە جیاوازانەی کە لە لایەن هونەرمەندان و ئەدیبان و فەیلەسووفە گەورەکانی مرۆڤایەتییەوە داهێنراوە و گەیشتووە بەوەی کە لە ئەمڕۆدا لە شێوەی هونەر، یان لقێکی ئەدەبی، یان باشتر بڵێین لە شێوەی پێکهاتەیەکی زۆر ئاڵۆزدا بە دەستی ئێمە گەیشتووە.

ئەگەر ڕەخنە نەبوایە، بایەخی واقیعی بەرهەمی هونەری دەرنەدەکەوت. ئەوە ڕەخنەیە کە بایەخی هونەر ئاشکرا دەکات.

ڕەخنە ڕەوت و ڕێڕەوە. ڕەوتێک کە لە خاڵی (الف)ـەوە دەست پێدەکات تا دەگات بە (ی). بۆ ڕۆیشتن بەم ڕێڕەوە دەبێت لە دەرگای هەڵبژاردنەوە بچیتە ژوورەوە، دواتر لە یەکێک لە ڕێگاکانی ڕەخنەوە بەرەو پێشەوە بچیت، ئەگەر نەتوانین ڕەخنەکەمان بە دروستی

کۆتایی پێ بهێنین هۆکارەکەی ئەوەیە لە هەڵبژاردنی میتود، یان شێوازی ڕەخنەکەدا هەڵەمان کردووە، یان بە دروستی شێوازەکەمان نەناسیوە. ڕەخنە ڕێڕەوێکە پڕ لە بەردەڵان، ڕێگەیەک کە هەموو کەس توانایی تێپەڕبوونی نییە پێیدا، ڕێگەیەکە ونبوون تێیدا زۆر ئاسانە.

لە وشەی ڕەخنەدا چوار جۆر کردار شاراوەتەوە. لەم کردارانەدا لەوانەیە هەر جارە و یەکێکیان بەکاربهێنرێت و لەوانەشە دووان، یان هەموویان بەکاربهێنرێت.

یەکەمین کردار بریتییە لە هەڵبژاردن (la selection)، هەڵبژاردنی دەق کارێکە بەتەواوەتی پەیوەستە بە ڕەخنەگرەوە. بۆچی کەسی ڕەخنەگر فلانە دەقی هەڵبژاردووە و فلانە دەقی هەڵنەبژاردووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ مەبەست و ئامانج و خواستە دەروونییەکانی ڕەخنەگر. کارێکە سەد دەر سەد کەسیی (شەخصی).

دووەمین کردار دەتوانێت بەراوردکردن بێت (la comparaison)، بەراوردکردنی دەقەکان. هەڵبەتە لە ئەنجامی بەراوردکردنەوەیە دەگەین بە هەڵسەنگاندن.

ڕەخنەی کلاسیک بە گوتنی باشییەکان و خراپییەکان و جوانییەکان و ناشیرینییەکانی دەقێک، یان کتێبێک کۆتایی پێدێت.

سێیەمین کردار بریتییە لە هەڵسەنگاندن (le jugement).

چوارەمین کردار بریتییە لە تاووتوکردنی ئاراستە، یان ڕوانگەی ڕەخنەکە (lanalyse): دەتوانین بڵێین ئەم کرداڕە بە بنەمای ڕەخنەی هاوچەرخ دادەنرێت.

بۆ شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و بەراوردکردن و هەڵسەنگاندن، هەروەکو پێشتریش گوتمان پێویستمان بە میتود، یان شێواز هەیە.

میتودەکانی ڕەخنە زۆرن، مەبەستی ئێمە لێرەدا فێرکردن و باسکردنی میتود، یان شێوازەکانی ڕەخنە نییە، بەڵکو تەنیا ئاوڕدانەوەیەکی خێرایە لە هەندێک لەو شێوازانە.

یەکەم: ڕەخنەی ئەخلاقی:

مەبەست لە ڕەخنەی ئەخلاقی ئەوەیە بە پێی پێوەرە ئەخلاقییەکانی ڕۆژ دەڕوانێتە دەقەکە، ئەم شێوازە بە یەکێک لە کۆنترین شێوازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت و پێی دەوترێت ڕەخنەی سوننەتی (نەریتی) و لەوانەیە بتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕەخنەیە لە هەموو دەوڵەتەکاندا بوونی هەبووە و لە هەندێک لەو شوێنانەدا تا ئێستاش بوونی هەیە. زۆرێک لە عەقڵمەندان و ڕۆشنبیرانی پێشوو و ئێستای ئێران لەو باوەڕەدان دەبێت هونەر پەیڕەوی لە ئەخلاق بکات، ئەگەر سنووری ئەخلاقی تێپەڕاند، ئەوە دەبێتە کارێکی ناپەسەند و خراپ، تەنانەت ئەگەر هاتو هونەر ئەخلاقی لەبەرچاو نەگرت، ئەوە بە هونەری دانانێین، یان هەندێک لەهەوڵی چاکترکردنی هونەردان و هونەر بەو شێوەیەی کە هەیە قبوڵی ناکەن، بەڵکو تا ئەو جێگایەی کە سنووری ئەخلاقیان قبوڵی بکات، پەسەندی دەکەن.

دووەم: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی:

ئەم شێوازەی ڕەخنە کاری لێکۆڵینەوەیە لەسەر کاریگەری کۆمەڵگا لەسەر ئەدەبیات و بە پێچەوانەشەوە، واتا کاریگەری ئەدەبیات لەسەر کۆمەڵگا. دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە ڕەخنەیە، پێوەندی نێوان کۆمەڵگا و ئەدەبیات ڕوون دەکاتەوە. ئەم جۆرە ڕەخنەیە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ویژدانی کەسی و لایەنی دەروونی تاک، یان لایەنی ناخودئاگا (نەست)ی نووسەر. بایەخی ئەم ڕەخنەیە لەوەدایە کە پێوەندی نێوان کۆمەڵگا و بەرهەمی ئەدەبی ڕوون دەکاتەوە، چونکە بە بڕوای پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە، کۆمەڵگا بەر لە ئەدەبیات بوونی هەبووە، کە واتە نووسەر بە تۆندی دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵگاوە. نووسەر ناسێنەری کولتووری ئەو کۆمەڵگایەیە کە تێیدا دەژی و هەوڵی گۆڕانی کۆمەڵگاکەی دەدات. کەواتە هەمیشە دەتوانین لە بەرهەمی ئەدەبیدا جێ پێ و شوێنەواری ئەو نەتەوە و شوێنە پەیدا بکەین کە بەرهەمەکەی تێدا نووسراوە، چونکە بەرهەمی ئەدەبی ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە سەدەی بیستەمدا سەری هەڵنەدا، بەڵکو لە سەدەی نۆزدەمدا ڕەخنەگرانی وەک مەدام دیستاڵ و تن و فەیلەسووفانی وەک هیگڵ و مارکس بنەماکانی کاری ئەم جۆرە ڕەخنەیەیان دارشت. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، ڕەخنەگرانی وەکو دۆرکهایم و لانسۆن دەربارەی ئەدەبیات و کۆمەڵناسی کاریان دەکرد و دواتر کەسانی وەک جۆرج لۆکاش و لوسیان گۆڵدمان و میشێل باختین و چەندین کەسایەتی تر، چەندین بەشی تریان بۆ ئەم جۆرە ڕەخنەیە دانا.

سێیەم: ڕەخنەی دەروونناسی:

ئامانجی ڕەخنەی دەروونناسی لە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی ڕۆچوونە بەناو دەروونی نووسەردا و مەبەستیش لەمە باشتر ئاشنابوون، یان ناسینی دەقەکەیە لە دەروونی نووسەرەکەوە.

بۆ ئەم مەبەستە پێویست ناکات تۆ دەروونناس، یان دەروون شیکار بیت، بەڵام دەبێت ئاشنایەتیتان لەسەر ئەو زانستە هەبێت.

ڕەخنەی دەروونناسی هەندێ جار بایەخ بە لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمە ئەدەبییەکە دەدات، لە هەندێ کاتیشدا هەوڵی ناسینی خولقێنەری بەرهەمە ئەدەبییەکە دەدات و هەندێ جاریش ئاوڕ لە کاریگەری بەرهەمەکە لەسەر خوێنەر دەداتەوە، هەڵبەتە بایەخیش بە چۆنێتی خولقاندنی بەرهەمی ئەدەبی دەدات.

لە گرنگترین ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کاریان کردووە، بریتین لە فرۆید کە بە دەستپێکەری ئەم جۆرە ڕەخنەیە دادەنرێت، هەروەها یۆنگ و ئادلەر و کەسانی تری فەرەنسیش کە بە زۆری پەیڕەویان لە فرۆید کردووە وەکو ژاک لاکان و چارلس بۆداون و چارلس مورون و مارت ڕۆبێرت و ژان بێلمن نوئل.

ئامانجی ڕەخنەی دەروونناسی، پەیداکردنی واتای شاراوەی دەقێکی پڕ لە ناڕوونی و ئاڵۆزییە. ڕەخنەگرێک کە ئەم ڕەخنەیە هەڵدەبژێرێت لەو باوەڕدایە کە یادەوەرییەکانی سەردەمی منداڵی زۆر گرنگە و پێویستی بە لێکدانەوە هەیە، دەبێت ئەو یادەوەرییانە پەیوەست بکەین بەو ڕووداوانەی کە لە داهاتوودا دێنە پێشەوە، کە لە ڕاستیدا ئەم یادەوەرییانە وێنەیەکن لە ڕووداوەکانی دواتری ژیان، لە کاتێکدا بۆ کەسێکی ئاسایی زۆر بێ مانا دیارە.

بەرهەمێکی ئەدەبی لە کۆمەڵە هێما و نیشانەیەک پێکهاتووە، لە ڕێگەی نووسەرەوە هەڵبژێردراون کە لە ڕاستیدا گرێ دەروونییەکانی خودی نووسەرەکەن.

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئامانجی ڕەخنەی دەروونناسی چارەسەرکردنی نەخۆش، یان نووسەر نییە، بەڵکو ئامانجی دروست کردنی پێوەندی نێوان ئەدەبیات و وێژدانی ناخودئاگا (نەست)ی نووسەرە.

چوارەم: ڕەخنەی زمانەوانی:

لە ڕەخنەی زمانەوانیدا دەتوانین بڵێین فردیناند دی سۆسێر دەستپێکەری ئەم ڕێگایەیە و کەسانی تری وەک ئەمیل بنونیست و هارۆڵد ونریش و پۆل ڤالێری لە گرنگترین ئەو کەسایەتییانەن کە پەیڕەویان لەم جۆرە ڕەخنەیە کردووە. ئەمان زیاتر دەربارەی پێکهاتەی دەق و زمانەکان و کردارەکان و لایەنی سێنتاکسی دەقەکە کاریان دەکرد، دواتر بووە بنەمای کاری قوتابخانەکانی تریش.

لە ڕەخنەی زمانەوانی مۆدێرندا، زیاتر لە ئاستی واتاسازی دەکۆڵرێتەوە، واتا زیاتر گرنگی بە ڕەفتاری زمانیی نووسەر دەدات و لەوێشەوە هەوڵی ناسینی دەروونی نووسەرەکە دەدرێت.

ئەم زانستە بە پشت بەستن بە زمانەوانی مۆدێرنی (سۆسێر) و (بنونیست) دەقەکان لەسەر بنەمای ڕەفتاری زمانی و کەسێتییەکان و گۆڕانە زمانەوانییەکان ڕاڤە و شرۆڤە دەکات.

دوو قوتابخانەی تری زمانەوانی مۆدێرن بریتین لە فۆرمالیستی ڕووسی و بنیادگەرایی.

فۆرمالیسم لە ساڵانی (١٩١٤- ١٩٢٠) بە هەوڵی فکتۆر شکلۆڤسکی و ڕۆمان یاکۆبسن و بۆریس ئاخن باوم بنیاد نراوە. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون هەر یەکێک لە بنەماکانی دەق یەک فۆرم، یان یەک شێوەن و بە جیاکردنەوە و ناسینی ئەو فۆرمانەیە، دەتوانین دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی نائەدەبی جیابکەینەوە و ئەو فۆرمەی کە دەقی ئەدەبی دروست دەکات بنەمای سەرەکی، یان بە واتایەکی تر ئەدەبییەتی دەقەکەیە.

پێنجەم: ڕەخنەی بەراوردکاری:

کاری ئەم جۆرە ڕەخنەیە بەراوردکردن و بەرانبەرکردنی کولتوور و ئەدەبیاتی دەوڵەتە جیاوازەکانە، یان بەراوردکردنی ئەدەبیاتی تەنیا یەک دەوڵەتە. گرنگترین زانایانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە (پیر برۆنل) و (ئەتیامبل)ـە.

شەشەم: ڕەخنەی ئەفسانەیی:

لەم جۆرە ڕەخنەیەدا دەقی ئەدەبی بە پێی ڕەمز و هێما ئەفسانەییەکان شیکردنەوە و ڕاڤەی بۆ دەکرێت.

لە ناودارانی ئەم جۆرە ڕەخنەیە دەتوانین ئاماژە بۆ هەریەکە لە سیرجیمز فریزەر و کارل گوستاڤ یۆنگ و میریسیا ئەلیاد و بیرمەندی فەرەنسی ژیلبەر دوراند بکەین.

بێجگە لەم جۆرە ڕەخنانەی سەرەوە کە ئاماژەمان بۆ کردن چەندین جۆری تری ڕەخنە هەیە، لەوانە: ڕەخنەی فەلسەفی و ڕەخنەی فێمینیستی و .....تاد.

لە بناغەدا زانستە مرۆڤایەتییەکان ئاوڕ لە ناسینی مرۆڤ دەدەنەوە و هەموو شێوازەکانی ڕەخنەیش کە لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هەن، کاریان ناسینی مرۆڤە و هیچ کارێکی تری، بێجگە لەمەیان نییە.

مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی کەسێتییەکی ڕەخنەیی هەیە، هیچ کەسێک نییە بە خوێندنەوەی کتێبێک هیچ بیروڕایەکی نەبێت لەسەر ئەو کتێبە، تەنانەت ئەگەر هیچیش نەڵێت دەربارەی ئەو کتێبەی کە دەیخوێنێتەوە، بە واتای ئەوە نییە کە هیچ سەرنجێکی نییە، مەگەر ئەوەی هیچی لێ تێنەگات. نەبوونی سەرنج دەربارەی کتێبێک، جیاوازە لەگەڵ ئەوەی کە نەیەوێت هیچ بڵێت. دەبێت ئەوەش بزانین قسەنەکردن بۆخۆی جۆرێکە لە ڕەخنە. ماری لویس ون فرانتسز: یەکێکە لە نزیکترین هاوڕێ و هاوکارەکانی شارل گۆستاڤ یۆنگ لە کتێبی (زن در قصه‌های پریها) دا دەڵێت: «بێ دەنگی، پارێزگاری لە کڕۆک و ناوەڕۆکی ویژدان و دەروونی ناخودئاگا (نەست) دەکات لە بەرانبەر نەزانی و تێنەگەیشتنی گشتیدا».

دەربارەی بێ دەنگی چەندین وتە هەیە.

ئیمامی عەلی لە (نهج البلاغة)دا دەڵێت: «لەبەرئەوەی عەقڵ و هۆش بە پلەی کاملّبوون گەیشتن، ئاخاوتن کەم بووەوە». کەواتە کاتێک کەسێک قسە ناکات، مانای ئەوە نییە هیچی پێ نییە بۆ گوتن. کەم گوتن بە واتای نەبوونی قسە نییە، بەڵکو هەندێ جار لە ئەنجامی کاملّبوونی قسەوەیە. پێشینانیش گوتوویانە: (کەم گۆیی و قسەڕەوانی هەروەکو دوڕ).

لە کۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێین ئامانجی ئەم وتارە دەربڕینی دیدگایەکی نوێیە بۆ گوتاری ڕەخنەیی. نابێت وشەی ڕەخنە بە واتای تانەگرتن و بیانووگرتن لێک بدەینەوە، دەبێت ڕەخنە بەو واتایەی کە ئێستا هەیە بەکار بهێنین. دەتوانین چەندین پێناسەی تر بۆ وشەی ڕەخنە بهێنین و زیاتر لەسەری بدوێین و بە هیچ شێوەیەکیش نامانەوێت بڵێین لەم وتارەدا هەموو شتێکمان دەربارەی ڕەخنە گوتووە. ئەم بابەتە لەوە فراوانترە کە ئێمە بە چەند دێڕە پێناسەیەک هەموو شتێکمان دەربارەی گوتبێت، بەڵام هەوڵمان داوە بە کەمترین قسە، بە زۆرترین پێناسە بگەین.

سەرچاوە:

گۆڤاری (ادبیات داستانی) سالی یازدەم، (۱۳۸۲ - ۱۳۸۳)هەتاوی، ژمارە (۷۷ و ۷۸) لاپەڕە (٦٨ - ٧٣).

فەلسەفەی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- لە چوارچێوەی پرۆسەی بزووتنەوەی هەمەڕەنگ و بەپێزی فەلسەفە لە سەدەی نۆزدەمدا دیاردەی هەرەس هێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان، دوای مردنی هیگڵ (١٨٣١ز) ئەگەر لەسەرەتادا جۆرە نائومێدییەک و ڕەشبینییەکی پاساودراوی لێکەوتبێتەوە، لەلایەکی دیکەیدا ڕەهەندێکی دیکەی هەبووە. ڕەهەندی ڕکەبەری و کێشە و بەرەی ڕووبەڕووبوونەوەی دەستەویەخە. مەتریالیست و ئایدیالیست(١) و پۆزێتیڤیستەکان لە یەکدی چووبوونە سەنگەرەوە، ئەو بەرەنگاری یەکدی بوونەوەیە، ئەگەرچی لە دوو بەرەدا کارا و دەستبەکار بووبێ:

یەکەم: پاساودانی ڕەوایەتی بوونی ڕێبازەکە خۆی.

دووەم: کۆشش کردنی بۆ ستاندنەوەی ڕەوایەتی لە ڕێبازەکەی دیکە.

ئەو دیاردەیە ڕاستەوخۆ کاری لە فەلسەفە کردووە بە ڕوخسار و ناوەرۆکەوە، بە میتود و کەرەسەی توێژینەوەوە:

فەلسەفە خۆی هەر لە سەرەتاوە لە چەند لق و بابەتێک پێکهاتووە، پرسیاری تایبەت بەخۆی وروژێنراون و کەرەسەی دیاریکراوی توێژینەوەی هەبووە. لەو قۆناغەدا سێ بابەت پشکی شێریان بەرکەوتووە:

یەکەم: لۆژیک.

دووەم: میتافیزیک.

سێیەم: تیوری زانین.

لە کاتێکدا بەچاوی ڕێزەوە تەماشای لۆژیک کراوە و بە کەرەسەیەکی گرینگ و پێویست لە چوارچێوەی فەلسەفە و بۆ توێژینەوەی زانستی (بە واتا گشتییەکە) دانراوە، هەڵوێستێکی گومان و تۆمەتبارکردن دەربارەی

کانت

میتافیزیک نوێنراوە، لەوەش بەولاوە تۆمەتی ئەو شکستی و پاشەکشەیەی دراوەتە پاڵ کە بەسەر فەلسەفە بەگشتی و فەلسەفەی ئایدیالیستیدا هاتووە بە تایبەتی. سەرنەکەوتنی کۆششەکەی کانت کە بۆ بە زانست کردنی میتافیزیک و هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیزم دوای مردنی هیگڵ لەو دیاردەیەدا پشکی شێریان بەرکەوتووە. لە بارەی تیوری زانینەوە بیروبۆچوون، پشت ئەستوور بەو گەشەکردنەی زانستەکان بەگشتی و زانستی سروشتی شان بە شانی ڕێبازی مەتریالیستی کردبوویان، لەو خاڵانەدا بەرجەستە کرابوو:

- تای تەرازوو بەلای زانستدا لاسەنگ کراوە، مافی زانینی ڕاستەقینەی دەوروبەر و هەڵکەوت -Wirk lichkeit، بەو واتا و مەبەستەی کانت هەیبووە و داکۆکی لێ کردووە، لە فەلسەفە زەوت کراوە و دراوەتە پاڵ زانستەکان.

- هیچ جۆرە زانینێکی پێشییانەی لێکدراوە نییە و ناگونجێ، بۆیە زانین بە تەواوەتی پشت بەهاوردەی تێبینی هەستەکی دەبەستێ و ئەو هەستانە تاکە ڕێگای هێنانی کەرەسەی زانینن. ئەو بڕیارە ڕۆڵی ناوەکی توانایی خودی شت زانین کە لە ناخی خۆیەوە شت بخاتە سەر خەرمانی ئەو شتە دەرەکییانەی دەزانرێن، کاڵ دەکاتەوە. ڕۆڵی خود کە کانت بەوە دیاری کردبوو چەند چەمکێک دەخاتە سەر کەسەرەی زانین، لێرەدا دوور خراوەتەوە، پشکی سەرەکی بە چالاکی هەستەکان دراوە.

- ڕۆڵی دیاریکراو سنوور ڕەنگ بۆ ڕێژراو بۆ چالاکی و پرۆسەی بیرکردنەوە (هزر) دەستنیشان کراوە:

هزر تەنیا هەر ڕۆڵی ڕاپەڕاندنی ئەرکی خودی شرۆڤەکردن و پێکەوە ڕێکخستنی پێوەندی نێوان کەرەسە و ڕەگەزەکانی هاوردە هەستییەکان دەگێڕێ. ئایا ئەو بڕیارە پشتڕاستکردنەوەی بۆچوونەکەی کانتە، یان وەلانان و تێپەڕاندنیەتی هەروەکو قۆندلباند گوتبووی:

«تێگەیشتنی جیهاندیدی کانت ئەوەیە تێی بپەڕێنی» (۳)، ئەگەرچی بڕیاری ئەو فەیلەسووفە پتر لە بۆچوونێکی تەمومژاوی دەچێ کە پتر بابەتەکە ئاڵۆزتر بکات، بەڵام دەبێ ڕێبازێک ئەگەر بۆ ڕشتنی ڕەنگی جیهاندیدێک پشت بە فەیلەسووفێک ببەستێ و سنووری هزر و فەلسەفەکەی ئەو فەلسەفەیە نەبەزێنێ تا چەند دەکرێ تایبەتمەندی ڕەسەنایەتی پێ ببڕێ؟

- ئەگەر مرۆڤ سەرنج لەو بەرهەمانە بدات کە لە دەوروبەری ساڵانی (۱۸۷۰ز) بلاوکراونەتەوە و بەردی بناغەی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێیان داناوە، بەگشتی داوای گەڕانەوەیان کردووە بۆ سەر فەلسەفەی کانت. ڕاستە کاتی خۆی (هێلمۆلتز) ئەو داوایەی کردووە، بەڵام هەلومەرجی ئەو سەردەمەش لە دابین کردنی ڕەوشی ئەو گەڕانەوەیە ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە.

گەڕانەوەی بۆ سەر کانت

۱- بەپێی ئەو سەرچاوانەی (بەزمانی ئەڵەمانی) لەبەر دەستدان، دەردەکەوێ کە چەند مامۆستایەکی فەلسەفە لە ڕوانگە و ئامانجی جیاوازەوە، ئەو هەنگاوەی ڕێگا خۆشکردنەکەیان هەڵگرتووە، هەنگاونانەکەش بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی چەند بەرهەمێک کە دەکرێ بە بزووتنەوەی کانتی ناوببرێ. ئەلبێرت لەنگە، ئۆتۆلیبمان، ئەلۆیس ڕیل، ڕابەری ئەو بزووتنەوەیە بوون. لە بەرهەمەکانیاندا بە گشتی قسەیان لەو بابەتانە کردووە کە کانت لە ڕەخنەگرتنی ژیری بێگەرد لێیان کۆڵیوەتەوە بە تایبەتی:

- زانینی پێشیانە apriori.

- شت له خۆیدا و دیارده.
- ڕوخسار و فۆرمەکانی هزر- بیر.
- یەک ڕەنگ کردنی دوو ڕەنگییەکەی کانت: ژیری و هەستەکی، خودی و بابەتی، ئایدیالیزمی و مەتریالیزمی.
- زیندووکردنەوەی دابونەریتی فەلسەفەی ڕەخنەگری کە کانت بەردی بناغەکەی دانابوو.
- ڕکەبەری کردنی هەردوو ڕێبازی ئەزموونی و پۆزەتیڤیستی.
- بایەخدان بە لۆژیکی ترانسندێنتالی.
- هەڵوێستەکانی ئەو مامۆستایانە لەو بەرهەمانەیاندا، ئەگەرچی تاڕادەیەکی سەرنجڕاکێش هانی چوونەوە سەر فەلسەفەی کانتیان داوە، بەڵام بەهیچ جۆرێک شوێن پێ هەڵگر نەبوون، بەڵکو کۆشاون، هەریەکە لەلای خۆیەوە، لەسێ بەرەدا چالاک بن و بەپێی بۆچوون و جیهاندیدی تایبەتی هەریەکێک لەوان، بەلایەکدا بابەتێک یەکلایی بکەنەوە، ئەو لایەن و بەرەی هەوڵەکان بەو شێوەیە بوون:
- ئەو کەلەبەرانە پڕ بکەنەوە کە لەنێو جیهاندیدی کانتدا هەستیان پێ کراوە و بوونەتە مایەی گازندە و ڕەخنەگرتن.
- ئەو پرسیارانە کە بە کراوەیی بەجێ ماون، هەوڵی وەڵامدانەوەیان بدرێت.
- ئەو کێشانە یەکلایی بکرێنەوە و بەلایەکدا بخرێن کە بەهۆی پەرەسەندنی زانستە سروشتی و مرۆڤییەکانەوە سەرئاو کەوتبوون و لایەک لەلایەنی مەتریالیستی فەلسەفەی ڕابەری ترانسندینتالی، ئارێ ناڕێ، بکرێتەوە.

بابەتی تیوری زانین لە چالاکی ئەو بزووتنەوەیەدا پشکی شێری بەرکەوتووە، بە تایبەتی هێلمهۆڵتز لەو توێژینەوەیدا کە داوای کردبوو «بچنەوە سەر کانت» پێی لەسەر ئەو لایەنە داگرتووە زانستەکان بەگشتی و زانستی سروشت (فیزیک) بە تایبەتی، پێوبستیان بە ڕوونکردنەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ئیستمۆلۆژییانەی(٤) فەلسەفەی چەمکە تایبەتییە بنەڕەتییەکانیان هەیە. ئەو لایەنە لە فەلسەفەی کانتدا جێبەجێ کراوە. ئەلبێرت لەنگە کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە ڕێبازی مەتریالیزم پتر لە دەڤەری زانستدا جێگای دەبێتەوە، ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە مەتریالیزم وەک بنەمای توێژینەوە و زانست ناتوانێ دەستبەرداری ببێ، بەڵام لە چوارچێوەی فەلسەفەدا ناگونجێ بۆ بە زانست کردنی میتافیزیک پشتی پێ ببەستڕێ و ئەو هەوڵەش بەهۆیەوە بدرێ گەوهەری شت لەخۆیدا چییە بزانرێ مایەپووچ دەردەچێ، ئەو بۆچوونەی لەنگە، هەنگاوێک بووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە هەڵگیراوە کە کەوتبووە نێو جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی کانت کە بوونی بەسەر دوو ڕەهەنددا دابەش کردبوو: شت لەخۆیدا و دیاردە. گوایە توانایی زانینی مرۆڤ سنووردارە و ڕادەیەکی هەیە و هەرگیزاوهەرگیز کەس ناتوانێ گەوهەر و ڕاستی شت لەخۆیدا چییە بزانێ کە هەر زانینی بەدەرکەوت و دیاردەی شت لەتواناییدا هەیە پەی پێ ببردرێ و بزانرێ!

هەروەها لەنگە هەوڵ داوە ساغی بکاتەوە کە چەمکی مەتریال (ماددە) چەمکێکە فام و تێگەیشتنی (مرۆڤ) خۆی دایهێناوە. ئەو هەوڵانە جۆرە گەڕانەوەیەک بۆ سەر ڕێبازی ڕەخنەیی کانت دەردەخات، چۆن سەرگەرمی ڕشتنی ڕەنگی توانایی ژیر و بڕکردنی زانینی مرۆڤ بووە.

وەلانانی بابەتی شت لە خۆیدا و دیاری کردنی فۆرم و چەمک و ئەرک و میتودەی میتافیزیک(٥) بە نازانستییانە و پشتگوێ خستنیان بۆتە مایەی بایەخدان بە تیوری زانین و والاکردنی دەروازەی چوونە نێو جیهانی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ. ئەو ڕێبازە لەو ئاراستەیە پێکهاتووە کە سەرچاوەکانی ناوی قوتابخانەیان لێ ناون:

یەکەم: قوتابخانەی ماربورگ:

هێرمان کۆهن (١٨٤٢- ١٩١٨ز)، پاول ناتۆرپ (١٨٥٤-١٩٢٤ز)، ئێرنست کاسیرر (١٨٧٤-١٩٤٥ز) بەرچاوترینی ڕابەرانی ئەو ڕێبازەن:

دووەم: قوتابخانەی بادن: باشووری ڕۆژئاوای ئەڵمانیا:

پرۆفیسۆر ڤلهێلم ڤندلباند (١٨٤٨-١٩١٥ز)، پرۆفیسۆر هاینریش ڕیکێرت (١٨٦٣- ١٩٣٦ز) ڕابەرایەتیان کردووە.

قوتابخانەی ماربورگ

١- ڕێبازێکی سەرەکی ئەو فەلسەفەیەیە کە

هیگل

بەکانتیانیزمی نوێ ناسراوە و دەکرێ بە بزووتنەوەیەکی کارا و گرینگی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە دابنرێ کە تاوەکو سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی لە زانکۆکانی ئەڵمانیا چالاک و دەستبەکار بووە. لەسەردەمێکدا هەندێک فەیلەسووف بۆ نموونە نیتشە گومانێکی ڕادیکاڵ و سەرتاپاگیریان لە هەموو جۆر و شێوازەکانی کولتوور و فەرهەنگ و هزر کردووە و سەرگەرمی جێگیرکردنی هەست و نەستی بێهوودەیی و ڕەشبینی بوون، ڕابەرانی ئەو ڕێبازەی ماربورگ بە تۆندی بەرەنگاری ئەو بۆچوون و جیهاندیدە لێڵ و تەمومژاوی و بێ بنەمایە بوونەتەوە و کۆشاون پلەوپایە و بایەخی بڕوا بوون بە ڕۆڵی شۆڕش ئامێزی زانست و ژیر و لۆژیک جێگیر و پتەو بکەن. ئەو ڕێبازە بە ئایدیالیزمی لۆژیکیش ناودەبرێ، چونکە ڕابەرەکانی لەو باوەڕەدا بوون، هەرچی هەیە هەموو شتێک، بوونێک، بەهۆ و بە سایەی هزر (بیرەوە) هەبوو دەبێ، ئەوی بوونی ڕاستەقینەی هەیە بیرەو بەهۆی بیرەوە دەبێ(٦) ئەو جۆرە هەڵوێست- بڕیاردانە ئەگەر لە ڕوانگە میتۆوویەکەوە سەرنج بدرێت، هەڵوێستی ئایدیالیستی کەشیش بارکلی و کانت و فیختە دەهێنێتەوە یاد. هیچ گومان لەوە ناکرێ کە بوون و نابوون خەسڵەتێک نییە بدرێ بە بابەتێک، یان لێی زەوت بکرێت، بەڵام ئەگەر بەهۆی بیرەوە نەبێ چۆن دەتوانرێ بزانرێ و بڕیار بدرێت کە فلانە شت هەیە، یان بوونی نییە؟!

٢- لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە، ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە فەلسەفەی ئەو ڕێبازەوە هەیە، سێ جیهاندید بەدی دەکرێن کە سێ هەڵوێستی جیاوازیان لە بارەی فەلسەفەی کانتەوە هەبووە:

یەکەم: ئیمپریزمی نوێ و فەلسەفەی شیکاری:

مەبەست لە فەیلەسووفەکانی ڕێبازی پۆزیتیڤیزمی نوێ و لایەنگرانیەتی کە بە تەواوەتی بە پێچەوانەی کانتەوە بیریان کردۆتەوە، ئەگەر لەلای ڕێبازەکانی دیکە کێشەی نێوان ئەوان و کانت بریتی بووبێ لەوەی چۆن زانینی لێکدراوی پێشیینانە شرۆڤە بکرێت و لێک بدرێتەوە، پۆزیتیڤیستە نوێیەکان وای بۆچوون کە ئەو جۆرە باسو خواسە بە هیچ بنەما و هەلومەرجێک پاساو نادرێتەوە و بابەتەکە خۆشی بە تایبەتی بوونی ناوبراو بە بابەتی «بڕیاری لێکدراوی پێشیینانە» ساغ نابێتەوە و لە چوارچێوەی فەلسەفەی ورد و زانستی دەچێتە دەرەوە.

دووەم: فرانتس برێنتانۆ و فینۆمینۆلۆژی:

ئەو ڕێبازەی دووەم ڕاستە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی بەرانبەر بە جیهاندیدی کانت هەبووە، بەڵام ویستوویەتی ئەو پرسیارانەی کانت کردوونی و ئەو کێشانەی کۆششی یەکلایی کردنەوەی داون و ئەو بابەتانەی باسی کردوون سەرلەنوێ بیانهێننەوە سەر خوانی توێژینەوەوە، بەڵام بە شێواز و میتودەیەکی دیکەی جیاواز تاووتویان بکەن و لێیان بکۆڵنەوە. بۆ نموونە برێنتانۆ ویستوویەتی بەشێوەیەکی جیاوازتر کێشەی بڕیاری لێکدراوی پێشیینانە بەلایەکدا بخات و لێکی بداتەوە. هەر لەو چوارچێوەیەدا نیکۆلای هارتمان ویستوویەتی لەنێو فەلسەفە ئۆنتۆلۆژییەکەیدا جۆرە هاوکێشەیی و هەماهەنگی و پێکەوە هاتنەوەی بنەما بنەڕەتییەکانی هزر (چەمکەکانی زانین) لەگەڵ پرینسیپەکانی جیهاندا (چەمکەکانی بوون) ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە.

سێیەم: ڕابەرانی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ بە هەردووک لقیەوە:

ئەو ڕێبازە هەر لە سەرەتاوە بنەما بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی کانتی پەسند کردووە، بەڵام هەر لە سۆنگەی

جیهاندیدی کانتەوە کۆشاوە فەلسەفەی کانت لە پاشماوەی میتافیزیکی پێش قۆناغی ڕەخنەگرتن بژار بکات(٧).

ئەگەر ڕابەرانی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ پابەندی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی کانت بووبن، دەکرێ قسە لە فەلسەفەی تایبەتی خۆیان بکرێت؟ ئایا ئەوان شتێکیان داوەتە دەست کە بە جۆرێک لە جۆرەکان پشتی بە کانت بەستبێ و لە هەمان کاتدا تایبەتمەندی خۆیانی ساغ و پشت ڕاست کردبێتەوە؟!

دوای کۆچی دوایی هیگڵ (١٨٣١ز) کە دیاردەی ناهەمواری شکست هێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمانی بەدوای خۆیدا هێنا، کانت هەتاوەکو ئێستاش، بە درێژایی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە و سەرتاسەری سەدەی بیست ڕابەری بێ ڕکەبەری فەلسەفەی ئەورووپا بووە، سەرچاوەیەک بوو کە وشک بوون نازانێ و هەموو ڕێبازە فەلسەفییەکان لێوەیان هەڵێنجاوە.

کانتیانیزمی نوێ، لە سۆنگەی ئەو بۆچوونەوە، فەلسەفەی کات و سەردەمی خۆی بووە. ئەوە بووە کە دەبێ فەلسەفە چی بێت(٨)، بە تایبەتی سەردەم و قۆناغی خۆی لە بیروهزردا چڕ و خەست کردۆتەوە و دەری بڕیوە، لێرەوە ڕەسەنی و بەپێزی بیروبۆچوون و بەرهەمەکانیان بەدەردەکەون کە گیانی سەردەمی خۆیانیان بەرجەستە کردووە.

٣- ڕاستە هیرمان کوهن (١٨٣١- ١٩١٨) و پاول ناتورپ (١٨٥٤-١٩٢٤ز)، هەروەها ئێرنست کاسیرر (١٨٧٤-١٩٤٥ز) ڕابەری ڕاستەقینەی دامەزێنەری قوتابخانەی ماربورگی کانتیانیزمی نوێن، بەڵام پرۆفیسۆر دکتۆر ئەلبێرت لەنگە لە شاکاری «میتۆووی مەتریالیزم» و پرۆفیسۆر دکتۆر ئوتو لیبمان لە کتێبی «کانت و لاساییکەران» و پرۆفیسۆر دکتۆر ئەلویس ڕیل لە کتێبی «ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەدا» ڕێگای دامەزراندنی ئەو ڕێبازەی فەلسەفەیەی ناسراو بە «فەلسەفەی زانکۆیی» خۆش کردووە.

دکتۆر لەنگە لە شاکارەکەیدا لە ڕوانگەی مەتریالیستییانەوە سەرنجی دوو بابەتی گرنگی فەلسەفەی کانتی داوە کە لە چوارچێوەی تیوری زانیندا بگرە و بەردە و کێشە و بەرەیەکی زۆروزەبەندیان لەسەرە:

یەکەم: ئەو خاڵەی بە بارگۆڕین و وەرچەرخانی کۆپەرنیکۆسییانەی داناوە. تێیدا کانت لە چوارچێوەی ئیستمۆلۆژیدا گۆڕانێکی وەک کۆپەرنیکۆسی کردووە: مێشک، تێگەیشتنمان بەهۆی بابەتەکانی دەوروبەرەوە ئاراستە ناکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە تێگەیشتنمان Unsere Begriffe بابەت و کەرەسەکان ئاراستە دەکەن، شتێک نەما پێی بگوترێ بابەتیەتی، ڕەها، ئەوی هەیە بابەتە سەبارەت بە مرۆڤ و بوونەوەر و گەوهەری ئۆرگانی. لەپشت ئەو جیهانی دیاردەوە کە بەدەردەکەوێ. گەوهەری ڕەهای شتەکان، شمەک «شت لە خۆیدا» لە دووتوێی تاریکدا و بە نەزانراوی دەمێنێتەوە(٩).

- لەو تێکستەوە دەردەکەوێ کە دوای هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەمان، زەمینە خۆشکردنی جارێکی دیکەی سەرهەڵدانەوەی فەلسەفە لە ڕوخسار و ناوەرۆکی دیکەدا بەوە بووە پەنا ببرێتەوە بەر فەلسەفەی کانت. ئەو هەوڵە کۆششێک بووە پردی پێوەندی لەگەڵ فەلسەفەی ترانسندێنتالیدا هەڵبەستۆتەوە، کەرەسەی ئەو پردی پێوەندییە تیوری زانین بووە، بەڵام ئەو تیوورییە بەهۆی دەست ڕۆیشتوویی ڕێبازی مەتریالیستی و زانستە سروشتییەکان و ڕکەبەرایەتی کردنی میتافیزیک، سروشتێکی فیزیۆلۆژی - سایکۆلۆژی پێ بەخشراوە، ئەو ڕەوشە هاندەر بووە کە ڕابەرانی دواتری قوتابخانەی ماربوگ کۆشش بکەن بابەتەکە بەلایەکی دیکەدا ببەنەوە: ئەو لایەنەی بۆچوون و جیهاندیدی ڕاستەقینەی کانت خۆی دووپات دەکاتەوە، ئەگەر بەلای پرۆفیسۆر لەنگە تیوری زانین وا لێکدرابێتەوە پرۆسەیەکی توانایی شت زانینی بکەر، خود، ڕوون بکاتەوە و بەرانبەر بەزانینی میتافیزیکی ژیرەکی وەستابێ، ئەو هەڵوێستە دەکرێ بەو پەرەسەندن و پێشکەوتنە پاساو بدرێتەوە کە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزدە زانست بەگشتی و زانستی سروشتی (فیزیک) کردوویانە. زانست هەلومەرجی بوونی مەتریالیزم و ڕێبازی سروشتی ڕەوا دەکات و لەگەڵ ئایدیالیزمدا نایەتەوە. ئەوە لەلایەن دامەزرێنەری ڕێبازەکەوە بەلای شیکردنەوەیەکی لۆژیکیدا شی کراوەتەوە و فەلسەفەی ترانسندێنتالییەکە خراوەتە خانەیەکی دیکەوە. فەلسەفەی ترانسندێنتالی کانت، بەپێی ئەو شرۆڤە

کردنه، بریتی بووه لەچوارچێوەیەکی تیوربیانە کە لە سیستمێکی ڕستە و دەستەواژە پێکهاتووە، کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە زانیاری و زانین و ئەو کەرەسانەی Daten خود دەستگیری دەبێ لە یەکەیەکی یەک ڕەنگی شارەزایی(١٠) (خیبرە)دا ڕێکوپێک دەکرێ و ڕێک دەخرێ. لەو بڕیار و بۆچوونەوە ئەو ئەنجامە کەوتۆتەوە کە شارەزایی تەنیا هەر بە سایە و بەهۆی ئەو سیستم و کۆی دەستەواژانەی تێیدان، دەکرێ دەستگیر ببێ و پێک بێت و خەتوخاڵ بدات.

٤- ئوتو لیبمان لە کتێبی «کانت و لاساییکەران»دا لە بەرەیەکی دیکەدا بۆ ڕێ خۆشکردنی گەیشتن بە ئامانجی دامەزراندنی ئەو ڕێبازە کۆششی کردووە:

وای بۆ چووە کە چەمکی «شت لەخۆیدا» کە لە فەلسەفەی کانتدا بەکارهاتووە پاشماوەی میتافزیکی دۆگماتییە و بە تەواوەتی ڕەخنەگرتنی بابەتی(١١) ژیری بێ گەردی شێواندووە و پتر لایەنێکی دەروونی- سایکۆلۆژی هەیە و لە تیوری زانین دابڕاوە.

بە باوەڕی لیبمان ڕەوشی ئەو سەردەمەی خۆی ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفەی سەردەمەکەیەوە هەبوو، کە دوای هەرەسهێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی بە چاوی گومانەوە بەگشتی تەماشای فەلسەفە کراوە، هەست بە هەڵەی ڕاستەقینەی ئەو بابەتە کراوە، بەڵام بە سێ جۆر و لە سێ خاڵ و هەڵوێستدا بەرجەستە بووە کە دەکرێ بە بۆچوونی ئەو مامۆستایەی فەلسەفە بەو شێوەیە بخرێنە بەرچاو: ئەو بەرهەمە فەلسەفەییانەی بلاوکراونەتەوە و لەبەردەستدا بوون، دەربارەی ڕەوشی ئەوسای فەلسەفە و ئەو هەڵانەی کراون و لە سێ بەرە بەولاوە نەبوون:

یەکەم: ئەو سیستم و ڕێبازانەی بە هەڵە و کێشەکانیان نەزانیوە و لێیان گەڕاون وەک خۆیان بمێننەوە.

دووەم: ئەو سیستمە فەلسەفەییانەی بە هەڵە و کێشەکانیان زانیوە، بەڵام نازانن چۆن دووریان بخەنەوە و ناشتوانن لەو خاڵەدا فەلسەفەی کانت ڕاست بکەنەوە.

سێیەم: ئەو ئاراستەیەی بە هەڵەکە دەزانێ و دووری دەخاتەوە و فەلسەفەی کانت ڕاست دەکاتەوە و دەیخاتەوە سەر ڕێگا ڕاستەکەی.

ئەگەر ڕەوشی سێیەم لە ئارادابوو، کێشەکە یەکلایی دەکرێتەوە و پرسیار و گومان کاڵ دەبنەوە، بەڵام ئەگەر بێت و دوو خاڵە- ڕەوشەکەی دیکە بێنە پێشەوە، ئەوە ئەو مافەمان دەبێ دەستبەرداری ئەو نەزمە فەلسەفەییانە ببین و جارێکی دیکە بچینەوە سەر(١٢) کانت و فەلسەفەکەی. ئەو دروشمە ئەو هاواڕە بووە لە لیبمان هەستاوە و پتر ڕێگای چوونەوە سەر فەلسەفە و جیهاندیدی کانتی خۆش کردووە. ئیتر لێرەوە هێرمان کۆهین و پاول ناتۆرپ و دواتر ئێرنست کاسیرر دەرکەوتوون و ڕێبازی ماربورگی کانتیانیزمی نوێیان دامەزراندووە.

٥- ئەگەر لە هەندێک خاڵی بچووکی- هەندەکی چاو بپۆشرێ، دەکرێ بگوترێ ڕابەرانی ئەو ڕێبازە لە چەند خاڵێکی گرینگدا پێکەوە کۆکن و لەگەڵ یەکتری دێنەوە:

یەکەم: بڕوا بوون بە توانایی لە سنوور بەدەری زانست و میتودەکەی و ئەو پێشکەوتنەی بێ پسانەوە لە باریدا هەیە و ئەو دەسکەوتانەی بەدییان دەهێنێ و دەیانداتە دەست.

دووەم: بەرز ڕاگرتنی ڕۆڵی ژیر لە توێژینەوەی فەلسەفە و کولتوور و زانستدا بەگشتی.

سێیەم: دوای شکست هێنانی فەلسەفەی ئایدیالیستی ڕەهای ئەڵەمان ئەرکێکی دیکە بە فەلسەفە سپێردراوە: توێژینەوەی هەلومەرجەکانی تیوری زانین و پرۆسەی زانینی فەلسەفەیی (ئیپستمۆلۆژی) و لێکۆڵینەوەی بنەما بنەڕەتییەکانی زانست بە تایبەتی زانستی سروشت.

چوارەم: ئەو هەلومەرجانە چین و کامانەن کە دەبنە مایەی ئەوەی زانست ببێ بە زانست، چی دەبێتە هۆکاری ئەوەی زانینی زانستییانە ئەگەر و گومان کاڵ بکاتەوە و دڵنیایی لێ بکرێت Gewissheit.

پێنجەم: سروشت چییە؟ بابەتی فەلسەفە نییە و فەلسەفە بەهیچ جۆر و شێوازێک لە توێژینەوەی زانستیدا نابێ بە ڕکەبەری زانایانی سروشت. فەیلەسووفی ڕەخنەگر کەرەسەی هاوردەی هەستەکان بە هاوردەی بیرکەرد دانانێ، چونکە زانین هیچ کاتێک، ئەوەندەی پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە، ڕووداوێکی دەروونی، یان کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو ڕاستییەکە دەکرێ بە دەستەواژەی لۆژیکی دەربڕدرێ(١٣).

شەشەم: بە تەواوەتی باوەڕیان وابوو کە لەژیان و فەلسەفە و کولتووردا چەند بەها Werte هەیە دەکرێ ساغ و پشت ڕاست بکرێنەوە و ڕۆڵێکی بەرچاو لە ژیانی

ژیرەکی پراکتیکیدا دەگێڕن.

حەوت: پشت ئەستوور بە هەڵوێستی کانت بەرانبەر بە زانستی سەردەمی خۆی ڕابەرانی ڕێبازی ماربورگ لەو باوەڕەدا بوون کە دەستەبەر بوونی دڵنیایی کردن لە زانینی زانستییانە بەهۆی ڕوونکردنەوەی هەلومەرجەکانییەوە دەبێ، ئەو هەنگاوە بۆ زانستیش خۆی بەکەڵک و سوود بەخشە، بۆ نموونە زاناکان خۆیان نیوتن، بەبێ ئەوەی پابەندی بیرکردنەوە لە ڕەگەز و چەمکی تیوورییانە، کاریان لەسەر بنەما و چەمکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە کردووە. لەو بارەیەوە ڕابەری ڕێبازی ماربورگ هیرمان کۆهین گوتوویەتی:

لەرزین و لەرینەوەی لامپایەکە (چرا)ی کلێسەی پیزا و بەربوونەوەی سێویێک لە دارسێویێکی باخچەی ئینگلیزی بوونە مایەی ئەوەی داهێنانی زانستیانە بکرێت..، نیوتن ئەگەر زانابێت کەمتر لە فەیلەسووف نەبووە، چونکە ئەو چەمکانەی پشتی پێ بەستوون چەند چەمکێکی فەلسەفە بوون(١٤)، بێجگە لەوەی پەنای بردۆتە بەر شارەزایی و سەرنجدان و ڕامان، ئەمەش دانانە بە هەلومەرجە پێویستییەکانی فەلسەفە. کەوابوو دەکرێ فەلسەفە پشت بە زانست ببەستێ. ئەو هەڵوێستەش لەلای کانت دەردەکەوێ، بە تایبەتی ئەو سوودەی لە میتودەی زانستی سەردەمی خۆی وەری گرتووە.

هەشت: ئەگەر کۆشش بکرێت میتافیزیک ببێ بە زانست بەپێی ئەو نیازەی کانت هەیبووە و ئەو هەوڵەی لەو کایەیەدا داویەتی، دەکرێ فەلسەفە خەسڵەت و کارەکتەری زانستی پێ ببڕێ.

نۆیەم: تیوری زانین بە پلەی یەکەم ئینجا لۆژیک بابەتی سەرەکی ئەو نەزم و سیستمە فەلسەفەییە بوون کە ئەو ڕێبازە ڕەنگی ڕشتووە.

دەیەم: بە پێچەوانەی دابونەریتی باوی (مەتریالیستی)سەردەمی خۆیان، ڕابەرانی ئەو ڕێبازە بەلای ئایدیالیستیدا شکاندوویانە و ئەو ئاراستەیەیان کردووە بە زەمینە و بنەما و جیهاندیدەکەیان لەسەر دارشتووە و بنیاد ناوە.

ڕابەرانی ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ بە هەردوو لق و باڵییەوە، ماربورگ و باشووری ڕۆژئاوا (بادن) بە بڵاوکردنەوە و چاپکردنی چەندین کتێبی بە نرخی فەلسەفە کە لەم سەردەماندا بوون بە چەند سەرچاوەیەکی بەپێزی فەلسەفەی سەردەم گۆڤارێکی وەرزییان لە ساڵی (١٨٧٧ز) بەدواوە بەناوی گۆڤاری وەرزی فەلسەفەی زانست دەرکردووە تێیدا توێژینەوەی بەپێز و بەنرخیان بڵاوکردۆتەوە، چوارچێوەی گشتی و ڕوخسار و ناوەرۆکی ڕێبازەکەیان و میتودە و ئەجیندای چالاکی و کۆششەکانیان ڕوون و ئاشکرا کردووە، بێجگە لەوەی وەڵامی ڕکەبەرەکانیان داوەتەوە و لایەنگیرانیان پەیدا کردووە و ڕێباز و فەلسەفەکەیان بە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکان ناساندووە.

٦- جیهاندیدی هێرمان کۆهین و هەڵوێستی کانتیانیزمییانەی دەکرێ لە دوو خاڵدا بەرجەستە بکرێن:

یەکەم: کێشە و پرسیارە سەرەکییەکانی فەلسەفە بەو ڕێگایە یەکلایی دەکرێنەوە و چارەسەر دەبن، ئەگەر بێتو بەسەر تێکڕای دیسپلینەکانی زانستە سروشتییەکاندا دابەش بێن و بچنە ناویانەوە(١٥)، چونکە بیرکردنەوە لە هەلومەرجە بنەڕەتییەکانی ئیستمۆلۆژی و چالاکی زانین، تاوەکو ئەو سەردەمە باو بووە، بە شێوازی ڕووت و پەتی (ئەبستراکت) و تیوورییانە لە گیر خواردن لەنێو بازنەیەکی بێ سەرەوەدەر بەولاوە نابێ. واتا و دەلالەت و ناوەرۆکی هەمەجۆر و بەپێزی زانین بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، بەهۆی میتودەی تایبەتی ئەزموونی و بە ڕێگای ئەنجامەکانی زانستی ئەزموونی تایبەتییەوە دیار و دەستنیشان دەکرێن. بە هەمان شێواز میتودەی کار و سەرنجدانی سروشت و مێژوو ئەو زانیاری و داتا لەبار (پۆزێتیڤە) دەستەبەر دەبن کە تێکڕای هەڵکەوت دەگرێتە خۆی.

دووەم: بەپێی بۆچوونی کۆهین، فەلسەفەی سەردەمی خۆی، دوای ئەو شکستەی بەسەر فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵەماندا هاتووە و لە بەرانبەردا ئەو گەشەیەی زانست کردوویەتی، وا پێویست دەکات پردی دیالۆگ لەگەڵ فەلسەفە و جیهاندیدی ڕابەری فەلسەفەی ترانسندینتالی ئەڵمان- کانت-دا هەڵببەسترێتەوە. ئەو پردی دیالۆگە بەوە دەبێ کە جارێکی دیکە فەیلەسووفەکان بە چەمکەکانی فەلسەفەی کانتدا بچنەوە بە تایبەتی چەمکی:

- سەرنجدانی بێگەرد و بیرکردنەوەی بێگەرد. ئەو دوو چەمکە بەپێی بۆچوونی کۆهین لە دوو زانستی جیاوە

خـوازراونەتەوە. سـەرنجـدانی بێگەرد لەلایەن ئەندازەوە پەیڕەو و جێبەجێ دەکرێ و بیر و بیرکردنەوەی ڕووت و بێگەردیش لەلایەن بیرکارییەوە (ماتماتیک) بەکاردێت و دادەڕێژدرێ(١٦).

- چەمکی شـــارەزایی کـــە لەلای کـــانت بە (Erfahrung) و لە زمـانی عـەرەبیـدا بە (خـیـبـرە) ناودەبرێ، ئەگـــەر ڕێگا خـــۆشکەری هەردوو چەمکی شـیـکاری و لێکدراو، پێشـیـانە و پاشـیـانە بووبێ، لە بارەکـەی دیکەیدا بووە بە کـۆسپ لەبەردەم بە تەواوەتی تێگەیشتنی ئەو پرۆسە گرینگەی کانت بە ڕەخنە ناوی بردووە. کـۆهێن وای داناوە، بگرە لەو باوەڕەدا بووە کـە ڕاستە کانت باسی ڕەخنەگرتنی ژیری بێگەردی کردووە، بەڵام مـەبەسـتـەکـەی ڕەخنەگـرتنی شـارەزایی بووە! بەو بەکارهێنانەی چەمکی نوێی شارەزایی ڕابەری فەلسەفەی ترانسندێنتالی پردی لەنێوان هەردوو جیـهانی ئاراستەی ئیـمپری (ئەزموونی) و ژیرەکیدا هەڵبەستەوە، کێشـەی نێـوان هەردوو جـیـهـانـدیدی لۆک و هیـومی ئیـمـپری و دیکارت و لایبنیتسی ژیرەکی دەربارەی بابەتی جەنجاڵی ئیـدی و بیـرۆکـەی زگـمـاک یەکـلایی کـردۆتەوە؛ ئەو یەکلایی کردنەوەیە کە بەلای کۆهینەوە کاکڵە و پوختەی ڕەخنەکـەی کـانت بووە. بەو جـۆرە بـووە: بەلای کـانـتـەوە هەمـــوو زانینێک بەهۆی شـــارەزاییـــەوە پەیدا دەبێ و دەکـەوێتـەوە، هیچ ئەگـەر و گـومـانێک هەڵناگرێ، بەڵام هیچ زانینێک لەلامـــان لەپێش کـاتـەوە نایەت، بەڵکو هەموویان پێکەوە دەست پێدەکەن.

بەڵام ئەگەرچی زانینی ئێمە بە ئەزموون و شارەزاییەوە دەست پێـبـکات، ئەوە هەمـــوو هەر لە شـــارەزاییـــەوە ناکـەوێتـەوە، چونکە دەکـرێ شـارەزایی زانینەکـەمـان پێکهـاتبێ لەوەی ئێـمـە بە ڕێگای باری سـەرنجـەوە (Eindrucke) کـە بە عـەرەبی (انطبـاعـات)ی پێ دەگوترێ، بەدەستی دەهێنین(١٧)، ئەگەرچی ئەو بەشەی دوایی ئەو دەقە ڕێبازی ئەزموونی لۆک و هیوم دێنێتەوە یاد، ناکرێ کانت بە ڕابەرێکی ئەو ئاراستە ئەزموونییە دابنرێ. کەوابوو کۆهین چۆن ئەو دەقەی لێکداوەتەوە و بۆ کاراکردنی ڕێبازی ماربورگ چ سوودێکی لێوەرگرتووە؟ کۆهین لەو بارەیەوە گوتوویەتی: ئایدیالیزمی ڕەخنەگرانە لە چەمکی شـارەزایی (ئەزمـوون)دا هەردوو ئاراسـتـەی ئایدیالیزم و ڕیالیزم یەک دەخات. ئەو ڕەخنەگرییە ئەو چەمکانە بەدەردەخات و ئاشکرایان دەکات کـە ڕیالیـزم ئەگەر وەک زانست دابنرێ، لە فەلسـەفە دەیانخوازێتەوە، لەلایەکی دیکەوە نیـشـانی ئایدیالیـزمی دەدات، ئەو بۆ ئەوەی کاراو دروست بێت بە هەموو شێوازێک پێویستی بە شـارەزایی و ئەزمـوون هەیە، ئەو پێـویسـتییـەش وای لێدەکات بەروبوومی هەبێ و سوودبەخش بێت(١٨).

ئەگـەر مرۆڤ لەو قـسـەیەی هێـرمـان کـۆهین وردبێـتـەوە چەند خـاڵێکی بۆ ڕوون دەبێـتـەوە، دەکـرێ بەو جـۆرە بخرێنە بەرچاو:

- ئەو چەمکەی کانت لە فەلسـەفەکەیدا بە شارەزایی- ئەزمـــوون ناوی بردووە لە فـــەلسـەفـــەی ڕەخنەگـــری ئایدیالیسـتی ماربورگ کە بە زانستی ناوبراوە، جێگەی نەبۆتەوە و پەسند نەکـراوە. کـانت باسی شـارەزاییـەکی ڕاستەقینەی هەڵکەوتی مرۆڤی دیار و دەستنیشان کراوی کـردووە، بەڵام کـۆهین وای بۆچووە کـە ئەو شـارەزاییـە ئەزموونێکی پەتی- ئەبستراکتی زانستە و کۆی چەمکی زانینەکانی بیرکاری و زانستە سروشتییەکانە، ئەو لەو باوەڕەدابووە کـە زانسـتی سـروشـتی- بیـرکـاری لق و بابەتێکی ڕیالیستی بابەتیانەیە و دەبێ ئایدیالیزم پردی پێوەندییان لەگەڵدا هەڵبەستێ و پشتیان پێ ببەستێ و کاریان لەسـەر بکات (هەمان سـەرچاوە و لاپەڕە). دەبێ ئەو بۆچوونە، ئەو مـەبەسـتـەی کـۆهین نەبووبێ کـە لە هەندێک بۆنە و بەرهەمـیـدا داوای کـردووە کـە: دەبێ سەردەم ببێ بە دوا ڕۆژ؟!

٧- پـاول نـاتـۆرپ (١٨٥٤-١٩٢٤ز) Natorp بە کـەسـایەتی دووەمی دامـەزرێنەری ڕێبـازی مـاربورگ دانراوە. گـەڕاوەتەوە سـەر تیـوری ئایدیای ئەفـلاتوون بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی هەندێک چەمکی جیهاندیدە و فەلسەفەییەکەی کانت.

لە سـەرەتای ژیانی خـوێندکـاری ئەکـادیمی لە زانکۆدا قـوتابی هیـرمـان کـۆهین بووە، کـۆشـاوە جـیـهـادیدە فەلسەفییەکەی مامۆستاکەی فراوان و جێگیر بکات و پتر پەرەی پێ بدات. لەو کۆششەیدا ڕێگای تایبەتی و سەربەخۆی خۆی هەبووە و گرتوویەتییە بەر.

- بەپێی سـەرچاوەکـان، ئایدیالیـزمی ڕەخنەگـرانە کـە پوختـە و گـەوهەری ئەو ڕێبـازەی مـاربورگ بووە خـۆی بە سیـستم و نەزمی میـتـودە داناوە، میـتـودەیەک پشت بە زانست ببـەسـتێ، ئەو هەڵوێسـتـە بەوە پاسـاو دراوەتەوە

گوایە مـیـتـودە بە ڕەها داهێنەرە! هەر مـیـتـودەیە کە یەک ڕەنگی و یەکـخـستن لە سـیـسـتم و نەزمی ئایدیالیـزمی بیرکـردنەوە و هزری بێگەرد دەسـتـەبەر(١٩) دەبێ. دەبێ تا چەند ئەو بۆچوونە لەلای ناتۆرب پەسند بووبێ؟ چۆن لە هەڵوێسـتـیـدا دەربارەی فـەلسـەفـە بە تایبـەتی و پێوەندییەکەی لەگەڵ زانستدا بەگشتی ڕەنگی دابێتەوە؟

– ناتۆرپ لە هەندێک بابەت و خاڵدا تایبەتمەندییەکی سەرنجڕاکێشی نیشان داوە، بە تایبەتی لە پێوەندی نێوان فـەلسـەفـە و ژیان و پێگەی تاکـەکـەس لە چوارچێـوەی کـولـتـووردا، ئایا دەکـرێ فـەلسـەفـە ببێ بە زانست، یان دەبێ چاو لە زانست بکات؟

لە سـەدەی نۆزدە کـە فـەلسـەفـە دووچاری نـشـوسـتی و هەرەس هێنان بووە و زانستیش بەهەنگاوی گەورە بەرەو پێش چووە، نزیک کردنەوەی فەلسەفە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ خۆی لەخۆبدا ڕاز و نیاز و مـەبەسـتێکی ئاڕێ و چاک بووە. ناتۆرپ هەسـتی بەو لایەنە کـردووە، بۆیە لە بەرهەمـەکـانیـدا پێی لەسـەر ئەوە داگـرتووە کـە دەبێ فـەلسـەفـە توندوتۆڵ بە ژیانی ڕۆژانەی مـرۆڤ، تاکـە کـەسـانـەوە پەیوەست بێ، بگرە ببێ بە پشـکێک لە چالاکی ژیانی ڕۆژانە!

زانستەکان لە پەرەسەندن وگەشەکردنی بەردەوام دان، ئەگەر فەلسەفە بیەوێ هەمان سروشتی پێ ببڕێ، دەبێ پابەندی ئەو مـەرجـە ببێ: پڕۆسـەی بوون و گـۆڕانەکـەی Werden پردی پێـوەندییـەکی دووسـەری دەسـتـیـاوی لەگەڵ بوون و گـۆڕانی زانسـتـەکـان بەگـشـتی و زانسـتـە هەڵکەوتە ڕاستەقینەکان بە تایبەتی هەڵببەستێ(٢٠).

هەڵوێستی ناتۆرپ بەرانبەر بە فەلسەفە بەرجەستەی ڕەوشی سـەردەمی خـۆی دەکـات، بەڵام تایبـەتمەندی خۆیشی بە ئاشکراوە پێوە دیارە کە گوتوویەتی:

فەلسەفە لە جیهان و ژیانی سەر زەوی مرۆڤدا مایەی خۆشبەختی و گەیشتنە ڕاستی و ڕاسـتـەقینەیە و ئەو ئەمانجەش بەو ڕادەیە بەدی دێت تا چەند فەلسەفە بووە بە پشکێک لە بیـر و ژیری و تێکەڵ بە کـرداری ژیانی ڕۆژانەی بووە؟

پێـوەندی فـەلسـەفـە بە ژیانی ڕۆژانەی مـرۆڤ و زانستەوە بە هیچ جۆر و شێوازێک لە کارایی فەلسەفە کـەم ناکـاتەوە، نە ڕۆڵەکـەی کـاڵ دەبێتـەوە نە دەبێ بە پاشکۆ و سنووردار دەکرێ و لە چوارچێوەیەکی ڕەنگ بۆ ڕێژدراویشـدا قـەتیس نابێ و نامـەیی، بەڵام هەر ئەو پێـوەندییـە خـۆی بەباریکی دیکەدا جـۆرێک لە ئەگـەر و گومان دەوروژێنێ:

زانست و فـەلسـەفـە دوو بابەتی جیاواز و سـەربەخۆن، ئەو سـەربەخـۆییـە لە ڕوخسـار و ناوەرۆک، لە پرسـیـار و بابەتی تـوێژینەوەدا بەرجەسـتـە دەبێ. هەریەکەیان بەپێی ئەو ئەنجـامـانەی پێـیـان دەگـەن و ئەو دەرکـەوتـانەی بەدەستی دەهێنن سروشتی تایبەتی خۆیان دەڕەخسـێنن و دیار و دەستنیشان دەکەن!

کـە مـرۆڤ باسی زانست دەکـات، پشت ئەسـتـوور بە ئەزموون و تاقیکردنەوە و ئینـدەکشن وێنەی جیهـانێکی فراوان و زۆر و زەبەندەی بەرەو پێش چوون و گەشـەکردن و دەسکەوت لە مـێـشـکیـدا دەکـێـشـرێ، ئینجـا ئەو تـوێژینەوەیەی زانست جێـبـەجێ دەکـات و ئەو ئەنجـامـە دەرکەوتووانەی بەدەستیان دەهێنێ، سروشتی کراوەیی و ڕێژەیی و ڕێ تێـچـوونیـان پێـوەیە. ئەنجـامی تاقیکردنەوەیەکی زانست، ئەگەر بشبێ بە ڕێسـایەک، یان بە تیـوریـیـەک ئەوەندە ڕاسـتـە و کـاری پێ دەکـرێ تاوەکو دیاردەیەک بەدەردەکەوێ و ئەو تیـوریـیـە- ڕێسـایە کاڵ دەکاتەوە و دەیخاتە ژێر پرسیاری گومان و ئەگەرەوە و دەیڕەوێنێـتـەوە. ئەو خـەسـڵـەتە ڕێ تێـچـوونە کـە پتـر سـروشـتـێکی ئەو بابەت و پرسـیـارە تایبـەتی و هەندەکییانەیە کە بابەت و کەرەسەی توێژینەوەی زانستن، زانست لە بابەت و پرسـیـارێکی هەندەکـیـیـەوە دەست پێـدەکات و بەرەو ڕشتنی ڕەنگی بنەمـایەکی هەمـەکی هەنگاو دەنێ.

فەلسـەفە بە پێچەوانەوە سنووری هەندەکی دەبەزێنێ و بەهەمـەکی و گشتی دەست پێدەکات، بۆیە دەگوترێ لەو جێگایەی زانست کۆتایی دێت و هیچی دیکە بڕ ناکات فەلسـەفە دەست پێدەکات. ئەو خاڵەی لەو کەشوهەوایەدا دەمـێنێـتـەوە و دەکـرێ وەک کـەرەسـەیەکی ناوکـۆیی هەردوولا سـەرنج بدرێت، کـەرەسـە و بابەتی زانین (ئیستمۆلۆژی)یە: بە باوەڕی ڕابەرانی ڕێبازی ماربورگ شاکاری ڕەخنەگرتنی ژیری بێگەردی کانت لە ڕەخنەگرتن زانین بەوڵاوە نەبووە. ئەو ڕەخنەیە لایەنی بێگەردی ژیر بەدەرخسـتـووە لەوەدا کـە پەردەی لەسـەر هەلومـەرجی دڵنیـایی بوون لاداوە، زانینیش وەک زانست پشت بەو ڕەوشەی دڵنیایی بوونە دەبەستێ(٢١).

ڕێبازی بادن

١- لە هەندێک سەرچاوەدا بە ڕێبازی باشووری ڕۆژئاوای ئەڵەمانیاش ناوبراوە. ڤلهیلم ڤندلباند (١٨٤٨-١٩١٥ز)، هانریش ڕیکێرت (١٨٦٣-١٩٣٦ز) بە دوو ڕابەری سەرەکی ئەو ڕێبازە دادەنرێن کە بەگشتی سەرگەرمی بابەتی مێژووی فەلسەفە، تیوری زانین، ئاکاربوون. ڤندلباند کە مامۆستای فەلسەفە بووە و بەوە بەناوبانگە کە دەربارەی مێژووی فەلسەفە نووسیویەتی بۆ دروشمێکی دوو خاڵی کاری کردووە:

یەکەم: فەلسەفەی کانت کەلەبەری تێدایە، ئەو کەلەبەرانە لەسەر شێوەی هەڵەن، دەبێ ڕاست بکرێنەوە و چاکسازی لە بۆچوونەکاندا بکرێت.

دووەم: تێگەیشتنی کانت ئەوپەڕی پێویستە، بەڵام ئەو تێگەیشتنە ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ سنووری جیهاندیدی فەلسەفەی کانت ببەزێنرێ! ئەو قسەیە چۆن لێکدەدرێتەوە و چی دەگەیەنێ.

بەلای ڤندلباندەوە بایەخ و گرنگی فەلسەفەی کانت هیچ بواری ئەگەر و گومان نادات. تێگەیشتنی و دانانی بە دیاردەیەکی مێژوویی کە لە قۆناغێکی دیار و دەستنیشان کراودا بەدەرکەوتووە، کاراو دەست ڕۆیشتوو بووە، بە مەرەی فەلسەفەی هیگڵ نەچووە، لەخۆیدا هەڵوێستێکی لەبارە، بەڵام پێویستی بە تەواو کردن هەیە:

١- پەرەی پێ بدرێ بۆ ئەوەی بۆ فەلسەفەی سەردەم سوودبەخش و بەکەڵک بێ و قۆناغی فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئەڵەمانی- دوای کانت-ی پێ تێ بپەڕێنرێ(٢٢)، چونکە کانت بەهیچ جۆرێک لەگەڵ زانست ناکۆک نەبووە و جیهاندیدەکەی لەگەڵ زانستەکاندا هاتۆتەوە و بۆتە مایەی پەرەپێدانی زانستە مرۆڤییەکان.

٢- بەلای ڤندلباندەوە فەلسەفە خۆی لەخۆیدا چالاکییەکی ڕەخنەگرانەیە، بۆیە چوونەوە سەر کانت کارێکی پێویست و ناچارییە، چونکە فەلسەفەی کانت فەلسەفەیەکی ڕەخنەگرانەیە و ئەو گەڕانەوەیەش هەنگاو بەرەو دامەزراندنی جیهاندیدی فەلسەفەی ڕەخنەگرانە دەهاوێژێ. دەبێ ئەو هەڵوێستەی ئەو فەیلەسووفە تا چەند ڕێ خۆشکەری چوونە ناو کۆشک و تەلاری فەلسەفەی بەهاو ئاکار بێت؟ ئەو پشکەی فەلسەفە کە بەشێکی سەرەکی ئەو ڕێبازەی لێ پێکهاتووە و لە جیاتی بوون و کارایی بەها و سوود و قازانج دادەنێ؟ ئایا ئەو بۆچوونەی ڤندلباند لە فەلسەفەی پراگماتیزمی ئەمەریکایی نزیک ناکاتەوە، یان ئەوە تەنیا گریمانەیەکی تیوریبیانەیە؟

- بۆ پاساودانی پێوەندی نێوان ڕەخنەگرتن و فەلسەفە و زانست، ڕابەری ڕێبازی بادن زانستی بەسەر دوو جۆردا دابەش کردووە:

یەکەم: زانستی سروشتی: میتودەکەی پەنا دەباتە بەر سیمبۆل و ژمارە Nomothetisch کە بەلای هەمەکی و گشتیدا دەچێت، بە تایبەتی لە دارشتنی قانوونە (یاسا) سروشتییەکاندا.

دووەم: زانستە مرۆڤییەکان: بە تایبەتی بابەتی مێژوو میتودەکەی پەنا دەباتە بەر وێنە بۆ دەربڕینی ئیدی و بیرۆکەکان ideographisch لێرەدا بابەتەکە بەلای تاک و هەندەکی و تایبەتیدا دەچێ.

ڤندلباند و دواتر ڕێکێرت هەوڵیان داوە پێوەندی نێوان زانستە سروشتی و زانستە مرۆڤییەکان دیار و دەستنیشان بکەن، ئینجا فەلسەفە دەکەوێتە چ خانەیەکەوە، لە بارەیەوە بڕیار بدەن.

پێوەندییەکە هەردوو ڕەوشی هەمەکی و هەندەکی بەرجەستە دەکات و دەریدەخات. هەمەکی لە فۆرمی یاسا سروشتییە (فیزیکییەکاندا) و هەندەکی لە ڕوخساری ڕووداوی مێژوویی‌دا دووپات دەبنەوە. ڤندلباند لەو بارەیەوە گوتوویەتی:

هزر و بیرکردنەوەی زانستییانە بریتییە لەوەی جارێکیان سیمبۆلییە و جارێکی دیکە دەربڕی ئیدی بیرۆکە بە وێنەیە(٢٣).

ئەو پرسیارەی لێرەدا دەربارەی ئەو بۆچوونەی ئەو فەیلەسووفە بەهزردا دێت: ئایا دەکرێ زانستە مرۆڤییەکان لەسەر بنەمای پشت بەستن بەو داتا و هاورده هەستییانەی دەوروبەر کە کەرەسەی توێژینەوەی زانستە سروشتییەکانن کار و دەستبەکاربێت؟! هیچ گومان لەوەدا نییە کە میتودەی چالاکی زانستییە سروشتییەکان میتودەیەکە هەمەکییە و ئەوی زانستە مرۆڤییەکانیش تاک و هەندەکییە.

٣- ڕیکێرت لە چەندین بەرهەمدا کۆشاوە لەسەر ڕێچکەی ڤندلباند و بە ئاراستەی جیهاندیدی کانتدا

پەرە بە فەلسەفەی کانتیانیزمی نوێ بدات، بەڵام پتر بایەخی بە بابەتی لۆژیک و تیوری زانین و فەلسەفەی بەها داوە. بەڵایەوە چەمکەکان مەرجێکی پێویستی زانینن و ئەرکی فەلسەفەش لە شیکردنەوەی لۆژیکیانەی پرۆسەی زانین بەولاوە نییە و خواستی مرۆڤیش ئەوەندەی پێوەندی بە بڕیار و بەهاوە هەیە، ناکرێ ئەو ئەرکەی فەلسەفە ببەزێنێ. خۆ ئەگەر ئاکار بایەخ بە کردارێک بدات کە مرۆڤ بە ئازادی کردبێتی، لۆژیک خۆی بایەخ بە بنەما بنەڕەتییەکانی بیرکردنەوەی دروست بدات، ئەوە ئاکار خۆی لەخۆیدا لە لۆژیکی کار و کردار بەولاوە نییە. بەو پێیە لە سۆنگەی ئەو ڕێبازەوە شتێک لە ئارادایە پێی دەگوترێ کێشە فەلسەفەییەکان، ئەو کێشانە دوو جۆرن:

- کێشەی تیوری. (تیوری زانین، ڕاستی).
- کێشەی بەها و ئاکار (باوەڕ و پێودانگ).

ئەو دابەشکردنە مەبەستی ڕیکێرت ڕوون دەکاتەوە کە لەو باوەڕەدا بووە کولتووری جیهان لە سێ بابەت پێکهاتووە، فەلسەفەی یۆنانی و سیاسەتی ڕۆم و ئایینی مەسیحی(٢٤). یەکەمیان تیوریيە ڕووتی سەردەمی خۆی بووە و دوور بووە لەوەی بەهۆی تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە و بەبێ ڕامان و بەبێ بیرکردنەوە دەستگیر ببێ، سیاسەت لەلای ڕۆمەکان ڕەهەندە پراکتیکییەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەرجەستە کردووە، ئایینی مەسیحیش بریتییە لە باوەڕ (ئیمان) و بەها و ئاکار. ئەو بۆچوونە قسەکەی کانت دەهێنێتەوە یاد کە زانست و ئایین پێکەوە هەڵناکەن، چونکە دوو بابەتی سەربەخۆن، بۆیە دەبێ مرۆڤ ساتێک زانست لابەرێ بۆ ئەوەی جێگای ئایین و باوەڕ بکاتەوە. ڕیکێرت بە هەمان ئاراستەدا هەنگاوی ناوە و بەڵایەوە:

فەلسەفەی ترانسندێنتالی وەک زانست سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە و ناکرێ بێبەزێنێ. لەو خاڵەدا کە فەلسەفە هەڵوەستە دەکات باوەڕ دێتە کایەوە و کاراو دەستبەکار دەبێ، بۆیە ناکرێ هەرسێک بابەتی بایەخی زانین و ڕاستی و بەها تێکەڵاوی یەکدی بکرێن.

ڕیکێرت لە چوارچێوەی فەلسەفەی بەهادا کۆشاوە سیستمێکی بەها ڕەنگ برێژێ و بەڵایەوە دەبێ سێ جۆر جیهان لە یەکدی جیا بکرێنەوە:

- جیهانی نامن.
- جیهانی بەهاکان.
- جیهانی هەستەکان.

ئەو سێ جیهانە ڕاستەقینەن و ناکرێ گومان لە بوونیان بکرێت، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ: چ جۆرە پێوەندییەک لەنێوان ئەو سێ دەڤەرەدا هەیە؟ ئەگەر جیهانی بەهاکان بەجیهانی «دەبێ و پێوەر» دابنرێ و دووەکەی دیکە جیهانی «بوون» بن چۆن مرۆڤ دەتوانێ لە جیهانی بوونەوە بەرەو جیهانی «دەبێ» هەنگاوبنێ کە ڕیکێرت بە ئەڵەمانی بەو جۆرە نووسیویەتی: «Der Ubergang vom Sein zum Sol-len» بەهاکان هیچیان لە بوون کەمتر نییە و بوونی بابەتییان هەیە و بە هیچ شێوازێک نابێ وادابنرێ کە بەهاکان لە خودەوە دەکەونەوە و داهێنانی خودن. سیستمێکی سەربەخۆی بەهاکان هەیە و هەر بەهایەش لەچالاکی و کارایی و جێبەجێ بوونیدا بەرانبەر بە چاکەکاریيەکە تۆندوتۆڵ بەیەکەوە بەندن و پێوەندییەکی دەستیاوی لەنێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە لۆژیک بەهایەکی هەیە «ڕاستی» پێدەگوترێ و چاکەکاریيەکەشی ئەوەیە کە جۆرێکە لە زانست و ڕۆڵی دیاریکراوی پێ سپێردراوە و سوود و قازانجی هەیە و بەکەڵکە.

٤- لە تیوری زانیندا ڕیکێرت ڕۆڵی شایستەی سەرنجدانی گێڕاوە: زانین جۆرێکە لە هزر و بیرکردنەوە، بیرکردنەوەش لە خۆیدا لە دیاردەیەکی دەروونی بەولاوە نییە بە مەرجێک ئەو دیاردە (ڕووداوە) ڕاست، یان چەوت (هەڵە) بێت، زانین لەلایەکی دیکەوە بەوە لە بیرکردنەوە جیا دەکرێتەوە کە بیرکردنەوەیەکی ڕاست و دروستە(٢٥). بەو ڕایە ڕیکێرت بۆ پرۆسە و تیوری زانین لەو ئەرکەی کەوتۆتە ئەستۆی، ئینجا پرسیار کردن بێت، یان وەڵامدانەوە و یەکلایی کردنەوەی ئەو کێشانەی دێنە بەردەم و سەر ڕێگای، دوو ڕێگای شیاوەکی پێشنیار کردووە:

- لۆژیکی ترانسندێنتالی.
- سایکۆلۆژی (دەروونزانی) ترانسندێنتالی.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردادێت: ئایا تیوری زانین بەلای لۆژیکدایە، یان بەلای دەروونزانی و لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە کامیان لەو دوو ڕێگا ڕێ تێچووە بگرێتە بەر؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە واسووک و ئاسان نییە.

ڕاستە ڕیکێرت پابەندبوونی خۆی بە فەلسەفە و جیهاندیدی کانت- ئەگەر لە چوارچێوە و سنووردێکی دیاریکراویش بێ، نیشان داوە، بەڵام پاساودانی پێوەندی نێوان لۆژیک، سایکۆلۆژی و تیوری زانین وا ئاسان نییە، چونکە هەر بابەتێک لەو بابەتانە، ئەرک و کەرەسە و چەمکی تایبەتی خۆی هەیە و جۆرە سەربەخۆییەک لە بەرانبەر یەکدیدا دووپات دەکەنەوە: دیاردە و ڕووداوی دەروونی دیاردەیەکی خۆبەتی نێو دەروون و ناخی مرۆڤە و ناکرێ وا بە ئاسانییەک کە ئەگەر و گومان هەڵنەگرێ و دڵنیایی لێ بکرێت و یەکلایی بکرێتەوە و بڕیار لە بارەیەوە بدرێت.

لۆژیک لەلای خۆیەوە شتێک نالێ زانین بداتە دەست، چونکە ئەو بابەتەی دەیکات بە کەرەسەی تۆێژینەوە، جۆرە دەستەواژەیەکە دەکرێ دوو بەهای هەبێ: ڕاست، چەوت. کەوابوو پرسیارەکە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە، تیوری زانین لەو ڕەوشەدا چی بەردەکەوێ و چ خانە و مەڵۆیەکی دەکەوێ؟!

- بەو جۆرەی ڕیکێرت لە لۆژیک و تیوری زانین گەیشتووە و پێناسەیان دەکات بەلای لۆژیکدا دەچێ و نایەوێ ئەو دوو بابەتە لەیەکدی جیابکاتەوە:

یەکەم: پرۆسەی زانین لە چەند چەمکێک پێکهاتووە کە کێشەی ڕاستیان تێدایە و بەرجەستەی دەکەن و تیوری زانین لە خۆبدا زانستی بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەی ڕاستە.

دووەم: لۆژیک لەلای خۆیەوە سەرگەرمی ڕاستییە. بیرکردنەوەی لۆژیکیانە بیرکردنەوەیەکی ڕاستو دروستە و دەرفەتی گومان و ئەگەر نادات، لێرەوە دەکرێ بگوترێ: لۆژیک تیوری بیرکردنەوە(٢٦) نییە، بەڵکو تیوری بیرکردنەوەی ڕاستو دروستە Wahr. ڕاستی لێرەدا تەنیا هەر وەک «بار» ناخرێتە سەر شانی بیرکردنەوە، بەڵکو مەبەست لە جۆری ڕاستو دروستی بیرکردنەوەیە. ئەو بڕیارە چ ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟

٥- ئەو ئەنجامەی لەو بڕیارە دەکەوێتەوە ئەوەیە کە تیوری زانین بەلای لۆژیکدا دەبرێ و سایکۆلۆژی (دەروونزانی) لەو کایە و دەڤەرە دوور دەخرێتەوە: ئەو واتا دوو ڕەنگییەی تیوری زانین دەکرێ لێرەدا سوود بەخش بێت، چونکە مرۆڤ تەنیا هەر باسی بیرکردنەوە بەگشتی ناکات، هەروەها قسە لە ڕاستی ڕووت و پەتی و ئەبستراکتیش ناکات، بەڵکو باسی بیرکردنەوەی ڕاست و زانینی ڕاستەقینەی هەڵکەوت دەکات. کەوابوو ڕیکێرت لەنێوان لۆژیک، تیوری ڕاستی، تیوری زانین لەلایەک و بیرکردنەوە بەگشتی و ئەو زانستەی بیرکردنەوە دەکات بە کەرەسەی تۆێژینەوە (سایکۆلۆژی) جیاوازییەکی ڕەها دەکات، بۆیە دەکرێ سنووردێک لەنێوان تیوری زانین و دەروون زانیندا بکێشرێ، بەوەی یەکەمیان سەرگەرمی بیرکردنەوەی ڕاستەقینەیە و ئەوی دیکەیان دیاردەی بیرکردنەوە بەگشتی دەکات بە پاوانی خۆی.

ئەو بڕیارەی ڕیکێرت داویەتی، دەکرێ پەسند و پشت ڕاست بکرێتەوە، ئەگەر هاتو بتوانرێ پێودانگێک دەستەبەر ببێ، پێناسەی بیر و جیاکردنەوەی لەبیری ڕاستەقینە ببێ، ئینجا بیر لە خۆبدا چەمکێکی ئەبستراکت و ڕووت و پەتییە بەبێ ئامرازی دەربڕین هیچ شتێک بە دروستی لە بارەیەوە ناشێ بگوترێ و خەسڵەتی زانستی پێ ببڕێ. دەستەواژەی لۆژیکی ئەو ئامرازەیە کە بەهای دوو ڕەنگی هەیە، دەکرێ ڕاستی و ناڕاستییەکەی بە پێودانگی تایبەتی پشت ڕاست بکرێتەوە.

ئەگەر ڕێبازی کانتیانیزمی نوێ لە سەردەمی خۆبدا فەلسەفەی باو و دەست ڕۆیشتووی زانکۆکانی ئەڵەمانیا و هەندێکی ئەوروپا بووبێ، لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی ساڵی (١٩١٦ز) بوو بە پشکێکی گرینگی مێژوویی فەلسەفە.

سەرچاوە:

1- Helmut Holzhey: Die Philosophie des ausgehenden 19. und des 20. Jarhunderts. 2., Bd. XII. S.28. ff, in: Geschichte der Philosophie. (Hrsg) von: Wolfgang Rod. Munchen. 2004.

2- Helmut Holzhey: Ebenda. S.30. ff.

3- Helmut Holzhey: Ebenda. S.37.

4- Hans Joachim Storig: Kleine Welt-geschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.613. ff.

5- Johannes Hirschberger: Geschichte

20- Ernst Cassirer: Paul Naturp. In: Kant- Studien Bd. 30. Jahrgang 1925. S.276. ff.
21- Josef klein: Ebenda. S.153. ff.
22- Gerhard Lehmnn: Geschiichte der nachkantischen Philosophie. Berlin. 1931. S.194. ff.
23- W.Windelband: Geschichte und Naturwissenschaft In: Rektorats reden der Universitat Strassburg. 3.Auflage 1904. S.11.
24- Gerhard Lehmann: Ebenda. S.201. ff.
25- Heinrich Rickert: Zwei Wege der Erkenntnistheorie. In; Kantstudien. Bd. 14. Wurzburg. 1909. S.169.
26- Heinrich Reckert: Ebenda. S.170. ff.
der Philosophie. Bd. II. 1980. S.535. ff.
6- Herbert Schnadelbach: Philosophie in Deutschland 1831-1933. Stw. 401. S.242.
7- Wolfgang Stegmuller,: Haupt-stromungen der Gegen warts philosophie. Bd. I. Stuttgart 1978. S.XXVIII- ff.
8- Manfred Pascher,: Einfuhrung in den Neukantianismus Munchen. 1997. S.7-8.
9- Friedrich Albert Lange: Geschichte des Materialismus. Stw. 70. Bd. 2. S.455. ff.
10- Manfred Pascher: Ebenda. S.55.
11- otto Libmann: kant und die Epigonen. Berlin 1912. S.228-229.
12- otto Libmann: Ebenda. S.12-13.
13- Anton Hugli und Poul Lubcke: (Hrsg): Philosophie im 20. Jahrhundert. Bd. I. rowohlts enzyklopadie. 1994. S.26-27. ff.
14- Hermann Cohen: Kants Theorie der Erfahrung. 5. Aufl. In: Werke. Bd.I Teil. I.I. Hildesheim 1987. S.95 ff.
15- Ernst Cassirer: Hermann Cohen und die Erneuerang der kantischen Philosophie. In: kant- Studien. Bd. 17. Berlin: 1912. S.253. ff.
16- Hermann Cohen: Ebenda. Nachwort. S.785. ff.
17- Immanuel Kant: kritik der reinen vernunft. Felix Meiner Verlag Hamburg 1976. Einleitung. (B. 1-10.).
18- Hermann Cohen: Ebenda. S.735. ff.
19- Josef klein: Die Grundlegung der Ethik in der Philosophie Hermann Cohens und Paul Natorps. eine kritik des Marburger Neukantinismus. Gottingen 1976. S.152. ff.

بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم

کەریم شارەزا

گەڕانەوە بۆ پارێزگای هەولێر
دوای دوورخستنەوەم بۆ خواروووی عیراق

وەک لە ئەڵقەی پێشوودا ئاماژەم پێکرد لە دوای ڕێککەوتننامەکەی ٢٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازی ئەیلوول و حکوومەتەکەی دکتۆر عەبدولڕەحمان بەزاز، داوای گواستنەوەمان کرد بۆ پارێزگەکانی خۆمان و من و مامۆستا تەقیەددین قادر سەعید و محەمەد عەلی دزەیی و واحید قادر و دنحا فرەنسی و هی دی بۆ پارێزگای هەولێر لەسەر کێسەی خۆمان گوێزراینەوە و لە ١٩٦٦/١١/١دا گەیشتینەوە هەولێر و بۆ ڕۆژی دوایی چوومە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە کە ئەوساکە خوالێخۆشبوو نەشئەت محەمەد سەفوەت بەڕێوەبەری بوو، هەرچەندی هەوڵم دا لە کۆیەم دابنێن، ڕەزامەندییان پیشان نەدا و گوتیان نابێت بچیەوە کۆیە، تەنیا شاغیرمان لە مەخموور هەیە. منیش بە ناچاری ڕازی بووم و لە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/٣ فەرمانی گواستنەوەکەم بۆ مەخموور دەرچوو و لە قوتابخانەی سەرەتایی (قەراج)یان دانام کە لەناو شارۆچکەکە بوو لە ڕۆژی ١٩٦٦/١١/٤دا دەست بەکاربووم و دەستەی مامۆستایانی قوتابخانەکە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

مامۆستا سابیر ئەحمەد قادر: بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بوو، ئەم بەڕێزانەش مامۆستا بوون: سەعید عەبدولڕەحمان سەفەر و حەسەن عەبدولکەریم زەمان و لەتیف شێخ کەریم بەرزنجی و ڕەئووف شێخ مەحموود و کەریم خدر خۆشناو و عەبدولڕەحمان حەمەد شێروانی و من (کەریم مستەفا شارەزا).

من بۆ ماوەی دووسالّ لەو قوتابخانەیە لەگەلّ بەڕێوەبەر و مامۆستاکان بە تەبایی ژیام و گوتنەوەی وانەکانی عەرەبی و کوردیم لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم گرتە ئەستۆ و ئاستی تێگەیشتنی قوتابیانم لەو دوو زمانە بەرزکردەوە و لە تاقیکردنەوەی گشتی پۆلی شەشەمدا باشترین ئەنجامم لەزمانی کوردی و عەرەبی بەدەست هێنا، بێجگە لە گوتنەوەی وانەکانیش ڕێکخستنی پیشانگەی قوتابخانەم لە ئەستۆدا بوو. لە بەهاری ١٩٦٨، لەناو هەموو قوتابخانەکانی قەزای مەخموردا کاسی یەکەمان وەرگرت و لە ١٩٦٧/٥/٩دا سۆرانی کوڕی چوارەمم لە دایک بوو.

ئەو دوو ساڵەی مامۆستاییم لە مەخموور خۆشمان بەسەر برد و لە وەرزی بەهار زوو زوو سەیرانمان بۆ مامۆستاکان ڕێک دەخست بۆ سەیرانگەکانی ئاوی بن بەردی و قەسران و سولّتان عەبدولّلا و پێوەندیشم لە ڕێگەی مامۆستا لەتیف شێخ کەریمەوە بە حزبی شیوعی پەیدا کردەوە و وەک لایەنگیرێکی دلّسۆزی ئەو حزبە هەلّسوکەوتم دەکرد، بەلاّم لەگەلّ کوودەتاکەی دووەمی حزبی بەعس لە ١٧ی تەمووزی ١٩٦٨دا ترسێکی زۆرمان لەلا دروستبوو، لەناو مامۆستاکان دەمان گوت دەبێت ئەو تاقمە فاشستە ئەم جارە چ لە کورد و بزووتنەوەی پێشکەوتنخوازی میللەت بکەن؟

کەچی لە ساڵی یەکەم و دووەمی حوکمی تازەیان بە پێچەوانەی کوودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣، نەرمییان نواند و فەرمانبەرە دەرکراوەکانیان لەسەر سیاسەت گەڕاندەوە سەر کار و گواستنەوەی فەرمانبەر و مامۆستایانیان لەسەر بنچینەی خاڵی خزمەت کردن پەیڕەو کرد و منیش داواکاریەکم بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر پێشکەش کرد بەپێی خاڵەکانی خزمەت زۆریم بۆ ناو شاری هەولێر گواستراموە و مامۆستای خوالێخۆشبوو خدر مەولوود بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی نموونەیی هەولێر ناوی منی وەک مامۆستایەکی سەرکەوتوو بیستبوو کە خۆم بە دەرس گوتنەوە و فێرکردنی قوتابییانەوە زۆر ماندوو دەکەم، داوای لێ کردم لە قوتابخانەکەی ئەو دابنرێم بۆ گوتنەوەی زمانی کوردی و عەرەبی لە پۆلەکانی پێنجەم و شەشەم و فەرمانی گواستنەوەکەم دەرچوو و دەست بەکاربووم و دەستەی مامۆستایانی ئەوسا، چونکە قوتابخانەکە هۆبەی زۆر بوو بریتی بوو لەم زاتانەی خوارەوە:

١- خوالێخۆشبوو خدر مەولوود بەڕێوەبەری قوتابخانە.

٢- مامۆستا موتەلّیب ئیبراهیم یاریدەدەری بەڕێوەبەر

٣- مامۆستا ئیبراهیم جۆزەلی یاریدەدەری بەڕێوەبەر

٤- خوالێخۆشبوو عوسمان حەسەن مامۆستای ئەلف و بێ.

٥- مامۆستا عەبدول لەتیف حاجی شەریف مامۆستای بیرکاری نوێ.

٦- خوالێخۆشبوو حەننا عەبدولئەحەد ڕۆفۆ مامۆستای عەرەبی.

٧- مامۆستا کەریم مستەفا شارەزا مامۆستای کوردی و عەرەبی

٨- خوالێخۆشبوو بەگۆک عەزیز بەرپرسی کتێبخانەی قوتابخانە

٩- خوالێخۆشبوو مستەفا عەبدولڕەحمان مامۆستای کوردی

١٠- مامۆستا مەحموود عوسمان مامۆستای کۆمەلاّیەتی

مامۆستا جەمال داوود و خوالێخۆشبووان منیر داوود و تەحسین تەها و ئەسکەندەر عوسمان مامۆستای مۆسیقا و هونەری شێوەکاری بوون، هەروەها مامۆستایان و خوالێخۆشبووان حەمید حوسێن و حەمید عەبدولّلا و عەبدولقادر ئیسماعیل و سدیق مەحموود و عەبدولباقی سەعیدیش مامۆستای نموونەیی بوون و پرۆسەی فێرکردنی قوتابیانیان سەرکەوتوانە جێبەجێ دەکرد و لە ساڵی خوێندنی ١٩٦٨- ١٩٦٩دا پەخشنامەیەکم لە شێوەی گۆڤار بەناوی (گوڵزار) بلاّوکردەوە و بە زۆریش بابەتەکانی لە نووسینی قوتابیان بوو، یەک لەوانە ئیسماعیل بەرزنجی بوو، لە ڕێگەی ئەو گۆڤارەوەش قوتابییەکانم هان دەدا بابەتی ڕۆشنبیری و ئەدەبی بنووسن، تاکو لە دوا ڕۆژدا ببنە نووسەری خامەڕەنگین.

لە ساڵی ١٩٦٩ پارچە زەوییەکم لە گەڕەکی ڕووناکی کڕی و خانوویەکی ٦٢٣ مەتر دووجاییم لەسەر بنیاد نا و بوومە خاوەن خانووی خۆم و لە کرێچیەتی ڕزگارم بوو، بەلاّم ئەو شادمانییەم تا سەر نەبوو، (بەهار)ی کچم لە

١٩٦٩/٧/٢دا بە کـارەسـاتی ئۆتۆمـبـیـل لەلایەن جاشەکانی (شێمەی هارون) فەوتا و خەمێکی گەورەی خستە دڵمانەوە، زۆربشی پێ نەچوو لە ١٩٧٠/١/٢٣ کچێکی دیکەمان بوو بەناوی (شیلان) دڵمان سەبووری پێبهات.

لەدوای جارِدانی رِێککەوتننامە مێژوویـیـەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا کـرام بە بەرِێوەبەری قـوتابـخـانـەی (کۆرِەک)ی سەرەتایی کورِان و میلاکی قوتابخانەکەم بەم جۆرە بوو من بەرِێوەبەر و مـامـۆسـتـا عـادڵ عـەبدولقـادر یـاریـدەدەرم بـوو، بەرِێزان پەتروس بویا مـاربێن و رِائـق سەید جـەمـیـل و نامق سەید جەمـیـل و یوونس مـحـەمـەد ئەمین و عـەبدوڵڵا کورده و خـوالێـخـۆشـبـووان ئـیـبـراهیم عـەبدوڵڵا و حـەبیب یەعـقـووب و غـەفـوور قـادریش مامۆستای قوتابخانەکە بوون.

قوتابخانەکەمان لەگەڵ قوتابخانەی سۆرانی سەرەتایی کـورِان لە یەک باڵەخـانـە دەوامی دەکـرد و من لەگـەڵ مـامـۆسـتـای خوالێـخـۆشـبـوو کەمـال شـاکر مەحـمـوود کە بەرِێوەبەری قوتابخانەکە بوو و هاورِێی خوێندنی خانەی مـامـۆسـتـایان و هاوپۆلم بوو، ئەوپەرِی هاریکاریمان هەبوو بۆ باشتر بەرِێوەبردنی قوتابخانەکانمان، پرسمان بە یەکدی دەکرد و بە رِاوتەگبیر و بۆچوونی هەردووکمان کاروباری بەرِێوەبردنی قوتابخانە و قوتابییەکانمان چارەسەر دەکرد.

لە کـۆتایی سـاڵی ١٩٧٠دا مـامـۆسـتـا (مـحـەمـەد حـەوێز)ی بەرِێوەبەری پەروەردە بۆ پـارێزگـای دهۆک گـوێزرایەوە و مـامـۆسـتـا مـحـەمـەد ئـیـسـمـاعـیـل کـە لەسـەردەمی شـۆرِشی ئەیلوولدا بەرِێوەبەری گـشـتـی پەروەردە و زانیـاریی کـوردسـتـان بـوو کـرایە بەرِێوەبەری پەروەردەی هەولێر زۆر دڵسۆز بوو بۆ خوێندن بە زمـانی کـوردی، رِۆژێکیان قـوتابـخـانـەی هەڵگوردی سـەرەتایی کـورِان کـە خـوێندن تێـیـدا بە عـەرەبی بوو ئاهەنگی ئەنجـوومەنی باوکان و مامۆستایانیان سازدا و مامۆستا مـحـەمـەد بەرِێوەبەری پەروەردەشـمـان بانگهێشت کـرد. گـەلێک چالاکی قـوتابـخـانـەکە پێشکەش کـران لەوانە شانۆگەرییەکی کورت و وتار و سروود لەلایەن قوتابیان و بەرِێوەبەرەوە کە مامۆستای خوالێـخـۆشـبـوو ئەکرەم سەلیم بوو پێشکەش کران.

مامۆستا مـحـەمـەد سەرنجی دا هەموو چالاکییەکان بە عەرەبی بوون تەنانەت یەک سروود و وتارێک بە زمانی کـوردی نەبوون، بۆیە چووە سـەر شـانۆ و گلەیی لە بەرِێوەبەر و دەستەی مامۆستایان کرد کە یەک سروودی کوردییان فێری قوتابییەکانیان نەکردووە و باوکانیش زۆربەی هەرە زۆریان کـورد بوون یەک وتاریان بەکـوردی پێـشـکەش نەکـرا، تـاکـو خـەڵکەکـە بە چاکی تێبگەن و گـوتی خـۆ ئێـرە دوورگـەی عـەرەبی نـیـیـە، تا هەمـوو چالاکییەکان هەر بە عەرەبی بن؟ خۆ ئێرە کوردستانە و زمـانی کـوردیش زمـانێکی فـەرمـیـیـە بۆ چالاکـیـیـەکی کوردیتان پێشکەش نەکرد.

دوای ئەو ئاهەنگ و دیدەنییە مامۆستای بەرِێوەبەری پەروەردە بڕیاری دا قوتابخانەی هەڵگورد بکرێتە کوردی و بـەرِێـوەبـەر و یـاریـدەدەرەکـانـی بـگـوێـزرێـنـەوە بـۆ قـوتابـخـانـەی دیکە و بڕیاری دا لە هەولێـر تـەنـیـا یەک قـوتابـخـانـەی عـەرەبی هەبێت بۆ قـوتابی عـەرەب و قوتابخانەی خۆشەوی بۆ ئەم پرۆسەیە دەستنیشان کرا کە بەرِێوەبەرەکەی مـامـۆسـتـای خـوالێـخـۆشـبـوو مـحـەمـەد عەبدولغەفوور بوو.

بۆ جێی مـامـۆسـتـای خـوالێـخـۆشـبـوو ئەکرەم سەلیم، بەرِێوەبەرایەتی پەروەردە منیان دەستنیشان کرد. بەمە بەرِێوەبەری قـوتابـخـانـەی هەڵگورد و لە پاییزی ١٩٧١دا گـوێزرامـەوە بۆ ئەو قـوتابـخـانـەیە و منیش پێش هەمـوو شـتـێک دوو هۆبەم لە قـوتابی پولی یەکـەم وەرگـرت و خوێندنیشم کرد بە کوردی و هەر سالّە پۆلێکی هەورازتر خـوێندنەکـەی دەبـووە کـوردی تاکـو شـەش سـاڵ هەمـوو پۆلەکان بوونە کوردی و رِۆژانە وتارێکی کورتم بە کوردی لە کـاتی رِیزبوونی بەیانیـان بۆ قـوتابیـان دەخـوێندەوە و پەخشنامەی قوتابیانمان بە کوردی دەردەچواند و سروودی (ئەی رِەقـیـب) و چەندان سـروودی دیکەمـان بە کـوردی فێری قوتابیان کرد.

سـاڵێکیـان بەشداریمان لە پیـشـانگەی پەخشنامـەی قوتابیان لە بەغدا کرد و پەخشنامەکەی قوتابخانەکەمان لەسـەر ئاسـتـی عـیـراق یەکـەم دەرچوو و (کـاس)مـان وەرگرت و ئەو سالّە و دواتریش میلاکی قوتابخانەکەمان بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

١- کەریم مستەفا شارەزا بەرِێوبەری قوتابخانە
٢- خـوالێـخـۆشـبـوو حـەسـەن عـومـەر ئەفـغـانی یاریدەدەری بەرِێوەبەر بۆ کاروباری بەرِێوەبردن
٣- حـەسـەن عـەبدولکەریم زەمـان

یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری قوتابیان

مامۆستاکانیش ئەمانەبوون: سەمعان موشێ، مستەفا سلێمان قەرەنی، یوونس عەبدوڵڵا حەداد، سالم جبار، روشدی حەسەن، سەلاحەددین یووسف، ئەحمەد جەمال لەگەڵ خوالێخۆشبووان یەڵدا شەمعوون، بۆیا فرەنسی، مرۆگی هورمز، جەمال سەید قاسم، موحسین ئەحمەد سەففار، خەلیل سلێمان و مونعیم مەزهەر.. من بێجگە لە ئەرکی بەڕێوەبردنی قوتابخانەیەکی گەورە و گرانی دە هۆبەی خوێندن. سالآنە لە چەند خولێکی پەروەردەیی بۆ بەهێزکردنی مامۆستایان وەک وانەبێژ بەشداریم دەکرد و لە ساڵانی ١٩٧٨ و ١٩٧٩ و ١٩٨٠)شدا لە خولی مامۆستایانی زمانی کوردی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکاندا وەک وانەبێژ لە هەولێر و لە دهۆک بەشدایم کردووە و بەشداربووانی خولەکان بەپێی ئەو ڕاپرسییەی لێیان وەردەگیرا، سوودیان بە ڕادەی یەکەم لە من وەرگرتووە.

تاکو ماوەی حوکمی ئۆتۆنۆمی لە کوردستان لە ساڵی ١٩٧٠ تاکو ١٩٧٤ لە ئارادابوو، خوێندن بە زمانی کوردی لە هەموو لایەکی کوردستان بەجوانی بەڕێوە دەچوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی وردە وردە تەگەرەی خرایە پێش و بەم چەشنەی خوارەوە:

پرۆسەی خوێندنی کوردی لە سایەی ڕژێمی بەعسدا

پرۆسەی خوێندن بە زمانی کوردی لە کوردستاندا لە سایەی ڕژێمی بەعسدا چ لە ساڵی ١٩٦٣ و چ لە دوای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨دا تەگەرەی زۆری هاتە پێش، بەڵام لەدوای ڕێککەوتننامە مێژووییەکەی ١١ی ئادارى ١٩٧٠دا تاکو ساڵی ١٩٧٥ بووژانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆوە بینی، واتە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ڕژێمی بەعس وردە وردە تەگەرەی دەخستە بەردەم خوێندنی کوردی، بەوەی گەلێک قوتابخانەی عەرەبی کردەوە و خەڵکیان هان دەدا بە تایبەتی ئەوانە، دەکرانە لایەنگر و ئەندامی حزبی بەعس منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانەی عەرەبی و پێیان دەگوتن خوێندن بە زمانی کوردی بێ پاشەڕۆژە، چونکە لە زانکۆدا خوێندن و سەرچاوەکانی بە ئینگلیزی و عەرەبین و هەوڵیان دەدا منداڵی کورد بە بیروباوەڕی بەعس پەروەردە بکرێن و هەستان ڕێکخراوی پێشڕەوان (الطلائع)یان لە قوتابخانەکان دامەزراند و لە قوتابخانەکەی من هیچ مامۆستای بەعسی نەبوون تا سەرپەرشتی تەلایع بکەن هەستان مامۆستایەکی بەعسیان بۆ ناردین تاکو سەرپەرشتییان بکات.

ئەو مامۆستایەش چونکە بەدڵ و قەناعەتەوە نەبوو بووە بەعسی، بۆیە کە بە تەنیا دەهاتە لام، یان لەلای مامۆستایان دادەنیشت دەیگوت: «هیوادارم کەستان نەبێتە بەعسی باوەکو منی لێ بەسەر نەیەت کە شەووڕۆژ هەڵم دەپەڕێنن و بە داروبەردمدا دەدەن و لە ماندووبوون زیاتر چیترم پێ نەبڕاوە، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە و ڕێکخراوی بەعس زانییان ئەو مامۆستایە کەسی پێ کەسب ناکرێت، یەکدوو مامۆستای بەعسی دیکەیان بۆ ناردین و ژمارەی مامۆستایانی بەعسی بووە (سێ) مامۆستا لەگەڵ ئەوەشدا جلّەوی هەموو کاروبارێکی قوتابخانەکەم هەر لە دەست خۆمدا بوو، بەپێی شارەزایی خۆم لە بەڕێوەبردنی قوتابخانە و تەمەنم کە لە هەموو مامۆستاکان زیاتر بوو، هەموو مامۆستاکان ڕێزیان لێ دەنام و سەغڵەتیان نەدەکردم. لە ساڵی (١٩٨٠)وە، بە تایبەتی لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عیراق و ئێران لە ١٩٨٠/٩/٢٢دا، وتاری ڕۆژی پێنج شەموان لە زابت ئەمنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەوە بە زمانی عەرەبی دەهات، دەبوایە لە کاتی ڕیزبوونی بەیانیان بەدەم تەقەی (کلاشینکۆف)ەوە بۆ قوتابیان بخوێنرێتەوە مامۆستاکان دەیان گوت: با ئەو مامۆستا بەعسییانە بیخوێننەوە، هەستم کرد کێشەیەک لەنێوان مامۆستاکاندا دەخوڵقێت، بۆیە بڕیارمان دا هەر پێنجشەممەیەک بەپێی خشتەیەکی دیاریکراو مامۆستایەک بیخوێنێتەوە، تاکو کەس لافی نیشتمانپەروەری بەسەر هاوکارەکانی خۆیدا لێ نەدات. بەم جۆرە کێشەکەمان چارەسەر کرد و وتارەکانیش هەمووبان لە دەوری ئازایەتی سوپای عیراق و سەرۆک کۆمار دەسووڕایەوە. بە کورتی خوێندنی کوردی لە سایەی حوکمی ڕژێمی بەعس بە تایبەتی لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە هەر بەناو مابوو، وانەکانی کۆمەڵایەتی (مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی) لەگەڵ وانەی ئایین کران بە عەرەبی.

من تاکو ساڵی ١٩٨٠ بەپێی بڕیار و بیروبۆچوونی

خۆم، قوتابخانەکەم بەڕێوە دەبرد، بەڵام کە شەڕی عیراق و ئێران هەڵگیرسا، هەستم دەکرد جڵەوی کاروباری بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەم لە دەست شل دەبێت، چونکە ژمارەی مامۆستای بەعسی لە زیادبووندا بوو، دەیانویست قوتابخانەکە بە ئارەزووی ئەوان بەڕێوەببەن، بۆیە بڕیارم دا خۆم لەم ئەرکەی بەڕێوەبەرتییە ڕزگار بکەم، بە تایبەتی دوای بانگ کردنم بۆ لقی حزبی بەعس و پاکانەیان پێدام کە لە سیاسەت کار نەکەم. هەستام لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٢دا داواکارییەکم پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر کرد کە خانەنشینم بکەن، ئیدی دوای ٣٢ ساڵ خزمەتکردنی پەروەردەی قوتابی کورد ٢٠ ساڵ مامۆستایی و ١٢ ساڵیش بەڕێوەبردنی قوتابخانە لە ١٩٨٢/٧/١دا خانەنشین بووم و کەوتمە سەر نووسینەوە و ئامادەکردنی کتێب و دیوانی شیعرەکانم.

من و یەکێتی نووسەرانی کورد

من و سەرجەم نووسەرانی کورد لە شارەکانی کوردستاندا دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردیمان لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەوە بە پێویستییەکی مێژوویی دەزانی، بەڵام ئەو ئاواتەمان نەهاتەدی. کاتێکیش کە شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عیراق بەرپا بوو، بۆ سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ یەکێتییەکی ئەدەبی بەناوی (یەکێتی ئەدیبانی عیراق) دامەزرا و شاعیری گەورەی عیراق و عەرەب محەمەد مەهدی ئەلجەواهیری بە سەرۆکی ئەو یەکێتییە هەڵبژێردرا و گەلێک ئەدیب و نووسەری کوردیش لەو یەکێتییە بوونە ئەندام و من یەکێک بووم لەو ئەدیبانەی کورد کە بە ئەندام وەرگیرام و زۆر نووسەر و شاعیری دیکەی وەک خوالێخۆشبووان ڕەفیق حیلمی و مامۆستا گۆران و ئەحمەد دلزار و مستەفا سالح کەریم و عوسمان مستەفا خۆشناو و چەندانی دیکە ئەندامی بە دەرەوەی ئەو ڕێکخراوە بوون، بەڵام چونکە لقی لە پارێزگاکانی کوردستان نەبوو، نووسەرانی کورد و جەماوەری ئەدەب دۆست ئەوەندە هەستیان بە بوونی ئەو ڕێکخراوە ئەدەبییە نەدەکرد، چونکە هەموو چالاکییەکانی هەر لە بەغدای پایتەخت بوون.

تاکو بە هەوڵ و کۆششی دەستەیەکی دڵسۆز لە ئەدیبانی کورد لە دوا دوای ساڵی ١٩٦٩دا داوایەکیان بۆ وەزارەتی ناوخۆ پێشکەش کرد بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئەدەبی بە ناوی [یەکێتی نووسەرانی کورد]، ڕەزامەندیی دەربڕینی وەزارەت ماوەیەک دواکەوت تاکو لە ١٩٧٠/٢/١٠دا مۆڵەت درا بە دەستەی دامەزرێنەر کە دەست بەکاربن بۆ چالاکی ئەدەبی نواندن دەستەی دامەزرێنەریش بریتی بوو لەم بەڕێزانەی خوارەوە:

١- د. ئیحسان عەبدولکەریم فوئاد شاعیر و ڕەخنەگر
٢- جەمال عەبدولقادر بابان چیرۆکنووس
٣- حسێن عارف عەبدولڕەحمان چیرۆکنووس
٤- خالد دلێر عەبدولواحید ئەحمەد شاعیر
٥- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول نووسەر و ڕەخنەگر
٦- کاکە مەم فەخری بۆتانی چیرۆکنووس
٧- د. کەیکاوس نووری قەفتان چیرۆکنووس و مێژوونووس
٨- د. مارف عەبدولقادر خەزنەدار نووسەر و ڕەخنەگر
٩- محەمەد مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسەر
١٠- د. نەسرین محەمەد فەخری زمانەوان و شاعیر
١١- نووری عەلی ئەمین زمانەوان

لەدوای ڕێککەوتنامە مێژووییەکەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ گوڕیک بەو ڕێکخراوە ئەدەبییە ساوایەی کورد درا و هەندێک گۆڕانکاری لە دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەی دامەزراندنی یەکێتییەکە کراو خوالێخۆشبووان هەژاری موکریانی و سەعید ناکام لە گەلاڵەوە چوونە بەغدا بۆ ڕێکخستنی پێوەندیی نێوان شۆڕشی کورد و دەستەی دامەزرێنەری یەکێتییەکە و حزبی شیوعی عیراق- ڕێکخراوی هەرێمی کوردستانیش هاوڕێ (ئەحمەد دلزار)ی شاعیری کردە نوێنەری خۆی بۆ ڕێکخستنی پێوەندییان لەگەڵ دەستەی ئامادەکاری کۆنگرەکە و لێرەدا خالید دلێر لە دەستەکە کشایەوە و دەستەی ئامادەکاریش بڕیاری دا کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نووسەران کە کۆنگرەی دامەزراندنی بوو، لە ڕۆژانی ٢٣ و ٢٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٠ لە شاری بەغدا ببەسترێت.

دەستەی ئامادەکاری کۆنگرە بڕیاری دا (فۆرم)ی بە ئەندام بوون بۆ نووسەرانی پارێزگەکانی کوردستان بنێرێت

تاکو نووسەر و شاعیران پڕی بکەنەوە و بینێرن بۆ بەغدا و دوو لە ئەندامانی دەستەی ئامادەکار پشتگیرییان بکەن، ئەوسا دەبنە ئەندامی یەکێتی و دەتوانن بەشداری لەکۆنگرەی دامەزراندندا بکەن.

لە سەرەتای مانگی نیسانی ١٩٧٠دا دکتۆر مارف خەزنەداری ئەندامی دەستە لە بەغداوە بەخۆی و کۆمەڵێک (فۆرم) چوونە ناو ئەو یەکێتییەوە گەیشتە هەولێر و لە چاپخانەی خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی چاوی بە هەندێک ئەدیب و نووسەرە دیارەکانی هەولێر کەوت و فۆرمی بەسەردا دابەش کردن کە بینرا ژمارەی ئامادەبووان زۆر بوون و لە چاپخانەکەدا جێیان نابێتەوە یەکێک لە ئامادەبووان کە خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا حەدداد بوو کە جارێک خوێندکاری کۆلێژی ئەدەبیاتی بەغدا- بەشی کوردی بوو گوتی: لێرە جێمان نابێتەوە، فەرموون با بچینە ماڵی ئێمە کە لێرەوە نزیکە، دکتۆر مارف و ئامادەبووان ڕایەکەیان پەسەند کرد و چووین بۆ ماڵی کاک عەبدوڵڵا کە بە ڕەحمەت بێت حاجی محەمەدی باوکی مابوو، بە گەرمی بەخێرهاتنی کردین و لەوانەی ئامادەبوون، بێجگە لە دکتۆر خەزنەدار، خوالێخۆشبوو مەلا شەریفی ڕەنگەڕێژانی و من و مامۆستا حەمە کەریم هەورامی و بەدرخان سندی و پیربالّ مەحمود و مەدحەت بێخەو و مەجید عەبدوڵڕەحمان بوون و دکتۆر مارف فۆرمی بەسەردا دابەش کردین و هەریەکە چەند فۆرمێکی زیادەیشی پێداین تاکو بیدەین بە نووسەرانی دی و لە ئەنجامدا ٢٥ ئەدیبی پارێزگەی هەولێر لە بەغدا پەسەند کران و بوون بە ئەندام و لەوانە ١٥ ئەندامیان بەشداربیان لە کۆنگرەی دامەزراندندا کرد.

لە وادەی دیاریکراودا کۆنگرەکە لە کاتژمێر ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ٦/٢٣دا بە چاودێری سەرۆک کۆماری عیراق لە هۆڵی خولد بەپێی ئەم بەرنامەیەی خوارەوە سازدرا:

١- وتاری سەرۆک کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لەلایەن دکتۆر ئەحمەد عەبدولسەتتار ئەلجیواربیەوە خوێنرایەوە.

٢- وتاری سەرۆکی بارزانیی نەمر- دارا تۆفیق خوێندبیەوە

٣- وتاری دەستەی دامەزرێنەر - لەلایەن هەژاری موکریانییەوە

٤- وتاری یەکێتی ئەدیبانی عیراق- لەلایەن د. سەلاح خالیسەوە

٥- وتاری نووسەرانی پێشمەرگە - لەلایەن سەعید ناکامەوە.

٦- وتاری یەکێتی نووسەرانی تورکمان- لەلایەن عەبدوڵڵا خەلیلەوە

٧- وتاری یەکێتی قوتابیانی کوردستان - لەلایەن مەحموود زامدارەوە

٨- وتاری نووسەرانی سلێمانی- لەلایەن ئەحمەد هەردییەوە

٩- وتاری نووسەرانی هەولێر - لەلایەن مەجید ئاسنگەرەوە

١٠- وتاری نووسەرانی کەرکووک - لەلایەن عوسمان مستەفا خۆشناوەوە

١١- وتاری نووسەرانی دهۆک - لەلایەن شێخ مەمدووح بریفکانییەوە

دوای ئاهەنگەکە دەستەی گشتی (٥) ئەندامی هەڵبژارد بۆ سەرپەرشتی کردنی کۆبوونەوەکانی کۆنگرەکە کە هەریەکەیان نوێنەری پارێزگەیەکی کوردستان و نووسەرانی نیشتەجێی بەغدا بوون کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- سادق بەهائەددین نوێنەری دهۆک - سەرۆک

٢- عەبدولقادر قەزار نوێنەری نووسەرانی بەغدا- ئەندام

٣- تاهیر سادق ئەحمەد نوێنەری نووسەرانی کەرکووک- ئەندام

٤- محەمەد سالّح سەعید نوێنەری نووسەرانی سلێمانی - ئەندام

٥- کەمال غەمبار نوێنەری نووسەرانی هەولێر - ئەندام

کۆنگرەکە شەش لێژنەی بۆ لێکۆڵینەوە لە باری ئەدەبی کوردی پێکهێنا، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- لێژنەی پێڕەوی ناوخۆی یەکێتی

٢- لێژنەی شیعر

٣- لێژنەی چیرۆک

٤- لێژنەی زمان

٥- لێژنەی فۆلکلۆر

٦- لێژنەی دانان و وەرگێڕان و بڵاوکردنەوە.

ئەندامانی هەولێر لە کۆنگرەکەدا ئەمانەی خوارەوە بوون و بەپێی پیتی یەکەمی ناوەکانیان دەیانخەینەڕوو:

١- ئەحمەد دڵزار
٢- بدرخان سندی
٣- پیربابڵ مەحموود
٤- حەمە کەریم هەورامی
٥- حەمید عوسمان
٦- سامی عەوداڵ
٧- سامیە شاکر چاوشلی
٨- سالح حەیدەری
٩- عەبدولخالق عەلائەددین
١٠- عەبدوڵڵا پەشێو
١١- کەریم شارەزا
١٢- کەمال غەمبار
١٣- مەجید ئاسنگەر
١٤- مەدحەت بێخەو
١٥- محەمەد مەولوود(مەم)

دوای ئەوەی کە لێژنەکانی کۆنگرە کە لە بەیانی ڕۆژی (٢٤)ی حوزەیران وتوێژیان لەسەر کێشەی ئەدەبی کرد بۆ دوای نیوەڕۆ، دەستەی گشتی کۆنگرەی بڕیار و ڕاسپاردەکانی ئەو لێژنانەی پەسەند کرد و ئینجا دەستەی بەڕێوەبەری مەڵبەندی گشتی بەپێی دەنگەکانیان هەڵبژێردران، کە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە.

ناوی ئەندامی هەڵبژێردراو	ژمارەی دەنگ
١- د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ	٦٢
٢- محەمەدی مەلا کەریم	٥٧
٣- د. ئیحسان فوئاد	٥٥
٤- عەبدولڕەحمان هەژار	٥٠
٥- ئەحمەد دڵزار	٤٨
٦- د. مارف خەزنەدار	٤٦
٧- د. نەسرین فەخری	٤٥
٨- نووری عەلی ئەمین	٤٤
٩- ئەحمەد هەردی	٤٠
١٠- محەمەد مەولوود (مەم)	٣٥
١١- شوکر مستەفا	٣٣
١٢- حوسێن عارف	٣٣
١٣- سەعید ناکام	٣٢
١٤- مەمدووح بریفکانی	٢٨
١٥- ئەحمەد غەفوور	٢٨
١٦- جەلال دەباغ	٢٧
١٧- عەبدولڕەزاق بیمار	٢٥

ئەم حەڤدە ئەندامە بوونە دەستەی بەڕێوەبردنی مەڵبەندی گشتی و لەنێوان خۆیاندا خوالێخۆشبوو (هەژاری موکریانی)یان کردە سەرۆکی مەڵبەندی گشتی واتە یەکەم سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد و دکتۆر ئیحسان بە جێگری سەرۆک و دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ بە سکرتێر و عەبدولڕەزاق بیماریش بە ژمێریار.

ئەزموونی کارکردنم لە شانۆی منداڵانی کورددا

ڕزگار کەریم سەعید
(بەریتانیا- لەندەن)

(٢ - ٢)

نووسینی شانۆییەکە

منداڵان و لاوان نێردرانەوە ماڵەوە تا هەفتەی داهاتوو یەک شانۆیی بنووسنەوە و ئایدیاکانیان کۆ بکەنەوە و هەفتەی داهاتوو دەست بە نوسینەوەی ئایدیاکان بکەین و بە ڤیدیۆش تۆماری بکەین، تا هیچمان لە بیر نەچێت، وەڵامم بۆ هات کە ئەو شەمەیە دراما ناکرێت، چونکە دەبێ وانەکانی دیکەیش کاتێکی باشیان پێ بدرێت. پاش دوو هەفتە کە هاتمەوە مامۆستا (پیشڕەو گورجی) دوو شانۆیی منداڵانی ئینگلیزی وەرگێڕدراوی ڕاکێشا بوو، دابوویە دەست منداڵەکان کە یەکێک لەو دوو شانۆییانە دەکەن.

کاری ڕاست بێت ماندووبوونێکی گەورەی تێدا سەرف کردبوو، بەڵام ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ئایدیای نووسینی شانۆییە خۆمالّییەکەی خۆیان لە یاد بکەن و کورۆکێژێکی زۆر ژیر و وریاش نەهاتبوونەوە و باوکیان زویر ببوو لەسەر کێشەکانی بەڕێوەبەرێتی و ململانێی پارتایەتی و شتەکانی نێوان کۆمیتە خۆیان، منیش نەمدەویست بچمە ناو مەسەلەکانەوە، لەوە دەچوو ئیرەیی بردن بێت بە بەڕێوەبەری چالاکی قوتابخانەکە، کە زمانێکی ئینگلیزی زۆر چاکی دەزانی و هەموو ئیشەکانی قوتابخانەی لە ئەستۆ گرتبوو. کەسانێکی دیکە دەیانویست بەشداری چالاکییەکان بکەن و بە یەکسانی کارەکان دابەش بکەن و لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەر کەم بکەنەوە، ئیتر وەها ترشابوو بۆنی شەڕی لێ دەهات. کێش دەبێتە قوربانی منداڵەکان و بەندە، هەر ئەو ڕۆژە بیری ئاهەنگی نەورۆز کرایەوە کە چی بکرێت و چۆن تیپێکی میوزیک بهێنین و چۆن بە کەمترین پارە شانۆییەکان پێشکەش بکەین و هیچ لەمانە نەهاتنە دی و شانۆیی نەنووسراو منیش تا هەشت مانگ پێوەندیم

پێوە نەکرایەوە کە کەی؟ بۆ؟ چۆن؟ ئەو قوتابخانە نازدارە وەک ئەمیبا بوو بە دوو کەرتەوە. ڕاستە ئەم کارانە لە دڵسۆزی و خۆبەخشییەوەیە، بەڵام ئازیزان تا دەزگایەکی خاوەن توانایی دارایی و کۆمەڵایەتی نەبێت هیچ کام لەم پرۆژانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنن لە ئەورووپا، مامۆستا دەبێت مانگانەی هەبێت، شانۆ و سینەما دەبێت بودجەی بۆ دابین بکرێت و نابێت منداڵان بزنیسیان بەسەرەوە بکرێت و گرەنتی ئەو منداڵانە فەرهوود بکرێن، بۆیە بڕیارم دا تا نەچمەوە کوردستان جارێکی دی لە ئەورووپا هیچ وۆرک شۆپێک بۆ هیچ دامودەزگا و قوتابخانەیەکی کوردی نەکەم!!

ئەگەر بێمەوە سەر شانۆییەکانی منداڵەکان، کە بەتەنیا سەیری دیمەنەکانم دەکرد، هەرسێ گرووپەکە زۆر چالاک بوون، دەمتوانی سێ دیمەنی جوانیان لێ دەربهێنم و خۆم ئیشی تێدا بکەم، بەڵام نەمدەویست ئەو کارە بکەم، دەمویست خۆیان یەک شانۆیی بنووسنەوە، زمانی خۆیان، چیرۆکی خۆیان، گرێ و دیالۆژ و ناوەرۆکی منداڵانە و گەنجانەی خۆیان بێت، کەڵچەری گەنجانەی خۆیانی تێدا بێت. لە کاتێکدا کە دەگەڕێمەوە ساڵانی ١٩٨٣ - ١٩٨٥ و کارکردنی بەردەوام لەگەڵ گرووپی ئەو منداڵانەی سلێمانیدا، هەست بە شانازی دەکەم، چونکە پاش ڕۆیشتنم بۆ شاخ و ئەورووپا لە ٢٠ منداڵ ١٤یان بوونە هونەرمەند و پەیمانگەی هونەرە جوانەکانیان تەواو کرد و هەر یەکەیان ڕووی کردە بوارێکی هونەری و سەرکەوتووش بوون و بەردەوام کار دەکەن. لەلایەکی دیکەوە لێرە و لەوێ هەندێک هونەرمەند دەبینم کە لە ئەورووپا بەکالۆریۆس و ماستەریان لە هونەردا تەواو کردووە، بەتایبەتی بەشی شانۆ و سینەما و دان بەوەدا دەنێن کە بەهۆی شانۆیی "بەلەمی ئەفسوناوی"، یان "شازادەی بچکۆلە"وە کە منداڵ بوون بڕیاریان داوە ببنە هونەرمەند و زۆر کاری تێ کردوون، هەندێکیان دەگێڕنەوە کە ٥ تا ٦ جار ئەو شانۆییانەیان بینیوە و من هەر بەعەقڵمدا نەدەچوو ئینگلیز گوتەنی: ئەو کاریگەرییە مەزنە لە سەریان ڕووبدات. هەندێکیانم بۆ چەند ساڵێک دەناسی کە لە بەریتانیا نواندنیان دەکرد و ڕۆژێک باسی ئەوەیان بۆ دەکردم کە ئایا من ئەو شانۆییانەم دەرهێناوە، یان نا؟! تەنانەت منیشیان نەدەناسی کە دەرهێنەری ئەو کارانە بووم. لێرەدا هەست بە کەماڵی بەختەوەری دەکەیت کە کۆنترۆڵی هەموو شتێک لەدەست منداڵەکان و مامۆستاکەیاندا بێت و کەسوکار فوول پشتگیریت بکەن، هەر هەموومان لێرەدا بەو سێ ساڵەی کوردستان سوودمەند بووین.

یەکێک لە کێشەکانی دیکە کە دێتە ڕێگەی دەرهێنەر لە وۆرک شۆپەکاندا ئەوەیە کە ئەو منداڵانەی ئەو ڕۆژە پرۆڤەیان هەیە و لەسەر تەختەی شانۆ دەبن و چێژی لێ وەردەگرن و بەختەوەرن و شانازی بەخۆیانەوە دەکەن، گرووپێکی دیکە هەن کە ئەو ڕۆژە پرۆڤەیان نییە و لە هۆڵەکەدان و دەکەونە منجە منج و بێ تاقەتی و لەپڕ هەندێکیان گوم دەبن و دڵەڕاوکێت بۆ دروست دەکەن و تا لە هۆڵەکان و ژوورەکاندا دەیاندۆزیتەوە و بانگیان دەکەیت کاتێکی باشت لێ دەڕوات. باشترین شت ئەوەیە کە بەهەر شێوەیەک بێت کار بۆ ئەو کەسانەش بدۆزیتەوە کە ئەو ڕۆژە پرۆڤەیان نییە، کارەکان هەر شتێک بێت گرنگ نییە، تەنیا پێوەندی بە شانۆییەکەوە هەبێت، ڕۆژێکیان سێ کوڕی گەورە دیار نەمان، نەشمدەزانی کە یەکێک لە هۆڵەکان ژووری باسکەی تێدایە، ئەوان چووبوون لەوێ یاری باسکەیان دەکرد، کە ڕۆیشتینەوە گلۆپەکانی ئەو ژووره نەکوژێنرابوونەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی لێپرسراوی بینایەکە گلەیی لەسەرمان تۆمار بکات کە وریا نین و ئاگاداری تەواوی منداڵەکان نابین!! لە ولاتێکی ئەورووپیدا ئەم مەسەلانە زۆر بەجددی وەردەگیرێن، گالتەیان لەگەڵ ناکرێت، بە کەمتەرخەمی مامۆستایان لەقەڵەم دەدرێت، چونکە ئەو کەسەی کە ڕۆژی پشووی شەممە دێت دەرگەکان بۆ تۆ دەکاتەوە بە خۆبەخشی دێت ئیشی ئەو نییە کە یەک هۆڵی داوە بە تۆ، منداڵەکانی تۆ بچن دوو سێ هۆڵ دابگیرسێنن بەبێ ئەوەی کە تۆش ئاگاداری نەبیت.

یەکێک لە کێشەکانی دیکەیش ئەوەیە هەر کە دایک منداڵە وردەکانی دەهێنێتە هۆڵەکەوە ئیتر ژنان لە ژووری چێشتخانەکەدا گەرماوی ژنان و کۆنفرانسی هەفتانەی قسە و باسی خۆیان دەکردەوە، ئەو منداڵە پێویستی بەدایەن هەیە کە بەردەوام لەلای بێت، لە هۆڵەکەدا یەکێک لە منداڵە وردەکان دەستی دابووە کووپێک چای زۆر گەرم و سنگی سووتا، ڕاستی کە ئەمبولانس هات خۆم بۆ زیندان ئامادە کردبوو، چونکە بینایەکە ڕاپۆرتی خۆیان دا کە ئەوان لێپرسراو نین بەرانبەر بەو کارەساتە،

خـوا بەوە بەزەیی پێـمـاندا هاتەوە دایکی منداڵەکـە ئینگلیـز بوو زۆر ژیرانە چووە پێـشـەوە و کـارەکـانی جێبەجێ کرد و ئێستاش نەمزانی کە چی بە پۆلیس و ئەمبولانس گوت، تا ئێمە لەو کێشە گەورەیە ڕزگارمان بێت، چونکە ئەمـە کـێـشـەیەکـە، یان دەبێت دەرهێنەر تووش بکەیت، یان دایکەکـە، باری مـامناوەندی نـیـیـە، دەبێت یەکێکتان ڕاپۆرتی لەسەر بدرێت بۆ منداڵپارێزی فـەرمـانبـەرانی کـۆمـەڵایەتی، کـە بۆچی ئەو منداڵە لەو چرکـە سـاتەدا بە بەردەوامی دایەنی لەگـەڵدا نەبووە، ئێستاش نەمزانی چۆن کارەکەی جێبەجێ کرد و بڕایەوە!!

پرۆسێسی داهێنان، ڕاهێنان، پێشکەش کردن. (post mortem) پێـــداچوونەوەی تاقـــیـکردنەوەکـــە و هەڵسـەنگاندنی چی فـێـربووین؟ بەباوکـان و دایکان و قـوتابیـیـەکـان و مـامـۆسـتـاکـانەوە بـا لەپێـشـەوە لە منداڵەکانەوە دەست پێ بکەین و لە خۆیان بپرسین بزانین ئەوان چی دەڵێن: هەمـوو لەسـەر ئەوە ڕێککەوتن کـە هەمـوو ئەکـتـەرەکـان دیالۆژەکـانیـان بە جـوانی و بەرزی و ڕوونی دەگـــوت، کـــە لە دوای دواوە بینەران بەڕوونی دەیانبیست، کە وەهای دەکرد منداڵان و کوڕان و کێژانی ناو هۆڵەکـــەش بێ دەنگ بن و بۆ شـانۆبـیـیـەکـەیان ڕابکێشێت، ئەکتەرەکان هەموو کات لەسەر شانۆ وەک یەک دەبینران و کـەس لە دەرهێنانی جـوگـرافی سـەر شانۆکەدا بلۆکی کەسی دیکەی نەدەکرد تا منداڵانی ناو هۆڵەکە بۆ بینینی کەسێکی شاراوە بکەونە جوولّە جوولّ. لە کاتی (ئەکشن) جوولانەوەی کردارێکی درامیدا نەک گـێـڕانەوەی چیـرۆک بە دیالۆژی درێژ، کـرداری درامی گـرنگە جـێی خـۆی بکاتەوە و ببـینرێت. هەردەم چەند کـەسـێک لەســەر شـــانۆ بێت چاکـــتـــرە وەک لە قـەرەبالّغـیـیـەکی ناپێـویست، ئەگـەر پێـویست بوو منداڵانێکی زۆر لەسەر شـانۆ بن، بـا ئەوانەی دیالۆژیان هەیە بەشێوەیەکی نەرمونیان جێگای جوگرافی و شوێنی خـۆیانیـان بۆ بکرێتـەوە، کـە بێنە پێـشـەوە و کـۆمـەڵە کەسەکە کاتێک دیالۆژ دەڵێن، ئەوە واز لە کۆمپۆزشن و هارمـۆنی و بالانس و چەندێتی ڕێکخـسـتنی کـۆمـەڵە کـەسـەکـە زۆر پێـویسـتـە لە کـاتی ڕێکخـسـتنی کۆمپۆزیشنەکاندا مەودایەکی ئیستێتیکی جوان دروست بکات، ئەگـەر منداڵەکـان خـۆیان دیالۆژەکـان بنووسنەوە هەر ئەکـتـەرێک بەچاکی تێـدەگـات کـە (کـرداری درامی)یەکـەی چیـیـە و دیالۆژەکـەی باس لەچی دەکـات، پێویست ناکات دەرهێنەر، یان مامۆستا فێری گوتنەوەی دیالۆژی بکات. بە نیـسبـەت کـەسوکـارەکـانەوە کـاتێک پرسـیـار لە منداڵەکـانیـان دەکـەن کـە چۆن چۆنی ئەو شـانۆبـیـەیان نووسـیـوە منداڵەکـان وێنە و ئەزمـوونی ڕۆژانەی پرۆسێسەکەیان لەبەرەو زۆر بەچاکی دەیگێڕنەوە و بۆ باوک و دایکانی باس دەکەن کە چۆن دەستیـان پێ کـرد و چۆن گـەیشـتنە ئەو ڕادەیەی کـە بینووسن، لێـرەدا باوک و دایکان زۆر خۆشحاڵ دەبن کە منداڵەکانیان بێ تەمـومـژ بە ئەزمـوونێکی ئەزمـوونگەری نـووسـینی شانۆبیەکدا تێپەڕیون و لێی تێگەیشتوون. کێ دەزانێت لەوانـەیە یەک دوانێـکـیـــان لە پـاشـــــەڕۆژدا بـبن بە نووسەرێکی سەرکەوتوو، چونکە پرۆسێسی نووسین فێر دەبن.

ئەو بارودۆخە سەقەتانە چی بوون کە منداڵی نەوەکەی ئێـمـەیان لە گـەشـەکـردن و پێـشـکەوتن لە منداڵێـمـاندا دواخست؟!

لەو باوەڕەدام هەرچی ئەزموونێکی منداڵی خۆم بنووسم ئەو کەسانەی کە هاوتەمەنی منن یەکسەر لەگەڵمدا یەک دەگـرنەوە کـە هەمـان شت بەســـەر ئەوانیش هاتووە. مـەسـەلەی یەکـەم بوار ڕێکخـسـتن و هاندان بۆ چالاکی منداڵان، ئەگەر تۆ لە خێزانێکی پڕ ئاژاوە و بێسەروبەردا ژیابیت، کە باوەژنێک، یان باوە پیـارەیەک و کۆمەڵێک خـوشک و برات هەبێت و لە خـانوویەکی بچکۆلانەی قەرەبالّغدا تەمەنی ٦ - ١٢ ساڵیت بەسەر بردبێت، ئەوە لەباری یەکەمدا دەست لە (هاندان و بواردان بۆ چالاکی) بشـۆ. یەکـەم خـێـزانت لەکـیس چووە کـە جـێگایەکی زۆر گرنگە بۆ پێگەیشتن و خۆشگوزەرانی تۆ، ئینجا گەڕەک دێت، ئەگـەر لەگـەڕەکـیـشـدا لەسـەدا ٨٠ ی منداڵەکـانی دیکەیش وەک تۆ بن، ئەوە دەست لە گـەڕەکـیـش بشـۆ، چـونکـە نـمـونـەیەکـی بـەرز نـادۆزیـتـــــــەوە لـە نـاو ئـەو هاوڕێیـانەتدا تا بۆ شـتی باش پێـیـان سـەرسـام بیت و (لاسایی)یان بکەیتەوە. دەمێنێتەوە سەر قوتابخانە کە دایەنگەی سێیـەمە لە پەروردەکردنێکی باشی منداڵاندا، لە قوتابخانەی سالانی کۆتایی شەستەکان و سەرەتاکانی حەفتاکاندا هەمومان دەزانین کە دار و فەلاقە و فەڕاشی دەست وەشێن و مامۆستای جیاوازکەر و تووڕە و دڵڕەق هەبوون، لەناو پۆلدا منداڵێکی ناسک و ناسـراوی ناو

گەڕەک کە خاڵێکی، یان پووربڕێکی مامۆستا بوو، زیاترین گرنگی پێ دەدرا و بەنەرمی و میهرەبانییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا و ئەوانی دیکە پشتگوێ دەخران. لە کاتێکدا مامۆستا گرنگی بە منداڵێک دەدا کە زۆر زیرەک بوایە و وانەکانی لەبەر کردایە و فەرمانەکانی بنووسیایەتەوە، ئیتر هونەر و چالاکی وێنەکردن و وەرزش و دراما و مۆسیقا و گۆرانی گوتن گرنگی پێ نەدەدرا، ئەگەر قوتابییەک لە ماتماتیک و زمانی ئینگلیزی و ڕێزمان و ئایپیندا خراپ بوایە نەیدەتوانی بە هونەرەکانی دیکە و وانە تایبەتییەکانی دیکە باڵانسێک دروست بکات تا مامۆستا ئاگاداری بداتێ و هانی بدات بۆ چالاک کردن.

هەموومان دەزانین تەنانەت کە بمانویستایە قسەش بکەین لە پۆلدا بە (وس هەتیو، دەمت داخە قوڕمساغ، ناشیرینی پیس و چاوچنۆک و خوێڕی و کەللە پووت و بێ دەماغ و هەتیوە سیسکە و جیقن و کەرپیاو و تەڕەماش و... تاد) وەڵام دەدرایتەوە، سەد جار پێم گوتراوە وس بە جیقن. کە بیرم لە وشەی جیقن دەکردەوە شتێکی سەیر و خۆ بەکەم زانینێک لەلام دروست دەبوو، زۆر جار دەمپرسی جیقن یانی چی؟ نەمدەزانی ماناکەی چییە تەنیا ئەوە نەبێت یانی (کورتە بنە، لاواز، برسی، بێ توانا...تاد) ئەمانە دەهاتنە بەر بیر و مێشکم، ئەوە باسی وانەی ئایین و ئایشێ گوێدرێژ و شەولەبان و پردی سیراتی مامۆستا شێخەکان ناکەم کە دەیانتوقانین و ئەو وانەیە لای من لە مانای ترس و مردن و سەرقەبران و سووتاندن و تاریکی و ڕەشبینی جندۆکە و چوخمە ترسناکەکانی سەرشەقام و هۆمەرمەندان زیاتر هیچی دیکەی نەدەگەیاند. ترس، مردن، ئازاردان، و دوور لەخۆشی گەشەکردن و بەختەوەری. مامۆستایەکی نەرمونیانمان هەبوو هەم کشتوکاڵی پێ دەگوتینەوە و هەم وێنەکێشان، لە کشتوکاڵەکەدا زۆر وریابووم و بۆ وێنەکردنیش خەیاڵم فراوان بوو، بە باوکم گوت کە سلەبۆیەم بۆ بکرێ و خووم دایە وێنەکێشان، ڕاستی مامۆستا هیچی فێر نەدەکردین کە چۆن وێنە بکێشین، خۆمان هەرچی بەخەیاڵماندا بهاتایە دەمانکرد، ڕۆژێکیان لەخەستەخانە لەگەڵ باوکمدا چووم (ئەشیعەی ڕەش)م هێنا و بە بۆیەی ئاوی لەسەری شاخی گڵەزەرد و ناوچەی قەرەداغم کرد زۆر شتێکی سەیری لێ دەرچوو، کە نیشانی مامۆستام دا تووشی شۆک بوو. تا پۆلی دووەمی ناوەندیش هەر لەسەر ئەشیعە وێنەم دەکێشا و هیچ کات لە پێشانگەی قوتابخانەدا دانەدەنرا، چونکە لە ناو قوتابخانەدا بێ کەس بووم، ئەوە وانەی وەرزش لە ژیانمدا مامۆستا نەیدەخستمە ناو تیپی پۆلەکەوە و هەردەم ئیحتیات بووم، بەناچاری ئێوارانی لەگەڕەکدا یاری فووت بۆڵێنمان دەکرد و زۆر زۆرباشیش بووم، لاسایی یاریکەرەکانی ناو تەلەڤزیۆنم دەکردەوە و شتەکانیان فێر دەبووم، لە گەڕەکدا هەردەم کۆڕنالّی لای ڕاست بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕ بەخۆبوون لام گەشەی نەکردبوو، لە ژیانمدا گۆڵێکم نەدەکرد، هەردەم تۆپەکەم دەدا بە برادەرێکی دیکەم تا شووت لێ بدات، وام لێهاتبوو کە گەورەش بووم لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا خۆم و گۆڵەکە بوومایە بە ئاسماندا دەڕۆیشت، یان بەر شیشەکە دەکەوت، یان دەمخستە دەستی گۆڵچییەکەوە، چونکە کەس هانی نەدەدایت و ئافەرینی نەدەکردیت، هاندان بۆ چالاکی کردنی گەشەی منداڵان زۆر گرنگە، منداڵی دوو ساڵانم بینیوە لەم ئەوروپایە کە چۆن باوکی زۆر بە ئارامییەوە فێری کریکێتی دەکرد کە پاش کاتژمێرێک ئەو منداڵە وەها فێردەبوو سەرسامی دەکردم، ئەوە بڕۆ بۆ مەلە و فووت بۆڵێن و وێنەکێشان و لاسایی کردنەوە و ڕێز لێنانی قسەکردن و پرسیارکردنێکی نەبڕاوەی وەها کە پیاو تووشی بێزارکردن دەکەن. تاکە شتێک کە خۆشحاڵی دەکردم خاڵێکم بوو کە خۆی مامۆستا بوو، ئەگەر ئەو نەبوایە بەهیچ شێوەیەک قوتابخانەم بۆ تەواو نەدەکرا، سەدان جار خۆم دزیوەتەوە و ڕۆشتووم بۆ پیاسەی باخ و کێڵگەکان و ئێوارێ هاتوومەتەوە مااڵەوە. مامۆستا هەبوو وەزیفەکەم بە باوەژنەکەم پێ دەنووسی و بەبیرم دێت ئیمزای مامۆستاکە و سەری باسەکە و دێڕی یەکەمم دەکوژاندەوە و وەزیفە تازەکەم بە دێڕێک دەنووسی و مامۆستا بێ ئەوەی سەیری بکات ئیمزای لەسەری دەکردەوە، چونکە ڕقم لەو مامۆستایە بوو وام هەست دەکرد بێگاریم پێ دەکات، بەڵام مامۆستای میهرەبانمان هەبوو کە ڕێزی دەگرتین و وەک هاوڕێیەک مامەڵەی لەگەڵ دەکردین، هەموو وەزیفەکانیم بەجوانی دەنوسییەوە و هەموو کات لە وانەکەیدا بەشادی و خۆشییەوە دادەنیشتم. لەسەر دارلاستیکی هاوین فەلاقە کراوم، ئاخر هاوینە

مامۆستای گەڕەک تۆ چیت داوە لە منداڵێکی قوتابخانەکەت لە هاویندا دارلاستیکی پێ بێت، یان نا ئاوپەرژێنی بەردەرگەی ماڵمان کردووە و مامۆستا بەوێدا تێپەڕیوە نەمزانیوە لە دوامەوەیە تۆزێک پڕیشکی ئاوی بەرکەوتووە پاش دوومانگ و نیو کە قوتابخانە کراوەتەوە بانگی کردووم و بە دوو کەسی زلی پۆلی شەشەم قاچیان بەداریکەوە بەستوومەتەوە و ئەویش لەسەر ئاوپرژانی بەردەرگەی هاوین فەلاقەی کردووم، ئەمە چ حیقدێک و ئەو پیاوە چ بەشەرێکە ئەمە چ داد و چ یەکسانییەکە؟ هەر هەمان مامۆستا لە کورێکی لادێی دا، سێ کاتژمێری نەبرد کۆمەڵێک پێشمەرگەی خزمی هاتنە سەر قوتابخانە و بەر شەقیان داو منداڵەکەشیان لە قوتابخانە دەرهێنا و بۆ قوتابخانەیەکی دیکەیان گوێزایەوە. دوای ئەو کێشەیە ببڕی پەنجەی لە کەس نەدەدا، بۆیە ئێمەش هەر مامۆستا و ناوناتۆرەیەکمان لێ دەنان، بەبیرم نایەت تا پۆلی چوارەمی ئامادەیش مامۆستا ڕێزی لێ گرتبێتم، لە پۆلی چوارەمەوە ئیتر هەستم کرد کە هەندێک مامۆستا هاوڕێمن. باشە لەم دەوروبەرەدا تۆ چاوەڕێی چی دەکەیت منداڵێک چالاک بێت، یان مێردمنداڵێک حەز بە چالاکی هونەری بکات؟! تا پۆلی چواری ناوەندیش من لە قوتابخانەدا توخنی هیچ چالاکییەک نەدەکەوتم و دووەم پەرێزیم هەڵبژاردبوو، ئەو ڕۆژەشی کە چوومە سەر شانۆ بۆ جاری یەکەم قوتابییەکی هاوڕێم هانی دام و هەر خۆی بردمی بۆ لای مامۆستا و دەرهێنەرەکان بەپاڵ کردمییە ژوورەوە و کە هانیان دام و ڕۆڵێکیان دامێ، پێش ئەوەش لە پۆلی دووەمی قوتابخانەی ڕۆشنبیریدا بووم، ئاگادارییان بڵاوکردەوە کە هەرکەسێ حەز لە شانۆ دەکات بچێت بۆ هۆڵەکە و لەوێ تاقیکردنەوەیان پێ دەکرێت، کە دیتم مامۆستاکە هونەرمەند (حیکمەت هیندی) بوو من نەشمدەزانی کە مامۆستا (حیکمەت هیندی) هاوڕێی نزیکی دوو خاڵی مامۆستامن، تا ساڵی ٢٠٠٤ من باسی ساڵی ١٩٧٥ دەکەم. زیاد لە ٣٠ کەس لەو هۆڵەدا بوون، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لە هۆڵەکەدا بووم، هەر ئەسڵەن کەس لێی نەپرسیمەوە، بەبیرم دێت دراوسێیەکمان هەبوو خوا لێی خۆش بێت کورێکی لاوی هێمن بوو بە نەخۆشی مرد، مامۆستا حیکمەت یەک کاتژمێر لەگەڵیدا خەریک بوو ڕۆڵی وێنەکێشێکی دەبینی کە سەیری جوولانەوە و تێبینییەکانیانم دەکرد وەڕس دەبووم هیچیان نەدەکرد، مامۆستا کاری ڕاست بێت ناوی شەش کەسیانی دەزانی و بەناوی خۆیانەوە بانگی دەکردن و دەیهێنانە سەر شانۆ، منیش ئیتر کە چارم ناچار بوو هەستام بڕۆم گوێم تێوەبوو چەند لەو کەسانەی کە نزیکی بوون گوتیان: مامۆستا ئەو کوڕە لەمێژە لێرەیە و نەهاتە سەر شانۆ تاقی بکەیتەوە، خوا شاهیدە چۆنتان بۆ دەگێڕمەوە ئاوەها بوو، بە زمانێکی خۆش گوتی: دەی وەرە باوکم سەرکەوە من چوومە سەر شانۆکە و فلچە و بۆ یەکەم بە دەستەوە گرت تەختەیەک بوو لەبەردەم سێ پایەکدا وەستام و جوولەم دەکرد و تەماشام کرد ئەو پشتی کردۆتە شانۆکە و لەگەڵ کوڕەکاندا قسە دەکات هەر مێشیش میوانی نەبوو. بەدزییەوە هاتمە خوارێ و بە کەساسی ملی ڕێگەی ماڵەوەم نا. ئیتر دوایی ساڵی ١٩٧٨ بۆ یەکەم جار لە شانۆییەکی قوتابخانەی سەرچناردا بەشداریم کرد و خۆم بەزۆر خزانە ناو مەڵبەندی چالاکییەوە بۆ کۆرسێک و لەوێوە چاوم کرایەوە و دەستم پێ کرد. ئەم کێشانەم کردووە بە سیناریۆی فیلمێکی درێژ، ئەگەر خوا یار بێت ڕۆژێک دەربدەهێنم، کە لە فیلمەکەدا باری ئابووری و ڕامیاری شاریشی تێدایە بە کاریگەرییەکانی بەسەر منداڵانیشەوە.

ئاخر لەدەوروبەرێکی سەقەتدا هونەرمەند چۆن دروست دەبێت؟!!

ئەزموونی مامۆستایەکی ئینگلتەرا، یان ئەمەریکا باوەڕی بە (دیسپلین - سزادان) و یاسا و ڕۆڵی تایبەتی هەیە بۆ ئەو قوتابیانەی کە چەند ساڵێک لەگەڵیدا بوون، بە بڕوای من ئەم جۆرە ڕۆڵ و مەرجانە بۆ کۆمەڵگەی کوردی دەست نادەن، چونکە یەکەم تۆ پارە نادەیت بەو منداڵانە و کۆنتراکتی ئیشکردنیان نادەیتێ تا مەرج و سزادان بەسەریاندا بسەپێنێت، ئەزموونی سزادانی بەندە بۆ ئەو قوتابیانەی کە ماوەیەکی زۆر لەگەڵمدا بوون هەردەم بریتی بووە لە: (سۆز و ڕێزلێنان و گوێگرتن و گرنگیدانی بە پلە) گرنگی دانی بە پلە یانی بۆ هەر یەکێک کە شتێکی ناقۆڵای کردبێت پلەی گرنگی دانی هاوڕێیەتیم بۆ دادەنان. پلەی ڕێز و سۆزم لێ کەم دەکردنەوە، بە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن تا دەگەیشتە ئەو ڕادەیەی کە منداڵەکە هەستی پێ دەکرد کە نەک

گـرنگیـدان وەک ئەکـتـەرێک، بەڵام گـرنگیـدان وەک هاوڕێیـەتی لێ کـەم کـراوەتەوە و دیارە من لێی زوێرم و پرسیـاریان دەکرد و دەکەوتینە ناو ئەزموونێکەوە کە خۆی دەبووە سـەرۆک و بەڕێوەبەری وۆرک شـۆپێکی سـزایی و خۆی هەڵەکەی خۆی دەدۆزییەوە و لە سیمای مندا جۆری چاک کـردن و لێبـوردنی دەخـوێندەوە کـە تـا چ پلەیەکـە و پرسـیـاری ئەوەی دەکـرد کـە بۆچی مـانگێک لەوەوبەر هاوڕێیـەتیـمـان وەک مـامـۆسـتـا و دەرهێنەر لەگـەڵ قـوتابییـەکەدا جیـاوازە لە ئێسـتـا، پاشان کێشەکـە بە نەرمی چارەسەر دەکرا، بێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕەخنە، یان قـسـەی ڕەقی پێ بڵـێم دەهاتەوە ڕیزی ناو منداڵەکـانی دیکە.. یەکـێک لەو کـێـشـانەی کـە هەمـبـوو دوو مـێـردمنداڵی شـانزە سـاڵان بەدزی ئێـمـەوە منداڵێکی شەرمنی چواردە ساڵانیان ئازار دەدا و دیار بوو لە جوواڵە و هەڵسـوکـەوت و ڕێزلێنانیـانـدا بۆیە لە ڕووی سـایکۆلۆژییـەوە ئازاری دەدەن، هەمـوومـان دەزانین زەحمـەتە منداڵ لای مـامۆستـا شکایەت لە برادەرەکـانی بکات، تـا زیاتـر تووڕەیان نەکـات و هاوڕێیـەتیـیـان لەدەست نەدات، بەڵام من خۆم چەند جارێک لە کەمیندا دەمگرتن و خۆم لێ گێل دەکردن، کە ئاگام لە هیچ نییە دوو مێردمنداڵەکەشم باش دەناسی سێ سـاڵ بوو لەگەڵم بوون، دەیانزانی کە هیچ هێزێک نییە لە خۆشەویستی و سـۆزی من بۆیان کـەم بکاتەوە، چونکە زۆر ئەکـتـەری سەرکەوتوو بوون، کارەکان و فەرمانەکانی خۆیان بەباشی ئەنجـام دەدا، مـن ڕێز و سـۆز و هاوڕێیـەتیم لێ کـەم کـردنەوە بە پلەیەکی نەرمـونیـان و هێـواش تـا خـۆیان هەستیان پێکرد، بە یەک ڕستە بۆم دەستنیشان کردن کە هەموویان بێ باوک و دایکن و هەموومان یەک خێزانین، هەمـوومـان بەرپرسـیـارین لە سـاغـو سـەلامەتی یەکدی و هەموومان براوخوشکی یەکترین و(ڕۆڵ) دانانێین، بەڵام یەک خێـزانین، ئێـمەش وەک هونەرمەندە گەورەکـان برا گـەورەیانین و دەبێ لە نێـو خـۆیاندا ئاگـاداری یەکـدی بکەن، هیچ کات ناوی ئەو منداڵەم نەهێنا بە مەتەڵ تێم گەیاندن کـە کـەسێک لێرەدا بەخـتـەوەر نییـە و ئێـوەش هۆیەکـەین و هیـچـیـشی باس نەکـردووە و هەندێک شت دەبینرێت و ڕوون و دیارە. لە ماوەی یەک دوو ڕۆژدا ئەو کێشەیە نەما هەرسێکیان بوونە باشترین هاوڕێی یەکدی کە تا ئێستاش پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، ئەگەرچی هەر یەکەی لە وڵاتێکی جیاوازی ئەوروپیدا دەژین. (بوڵی – ئازاردان) لەناو منداڵاندا چەند جـۆرێکی هەیە وەک: ناوونانۆرە لێنان، جنێـودان، پاڵ پێـوەنان، شـان لێـدان، پاشقول گرتن، پێ ڕابواردن و گەمە پێکردن) ئەم شتانە نابێت لە کلاسی درامادا هەبن، ئەمە تاکە مەرجێک بوو بۆ قـوتابیـان دام دەنا کە لە کلاسی درامـادا جێگای ئەو شتانە نابێتەوە.

بیـروبۆچوونی هەرکەسێک، یان منداڵێک کە ئەگەر تۆ لەگەڵیشـیدا یەک نەگـریتەوە گرنگە و دەبێت گـوێی لێ بگیـرێت و ڕێزی بگرین، کـاتێک کەسـێک قسـە دەکات دەبێت گوێی لێ بگرین و ڕێزی بگرین.

ئەگـەر لاسـایی کـردنەوەی منداڵەکـان بۆ دەرهێنەر و ڕاهێنەران لە وۆرک شـۆپەکـاندا دەربکەین و ڕێگەیەکی خۆبەخۆیی کارکردن بەئازادی و سەربەستی بە منداڵەکان بدەین، خۆیان بەشداری چالاکییەکان بکەن، ئەوە منداڵان لەو وۆرکشـۆپانەدا فێری گەلێک شتی گرنگ دەبن وەک: سـەرچاوەیەک دەدۆزیتـەوە بۆ منداڵان کـە خـێـزان و دەوروبەر و قـوتابخانە و گەڕەک باشتر بناسێت، وریایان دەکەیتـەوە دەربارەی لەش و بۆدی تەکنیکی فسـیـۆلۆژی خۆیان کە تا چەندێک لە بۆدی لەشـیـان ڕازین کـاتێک لەسـەر تەختـەی شـانۆ دەبن، یان لەبەردەم ئاوێنەیەکـدا خـۆیان دەبـینن کـە جـوواڵەی شـانۆیی دەکـەن. وریایی دەدۆزنەوە و ئاگایان لە خۆیان دەبێت کە چی ناشیرینە و چی جـوانە بیکەن لەگەڵ ئەو بۆدییەی کە تێـیـدا دەژین. داهێنانی خـۆبەخـۆیی و پشت بەخـۆ بەستن دەدۆزنەوە و لە کاتی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی سەر شانیاندا، هەوڵ دەدەن بە تاکی تەنیـا کـارەکـان جـێـبـەجێ بکەن. داهێنانەکـانیـان بنووسنەوە و بزانن قـابیلی جـێـبـەجێ کردنن. بەهرە و توانایی جۆراوجۆریان لا دروست دەبێت، لێکۆڵینەوەکـانی سـاڵانی حـەفـتـاکـان و هەشـتـاکـان سـەلماندوویانە کـە منداڵێکی ١٠ – ١٦ سـاڵان لە یەک ڕۆژدا دەتوانێت ٤٠ یاری جـۆراوجـۆر بکات و هێـز و توانایی چالاکیـیـەکـانی کـانیـیـەکی تەقـاوەیە و زووش شتەکان و تەکنیکی یارییەکان فێر دەبێت، لێرەدا فێری بەهرەمەندیی جۆراوجۆر و وریایی دەبێت دەربارەی خۆی و دەوروبەرەکەی.

لێـرەشـەوە ئەگـەر چالاکی بەکـۆمـەڵ و تێکەڵ دروست بکرێت کـارە دراماتیکیـیـەکـان زیاتر لای دەردەکـەون.

لەکاتی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا لە ناو تیم و تیپی بە کۆمەڵدا شتە خراپەکان دەردەکەون و چارەسەریان ئاسانتر دەبێت. لێرەشەوە منداڵ ئەو یاری و کایە و گەمەیە دەدۆزێتەوە کە تێیدا وریا و بەهرەمەندە و ڕوونی دەکاتەوە و شیتەڵی دەکاتەوە و لێی دەکۆڵێتەوە کە کامە یاری و گەمە بۆ ئەو باشترە، ئینجا لێرەوە کاری تێبینی نووسین دێتە ئاراوە، ئەمەش ڕێگە بۆ منداڵ خۆش دەکات کە دراما و چیرۆک گێڕانەوە بە شێوەی پەخشانی کورت بنووسێت و دوایی خۆی ڕۆڵی نواندن بۆ خۆی و برادەرەکانی دابنێت کە کێ چی ڕۆڵێک ببینێت و کێش چی بکات؟! کەواتە لێرەدا دراما دەبێتە ئامێرێک بۆ فێربوون (Learning Tool)، هەموو ئەمانەش دەیبەنەوە سەر ئەوەی کە بێ ئەوەی بەخۆی بزانێت فێری (گەڕان و لێکۆڵینەوە) دەبێت دەربارەی ئەو مەسەلانەی ژیان کە لە دراماکەدا پێویستیەتی، کە ئەمەش ڕووی دا ئەوسا ڕەخنە لە کاری یەکدی دەست پێ دەکات کە کاری کێ باشە و لۆژیکییە و منداڵ وەریدەگرێت و کاری کێش خەیاڵییە و ناماقوڵ و چیرۆکی ناو فیلمی هیندی و میسرییە و بەکەڵک نایەت.

مێژوو لەگەڵ ئەدەبی منداڵان، یان داستانەکان گرنگە بۆ کاتێک منداڵ دەست دەکات بە پێشکەش کردنی دیمەنێکی ئیمپرۆڤایەزەیشن و پێویستە بە ڤیدیۆ تۆماری بکەین، تا لە دواییدا بزانێت کە ئەزموونە کەسییەکانی و توانایی لە کۆتایە و خەیاڵی تا چەندێک دەربارەی سوود وەرگرتن لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکەی فراوانە. جا لێرەدا کارەکتەرەکانی گۆڵەکانی کارەکتەر و دیالۆژە دروست کراوەکانی ناو مێشکی و جوولە و دەرهێنان و چیرۆک و گێڕانەوەکان ڕێگەی خۆیان دەگرنەبەر، ئەگەر ڕێگەی پێ بدەیت ڕەنگە هەر خۆی لەخەیاڵیدا دیزاین و جلوبەرگ و ڕووناکی و ئێکسسوارەکانیش دروست بکات، لەگەڵ لاسایی ڕەشەبا و باوبۆران و کاریگەرییە تایبەتییەکانی دیکەیش کە ڕەنگە بە بیری دیزاینەرێکی ئەکادیمی بەرزیشدا نەیەت کە چی دەکات، هەرخۆشی مانای شانۆ و دراما بەژیانەوە دەبەستێتەوە و نرخی بۆ دادەنێت. هیچ کات بیرم لەوە نەدەکردەوە کە چی لەمێشکی ئەو منداڵانەدا هەیە و چی بە بیریاندا تێدەپەڕێت، پاش ۲۹ ساڵ بەسەر ئەزموونەکانمدا زۆربەی ئەو مێرد منداڵ و منداڵانەی کە لەلام بوون، ئێستاش زۆربەیان لەدەرەوەی ووڵاتن چیرۆکی وەها سەیرم بۆ دەگێڕنەوە کە لەکاتی کارەکانماندا ڕوویان داوە هەرگیزا و هەرگیز بەبیرمدا نەهاتووە و ناشزانم کەی ڕوویان داوە. هەندێک جار بە ئیمەیل، یان لەسەر فەیس بووک نامەی وەها دەنێرن کە خۆم پاڵەوانی ئەو چیرۆکە سەیروسەمەرانە بووم، کەچی بەبیرمدا نایەت و سەربەقوڕ دەخاتە پێکەنین، سەیرەکە لەوەدایە کە جاری وەها هەیە دووانیان، یان سیانیان ئەو ڕووداوە خۆشەیان وەک یەک لەبیرە و دەیگێڕنەوە و منیش سەیرم پێدێت کە شتی وەها ڕووی دابێت و زیاتر بەدوایدا دەچم، هەست دەکەم نا، کۆمەڵێکی زۆر ئەو چیرۆکانەیان لەبیرەو شتەکە ڕووی داوە و زۆر جوان و ناسک و بەلەزەتیشە کە ئێستا دەیانبیستم. ئەمە مانای وایە ئاگایی و بیرتیژی و وریایی دەربارەی دەوروبەر لەلایان گەشەی کردووە و تا ئەم کاتەش ئەو یادگارییە خۆشانەیان لە بیر ماوە، مەخابن زۆربەشیان بوونە ئەکتەر.

من ئەمڕۆ ئەو چیرۆکانە وەک دراماێک لەناو درامادا دەیانبینم، یان کورتە فیلمێک لەناو شانۆییە دراماکەماندا تێی دەڕوانم. دوو کورتە چیرۆکی خۆشتان بۆ دەگێڕمەوە کە هەر هەموویان ڕاستن و لەکاتی ئێشەکانماندا ڕوویان داوە. کاک (پێشڕەو مەجید) کە ئەو کاتە ۱۲ ساڵان بوو ڕۆڵی مارەکەی لە (منداڵە بچکۆلانەکە و گەشتی چارەنوس)دا دەبینی، لە لەندەن بۆی گێڕامەوە، کە ڕۆژێکیان لە مەڵبەندی چالاکی قوتابخانەکانەوە دوای پرۆڤە دەمە و ئێوارە لە ئەسحابە سپی دەهاتینەوە، من لە دواوە لەگەڵ شەهید (ئەریوان عومەر دەوڵەت)دا باسی هونەر و شانۆمان دەکردو هەموو منداڵەکانیش لە پێشمانەوە بە ۳۰۰ مەترێک دەڕۆیشتن، گەیشتینە ئەسحابە سپی و قەرەباڵغییەک دروست ببوو تا ئێمە گەیشتین دیار بوو ۵ خولەکێک بوو شەڕ لە نێوان (عەباس بۆسکانی) و کوڕێکی فیتەردا ببوو کە کوڕەکە ۱۸ ساڵان بوو، کە گەیشتمە سەریان جنێودان بوو هاوارم کرد: ئەوە چییە؟ چییە کاکە چیت دەوێت لێیان؟ کوڕەکە گوتبووی:- ئەمانە خوێڕین و جنێو و تەعلیقیان لێداوم. منیش گوتوومە: کاکە گیان ئەمانە بەهیچ جۆرێک جنێو نادەن و شەڕانی نین، ئەمانە هەموویان هونەرمەندن. کوڕە نەیکردووەتە نامەردی یەک جڕتی دڕێژی لێداوە و هەموویانی سەرسام کردووە.

منیش تەماشایەکی منداڵەکانم کردووە و تەماشایەکی کوڕەکەم کردووە و هەموویان بێ دەنگ بوون، بزانن مامۆستا و دەرهێنەر چی دەکات؟ گوتوومە: یەڵڵا کاکە بابڕۆین دیارە ئەم براوەرە سەرسەرییە قسەی لەگەڵدا ناکرێت. کاک پیشڕەو دەیگوت گومان ئێستا، یان زللەیەکی لێ دەدات، یان شەقێکی تێ هەڵدەدات، ئەمەندە سەیروسەمەرە بوو، ئیتر هەر کاتێک دەگەیشتینەوە نزیک دوکانەکە تۆ ئێمەت دەپەراندەوە ئەوبەری جادەکە تا لەو دوکانانە تێپەڕ دەبووین. شەوێکیان لە شانۆیی بەلەمی ئەفسوناویدا دوو ڕۆژمان مابوو بۆ پێشکەش کردن دەبوایە بمێنینەوە تا بۆیەی دیکۆرەکان تەواو بکەین، من و هونەرمەند (عومەر ڕەسوڵ و کاک یاسینی حاجی قادر) و کەسێکی دیکە لەگەورەکان بووین دوو کوڕی لاو بڕیاریان دا بمێننەوە کە یەکێکیان باکۆ بوو، ئەوی دیکەیان نازانم بیرم نەماوە. ساڵی ١٩٨٤ بوو، خواردنمان هێنا و لەکاتژمێری ٨ ی شەو کە دنیا هێشتا ڕووناک بوو لە ناوەوە دەرگەمان داخست و دەستمان کرد بە بۆیە کردن. شەو درەنگانێک دەوروبەری پاش یەکی شەو لە هەموو لایەکەوە تەقە دەستی پێکرد لە حامێوە، لە فولکەی کانێسکانەوە، لە زانکۆوە، بوو بە ڕۆژی حەشر و پاش نیو کاتژمێر تەقە وەستا بەڕاستی ڕەشەبا بوو، هەوایەکی زۆر بەهێز بوو، زۆر ماندوو بووم پاڵم دابووەوە لەپڕ باکۆ هات گوتی: مامۆستا بەشەرەفم مولازم موحسینە لەبەر دەرگەیە و دوو سێ موسەلەحەشی لەگەڵدایە، ئەوە چی بکەین؟ لە سەر شانۆکەوە کە سەیری دەرگەکەم دەکرد سێبەری کەسانێک دەهات و دەڕۆیشت و گلۆپی سەرکۆڵانەکە دەهات و دەچوو، منیش هێمن بووم، بەڵام لەبەختی ڕەشم عومەر ڕەسوڵی وێنەکێشم لێبوو بە (ڕۆبەرت دینیرۆ) نواندنێکی دەکرد، دڵی پڕ بوو لەگریان و دەیگوت: تەواو تێدا چووین، بەشەرەفم لە سێدارە دەدرێین، ئێستا دەڵێن تەنزیمین و لێرە خۆمان حەشار داوە و ئەو تەقانەش ئێمە بووین کردوومانە، لە ترساندا خەریک بوو دڵم دەتەقی، بۆ خۆم نا بۆ ئەو منداڵانە، سەد بیری خراپ بە میشکمدا هات و ڕۆیشت و خۆم لە ئەمنی سلێمانی بینییەوە کە چۆن ئازارمان دەدەن و چۆن بەزۆر وات لێ دەکەن دانی پێدا بنێیت، پاشان لە سێدارەت دەدەن. ئەم کێشمە کێش و ترس و لەرزە ٢٠ خولەکی خایاند لە سەر شانۆکەوە تەماشای درزی دەرگەکەم دەکرد کە سێبەرەکان بە هەمان ڕێتم و بەهەمان تۆن دووبارە دەبوونەوە، برادەرانیش هەر خەریکی نواندن و ترس و لەرزی خۆیان بوون و منداڵەکان بە ڕاستی دەگریان. هانام هێنایە بەر خۆم و لەدڵی خۆمدا گوتم: من بەرپرسیاری ئەم گرووپەم. مایستڕۆکەیانم، دەرهێنەرەکەیانم، ئەگەر من هیچم پێنەکرێت، ئەوە زۆر بەسووکی تێم دەڕوانن و بەترسنۆکم لەقەڵەم دەدەن، ڕاستی ئەو کاتانە گاڵتە و گەپی تێدا نەدەکرا، هەر کەسێکیان بگرتایە تێدا دەچوو، هەستام و وڕەم دایە بەر خۆم و بەرەو دەرگەکە ڕۆیشتم، کە لە کونی درزی دەرگە گەورەکەوە ڕوانیم گلۆپی سەرشەقامە کە دەیدا لە درەختێک و درەختەکەش زۆر بەخێرایی دەجوولایەوە و بە ڕیتمێکی تایبەتی تیشکەکەی دەهاتە ناو هۆڵەکەوە، ئینجا هەموویان دایانە قاقای پێکەنین، ئیتر بە ڕاستی هێمنییەک و شادییەکی وەها ناخمی گرتەوە، یەکسەر خەوم لێ کەوت و گوتم: وەڵاهی گەوادینە سزاکەتان ئەوەیە کە تابەیانی دەبێ هەموو بۆیەکان تەواو کەن، ئەوە من نووستم، ئەمەش ڕووناکی و سێبەر و جادوویی ڕووناکی. بە ڕاستی ئەو کاتانە ترس و ناهەمواربیەکی خەتەرناک بوو، چونکە داد نەبوو هەر کەسێک تووش بوایە بە سووکترین حاڵەت تێدا دەچوو، کە سەیری مافی مرۆڤ و ژیان و نرخی مرۆڤایەتی دەکەیت لە ئەوروپا ئەو جا دەزانیت بۆ ئەو میللەتانە ئەمڕۆ دەیانەوێت سوڵتەکانیان بڕووخێنن، چونکە مرۆڤی لای ئێمە ئەم داموودەزگا سەرکوت کەرە بێ عەقڵانەیان، هیچ بەهایەکی مرۆڤانەیان بۆ نەهێشتووەتەوە.

یەکێک لەو پرۆڤانەی کە گرنگە بۆ منداڵان ئەوەیە کە دوو منداڵ بەرانبەر یەکدی لاسایی یەکدی بکەنەوە، واتە یەکێکیان چی کرد ئەوی دیکە کوتومت لاسایی بکاتەوە، ئەم یارییە فێری ئاگایی و وریایی و بەدواداچوونیان دەکاتەوە، کەسیش بەقەدەر منداڵ حەزی بەلاسایی کردنەوە نییە و کەسیش وەک منداڵ کە یارییەکی شانۆیی دەکات حەز ناکات وەک پێشبڕکێیەک بیباتەوە. لە ساڵانی ١٩٨٠دا ئەم مەشقەمان لە ئەکادیمیای بەغدا دەخوێند.

یارییەکی دیکەیش دەموچاوە، کە منداڵان فێری بین چۆن ڕوخساری دەموچاویان دەگۆڕن، وەک پێکەنین و شادی، غەمباری و ماتەمینی، سەرسوڕمان و...تاد لە

باری دووەمی ئەم یارییەدا دەتوانیت کە داوایان لێ بکەیت دەست و پەنجەکانیش بەشداری پێ بکەن، چۆن بەدەست و پەنجە (جێستەر) مانای زیاتر دەبەخشێت بە دەموچاویان، وەک پێکهاتەیەکی گرنگ. زۆر جاریش ئێکسسوار و عەلاگە و دار و گۆچان و پاندان و بۆکسی چوارگۆشە و سەبەتەو... تاد ئەم وردە یارییانەم دەدایە دەست منداڵ کە یەک کرداری پێ بکات شتی زۆر سەیروسەمەرەیان لێدروست دەکرد و لاسایی یاریيە وەرزشییەکانی ژیانیان پێ دەکردەوە، بۆ نموونە لەباری گۆچانەکەدا هەبوو دەیکردە چەتر و باران بارین، هەبوو دەیکردە تفەنگ، هەبوو دەیکردە لێدانی گۆڵف و هەبوو دەیکردە ئەسپ و سواری دەبوو، غارغارێنی پێ دەکرد و هەبوو دەیکردە سەوڵ لێدانی بەلەمێک و هەبوو دەیکردە پلەی ستەیشن و سوکانی سەیارە و بۆڕبۆڕین و گالیسکە و ئیتر تەواو نەدەبوو، بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆیانیان تێدا بەکار دەهێنا، بۆ هەر کەسێکیش ئافەرینم دەکردن و چەپڵەمان بۆ لێدەدان و ئەوانیش زیاتر گوڕیان دەخواردەوە و دەچوونەوە نێو ڕیزەکە تا جارێکی دیکەیش سەرەیان بێتەوە.

یەکێک لەو یارییانەی دیکە دروست کردنی دەنگ بوو بۆ وێنەیەکی فۆتۆگرافی ناو پەرتووکەکان، وێنەیەکم نیشان دەدان و داوام دەکرد بە دەنگ ئەو وێنەیە بکێشنەوە، شتی زۆر سەمەرەیان دەکرد، ئەگەر وێنەکە بلبلێک بوایە دەیانجریواند، ئەگەر ڕەشەبا بوایە دەنگی باوبۆران و ڕەشەبایان دەکرد، ئەگەر تەقینەوە بوایە دەنگی تەقە و تەقینەوەیان دەکرد و هەندێک جار وا خۆشیان دەکرد درێژیان دەکردەوە و کریشاندۆیان بۆ دروست دەکرد، حەزت دەکرد بەو دەنگە ناسکانەیان تێر پێ بکەنیت. دەتوانی هەموو ئەو تەمرین و کایانە بەتاک بکەیت، پاشان بەدوان و سیان، دواتر بە گرووپ. کاتێک بەگرووپ دەیکەیت باریکی تەکنیکی کاریگەرییە تایبەتییەکانی لێ دروست دەبێت، کە حەز دەکەیت تۆماری بکەیت و لە فیلمێکدا بەکاری بهێنیت. دەربارەی میوزیک کەس بەقەدەر منداڵ دار و تەختە و تەنەکە و بوتڵی بەتاڵ و کەوچک و مەنجەڵ و قاپ و قاچاخ نازانێت بەکاربهێنێت و سەمفۆنیایەکی پڕ ئازاوەی وەهای لێ دروست بکات بەسە بۆ بەردانی مانگ گیرانێک. ئەوە یارییە کوردییەکان پڕن لە کایەی جوان و خۆش کە منداڵ دەتوانێت داهێنانی تێدا بکات و تا کۆتایی یارییەکان خەیاڵی بەربدات. بۆ ناسینەوەی کارەکتەر شتێکی باشە، ئەگەر وەرەقەی قوماری کۆنکان بهێنیت و بەسەریاندا دابەشی بکەیت و پێیان بڵێیت هەر کەسەی بە گوێرەی بەرزی و نزمی وەرەقەکەی کارەکتەرێکم بداتێ، ئەم تەمرینە لەلای خاتوو (لیۆنا هەمفیلد) فێر بووم کە ئەو کەسەی وەرەقەی شای پێ بوو، جووڵانەوەکانی وەک شازادەیەک وەها بوو، ئەو کەسەی کە سینەکی ٢ ی پێ بوو وەک کارەکەرێک، یان خزمەتکارێک جووڵانەوەی دەکرد و بەم جۆرە هەندێک جار لە نێوانی قەرەی ٩ و سینەکی ٩ دا دەبوو بەهەرا و کارەکتەرەکەیان لێ تێک دەچوو، وەهام بۆ ڕوون دەکردنەوە کە هەردووکیان لە فەرمانگەیەکدا بەڕێوەبەرن کە یەک پلەیان هەیە، کەواتە کەس لەکەس گەورەتر نییە. ئیتر بەم جۆرە یەکێک لەو یارییانەی کە لە ژیانەوە وەربیگریت چاکە، یان لە ڕووداوێکی ناو ڕۆژنامەکانەوە و داوایان لێ بکە کە پێی بگەیەنن و کارەکتەرەکانی بدۆزنەوە. بۆ نموونە بەرنامەی (ئیکس فاکتەر) چوار کەس بکە بە دادوەر و با ئەوانی دیکە بێن گۆرانی و سەما پێشکەش بکەن و ئەمان هەڵیانسەنگێنن، ئەمە یارییەکی جوانە کە بکرێت و بەم جۆرە، خۆ ئەگەر داوایان لێ بکەیت لاسایی سەرکردەکانی کورد بکەنەوە، ئەوە ئەگەر دایک و بابیان لە هۆڵەکەدا نەبێت بەجوانترین شێوە لاسایی سەرکردەکان بە کۆمیدی و زمانی منداڵانەو گرامەری دیالۆژی خۆیان، سەر بەقورت بۆ دەخەنە پێکەنین. ڕۆژێکیان پێلاوەکانی خۆم دا بە منداڵێک کە لەپێی بکات و پێوەی بڕوات. زۆر شتی کۆمیدی کرد و نەیدەتوانی بە پێلاوەکەوە بڕوات، لە پڕ وەستا و تاکێکیانی کرد بە تەلەفۆن و گوتی: هەلاو کاکە گیان ئەمن گوتم ژمارە شەش لە پێ دەکەم ئەتۆ ژمارە هەشتت دایە من. برام ئەتو لۆ خۆت دەبی بزانی ئەمن مندارم مندار. کەی دەبێت پێراوی ژمارە هەشتم لۆ بخەیە ناو پاکەتەکەوە مالخراپ. زۆر ژیر و زیرەکانە چارەسەری دیمەنەکەی کرد و زۆر ژیرانەش هەموومانی خستە پێکەنین، من نازانم دەربارەی منداڵانی کوردستان حەزیان لە چییە، بەڵام منداڵەکانی ئێرە لە ئەوروپا هەموو مەسەلەکانیان لەسەدا ٩٠ی باری کۆمیدی و قسەی نەستەق و دیمەنی پێکەنیناوییە، کە بەڕاستی ئەم

بارودۆخەش شتێکی چاکە منداڵ حەز بکات پێ بکەنێت، دیارە ئەمەش کاری تەلەڤزیۆن و دراما کۆمیدییەکانی بەریتانیایە بەسەریانەوە، کە منداڵ هەردەم دەبێت بەختەوەر و شاد بێت و خۆشگوزەرانی میوانی بێت.

یاری پرۆتاگۆنیست و ئینتاگۆنیست بکە، واتە ڕۆڵی کارەکتەرە خراپەکان و باشەکان بەجیا.

باسی ڕۆڵی بینەر لە شانۆدا و کاریگەری بینەر لە میدیاکانی دیکەدا بکە، وەک تەلەڤزیۆن و ڕادیۆ و سینەما کە بینەر بەشداری تەواو ناکات مەگەر لە گۆڵەکەدا بن وەک هەندێک بەرنامەی تەلەڤزیۆنی، یان بەتەلەفۆن لە بەرنامەکەدا قسە بکەن، بەڵام لەشانۆدا بەرانبەرت دانیشتوون، یان وەک پانتۆڕی بریتانی بەشداری لە شانۆییەکەدا دەکەن و وەڵامی ئەکتەرەکان دەدەنەوە.

دوای بینینی شانۆییەک منداڵەکان با لە هەموو ڕوویەکەوە هەڵیبسەنگێنن و باسی خراپی و چاکەکانی بکەن، با تێکەڵ و پێکەڵیش بێت گرنگ نییە فێری شێتەڵکردن و تەفسیرکردنی شانۆییان دەکات.

کار لەگەڵ بووکەڵە و قسەکردن لەگەڵیاندا، یان پۆپێت و بووکەشووشەکاندا بکەن تا بزانیت تا چەندێک ئەو منداڵە خەیاڵی فراوانە و دەمەتەقێ لەگەڵ بووکەکانیدا دەکات.

شتێکی خراپ نییە، ئەگەر لە ژوورێکدا کۆمەڵێک منداڵ خەریکی شانۆییەکی ئیمپرۆفایزەیشن بن و لە ژوورێکی دیکەیشدا گرووپێکی دیکە خەریکی کارێکی جیاواز بن و لە پڕ یەکێک لە ژوورەکەی دیکە بهێنیتە ناو ژووری دووەمەوە، با قسە بکات و سەریان لێ بشێوێنیت و بزانیت تا چەندێک لەگەڵ دیالۆژ و چیرۆک گێڕانەوەکەی ئەمدا دەتوانن هەماهەنگی بکەن و ڕێتم وەربگرن بۆ تێکەڵکردنی دوو باسی جیاواز بە یەکدی و هاتنەوەیان بۆ سەر تراکی خۆیان.

لە زیندانی منداڵاندا، یان لە قوتابخانەی بێ باوک و دایکەکاندا شانۆیی پێشکەش بکە و بە منداڵەکان بڵێ کە ئەم بینەرانە چۆن کاریگەرییان هەبوو، کاردانەوەیان لەسەر بینەری ئاسایی دیکەوە چی بوو، کە دێن بۆ شانۆییەکان و لە ژیانێکی ئاساییدا دەژین و جیاوازی ئەم بینەرانە و ئەوانی دیکە چی بوو؟ کە پێیان دەوترێت بینەری تایبەتی، یان پێشکەش کردنی تایبەتی.

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانەی کە دەخوێنرێت وریاکردنەوە و ئاگاداری بەخشینە بە کەڵچەری جیاواز لە کەڵچەری خۆیان، واتە لە وڵاتێکی وەک بەریتانیا، یان ئەمەریکا کە هەموو جۆرە مرۆڤێکی تێدایە و قوتابخانەکان تێکەڵن لە منداڵی بێگانە، وریاکردنەوەیان بە کەڵچەرەکانی دیکەی دنیا زۆر گرنگە.

لە کۆتاییدا حەز دەکەم ئەوە دەستنیشان بکەم کە ئەزموونی هەر دەرهێنەرێک لە شوێن و کات و وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، کە ئەمەش لەسەر ڕۆشنبیری ئەو منداڵانە وەستاوە کە لە چ کۆمەڵگەیەکدا دەژین، زۆر شانۆیی منداڵان هەن کە نووسەرەکانیان ئەمەریکین، بەڵام بۆ منداڵی کورد، یان ڕۆژهەڵاتی ناوین بەگشتی نابێت، زۆر دیمەنی نێرومێینەی تێدایە کە باسی باوکان و دایکان و باوەپیارە و باوەژنان دەکات، کە بۆ منداڵی کورد شیاو نییە و لە کاتی وەرگێڕاندا دەبێت ببڕێت، کە ئەمەش زیان بە باری درامی شانۆییەکە دەگەیەنێت و وەرینەگێڕێت باشترە لەوەی بە سەقەتی بیهێنیتە ناو کەڵچەری کوردییەوە. هەرچییەک دەکەیت وەک دەرهێنەرێک، یان هەرچۆنێک بەباشی دەزانیت منداڵانی کورد پەروەردە بکەیت و فێری خۆشویستنی درامایان بکەیت، ڕێچکەی تایبەتی ناو کۆمەڵگە و باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دارایی و ڕۆشنبیری گەلەکەت ڕەچاو بکە و سەرکەوتوو دەبیت.

*** بۆ یادکردنەوەی ئەم بیرەوەریانەم سوودم لە هەندێ بیروبۆچوونی مامۆستا بەریتانی و ئەمەریکییەکان لە قوتابخانەکانی بەریتانیاو ئەمەریکادا وەرگرتووە.**

نیشتمانی ماننا و پاشای ئازا

شاروخ حەسەنزادە
(شنۆ)

سەروبەندی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین، ناوچەی رۆژئاوای ئاسیا شاهیدی دەستەلاتێکی تازە و پێشکەوتوو بوو، سەرەتای دامەزراندنی ئەم حکوومەتە بەدەست کەسانی ژێر و لێهاتووە کە یە کێتییەکی هاوڕەگەزیان پێکهێنا و بوو بە چقڵی چاوی داگیر کەران.

ئەم شارستانیەتە کۆنە هەروەک دیرۆکی باو و باپیرانی بەهۆی بێکەسی و شێواندنی کەسانی ناحەز و نەبوونی لێکۆڵەر و توێژینەوەی سەردەمی زانستی دێرینناسی لە ناوچەی ژێر دەستەلاتیان زۆر بە لاوازی زانیاری لەسەر تۆمار کراوە، بۆیە ناچارین پەنا بەرینە بەر قسە و باسی ئاشوورییەکان و هێندێ سەرچاوەی ئوورارتوویی. ئەم دەستەلاتە هەوێنی یەکگرتنی چەند تایفە و عەشیرەتی خزمی لۆلۆییەکان و گووتی و... بووە، لە ئاکامدا دوای نزیک بە ٣٠٠ ساڵ خۆڕاگری و بەربەرەکانی لەتەک دوژمن و داگیرکەران، بۆ ناو یەکەم شانشینی یەکگرتووی نیشتمان گەڕاوە و بوو بە کۆڵەکەی بەهێزی ئابووری وڵاتی ماد.

ئاشوورییەکان بە ماننا، مۆنا، ماننا (manna, muna, mannas) و ئوورارتووەکان بە مێنا (mena) و خەڵکی بابل بە مێنی (mini) ناویان هێناوە.

ئەرمیای نەبی لە کتێبی خۆیدا باسی کەنارەکانی نیشتمانی ئوورارتوو و ئەشکەناز و ئاخی مەنی دەکا، کەتیبە ئاشوورییەکان یەکەم جار بە ساڵی ٨٣٤ پ.ز باسی دەکا، ئەگەرچی پێش ئەم ڕێکەوتەش بوونی هەبووە.

ماننا کۆنترین دەستەلاتداری بەهێز و وێچووی لێواری گۆلی ورمێیە، سنووری ئەم وڵاتە بەهۆی دۆخی ئاڵۆزی ئەوکات لە سەردەمە جۆراوجۆرەکان تەسک و بەرین بۆتەوە، بە مەراغەی ئەمڕۆدا تا نزیک تەورێز و بە بۆکان و سەقزدا هەتا زەوییەکانی کرماشان خولی لێداوە و

لەگـەڵ کـەوشـەنی ئووارتوو هاوسێ بوونە (زۆرێک لە پسـپـۆڕانی مـێژوو و دێرینناسی لەم بڕوایەدان نەتەوەی مـانـنا و ئووارتوو لەیەک بەرەباب، یان خـزمـایەتی نزیکیـان بـووە، ئەگـەرچی لەسـەر دەسـتـەڵات و کـورسی هیندێ جار بە شەڕ هاتوون!) بەواتایەکی تر خاکی مانـنا ئەو مـەڵبـەندانە لەخـۆ دەگـرێ کـە دواتر لە سـەردەمی مادەکان بە مادی بچووک، یان ئاترۆپاتێن ناسراوە.

وەک دەگـوترێ پایتـەخـتـی ئەم حکوومـەتە شـاری ئیـزیرتوو (izirtu) سـەقـز، یان بۆکـانی ئەمـڕۆ بووە، حکوومەتی مانـنا لەنێوان دوو زلهێزی ئەوکات (ئاشوور و ئووارتوو) هەڵکەوتبوو، ئەمەش ببووە لەمپەرێک بۆ پێشکەوتن و فـراوان کردنی ناوچەی ژێر دەسـتـەڵاتیـان، بۆیە بە ناچاری لەکاتی پێویست سەر بە یەکێک لەم دوو شانشینە بووە، لەم بەینەدا زۆر جـار لە گرژی نێـوان ئەو دەوڵەتانە کەڵکی وەرگرتووە و پانتایی دەستەڵاتی بەرین کـردۆتەوە، لە نێـوان سـاڵانی ٧٤٤ بۆ ٨١٠ پ.ز چاردە جـار، کـە زۆربەی لە لایەن ئاشـوورەوە بووە، هێـرشی کـــراوەتە ســـەر، مـــانـنا خـــۆی نەدۆڕاندووە و بوێرانە گەڕاوەتەوە سەر شانۆی سیاسەت.

وڵاتی مـــانـنا چەندین ناوچە، یان پارێزگـــای لەژێر حوکمدابووە کە بە زمـانی ئاشووری پێێ دەوترا شاکنۆ (shaknu)، یان ناژە، ســـەرۆک و کـــوێخـــای ئەم ناوچـانەش بە هازانـۆ (هۆزان= هۆز) دەنـاســـــران. بە درێژایی ژیانی سـیـاسی و نیـزامی مـانـنا ئەو ناژانەی هەبووە- سـووریـکاش (surikash) دەوروبەری سـەقـز- ئوشـیـدیش یا ئو ئیش دیش (مـەراغـە)- لامـسی (lamsi) سـەرووی ڕووباری جـغـەتوو- ئارسـیـانش- ئارشـتـــە یانا(arsiansh - arshte yana) زیکرتوو (zikrtu) میانە و ئەردەبیلی ئێستا- زاموا (باشووری ورمێ، یان شـــارەزوور، سلێـمـــانـی، یا...؟) و گیلزان(gilzan) ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ و...

ئاژەڵداری و کـشـتـوکـاڵ بەهۆی ئاوێژەبوونی زەوی و زاری لێواری گۆلی ورمێ و بوونی کوێستان و لەوەڕگە، جـەمـسـەرێکی بەهێزی ئابووری خـەڵک بووە. مـینیت (minit) جـۆرە گـەنمێک بووە کـە بە ناوی ئەم گـەلە ناسراوە و زۆر بەهەڕمێن بووە، هەروەها کەڵک وەرگرتنی هونەرمەندان و وەستایانی ئاسن و زێڕنگرانی مانـنایی لە کانگای زێڕ و مەفرەق و ئاسن گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە مێژووی مرۆڤایەتی پێکهێنا بە جۆرێک ئاستی بەرزی ژیانی خـەڵکی مـانـنا بە بەراورد لە تەک کـۆمـەڵگاکـانی تری ئەو کـات، ڕوون و بەرچاوە، سـەرچاوەی ڕاهێنانی ڕەسەنترین ئەسپ لەم ناوچەیە بووە «کاتێ سارگۆن ساڵی ٧١٤ پ. ز بە چۆمی کـــەڵـۆێ (زێبی ســـەردەشت) دا دەپەڕێتـەوە و بـەلای خـانێ (پیـرانشـار) بەرەو پەسـوێ و مـهـاباد دەڕوا، پاش کاول کـردن و کوشـتـو بڕێکی زۆر لە خەڵکی بێ تاوانی ئووارتوو دەگـاتە مووساسـیر و...» شای مانـنا ئۆلۆسۆنۆ بۆ پاراستنی گیان و مـاڵی خەڵک و هێمنی و ئارامی، بەوپەڕی لە خۆبردوویی و شەهامەتەوە لەنێـوان پەسـوێ و سـابڵاغ بەرەو پیـری سـارگـۆن دەچێ و ڕەوە ئەسـپـێکی کـوێتی پێـشکەش دەکـا و بەڵێنی لێ دەسـتـێنێ پەل ناوێتـە وڵاتی و پارێزەری خـەڵکی مـانـنا بێ، لە بەرانبـەر شای ئاشوور بەم کارە زۆر کـەیف خۆش دەبێ و بڕیار دەدا نەتەنیا ئازار بە خەڵکەکەی نەگەیەنێ، بەڵکو هاوکاری دەکا ناوچەی دەستەڵاتی فرەوانتر بکا).

یەکێکی تر لە جیـاوازی و تەنانەت شانازی مانـناکان لەوەدابووە هەرچەندە شێوەی بەڕێوەبردنی دەستەڵات وەک گـشت حکوومـەتانی تر، پاشـایەتی و باب و کـوڕایـەتی بووە، بەڵام لە شـارسـتـانیـەتی مـانـنادا سـەرۆکی وڵات هەمـوو کـات پرس و ڕاوێژی بە پیـاو مـاقـووڵان و ڕێێن سپی و شارەزایان کردووە، دەکرێ بڵێین جۆرێک شوورا، یان ئەنجـومـەنێک لە ئارادا بووە بۆ بەڕێوەبردنی هەرچی باشـتـری حکوومـەت، سـەرۆکی وڵات بە پشـتـیـوانی و یارمـەتی ئەو کـەسـانە تەنانەت خـەڵکی خـۆی وڵاتی بەڕێوەبردووە، (ســـارگـــۆنی دووەم لە ســـەرچاوەیەکی ئاشـووریدا دەڵێ: شـای مـانـنا لەگـەڵ ئەو حـاکم و سەرۆکانەی (پێکەوە) وڵات بەڕێوە دەبەن بۆ پێشوازیەوە هاتن).

دیاردەیەکی سەیر و سەرسووڕهێنەری تر کە گشت زانا و لێکۆڵەرانی سەرسام کردووە، ڕەنگبێ بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێ کە خەڵکی هەژار و بێ دەرەتان بە دژی میری خۆیان هەستنەوە و شۆڕش سەر هەڵبدەن! ئەویش ئەو کاتەیە "ئاخشری" سەرۆکی مانـنا ئیـزن بە ئاشوور بانیپاڵ (٦٢٧- ٦٦٨ پ. ز) شای ئاشوور نادا بە ناوچەی ژێر دەستەڵاتیدا تێپەڕێ (ناوبراو وەک باو و باپیرانی هێرشی کردۆتە سەر ئووارتوو و ناوچەکانی تر) لەو بەرەنگاربوونەوەیە ئاخشری بە سەختی تێک دەشکێ و لە ئاکـامـدا خـەڵکی وەزاڵە هاتوو لەشەڕ و کـوشتن و مـــاڵوێرانی لە ســـەرۆک و کـــاربەدەســـتـــانی وڵات وەردەسـووڕێنەوە و لە کـۆڵان و شـەقـامی شـاریشـدا، بەرپرسـانی گـەندەڵی وڵات دەگرن و دەیانکوژن، ئاشوور بانیـپـاڵ بە سەرکـەوتـوویی و بێ کێـشـە مـانـنا دەگـرێ و ئاڵوزی دەکا، دوایی کوڕەکەی ئاخشری ئوئاڵی (ualli) خۆ دەمـاڵە ئاشوور داوێ و لە بەری دەپارێتەوە، تەنانەت کـچـەکـەشی پێـشکەش دەکـا، بەڵام دڵی بەردی ئاشوور نەرم نابێ و مانـنا بەرەو دارمان و کۆتایی کار دەڕوا.

بەهۆی لێـهـاتوویی و خـولقـاندنی ئاسـەوار و هونەری

زێده بەرز و مـالآت و دەغڵ و دانی جـوان و ڕەسـەن کـە دەبووە هۆی گـەشـانەوەی باری ژیان و ئاسـتی بەرزی ئابووری، جـۆرە سـەربەخـۆیەک لە ناو خـەڵک و سـەرۆک ناوچەکان دەبینرا، لەم ناوچانەی کە دیرۆک باسی دەکا و مـەڵبـەندێکی ناسـراوی مـاننایە ناوچەی گـیلزان، یان گەلیـزان (gilzan, gelyzan)ـە. بێـزاد خـۆشـحاڵی لە کـتێـبی زمـاننـاسی کـورد و مـێـژووی کـوردسـتـان ل١٢٧ دەڵێ: یەکـێـک لە سـەرۆکـانی ئەم ناوچەیە بە ئاپۆ ناسراوە، ئەم ناوچەیە کەوتۆتە باشووری، ئاشوور و نێوان گـۆڵی ورمێ و زەریاچەی وان (سـەردەمی توکـولتی نینورتای دووەم) لە درێژەدا ئامازە دەکا، ئاسۆ، یان ئاسە و سـوا ئەم ناوەش بینراوە و سـەرۆکی گـیلزانا بووە (سەردەمی شەلمەنسەری دووەم).

لەسەر ناوی گیلزان، یان گەلیزان، ڕەحیم مەحموودزادە نووسـەری کـتـێـبی "مـانـنای هەندێ لە ناوە کـۆنەکـانی ئێـرانی لە زمـانی کوردی" باسـێکی نوێ دەوروژێنێ کە منیش بە پێی لێکۆڵینەوەکـانم لەم ڕایە نزیکم، زۆرێک لـە زانـایـانـی بـواری دیـرۆک و دێـریـنـنـاسـی بـاسـی ئـەم مەڵبەندە دەکەن وەک دیاکۆنۆف لە مێژووی ماد، مەحەمەد جـەوادی مـەشکوور لە "ڕوانینەک بەسـەر مـێـژووی ئازەربایجـان و... بەپێی هەڵکەوتەی جـوگـرافی ئەم ناوچەیە و نزیکی لە ڕادە بەدەری ئەم ناوە لە تەک ناوی گـونـدی گـەلاز (گـەلازان) سـەر بە ناوچەی شنۆ کـە دەکـەوێتـە ١٥ کم ڕۆژئاوای شـار، دەکـرێ بە کـورتی لەسەری بدوێن، بەڵکو کاری زیاتری کەونیناسی لەسەر بکرێ.

دیاکۆنۆف لە لاپەڕە ٨٥ دیرۆکی ماددا دەڵێ: لێـواری ڕۆژئاوای گۆڵی ورمێ بە گیلزان ناسـراوە لە سەدەی نۆی بەر لە عیسا بەشێکی سەربەخۆ بووە و پێ دەچێ دواتر خـرابێـتـە سـەر مـاننا، یان ئووارتوو، یان لەم نێـوە دا دابەش کرابێ" لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی مەرگەوەر (نێوان شنۆ و ورمێ) کە خەڵکەکەی ئێستاش سەرقاڵی ئاژەڵداری و کـشـتـوکـاڵن، کـێـوێکی بەرز دەبینرێ کـە بە ناوی " ئاز" ناسراوە. (کێوی ئاز).

گـەلۆ: دوای ئەوەی ئـیـرانزوو لەلایەن فـەرمـانـدەرانی سوپای زیکرتوو بە ناوی میتانی و بەغداتی سالّی ٧١٦ بەر لە زایین کـوژرا، لە لایەن سـارگـۆنەوە کـوڕەکـەی بە ناوی ئازا (aza) بە دەسـتەڵات گـەیشت، لە لایەکی تر کـەسـانی وەک بوریس پیـۆتروڤسکی پێی وایە ئـیـرانزوو لەسـەر دەسـتی ڕۆسـا سـەرۆکی شـانشـینی ئووارتوو کـوژراوە، دواتر ئازای کـوڕی لە لایەن سـارگـۆنەوە دەستنیشان کرا، کەچی ئەویش دوای سێ ساڵ دەستەڵات بە دەردی باوکی چوو، هەروەها ناوبراو لە کـتـێـبی "شارستانییەتی ئورارتوو ل١٥٧ دا دەڵێ: ڕۆسا بە دژی ئازا شۆڕشێک ساز دەکا و دوای کوشتنی، برایەکەی تری ئازا بە ناوی ئۆلۆسۆنۆی لەسەر تەختی خونکاری دادەنێ و بۆ پشـتـیـوانی لەم سـەرکـردەیە ٢٢ شـار و گـوندی پێدەبەخشێ"

ئیحسان نووری پاشا لە کتێبی مێژووی ڕیشەی نژادی کـورد. وەرگـێـڕی کـوردی، وریا قـانع، پێی وایە: لە شـانامـەدا "زوو" هەمـان ئیـرانزوو بووە و "زاب"یش ئازا بووە، لە دوای کـوشـتنی ئازا، سـارگـۆن پاشـای ئاشـوور برای ئازا " ئۆلۆسۆنۆ" لەسەر تەختی شایی دانا، ئەمەش دەبێـتـە گـەرشـاسب، مـیـفـتـاحول عـلووم، گـەرشـاسب بە برازای زاب، یان ئازا داناوە، لـە دوای ئەمـــەش ناوی "دیاکۆ = کەیقوباد دێتە ناو ناوان"

ئیبنو ئەسیر لە مێژووی (الکامل ابن اثیر) وەرگێڕانی مـحـەمـەد ئیـبـراهیـمی باسـتـان پاریزی، پاش چۆنیـەتی دەسـتـــەڵاتی، زوو دەڵێ " زوو لـە حـکـوومـــەتی خـــۆی بەختەوەر بوو، زۆری خزمەت بە خەڵک کرد و وێرانەکانی سـەردەمی ئەفـراسـیـابی نۆژەن و ئاوەدان کـردەوە باجی حەوت ساڵانی بە خەڵک بەخشی و..."

هەرتک وشـــەی گـــەلاز و ئاز لێک دەچن و لەناو فـــەرهەنگی کـــوردیدا مـــانای هەیە، یان دەشێ بە شـیـکردنەوە لێی بڕوانین، گـشـت کـوردێک بە مـرۆڤی چالاک و زیرەک دەتوانێ بڵێ "ئازا "بەو شـوێنەی ئازای لێ بژی، دەکـرێ پێش، یان پاشگری بۆ زیاد بکەین بۆ وێنە دۆڵی ئازایان، یان گـەلی ئازا (گـەلازان- گـەلاز گـــەل+ ئاز!؟)، یان چڕبوونەوەی ناوی وەها دیرۆکی و دۆزینەوەی ئاسەواری مانایی لەم ناوچانە ئەم بۆچوونە بە شێوەیەک دەسەلمێنێ (بە مەودایەکی نە زۆر دوور لە دوو لای باکـوور و باشـووری گـوندی گـەلاز دوو ئاوەدانی تر هەن بە ناوەکـانی "مـاوانێ" (مـاوان- مـان- مـاننا) و مەندان، یان مـەندانان- ماندا- مانا، لەگوندی ماوانێ بەردەنووسـێکی بزمـاری بە دوو ڕێنووسی ئاشـووری و ئوورارتوویی دۆزراوەتەوە کـە بۆ سـەردەمی ڕۆسـا کـوڕی سـاردووری (٧٣٥-٧١٣ز) دەگـەڕێـتـەوە، هەروەها لە ڕۆژئاوای گوندی مەندانان گەلێک ئاسەوار بوونیان هەیە کـە لە گـشـتـیـان گـرنگـتـر بەردەنووسی کـێـلە شـینە هی سەردەمی مێنۆوا کـوڕی ئیـشـپـۆئینی سەرۆک دەسـتـەڵاتی ئوورارتوو سەدەی هەشتەمی بەر لە زایین.

جـامی زێڕینی دۆزراوە لە تەپۆلکەی حـەسـەنلوو ١١کم باشـووری ڕۆژئاوای گـۆڵی ورمێ نزیک شـاری نەقـەدێ (نەغـەدە)، ئەم ئاسـەوارە بایەخـێکی زۆری دێرینناسی و یارمـەتیدەرێکی شایان بووە کە بۆ سەردەمی دەسـتـەڵاتی مـاننـاکـان دەگـەڕێـتـەوە، مەهدی ڕەزەوی لە کـتـێـبی "حـێـلی

قـــەرە پاپاق " ل۳۹ دەڵێ: ئاشکرایە ئەم گـــرد، یان تەپۆلکەیە لە قەڵاکانی تایبەتی دەوڵەتی گیلزانە کە لە کاتی مەترسی و بۆ پاراستنی ئەم جامە زێرە پڕ بایەخ و پیـــرۆزە کـــەڵکی لێ وەرگـــیـــراوە(د، ڕێنی بەرپرسی موزەخانەی زانکۆی پەنسیلفانیا ساڵی ۱۳۳۷ هەتاوی (۱۹۵۸ز) بە هاوڕێیـەتی تیـمـەکی کـەونیناسی ئێـرانی ئەم جامەیان دۆزیـیـەوە کە بەرزایی ۲۱ سانتی و زارکی ٦۰ سانت و قـورسـایی ۹۵۰ گـرامـە، نەخشـونیگاری مـــرۆڤ و ئاژەڵی جـــۆراوجـــۆر بەوپەڕی لێـــزانی و هونەرمەندانەی لەسەر هەڵکەنراوە)، بەپێی تۆێژینەوەکان دەرکـەوتووە لە کـاتی هێـرشی ئاشـوورییـەکـان گـەمـارۆ درابێ، بەڵام بەهۆی خـۆڕاگـری پارێزەرانی زەفـەریان پێ نەبردووە، قـەڵاکـە ئاور دراوە و لە ئاکـامـدا بەسـەریاندا ڕووخـاوە، کـاتێ ئەم جـامـە دیتـراوە، ئاسـەواری سێ پاڵەوانی شێر بە دەست، کە یەکـیان قـاپەکەی لە ئامێز دابووە، بینراوە و نـیـشـانەی سـووتانی تەختـە و دار و خەڵووز لە دەوروبەریان دیاربووە، یان دەتوانین ئاماژە بە گردی دنخە (۲٤)کم ڕۆژئاوای حەسەنلوو نزیک شاری شنۆ) بکەین کـە ئاسـەواری دۆزراوەی چاخی دووەمی ئاسنی بە تەپلۆکـەی حەسـەنلوو دەچێ، زێوە گـوندێکی باشووری ڕۆژهەڵاتی سەقز کانگای شوێنەوارناسی ماننا کـــانە کـــە ملوانکە و ســـینەڕێزێکی زێڕ و... لێ دۆزراوەتەوە، قەڵایچی بۆکان جێگایەکی تری کە گرووپی دێریننناسی کـورتە کـارێکی لێ کـردووە و بە زۆر شت گەییون لەوانە قەڵایەک و گەلێ شوێنی تر لەم ناوەندەدا (حەبیبوڵڵای تابانی لە کتێبی هاونەتەوەیی کورد و ماد چاوگە، ڕەگەز، میژووی شارستانیەتی کوردستان بەرگی، یەک وەرگێڕانی جەلیل گادانی ل۱٤۰ باسی ماننـاکان دەکـا و لە شـوێنەک دەڵێ: سـەرەکـیـتـرین ئاخی دەسـتـەڵاتداری مـانا لەنێـوان ئازەربایجـانی ڕۆژئاوا و کـوردسـتـان (سنە)دا، واتە مـهـاباد، شنۆ، پیـرانشـار، سەردەشت، بۆکان، سەقز، بانە، میـاندواو، نەغـەدە و مـەلکەندی، ئەو سێ شـارەی دوایی بەهێـڵی سنووری ماننا ناو بردووە)

بابەتێکی تر کە حەسەنی پیـرنیـا لە میژووی ئێـراندا باسی دەکـا، دەڵێ: سـاڵی ۷۲۲ پ.ز سـارگـۆن لەگـەڵ فەلەستین دەکەوێتە شەڕ و شاری سامری داگیر دەکا. لەو ناوچەیەدا دیلەکی زۆر لە قـەومی نەوەی ئیسـرائیل (بنی اسرائیل) دەگرێ و دەیانبـاتـەوە شاری کالج و خاپوور و.. کە دوایی بەسەر ولاتی ماد دابەشیان دەکا (هەڵبەت ئەو کات دەوڵەتی ماد بوونی نەبووە و ئەوان بە ناوچەکانیان وتووە مـــاننا) دواتر دەڵێ دوای مـــاوەیەک هەر ئەم خونکارە هێرشی کردە لای باشووری گۆڵی ورمێ و تێکی شکاندن، دیاکـۆ سـەرۆکی ئەم هۆزە (کـە خـەریکی کـۆ کـردنەوەی هێـز بوو بۆ پاراسـتنی خـاک و نەتەوەکـەی لە چەنـگ دوژمنانی) بە دیل گـیـرا و بۆ شـاری حـەمـاتی سـووریا ڕاگـوێزرا سـاڵی (۷۱۵ بەر لە زایین) ناوبراو دەڵێ بە وتەی ئاشـوورییـەکـان ئەمـانە لەگـەڵ مـادەکـان خزمایەتیان هەبووە.

لە ئاکامدا ساڵی ٦۱٦ پێش زایین ئاشوور و ماننا بە دەستی بابل و ماد تێک شکان و ماننا کەوتە ژێر ڕکێفی خزمانی تری کە دەوڵەتەکیان بە ناوی ماد پێکهێنابوو، ناوی مـاننا دوایین جـار (سـاڵی ۵۹۳) لە کـتـێـبی تەورات، ئەرمیای نەبی ئاماژەی پێ کراوە.

سەرچاوەکان:

۱- کوردستـانی موکریان، یان ئاترۆپاتێن- حوسێن حوزنی موکریانی.

۲- تمدن دینخواه تپه - سراورل اشتاین، کارول هایلن و.

۳- تاریخ ایران - حسن پیر نیا.

٤- کـوردسـتـان لە ئاوێنەی مـێـژوودا - عـەلی ئەحـمـەدی ڕەوشەنی.

۵- مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد - احسـان نوری پاشـا. و: وریا قانع.

٦- ایل قاراپاپاق - مهدی رضوی.

۷- تمدن اورارتو - بوریس پیوتروفسکی. و. خطیب شهیدی.

۸- هاونەتەوەیی کـورد و مـاد چاوگـە ڕەگـەز، مـێـژووی شارستانیەتی. کوردستان.حبیب الله تابانی. وەرگێڕ. جەلیل گادانی.

۹- تاریخ ماد - دیاکونوف. و. کریم کشاورز.

۱۰- معانی بعضی از اسامی کهن ایرانی در زبان کردی، رحیم محمود زاده اشنویی.

۱۱- گوگل ویکی پدیا (ماناها).

۱۲- باســتـــان شناسی غـــرب ایران- فـــرانک هول، گرگوری.ا.جانسون و... و، زهرا باستانی.

۱۳- اخـبـار ایران از الکامل ابن اثیـر، و مـحـمـد ابراهیم باستانی پاریزی.

دوو شیعری دیکەی (سلێمان بەگی کاتب فارسی)

ڕێبوار حەمەتۆفیق (سلێمانی)

پێشەکی

ناسەقامگیری باری ڕامیاریی کوردستان و ناوچەکە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، بایەخ نەدانی شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردیش بە پاراستن و ئەرشیڤکردنی نووسینەکانیان، دوو هۆکاری لەبەرچاوی لەناوچوونی بەشێکی زۆری بەرهەمی نووسراوی سەر بە ئەدەبیاتی کوردین. خۆ ئەگەر یاداشتی گەڕیدە و ڕۆژهەلاتناس و ڕاپۆرتی سیخوڕی و سەربازی داگیرکاران نەبوایە، بەشێکی زۆری ئەو ئەدەبیات و مێژووەی کە ئێستاش لەبەردەستدان، بەهەمان ئەو نەفەسە خۆمالّییە دەنووسرایەوە کە پڕە لە گومان و ناچوونیەکی لە گێڕانەوە و بۆچوونەکاندا. بۆ نموونە، لەم دواییەدا، دوو نووسین بە زمانی عەرەبی و تورکی دۆزرانەوە کە زانیاری نوێ لەسەر ژیانی (نالی) دەخەنە ڕوو و تەمەنی ئەم شاعیرە بۆ نزیکەی بیست ساڵ زۆرتر لەو مێژووە نیشان دەدەن کە لەلایەن مێژوونووسانی کوردەوە خرابووە ڕوو.(١)

لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا وەک پێویست هەرسێ لقەکەی ئەدەبیاتناسی لە نووسینی کتێبی کوردیدا لەیەکدی جیانەکراونەتەوە، بەڵام (مێژوو)ەکەی لەچاو (ڕەخنە و تیور)ەکەیدا ئاوڕی زۆرتری لێ دراوەتەوە و دوو کتێبی دیاری ناو کتێبخانەی کوردی بە ناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی)یەوە نووسراوە، یەکەمیان لەلایەن عەلائەددین سەجادی(٢) و دووەمیان لەلایەن د.مارف خەزنەدار(٣)ەوە، ئەگەرچی ئەم دوو کتێبە بەناوی مێژووی ئەدەبەوە نووسراون، بەڵام تەنیا تایبەتن بە مێژووی ژیانی شاعیر و بەرهەمی شاعیران؟! بەرهەمی پەخشانی لێ کراوەتە دەرەوە... تەنانەت لەباسی شاعیرانیشدا مێژووی دەیان شاعیر و بەرهەمی شیعری تێدا جێ نەکراوەتەوە؟! وەک ئەو شاعیرەی کە لێرەدا بەناوی (سلێمان بەگی عەبدوڵلا بەگی کاتب

فارسی) دەیکەینە مەبەستی باسەکەمان و هەوڵ دەدرێت کەمێک زانیاری لەسەر ژیان و دوو بەرهەمی شیعریی دیکەی بخرێتە ڕوو.

سلێمان بەگی کاتب فارسی کێیە؟

سلێمان بەگ ناوی سلێمان کوڕی عەبدوڵڵا بەگی کاتب فارسییە. سلێمان بەگ دەکاتە باوکی (گۆران)ی شاعیر. سەبارەت بە سالّی لەدایکبوونی، هیچ زانیاری و بۆچوونێک نییە، بەڵام سەبارەت بە کۆچی دواییەکەی، ئەوە دەوترێت کە سالّی ١٩١٩ کۆچی دوایی کردووە (٤). بە بنەماڵە بۆ سەر بە بەگزادەی (میران بەگی) و عینایەتوڵڵا بەگی کوڕی ئەمانوڵڵا بەگ دەگەڕێتەوە، کاتێک بە خۆی و خێزانییەوە هاتووەتە ناوچەی قەرەداغی سەر بە سلێمانی، پاش ئەوەی کە ئەمانوڵڵاش کۆچی دوایی کردووە، عەبدوڵڵابەگی کوڕی ڕووی کردووەتە هەڵەبجە. (٥) (د. عیزەددین مستەفا ڕەسوڵ) لە زمانی گۆرانی کوڕی سلێمان بەگەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە: سلێمان بەگی کاتب فارسی، لە عەشیرەتی میروەیسی بووە و دوای ئەوەی لەگەڵ باوکیدا چوونەتە هەڵەبجە، ئەمیش وەک باوکی لای وەسمان



پاشای جاف، وەک نووسەر و زمانزانێکی فارسی دەست بەکاربووە و لەمەوە بە (کاتب فارسی)ناوی دەرکردووە. (٦)

سلێمان بەگ و شیعر

(ڕەفیق حیلمی) لە بەرگی دووەمی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) و لە باسی (گۆران)دا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە: باوک و باپیری گۆران (سلێمان بەگ و عەبدوڵڵا بەگ) هەردووکیان لە شیعر و ئەدەبدا بەهرەیان هەبووە و بە کوردی و فارسی نووسیویانە و شیعریان داناوە. (٧) ئەم قسەیەی (ڕەفیق حیلمی) تەواو ڕاستە؟ چونکە: سلێمان بەگ دوو شیعری جوانی بە زمانی فارسی بۆ تایەر بەگی جاف نووسیوە. (٨)، هەروەها (حەکیم مەلا سالّح) لە بیری (حیلمی) شاعیرەوە شیعرێکی دیکەی سلێمان بەگی بە زمانی کوردی هێناوە کە لە دوادێڕیدا دەنووسێت: (٩)

وتم: (سلێمان) جاهم و ساحێبی مولّکی دوو دیوان
وتت: سەرپاکی ئەشعارت ناگا بەحەرفێکم زارم

لەم دێڕەوە، ئەوەش دەردەکەوێت کە سلێمان بەگ، بەشی دوو دیوان شیعری هەبووە، ئیتر ئەوە دیار نییە کە زۆربەی شیعرەکانی بەکام زمان نووسیوە، چونکە ئێمە تا ئێستا تەنیا سێ شیعری سلێمان بەگمان بینیوە کە بڵاوکرابێتەوە، مەبەست لەو دوو شیعرەی ناو دیوانەکەی (تاهیر بەگی جاف) و ئەو شیعرەیە کە (حیلمی)شاعیر لەبەری بووە و بۆ (حەکیم مەلا سالّح)ی وتووەتەوە. (١٠)

لێرەدا منیش دوو شیعری دیکەی سلێمان بەگ بڵاودەکەمەوە کە لە لاپەڕە ١٢٣-١٢٥ی کەشکۆڵێکی (دکتۆر شۆ)وە دەستم کەوتووە و سالّی ١٩٤١ بە خەتی (دکتۆر شۆ) نووسراونەتەوە. (١١) و بەو هیوایەم گەر هەرکەسێک دەستخەتێک، یان نووسراوێکی لایە و تایبەتە بە شیعری سلێمان بەگ، بڵاوی بکاتەوە، تا لە ئەنجامدا بە دیوانی (سلێمان بەگی کاتب فارسی) شاد بین. (١٢)

(١) شیعری یەکەمیان شیعرێکە بەناوی (دڵ ئەوا دەرچوو) (١٣)

١- دڵ ئەوا دەرچوو لە سینە ڕاهی سەحرای گرتە بەر
هەروەکو تەیرێ کە وەحشی بێ و لەبەند دەرچێتە دەر
٢- چەند تەلاشم کرد نەگیرا ئاخری دەرچوو لە دەس

کەوتە سەحرای سینە سۆزان دڵ فروزان دەربەدەر
٣- شەرتە ئەم دەفعە ئەگەر دەستم کەوێ بینێمە پێی
غوڵل و زنجیرێ لە موویی گێسوویی تووركی سیمبەر
٤- چونکە دڵ لای خۆی نەماوە توخوا بەسیە عەزاب
جاربەجار سەرپۆش لەسەر ڕووت هەڵگرە و دەرخە قەمەر
٥- زۆر دەخیلی بووم هەتا لایەک لە زوڵفی خستە لا
پێی وتم سەیرکە چلۆنم کرد لەبۆت شەققولقەمەر
٦- قەدی دولبەر چۆن بڵێم تەشبیە بەسەروو و عەرعەرە
سەروو و عەرعەر نەبووە قەت نارنج و بەی بێنێتەبەر
٧- گەرچی ئەمڕۆ ڕۆژی جەژنە خەڵق هەموو ئازاد ئەکەن
دولبەری حیشمەت(١٤) بە قەهرە و لای نییە سەرفولنەزەر

(٢)- شیعری دووەمیشیان شیعرێکە بەناوی (لە ئەوزاعی فەلەک)(١٥)

١- لە ئەوزاعی فەلەک قوربان، هەمیشە مات و حەیرانم
لە بەحری غوسسە و غەمدا بەدایم دڵ پەرێشانم
٢- بەتای گێسووی جانانە(١٦) وەها دڵ قەیدی زیندانە
خەلاسی قەت نییە ئەسڵەن ئەڵێی مەحبووسی ئێرانم
٣- بە شمشێری برۆی دولبەر وەها مەجرووحە جەرگ و دڵ(١٧)
لەلای لوقمان و ئەفلاتوون نییە دەرمانی زامانم
٤- لە (باخی میر) و (شێخ قادر) ئەگەر وەسفی لەبی دولبەر
ئەربێ(١٨) بۆ چیمە من جەننەت ئەویشە حوور و غلمانم
٥- لەدەستی ساقی مەهوەش ئەگەر جامێ لەبەر(١٩) کێشم
موحەققەق حاکمی شارم لەسەر تەختی سلێمانم

چەند لێکدانەوەیەک

١- بێجگە لەوەی کە سلێمان بەگ بەشی دوو دیوان هۆنراوەی هەبووە و شیعری بەزمانی فارسی هۆنیوەتەوە، بەزمانی کوردیش هۆنراوەی نووسیوە و نرخی ئەم هۆنراوە کوردییانەشی لە هۆنراوە فارسییەکانی کەمتر نەبووە، بەڵگەشمان بۆ ئەمە، لەلایەک توانایی و شارەزاییەتی لە داڕشتنی وشە و دەربڕینی ڕەوانبێژی بەم زمانە و لەلایەکی دیکەیشەوە بڵاوبوونەوە و سەرزارکەوتنی شیعرەکانیەتی کە لە چەند کەشکۆڵێکدا نووسراونەتەوە.

٢- سلێمان بەگ ئاگاداری شیعری شاعیرانی پێش خۆی بووە، بەتایبەت (نالی) شاعیر، ئەوەتا هاتووە ڕەوانبێژی و گوزارشتی نالی لە دێڕی شەشەمی شیعری یەکەمدا بەکارهێناوەتەوە: (٢٠)

خۆش لەسەر سینەی سەری هەڵداوە دوو گۆی سەر بە مۆر
مات و حەیرانم کە عەرعەر کەی هەناری گرتووە!

هونەرەکانی لێکچواندن و خواستنی ئەم دێڕەی هێناوەتەوە. لەکاتێکدا کە لای نالی عەرعەر بالآ و هەنار مەمکی یارەکەیەتی، لای سلێمان بەگیش بالآی یار بە سەروو و عەرعەر و مەمکەکانیش بە نارنج و بەی چوێنراوە.

٣- لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیدا دەستێکی بالآی هەبووە، بەتایبەت هونەرەکانی (لێکچواندن، خواستن، جوانی بایس) بۆ نموونە لە دێڕی یەکەمی شیعری یەکەمدا لەنێوان (دڵ) و (تەیر) و لە دێڕی سێیەمی شیعری



دووەمدا لەنێوان (شمشێر) و (برۆ)دا لێکچواندن هەیە. و لە دێڕی چوارەمی شیعری یەکەمدا لەنێوان (ڕوو- دەموچاو) و (قەمەر)دا لێکچواندن و خواستنی ئاشکرا هەیە و لە دێڕی پێنجەمی شیعری یەکەمدا لەنێوان ڕووی کە نەهاتووە و چوێنراوەکەی کە (قەمەر)ـە خواستی ئاشکرا هەیە، هەروەها لە دێڕی پێنجەمی شیعری یەکەمدا هێنانەوەی هۆکاری (شەقڵقەمەر)دا هونەری (جوانی بایس) هەیە.

٤- وەک شاعیرانی تری هاوسەردەمی خۆی، شیعرەکانی لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبی دارشتووە. شیعری یەکەمیان لەسەر کێشی عەرووز و بە بەحری (ڕەمەل/ فاعلاتن)ی هەشت تەفعیلەیی و شیعری دووەمیان لەسەر کێشی عەرووز و بە بەحری (هەزەج/ مفاعیلن)ی هەشت تەفعیلەیی دارشتووە.

٥- لە هەردوو پارچە شیعرەکەدا پەیڕەوی لە پاراستنی یەکێتی سەروا کردووە و لەشیعری یەکەمدا دوو تیپی (ە ر) و لە شیعری دووەمدا دوو تیپی (ن م) سەرتاپای سەروای شیعریان پێکهێناوە.

٦- بابەتی دڵداری پێکهاتەی بنیادی چنینی هەردوو شیعرەکەیە.

پەراوێز و سەرچاوە:

١- مەبەست لە هەردوو کتێبی Osmanli Muellifleri, Bursali,II, Beyazit-Istanbul, 1972, S.284 بە تورکی و (نزهة الفكر، تأليف: أحمد محمد الحضراوي المكي الهاشمي، حققه: محمد المصري، القسم الاول، دمشق، ١٩٩٦، ص٢٥٧) بە عەرەبییە.

٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، علادین سجادی، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٢.

٣- مێژووی ئەدەبی کوردی، دکتۆر مارف خەزنەدار، بەغدا، ٢٠٠١.

٤- دیوانی گۆران، ئامادەکردن و لێکدانەوەی: محەمەد مەلا کەریم، بڵاوکراوەی پانیز، چاپخانەی دالاهو، ١٣٨٤، ل٣٥.

٥- هەمان سەرچاوە، ل٣٤.

٦- گۆران لە یادەوەریی هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمەتۆفیق، چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٧، ل١٢٣-١٣٤.

٧- شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، ڕەفیق حیلمی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم، ٢٠١٠، ل١٩٨.

٨- دیوانی تاهیر بەگی جاف، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و ئامادەکردنی: حەسەن گۆران، بڵاوکراوەی گۆران، چاپ: گلبان چاپ، چاپ: یەکەم، ٢٧٠٢ کوردی، ل١٧-٢١.

٩- ئاشکرایە کە مەبەستی (حەکیم مەلا سالح) لە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) نییە کە لە سالی ١٩٦٠دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵکو مەبەستی لە (محەمەد کوڕی شێخ حسەین)ی شاعیرە کە لە ماوەی (١٩٠٩-١٩٨٥) ژیاوە. هەروەک ناوبراو لە کتێبەکەیدا (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٢٥) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا (حیلمی) بینیوە و حیلمی خۆی شیعرەکانی بۆ خوێندووەتەوە و ئەمیش لەسەر کاسێت تۆماری کردوون.

١٠- هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، حەکیم مەلا سالح، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٥٦.

١١- هاوشانی ئەم دوو شیعرە هەمان شیعری ناو دیوانەکەی تایەر بەگی جاف بەناوی (ای وجودت...) لە کەشکۆڵەکەدا نووسراوەتەوە. تاکە نوسخەی ئەم کەشکۆڵە، لە لای من پارێزراوە.

١٢- هەر بۆ ئەم مەبەستە، لەڕێی (کاروان کەلاری)یەوە کە کەشکۆڵێکی خوالێخۆشبوو (نەجمەددینی مەلا)ی لایە، بۆ شیعری سلێمان بەگ گەڕاین، بەڵام هیچ شیعرێکی سلێمان بەگمان بەرچاو نەکەوت. لەژێر ڕۆشنایی ئەم کەشکۆڵەدا ناوبراو دەیان شیعری (سالم)ی بەم دواییە ساغ کردووەتەوە.

١٣- گەرچی (حەکیم مەلا سالح) لە کتێبی (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٥٦) ئەم شیعرەی بڵاوکردووەتەوە و سەبارەت بە سەرچاوەکەی نووسیویەتی (لە کەشکۆڵی دکتۆر شۆ)دا هاتووە، بەڵام ئەم کەشکۆڵە لای من پارێزراوە و لەگەڵ ئەوەی کە (حەکیم مەلا سالح) نووسیویەتییەوە لەچەند وشەیەکدا جیاوازی هەیە، وەک: لەبری (دەرچێتە دەر) نووسراوە (دەربێتە دەر) و لەبری (تو خوا) نووسراوە (تو خودا) و لەبری (بێنێتە بەر) نووسراوە (بێننە بەر)

١٤- لە لای (حەکیم مەلا سالح) نووسراوە (عەشقت).

١٥- (حەکیم مەلا سالح) لە کتێبی (هەڵەبجە لە ئامێزی مێژوودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی: دیلان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل١٥٥) ئەم شیعرەی بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی (ئەم شیعرەم لە دەستنووسێکی لای "سەییید باقری هاشمی"یەوە وەر گرتووە) و لەگەڵ ئەوەی لای (دکتۆر شۆ)دا کەمێک جیاوازی هەیە، بەڵام (حەکیم مەلا سالح) ئەوەی نەخستووەتە ڕوو کە شیعرەکە بە دەستخەتی کێ نووسراوەتەوە.

١٦- لە نوسخەکەی لای (سەییید باقری هاشمی)دا نووسراوە (گێسووی تۆ جانا).

١٧- لە نوسخەکەی لای (سەییید باقری هاشمی)دا نووسراوە (گیان و دڵ)

١٨- لە نوسخەکەی لای (سەییید باقری هاشمی)دا نووسراوە (ببێ)

١٩- لە نوسخەکەی لای (سەییید باقری هاشمی)دا نووسراوە (لەسەر)

٢٠- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتح عەبدولکەریم، بڵاوکەرەوەی کوردستان، سنە، چاپخانەی رستمخانی، ل٢٨٥.

ڕۆشنا... ژنە کوردە غەدر لێکراوەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی

پ.د. فوئاد حەمەخورشید
(سلێمانی)

لەدوای ڕووخاندنی ئیمپراتۆریەتی میدیا ساڵی (٥٥٠پ.ز) تاکو ئێستا کورد هەر میللەتێکی ماف خوراو و غەدر لێکراوی سەر زەوی ماوەتەوە و تاقە نەتەوەیەکی جیهانە کە تاکو ئێستا دەوڵەتێکی سەربەخۆی نییە. ئەگەر مێژووی میللەتی کورد بە کۆمەڵ بخەینە لاوە و مێژووی تاکەکانی ئەم میللەتە تۆمار بکەین، هەزاران کارەساتی جۆراوجۆر ئاشکرا دەبنەوە، کە تاکو ئێستا تۆمار نەکراون و ون بوون، یان لەگەڵ خاوەکانیاندا چوونەتە ژێر گڵ. ئەم وتارە باسی یەکێک لەو کارەساتانە دەکات کە تووشی ئافرەتێکی کورد بووە کە ژنی ئەسکەندەری مەکدۆنیی مەزن بووە.

ڕاستییەکانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مێژووی ڕابردوو، دەبێت بیسەلمێنن کە ئەخلاقیاتی فەلسەفەی ولاتی یۆنان و مەکدۆنیای کۆن بەتەنیا سەرچاوەی حیکمەت و فەلسەفەو دیموکراسی نەبوون، وا تێنەگەین کە دانیشتووانی ئەو ولاتانە ئیتر بە تەواوی لە بوغز و کینە و دڵڕەقی و حەسادەت ڕزگاری ببوو. ڕاستە کتێبەکانی ئەفلاتوون و سوقرات و ئەرستۆ سەرچاوەی فەلسەفەی نموونەیی بوون و زۆرینەی تیوربیەکانی سیاسەتی هاوچەرخن، بەڵام دەبێ بزانین کە دانیشتووانی ئەسینا و مەکدۆنیا و شارەکانی تری ئەو هەرێمە بەگشتی ئاگاداری ئەو فەلسەفەیە نەبوون و پەیڕەویان نەدەکرد، ئەو تێکستانە تایبەتمەندبوون بەقوتابییەکانی ئەو فەیلەسووفانەو چینە ئەرستۆکراتییەکانی ئەو سەردەمەی یۆنان و مەکدۆنیا، نەک لەلای ڕەشو ڕووتی ئەو ولاتە. ڕاستیشە کە بڵێین (ئەسکەندەری مەکدۆنی)، کە تا ئێستا بە مەزنترین سەرکردەو نموونەی بێ وێنەی جەنگی گشت چاخەکان دەژمێردرێت، بەڵام نەک گشت ژەنەڕاڵ و

عەسکەرەکانی کە لە دەیان میللەت و خێڵ و عەشیرەت پێکهاتبوون، چونکە ئەو ڕووداوە ناشیرین و قێزەون و بێ مۆرالیانەی ئەو ژەنەڕاڵانە پاش مردنی ئەسکەندەر نواندیان، ئەوە نیشان دەدات کە ئەو جۆرە پیاوانە زۆر لە ڕەوشتی فەلسەفەی یۆنانی کۆن دوور بوون و بەتەواوی دڵیان پڕ لە قین و سفلّەیی و تۆڵەسەندنەوە و پیلان و کوشتنی بێ بەزەییانە بوو، کە بە ڕوونی دژ بەخێزانی سەرکردە مەزنەکەیان جێبەجێیان کرد. ئەسکەندەری مەکدۆنی لە ساڵی (٣٥٦پ.ز) لە دایک بوو، لە ساڵی (٣٣٦ پ.ز)دا بوو بە شای مەکدۆنیاو لەساڵی (٣٣٤ پ.ز)دا هێرشە مەزنەکەی سەر کیشوەری ئاسیای دەست پێ کرد، ئەو کاتە گەنجێکی تەمەن ٢٢ ساڵان بوو، لە ساڵی (٣٣٠ پ.ز)دا داریۆسی سێیەمی شای فارسی لەشەڕی (ئیسۆس) بەزاندو و دایکی و ژنەکەی و منداڵەکانی بەدیل گرت، دواتر لەساڵی (٣٣١ پ.ز) لە شەڕی گۆگامیلا (ئەربیلا) دووبارە داریۆسی بەزاندو کۆتایی بە دەوڵەتی فارسی هێناو تا هندستان (٣٢٥ پ.ز) هێرشەکەی بەردەوام بوو، لەوێشەوە بەرەو بابل گەڕایەوە دواوە، دوای ئەوەی (١١) ساڵی ڕەبەق بەشەڕی بێ وچان و بەردەوام بەسواری ئەسپ و شمشێر خەریک بوو.

دوای داگیرکردنی ئێران، ئەسکەندەر بەرەو هەرێمی باکتریا ملی نا، لەوێ و لەقەڵای سوغدیانی شاخاوی لەلایەن میر ئۆکسیارتز کە بە ڕەگەز میدی بوو، واتە (کوردبوو) ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی سەخت بووەوە، بەڵام سوپای ئەسکەندەر لەنیوە شەودا قەڵاکەیان داگیرکردو ئەسکەندەر خۆی هەڵی کوتایە ناو خانووی میر، لە دەرگاکە کێچێکی شۆخوشەنگ بێ ئەوەی بترسێت ڕووبەڕووی ئەسکەندەر بووەوە. سەرچاوەکان دەڵێن ئەو کچە زیاد لەحەد جوان بوو، بەڵکو جوانترین ئافرەتی کیشوەری ئاسیا بوو لەدوای جوانییەکەی ژنی داریۆس، قژ و پرچێکی ئاڵتوونی درێژی هەبوو، لە دەرگاکە ئەسکەندەر لێی پرسی ناوت چییە؟ وتی (ڕۆشنا). ئەسکەندەر دەستی کچەکەی گرت، بەڵام کچەکە دەستی ڕانەکێشا، چونکە دەیزانی ئێستا ئەو مووڵکی ئەو جەنگاوەرە سەرکەوتووەیەو چۆن بییەوێت ڕەفتاری لەگەڵ دەکات. هەرلەوێ ئەسکەندەر بازنێکی لە دەست خۆی دەرکرد و کردییە دەست ڕۆشناخان و پێی وت: ئاگات لە بازنەکە بێت دەتکەمە ژن بۆ خۆم!

ئەسکەندەر ڕاستی وت ڕۆشنای بە ڕەگەز میدی (کوردی) کردە ژنی خۆی و لەگەڵ خۆیدا بردییە شەڕەکانی هیندستان، بەڵام ژەنەڕاڵەکانی ئەو ژنخوازییەیان بەدڵ نەبوو. لە هیندستان بەولاوە سوپا قایل نەبوو ڕەوی زیاتر بکات، بۆیەش ئەسکەندەر فەرمانی کۆتایی هێرشەکەی ئاسیاو گەڕانەوەی بۆ بابل دا. لە ڕێگەی گەڕانەوەیدا ئەسکەندەر لەشاری (سووسە) پشووی بە لەشکرەکەی داو لەوێ بەبۆنەی کۆتایی هێنانی بەهێرشەکە ئاهەنگێکی (کەرنەڤاڵێکی) گەورەی ژنهێنانی دامەزراند و لەو ئاهەنگەدا داوای لەگشت ژەنەڕاڵ و ئەفسەرەکان و دە هەزار سەربازی تر لە سوپاکەی کرد کە هەر یەکێک لەوانە ژنێکی ئاسیایی بخوازێ وەک دەست پێشخەرییەک بۆ تێکەڵاوکردنی دوو ڕەگەزی جیاواز (ئاسیایی و هیلینی) لەنێو ئیمپراتۆریەتی یەکگرتووی ئەسکەندەر، ئەسکەندەر خۆیشی لەو ئاهەنگەدا کچی داریۆسی وەک ژنی دووەم بۆ خۆی هەڵبژارد و خواستی. ئەوەی شایانی باسە ئەسکەندەری مەکدۆنی لەم شاییەداو لەناو لەشکرەکەیدا بەجلوبەرگی (میدی-فارسی)خۆی ڕازاندبووەوە.

کە سوپا گەیشتە بابل دیسان ئەسکەندەر فەرمانی دامەزراندنی ئاهەنگێکی دیکەی دەرکرد و لە ڕۆژی ٢٩ی مایسی ساڵی (٣٢٣پ.ز) سازکرا. سەرچاوەکان دەڵێن: لەم فیستیڤاڵەدا ئەسکەندەر شەرابی زۆر نۆشی و لەکۆتاییدا هەستی بەهیلاکی کردو ڕۆژ بەدوای ڕۆژ تەندروستی خراپتر دەبوو. لە ڕۆژی ٩ی حوزەیراندا داواکرا لە ژەنەڕاڵ و ئەفسەرانی دوا چاوپێکەوتنێکی سەرکردەکەیان بکەن، لەشەوی (١٠-١١)ی حوزەیرانی ساڵی (٣٢٣ پ.ز) ئەسکەندەری مەکدۆنی لە کۆشکی نەبوخەزنەسر لە بابل لەتەمەنی ٣٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئەوکاتەی گیانی لەدەست دەدا ڕۆشنای ژنی لە تەنیشتییەوە بوو، چاوی داخست و ماچێکی کرد، بەڵام هۆی مردنی ئەسکەندەر تا ئێستا نەزانراوە، شک لە سێ خاڵ دەکەن: مەلاریا، تایفۆئید، یان لەو ئاهەنگەدا ژەهریان دەرخوارد دابێت. بەهەرحاڵ ئەسکەندەر ئاوا بەسووک و ئاسانی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی بەجێ هێشت، بێ ئەوەی هیچ وەسیەتێک بۆ حوکمڕانی، یان بۆ چارەنووسی خێزانەکەی بکات، بەڵام پێش مردنی کە

لێـیـان پرسی کێ لەدوای تۆ بەرپرسـیـار دەبێت؟ بەیەک وشـە وتی: (بەهێـزترین کـەس). دوای کـۆچکردنی ئەسکەندەر بەچەند ڕۆژێک ڕۆشنای ژنی منداڵێکی بوو ناوی نـا (ئـیـکۆس)، بـەڵام بەنـازناوی (ئـەسـکـەندەری چوارەم) ناسراوبوو، لەو کاتەدا ڕۆشنا خۆی و منداڵەکەی لە دۆخـێکی نـالەباردا بـینی، وەزعـێکی ترسناکی پڕ لە کینە و پیلان و ململانێی نێوان ژەنەڕاڵەکانی سوپا بوو، بۆیەش خۆی شاردەوەو بڕیاری دا کە خۆی و کوڕەکەی بۆ مەکدۆنیا بۆ لای خەسووی (ئۆلۆمبیس) بگەڕێنەوە، کە ئەوکاتە حاکمی مەکدۆنیا بوو.

لە مەکدۆنیا ڕۆشنا خۆی و کوڕەکەی لەژێر چاودێری و پاراستنی خەسووی بوو، هەر لەوێش ڕایگەیاند کە کوڕی ڕۆشنا (ئەسکەندەری چوارەم) کـە گـەورە دەبێت دەبێـتـە شـای مـەکـدۆنـیـا، بەڵام بارودۆخـەکـە بەهۆی ململـانێی ژەنەڕاڵەکان لەسـاڵی (٣١٦ پ.ز) زۆر ئـاڵۆزتربوو، واتە دوای سێ سـاڵ ململانێی ناوخۆیی ژەنەڕاڵ (کساندەرز) توانی بەکـوودەتایەک حـاکـمی شـەرعی کـە دایکی ئەسکەندەرە بکوژێت و حوکمڕانی بە دەستـەوە بگرێت، دواتریش لەسـاڵی (٣١٠ پ.ز) ڕۆشناو کـوڕەکـەی کـە میراتگری حوکمی ئەسکەندەرە، هەردووکیانی ژەهر خوار کرد و کوشتیانی و بێ هیچ ڕێوڕەسمێک و بەبێ کەسی کرانە ژێر خولّەوە.

ژەنەڕاڵە هیلینییە حەسوود و قین لە دڵەکان زۆر پێیان ناخـۆش بوو کـە کـوڕە گـەنجـێکی وەک (ئەسکەندەری چوارەم)ی نیـمـچـە کـورد و نیـمـچـە هیلینی ببـێـتـە ئیـمـپـراتۆری مـەکـدۆنـیـا، واتە بیـانـووەکـەیان بۆ وەدەستهێنانی کوودەتاکەیان و ئەو هەموو کوشتارە کە کردیان، ئەوەبوو کە لەبەر حاکمێکی هیلینی خوێن پاک بووە، نەک بۆ دابەشکردنی میراتی ئەسکەندەر!!. ئاوا و بەم جۆرە مـاندووبوونی ئەسکەندەری مەکدۆنیـیـان وەڵام دایەوە... دوای ١١ سـاڵی پڕ لە دەستکەوت و بنیادنانی حەفتا شار لە ئاسیا و میسر و کردنەوەی دەیان ڕێگای بازرگـانی نێـوان دەیان وڵات و مـیـللەت بۆ بەرژەوەندی مەکدۆنیا، هەموو ئەو مـاندووبوونەی ئەسکەندەر بەفیـڕۆ چوو، نە ئیـمپراتۆرییـەتەکەی وەک خۆی مایەوە، نەخێزان و منداڵەکـەی مـافی ژیانیـان هەبوو، نەخـۆشی قـەبری دەست کەوت.

بۆیەش لەسـەرەتادا وتمان کـە فـەلسـەفـەی یۆنانی لەو کاتەشدا نەیتوانیوە ڕق و کینەی ڕەش لەدڵی مرۆڤەکانی مـەکـدۆنـیـا و یۆنانی ئەو کـاتەوە دەربهـێـنێت، ئەگـەر شۆڤێنییـەت و ڕەگەزپەرستی نەبێت مرۆڤێکی مەکدۆنی هەبوو بێت چۆن دەتوانێت بەبێ وێژدانی دایک و ژن و منداڵەکەی ئەو سەرکردەیە کە ئەو کاتە ١٣ سـاڵان بووە، بفـەوتێنێت و هیچ ئیـعـتـیـبـارێک بۆ ئەو سـەرکـردەیە نەکـات، ئەمـەیە ڕەگەزپەرسـتی، هەر لەوێوە تـا حـوکـمـە بەدناوەکەی سەدام دژ بەکورد بوون، بەڵام مێژوو سەلماندی کـورد هەرمـاوە و دەمـێنێت، ئەوانیش تا کـورد مـاوە هەر مێژوو نەفرەتیان لێ دەکات.

زمان شوناسێک له نەتەوە

هادی حەبیبی
(بۆکان)

لێدوان و باسکردن له نەتەوە، هەروەها پێوبستییەکانی نەتەوە بوون له دنیای ئەمڕۆدا، باسێکی بەرفراوانە و ناسیاری نەتەوە جۆراوجۆرەکان وەک زانستێکی سەربەخۆ سەیر دەکرێ، ئەگەرچی تایبەتمەندگەلێکی وەک زمان، ئەندێشە، مێژوو، کەلەپوور، سنووری دیاریکراوی جوگرافی و ئەدەبیات، هەر کام ڕۆڵی گرنگی له بوونی هەر نەتەوەیەکدا هەیە؛ بەو حاڵەش پێوەندی فیکری و فەرهەنگی نێوان نەتەوەکان، شتێکی حاشا هەڵنەگرە. له جیهانی پێشکەوتنخوازی مرۆڤی ئەم چەرخەدا، بێتو هەر نەتەوەیەک خۆی به بنەمای ئەندێشەیەکی مۆدێرنەوە تەیار نەکا، بێ گومان لەم ڕەوتە جیهانییە وەپاش دەکەوێ. له بەر ئەوەی بیری مرۆڤ پاژێکە له پاژەکانی بەرەو پێش چوون و له ڕاستیدا کۆمەڵگا بەبێ دانوستان لەگەڵ یەک، هیچ کام له خەون و خولیاکانی خۆی به تەنیا پێ بەدی نایە. دانوستانیش تەنیا و تەنیا له ڕێگەی زمانەوەیە و بەس. ڕەنگە ئێستاش هۆی دواکەوتوویی خەڵکی وڵاتانی پاشکەوتوو، زیاتر ڕیشەی لەوەدا بێ کە کەمتر دانوستان و دیالۆگیان لەگەڵ یەکتردا هەیە و نەبوونی دیالۆگ، زۆربەی لایەنی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی فەرهەنگی، تەنانەت ئابووری خەڵکی ئەم بەشەی لەو کورەی هەردەدا گرتۆتەوە.

نەتەوەی کورد بە بۆنەی ڕابردووی نالەباری ڕامیاریەوە له وڵاتانێکدا دەژی کە هەر کام لەو وڵاتانە، له ڕوانگەی جوگرافی سیاسییەوە پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە. کوردیش وێڕای هەوڵی فەرهەنگی بۆ داسەپاندنی خۆی، پێوەندی فەرهەنگیشی به تایبەت لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا پاراستووە. وەک چۆن زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی کوردی، به سەر یەک، یان دوو، یان هەر سێ زمانی فارسی و تورکی و عەرەبیدا زاڵ بوون، تەنانەت شیعریان پێ هۆنیوەتەوە.(۱) لەهەر حاڵدا

فەتاح ئەمیری

دانوستان، دەسپێکی هەر جۆرە بزاڤێکی ئەدەبی و فیکرییە لە کۆمەڵگەدا و ئەو وتارە جەخت لەسەر زمانی ئەدەبی و لایەنی پێوەندیدار بەو زمانە دەکاتەوە، هەروەها هەوڵ دەدا چەند مودێلێک لەو زمانە بخاتە بەر تیشکی ڕەخنە:

١- زمان: بێ گومان خوێندنەوەی زانستی زمانی لەنێو زانستەکانی هاوچەرخدا گرنگایەتی تایبەت بە خۆی هەیە. زمان وێڕای ئەوەی بە وتەی ڕۆمان یاکۆبسون (زمانناسی ڕووسی) مووڵکی هاوبەشی هەموو مرۆڤە؛ لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی زمانی، بەڵگەیەکی بە هێز و ڕاشکاو لە جیاوازیی نێوان نەتەوەکانە.(٢) بە وتەیەکی تر زمان، جۆرێک لە تایبەقەندی ڕاستەقینە و چارەنووسێکی گرێدراوە بە ژیانی مرۆڤ و بە هیچ کلۆجێک تەنیا بەوەش نابەسترێتەوە؛ بەڵکو ئەوە زمانە کە سەر بە ژووری پڕشنگداری فیکر و جیهانی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکا و لەو ڕوانگەیەوە دەکرێ بڵێین بە تەواوی ڕێسا هەڵگریشە. زمان لە ڕاستیدا باشترین کەرەسە بۆ دەربڕینی ئەندێشەی مرۆڤە و کاتێک سەرنج دەدەین؛ دەبینین سەرجەمی ئەو ئەندێشانە لە زماندایە کە خۆیا دەبن و ڕوو دەدەن. دیارە زمان لە ئەدەبیاتیشدا هەوێنی سەرەکی هەموو بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکانە و هەر دەقێک بە هەر چەشنە فۆرمێکی ساکار، یان دژوارەوە، خاوەن زمانی تایبەت بە خۆیەتی. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئامانجی بنەڕەتی هونەر، ڕاگوێستنی ئیحساسی هونەرییە بەو جۆرەی کە هەیە و هەست پێ دەکرێ و لە ئەدەبیاتدا - کە مەبەستی ئەم وتارەیە - ئەرکی ئەم ڕاگوێزانە بە زمانی ئەدەبییە، بەڵام لێرەدا ڕەنگە ئەم پرسیارە دروست بێ کە زمانی ئەدەبی چییە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ زمانی ئاساییدا هەیە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، بابەتەکە بە پێناسەکردنی زمانی لاسایی و ئەدەبی درێژە پێدەدەین:

(١-١) زمانی ئاسایی: زمانی ئاسایی زمانێکە کە هەر چین و تووێژێک لە خەڵکی هەڵبژاردەوە بگرە تا خەڵکی ئاسایی، تەنانەت ڕەشۆکی کۆمەڵگا قسەی پێدەکا. وشە و زاراوە لەو چەشنە زمانەدا بە تەواوی مەعموولە و جۆری بەکارهێنانیشی هەر تەواو ئاساییە. لە درێژەی ئەم بەشەدا، باشتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەوڵی جددی و بەرچاوی هونەری نووسراوەیی کە ئاسەواری خەیاڵی وەک شیعر و چیرۆک و...تاد لە خۆ دەگرێ، ئەوەیە کە زمانێک بخوڵقێنێ جیاواز لە زمانی ئاسایی بێ. بە وتەیەکی دیکە زمانێک بێنێتە ئاراوە کە زمانی تاقمێکی جیاواز لە خەڵکی ئاسایی نێو کۆمەڵگا بێ. ئەو زمانە هەمان زمانی هونەرییە. بۆ نموونە هەوڵی فۆرمالیستەکانی ڕووسی کە بە شکلۆفسکییەوە دەست پێدەکا و بە یاکۆبسون و میخائیل باختینەوە کاملتر دەبێ، تەنانەت لە هونەری شانۆدا، برتۆڵت بریخت ئەم یاخیبوونە ئەزموون دەکا؛ باشترین بەڵگە لە بەستێنی ئەم هەوڵە جددی و بەرچاوە ئاماژە پێکراوەیە و تا ئەمڕۆش بەشێوەیەکی بەرفراوانتر و جیهانی تر هەر درێژەی هەیە.

(١-٢) زمانی ئەدەبی: ئەم بەشە وەک لە ئاوەڵناوی(ئەدەبییەوە) دیارە؛ شتێکی جیاواز لە زمانی ئاساییە. خودی ئەدەبیات لە بنەڕەتدا جیهانێکی بەرینی هونەرییە و ڕەنگە هەر بەردەنگێک بە ڕەوشتی جیاواز و تایبەتی خۆی، جۆرێک خوێندنەوەشی لەم جیهانە سەیروسەمەرەیەدا هەبێ، بێجگە لەوە ئەدەبیات دەلاقەیەکە بۆ تێڕامان لە دنیای دەرەوە و دەکرێ بڵێین ئەزموونی خوێندنەوەی ئەدەبیات، بەبێ کەڵک وەرگرتن لە زمانی ئەدەبی، نایەتە بەرهەم. فردیناند دو سۆسیر نێوەرۆکی زمان - بە گشتی - لە دوو بەشدا پێناسە دەکا: بەشی هەوەڵ گشتییەتی زمان، واتا وشە و دەستووری زمانە و بەشی دووەم جۆری بە کارهێنانی تایبەتی وشە و دەستووری زمانە لە دەقدا. کەوابوو بەشی

دووەمی ئەم پێناسەیەی سۆسیر کە یەکجار قسە هەڵدەگرێ و لە توانایی ئەم نامیلکەیەدا نییە، لە یەکەم هەنگاودا فەلسەفەی زمانی ئەدەبیمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە. زمانی ئاسایی - وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد- لە خۆیدا شتێکی پێناسە کراوە، وشە و زاراوە و ڕستە و دیالۆگ تێیدا، پەسندکراوی لای خەڵک و بە گشتی کۆمەڵگەن، بەڵام لە زمانی هونەری - ئەدەبیدا هەر چەشنە جوانکاری ئەدەبی و وردەکارییەکی هونەریی، لە خزمەت پەرەپێدان و ڕازاندنەوەی زماندایە کە ئامانجەکەی بۆ هەمان ئەدەبی کردنی زمانی دەق دەگەڕێتەوە. لە خۆڕا نییە عەرەب گوتوویانە «یجوز للشاعر ما لا یجوز لغیره»، واتە بۆ شاعیر ڕەوایە، ئەوەی کە بۆ غەیری شاعیر ڕەوا نییە. شاعیر جاری وایە بە شکاندن و تێپەڕین لە سنووری دەستووری زمان، زمانێکی بە تەواوی نائاسایی و جیاواز دەخولقێنێ کە ڕەنگە بە ڕوالەت کارێکی ڕەوای زانستی نەبێ، بەڵام بێ گومان ئەوە هونەری شاعیرە کە قەرەبووی ئەو دەست درێژییە زمانییە دەکاتەوە.

(١-٢-١) زمانی ئەدەبی شیعر و (ئارکائیسم): زمانی ئەدەبی شیعر- لە جەغزی پێناسەیەکی دەست نیشانکراودا ناگونجێ؛ بەڵام دەکرێ بڵێین هەر چەشنە تێکۆشانێکی هونەری لە زمانی شیعردا کە ببێتە هۆی جیابوونەوەی زمان کە زمانی ئاسایی، لەو بەشەدا دەگونجێ و شیاوی ڕاڤە و لێدوانە. شەفیعی کەدکەنی بە ڕاشکاوی لە کتێبی بە نرخی (موسیقی شعر)دا دەڵێ کە زمانی شیعر، هەمیشە زمانێکی هەڵبژاردە و جیاواز لە زمانی کووچە و شەقام، یان هەمان زمانی خەڵکی ڕەشۆکییە.(٣) یەکێک لە هۆی سەرەکی ئەو جیاوازییەش لە ڕوانگەی دکتۆر کەدکەنییەوە، ئەسڵی باستانگەرایی (Archaism)، یان ئارکائیسمە. ئاکارئیسم بە مانای درێژەی ژیانی زمانی ڕابردوو لەگەڵ زمانی ئەمڕۆیە. یانی ئەوەی کە شاعیر بە هونەری ئاکارئیسم چ لە واژە و چ لە ڕێزماندا، زمانی ڕابردوو لە ئەدەبیات و گوتاری ئەمڕۆدا دەبووژێنێتەوە. هەڵبەت مەبەست لە ئارکائیسمی واژەیی، تەنیا واژەگەلی فەرامۆشکراو و تەریک کەوتوو نییە، بەڵکو بەکارهێنانی ڕوالەتی کۆنی واژەیەکیش لە بەرانبەر ڕوالەتی نوێ و باوی ئەم واژەیەدا، هەر هونەری ئارکائیسمە.(٤) سەرنج بدەنە بەشێک لە شیعری (کچی بەیان)ی سوارە:

....باسی شەو مەکە
نە شایەری شەوم ...

لەم شیعرەدا، بەکارهێنانی وشەی (شایەر) لە جیاتی (شاعیر)، جۆرێک لە هونەری ئارکائیسمی واژەییە. سوارە دەیتوانی بڵێ (نە شاعیری شەوم) و وشەی (شاعیر) زۆر باوتر و بگرە بە ڕوالەتیش بێ؛ کەسایەتی لە وشەی (شایەر) بەرزترە، کەچی سوارە بە بەکارهێنانی ئەم وشەیە، هەمدیسان لە ئەدەبیاتی نەتەوەکەیدا ژیانی دووبارەی پێ بەخشیوەتەوە.

(١-٢-٢) زمانی ئەدەبی شیعر و (خەیاڵ): خەیاڵ لە بنەڕەتدا، زێدێکی نەناسراو و دنیایەکی بەربڵاوە کە تەنیا هەست پێ دەکرێ. مرۆڤ هەر خۆی دەزانێ بە درێژایی مێژوو، چ ئایدیاگەلێکی بە خەیاڵ ساز کردووە و سەرتاپای ئەم جیهانەی - لووتکە ئاسا- پێ نەخشاندووە، ڕەنگە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی و - بە گشتی - هونەری، خەیاڵی لێ بستێنییەوە؛ بێجگە لە چەند وشەی ڕەق و تەق و ساردوسڕ هیچی تری بۆ بەردەنگ پێ نەمێنێ. کەوابوو لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم خەیاڵە، کە ڕوح بە بەرجەستەی هەر بەرهەمێکی هونەریدا دەکا و هاواری هەرمانی، تا هەتایە لە گۆڕی مێژوودا زایەڵەی دێ. فرۆید لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مرۆڤی هونەرمەند لە ڕاستیدا دووچاری چەشنێک دژایەتی دەروونییە، لە بەر ئەوەی لە لایەک دەخوازێ هەستی خۆی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەربڕێ و لە لایەکی ترەوە توانایی ئەو کارەی نییە؛ هەر بۆیە پەنا دەباتەبەر خەیاڵ.(٥) وەها هونەرێک بە "خەیاڵ" پردێک لە نێوان نهێنییەکانی خۆی و ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگا هەڵدەبەستێ. هەڵبەت جێی سەرنجە کە خەیاڵ لە هەر دەقێکی ئەدەبیدا، خۆی خاوەن ڕەگەزی تایبەتە و جاری وایە کۆبوونەوەی چەند ڕەگەز لە دەقێکدا، وێنەیەکی بەرچاو لە خەیاڵ پێک دێنن. لە شیعری کوردیدا، ڕەگەزی سروشت، ئەوین، ئوستووەرە، بەیت و باو، کەسایەتی بەخشین و...تاد زۆر جار هەوێنی سەرەکی خەیاڵن. بۆ نموونە بەشێکی کورت لە شیعری (بۆمباران)ی عەلی حەسەنیانی دێنمەوە:

....جار جار دوو لک دار،
هەر وەک دوو دڵدار،
سەریان وێک دێنا، سرتەیان دەکرد....

لەم شیعرەدا کۆبوونەوەی ڕەگەزی سروشت و جوانکاری کەسایەتی و شوبهاندن، تابلۆیەکی بە تەواوی خەیاڵییان

عەتا نەهایی

پێک هێناوە. (لکی دار) تایبەت بە سروشتە، شوبهاندنی (لکی دار) بە (دڵدار) ڕەگەز، یان دەکرێ بڵێین جوانکاری شوبهاندنە و کار (فعل)ی "سەرویک هێنان " و "سرتە کردن" تایبەتی مرۆڤە و لێرەدا بە (لکی دار) تایبەت دراوە. خوێنەر لەو کۆپلە شیعرەدا بە تەواوی هەست بە بوونی خەیاڵێکی ناسکی شاعیرانە دەکا. کەوابوو شاعیر بۆ دەربڕینی خەیاڵی خۆی، لەو چەند ڕەگەزە ئاماژە پێکراوە کەڵکی وەرگرتووە.

خەیاڵ و ڕەگەزی پێکهێنەری خەیاڵ لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، زۆر بەرچاوە و وەک نموونە "دەربەندی پەپوولە"ی شێرکۆ بێکەس، بەو تایبەتمەندییە خەیاڵییەوە دەست پێدەکا (دڵۆپ دڵۆپ باران گوڵ ئەنووسێتەوە / نمنمەش چاوانم تۆ...) کە دیسان باران ڕەگەزی سروشتە و نووسین کە تایبەتی مرۆڤە، بە باران تایبەت دراوە و سەرجەمی ئەو ڕەگەزانە، دەستپێکی کەلامێکی سیحراوی و خەیاڵین، هەروەها کورتە شیعری گومان، قوربانی، وێنە، گڵکۆ و..ی مارف ئاغایی، ئاواز، دارستانی دارەپیرە، کارەسات و...ی جەلال مەلەکشا، بێزار، تاوان و...ی ڕەحیم لوقمانی خاوەنی ئەو تایبەتمەندییەن، بێجگە لە شیعر، ڕەگەزی خەیاڵ لە زمانی ئەدەبی پەخشانیشدا (پەخشان) هەڵگری لێکۆڵینەوەیە کە دیارە پێش لە هەموو شتێک، پێشینەی پەخشاننووسی لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆر کەمە. من پێم وایە ئێمە ئێستا زیاتر لە هەر سات و وەختێکی تر، پێویستیمان بە نووسینی پەخشان بە هەموو شکڵەکانییەوە وەک ڕۆمان، چیرۆک، ڕەخنە، پەخشان، یان تەنانەت هەر دەقێکی ئەدەبی هەیە. زمان کاتێ گەیشتە ئەو ئاستەی کە پەخشانی بەهێزی پێ بنووسرێ؛ بێ گومان، بێجگە لە دەوڵەمەند بوون، هەنگاو بە هەنگاو لە ڕێسای وەرگرتنی جیهانی (پذیرش جهانی)ش نزیک دەبێتەوە. زمانی سەردەمی ڕۆمانی «پێشمەرگە»ی ڕەحیم قازی و کۆمەڵە چیرۆکی «پێکەنینی گەدا»ی حەسەن قزڵجی کە هەردووکیان لە بەرهەمی ڕیالیزمی پەخشاننووسین و لە دەرەوەی وڵات چاپ و بڵاو بوونەتەوە؛ دەکرێ بڵێین ڕچەی پەخشاننووسینیان بۆ زمانی بەرەی دوای خۆیان شکاند. بە دوای ئەواندا لە ناوخۆی وڵات، «باقەبێن»ی ئەحمەد قازی، ڕۆمانی «هاوارەبەرە»ی فەتاح ئەمیری و کۆمەڵە چیرۆکی «زریکە»ی عەتا نەهایی، لە تێکۆشانە سەرەتاییەکانی پەخشاننووسی بوون. بەختەوەرانە کاروانی پەخشاننووسی کوردی بەو نووسەرانە کۆتایی نەهات و بەرهەمی جیاواز، لەو نووسەرانە، هەروەها لە نووسەرانی بەرەی دوای ئەوان هاتە ئاراوە کە پێ بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر کۆمەڵگای کوردەواریدا دێ؛ ئەو بەرهەمانەش ئاڵوگۆڕییان بەسەردا هاتووە. هەڵبەت پۆلێنبەندی و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بەرهەمە پەخشانییانە، وتارێکی سەربەخۆ دەخوازێ و من لێرەدا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک، سەرنجتان بۆ ڕەگەزی خەیاڵ لەو ڕستانەدا ڕادەکێشم. بۆ نموونە لە ڕۆمانی "زیندە خەو"ی نووسینی فەتاح ئەمیریدا:

نەرم نەرم ئاهەنگ خەم دەبارێنێ...

لەم ڕستەیەدا، شێوەی دەربڕینی زمان، جیاواز لە شێوەی دەربڕینی ئاساییە. ئێمە لە زمانی ئاساییدا دەڵێین «ئاهەنگێکی خەمناکە»، بەڵام پێکهاتەی ڕستە لە زمانی ئەدەبیدا، جیاوازە و خوێنەر لێرەدایە کە بە شێوەیەکی نائاسایی ڕووبەڕووی زمان دەبێتەوە.

یان لە ڕۆمانی " باڵندەکانی دەم با"ی عەتا نەهاییدا:

لەو ماوە کورتەدا پێکەنین بە ڕوخساری هەردووکیانەوە وشک بووبوو، وەریبوو...

ئەم ڕستەیە جیلوەیەکی تر لە ڕستەی «پێکەنین لە لێویان بڕابوو» کە دیارە "وشک بوون" و "وەرین" تایبەت بە گوڵە و لێرەدا جوانکاری شوبهاندن، بە شاعیرانەترین

شێوە کەڵکی لێ وەرگیراوە. شوبهاندنی پێکەنین بە گوڵ دەتوانێ دوو ڕووی وێچکوون بێ کە یەکیان جوانی و ئەوی تریان کەم تەمەن بوونی پێکەنینە، کە لە هەر حاڵدا زمانی ڕستەی پێ ڕازاوەتەوە و دەکرێ بڵێین ڕستە، ڕستەیەکی خەیاڵییە.

(١-٢-٣) زمانی ئەدەبی شیعر و (مۆسیقا): مۆسیقا و کێشی شیعری لە ڕاستیدا باسێکی فرە ڕەهەند و بەربڵاوە کە لێرەدا بە پێی توانایی ئەم نووسینە، ئاماژەیەکی خێرا بە هەندێک لایەنی پێوەندیدار بەو باسەوە دەکەم. دیارە ناکرێ دەورەیەکی تایبەتی مێژوویی بۆ مۆسیقای کەلامی مرۆڤ دەستنیشان بکرێ، لە بەر ئەوەی لە بنەڕەتدا دەستپێکی ئەو مێژووە بۆ ئێمە ڕوون نییە، بەڵکو لە ئینجیلی یووحەنادا هاتووە: «لە سەرەتاوە (وشە) بووە، (وشە) لە لای خوداوە هاتووە و (وشە) خودی خودایە»، تەنانەت ناوی یەکێک لە خودایانی میسر، خێرن (Khern) بووە کە مانای هەمان وشە، یان کەلیمەیە. (٦) ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە هەر لە کۆنەوە مۆسیقا و شیعر لە زەینی مرۆڤدا یەک بووە و شیعر بە کەلامێکی کێشدار و جادوویی پێناسە کراوە. کەوابوو کێش (وزن)ـە کە مۆسیقا لە جەوهەری شیعردا پێکدێنێ و ئەو پێکهێنانەش هەر هەمان دەستکردی تەناسوبی نێوان وشەکانە. بە وتەی شەفیعی کەدکەنی، مەبەست لە کێش، ڕازاندنەوەی شیعر نییە، بەڵکو کێش دیاردەیەکی سروشتییە کە چاوپۆشی لێ ناکرێ. (٧) خەلیل ئیبنی ئەحمەدی فەراهیدی لە ئەدەبیاتی عەرەبدا یەکەم کەس بوو کە بە شێوەیەکی زانستی، پازدە بەحری لە کێشی عەرەبیدا هێناوەتە بەرباس و دواتر ئەدیب و شیعرناسانی فارس، چوار بەحری دیکەیان پێ زیاد کرد و ژمارەی ئەو بەحرانەیان گەیاندە نۆزدە. کەوابوو تا ئێرە مۆسیقای کەلامی شیعر، بەڵگەیەکی حاشا هەڵنەگرە بۆ جیاوازی زمانی ئەدەبی شیعر لەگەڵ زمانی ئاساییدا. وەک دەزانین سەرەتای بزاڤی مەشروتە خوازی لە ئێرانداو پێکهاتنی ئاڵوگۆڕی کەشوهەوای ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، هەروەها گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی و ناسیۆنالیستی، هۆی خوێندنەوەی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی و وەرگێڕانی ئاسەواری نووسەرانی ئەوروپایی لە ناوخۆی وڵاتە پێکهێنا و شیعریش وەک بەرچاوترین دەستکردی خەیاڵی هونەر، کەوتە بەر تەوژمی ئەو گۆڕانکارییانە. بۆ نموونە لە بواری کێش و مۆسیقای شیعردا، شاعیرانێکی وەک شەمسی کەسمایی و تونەدرکیا، ئەزموونی شکاندنی کێشە عەرووزییەکانیان دەست پێکرد و یەحیا دەوڵەت ئابادی هەوڵی نووسینی شیعری لەسەر کێشی هیجاییدا هێنایە ئاراوە، هەروەها (میرزادەی عیشقی)ش لە (برگ باد برده)دا لە تێکۆشەرانی ئەم ڕێبازە بوو کە مەرگی کتوپڕی، دەرفەتی پێشکەوتنی زیاتری لێ ئەستاند. (٨) سەرجەمی ئەم هەوڵە ئاماژە پێکراوانە سەرنجام لە نیمادا بە ئامانج گەیشت و نیما بە ناسیاری لە ئەدەبی فەرەنسە، شیعری فارسی تازە کردەوە، هەروەها ڕەوتی تازەگەری لە شیعری کوردیدا- وەک هەوڵە سەرەتاییەکان - لە باشووری کوردستان بە (گۆران) و(شێخ نووری)یەوە دەستی پێکرد و گۆران لە ژێر کاریگەری ئەدەبی تورکی، چەشنێک یاخی بوونی لە کێشی شیعریدا ئەزموون کرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا کە سواره بە شێوەیەکی بەرچاوتر ئەو دەلاقە نوێیەی لە شیعری کوردیدا کردەوە؛ بێ گومان لە ژێر کاریگەری حاشاهەڵنەگری نیما و شیعری فارسیدا بوو، ئەگەرچی یەکەم شیعرێک کە بە شێوەی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نووسراوە، شیعری (جەللاد)ی عەلی حەسەنیانی (هاوار)ـە و ئەم شیعرە بە ئاشکرا شۆڕشی نوێخوازی بە ڕوخساریدا دیارە، هەرچەند لە بەحری (هەزەج)دا هۆنراوەتەوە؛ بەڵام خۆی لە کێش و سەروای مەعمووڵی (ئاسایی) شیعری نەریتی دەرباز کردووە:

وەرە جەللاد! مفاعیلن
وەرە گیانم هەموو لەت لەت بکە تاکو بزانی چۆنە ئیمانم
مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن
ئەتۆ جەللاد! مفاعیلن
ئەگەر دەربێنی ئێسکانم، مفاعیلن، مفاعیلن
ئەگەر بێنی لەبەر چاوم بکووژی گشت عەزیزانم
مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن
بە وەڵڵاهی، مفاعیلن
بە خاکی پاکی کوردستان، مفاعیلن، مفاعیلن
ئەمن کوردم قەتیش نالێم پەشیمانم مفاعیلن، مفاعیلن، مفاعیلن

لەم شیعرەدا پەیڤ بە تەواوی شیعاریيە (دروشماوی) و هیچ جوانکارییەکی ئەوتۆی شاعیرانەت بەرچاو ناکەوێ، بەڵکو گرنگ جۆری بەکار هێنانی مۆسیقایە و مۆسیقای دەرەکی کە هەمان کێشی شیعرەکەیە، گۆڕاوە. ئیتر شاعیر لەم فۆرمە شیعرییەدا بە پێی پێویست،

ڕستەکان کەم، یان زۆر دەکا و ناچار بە خۆبەستنەوە لە چوارچێوەی عەرووزیدا نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە شیعری عەرووزیدا شاعیر کاتێک بەرهەمێکی شیعری لە بەحرێکدا دەست پێدەکا، ناچارە تا ئاخری شیعرەکە، هەر بە ڕێوشوێنی کێشە عەرووزییەکەدا بڕوا. ئەوەش نموونەیەک لە هەمان بەحری (هەزەج)دا:

لە کۆ ئەسرین دەبارێنم لە بۆ کوردی پەڕاگەندە
لە گەرمێن غەرقی ئارەق بووم و چاوم هەر لە سامڕەندە

لەم دەسپێکەی شاعیری گەل (هێمن)دا کە لە بەحری (هزج مثمن سالم) دایە، بە شێوەی (مفاعیلن،مفاعیلن، مفاعیلن،مفاعیلن - مفاعیلن،مفاعیلن،مفاعیلن، مفاعیلن) هاتووە، بە وتەیەکی تر چوار جار و بە هەردوو میسرەعەکە، هەشت جار ڕوکنی (مفاعیلن) دووپات بۆتەوە و شاعیر ناچارە ئەم ڕێسایە تا کۆتایی غەزەلەکە درێژە پێ بدا و وەک دیتمان لە شێوەی نوێدا، شاعیر دەروەستێکی بۆ ئەنجامی ئەو کارە نەبوو. لەو شێوە ئەزموونە لە شیعری شار، کچی بەیان، خێڵی درۆ، سروەی بەیانی و... تاد سوارە ئیلخانی زادەدا بەرچاوە. سوارە ئیلخانیزادە بە چەشنێکی ئاشکراتر لە "هاوار" و "چاوە" گۆڕانکاری بە سەر شیعری کوردیدا هێنا و(تنوع معنا) لە شیعری سوارەدا، وەک ئەسڵێکی تایبەت شیاوی سەرنجە، ئەگەرچی ڕەنگە هەر ئەو ئەسڵە هەندێک تێگەیشتی شیعری سوارەی بۆ بەردەنگ دژوار کردبێ، بەڵام دوور نییە سوارە ویستبێتی بەو بۆنەیەوە، ئەزموونێکی نوێ بێنێتە نێو دنیای نووسینی شیعری کوردییەوە. لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم شیعری سوارە، شیعری سەمبۆلیکە. شاعیری سەمبۆلیست بە کەڵک وەرگرتن لە هەندێک نەماد، نهێنییەکانی دەروونی خۆی بۆ بەردەنگ باس دەکا. سوارە تەنانەت لە شیعری (شار)دا ڕاستەوخۆ لە وشەی «ڕەمز» و «میسال» و «مەزهەر» کەڵک وەردەگرێ:

...لە شارەکەت، کە ڕەمزی ئاسن و منارەیە
مەلی ئەوین غەوارەیە
ئەڵێی لە دەوری دەست و پێم
ئەوەی کە تیڵ و تان و ڕایەڵە، کەلەبچەیە
ئەوەی کە پەیکەرە، میسالی داوەڵە
ئەوەی کە دارەتێلە، مەزهەری قەنارەیە....

یان لە شیعری (کچی بەیان) کە وەک بەرچاوترین شیعری سەمبۆلیکی سوارە دەتوانین ناوی لێ ببەین:

... جەنگەڵێ کە جێژوانی پۆڵەپۆڕی باڕییە
جێگە مۆڵی کەمتیار و گورگ و ڕێوییە...

بە تایبەت ئەم بەشە لەو شیعرە، خوێنەر وەبیر ئەو پێناسەیەی بۆدلێر (شاعیری سەمبۆلیستی فەرەنسەوی) دەخاتەوە کە "جیهان بە جەنگەڵێکی پڕ لە نەماد دەزانێ."(۹)، هەروەها (شۆڕەبی، زەلکە، شەو، خەو، ئاڵی زاڵی شەو، خەساری بێ گەڕانەوە و ...تاد) هەرکام سەملێنەری سەمبۆلیسمن لەم شیعرەی سوارەدا، بێجگە لەوەی لە مێژووی ئەدەبی سەمبۆلیسمدا، شاعیرانی سەمبۆلیست گرینگییەکی زۆریان بە بەستە و ئاهەنگی وشە لە شیعردا دەدا و پێیان وابوو ئەوە ئاهەنگی وشەیە کە دەتوانێ ڕاگوێزەری ڕاستەوخۆی هەست و خوستی شاعیر بێ و لەو ڕوانگەیەوە بڕوایان بە پێگەیەکی هاوبەش لە نێوان شیعر و مۆسیقادا هەبوو. شیعری سوارەش وەک ئاماژەم پێکرد، لە شار/کچی بەیان / خێڵی درۆ/سروەی بەیانی و...دا ڕێسای تایبەتی عەرووزی شکاوە و لە شیعری تۆ دەریامی/شەنگە سوار/ بانگەوازی پەنجەرەو...دا مۆسیقایەکی تایبەتتر هەست پێدەکرێ. تا ئێرە باس لە مۆسیقای دەرەکی(۱۰) کرا کە زیاتر کێشی شیعری دەپێکا، بێجگە لەو چەشنە مۆسیقایە، مۆسیقای کەناری (کناری)ش(۱۱) شیاوی سەرنجە کە تێیدا ئاڵوگۆڕی سەروای شیعرەکە، دەبێتە تەوەرەی بابەت. هەڵبەت وەک لە ناوی (کەناری)ڕا دیارە، سەروکاری شاعیر لەگەڵ سەروا و ڕەدیفە کە لە ڕاستیدا کەنار، یان گۆشەی شیعرەکە پێکدێنن و بە پێچەوانەی شیعری عەرووزی، شاعیر لەو چەشنە مۆسیقایەدا بە دڵخوازی خۆی و بە پێی مۆسیقای شیعرەکە، سەروا، یان ڕەدیف دووپات دەکاتەوە. لە ئەدەبی کوردیدا، شیعرەکانی عەبدوڵڵا پەشێو - بە گشتی - نموونەی بەرجەستەی مۆسیقای کەنارین، ئەگەرچی مۆسیقای (دەرەکی)ش لە شیعرەکانی پەشێودا بەرچاوە، بەڵام مۆسیقای کەناری بە تەواوی مانا هەست پێ دەکرێ و دەبینرێ. لە بەر ئەوەی مۆسیقای کەناری، پێوەندی ڕاستەوخۆی بە بەستەی شیعرەکەوە هەیە و لە شیعری پەشێودا، سەروا، یان ڕەدیفی شیعری، زۆر وەستایانە بە هاواری مۆسیقای گشتی شیعرەکەوە دێ و دەبێتە هۆی پاراستنی یەکگرتوویی مۆسیقاکە. بۆ نموونە سەرنج بدەنە کورتە شیعری (گەوهەر) لە دیوانی (هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا)ی عەبدوڵڵا پەشێودا:

گەر بە دەریا بێ،
چی لە ناخدایە دەیدایە شەپۆل.

گەر بە شەپۆل بێ،
چی لە ناخدایە دەیدایە کەنار.
کەچی لە سالآن، لە مانگان جارێک
دەنکە گەوهەرێک بە شەپۆل دەبرێ،
ئەویش دەیخاتە کۆشی کەنارێک!
پەلەم لێ مەکەن!
منیش پێلێکم
بێ ئوقرە و ئارام، هەردەم بەڕێوە.
بە دەگمەن ....دەریا
دەنکە گەوهەرێک لە دەستم دەنێ،
ئەویش ڕادەدەم بۆ کۆشی ئێوە.

لە کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەدا، وشەی (جارێک) لەگەڵ (کەنارێک) بۆتە سەروا و لە کۆپلەی دووەمدا، (بەڕێوە) لەگەڵ (ئێوە)، سەروای شیعرەکەیان - کە لە ڕاستیدا مۆسیقای ئاهەنگین و دواجاری شیعرەکەشی - ساغ کردۆتەوە و نموونەیەکی ئاشکرای مۆسیقای کەناری لەم کورتە شیعرەدا پێکهاتووە.

(١-٢-٤) زمانی ئەدەبی شیعر و (جوانکاری زمانی): وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، هەر چەشنە جوانکارییەکی ئەدەبی، یان هونەری، لە زماندا ڕوو دەدا و خۆی ئاشکرا دەکا، هەر بۆیە لە (جوانکاری زمانی) وەک سەردێڕی ئەم بەشە لە وتارەکە کەڵکم وەرگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا فەلسەفەی جوانکاری هونەری ئەوەیە کە ڕوانگەی بەردەنگ بەرانبەر بە دیاردەکانی سروشت و کۆمەڵگا بگۆڕێ. (گۆڕان)یش لە خودی دیاردەکانی سروشت، یان کۆمەڵگادا نییە؛ بەڵکو لە جۆری ڕوانینی مرۆڤدایە کە ئەم چەشنە ئاڵوگۆڕە پێکدێ. ئەرکی ڕاستەقینەی ئەم گۆڕانەش لەسەر شانی هونەرە و ڕاگوێستنی هەر جۆرە مانایەکی هونەریش بە زمانە.

بە وتەیەکی تر جوانکاری هونەری، سنووری نێوان زمانی ئاسایی لەگەڵ زمانی ئەدەبی لێک جیا دەکاتەوە و - بە گشتی - هەر جوانکارییەکی ئەدەبی وەک خوازە، نەماد، وێنەپەردازی، ئاوێتەکاری هەستەکی، جیناس، شوبهاندن (بە هەموو ڕوکنەکانییەوە)، مەجاز، ڕەچاوکردنی هاوتا (مراعات نظیر) تەوس و...تاد، بێجگە لە ڕازاندنەوەی زمان؛ بەڵگەی جیاوازی زمانی ئەدەبی لە زمانی ڕەشۆکی (عامیانە)شن، هەروەها دەکرێ بڵێین "عادەت شکاندن" لە دەقدا، بەرچاوترین ئەرکی هونەری ئەو جوانکارییە ئاماژە پێکراوانەیە، چونکە خودی «عادەت» بەرانبەرە لەگەڵ زمان و ڕوانینی ئاسایی و دەیجا سروشتییە هەر شتێکی کە بە پێچەوانەی عادەت بێ؛ شتێکی نائاسایی و ئەزموون نەکراوە و لەو ڕەهەندەوە دەکرێ ناوی(زمانی ئەدەبی) لێ بنێین. با بەیەکەوە بەیتێکی مەحوی بخوێنینەوە:

لە عوششاق و ڕەقیب ئەو شۆخە چاوی لوتفی وەرگێڕا
کە ئاسک ئادەمی یا سەگ ببینێ، غەیری سڵ چ بکا؟

ئەم بەیتەی مەحوی - شاعیری گەورەی کورد - بە ڕوالەت زۆر ساکارە، بەڵام کاتێک سەرنج دەدەی؛ جیهانێکی بەربڵاو لە هەستی شاعیرانە و شانۆیەکی بەرچاو لە زمانی ئەدەبی تێدا بە دی دەکەی. من لێرەدا سەرجەمی ئەو جوانکارییانە کە لەو بەیتەدا وەبەر چاو دەکەون، بە پێناسەوە ئاماژەیان پێدەکەم:

١- ڕەچاوکردنی هاوتا (مراعات نظیر): بەو جوانکارییە دەگوترێ کە لە شیعر، یان تەنانەت لە پەخشاندا، وشەگەلێکی کە پێوەندی و تەناسوبیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، پێکەوە بە کاریان بێنین، بۆ نموونە ئەم جوانکارییە لە وشەگەلی (عوششاق) و (ڕەقیب)دا بەرچاوە.

٢- خوازەی مەکنییە (استعارە مکنیە): لێکچوونێکە کە لێکچووەکەی بێهەکەی مرۆڤە و شاعیر لە (چاوی لوتف)دا، بە نهێنکارییەکی شاعیرانە، (لوتف)ی بە مرۆڤ چووانووە، هەروەها بە بەخشینی چاو - کە تایبەتی گیاندارە - بە لوتف، لە ڕاستیدا کەسایەتی ڕاستەقینەی بە لوتف بەخشیوە.

٣- واژەئارایی (واج آرایی): دووپات بوونەوەی پیتێکی هاوبەشە لە واژەدا کە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر مۆسیقای ناوەکی (دروونی) شیعرەکە دادەنێ. پیتی (ش) لە تاکی یەکەمدا و پیتی (س) لە تاکی دووەمدا، جوانکاری واژە ئاراییان پێکهێناوە.

٤- لەف و نەشری شێواو (لف و نشر مشوش): بە گشتی هێنانی چەند واژە لە تاکێکی شیعری، یان لە بەشێک لە نووسراوەیەکدا کە شیکردنەوەی ئەو واژانە، لە دڕێژەی تاکەکەی تری شیعرەکە، یان ئەو بەشەی دیکەی نووسراوەکەدا هاتبێ و بەو چەشنە پێوەندییەک لە نێوان سەرجەمی ئەو واژانەدا ساز بووبێ. شاعیر لە تاکی یەکەمدا، وشەگەلی (عوششاق)، (ڕەقیب) و (شۆخ)ی بەکار هێناوە و لە تاکی دووەمدا، بە گەڕانەوەی (ئاسک) بۆ (شۆخ)، (ئادەمی) بۆ (عوششاق) و (سەگ) بۆ (ڕەقیب)، پێوەندییەکی شێواوی لە نێوان ئەو واژە شیعرییانەدا ساز کردووە، بێجگە لە سەرجەمی

ئەو جوانکارییانە، وەک چۆن لە بنەڕەتدا دیوانی مەحوی پڕە لە تەشەرهاویشتن و شاعیر زۆر جار پلاری تەوس و توانج دەگرێتە ناحەز و نەیاران و ڕەقیبان؛ لەو بەیتە ئاماژە پێکراوەشدا، لە وشەی (سەگ) بۆ ڕەقیب کەڵک وەردەگرێ، هەروەها بە کەڵک وەرگرتن لە وشەی (عوششاق) هەوڵ دەدا پێگەی مەعشووق زیاتر و زیاتر بەرز بکاتەوە.

نموونەیەکی دیکەی عادەت شکاندن کە زمانی ئەدەبی تێدا بەرجەستە بۆتەوە، لەو شیعرەی مارف ئاغاییدا بەرچاوە:

...بەر بەیانی
لە سەر کێلی ڕۆژهەلاتی ئەم گڵکۆیە
هەر دڵۆپێک دەبێتە پەیکی گزینگ و تاریکایی دەشواتەوە

شتنەوەی تاریکی لەم شیعرەدا، بە مانای لابردنی تاریکییە و تەنیا لە زمانی ئەدەبیدایە کە ئەم جۆرە عادەت شکاندنە دێتە گۆڕێ، دەنا لە زمانی ئاساییدا ئەم جۆرە پەیڤینە، بە تەواوی نائاسایی و دوور لە زمانی دیالۆگە.

یان لەم پەخشانە شیعرەی شێرکۆدا:

....هەر خۆتان نین. تەماشا کەن:
درەختێکتان لێ ئەکوژن
من لێرەوە، بەژنی سپی
درەختەکەم، خوێنی لێدێ.
من لێرەوە
هەناسەی ژوورم تەنگ ئەبێ
لە لای ئێوە کانییەکی بچووک بگری
من لێرەوە منداڵێکم
تینووی ئەبێ....

لەم پەخشانە شیعرەی شێرکۆ بێکەسدا، دیسان دیاردەکانی سروشت وەک درەخت و کانی و ...تاد گیانیان بە بەردا کراوە، کەوابوو جیهانی ئەدەب و بە گشتی هونەر، جیهانی ئاڵوگۆڕی پێکهاتەکانە و لایەنی جوانیناسی هونەری، ڕاستەقینەیەکی حاشا هەڵنەگرە. هونەر هەرچی زیاتر هەوڵ دەدا بۆ ئەوەی جوانییەکانی سروشت ئاشکراتر بکا. بەو پێیە ڕازاوەترین هونەر، هونەرێکە کە چێژی زیاتر بە بەردەنگەکەی ببەخشێ. هەڵبەت بە وتەی کانت، مرۆڤ لە دەوروبەری سروشتی خۆیدا، خوازیاری هەقیقەتە و ئەم وتەیەی کانت بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە بێجگە لە جیلوەی جوانیناسی هونەری، مرۆڤ بەردەوام بە دوای کەشف و دۆزینەوەی ڕاستەقینەکانی دەوروبەری خۆیەتی. هەر دەقێکی ئەدەبی - یان بەرفراوانتر بڵێم - هەر بەرهەمێکی هونەریش، بێجگە لەوەی بە جوانییەکانی خۆی، چێژ بە مرۆڤ دەبەخشێ؛ لە ڕاستیدا بە ئاراستەکردنی هەقیقەتەکانی سەردەمیش، مرۆڤ لە چۆنیەتی چاخ و دۆخی ژیانی خۆی دەگەیەنێ. جیهانی هونەری، جیهانی تێڕامان و تێفکرینە و مرۆڤ تێیدا شادی و بەختەوەری، خولیاو پەژارە و بە گشتی ڕەنگدانەوەی هەموو ڕووداوەکانی کۆمەڵگای خۆی تێدا دەدۆزێتەوە.

سەرچاوە و پەراوێز:

١- بێجگە لەوە لە ڕەوتی نوێخوازیی شیعریشدا، لە باشووری کوردستان لە ژێر کاریگەریی ئەدەبیاتی تورکیدا و لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا لە ژێر کارتێکەری شیعری فارسی، ئەدەبیاتی کوردی نوێ بۆوە و بە وتەی ڕەحیم لوقمانی (شاعیر) هیچ کام لە بزاڤە ئەدەبییەکانمان لەسەر زەمینەیەکی فیکری و ڕۆشنبیری خۆمان نەهاتۆتە ئاراوە.

٢- و من ایاته خلق السماوات و الأرض و اختلاف السنتکم والوانکم ان فی ذلک لایات للعالمین. (سورە روم ایە ٢٢) واتە: لە نیشانەکانی خودا، دروست کردنی ئاسمانەکان و زەوی، هەروەها جیاوازی نێوان زمان و ڕەنگەکانە و لە سەرجەمی ئەوانەدا، نیشانەگەلێک بۆ جیهانییان بەرچاوە.

٣- محمد رضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، تهران، مؤسسه انتشارات آگاه - چاپ هفتم١٣٨١صفحه ٢٤.

٤- هەمان سەرچاوە، بڕوانە لاپەڕە ٢٥.

٥- حسین پاینده، گفتمان نقد (مقالاتی در نقد ادبی)، تهران، نشر روزنگار، ١٣٨٢صفحه ٨٤.

٦- ا.ج. اریان پور، جامعه شناسی هنر، تهران، دانشگاه تهران ١٣٤٥صفحه ٢٦.

٧- محمدرضا شفیعی کدکنی، موسیقی شعر، تهران، مؤسسه انتشارات آگاه، چاپ هفتم ١٣٨١ صفحه ٤٨.

٨- هەڵبەت تەقی ڕەفعەت و جەعفەری خامەنەیی، هەندێک نوێخوازییان لە بەستێنی سەروابەندی (قافیه بندی)دا هێنا ئاراوە.

٩- سیما داد، فرهنگ اصطلاحات ادبی، واژەنامه مفاهیم و اصطلاحات ادبی فارسی و اروپایی (تبلیغی وتوضیحی)، تهران، انتشارات مروارید ١٣٨٢صفحه ٢٩٥.

١٠ و ١١- مۆسیقای دەرەکی و کەناری، لە بەرکارهێنانی شەفیعی کەدکەنییە کە لەم وتارەدا کەڵکیان لێ وەرگیراوە.

کورتەیەک لە مێژووی عیبرانییەکان

کەلسوومە جەمیل
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)

پێشەکی

کۆمەڵێک لە هۆز و ڕەگەزی سامی نەژاد کاریگەرییان بەسەر ڕەوشی مێژوویی و شارستانێتی وڵاتی شامدا هەبووە، کە لە شێوەی شاڵاو و کۆچی جیاواز لە ناو مێژووی کۆندا ڕوویان دا و ڕوویان لە هەرێمەکانی وڵاتی شام کردووە و سەرەڕای هەبوونی دانیشتوانی هەرێمەکە، خاوەنی شارستانێتی تایبەتی خۆیان بوونە. زۆربەی هۆزەکان لە ڕووی شارستانێتییەوە دواکەوتوو بوونە، بەڵام بە هۆی تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ دانیشتوانی دەڤەرەکە، تواناییان ببنە کارەکتەری سەرەکی لە ناوچەکە، وەک فینیقییەکان کە لە ڕووی زمانەوە بوونە خاوەنی ئەلفوبێی سەربەخۆی خۆیان. لەمەش زیاتر تا وایان لێهات زۆربەی نەتەوەکانی جیهان سوودیان لێ ببینی. دوای ئەوەی لەوانیان وەرگرتووە، وەک یۆنانییەکان ئەوانیش لە ڕێگای خۆیانەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپایان گواستۆتەوە، هەروەها ئامووریییەکان کە لە کۆچبەرە سەرەتاییەکان بوونە بۆ بەشەکانی وڵاتی شام، زۆربەی ڕێژەی دانیشتوانی ناوچەکەیان پێکهێناوە، هەروەها ئارامییەکان و کەنعانییەکانیش بە هەمان شێوە، بۆ هەرێمی سوریا، یان وڵاتی شام کۆچیان کردووە (وڵاتی شام لەسەردەمی ئیسلامەتی ئەم ناوە بەکارهێنراوە کە مەبەستی سوریا و لبنان و ئوردن و فەلەستینی ئێستایە، بەڵام سوریا (سریا) یان سوریای مەزن کە هەمان مانای وڵاتی شام دەگەیەنێ، ئەوە زیاتر یۆنانییەکان ئەم ناوەیان بەکار هێناوە).

ئەم نەتەوە سامی نەژادانە تواناییان پاش کۆچ کردنیان بۆ هەرێمەکە و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ خەڵکە بنەڕەتییەکەی ئەوێ، بوونە خاوەن شارستانێتی دیار و کارا لە ناوچەکە و دواتریش بۆ گشت وڵاتانی جیهانی

کـۆن. جـا لەم کـورتە باسـەدا هەوڵ دەدەین تیـشکێک بخەینە سەر مێژووی عیبرانییەکان.

عیبرانییەکان

عـیبرانییـەکان چوارەم کۆچی نەتەوە سامی نەژادەکانن بۆ (سـوریا) وڵاتی شـام، بە واتای کـۆچی یەکـەم ئامـووریـیـەکـان بـوونە، دووەم کـۆچ فـینیـقـیـیـەکـان - کەنعانـیـیـەکان بوونە، سێیـەم کۆچ ئارامـیـیـەکان بوونە، چوارەم کۆچیش عـیـبرانیـیـەکـان بوونە، بەڵام ئەو هەمـوو کـۆچانە بۆ هەمـان دەڤـەری سـوریا نەبـووە: هۆزی ئامـووریـیـەکـان لەبەشی باکـوور و کـەنعـانـیـیـەکانیش لە ناوچە کەناریـیـەکان و ئارامـیـیـەکان لە ناوەڕاستی وڵاتی شام نیشتـەجێ ببـوون، بەڵام عـیـبرانیـیـەکان بۆ بەشی باشوور کۆچیان کردووە و لە فەلەستین نیشتەجی بوونە. لەبارەی ناوی عـیـبـرانیـیـەوە چەندان بۆچوونی جیـاواز هەیە، هەندێک وای بۆ دەچن ناوی عـیـبـرانی لە وشەی(عابر)ـەوە هاتووە، ئەمەش دەڵێن لەبەر ئەوە بووە کـە لە مـێـژووی ژیانیـانەوە چەندان گـەشت و کـۆچیـان کـردووە. هەر لە سـەردەمی باپیـرە گـەورەیان ئیـبـراهیم سـەلامی خـوای لێ بی کـە لە عـیـراق بووە و دواتر بۆ بیابانی وڵاتی شام کۆچیان کردووە، لەوێشەوە ئینجا بۆ میسر، یان ناوەکەیان بۆ وشەی (پەڕینەوە)، یان (بڕینی ڕووبار - عـبـر النهـر) کـە لەوانە هاتبێ، کـە یەکێ لە کـۆچەکـانیـان بۆ ڕووباری ئوردن بووە، یان بۆ گـەشـتی سێیەمیان کە لەگەڵ پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لێ بێ) دەریایان بڕیوە، هەندێکی تر وای بۆ دەچن کـە ناوەکەیان بۆ ناوی کەسایەتییەک بگەڕێتەوە کە لەوانەیە باپیرە گەورەیان بوو بێت.

هەرچەندە بەڵگە و نووسـراوەی دروست و تەواو لە بارەی مێژووی عـیـبرانیـیـەکـانەوە لەبەر دەسـتدا نییـە، ئەوەشی هەیە تەنیـا ئامـاژەیەکی کـەمـە ئەویش لە پاشـمـاوەی ئەو هۆزانەی پێـوەندیان لەگەڵیـان هەبووە، هاتووە و ئامازەیان پێ کـردوون، هەروەها ئەو مـێـژووەی کە لە (تەورات) کـتێبی پیـرۆزی جوولەکەکاندا هاتووە، (هەرچەندە بەشی زۆری هەڵبـەسـتـراوە و دوورە لە ڕاسـتی)، بەڵام لەگـەڵ ئەمـەشـدا مـێـژوونووسـان بە سەرچاوەیەکی سەرەکی مێژووی کۆنی عـیـبرانیـیـەکانی دادەنێن.

بە پێی ئەوەی لەتەوراتدا هاتووە، مـێـژووی کـۆچی عـیـبرانییەکان بە سێ قۆناغ تێپەڕیوە. کۆچی یەکەم بۆ ئەو ناوچە بیـابانیـیـەی کە لە باکـووری عـیـراق نزیک بووە لە سـەدەی ١٨ پ.ز کـە هاومـێـژوو بووە لەگـەڵ هێـرشی هۆزەکـانی هکسـۆس لەبەشی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست. کـۆچی دووەم دەگـەڕێتـەوە بۆ هەمـان کـاتی کـۆچی ئارامـیـیـەکـان بووە، واتا لە سـەدەی ١٤ پ.ز. کـۆچی سـێـیـەم بۆ کـۆتاییـەکـانی سـەدەی ١٣ پ.ز دەگەڕێتەوە پاش ئەوەی لە دوورگەی سینا بوون لە میسر شار بە دەرکران لەگەڵ پێغەمبەر مووسا (سەلامی خوای لێ بێ) بۆ بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی فەلەستین کۆچیان کردووە.

کۆچی یەکەم لە مێژووی عیبرانی بۆ هەرێمەکانی وڵاتی شام بووە. دانیشتوانی ئەم هەرێمە لە هۆزەکانی ئامووری و کەنعانی و ڕەگەزی تری وەک خووری و حیسی لەوێ بوونە و تواناییان لەگەڵیان تێکەڵ بن و لەوێ نیشتەجێ بوونە و شارستانێتی هەرێمەکەیان وەرگرتووە وەک:

١- فێری کشتوکاڵ و ژیانی نیشتەجێیی بوون.

٢- زمـانی کـەنعـان-یان لە جیـاتی زاراوەی سـامی بەکار دەهێنا. ئەوان بوون بە میراتگری کەنعانییەکان و بەوەی بنەماکانی شارستانێتی کەنعانییان وەرگرتووە.

لەبارەی کـۆچی عـیـبرانیـیـەکـانەوە ئەفسـانەی تایبـەت هەیە کـە بەشـێـوەیەک باسی کـۆچی باپیـرە گـەورەیان

بە دیلگیراوێکی عیبرانی لەلای ئاشوورییەکان

(پێغەمبەر ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێ) دەکەن لە شاری ئوری کلدانی کۆچیان کردووە بۆ شاری (حەران). میژوونووسان وای بۆ دەچن ئەمە لەگەڵ کۆچی یەکەم، یەک دەگرێتەوە کە لە ماوەی سەردەمی پێغەمبەر (یەعقوب)ی کوڕی (ئیسحاق) نەوەی پێغەمبەر (ئیبراهیم) (سەلامی خوای لێ بێ) چەند سااڵێک لە شاری (فەدان ئارام) بوونە و لەوێ ناوی پێغەمبەر (یەعقووب) بووە بە ئیسرائیل. هەندێ سەرچاوە دەڵێن پەیڤی (ئیسرائیل) بەمانای (بەندەی خودا «عبدالله») دێت بەوەی وشەی ئیسرائیل وشەیەکی لێکدراوە و لە دووبەش پێکدێت: (ئیسرا) بە مانای بەندە، یان هەڵبژێردراو، یان کۆچەر، یان جەنگاوەر، یان سەرباز، یان مرۆڤ دێ. (ئیل)یش بە مانای خودا دێت.

دوای ئەو کۆچە، بۆ میسر کۆچیان کردووە. ئەمە بە کۆچی دووەم دادەنرێت. پاش ئەوەی کوڕەکانی یەعقووب بۆ میسر کۆچیان کرد، بە تایبەتی یووسفی کوڕی یەعقووب شوێنێکی بەرزی لە لای فیرعەونەکانی میسر هەبووە. لە فیلمی (یووسفی ڕاستگۆ) ئاماژە بەو کۆچە کراوە. وا دیارە ئەوە لە سەردەمی هکسۆسەکان بووە، لەبەر ئەوەی دەسەاڵتداری ئەوکاتی میسر لە ڕەگەزی هکسۆس بوونە. نەوەکانی پێغەمبەر (یووسف) سەلامی خوای لێ بێ، پاش چەند سەدەیەک لە میسر مانەوە، تا لەسەردەمی پێغەمبەر موسا بۆ فەلەستین کۆچیان کرد. بە واتای فەلەستین وڵاتی ڕەسەنی نەوەکانی ئیسرائیل- یەعقووب پێغەمبەر نەبووە، ئەمەش بە کۆچی سێیەم دادەنرێت، بە جۆرێک ئەو کۆچە زانیاری ڕوون و دروستی لەبارەیەوە هەیە بە بەراورد لەگەڵ دوو کۆچەکەی تر، بەوەی دوای سەدان سااڵ نووسراوەتەوە کە لە تەورات بە گەشتەکان (الاسفار) ناسراوە.

دەرچوونی ئیسرائیل لە میسر و نیشتەجێ بوونیان

دەرچوونی عیبرانییەکان لە میسر، بە گەشتی سێیەم دادەنرێت. ئەمە ڕاستییەکی میژوویی، کاتی نیشتەجێ بوونی پێغەمبەر یووسف لە میسر بۆ سەردەمی هکسۆس، نەک ئەخناتۆن دەگەڕێتەوە، بەوەی ئەو پێگە باڵایەی کە هەیانبووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو پاشایەی پێغەمبەر یووسفی لە خۆی نزیک کردۆتەوە لە ڕەگەزی خۆی بووە. یووسف لای فیرعەونەکە نامۆ نەبووە وەک لە فیلمی (یووسفی ڕاستگۆ) پیشان دەدرێت. پاش دەرکردنیان لە میسر، کە بە هۆی فیرعەونەکەی میسر کۆچیان بۆ کردبوو. پاش ئەو شار بەدەرکردنە لە سەردەمی فیرعەونێکی تر، سەرەتای میژوویەکی دی بۆ عیبرانییەکان دروست دەبێت. ئەو دەرکردنە بۆ سەردەمی پێغەمبەر موسا دەگەڕێتەوە کە کۆچی سێیەمە بە سەرەتای میژووی ڕاستەقینەی عیبرانییەکان دادەنرێت، بە تایبەتی لەسەردەمی فیرعەون (ڕەمسیسی دووەم ۱۲۹۹ -۱۲۳۲ پ.ز) بارودۆخیان زۆر خراپ بووە، بەاڵم هەندێ ئاماژە هەیە بەوەی کە ناوی ئیسرائیل بۆ سەردەمی کوڕی فیرعەون ڕەمسیسی دووەم (مرن بتاح) لە نزیکەی ۱۲۳۰ پ.ز دەگەڕێتەوە، کە ئاماژەی بە کۆمەڵێ کردووە بە (ئیسرائلییەکان) ناوزەدی کردوون، هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە دیارە تا ئەو کاتەش عیبرانییەکان بەو ناوە ناودار بوونە، کە لە میسر مابوونەوە. دواتر میسریان بەجێ هێشتووە بە پێشەوایەتی پێغەمبەر موسا (سەلامی خوای لێ بێ) بۆ دوورگەی سینا، دیارە لەم شوێنەدا ڕێگا بزر دەکەن و لە ئەنجامدا دووچاری ناخۆشی و زەحمەتی زۆر دەبن، ئەو ماوەیە بە (ون بوونی مەزن) ناسراوە. بەپێی ئەوەی لە (تەورات، پەیمانی کۆن)دا هاتووە لە شاری (مەدیەن)، کە دەکەوێتە بەشی باشووری دوورگەی سینا، لەوێ حەزرەتی موسا کچی یەکێ لە کاهینەکانی پەرستگای (مەدیەن) دەهێنێ کە کەسێکی یەکتاپەرست بووە و بەوەی خوای تاقانەی لە ژێر ناوی (یەهوە) پەرستووە. ئەم ناوەش -یەهوە -بۆ یەکێ لە پەرستراوەکانی عەرەبی باکوور دەگەڕێتەوە، بەاڵم ئەمە لە میژووی ئیسلامدا زۆر ڕوون و ئاشکرایە بەوەی ئاماژە بەو کەسایەتییە دەکات کە لە شاری مەدیەن حەزرەتی موسا کچەکەی ئەو دەخوازی کە پێغەمبەر (شوعەیب) بووە، دواتر ئەو کۆمەڵەی ئیسرائیلە کە لە باشووری ڕۆژهەاڵتی ئوردن بوون لە ئامادەباشیدابوون بۆ هاتنە ناو فەلەستین کە ژمارەیان لەنێوان ٦٠٠٠-٧٠٠٠ کەس بووە. لە ڕێگادا لە باشوور و ڕۆژهەاڵت و باکووری ڕۆژهەاڵتی دەریای مردوو تێپەڕین و چەندان دەوڵەتۆکەی وەک (ادوم) و (ئامون)... تاد دێتووە، بەاڵم هیچ جۆرە شەڕو پێکدادانێک لە نێوانیان ڕووی نەداوە. تەنیا لەگەڵ مەملەکەتی سیحۆنی ئاموری، کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە ڕۆژهەاڵتی ئوردن بووە، بە شەڕ هاتوون، هەرچەندە هۆکاری شەڕەکە نازانرێ، بەاڵم پێ دەچێ لە

شـوێنی نیـشـتـەجێ بوون بووبێ، هەروەها بەسـەر مـەملەکـەتی (باشـان) پاشـاکـەی ناوی (عـەوج کـوڕی عونق) بووە. لە تەوراتدا ئاماژە بەو پاشایە کراوە کە لە پاشماوەی ڕەگەزی عەمالیقەکان بووە. ئەو کۆمەڵەی لە میسر گەڕانەوە، توانیویانە دەست بەسەر فەلەستیندا بگرن و بەسەریاندا زاڵ بن، چەند شارێکی کەنعانی لە فـەلەسـتین داگـیـر بکەن و بە شـێـوازێکی دڕاندانە شـارەکـانـیـان سـووتاندووە و وێرانـیـان کـردووە و خەڵکەکەیان کوشتووە تا منداڵەکانیشیان، گوایە بە فـرمـانی یەهوە خـواوەندی جـوولەکـە -لەناویان بردووە، بەڵام چەند شارێک تا سـاڵی ١٠٠٠ پ.ز نەیانتـوانی دەستی بەسەردا بگرن. وەک (ئۆرشەلیم) و (بیت شان یان بیـسـان). دوای ئەوەی دەسـتـیـان بەسـەر هەمـوو فەلەستین داگرت و لەنێوان خۆیان، کە لە تەورات بە ١٢ ئەسبات هاتووە، دابەشیان کردووە. ئەوان ئەو دوازدە کوڕ و کـوڕەزایانەی پێـغـەمـبـەر یەعـقـووبن کـە پێـیـان دەڵێن (سبط) مانای کوڕ، یان کوڕی کوڕ دێت. هەموو نەوەی ئیسرائیل لەو دوازدە نەوەی پێغەمبەر یەعقووبەوە پەیدا بوونە وەک:

* لە نەوەی (لاوی)دا: پێـغـەمـبـەرێتی لە (مـووسـا و هارووون و ئەلیاس و ئەلیەسەع) دەرکەوتووە.

* لە نەوەی (یەهوزا)دا: پێـغـەمـبـەرێتی لە (داود و سولەیمان و زەکەریا و یەحیا و عیسا) دەرکەوتووە.

* لە نەوەی (بنیامین)دا: پێـغـەمـبـەرێتی لە(یوونس) دەرکەوتووە.

سـەرچاوە مـێژوویـیـەکـان ئاماژە بەوە دەکـەن کـە هۆزی (لاوی) بەشـدار نەبوونە لەو دابەشکردنەی دەسـەڵات، بەڵام بەسەر هەموو هۆزە ئیسرائیلییەکان دابەش ببوون کە کاروباری ئایینییان گرتبووە ئەستۆ.

ئەم ماوەیە لە مێژووی عیبرانیدا بە ماوەی دادوەرەکان ناسراوە (القضاة) لە وشەی عـیـبـرانـیـدا (شوفطیم کۆی شوفیـط)ـە. ئەوانە پێشەوای هۆزەکانیان بوونە، ناسراو بوون بە کەسانی ئازاو لێهاتوو و دادوەر. بەوەی لە کاتی تەنگانەدا یارمەتی هۆزەکـانی خۆیان دەدا وەک لە کـاتی هەبوونی کێشە، بە تایبەتی لە شەڕەکاندا سەرکردایەتی جەنگەکانیان دەکرد، وەک لە دژی کـەنعـانـیـیـەکـان و فـەلەسـتـیـیـەکـان.. هەندێ لەو قـازییـانە ناویان بە قـارەمـانی ئەفـسـانەیی لە پاشـمـاوەکـان هاتووە وەک (شـەمـشـوونی پاڵەوان)، کـە بە شـەڕکـردن لە دژی

دابەش بوونی دەوڵەتی عیبرانی

فـەلەسـتـیـنـیـیـەکـان ناودار بووە. دواتر ئەوەندە باسـیـان کـردووە و بە شـان و باڵیـان هەڵگوتووە، بوو بە چیـرۆکی ئەفسانەیی و زیادەڕۆیی زۆری تێدا کراوە، بەتایبەتی لە تەورات لەبەر ئەوەی فـەلەسـتـیـنـیـیـەکـان دوژمنی سەرەکی عـیـبـرانـیـیـەکـان بوونە، لەسـەر شـوێنی نیـشـتـەجێ بوون شـەڕی زۆریان لەگـەڵ کـردوون. بنەڕەتی ڕەگـەزی فەلەستینییەکان بۆ هۆزێکی ئیجی دەگەڕێنەوە بە ناوی (پەلەسـتین) لە پاش کـۆچی یۆنانیـیـەکـان بۆ ناوچەکە، بەشێکیان بۆ سوریا هاتوون. کاتێ ویسـتـوویانە بەرەو میسر بڕۆن، فـیـرعـەونی میسر (ڕەعـمـسـیـسی سێیـەم) ڕێگری لێ کـردوون وەک لە شـەڕێکی دەریایی لە سـاڵی ١١٩١ پ.ز لە دژیان ڕاوەسـتـا و ناچار بوون بەرەو بەشەکانی کەناری سووریا بکشێن و دواتر داگیری بکەن، دیارە ناوەکەشیان هەر لەهەمان ناوی هۆزەکەوە هاتووە. هەرێمەکەیان لە غـەزەوە تا یافـا بووە، دەسـتـیـان بەسـەر چەند شـارێکی گـرینگدا گـرت وەک شـارەکـانی (عـەسقەلان- ئەشدود- عـەقرون- جت- کەرمل)، بەڵام شاری (کەرمل) لەگەڵ فینیقییەکان خاڵی جیاکەرەوە بووە. شارە فـەلەسـتـیـنـیـیـەکان لە شێـوەی دەوڵەت شاردا دەژیان. لەگـەڵ ئەمـەشدا زۆر جار یەکێـتی سـیـاسـیـیـان پێکەوە دەنا. یەکێ لە دەوڵەتەکان سەرکردایەتی هەموو شارەکانی تری وەردەگرت، بەتایبـەتی ئەو شارەی کـە لە هەمـوویان بە هێـزتر بووایە، بۆ نموونە شاری (ئەشـدود) مـاوەیەکی زۆر سـەرکـردایەتی هەمـوو شـارەکـانی تری دەکرد. فەلەستینییەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی یازدەی

پێش زایین گەیشتنە ئەوپەڕی پێشکەوتن و توانیان شکست بە عیبرانییەکان بێنن. هەتا نزیکەی ساڵی ١٠٥٠پ.ز شاری ئەشدود دەست ڕۆیشتیبوو بەسەر عیبرانییەکانیش تا سەردەمی یەکەم پاشای عیبرانی (شاول) لە نزیکەی ١٠٢٠-١٠٠٤ پ.ز. هۆکاری سەرکەوتنی فەلەستینییەکان بۆ جۆری چەکەکەیان دەگەڕێتەوە، بەوەی لە کانزا دروست کرابوون، دیارە ئەوان کانزاکاریان زانیوە، لەو ماوەیەشدا عیبرانییەکان نەگەیشتبوونە ئەو ئاستەی بتوانن کانزا بەکاربهێنن، واتا ئەو پیشەیان نەزانیوە تا سەردەمی پێغەمبەر (داوود) سەلامی خوای لێ بێ توانی بەسەر فەلەستینییەکاندا زاڵ بێت، لەوانەیە فینیقییەکانیان و هۆزەکانی تری وڵاتی شام هەر لە فەلەستینییەکان فێری پیشەی کانزا و دروست کردنی کەشتی بووبن.

سەردەمی پاشایەتی

شەڕی بەردەوامی عیبرانییەکان لەگەڵ فەلەستینییەکان دووچاری ڕەوشێکی خراپی کردن، بەتایبەتی دوای شکستە یەک لەدوای یەکەکانیان، تا ئەو ڕادەیەی وای لێ کردن لاسایی نەتەوەکانی دەوروبەریان بکەنەوە، وەک پەیڕەوکردنی سیستمی پاشایەتی، لەبەر ئەوە بۆچوونیان وا بوو کە ئەوان سیستمی بەڕێوەبردنیان سیستمی پاشایەتییە، بۆیە سەرکەوتوون و داوایان لە پێشەوای ئایینی صامۆئیل (دوا دادەوەر بوو) کرد، وەک هەموو نەتەوەکانی تر پاشایەکیان بۆ دەسنیشان بکات، ئەویش (شاوول)ی دیاری کرد، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی ئازا و لێهاتوو و بەهێزی بووە، تەورات ئاماژە بەو شەڕە زۆرانە دەکات کە ئەو پاشایە لە دژی پاشای بەناوبانگی فەلەستینی (جالوت) ئەنجامی داوە، بەڵام لە یەکێ لە شەڕەکان دەکوژرێ. لە دوای (شاوول) پێغەمبەر (داوود سەلامی خوای لێ بێ) دەبێتە پاشا و لەنێوان ساڵەکانی (١٠٠٤ - ٩٦٠پ.ز) کە بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی مەملەکەتی عیبرانی دادەنرێ. (پاشا داوود) سەرەتا لەژێر دەسەڵاتی فەلەستینییەکان حوکمی دەکرد، بەڵام دواتر توانی سەربەخۆیی تەواو بە دەست بهێنێ، بەمەش نەوەستا، بەڵکو توانی ڕووبەری دەوڵەتەکەی بەرفراوان بکات و دەست بەسەر دەوڵەتەکانی (ئەدۆم-مۆئاب - ئامون) دابگرێت و هێرشی کردەسەر شاری دیمەشق و داگیری کرد، لە ئەنجامی دەست بەسەرداگرتنی (شاری دیمەشق)دا توانی دەست بەسەر ڕێگای بازرگانی نێوان وڵاتی شام و وڵاتی عەرەبدا بگرێت. بەم جۆرە پێغەمبەر داوود توانی دەوڵەتێکی بەهێز و بەرفراوان دروست بکات، پاشان شاری (ئۆرشەلیم)ی لە (بیوسییەکان) داگیر کرد و کردییە پایتەخت بەوەی شوێنێکی ناوەڕاستی هەبوو لەنێوان هەردوو بەشی باکوور و باشوور، کۆشکی شاهانە و پەرستگایەکی مەزنی لەوێ دروست کرد. لە پاش ئەوەی کۆچی دوایی کرد و سلێمانی کوڕی شوێنی گرتەوە و بوو بە پاشای عیبرانی، گرینگی زۆری بە دەوڵەتەکەی دا. بازرگانی دەرەکی زۆر پەرەی سەند، هەروەها پیشەی کانزاکاری و بیناسازی و لە سازکردنی چەندین کۆشک و پەرستگا، بەتایبەتی ئەوەی ناسرا و بوو بە (هەیکەل). لە مێژوودا ئەوە بە هەیکەلی سلێمان لە مێژووی جوولەکە ناسراوە، هەروەها چەندین قەڵاو شوێنی بە خێوکردنی وڵاغ و ئاژەڵ.... تاد بنیاد ناوە. هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بە پێوەندی نێوان پێغەمبەر سلێمان لەگەڵ شاژنی عەرەبی باشوور (بەلقیس) کراوە، هەروەها دەسڕۆیی فراوانی دەسەڵاتێکی زۆری هەبووە، بەڵام لە دوای مردنی شا سلێمان، دەوڵەتی عیبرانی دابەش دەبێت بۆ دووبەش، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی پاشاکە کێشە لە نێوانیان دروست دەبێت، لەبەر ئەمە دەوڵەتی عیبرانی دابەش دەبێ بۆ ئیسرائیل و یەهوزا.

دابەش بوونی دەوڵەتی عیبرانی بۆ ئیسرائیل و یەهوزا

لەسەر دیاری کردنی (ڕەحبعام) کوڕی (پێغەمبەر سلێمان درووی خوای لێ بێ) دوو هۆز لە دوازدە هۆزەکان ڕازی بوون کە (ڕەحبعام) ببێتە دەسەڵاتداریان، بەڵام دە هۆزەکەی تر کەسێک بەناوی (یەربعام) هەڵدەبژێرن، چونکە بە ڕەحبعام ڕازی نابن. مەملەکەتی باکوور بەناوی (دەوڵەتی ئیسرائیل) دادەمەزرێنن، پایتەختەکەیان سەرەتا شاری (شەکیم) و شوێنەکەی نزیک نابلوس بوو، دواتر شاری (ترصە)، کە لە کۆتایی بوو بە شاری (سامرە) (ئێستا شاری سەبستیە)یە. دوو هۆزەکەی تر کە پەیمانیان بە (ڕەحبعام)دا بوو لەبەشی باشوور دەوڵەتێکیان دامەزراند، بە مەملەکەتی (یەهوزا) ناسرا، پایتەختەکەیان (ئۆرشەلیم) (بەیت مەقدس)بووە. هۆکاری جیابوونەوەی باکوور لەگەڵ باشوور دەگەڕێتەوە

بۆ ئەو جیاوازییەی لەسەر دەسەلآت سەری هەلدا هەروەکو پێشتر ئاماژەی پێ کرا، هەروەها هەردوولا لە زۆر بواردا لەگەلّ یەک جیاواز بوونە وەک دانیشتوانی باکوور، کشتوکالّیان دەکرد و بەهۆی ئەوەی زەوییەکی بە پیتیان هەبوو، کۆمەلّێ بەرهەمی جیاوازیان لە گەنم و جۆ و زەیتوون و تریّ و... تاد بەرهەم دەهێنا، هەروەها لە ڕووی شارستانێتی زیاتر کاریگەری کەنعانییەکانیان لەسەر بووە. لە ڕووی ئایینەوە بێ باوەڕ و بتپەرست بوون، بەلآم دانیشتوانی باشوور زیاتر پیشەی شوانکارەییان دەکرد، یەکتاپەرست بوون ئەو خوداوەندەی ئەوان دەیانپەرست بە ناوی (یەهوە) ناسرا بوو. لە فیلمی یووسفی ڕاستگۆدا ئاماژە بەوە دەکرێ، کە لە کۆتاییدا نەوەکانی یەهوزا حوکم دەکەن، نەک نەوەکانی یووسف پێغەمبەر! لە دوای جیابوونەوەی هەردوو لایەنەکە بە بەردەوامی شەڕ و پێکدادان لە نێوانیاندا هەبووە، ئەمەش بووە هۆی دەست تێوەردانی هێزی دەرەکی، ئەنجامی ئەم دووبەرەکییە ڕێگای بۆ ئاشوورییەکان خۆش کرد دەست بخەنە ناو کاروباری دەولّەتەکەیان، بەتایبەتی لەو ماوەیەی کە ئاشوورییەکان لە بەهێزترین ماوەی مێژوویاندابوونە، لەم ماوەیەشدا لە مەملەکەتی ئیسرائیل چەند پاشایەک فەرمانڕەوایەتی کردووە، بەلآم ئاشوورییەکان زۆر بە ئاسانی توانییان کۆتاییان پێ بهێنن. دواتر مەملەتی یەهوزا زیاتر لە دوو سەدە بەردەوام بوونە، بەلآم بەهۆی هەبوونی کێشە لەگەلّ میسرییەکان، لە لایەکی تر هێرشی بەردەوامی ئاشوورییەکان بۆ سەریان، ناچار بوون دان بە دەسەلآتی ئاشوورییەکاندا بنێن. تا لە ناوچوونیان بە دەستی میدییەکان و کلدانییەکان لە سالّی ٦١٢ پ.ز. دواتریش بوونە بەشێک لە دەولّەتی بابلی نوێ، بەلآم دوایی دژایەتی دەولّەتی کلدییەکانیان کرد، بە هاندانی میسرییەکان لەسەردەمی پاشایان (یەهوەکیم) لە سالّی (٦٠٨ -٥٩٧ پ.ز) بوونە هاوپەیمانی میسرییەکان لەسەردەمی فیرعەون (نیخۆ)، بەلآم نەبوخەزنەسر لە سالّی (٥٩٧ پ.ز) هێرشی کردە سەر ئۆرشەلیم و پاشاکەیانی بە دیل گرت و بەستراو بە زنجیر هێنای بۆ بابل، کۆڕەکەی بە ناوی (یەهو یاکین)ی لە یەهوزا کردە پاشا، بەلآم هەر دوای سێ مانگ ئاشتی بەردەوام بووە. دووبارە ئەویش دژایەتی نەبوخەزنەسەری کردەوە، بۆیە شا نەبوخەزنەسر هێرشی کردەوە سەر یەهوزا و دوای گەمارۆدانی شاری ئۆرشەلیم بۆ ماوەیەکی کورت خۆی بە دەستەوەدا و پاشای گەنج لەگەلّ کۆمەلّی کاربەدەستان و ئەندامانی خێزانەکەی و بنەمالّەکەی و لەگەلّ ٧٠٠٠ لە شەڕکەرانی و نزیکەی ١٠٠ کەس لە پیشەکاران بە دیلی گیران و هێنایانن بۆ پایتەخت لەشاری بابل نیشتەجێی کردن. (صەدقیا)ی کە کوڕی مامی (یەهویاکین) بوو، کردییە پاشا و لە مەملەکەتی یەهوزا لە نێوان سالآنی (٥٩٧-٥٨٦ پ.ز) حوکمی کردووە. لەو ماوەیەی کە دەسەلآتدار بوو لەژێر چاودێری و دەسەلآتی نەبوخەزنەسر بووە، بەلآم دووبارە بەهۆی هاندانی فیرعەونی میسر هەولّی سەربەخۆی دا، پاشای بابل زۆر تووڕە دەبێت و بڕیاری یەکجاری لە ناوبردنی دەولّەتی یەهوزا دەدات. شالآوێکی سەربازی بەهێز دەکاتە سەریان، دوای ئەوەی پاشا ڕا دەکات، بەلآم دواتر دەگیرێت و دەیبەن بۆ بارەگای نەبوخەزنەسەر پاشا، منداڵ و گشت ئەندامانی خێزانەکەی لە پێش چاوی پاشا صەدقیا دەکوژێت و هەردوو چاویشی کوێرە دەکات و بە زنجیر لەگەلّ ژمارەیەکی زۆر لە جوولەکەکان کە ٥٠٠٠٠ کەس دەبوون دەیبەستنەوە، هەندێکی کەم نەبێت لە ئۆرشەلیم مابوونەوە، گشت شارە گرنگەکانی یەهوزا ڕووخان و لەناوچوون، ئەمە بە بەدیل گرتنی بابلی مەزن بە ناوبانگە.

سەرچاوەکان:

(١) د. محمد ابو المحاسن عصفور، معالم تاريخ شرق الادنى القديم من اقدم العصور الى مجيء الاسكندر، بيروت، ب، س.

(٢) محمود شاكر، موسوعة الحضارات وتاريخ الامم القديمة والحديثة، عمان، ٢٠٠٢.

(٣) ا. د. احمد امين سليم، تاريخ الشرق الادني القديم، بيروت، ٢٠٠٧.

(٤) د. احمد شوقي ابو خليل، الحضارة العربية الاسلامية، لبنان، ٢٠٠٧.

(٥) طه باقر، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة، حضارة وادى النيل، بغداد، ١٩٥٦.

(٦) عفيف عبدالفتاح طباره، لەگەلّ پێغەمبەران، و: كاوه هاورِاز، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٥.

(٧) چەند پێگەیەکی ئەلیکترۆنی.

(*) ماستەر لە مێژووی کۆنی کورد

شانۆی ڕۆژ و
تێڕوانینێکی سیاسیی بۆ شانۆ

دانا ڕەووف
(سوێد)

(٢ - ٢)

مێژووی کەمبۆدیا

هێلین سیسوو لە ساڵی ١٩٨٤ سەبارەت بە مێژووی کەمبۆدیا شانۆنامەیەک لە دوو بەشدا دەنووسێت. ئەم شانۆنامەیە بیست و چوار ساڵ لە مێژووی کەمبۆدیا، لەنێوان ساڵانی ١٩٥٥- ١٩٧٩ـەوە دەگێڕێتەوە و لە دوو نمایشدا پێشکەش دەکرێ، کە هەریەکەیان چوار کاتژمێر بووە.

ڕووداوەکانی بەشی یەکەم تا ساڵی ١٩٧٠ یە، بەشی دووەمیش لە ساڵی ١٩٧٠وە بۆ ساڵی ١٩٧٩، کە کەمێرە سوورەکان دەسەڵات دەگرنە دەست و میللەتەکەیان ئەنفال دەکەن، درێژ دەبێتەوە. لە هەردوو بەشەکەشدا (نۆردۆم سیهانۆک)ی پاشا لە چەقی ڕووداوەکاندایە.

ئاریان منوشکین هەر لە سەرەتای نمایشەکەوە بینەرانی تووشی ڕامان و ترس و خورپەیەکی هونەری و فیکری کردووە: کە بینەران دێنە ژوورەوە، بە ساپیتەی هەموو هۆڵەکەوە، لە دەرگای هاتنە ژوورەوەوە تا دەگاتە پانتایی شانۆکەش، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بووکەڵەی بە بارستەی جیاواز، بە شێوەیەک هەڵواسیوە، کە چاویان بڕیوەتە بینەران. ئەم بووکەڵانە بۆ ئاریان منوشکین هێماگەلی ئەو هەزاران قوربانی و خەڵکە بێ گوناحە بوون، کە لە کەمبۆدیا بە دەستی کەمیرە سوورەکان کوژراون.

نمایشەکە، بە تایبەتی بەشی دووەمی، پێداگرتن و ئاماژەیەک بووە بۆ ئەو وتەیەی کە دەڵێت (لە کەمبۆدیا، لە دوای دەسەڵاتی کەمیرە سوورەکان، مردوو لە زیندوو زیاتر بووە.)«١٧»

خوێنی پیس و نەخۆشی ئایدز

کارەساتێکی مرۆڤایەتی و ئابڕووچوونێکی نەتەوایەتی، فەرەنسا دەهەژێنێت. لە نەخۆشخانەکانی پاریس و لە ڕێگای گوێزانەوەی خوێنەوە هەزاران کەس تووشی نەخۆشی ئایدز دەبن، لە بەرئەنجامدا، هەزاران کەسی بێ گوناح و لە ناویاندا سەدان منداڵ دەمرن. ئەوەی زیاتر خەڵک تووڕە دەکات، خودی ڕووداوەکە دەبێتە کارەساتێکی سیاسی و ئاکاری و لە میدیاکانی جیهاندا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەیە کە پزیشکەکان پێشوەخت زانیویانە ئەو خوێنەی لە نەخۆشخانەکاندا هەڵگیراون، پیس بووە و بە کەڵکی بەکارهێنان نایەت، بەڵام لەبەر هۆکاری دارایی و بارودۆخی ماددی نەخۆشخانەکانەوە، گوێیان لێ خەواندووە. ئاریان

هۆڵی شانۆی ڕۆژ

منوشکین و هێلین سیسوو ئەم ڕووداوە دەقۆزنەوە، دەیکەنە نمایشێکی گەورەی دوورودرێژی شانۆیی.

هێلین سیسوو، کە شانۆنامەکە دەنووسێت تراژیدیای گریکی بۆ چارەسەرکردن و ڕووبەڕووبوونەوە و خستنە ڕووی ئەم کارەساتە بەکاردەهێنێت، خودی شانۆنامەنووسی گریکی "ئەسخیلۆس" دەکاتە فیگۆرێکی ئافرەت، ڕۆڵی دەرگاوانی ئەو ولاتە دەبینێت، کە بڕیاری مەرگی دراوە.

شوێن گۆڕستانێکی ئێجگار گەورەیە، دەرگاوانەکە دەبێتە جۆرە چاودێرێکی ڕووداوەکان، لە هەمان کاتدا جەستە مردووەکان لەخۆ دەگرێت و ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبات. نمایشەکە لەنێو گۆڕەپانی مەرگەوە، لە زەمەنی ئەسخیلۆس و گریکەکانەوە بۆ فەرەنسا و بۆ ئێستا درێژ دەبێتەوە.

لە یەکێک لە دیمەنەکاندا، دوو منداڵی دووانە بەهۆی ئەم گوێزانەوەی خوێنە پیسەوە مردوون، دوو بووکەڵەی گوزارشت ئامێز بە تەنیشت دایکیانەوە دانراون، بووکەڵەکان وەک دوو جەستەی مردوو کەوتوون، دایکیان بە هێمنی دەگری و هەموو دیمەنەکە بە شێوەیەکی زیندوو ئەو کارەساتە بەرجەستە دەکات.

لەم نمایشەدا کۆرسی شانۆی گریکی، ڕۆڵێکی هاوشێوەیان هەیە، بەڵام لە فۆرمێکی تازەدا، بە ڕووداوەکانی ئەمڕۆی پاریسەوە بەستراونەتەوە، هەروەها پزیشکی مۆدێرن و پارێزەرەکان لە ڕێگای تراژیدیای گریکییەوە، دەبنە زمانحاڵی چارەسەرێکی هاوچەرخانە.

گۆڕستانەکەش دەبێتە هێماگەلی خاڵی وەرچەرخان و پێکەوە بەستنەوەی ڕابردوویەکی دوور بە ئێستاوە، هەر لەم ڕێگایەوە نووسەر و ڕێژیسۆر لە هەوڵێکی هاوبەشدا ڕایەڵەکانی مێژوو بە ئێستاوە دەبەستنەوە. ئەم نمایشە لە کاتژمێری حەوتی ئێوارەوە دەستی پێکردووە، لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیان، دەوروبەری کاتژمێری سێ، لە کاتێکدا کە مردووەکان لەژێر بریسکەی ئەستێرەکاندا هەڵدەستنەوە، تەواو دەبێت.«١٨»

گرینگی ئەو پرۆژەیە لەوەدایە، کە هێلین سیسوو ڕووداوێکی هەنووکەیی بە مێژووی شانۆوە دەبەستێتەوە، بە مێژووی ئەوروپا و لە ئێستادا، بە ڕوحێکی مۆدێرنەوە دەینووسێتەوە. ئاریان منوشکین-یش تەکنیکە دێرینەکەی شانۆی گریکی، شانۆی مۆدێرنی ئەوروپی و بەکارهێنانی بووکەڵە و دەمامک دەکاتە ئامرازی بە یەکتر بەستنەوەی زەمەنە جیاوازەکان. بووکەڵەکان دەبنە هێماگەلی جەستە مردووەکان، زەمەنە بەسەرچووەکان و لە هەمان کاتدا ئێستایەکی ژەهراوی. زیندووبوونەوە، یان هەڵستانەوەی مردووەکان، وەک ڕاچڵەکینێک، وەک بانگەشەی جەنگێکی "تەڕوادەیی" هەتا هەتایی، لە بەرەبەیانی ڕۆژگارەکانی پاریس، لە تاریک و ڕووندا زەنگێکی مەترسیدار لێ دەدات.

بینەران، دوای ئەو نمایشە دوورودرێژە، لە کازیوەی بەرەبەیاندا، دەبنە ئەو سەربازانەی، کە جەستەی هاوڕێکانیان بە نهێنی دەشارنەوە، یان ئەو سەربازانەی دوای جەنگێکی دۆڕاو، بە ماندوویی دەگەڕێنەوە. بەبێ دەنگی، ماندوو، خەوالوو، پەشۆکاو دێنە دەرەوە، دوو دوو، بە کۆمەڵ و هەندێک کەسیش بە تەنیا ڕێگاکانی دەرەوە دەگرنە بەر.

"ئەتریدەکان" و مێژوویەکی پڕ کارەساتی بنەماڵەیی کلیۆتایمێسترا، پۆرتریێتی دایکێک

ئاریان منوشکین و هێلین سیسوو لە نێوان ساڵانی ١٩٩٠-١٩٩١-١٩٩٢دا، پێکەوە پرۆژەیەکی گەورە، کە بۆ شانۆی گریکی گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بووە، بە ئەنجام دەگەیەنن.

نمایشی (ئەتریدەکان) لە سێینەکەی "ئەسخیلۆس" ئۆریستێیا-ەوە ئامادە دەکەن، بەڵام وەک دەستپێک بە

"ئیفێگێنێیا له ئەپۆلیس"ی یوربیدس- دەست پێ دەکەن. تراژیدیاکەی یوربیدس، کە پەنجا ساڵ دوای ئەسخیلۆس دێت، چارەسەری هەمان مەسەلە، چارەنووسە تراژیدیاکەی بنەماڵەی ئەتریدەکان دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی "مۆدیرن". لەو پەنجا ساڵەدا، دراماتۆرگی درامای گریکی لە ئەسخیلۆس-ەوە بۆ یوربیدس گۆڕانکارییەکی بەرچاوی بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە گەشەکردنی کارەکتەرەکان، لەلای یوربیدس ڕێچکەیەکی دیکەی لەخۆگرتووە، کێشە و ملمانێکان زیاتر لە مرۆڤی ئاساییەوە نزیک بوون، بەڵام لەلای ئەسخیلۆس هەموو سێبینەکە چەمکێکی شیعرئامێز، ئاواز چڕینی و ڕیتم لەخۆ دەگرێت. ئاریان منوشکین لە دیدی ڕیژی خۆیەوە، ئەم چوار دەقە لەیەکەیەکی هونەریدا کۆدەکاتەوە و مێژووی ئەو بنەماڵەیەمان سەرلەنوێ پێشکەش دەکاتەوە.

ئەم دەقە دێرینانەی شانۆی گریکی، وەکو تراژیدیای خێزان، لە هەر سێ بەشەکەیدا(ئاگامێمنون، قوربانی بۆ مردووان، ئێومێنیدەکان) لەسەر شانۆی "ڕۆژ" بەرجەستە دەبێت: ئاگامێمنون ئێفێگێنێیای کچی سەر دەبڕێت، تا سەرکەوتن لە شەڕی "تەڕوادە" بە دەست بهێنێت، بەمەش بازنەی خوێن و تووندوتیژی بنەماڵە و نەوەکان، گەورەتر و مەترسیدارتر دەبێت.

ئاریان منوشکین و هێلین سیسوو لەم کارەیاندا، دووپاتی ڕۆڵی کلیۆتایمێستڕا، وەک کارەکتەرێکی بەهێزی ئافرەت دەکەنەوە. هەموو تراژیدیاکە لە ڕۆڵی کلیۆتایمێستڕاوە دەخوێندنەوە؛ ئەم ئافرەتە دەبێتە ناوەندی ڕووداوەکان، بەستنەوەی کارەکتەرەکانی دیکە پێکەوە و بەرەوپێشەوە بردنی ڕەوتی ڕووداوەکان. کلیۆتایمێستڕا لێرەدا، وەک کەسێکی داوێن پیس، دڵڕەق، بێ بەزەیی، تووندوتیژ و پیاوکوژ دەرناکەوێت، بەڵکو زیاتر دەبێتە کەسایەتییەکی پایە بڵند و بریندار، کە کچە خۆشەویستەکەی، جگەرگۆشەکەی لێ زەوت کراوە. تەنانەت کلیۆتایمێستڕا لە بەشی کۆتایی سێبینەکەشدا "ئێومێنیدەکان" دەردەکەوێتەوە، بەڵام لە شێوەی تارماییدا. لەبری ئەوە ئاگامێمنون وەک کەسێکی دڕندە، تینوو بە خوێن دەردەکەوێت. ئاگامێمنون کە لە شەڕە دە ساڵییەکەی تەڕوادە دەگەڕێتەوە، لە هەموو سیما مرۆڤایەتییەکانی دابڕاوە، ئەوەی کە ماوەتەوە مێنومێنتی شەڕ، ئامێرە بێ گیانەکانی شەڕ و کەسێکی بێ هەست و هۆشە، کە تەنیا بە لۆژیکی شەڕ و بە زەبری چەک دەتوانێت بپەیڤێت.

نمایشەکە بە گۆرانییەکی کۆرس، کە وەک ترپەیەکی بێ دەنگ، بەڵام ترسناک لە دوورەوە دەبیستڕێت، بە شێوەیەکی دووبارە بەسەر ئەو هەموو شەڕانەدا دەلاوێنێتەوە، کە بە درێژایی مێژوو بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە. ئەو لاوانەوەیەش لەو ساتەی نمایشەکەی تێدا پێشکەش کراوە، بە شەڕی کەنداوەوە دەبەستێتەوە.

شانۆی لافاو و خەندەقە پڕ لە ئاوەکە

هونەری نواندن لە فۆرمە دێرینەکانی شانۆی ڕۆژهەڵات، بەتایبەتی "شانۆی بووکەڵە" لەگەڵ شانۆی بووکەڵە و لەناو شانۆی بووکەڵەوە دروست بووە. ئەکتەرەکانی شانۆی دێرینی ژاپۆنی لەپێش هەموو شتێکدا لە شانۆی بووکەڵەدا پسپۆڕ بوون، تەکنیک و شێوازەکانی هونەری نواندنیان لە شانۆی بووکەڵەوە وەرگرتووە.

ئاریان منوشکین لە ساڵی ۱۹۹۹دا شانۆنامەی (تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە) لە نووسینی هێلین سیسوو پێشکەش دەکات، لەم نمایشەدا شێوازێکی نوێ و تایبەقەندی داهێناوە. بۆ ئەم مەبەستەش لە تەکنیک و فۆرم و شێوازەکانی شانۆی بووکەڵەی ژاپۆنی نزیک بۆتەوە و شتێکی تایبەت بە منوشکینی خولقاندووە، توانیویەتی سەرلەنوێ فۆرمە کۆنەکان، لەسەر ئاستێکی باڵا، بە شێوەیەکی دیکە بدۆزێتەوە و بەکاریان بهێنێت.«۱۹»

ئەم شانۆنامەیە باسی یەکێک لە لافاوە گەورەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە وڵاتی چین دەکات، کە بەشێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی و خانووبەرە و ژیانی خەڵکی، بوو بەژێر ئاوەوە و کارەساتێکی مرۆیی دروست کردووە. کە ئاوی زەریاکان بە هۆی بڕینەوەی دارستانەکانەوە، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرز دەبێتەوە، چ بەشێک لە وڵاتەکە بکرێتە قوربانی، شارەکان، یان زەوی و زاری جووتیاران، یان ناوچە بازرگانییەکان.«۲۰»

(تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە) سەرگوزشتەی ململانێ بەردەوامەکانی مرۆڤە لەگەڵ هێزی چاوەڕوان کراو و چاوەڕوان نەکراوی سروشت، لەلایەک و لە لایەکی دیکەشەوە ململانێکانی نێوان خێروشەڕ، پیاووژن، هەژاروودەوڵەمەند، دەسەڵات و بێ دەسەڵات

دیمەنێک لە شانۆنامەی «تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ ئاوەکە»

دەگێڕێتەوە. هێلین سیسووش دەقە شانۆییەکەی، لە ژێر کاریگەری بڕێشتدا، وەک ئەفسانەیەکی دێرین بنیاد دەنێت، پێی لەسەر خۆپەرستی مرۆڤ دادەگرێت، کە دەبێتە هۆی لێکترازان و وێرانبوونی جیهان.

لە کۆتایی نمایشەکەشدا بە هوروژم ئاو دێتە سەر شانۆ، هەموو شوێنەکە، کارەکتەرەکان و ستراکتۆری ولاتەکە دەبن بەژێر ئاوەوە.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و ئاماژە پێکردنە، ئەوەیە کە ئاریان منوشکین لە دیدی تێڕوانین و ڕیژی خۆیەوە، کارەکتەرەکانی کردۆتە بووکەڵە و هەر بووکەڵەیەکیش کەسێک بە جلوبەرگی ڕەشەوە، واتە دوو کەس یەکێکیان ڕۆڵی بووکەڵە دەگێڕێت و ئەوی دیکەیان هەڵگری ئەکتەرە بووکەڵەکانن و لە پشتەوە، وەک خەونە نمایشێک دەیانجوواڵێنن. ئەو فۆرم و شێوازەی نواندنیشی پێ دەکەن، ژیان بە ناوەڕۆکەکە دەبەخشێت، بە بووکەڵەکان و بەو ئەکتەرە سێبەرانەشی، کە لە پشتەوە بووکەڵەکان دەجوواڵێنن. هەرچەندە نمایشەکە: وێنەکان، جووڵەی ئەکتەر، بووکەڵەکان و ستراکتۆرە گشتییەکە، جۆرە خەونە نمایشێکە، لە تەکنیکی خەون و لە نائاگاییمانەوە نزیکە، بەڵام هێندەش ڕوون و کۆنکرێتە. گەمەی نێوان فیگۆری کارەکتەرەکان "کەسایەتییە بووکەڵەکان" و ئەو ئەکتەرانەی لە پشتەوە بووکەڵەکان دەجوواڵێنن، پابەندن بە یەکترییەوە، گەمە شانۆییەکە و کۆنترۆڵێکی بەهێز کۆیان دەکاتەوە، هەردووکیان، ئەکتەر و بووکەڵەکان دەسەڵاتی ڕەهای نمایشەکەیان بەدەستەوەیە.

ئەکتەرە بووکەڵەکان دەمامکی سپی جۆراوجۆریان پۆشیوە، سیما و گوزارشتی دەموچاویان لە شانۆی دێرینی ژاپۆنییەوە نزیکە. ئەکتەرەکانیش جلوبەرگە ڕەشەکانیان، هێندە تەسکە، هەر وەک ئەوەی بە جەستەیانەوە نووسابێت، بەمەش جووڵە میکانیکییەکەی بووکەڵەکان دەکاتە جۆرە پلاستیکێک، کە بەئاسانی ئەکتەر- بووکەڵە دەبنە یەک. هەرچەندە بووکەڵەکان ئەکتەری سەرەکین، بەڵام توانایی ئەکتەرەکان لە پشت بووکەڵەکانەوە، وزەیەکی گەورە و هێزێکی چڕکراوەی بە نمایشەکە بەخشیوە. مۆسیقاش ڕۆڵێکی گرینگ لەم شانۆنامەیە و هەموو شانۆنامەکانی دیکەی شانۆی "ڕۆژ" و ئاریان منوشکیندا دەبینێت. دەنگی تەپڵ و ئامێرە ژێدارەکان، داهێنانی ئامێری جیاواز و دروست کردنی دەنگی سروشت، خوڵقاندنی ئەقۆسفێرە دێرین و ئەفسوونییەکان، هێندەی ڕۆڵی بووکەڵەکان پێگەیان لەم نمایشەدا بەهێز و گرینگە.«٢١»

تەرتوف و گەمەیەکی سیاسی

ئاریان منوشکین لە گەمەیەکی سیاسی تووندوتیژدا ڕووبەڕووی ئیسلامییە تووندڕەوەکان دەبێتەوە و بە شێوازێکی نوێ، لە دەروازەکانی شانۆی کلاسیکی فەرەنسییەوە، لە تەرتوفی مۆلێرەوە، پەردە لە ڕووکارە ناشیرین و درندە و بە سیاسی کردنی ئیسلامییە تووندڕەوەکان هەڵدەماڵێت. ئەم خوێندنەوە نوێیەی شانۆی "ڕۆژ" ڕاستییەکی دیکەی هێز و گەوهەری شانۆمان بۆ دەردەخات: بەستنەوەی تەرتوف بە ئیسلامی و تووندڕەوەکانەوە، بیرۆکەی شانۆنامەکە زیاتر ئاشکرا دەکات. لەپڕ بۆمان دەردەکەوێت بۆچی و چۆن ئەم شانۆنامەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ مۆلێر، بۆ ژیانی هونەری پاریس، لە هەزار و شەش سەدەکاندا گرینگ بووە، بۆچی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەم شانۆنامەیە لە پاریس، لە کۆشکی پاشا و لەسەر شانۆکان قەدەغە کراوە. مۆلێر شانۆنامەی تەرتوف لە ساڵی ١٦٦٤دا دەنووسێت، بۆ ئەوەی بەگژ بیروبۆچوونە تووندڕەوەکانی کڵێسادا بچێتەوە، پەردە لەسەر درۆ و دەڵەسەکانی قەشەکان هەڵبماڵێت، لە هەمان کاتدا ئەوەش دووپات بکاتەوە، کە چۆن کڵێسا، بەهۆی دەسەڵاتێکی ڕەها و ئایین و بیروباوەڕە ئایینییەکان، بۆ مەبەستی خۆیان و لە خشتەبردن و سەرکۆنەکردنی خەڵکی بەکاردەهێنن، ئایینیان کردۆتە دەسەڵات و ئامرازێکی سیاسی. ئەم مەسەلەیە بۆ ئەو

کاتەی فەرەنسا مەترسیدار بووە، شانۆنامەکە قەدەغە دەکرێت و دژایەتییەکی زۆری مۆلێر دەکرێت، ناچاریشی دەکەن، کە سەرلەنوێ شانۆنامەکە بنووسێتەوە و گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی تێدا بکات.«٢٢»

ئاریان منوشکین بە نمایشی تەرتوف ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ئەم شانۆنامەیە ئێستا، هەروەک دوو سەدە لەمەوبەر هەمان کاریگەری سیاسی و دەروونی خۆی هەیە.

ئاریان منوشکین تەرتوف دەکاتە کەسێکی ترسناکی توندڕەوی فەندەمەنتالیستی ئایینی یەکێک لە ولاتە عەرەبییەکان، هەموو ئاماژەکان بەرەو جەزائیر دەچێت. کارەکتەری (ئۆرگۆن) دەکەوێتە ژێر باوەڕە دینییەکەی تەرتوفەوە، ملکەچی داواکارییەکانی دەبێت و دەیهێنێتە مالّەکەی خۆیەوە، پەیمانی دەداتێ، کە کچەکەی لێ مارە بکات، لە باریکی دژوار و ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆرگۆن و (دامیس)ی کوڕیشدا، لەسەر بەهەڵەداچوونی ئۆرگۆنی باوکی، ئۆرگۆن هەموو سەروەت و سامانەکەی لەسەر تەرتوف تاپۆ دەکات. تەرتوف لەکاتێکدا، کە دەیەوێت ژنەکەی ئۆرگۆن (ئەلمیر) لەخشتە بەرێت، ڕاستی و مەرام و پلانەکانی ئاشکرا دەبێت، بەم شێوەیەش ئۆرگۆن بە تەواوەتی لە حەقیقەتی کەسایەتی تەرتوف تێ دەگات.

تەرتوف لە دوای ئەم پەردە لەسەر هەڵمالّینە و لەبری ئەوەی بە شەرمەزاری لە مالّەکەی ئۆرگۆن بچێتە دەرەوە، دەیەوێت تۆڵەیان لێ بکاتەوە و ئەم، ئەوان بکاتە دەرەوە، ئەوە دەهێنێتەوە بیری ئۆرگۆن کە ئەو، واتە (تەرتوف) ئێستا خاوەنی مولّک و مالّەکەیە و دەبێت دەستبەجێ مالّەکەی بۆ چۆڵ بکەن، هەروەها لە هەمان کاتدا و بۆ ئەوەی گرفتەکە زیاتر خەست بکاتەوە، ئۆرگۆن بەوەش تاوانبار دەکات، کە ساختەکاری لە هەندێک دۆکیۆمێنتی فەرمیدا کردووە، بۆیە دەیەوێت پەردە لە ڕووی ئەم کارەشی هەڵمالّێت و لە بەندیخانەشی توند بکات، بەڵام لە کۆتاییدا پاشا دێت، ئۆرگۆن ڕزگار دەکات و تەرتوف دەخاتە بەندیخانەوە.

ئاریان منوشکین، شانۆنامەی تەرتوف، کە یەکێکە لە شانۆنامە کۆمیدیا گرینگەکانی شانۆی کلاسیکی فەرەنسی، وەک شانۆنامەیەکی تراژیدیای گریکی پێشکەش دەکات و کارەکتەری ئۆرگۆن دەخاتە چەقی ڕووداوەکانەوە.«٢٣»

لەم نمایشەدا شوێن باخچەیەکی ناوەوە، یان پشتەوەی باخچەیەکی میللی خانووبەرەیەکی ترادیشونی لە ولاتی جەزائیرە، بەبێ ئەوەی ناوی هیچ شوێنێک بهێنرێت. تیشکی ڕۆژێکی بەتین لە سەرەوە و بە شێوەیەکی شاقوولّی خۆی بەسەر شانۆکەدا (شوێنەکەدا) پەخش کردووە، فرۆشیارێکی گەڕۆک بە عەرەبانەیەکەوە مۆسیقا دەژەنێت و بەسەر شانۆکەدا تێدەپەڕێت. ئاریان منوشکین بۆ ئەم کارەکتەرە مۆسیقای هونەرمەند و گۆرانیبێژی جەزائیری (شەبیب حەسەن) بەکاردەهێنێت، کە سالّێک بەر لەم نمایشە، ئیسلامییە تووندڕەوەکان لە جەزائیر تیرۆری دەکەن.«٢٤»

کارەکتەری ئەم فرۆشیارە گەڕۆکە بێ دەنگە، لەبری قسەکردن، گۆرانی دەلّێت و مۆسیقا دەژەنێت. ئەم فرۆشیارە چەندین جار لە دووتوێی ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێت، بەسەر شانۆدا تێدەپەڕێت، بەمەش لە چەمکی ئاهەنگ ئامێز و حیکایەت خوانەکانی ولاتانی باکووری ئەفەریقا: تونس، جەزائیر و مەغریب نزیک دەبێتەوە، سوودیان لێ وەردەگرێت و ڕوحی شانۆنامەکە، خودی نمایشەکە لە ئەتمۆسفێری کۆلّان و سەرشەقامەکانی ئەم ولاتانەوە نزیک دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا ئەم کارەکتەرە، وەک فرۆشیارێک پێوەندییەکی خۆرسکی ئاسایی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئافرەتە گەنجەکان، کاربەدەستان و خەڵکی ناو خانووبەرەکەدا دروست دەکات.

ئۆرگۆن نوێنەری باوکێکی کۆنەپارێزە، یاساکانی باوک سالاری پەیڕەو دەکات و پاشایەکی بە زەبروزەنگی مالّی خۆیەتی. بەهیچ شێوەیەک بوار بە خێزانەکەی نادات بەبێ ڕەزامەندی ئەو، هیچ کارێک بکەن و هیچ هەنگاوێک بنێن و بە هیچ شێوەیەکیش وەلامی هیچ کەسێک و هیچ پرسیارێک سەبارەت بە تەرتوف ناداتەوە.

تەرتوف کەسێکی پیرۆزە و لە سەرووی هەموو بۆچوون و تێڕامان و پرسیارکردنێکەوەیە. تەرتوف هەموو جارێک بە دەرکەوتن و هاتنە ژوورەوەی بۆ سەر شانۆ، جۆرە مەترسییەک دروست دەکات، هەمیشە بەر لە هاتنە ژوورەوەی، لە بڵندگۆکانەوە گوێمان لە چەپڵەڕێزان و پێداهەڵدانی جەماوەر دەبێت، تەرتوف-یش بە شێوەیەکی بەردەوام چواردەوری بە کۆمەڵێک ڕیش درێژی چاو دەرپۆقیوی جلوبەرگ ڕەش دەورە دراوە، کە هەر یەکەیان چرایەکی سووری بە دەستەوەیە، وەک هێماگەلی دەستێکی خوێناوی.

ئۆرگۆن لەم هاوکێشەیەدا وێنەیەکی گونجاوە، ئەویش وەک ئەوان جلوبەرگی درێژی ڕەشی لەبەردایە. لە بەرانبەری ئەوان، ژنەکەی ئۆرگۆن (ئەلمیر)، کچەکەی (ماریان)، کوڕەکەی (دامیس) و کەنیزەی مالّەکەش (دۆرین) جلی سپییان لەبەردایە، ڕەش و سپی لە گەمەیەکی سیاسی، دەروونی و خوێناویدا ڕووبەڕووی یەکتری دەبنەوە، بەڵام کە ئۆرگۆن ماریانی کچی دەبەخشێت بە تەرتوف، دەستبەجێ سەرپۆشێکی درێژ و ئاوادامان بە سەر قژە درێژە ڕووتەکەی ماریاندا دەدرێت. کە دامیس لەگەڵ ئۆرگۆنی باوکی بەڕووی یەکتریدا دەتەقنەوە و دامیس ناڕەزایی بەرانبەر بە هەڵسوکەوتەکانی باوکی دەردەبڕێت، ئەوە پیاوە ڕیش درێژە جل ڕەشەکانی تەرتوف دێن، بە شێوەیەکی تۆندوتیژ و تۆتالیتار دامیس دەبەن.

ئاریان منوشکین هەموو ساتە کۆمیدییەکان لەم نمایشەدا دەکاتە ئازار و تراژیدیایەکی قوڵ، تەنانەت لە کۆتاییشدا ڕێگایەکی قوتاربوون بۆ ئۆرگۆن و خێزانەکەی نادۆزرێتەوە. ئەم ڕێژیسۆرە لەبری پاشا، کە لە کۆتایی شانۆنامەکەدا دەردەکەوێت و ئۆرگۆن ڕزگار دەکات، مووچەخۆرێکی گەندەڵ دەهێنێتە ژوورەوە، بەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە هەموو کۆمەڵگاکە لە بنەڕەتەوە گەندەڵ و تۆندڕەون.

گرینگی ئەم نمایشە لەوەدایە، کە ئاریان منوشکین کۆمیدیایەک وەردەگرێت و تراژیدیایەکمان پێشکەش دەکات، پێکەنین دەکاتە هەڵوێستەیەکی تراژیدی و ئەتۆسفێری ڕیتوالّە هونەرییەکە.

ئاریان منوشکین سەرلەنوێ شاکارێکی کلاسیکی لەمڕۆدا دەخوێنرێتەوە؛ ڕەوتێکی سیاسی تۆندڕەو، بەکارهێنانی ئایین وەک ئامرازێکی سیاسی، بەکارهێنانی ڕەگەزی مێ (ئافرەت) وەک چەمکێکی مۆڵکداریّتی و سێکسی، بنەماکانی خێزان و پێوەندییەکانی باوک و منداڵ، دەسەڵات و هەرەمی پێوەندییەکان کۆدەکاتەوە و لە شاکارێکی کلاسیکییەوە، لە فەرهەنسای سەدەی شازدەمەوە بە دید و تێڕوانینە گلۆبالیزمییەکانی ئەم سەردەمەوە دەبەستێتەوە. ئاریان منوشکین تەرتوف و مۆلیێر لە کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و لە نێو سیستەمە پۆست مۆدێرنیزم و پۆست کۆلۆنیالیزمەکاندا بەرجەستە دەکات و خودی خۆمان بە ڕووتی دەهێنێتە بەردەم ئاوێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای ئەمڕۆمانەوە.

شانۆی "ڕۆژ" و ڕۆڵی مۆسیقا

بەشێکی زۆری نمایشەکانی شانۆی "ڕۆژ" بە یارمەتی مۆسیقا و لە تۆن و دەنگی ئامێرە مۆسیقییەکانەوە دروست دەبن. مەشقە ڕاگوزاریەکانیان لە مۆسیقاوە دەگاتە بەرەنجامە کۆتاییەکانیان و مۆسیقا ڕێگاکانیان بۆ دەکاتەوە، هەندێک جار لە خودی مۆسیقاوە دەست پێ دەکەن، مەشقەکانیان بنیاد دەنێن، کارەکتەرەکانیان دەدۆزنەوە و ئەتمۆسفێرە تایبەتمەندەکانی خۆیان دەخوڵقێنن.

کۆمپۆسیتۆر و هونەرمەندی مۆسیقایی Jean-Jaques Lemetre کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی شانۆی "ڕۆژ"ـەوە لەگەڵ ئاریان منوشکین کاردەکات، مۆسیقای نمایشەکانیان ئامادە دەکات. بۆ نموونە ئەم کۆمپۆسیتۆرە لە یەکەم ڕۆژەکانی پرۆژەوە لەگەڵ ئەکتەرەکاندایە، بە مۆسیقا ئەتمۆسفێر و دەنگە گوزارشت ئامێزەکانیان، بە شێوەیەکی ڕاگوزاری بۆ ئامادە دەکات، ڕیتمەکانیان ڕادەگرێت، هەر لەوێشدا مۆسیقاکەش دەنووسێت. جوولانەوەی ئەکتەرەکان، بەکارهێنانی جەستە، دەنگ و پێوەندییەکانیان، دەروازەیەکە بۆ ئەم هونەرمەندە و بۆ نووسینی مۆسیقاکەی. ئەکتەرەکانیش، کە وێنەکانیان لەلا ڕوون و ئاشکرا دەبێت، بۆ ئەوەی دیالۆگی مۆسیقاکەشیان لەگەڵ ڕۆڵەکانیان بگونجێنن بۆ لای ئەم کۆمپۆسیتۆرە دەگەڕێنەوە و لەگەڵ ئەو قسە دەکەن. ئەم هونەرمەندە بەم شێوەیە دووپاتی ڕۆڵی خۆی لە پرۆسە شانۆییەکاندا دەکاتەوە (خودی دیدە مۆسیقییەکە لەسەر شانۆ دروست دەبێت، کە دیدەکەشم لەلا دروست بوو بۆ ئاریان منوشکین، ڕیژیسۆری کارەکە باسی دەکەم، ئەگەر قایل نەبێت بەوەی من دامناوە، لەگەڵ ئەکتەرەکان دەدوێم تا بتوانم شتێکی تر بدۆزمەوە، منیش خۆم لەگەڵ ئەوان دەگونجێنم، خێرا گۆڕانکاری لە مۆسیقاکەدا دەکەم. ئەگەر شتێکیش لەسەر شانۆ ڕێک نەکەوێت، مۆسیقا دەتوانێت یارمەتی بدات، ئەمەش گەمەیەکە پێکەوە دەیکەین.)

پێوەندییەکانی ئەم هونەرمەندە مۆسیقییە، تەنیا بە ئاریان منوشکین–ـەوە نییە، بەڵکو زیاتر پابەندە بە ئەکتەرەکانەوە، بە پرۆسەی نواندن و کاری ئەکتەرەوە لەگەڵ ڕۆڵەکانیاندا. کاری ئەم مۆسیقاژەنە، وەک ئەوە

وایە کە دەستی ئەکتەرەکان بگرێت و بەرەو پێشەوەیان بەرێت. یەکێک لە ئەکتەرەکان دەڵێت (هەست دەکەین، کە ئەویش بە ڕۆڵەکەی خۆی هۆشیارە، بە هەموو ئەو شتانەی کە لە منداید، وەک ئەکتەر، بەتایبەتی لە کاتێکدا، کە لەسەر شانۆ ڕۆڵەکەم دەبینم. ئەو تەنانەت دەتوانێت هەست و سۆزی بینەران لەلای ئێمە دروست بکات.) زۆرجار ئاریان منوشکین و ئەکتەرەکانی باسی جۆرە سیحرێک دەکەن، کە بەرەو ڕوویان دەبێتەوە، بەتایبەتی لەو کاتانەدا، کە لە دیمەنێکدا، یان لە ڕەوشێکی تایبەتیدا بۆ یادەوەرییەکانیان، بۆ منداڵی دەگەڕێنەوە. لەوێدا خۆشییەک، جۆرە بەختیارییەک، یان خورپەیەک هەیە، کە دەبێت سەرلەنوێ بدۆزرێتەوە، هەرچەندە ترسێک ڕامان دەگرێت، یان لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەنین بۆ ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە. لەم کاتەدا مۆسیقا یارمەتیدەرە، دراماتۆرگە و ئەو ڕێگایەیان بۆ دەدۆزێتەوە، هەست و هۆشیان ئامادە دەکات، جەستەیان دەخاتە ئامادەباشییەوە تا بڕوایان بەو ساتە چاوەڕوان کراوە هەبێت.

ئاریان منوشکین سەبارەت بە هاوکاری و کارەکانی ئەم کۆمپۆسیتۆرە دەڵێت (Jean-Jaques Lemetre) گوێی سووک و هەست ناسکە. ئەو شوێن پێی هەموو ئەو شتانەی، کە لەسەر شانۆ ڕوودەدەن و بەرجەستە دەکرێن، دەکەوێت. ئەو دەتوانێت شوێن نەغمەی دەنگە جیاوازەکانمان و هێڵە دراماتۆرگییەکان بکەوێت. ئەو هەروەک ئەوە وایە، کە ئاگای لە لێدانی دڵ و هەناسەدانی ئەکتەرەکان بێت.)

ڕۆڵی ئەم کۆمپۆسیتۆرە، هێندەی ڕۆڵی شانۆنامەنووسەکان گرینگە، لە مۆسیقاوە دەقە شانۆییەکان دەبنە کەرەستەیەکی فیزیکی بە دەستی ئەکتەرەکانەوە. هەر لە مۆسیقاشەوە وشەکان دەبنە وێنە و وێنەکان بە کارەکتەر و کارەکتەرەکان بە ڕوحێکی زیندوو لە جەستەی ئەکتەرەکاندا. ئاریان منوشکین ڕۆڵی مۆسیقا دووپات دەکاتەوە و دەڵێت (ئێمە نمایشی مۆسیقایی پێشکەش دەکەین، مۆسیقا لە نمایشەکانمان دایە، زۆر جار دەڵێن، کە شانۆ و مۆسیقامان تێکەڵاو کردووە. ئەوەی ڕاستی بێت شانۆ و مۆسیقا هەر لە سەرەتاوە، لەلای گریکەکان و لەسەردەمی ئەنتیکدا، یەک یەکە بوون، بەڵام لەگەڵ ڕۆژگاردا، هێدی هێدی ئەو بڕیارە درا، کە مۆسیقا لە وشە و شانۆ جیا بکرێتەوە.)

دواین پەناگە شەوی کاروانەکان

لە ساڵی ٢٠٠١دا ئاریان منوشکین سەردانی یەکێک لە کەمپەکانی پەنابەرە، لە نزیک سنوورەکانی نێوان فەرەنسا و ئینگلتەرا دەکات. مەبەستی سەردانەکە تەنیا بەسەرکردنەوەی پەنابەرەکان دەبێت، تا لە نزیکەوە لە ڕەوشی ژیانیان بگات. هیچ پلانێکی شانۆیی لەپشت ئەم سەردانەوە نابێت، بەڵام کە دەگەڕێتەوە بۆ پاریس و کاریگەری گوزەرانی پەنابەرەکان و بارودۆخە سیاسییەکەیان وای لێ دەکات پلانەکانی بگۆڕێت. هەندێک پەنابەری کوردیش لەم کەمپەدا دەژین، کە دەیانویست لەوێوە بەرەو ئینگلتەرا بڕۆن.

ئاریان منوشکین دواتر چەند سەردانێکی دیکەی پەنابەرەکان دەکات، گوێ لە چارەنووسەکانیان دەگرێت و بەسەرهاتەکانیان تۆمار دەکات. لە سەرەتاوە ئەم بەسەرهاتانە سەرنجی هێڵین سیسوو ڕاناکێشێت و ناتوانێت هیچ دەقێکیان بۆ بنووسێت. ئاریان منوشکین سوور دەبێت لەسەر پلانەکەی، بۆیە دەگەڕێتەوە بۆ سەر میتودە دێرینەکەی خۆیان و شانۆی ڕاگوزاری، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو بەسەرهاتەکان دەخاتە بەردەستی ئەکتەر و تیمی کارەکەی. ئاریان منوشکین ئەو چاوپێکەوتن و گفتوگۆیانەی لەگەڵ پەنابەرەکان کردوویەتی، دەکاتە بنەمایەکی سەرەکی و گرینگ، لەو دەروازەیەوە دەست پێ دەکەن و لە ئەنجامدا دەقی شانۆیی و نمایشی (دواین پەناگە شەوی کاروانەکان) لەدایک دەبێت، نمایشەکەش بریتییە لە سەدان دیمەن کە بەشێوەیەکی سروشتی، بەپێی لۆژیکی شانۆی ڕاگوزاری و زنجیرەی دراماتۆرگی ڕووداوەکان ڕۆنراوە، بەڵام لە هەر شەوێکی نمایش و ڕووبەڕووبوونەوەی بینەراندا تەنیا بیست تا سی دیمەن پێشکەش کراوە.

نامەی پەنابەرەکان، بەزمانی فارسی و کوردی، سەرەتای دیمەنەکان دەکاتەوە، پێتە فارسی، یان کوردییەکان یەکە یەکە وشە و ڕستەکان، وەک تابلۆیەک لەسەر فۆندێک دروست دەکەن. زمانەکە، زمانێکی نامۆیە بە بینەران، لەبەر ئەوەی ناوونیشانەکان لە ئێران، ئەفغانستان، یان کوردستانە:" ئازیزەکەم من بیر لە تۆ دەکەمەوە"، "دایە گیان ببووڕە کە بەجێم هێشتی، هەموو ئاوات و خولیام لەگەڵ خۆمدا برد و خەمەکانم بۆ بەجێ هێشتی. ئاخ..." و "شەوی یەڵدایە، یان دەیجووڕە ئەمشەو کە دیدەم دوور لە تۆ بێ نووڕە ئەمشەو" و "ئاخ

خۆمانمان گیرۆدە کرد، سەرمان لە خۆمان شێواند، بە دەستی خۆمان مالّی خۆمان وێران کرد، بووین بە مەینەت بۆ دایک و باوک و کەسوکارمان" ئەمە بەشێکە لەو نامانەی، کە پەنابەرە کوردەکان نووسیویانە، دواتر بە هەمان شێوەو بە خەتی خۆیان لە پرۆگرامی نمایشەکەشدا بلاوکراونەتەوە.

دوای نامەکان لافاو و باوبۆرانێکی گەورە، لەناوچەیەکی دووری دەستی سەر سنوور، لە نێوان کازاخستان و کرگیستان بەرجەستەی ئەو رێگا سەخت و پر مەترسییەمان بۆ دەکات، کە پەنابەرەکان دەیگرنە بەر. پارچە قوماشێکی گەورەی شین، دەبێتە ئەو دەریا گەورە و تووڕەیە و هەموو پانتایی شانۆکە دەگرێتەوە، پەنابەرەکانیش لەو گێژەنەدا لە ململانێی مەرگ و ژیاندان.

لەم نمایشەدا هەموو شتەکان و ئەکتەرەکان بەسەر "بۆربڕینەوە" ئەکتەرەکان، یان تەکنیککاران، کە هەر ئەکتەرەکان خۆیانن، دیمەن لەدوای دیمەن بەسەر ئەو بۆربڕینانەوە دەهێننە سەر شانۆ، بۆ نموونە: عەرەبانەیەک، ماتۆڕیک کە چەند کەسێکی بەسەرەوەیە، بارەگایەکی سەر سنوور، مالّێک...تاد، هەروەها ئەکتەرەکانیش بەسەر ئەم بۆربڕینانەوە دەهێنرێنە سەر شانۆ و دەشبرێنە دەرەوە. لە دیمەنی پەنابەرەکاندا، ئەو ئەکتەرانەی کە رۆڵی پەنابەر دەبینن، بەهیچ جۆرێک قاچیان ناکەوێتە سەر زەوی، ئەمەش هێماگەلی ئەو جیهانەیە، کە پەنابەرەکان بە بەردەوامی بە دوایدا دەگەڕێن، بە بێ ئەوەی پێی بگەن.

یەکێک لە دیمەنە سەرەکییەکان، لە نزیک هێلّێکی شەمەندەفەرەوە بەرجەستە دەبێت، لەم شوێنەدا پەنابەرەکان لە چالّێکدا خۆیان دەشارنەوە، تا بتوانن لە رێکەوتێکی گونجاودا، بە یارمەتی قاچاخچییەکان خۆیان فرێ بدەنە ناو ئەو شەمەندەفەرانەوە، کە بەرەو رۆژئاوا دەڕۆن. زۆرجار پاسەوانەکانی سنوور، یان پۆلیس پێیان دەزانن، دەیانگرن و سنووراشیان دەکەنەوە.

هونەرمەندێکی کوردی شاری سلێمانی (سەرکەوت گۆران) کە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە، لەم نمایشەدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و سەرکەوتوو چەندین رۆڵ دەبینێت؛ بۆ نموونە قاچاخچییەکی کورد، پەنابەرێکی ئێرانی، تالّیبانەکانی ئەفغانستان. سەرکەوت گۆران زیاتر بە کوردی قسە دەکات، بەلاّم هەندێک جاریش بە فارسی و ئینگلیزی دەدوێت، ئەمەش بە پێی چۆنیەتی رۆڵەکەی دەگۆڕدرێت.

بەرئەنجام و کۆتایی

ئاریان منوشکین و شانۆی "ڕۆژ" تا ئێستا بە هەمان وزە و تواناییەوە بەردەوام و چالاکن، کارەکانیان بە هەمان شێوە لە هەموو ئەوروپا و ئەمەریکادا جێگای سەرنج و ستایشی بینەر و ڕەخنەگرەکانە.«۲۵»

شانۆی "ڕۆژ" و ئاریان منوشکین لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی تەمەنیدا، ئەوەیان دووپات کردۆتەوە، کە شانۆ دەتوانێت ڕۆڵێکی گرینگ لە کۆمەڵگا و لە ژیانی هەموو تاکێکدا بگێڕێت، کە شانۆ دەتوانێت دنیا بگۆڕێت و پەیامێکی سیاسی و مرۆڤایەتی هەبێت.

شانۆی "ڕۆژ" لە مەشقەکانی ڕاگوزاری، فۆرمەکانی شانۆی میللی و گەڕانەوە بۆ شانۆی گریکی و شەکسپیر، بە سوود وەرگرتن و قووڵ بوونەوە و گەڕانەوەیەکی بەردەوامی تەکنیک و فۆرمەکانی شانۆی ڕۆژهەڵات توانیویانە شانۆیەکی تایبەتمەند، شانۆیەکی خاوەن پەیام، شانۆیەکی سیاسی بێ وێنە بخوڵقێنن. لەم شانۆیەدا، چەندە جەستەی ئەکتەر، هونەری نواندن، دیدی ڕیژی، تەکنیکی نمایش بالاّ و گرینگە، هێندەش پەیامی شانۆکەیان بۆ دنیا گرینگە و جێگای بایەخە. ئەم شانۆیە بە هەموو ئامرازەکانی بۆ تەنگژە و گرفتەکانی جیهان، بۆ مافی مرۆڤ، پرسە سیاسییەکان، گرفتی پەنابەر و دژی جەنگەکان کار دەکات.

ئاریان منوشکین هەمیشە دووپاتی ڕۆڵی خۆیان، پێگەی شانۆکەیان و ڕۆڵی شانۆ لە کۆمەڵگادا دەکاتەوە (ڕۆڵی ئێمە ئەوەیە، کە ئەوە پێشان بدەین چ هەلومەرجێک لە شانۆدا هەیە و شیاوە. کە شانۆ هونەرێکی لەبارە، هونەر ئامرازێکی گرینگ و شیاوە، کە لەگەڵ مرۆڤ هەڵکردن، ئەگەرێکی گەورەیە. ئەمە ڕۆڵی ئێمەیە، هەروەها ڕۆڵی هەموو شانۆیەکیشە، ئەمەش ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە گێڕانەوەکان هەردەم ئەفسوونی خۆیان هەیە، کە خەم و پەژارە، غیرەت، هیوا و ژیان بخوڵقێنن. ئەمەیە ڕۆڵی ئێمە.)

ئەم تێڕوانین و دیدەی ئاریان منوشکین بۆ شانۆ و ڕۆڵی شانۆ، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە شانۆ بۆ ئەم ڕیژیسۆرە تەنیا کارێکی شانۆیی ڕووت نییە، کە تەنیا نمایش

کردنی شانۆیی نییە، بەڵکو شانۆ ئامرازێکی گرینگی گۆڕانکارییەکانە، ئەم هونەرمەندە بڕوایەکی پتەوی بەوە هەیە، کە شانۆ دەتوانێت جیهان بگۆڕێت!؟

پەراوێزەکان:

١٧- ئاریان منوشکین و هێلین سیسوو لە ساڵی ١٩٨٧دا، بەهەمان شێوە شانۆنامەیەکیان سەبارەت بە هیندستان پێشکەش کردووە.

١٨- ئەم شانۆنامەیە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٤ نمایش کراوە و لە ساڵی ١٩٩٥یشدا، لەگەڵ شانۆنامەی تەرتوفدا، لە فیستیڤاڵی ئەڤینیۆندا نمایش کراوەتەوە.

١٩- لەبەر گرینگی ئەم نمایشە لە ساڵی ٢٠٠٢دا کراوەتە فیلم و تا ئاستێکی بەرز توانیویانە ڕوحی شانۆنامەکە، وەک نمایشێکی وێنەیی بۆ فیلم بگوێزنەوە.

٢٠- ئەم شانۆنامەیە بە شێوەیەک لە شێوەکان شانۆنامەی (بازنەی تەباشیری قەوقاز)ی بێرتۆڵد بریشت-مان بیردەخاتەوە: کێ خاوەنی زەوییەکانە، پەنابەرە گەڕاوەکان، یان ئەو کەسانەی زەوییەکانیان کێلاوە و بەروبوومەکەیان کۆکردۆتەوە. لێرەدا پاشایەکی پیری چینی ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێکی لەم شێوەیە دەبێتەوە.

٢١- کۆمپۆسیتۆر و هونەرمەندی مۆسیقاژەن Jean-Jaques Lemetre? کە زیاتر لە بیست و پێنج ساڵە لەگەڵ ئاریان منوشکین کاردەکات، مۆسیقای ئەم نمایشەشی داناوە. هەر خۆشی لەکاتی نمایشی (تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە) دا، بەیارمەتی یاریدەدەرەکەی، بە درێژایی نمایشەکە پەنجا جۆر ئامێری مۆسیقایی بەکاردەهێنێت.

٢٢- کلێسا فەرەنسییەکان هەرگیز لە مۆلێر خۆش نابن، کە مۆلێریش دەمرێت بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن، بە شێوەیەکی شایستە و بەپێی دابونەریتە دینی و کۆمەڵایەتییەکان بە خاک نەسپێردرێت، تا پاشا ناچار دەبێت مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە و بە چارەسەرێکی مامناوەندی کلێسا بەوە ڕازی بکات، کە تەرمەکەی مۆلێر بە شەو و بە نهێنی بەخاک بسپێردرێت.

٢٣- مۆلێر کە ئەم شانۆنامەیە لە کۆشکی پاشا پێشکەش دەکات، خۆی ڕۆڵی (ئۆرگۆن)ی بینیوە.

٢٤- لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، تەوژمێکی تووندوتیژی ئیسلامییە تووندڕەوەکان هەموو جەزائیر دەگرێتەوە، ڕۆژانە کوشتارێکی زۆر لەسەر شەقام و شوێنە گشتی و فەرمییەکاندا ڕووەدات. ئیسلامییە تووندڕەوەکان لەپێش هەموو شتێک و هەموو کەسێکدا دەکەونە کوشتن و تیرۆرکردنی چینە ڕۆشنبیر و هۆشیارەکەی جەزائیر: نووسەر، شانۆکار، هونەرمەندی سینەمایی، مۆسیقایی و وێنەکێشەکان ... تاد دەکەنە قوربانی.

٢٥- هەندێک کەس و لێکۆڵەرەوەکان شانۆی (ڕۆژ) بە ڕۆژی پاشا و ئاریان منوشکین بە شاژنی ڕۆژ ناوزەد دەکەن.

سەرچاوەکان:

1- Johanna Enckell, Skärvor av Artaud, Like, Helsingfors, 2003.

2- Margareta och Ulf Sörenson, Teater i Paris, Liber Förlag, 1983.

3- Richard Estreen, Teater, Mor-stondskraft och frihetslengtan, Stocholm, Carlssons, 2012.

4- Judith G. Miller, Arine Mnouchkine, Routledge, 2007.

5- Arina Mnouchkine, Dekomentar SVT.

6- Calle Pauli, Skakespeare tar over Theatre du Soli, Richard 11 I Orienten. Dagens Nyheter, 1982.

٧- شانۆنامەی ١٧٨٩ - ١٧٩٣، دەربارەی شۆڕشی فەرەنسی بە DVD.

٨- شانۆنامەی تەرتوف، لە ئەرشیفەوە DVD.

٩- شانۆنامەی تەپڵەکانی سەر خەندەقە گەورە پڕ لە ئاوەکە، DVD.

١٠- فیلمی مۆلێر، نووسین و ڕێژی ئاریان منوشکین. DVD.

١١- شانۆنامەی دوایین پەناگە شەوی کاروانەکان، DVD.

تێبینی: شانۆی "ڕۆژ" گرینگییەکی زۆر بە ئەرشیف کردنی کارەکانیان دەدەن و زۆربەی بەرهەمەکانیان لەسەر ئاستێکی بەرز تۆمارکردەکەن، دواتر لە بازارەکانی ئەورووپادا، بەنرخێکی بەرز دەیانفرۆشن. من بۆ نووسینی ئەم باسە هەموو ئەو کارانەی باسم کردوون، ڕاستەوخۆ لەسەر شانۆ، یان بە تۆمارکراوی و بە DVD دیومن.

موزیکی شانۆ لەنێوان دانان و هەڵبژاردندا

لە عەرەبییەوە: نایف شێخانی

هەرچەند بۆ هەمیشە موزیک دەچێتە ناوەرۆکی دراماوە، بەڵام هەندێک جاریش لەگەڵی ناگونجێت، جاری واش هەیە لەگەڵ توخمەکانی دیکەی نمایشی شانۆییدا دەگونجێت، ئەگەر هاتو موزیکەکە بۆ شانۆکە دروست کرابێت لە شێوە و ناوەرۆکدا لەگەڵ گیان و ڕوحی نمایشەکەدا دەگونجێت، بەڵام کاتێک موزیک لەگەڵ نمایشەکە ناگونجێت لە حاڵەتێکی ئاسایی نزیک دەبێتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر هاتو نیاز لە بەکارهێنانەکە هاوشانی کردنی ئەکتەرەکە بێت بۆ شاردنەوەی ناڕوونی و خۆ بە دوورگرتن لە کەمتەرخەمی. ئەوکات موزیک وەک یەکێک لە گرنگترین توخمەکانی نمایشی شانۆیی ئەو ڕۆڵەی خۆی نابینێت و هەڵبژاردنەکەی تەنیا بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەبێت، بەپێی بۆچوون و هەست و ئارەزووی ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرێت، بێ گومان ئەو کات لە گەیاندنی مەبەستەکانی دوور دەکەوێتەوە.

هەندێک لە دەرهێنەران جۆرێک لە ئەرک و داخوازی دەخەنە ئەستۆی موزیک کە ئەرکی ئەو نییە، بە تایبەتیش ئەو کاتانەی دەیکات بە فریادڕەسێکی ئاسان و سووکەڵە بۆ هەڵە و کەوتنەکانی خۆی و گرووپەکەی، کە ڕۆڵ و کاریگەری موزیکی لە شانۆدا لە بیری خۆی بردۆتەوە، یان هەر درکی پێ ناکات.

کە: "هاریکاری دەرهێنەر دەکات بۆ وێنەی ئیقاعی ئەو نمایشەی کە دواتر توانایی و هێزی گێڕانەوە و دەنگدانەوەی ڕاستەقینەی موزیکی ناوەوەی نمایشە شانۆییەکەی پێ دەبەخشێت" «١». ئەوە ئەو کەشوهەوایەیە کە پێک گەیشتن لە ناوەوە دەسلەملانەی یەک و دوو دەبن، وەک هزرێکی نەبینراو وەک دەردو بەڵایەک ڕێ دەکات تا لە ڕوحدا جێگیر دەبێت و لە

گەشەسەندن بەردەوام دەبێت و دواجار تێگەیشتن و زانین لە دڵدا لەدایک دەبن. موزیک لە شانۆدا لە قسەکردنەوە دەست پێ دەکات و لە جوواڵە و ئیقاع و ئاواز و میلۆدی دەنگ بەردەوام دەبێت، ئەوەش هەروەک نموونەی سەرهەڵدانەکەی سەرەتای هاتنە کایەوە و مامەڵەکردنی مرۆڤ لەگەڵیدا، بەتایبەتیش یەکەم هونەرمەند و یەکەم مرۆڤ کە سروشتی دواند و لێی فێربوو، خوازیاربوو بە هەموو جۆرە ئامرازەکانی دەنگ و جووڵە و وێنەکێشی مامەڵەی لەگەڵ بکات. ئەوە بوو بە هونەرەکانی شێوەکاری و هەڵکۆڵین و شیعر و گۆرانی و موزیک سوودی لەو جوانییەی وەرگرت، بەرز و نزمی و شاخ و دۆڵ و ڕووبار و ئاژەڵەکان و ئەو دەنگانەی کە باسمان کردن هەموو ئەوانەی دواند. لەوانە و بە هەموو ئەوانە موزیک ناوەرۆکی دروست و ڕاستەقینەی بینینی شانۆیی پێکەوە ناوە، "نمایشی شانۆیی نابێتە نمایشێکی ئیقاعی ئەگەر هاتو موزیکی نەبێت " «٢». لە میانەی قسەکردن، جووڵە، ئیقاع، ئاواز و میلۆدی دەنگ، ڕەنگ، بێدەنگی، وەستان، تاریکی...تاد، لەبەر ئەوەی نمایش بەبێ ئەوە نمایشێکی خراپ و بێ کەڵک دەبێت. هونەری موزیک فێری ئەوەمان دەکات کە چۆن لە سووکە گۆڕانکارییەکی ئیقاعدا ساختەکاری بەرهەم دێت. شێواز و فۆرم لە موزیکدا فێری بە پیشەیی بوونمان دەکات، ناوەرۆکەکەشی فێری سۆز و درک پێکردنمان دەکات لە باری ڕوحییەوە، لە هەردووکیانەوە گوێمان لەوە دەبێت کە ناومان لێ ناوە (کەشوهەوای گشتی)، یان (بە هاوواڵاتی بوون لە هونەردا) هەروەک توفستونۆکۆف ناوی لێ ناوە، کە دەڵێت " ئەگەر وامان بە خەیاڵدا هات و لای خۆمان هونەری شانۆمان کرد بە ئۆرکێستراپەکی سەمفۆنی، ئەو کات موزیک دەبێت بە ئامێرێک لە ئامێرەکانی نمایشی شانۆیی«٣».

بۆیە پێویستە موزیک لەگەڵ هەموو ئامراز و کەلوپەلە سەرەکی و ناسراوەکانی نمایشی شانۆییدا ببەسترێتەوە لە پێناوی کاملّ بوونی هونەری لە نمایشی شانۆییدا، ئەوەش بەو مانایەی هونەری موزیک لە شانۆدا بەشێکە لە هەموو، ناتوانێت بەبێ توخمەکانی دیکەی شانۆ شتێکی چاک بەدەستەوە بدات، کە وابێت دروست کردنی هارمۆنیا لە کاری ئەداکردن لەگەڵ موزیکدا زۆر پێویست و گرنگە، لەبەر ئەوە هەرکاتێک لە کارێکی شانۆیی پێویست بە موزیک بوو، دەبێت شوێنی گونجاوی بۆ بدۆزینەوە وەک مایەرهولد بڕوای وایە. لەوەی باس کرا دەردەکەوێت کە موزیک یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان لە هونەری شانۆدا، ئەو هونەرەی لایەنی هەمەجۆر لە خۆدەگرێت، ئێمە لەناو سروشتدا دەژین و بە دەنگی هەمەچەشن و جۆراوجۆر دەور دراوین، هەندێک جوان و شیرین و هەندێک ناشیرین و ناخۆش، لەبەر ئەوەی شانۆ باس لە سروشت دەکات و دەیگێڕێتەوە، بۆیە پێویستە ئەو دەنگانە هاوەڵی ڕووداوەکان بن و لەگەڵ دیالۆگەکان هاوشان بن و هەستە موزیکییەکە " هاوکاری کارەکتەرەکە دەکات بۆ خستنەڕووی مانا قوواڵ و شاراوەکانی بارە کۆمەڵایەتییەکە کە لە بنچینەدا پێوەندی نێوان ڕووداوەکانی ناو شانۆگەرییەکە جوانتر دەکات"«٤».

کە وابێت ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە موزیک کاریگەرییەکی ڕوحی و ئەخلاقی گەورەی بە سەر ژیانمانەوە هەیە؟ ئایا وا لە هەست و سۆزە مرۆییەکانمان دەکات کە چاکتر و بەخشندەتر بن؟ ئەلن دنیۆر دەڵێت: "موزیک ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن و درک کردن بەو کاروکردەوانەی فیکر و بیرکردنەوەمان، سەرباری هەستی سۆزداریمان. وەک جۆرێک لە بەیەکەوە گرێدان لە نێوان فیکر و ژمارە "«٥»، ئەو کاریگەرییە لە باری ئەخلاقییەوە هەست و سۆزە مرۆییەکان چاک و چاکتر دەکات. موزیک لە شانۆدا هاوکاری گەیاندنی بیروبۆچوونەکان بۆ بینەران دەکات، بێ گومان بە هاریکاری زمانی گوزارشت و کرداری فیزیکییەوە. ئەوەی لەو کرداڕەوە بەرهەم دێت لە کاریگەری هەستی و دەروونی بەخشینی کەشوهەوایەکی گشتییە بە سەر نمایشەکە و ئیقاعی دیمەنەکە دیاری دەکەن، هەریەک لە: موزیک و زمانی گوزارشتکاری جەستەیە. دوا بەدوای ئەوە لە ئیقاعی دیمەنەکانی دیکەوە، ئیقاعی کۆی گشتی شانۆگەریەکە دیاری دەکرێت «٦»

یوری زاڤادسکی جەخت لە گرنگی و شوێن پەنجەی دانەری موزیکی شانۆ لە چوارچێوەی کۆمەڵەی شانۆدا دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی هاوکاری دەرهێنەر دەکات لە پاڵپشتی و دیاریکردنی وێنەی ئیقاعی نمایشەکە و دواندن و گێڕانەوەی ڕاستودروستی موزیکی ناوەوە، لەبەرئەوەی موزیک فێری ئەوەمان دەکات هەست بەو

شتگەلانە بکەین کە لە شانۆماندا بەشێکن لە ژیان و ژیانی ڕۆژانە دووبارە دەبنەوە. ئەوەی پێی دەڵێین کەشوهەوای گشتی نمایشی شانۆیی. لەبەرئەوەی گرنگی و کاریگەری سەرەکی هەیە بۆ دەستەبەر کردن و پێکەوەنانی کەشوهەوای لەبار و پێویست بۆ نمایشی شانۆیی هەروەک وتمان.لەو ڕێگەیەوە ئەزموونی ڕوحی دەبێتە واقیعێکی هەست پێ کراو، هەروەک چۆن بیرۆکە و ئامانجە گشتی و سەرەکییەکان لە نمایشی شانۆییدا دیاری کراوە، بەهەمان شێوە پێویستە دانانی موزیک لە بەر ڕۆشنایی ئەو ئامانج و بیرۆکانەدا بێت و لەگەڵ پێکهاتەکانی نمایشی شانۆییدا یەکانگیر بێت، تا بەو ئاستە بەرزەی هونەرێکی خوازراو کامڵ دەکات کە پێویستە بۆ کۆی گشتی نمایشێکی شانۆیی. تا بەوە دەگات دەتوانرێت ئەو موزیکەی کە بۆ شانۆ دانراوە جیای بکەینەوە، تەنانەت دەتوانرێت بەدەر لە بینین و نمایشی شانۆ ببیستین و گوێی لێ بگرین، بە دیاریکراوی لەو تێڕوانینەوە دەتوانین بڵێین ئەو موزیکەی کە بۆ شانۆیەکی دیاریکراو دانراوە، بە هیچ کلۆجێک بۆ شانۆگەرییەکی دیکە ناشێت و ناگونجێت، تەنانەت ئەگەر بێتو لەباری جۆرایەتییەوە لەگەڵیدا گونجاویش بێت، لە بیرۆکە و ئامانجە گشتیەکانیشدا نزیکی یەکتر بوون، بۆیە ئەگەر بێتو ئەو موزیکە بەکاریش بێت بێ گومان هەست بە جیاوازییەکە دەکرێت، ئەگەر زۆر کەمیش بێت، بۆیە شێواز و فۆرمی ئەو موزیکەی کە بۆ نمایشی شانۆ ئامادە دەکرێت لە کاری ژمارەیەک لە دەرهێنەران ڕووبەرێکی بەرفراوان وەردەگرن، کاتێک شێواز و لایەنی هونەری نمایشە شانۆییەکە دیاری دەکەن.

تێبینی:

ئەو بابەتە وەرگێڕدراوە بەشێکە لە نووسینێکی درێژی نووسەر (فاضل خليل) کە لە ماڵپەڕی (حوار المتمدن) بڵاوکراوەتەوە.
http://www.ahewar.org/debat/nr.asp

سەرچاوەکان:

(١) يوري زافادسكي: حديث أمام المؤتمر الاتحادي العام للمخرجين. نشر في مجلة الفن السوفيتي عام ١٩٤٠، ص٢٧٦.
(٢) يوري زافادسكي: نفس المصدر السابق.
(٣) جورجي توفستونوكوف: حول مهنة المخرج، سلسلة علم وفن، بلغاريا، صوفيا ١٩٧٠ ص٢٨٧.
(٤) برتولد بريخت: نظرية المسرح الملحمي، ت: جميل نصيف، منشورات دار الحرية، بغداد ١٩٧٠، ص٢٦٠.
(٥) آلن دنيور: القيم الروحية والأخلاقية في الموسيقى، ت: محمد جواد داود، مجلة القيثارة، وزارة الإعلام ١٩٨٩، ص٣٢.
(٦) يوري زافادسكي: حديث أمام المؤتمر الاتحادي العام للمخرجين، ص٢٧٧.

کۆتایی گەمە و تارمایی سپی

هاشم سەڕاج

«کۆتایی گەمە» شانۆنامەیەکی بەناوبانگی (سامۆیێل بیکێت)ـە، مستەفا قەسیم لە فەرەنسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەریگێڕاوە و شوان جافەر پێیداچووەتەوە، ئەم شانۆنامەیە لە زنجیرە -٢-ی شانۆی بیانی چاپ و بڵاوکراوەی - دەزگای ئاراس-ـە، «دانا ڕەئووف»ی سەرپەرشتیاری زنجیرەی شانۆی بیانی پێشەکییەکی درێژی لە بارەی دەقی «کۆتایی گەمە» و ژیان و بەرهەمەکانی سامویێل بیکێت نووسیوە، سەرەتا هەوڵدەدەم لە ڕێگەی پێشەکییەکەی «دانا ڕەئووف»ـەوە هەندێک داتا و زانیاری لە بارەی وێستگەکانی ژیانی بیکێت و هەندێک لە بەرهەمە شانۆیی و ئەدەبییەکانی بخەمەڕوو، دواتر بەپێی توانایی لە دەقی کۆتایی گەمە دەدوێم.

سامویێل بیکێت لە سالّی «١٩٠٦» لە دایک بووە و دایک و باوکی سەر بە بنەماڵەیەکی ئێرلەندی پرۆتستانتی بوون، بیکێت لە دەورانی منداڵییەوە حەزی بە وەرزش کردووە، بە تایبەتی مەلەکردن، بۆکسێن و یاری تێنس، بنەماڵەی بیکێت دەوڵەمەند و ناسراو بوون و ئەم بەهرەی وەرزش و یارییەش لە باوکیانەوە بۆ خۆی و فرانکی برای مابووەوە، بیکێت، بێجگە لە وەرزش و یاری، کاتێکی زۆری بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکرد، سامویێل بیکێت لە باشترین قوتابخانە و زانکۆکانی ئەوکاتەی دبلن درێژە بە خوێندن دەدات و سالّی ١٩٢٦ بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی زانکۆکەیانەوە سەردانی پاریس دەکات، بیکێت لە زانکۆی ترینتی لە دبلن گرنگییەکی زۆر بە زمانە مۆدێرنەکان دەدات و زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی دەخوێنێت، شاکارەکانی «دانتی ئەلیجیری» زۆر کاری تێدەکەن، دواتر ئەو کاریگەرییە لەشانۆنامە و ڕۆمان و نۆڤلێت و شیعر و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەگەرچی ڕۆمانەکانی گرنگن، بەڵام بیکێت زۆرتر لە ڕێگەی شانۆنامەکانییەوە ناوبانگی جیهانیی خۆی دەسەلمێنێت. سالّی ١٩٣٠ کۆمەڵێک بابەتی ئەدەبی دەنووسێت، لەوانە نووسنێک دەربارەی جیمس جۆیس، شیعرێکی فەلسەفی سەبارەت بە دیکارت و بابەتێکی ڕەخنەی ئەدەبیش. بۆ ڕاڤەکردنی ڕۆمانەکانی مارسێل پرۆست، بیکێت ماوەیەک لە

کۆلێژی ترینتی دەبێتە مامۆستا و دواتر لە پیشەی مامۆستایی و ژیانی ئەکادیمی بێزار دەبێت و دەست بەگەشت دەکات، سەرەتا دەچێتە لەندەن، پاشان بە شارەکانی ئەڵمانیادا دەگەڕێت، سالّی ١٩٣١ یەکەم شانۆنامە دەنووسێت و سالّی ١٩٣٢ لە پاریس دەگیرسێتەوە، سالّی ١٩٣٣ مەرگی باوکی زۆر کاری تێدەکات و دووچاری گۆشەگیری دێت، لە پاریس دوو ڕۆمان دەنووسێت و ئاشنایەتی لەگەڵ جیمس جۆیس پەیدا دەکات، سالّی ١٩٣٨ لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی پاریس بە ڕێکەوت دۆستایەتی لەگەڵ ئافرەتێک بەناوی سوزان پەیدا دەکات، بەڵام ئەم پێوەندییە تا دواچرکەکانی مەرگ بەردەوام دەبێت. دوای هەڵگیرسانی دووەمین جەنگی جیهانی، بیکێت تێکەڵاوی هێزێکی بەرهەڵستکار دەبێت و دژی سوپای نازی دەجەنگێت و ڕۆڵی کۆکردنەوەی زانیاری دەگێڕێت و میکرۆفیلم، بەڵگەنامە و دۆکیومێنت دەربارەی چالاکی و جوواڵانەوەکانی هێزەکانی ئەڵمانیا ڕەوانەی بریتانیا و شوێنە باوەڕپێکراوەکانی دیکە دەکات، دانا ڕەئووف لەم پێشەکییەدا بە دوورودرێژی لە ژیان و بەرهەمەکانی سامۆیێل بیکێت دەدوێت، سالّی ١٩٤٢ کە شانەکەیان ئاشکرا دەبێت، بیکێت و سوزان ناچار دەبن ڕابکەن و خۆیان بگەیەننە ناوچە ئازادکراوەکانی فەرەنسا و بۆ ماوەی دوو سالّ بەنهێنی لە گوندە دوورە دەستەکانی فەرەنسادا ژیان بەسەر دەبەن، لەو ماوەیەدا ڕۆمانی وات «Watt» دەنووسێت، دواتر زمانی خۆی دەگۆڕێت و بەزمانی فەرەنسی دەنووسێت.

سالّی ١٩٤٩ شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە» دەنووسێت، بینینی شانۆنامەی «سۆناتای تارمایی»ی ستریندیبرگ کاری تێدەکات، سالّی ١٩٥١ ڕۆمانی مۆلۆی دەنووسێت، دواتر ڕۆمانی «مالۆن دەمرێت» و «ئەوەی ناونانرێت» سالّی ١٩٥٣ یەکەم نمایشی شانۆنامەی «بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە» لەسەر شانۆی Theatre de Babylone بە سەرکەوتنێکی گەورە پێشکەش دەکرێت و دەبێتە هێمای سەرەتایەکی نوێ بۆ شانۆی فەرەنسی و شانۆی جیهانی و تەوژمی شانۆی ئەبسورد، لە شانۆی تەقلیدی دوور دەکەوێتەوە زمانێکی تایبەت و ئەتۆسفێرێکی جیاواز بۆ شانۆ دەخولقێنێت، سالّی ١٩٥٧ شانۆنامەی «کۆتایی گەمە» دەنووسێت، سالّی ١٩٥٥ «پیتەر هال»ی ڕیژیسۆری بەناوبانگ لە «لەندەن» دەقی «بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆوە، بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش دەکات و دەڵێت: لەدوای ئەم شانۆنامەیە، شانۆ هەرگیز نەگەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی، سامۆیێل بیکێت، کۆمەڵێک شانۆنامەی دیکە دەنووسێت، لەوانە «دواشریتی کراب» ، «نواندنێکی بێ دەنگ» ، «ڕۆژێکی بەختیار» ، «هەناسەدان» ، دانا ڕەئووف لە نووسینەکەیدا بە کورتی لە ئەتۆسفیری یەکە یەکەی شانۆنامەکان دەدوێت، بیکێت، سەر بە دوو کولتووری جیاواز بووە، ئینگلیزی و فەرەنسی، بۆیە گەمەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی خۆی لەنێوان هەردوو زماندا ئەنجام داوە، ئەم گەمەیە ئاستی هزر و زەینی فراوانتر کردووە، بیکێت سالّی ١٩٦٩ پاداشتی نۆبڵ وەردەگرێت، سالّی ١٩٨٩ش لە پێشدا «سوزان»ی هاوڕێ و هاوژینی لەتەمەنی ٨٩ سالّیدا دەمرێت، دواتر خۆیشی لە هەمان سالّدا سەردەنێتەوە، دانا ڕەئووف لە پێشەکییەکەدا سەبارەت بە بیکێت و شانۆی ئەبسورد و پووچگەرایی چەند بابەتێکی دیکە دەخاتەڕوو، وەک «بیکێت و شانۆی پووچگەرایی» «بیکێتی نووسەر و بیکێتی ڕیژیسۆر» ، «تەنگژەی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بیکێت» ، «کۆتایی گەمە، یان گەمەی دەسەڵات» ، «کۆتایی گەمە، یان گەمەی شەترەنج» .

سامۆیێل بیکێت سەبارەت بە میتافۆری لێکچوونی گەمەی شەترەنج و شانۆنامەی کۆتایی گەمە دەڵێت هام پاشای ئەم گەمەیەیە کە هەر لە سەرەتاوە دۆڕاوە، هەر لە سەرەتاوە، ئەم پاشا دۆڕاوە دەزانێت هەموو ئەو شتانەی کە دەیان کات هیچ مانایەکیان نییە. لێرە بەدوا هەوڵ دەدەم تۆزێک بچمە نێو گەمەکەوە، لە جووڵەی کارەکتەرەکان و دەنگ و هێزی پچڕپچڕی زمان بدوێم، کۆتایی گەمە، چوار ئەکتەر لەخۆ دەگرێت، ناگ، نیل، هام، کلۆف ناگ و نیل دایک و باوکی «هام»ن هەریەکە و لە تەنەکەی خۆڵی خۆیدا دانیشتووە، هەندێک جار سەریان دەبینرێت، «هام» کوێرە و چاوەکانی سپی بووەتەوە و بەدرێژایی شانۆنامەکە لەسەر کورسییەکی پێچکەدار دانیشتووە، ناگ و نیل و هام توانایی ڕۆیشتنیان نییە، بەڵام کلۆف

بەدرێژایی شانۆنامەکە بە پێوەیە و کۆیلە و بەردەستی هامە، هەر چوار ئەکتەرەکە پێوەندییەکی تووندوتیژ و گەمەیەکی قێزەونی کۆمیدی بەیەکەوەیان کۆ دەکاتەوە، بەتایبەتی هام و کلۆف نە لەگەڵ یەک هەڵدەکەن و نە بەبێ یەکدیش دەتوانن، یان بەشێوەیەکی دیکە سەرجەم کەسایەتییەکان لە بازنەیەکی پووچگەراییدا دەخولێنەوە و ڕستەگەلێکی سپی فڕێ دەدەن خاڵی لە مۆرکی لۆژیک و دوور لە خەسڵەتە تەقلیدییەکانی ڕەوانبێژی، ڕستەکان زۆرتر پرسیار لەدوای پرسیار دەوروژێنن، دەکرێت بڵێین شانۆنامەی کۆتایی گەمە، گەمەی ورووژاندنی پرسیارگەلێکی بێ وەڵامە کە ئاراستەی بوونی مرۆڤ دەکرێت، بوونێک لە گەردووندا بەبێ هیچ ئامانج و هیوا و مەبەستێک دەخولێتەوە و بەردەوام هەڕەشەی لەنێوبردنی لێ دەکرێت، بۆیە ڕستەکان لە ڕێگەی بێ دەنگییەکی شاراوەوە ئاراستەی هەست و نەستی بینەران دەکرێن، شانۆنامەکە لە ژووریکی ڕووتوقووت پێشکەش دەکرێت، لە ڕووی دیکۆر و سینۆگرافیاوە، لە نزیک دەرگەکەوە تابلۆیەک بە هەڵگەڕاوەیی هەڵواسراوە، لە پێشەوەی شانۆ لەلای چەپ، دوو زبڵدان «تەنەکەی خۆڵ» بەرانبەر بەیەک دانراون، لەناوەڕاستی شانۆ، هام لەسەر کورسییەکی جووڵاو «کورسی ڕەوڕەوەدا» دانیشتووە و بە چەرچەفێکی کۆن داپۆشراوە. کلۆف بەبێ جووڵە لە تەنیشت کورسییەکەوە وەستاوە، تەماشای هام دەکات، کلۆف پەیژەیەکی پێیە، جار نا جارێ لە یەکە یەکەی پەنجەرەکانی ژوورەکەوە سەیری دەرەوە دەکات وەک ئەوەی لە چاوەڕوانی یەکێک بێت، بەڵام کەس نایە! شانۆنامەکە لە ڕێگەی ڕستێک هێماو دەلالەتی جۆراوجۆر کۆتایی گەمە، یان گەمە بێ کۆتاییەکان ئەنجام دەدات، کە گشتیان پەیوەستن بە کێشە و ململانێی نێوان دەسەڵاتی مرۆڤەکان و هاوکات گوزارە لە بوون و چارەنووسی مرۆڤ دەکەن، ڕووناکییەکی خۆڵەمێشی، دڵتەنگ و پڕاوپڕ لە مۆرکی خەمۆکی، کە لە دوالیزمی مانا تەقلیدییەکەی هەردوو ڕەنگ، ڕەش و سپی سەرچاوە دەگرێ، گەمەی ڕووناکییە خۆڵەمێشییەکەی نێوان خێرو شەڕەنگێزی، چاکە و خراپە، تادێ بەردەوام دەبێت، بەڵام دواجار چارەنووسی مرۆڤ چەشنی جاوەکانی «هام» بە دەلالەتێکی جیاوازی ڕەنگی سپی دەچێتەوە، شانۆنامەی کۆتایی گەمە لەیەک بەش پێکهاتووە، دیکۆرێکی سادە و ئاسایی، دیالۆگی خێرای پچڕپچڕ، زمان بە شێوازێکی بروسکەیی دەلالەتەکان دەدرکێنێت، کەسایەتییەکی نابینا، ئەوانەی دیکە ئیفلیج و پەککەوتە لەنێو تەنەکەی خۆڵدا دەژین و توانایی هەڵسانەوەیان نییە، کلۆف بەخۆ و بە پەیژەوە بەرەو ڕاست و چەپ دەڕواو لە پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوە دەکات، دەق ناڕاستەوخۆ کار لەسەر بوونی مرۆڤ دەکات، بوونێکی درز تێکەوتووی بێ بنەڕەت، هاوکات بەردەوامی بە گەمە بێ کۆتاییەکان دەدات، ڕەنگە چەمکی تەنەکەی خۆڵ لەلایەک ئاماژە بێت بۆ بێ بنەڕەتی بوون کە هەڵگری جۆرێک لە بێ هیوایی و خەمۆکییە، یان درێژکراوەی بەرمیلەکەی دیۆجین «٤١٢-٣٢٣ پێش زایین»ی فەیلەسووفی یۆنانی کە لەنێو بەرمیلێک دەخەوت و بەڕۆژ چراکەی هەڵدەکرد و لە شەقامەکاندا بەدوای ڕاستی و چاکەدا دەگەڕا و ڕەخنەی لەلایەنە گەندەڵییەکانی کۆمەڵگە دەگرت.

«کلۆف سەرقاپی یەکێ لە تەنەکەی خۆڵەکان هەڵدەداتەوە، دەچەمێتەوە و سەیری ناو تەنەکەکە دەکات، پێکەنینێکی کورت، سەرقاپی تەنەکەی خۆڵەکە دادەپۆشێت، هەمان گەمە لەگەڵ تەنەکە خۆڵەکەی دیکەدا..» دەچێت بۆ لای هام، چەرچەفەکەی سەری لادەبات و بەجوانی قەدی دەکات و دەیخاتە سەرقۆڵی، هام بەجلوبەرگی ناو مااڵەوەیە، کڵاوێکی خوری لەسەرە، دەستەسرێکی گەورە پەڵەی خوێنی پێوەیە، بەسەر دەموچاویدا دراوە، فیکەیەکی لەملدایە، جێ برین لەسەر ئەژنۆکانیەتی. باس لەدووبارەبوونەوەی چرکەکانی ژیان و مەینەت و بێزاری و بێ هوودەیی دەکرێت- کلۆف: هەموو ژیان هەر هەمان ئەو پرسیارانە و هەر هەمان ئەو وەاڵمانەن، بەاڵم کارەکتەرەکان هەمیشە هەوڵدەدەن دەسەاڵتی خۆیان بەسەر یەکدیدا بسەپێنن.

هام: هیچت نادەمێ بیخۆیت.

کلۆف: ئەوکاتە دەمرین

هام: هەر هێندەت دەدەمێ کە نەمری

کلۆف: ئەی تۆ بۆچی من ڕادەگری؟

هام: کەسێکی دیکە نییە.

هزر و بیرکردنەوە هەمیشە لە بازنەیەکی پووچگەرایی و بێ هوودەییدا دەخولێتەوە و مەینەتە

شـــاراوەکـــان بەردەوام لە بوونی مـرۆڤـایەتـیـیـەوە هەڵدەقـوڵێت. کـاتێک کلۆف سـەری یەکـێک لە تەنەکـە خـۆڵەکـان هەڵدەداتەوە. دەسـتـەکـانی «ناگ» دەردەکـەون، دواتر ســـەری بەدیار دەکـــەوێت، کـلاوێکی نووسـتنی لەسـەردایە و سیمای زۆر سپیـیە، ناگ باوێشک دەدات و پاشـای گـوێ دەگـرێت. ئەم دیمەنـە ڕسـتـــێک بۆچوونی - شـوپنهـاوەر-مـان بیـر دەخـاتەوە سـەبارەت بە دیمەنە قـێـزەوەن و پڕ مـەینەتەکـانی بوون و ژیان، وەک شـێـتـخانە، خـانەی کـەمئـەندام و پەککەوتانی نەخۆشخانە، گۆڕستان، کـە لێـوانلێـون لە نەهامـەتی و خـەمـۆکی، هەروەها ناگ کـە داوای شـۆڕباکـەی دەکـات، کلۆف لەتێ پسکیـتی دەداتێ- ناگ زۆر ڕەقـە ناتوانم بیـخـۆم، لێـرەدا چەمکی ڕستـەو دەستـەواژەکـان ڕاستـەوخـۆ گـوزارە لە قـۆناغـێکی مـەینەت و چەرمـەسـەرییـەکـانی پیـری دەکـات، بەڵام ڕۆژەکان چوون یەک تێدەپەڕن، مـرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لە مـەینەتە شـاراوەکـانی بوون دەربازی بێت، هام: ئەمـەش کـۆتایی ڕۆژێکە وەک ڕۆژەکانی دیکە وانییە کلۆف؟

کلۆف: لەوە دەچێت، نیل بەهەمان شێوەی ناگ، لەنێو تەنەکە خۆڵێکی دیکەدایە و کـە سـەر قـاپەکـە هەڵدەدرێتـەوە کـلاوێکی چنراوی لەسەردایە، سیمای زۆر سپیـیە، لەم شـانۆنامـەیەدا ڕەنگی سـپی زۆرتر گـوزارە لە سـیـمـاو نیـشـانە قێزەونەکانی مەرگ دەکات، «ناگ و نیل»ی پیـرەمێـرد و پیـرێژن لەنێـو تەنەکـە خـۆڵی بوونەوە هەوڵدەدەن یەکـدی مـاچ بکەن، کـەچی سـەریان بەیەک ناگات، ناگ؛ ددانم کەوتووە، نیـل: ئەمـە کـەی؟ ناگ و نیـل، یادەوەرییەکان دەگێڕنەوە، ئاهەنگی مـارەبڕین، چیـرۆکی بەرگدروەکـە، پێکەنین بە پووچی بوون و سـاتە خـۆشـە لە دەسـتـچـووەکـانی ژیان، سـەرجـەم کـەسـایەتـیـیـەکـان لە بـازنـەیـەکی پـووچـگـەرایـیـــــدا دەخـولێنەوە، «هام»ی ئـیـفـلیج و نابینا» حەبی هێورکردنەوە، قەعدە، سۆندەی میزکردن... بەڵام تارمایی سپی مەرگ لە پڕێکدا دەردەکـەوێت و خۆی لەگیانی یەکێک دەئاڵێنێت، دکتـۆرە پیـرەکـە مرد، ئەوەندەش پیـر نەبوو، خـۆ ئەو ئـیـفلیج و پەککەوتە نەبوو. دەقی کـــۆتایی گـــەمـــە پرسیارگەلێک دەوروژێنێت گشتیان بە بوون و چارەنووسی مـــرۆڤـــەوە پابەندن.

کلۆف بەدووربینەکـە تەمـاشـای دەرەوە دەکـات، خـــەڵکێکی زۆر دەبینم، وڕێنە دەکەن، تارمایی سپی مـــەرگ ســـەرجـــەم شـــتـگەل و بوونەوەرەکانی داگرتووە، لە هەمان کاتدا مرۆڤ بوونەوەرێکی نیگەرانە و بەردەوام لەنێـوان ڕق و ئەڤـیـندا دەتلێـتـــەوە و وێڕای ئەمـــەیش ناتـوانێت بوونـی لە دەســـــەڵاتی نـاتـاگـــــایـی و زەبری غـــــەریزە هاروهاجەکان ڕزگار بکات، کۆتایی گـەمـە، جار جـارە لە ڕێگەی دەنگی واژە و وزەی وشـــــــــــــــە و دووبارەکـردنەوەی هەندێک ڕستـەی پرسیـار ئامێزەوە جۆرێک لە وێنەی شـیـعـری و لیـریکێکی خـەمـبـار بەرجەستە دەکات کە لێـوانلێـوە لە هەست و حەسرەت و نائومێدی.

هام: تەماشای دەریا بکە، کلۆف: هەر هەمـان شـتـە، هام: تەمـاشـای ئـۆقـیـــانووس بکە، کلۆف: شـتـی ئاوەها هەرگیز نەبینراوە.

هام [دوودڵە] چییە: کەشتییەکی چارۆکـــەداڕە؟ پەڕپەڕەیی کـلکی مـــاسی؟ تۆپەڵێ دووکـــەڵ.. هام: نەورەسـەکـانی لێن؟ هام پرسـیـار لە خـــۆر و ئاســـۆ و شـــەپۆلەکـــان و نەوەرەسـەکـان دەکـات.. ئاوابوونی خۆر.. کلۆف دووربینەکە دادەگرێت.. بە هەمـان شـێـوە خـۆڵەمـێـشـیـیـە! گەردوون ڕووی لەخۆڵەمێشییە، بوون لە گـاڵـتـەجـاڕییـەکی خـۆڵەمـیـشـیـدا دەخـولێـتـــەوە، هێـدی هێـدی ڕســـتـــــەگـــەلێکی ئۆنتـــۆلۆژی هەڵدەدرێت. هام: دەڵێم ئێـمـە لەوە ناچێت.. هیچ مـانایەکـمـان هەبێت، دیـالـۆگی نـێـــــوان هـام و کـلـۆف بەردەوامـە و هەمـیـشـە لە ڕێگەی دەستـەواژەکانەوە کۆمەڵێک هێما و دەلالەتی جۆراوجۆر دەخرێنە ڕوو، کە لە دەوری هەمـــان چەمکی بوون و پووچگەراییـدا دەخـولێنەوە، کچ و ئەسپێ و پۆرە، سەگ و قردێلەکەی، دایکە پێـگـە، پەیـژە و دووربین هام ئامـادەیە کۆدی دۆڵابە داخراوەکـە بە کلۆف بدات، لە بری ئەوە کـــۆتایی بەژیانی بێنێت، هام حـەز دەکـات کلۆف بیکوژێت، هام لە منداڵیـیـەوە وەک باوکێک کلۆفی بەخێـوکردووە، هـام لەو بـڕوایەدایە ڕۆژێک دادێت کـلـۆف وەک ئەوی لـێ دێـت، واتـە مرۆڤ لە سەرەتاوە لە بۆشاییەکی بێ ماناداً دەخولێتەوە، بازنەیەکی سپی لێـــوانلێـــوە لە بێ مـــانایی، ڕووناکـییـەکی خـۆڵەمـێشی جار جارە تیـشـکەکـانی تێـدا بڵاو دەکـاتەوە، بەڵام سەرجەم بوونەوەر و شتگەلەکان ڕوویان لە بۆشـاییـە، بەتاڵـیـیـەکی ڕەها و خامۆش ڕووی لە داگیرکردنی هەموو شتێکە، هێدی هێدی شتگەل و بوونەوەرەکان لەنێـو دەچن.. هام: بەڵام ئەی چۆن بزانم لە مـوبەقـەکـە

مردوویت؟ کلۆف: ئەوکاتە.. بۆگەن دەکەم هام: تۆ ئێستا بۆنت دێت.. هەموو مالّەکە بۆنی لاشەی مردووی لێ دێت.

کلۆف: هەموو گەردوون

هام: ئەی ناپاک! بۆچی منت دروست کردووە؟

ناگ: نەمدەتوانی درکی پێ بکەم.

کۆتایی گەمە، گەمەیەکی ئۆنتۆلۆژییە و هەرگیز کۆتایی نایە، دەق لەودیو گەمە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتە ڕۆژانەییەکانەوە بەدوای مانا و چارەنووسی بوونی مرۆڤدا دەگەڕێت، چیرۆکی هام، کە بە زمانی حیکایەتخوان دەیگێڕێتەوە، لێوانلێوە لەهێماو ئاماژەی جۆراوجۆر، جەژنی لەدایک بوونی مەسیح «کریسمس»، گڤەی باو درەختە مردووەکان، سەگەکە، بەردەوامبوونی گەمە بێ کۆتاییەکە و زەوی جارێکی دیکە لە بەهاردا لەدایک دەبێتەوە، هاتنە خوارەوەی خۆراکی پیرۆز لە ئاسمان و چۆنیەتی بیرکردنەوەی نەفامەکان، جرجەکەی نێو مووبەق، ناگ لە دەورانی منداڵی هام دەدوێت، مردنی نیل لەنێو تەنەکە خۆڵەکەدا، گریانی ناگ، ڕوخساری هام تا دێت سپی دەچێتەوە، کۆتایی گەمە لە بنەڕەتدا بە شێوازێکی هێمایی و لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی لۆژیکی زمانەوە لە تراژیدیای بوون دەدوێت، تراژیدیایەک خۆی لەنێو دووبارەبوونەوەی چرکەساتەکاندا حەشاردراوە هام: دەمەوێت گوێ لە دەریا بگرم

کلۆف: گوێت لێی نابێت

هام: ئەگەر پەنجەرەکەش بکەیتەوە

کلۆف: نا

بەڵام دەریا ئارام نابێتەوە و ژیان لە بەردەوامبوونی خۆی ناکەوێت، تێکست کۆمەڵێک هێمای ئایینی تێدایە کە ئاماژەن بۆ موسا، تابووت، بێجگە لە هێما ئاسایی و ڕۆژانەییەکان کە پابەندن بە ژیانکردنەوە، وەک کاتژمێرەکە، یاریکردن لەگەڵ سەگەکە، حەبی هێورکردنەوە، وەچە خستنەوە، بەڵام سەرجەم حاڵەتەکانی ژیان بەخۆشی و تراژیدیاوە لە گەمەیەکی بێ کۆتادا سەقامگیرن، هەندێک جار خودی ژیان لە وڕێنە و خۆ دواندنەکانی «هام» دەکات، زۆرجاریش لە تەنەکە خۆڵەکەی نیل و ناگ، کەچی کلۆف لە ناخڕا کەسایەتییەکی دایۆنۆسیسییە، هەندێک جار لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت و زۆرجاریش هەڕەشە لە هام دەکات کە جێی دەهێڵێت، بەڵام هام و کلۆف بێ یەکدی ناحەوێنەوە و لەگەڵ ئەوەی پێوەندییەکی دڵڕەقانە بەیەکدییان دەبەستێتەوە، بەڵام گەمەکە، گەمەی بێ کۆتایی بوون بەردەوامە و گەمەیەکی دۆڕاو، چونکە بوونی مرۆڤ بەبێ ئامانج دەکەوێتە نێو گەمەکانەوە ساموێڵ بیکێت لە کۆتایی گەمەدا، کۆمەڵێک تەکنیکی هونەری و زمانی بەکاربردووە، لەوانە دیالۆگی پچڕ پچڕ، گوزارەی لێکدژ و پەرشوبڵاو و شێواو، شۆک و وەستان و سەرسوڕمان، ڕستەی پڕ وڕێنە، خۆ دواندن، هەڵوەشاندنەوەی لۆژیکی زمان، گوزارەی سپی، هەندێک ڕستەی شیعری کە پڕن لە مۆرکی لیریکی بابەتی و وێنەی دەگمەنی شیعری، هێماو ئاماژە و هەست، کە پێچەوانەی ڕستە و دەستەواژەی تۆکمە و پتەوی شانۆی تەقلیدین، چونکە شانۆنامەی کۆتایی گەمە هەوڵدەدات لە ڕێگەی ڕووداوە ڕۆژانەییەکانەوە ڕووەو ئەودیوی زمان هەنگاو بهاوێژێت و بەدوای بێ دەنگییەکدا دەگەڕێت کە لە بوونداً نیشتەجێیە، بۆیە دیالۆگەکان زۆرجار لە مۆنۆلۆگ نزیک دەکەونەوە، هەڵبەتە شانۆنامەکانی ساموێڵ بیکێت، ئاسەواری دووەمین جەنگی جیهانییان پێوە دیارە، مەرگەسات و تراژیدیای مرۆڤایەتی، کە مرۆڤ لە جەنگدا دەبێتە سووتەمەنی گەمەی دەسەڵاتەکان، سەرەڕای تارمایی ئەو بێ هیوایی و نائومێدییەی لە بێ مانایی بووندا خۆی حەشارداوە، بۆیە شانۆی پووچگەرایی بەگشتی هەمیشە هەڵگری خەسڵەتی خەمۆکی و ڕەشبینی و جۆرێک لە نائومێدییە، ئەم حاڵەتەش لە بنەڕەتدا بە چارەنووس و بوونی مرۆڤەوە پەیوەستە، بۆیە کارەکتەرەکان لە کۆتایی گەمەدا، زۆربەیان کەسایەتی نیگەران و پەشۆکاون و بەدوای ڕزگاربووندا دەگەڕێن، بەڵام گەمەی ژیان بەردەوامە و بڕیتییە لە گەمەی دەسەڵاتی مرۆڤەکان و پێوەندییە گرژ و ڕقاوییەکان، چرکە خۆشەکانی بوونیش لە جەوهەردا لێوانلێوە لە تارمایی سپی، تراژیدیا و بێدەنگی و مەینەت و خامۆشی.

سەرچاوە:

ناوی کتیب: کۆتایی گەمە- شانۆنامە.

نووسینی: ساموێڵ بیکێت

وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: مستەفا قەسیم

بڵاوکراوەی: ئاراس- ژمارە (٥٦٥).

چاپی یەکەم، هەولێر - ٢٠٠٧.

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

هەنگاوێکی نوێ لە ڕێگەی ڕۆمانی کوردیدا

د.زوهدی داوودی
(ئەڵمانیا)

خوێنەری بە ئەزموون دەربارەی جوگرافیای گەرمیان یەکسەر هەست بەوە دەکات کە مەبەستی ڕۆمانناووس لە (شاری لە غەم ئاوسبوو) شاری (کفری)یە، بەڕاستی ئاوسبووی هەستی شۆڕشگێڕانەیە.

(سەمین کچانی) باپیری ڕۆمانناووس یەکێک بووە لە کەسێتییە ناوداڕەکانی ئەو شارە، لە یارمەتیدانی شۆڕشەکەی ئیبراهیم خانی دەلۆ، لە شۆڕشی بیستدا بۆ ڕزگارکردنی شاری کفری لە حوکمی بەریتانییەکان.

لە پێناسەی ڕۆشنبیری و کارکردنیدا هەروەک خۆی ئاماژەی بۆ دەکات:

چیرۆکنووس لە دایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی شاری کفرییە، هەر سێ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەمان شار تەواوکردووە.

دەرچووی پەیمانگەی وەرزشی بەغدایە لە ساڵی ١٩٦٩ز.

لە ساڵی١٩٧١ز لە شاری خورماتوو بە مامۆستای وەرزش دامەزراوە.

خاوەن سێ مندالّە (ئەڤین و سەفین و جیهان).

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستی داوەتە چیرۆکنووسین بە زمانی کوردی. لە زۆربەی زۆری ڕۆژنامەکانی عیراقدا بابەتی بلاوکردووەتەوە، هەر لەو کاتانەدا بەشێک لە بابەتەکانی لە هەرێمی کوردستان بە نازناوی (غولام گەرمیانی) بلاوکردووەتەوە.

* ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عیراقە.
* ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردستانە.
* ئەندامی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکووکە.
* ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری گەلاوێژە.
* ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
* جێگری سەرۆکی مونتەدای ئەدەبییە لەشاری خورماتوو.
* ئەندامی یەکێتیی وەرزشوانە دێرینەکانی کەرکووکە.

(ئەم بەرهەمانەی چاپ کردووە)

١- ڕەش پێستێک.. کۆمەڵە

چیرۆکێکی کوردی، ساڵی ١٩٩٨ز.
٢- سمی دەسەڵات.. کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی، ساڵی ٢٠٠٤.
٣- ئەشکەوتی خوێن.. ڕۆمان بە کوردی، ساڵی ٢٠٠٦ز.
٤- زاڵگەی پردەکە.. کۆمەڵە چیرۆکی کوردی، ساڵی ٢٠٠٤.
٥- المتاهة.. کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠٠٩.
٦- شاری لە غەم ئاوسبوو.. ڕۆمان بە کوردی و وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبی (المدينة الحبلى بالهم) ساڵی ٢٠١١.
٧- گومان..کۆمەڵەچیرۆکێکی کورديیە، خەریکە چاپ دەکرێت.
٨- باڵەخانەکەی فەیرووز، ڕۆمان ئامادەیە بۆ چاپ.

لەگەڵ ئەم هەموو چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییە جیاجیایانەدا، دەبوایە نووسەر بەقوولّی لەکاتی دارشتنی ڕۆمانەکەدا بیری بکردایەتەوە و پەنای نەبردایەتە بەر نووسینی بەش بەش کە دەبێتە هۆی بەش بەشبوونی ڕووداوەکان، یەکێک لەفاکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو ئەوەیە کە ڕۆمانnووس لەئامادەباشییەکی تەواودا بێت بۆ ماوەی چەند حەفتەیەک، یان چەند مانگێک بۆ ئەوەی بەتەواوی بچێتە نێو جیهانی ڕۆمانەکەوە، بۆ دانانی خاڵی مەلووس و بەڵگەدار کە دەبێتە هۆی پەرژینێکی تۆکمە و پتەوی شوێن و کات و دروست کردنی پێوەندییەکی جەدەلی لەنێوانیاندا، دواجاریش لەنێوان پاڵەوانەکاندا ڕۆمانnووس دەبێ هۆشمەند بێت لە بارەی تەکنیک و دینامیکییەت و واقعییەتی ڕووداوەکاندا.

ڕۆمانەکە بریتییە لە ١٤٨ لاپەڕەی مامناوەندی کە دەکاتە ٤٢ بەش، ئاماژە بۆ جیهانیکی پڕ لە دژایەتی (تناقض) دەکات، واتە جیهانێکی پڕ لە ململانێ و دژ بەیەکدی لەنێوان چەند ناوێک و چەند کەسێکی جۆراوجۆردا کە خوێنەر تووشی بیرکردنەوە و سەوداسەری دەکات.

لەگەڵ چەندین چیرۆکی خۆشی سەرنجڕاکێش و لەگەڵ گۆڕانکارییەکی بەپەلە و لەماوەیەکی زەمەنیدا، کە لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەست پێدەکات هەتا ناوەڕاستی، لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین ئاماژە بۆ گۆڕانکاری سەدەیەک دەکات لە دوو شوێنی سەرەکی لە شاری بەغدا، کە دەکاتە گەڕەکی قەمبەر عەلی و حەیدەرخانە، هەتا دەگاتە شارۆچکەی کفری، بەسەر ئەوەیشەوە نووسەری ڕۆمانەکە سالار ئیسماعیل سەمین، لە دەهلیزی ڕۆمانەکەیدا شێواز و ستایلی (السردي) واتا گێڕانەوە و خیتابی ڕاستەوخۆی بەکارهێناوە، لەکاتی گێڕانەوەی سەرگوزەشتەی خۆی و پاڵەوانەکانیدا، بەڵام هەموو شتێکی بۆمان ڕوون کردووەتەوە، لەهەمان کاتیشدا زۆر شتی بۆ خوێنەر بەجێ هێشتووە.

لێرەدا نووسەر چەند پرسیارێک لەخودی خۆی دەکات، بۆ ئەوەی خوێنەر بیری لێ بکاتەوە و ناوەرۆکی بەلاوە گەڵاڵە و بەرجەستە بێت، ئەمەش هەقێکی ڕەوایە بۆ ڕۆمانnووس، وەک پرسیارێک تەماشاکە ڕۆمانnووس دەیەوێت چیمان پێ بڵێت لەبەشی ٩ دا، (کات سەرەتای هاوین بوو، گەرمی دەرەوەی ژێرزەمینەکە لە وزەدا نەبوو کەشوهەواکە زۆر گەرم بوو، لە ناوەڕاستی مانگی داس و درەودا بووین، دانیشتووانی شاری لەغەم ئاوسبوو لە ژیانێکی پڕ لەناخۆشیدا بوون، بەڵام هیچ دەسەڵاتێکیان نەبوو، لەو ساڵەدا ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر ڕووی دابوو، بەسەدان و هەزاران باڵندەی باڵشکاو بە مردوویی لە قوواڵایی ئاسمانەوە دەهاتنە خوارەوە، بە دەیان لەو باڵندانە بەدەستی منااڵنی گەڕەکەوە لەسەربان و لاکۆڵان و شەقام و گۆڕەپانەکانی شاردا یارییان پێ دەکرد، لەبەر دەرگەی مزگەوت و کڵێسا و پەرستگەکاندا، بەهەزاران باڵندەی ژەهراوی و مردارەوەبوو کەوتبوون.

بەساڵداچووان ئامۆژگاری منااڵنیان دەکرد لەو باڵندە مردووانە دوورکەونەوە، بەڵام ئامۆژگارییەکانیان بێ سوودبووە منااڵنکان نەزان و کاڵفام بوون) لێرەدا ئەم ڕووداوانە بەلای خوێنەرەوە دەبنە پرسیار.

واتای باڵندەی ژەهراوی چی دەگەیەنێت؟ کێ ژەهراوی کردوون و بۆچی؟

من وای بۆ دەچم کە سالار ئاماژە بۆ باڵندە ژەهراوییەکان دەکات و لوغزەکەش ئاشکرا دەکات، بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی پێ دەوڵەمەند بکات، بەڵام هەڵهێنانی ناوەرۆکی لوغزەکەی

بۆ ئێمەی خوێنەر بەجێ دەهێڵێت کە بەردەوام چاوەڕوانی ڕوونکردنەوەی حازربن، پێش ئەوەی ئاماژە بۆ لوغزێکی دیکە بکەین، دەبێت ئاماژە بۆ ئەو پاڵەوانانە بکەین کە لە هەڵسوکەوتی ڕۆمانەکەدا بەشداربیان کردووە، ئەو کۆمەڵە کەسانەی کە لە شاری کفری خۆڕاگرەوە لەسەر چەند هۆیەکی ڕامیاری و چەپڕەوییەوە ڕوویان کردووەتە گەڕەکەکانی قەنبەر عەلی و فەزڵ و حەیدەرخانەی شاری بەغدا، هەر لەبەر ئەو هۆیانەش شارەکەی خۆیان بەجێ هێڵاوە و تووشی شۆک و داڕووخان بوونە و لە غوربەتدا دەژین.

مینە شەل هیچ کاتێک زۆر کێشانی تلیاک و حەشیشە کاری تێ نەدەکرد و زۆر تێک نەدەچوو، بەڵام جارجارێک هەست بە تێکچوونی ڕوومەتی دەکرا، سپێدەی چاوەکانی زاڵتر دەبوو بەسەر ڕەشییەکەیدا، دیمەنێکی ترسێنەری دەخوڵقاند لەو کاتانەدا سەیری لووشە قەمبووری هاوڕێی دەکرد، لەپێکەنیندا بێ هۆش دەبوو، هەر لەو کاتانەدا لووشە قەمبوور تەماشای ئەو پێپلیکانەی دەکرد کە لەسەرەوە دادەبەزی بۆ نێو ژێرزەمینەکە و دەیژمارد.

یەک و...دوو...سێ و...چوار ئەو کاتەی دەگەیشتە ژمارە ی ٢٨ یەکسەر تێکدەچوو، سەری نەرگیلەکە لەدەستی دەکەوێتە خوارەوە، دووبارە هەڵیدەگرێت و چەند مژێکی دیکەی لێ هەڵدەکێشی، ڕوومەتی بەتەواوی تێکدەچێت و چاوەکانی سوورهەڵدەگەڕێ، (ئای خەڵکینە بە هیچ شێوەیەک شەوی ٢٨ مانگی ڕەشەمێم لەبیرناچێ کە سەرماکەی لەئەندازە بەدەربوو، نەوزاد قەمە پێشڕەوێمانی دەکرد هەر لەو شەوەدا بۆم دەرکەوت کە (عەدەد مەسینە) پیاوێکی ترسنۆکە هەتا سەر ئێسک هەرچەندێکیش وەک چەکدارێک لە پەلەکەماندابوو، بەڵام کابرایەکی هەڵپەرست و هیچ نەزان بوو، بەردەوام خەریکی پڕکردنی مەسینەبوو بۆ دەسشۆردنی بەرپرسە سەربازییەکان، بەڵام ئەو ئەمڕۆ دەوڵەمەندترین کەسی شاری لەغەم ئاوسبووە).

پاڵەوانە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە ئەمانەن..

مینە شەل.. لووشە قەمبوور.. عولی نانەوا.. نەوزادی پارێزەر واتا نەوزاد قەمە.

ژیانی نێو ژێرزەمینێکی داخراویان هەڵبژارد هەموویان ئەمری خودایان کرد. چ مردنێکی ئاسایی، یان خۆکوژی، تەنیا نەوزادی پارێزەر نەبێت کە خۆی لەو ژێرزەمینە ڕزگارکرد و گەڕایەوە بەرەو ماڵەکەی خۆی و لەنێوان لاپەڕەکانی کتێبە مێژوویی و ئەدەبی و ڕۆمانە جیهانییەکاندا جێگیربوو، بۆ ئەوەی هۆشێک بداتە ڕوحی خۆی.

لە گەڵ ئەو کەسانەی کە لە ژێر زەمینەکەدا خۆیان حەشاردابوو سەرقاڵی تلیاک کێشان بوون کەسانی خاوەن بڕوا بەخۆیش لە ڕۆمانەکەدا هەبوو لەوانەش (قومری فۆگە) کە ئافرەتێکی تێکۆشەری کورد بوو لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا وەک چێشت فرۆشێکی فۆگە چێشتی بەقوتابی دانشگەکان و سەربازەکان دەفرۆشت، ئەم کارەشی لە پێناو یارمەتیدانی ڕەمزی کەبابچی مێردی و بەخێوکردنی (لوتفی و سوعاد و سەبیحە)ی کوڕ و کچی دەکرد.

جارجارێک سالار شێواز و هەنگاوی پەخشان گێڕانەوە دەگرێتە بەر، کە بەرەو شێواز و ستایلی تەقریری و نووسینی ڕیپۆرتاژ دەمانبات.

(خاڵە شەوکەت ئەو کاتەی خوالێخۆشبوو عەبدولکەریم قاسم) شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ ی بەرپاکرد، من قوتابی ناوەندی بووم بیرم، لەوە دەکردەوە لە دواڕۆژدا ببم بە پارێزەر، واتا موحامی هۆی بیرکردنەوەکەشم دەگەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی کە قوتابی بووم، هەموو ڕۆژێ لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابیدا بەپێش نووسینگەکەی پارێزەر (موکەڕەم تاڵەبانی)دا دەڕۆیشتین بۆ قوتابخانە و تەماشای ناوەکەیمان دەکرد کە بەسەر دەرگەی نووسینگەکەیەوە هەڵواسرابوو، لەو ڕۆژانەدا باوکم و مامەکانم پرسیاریان لێ دەکردم، دەتەوێت لە دواڕۆژدا ببی بە چی...؟ دەمگوت دەبم بە پارێزەر.

دێتە بیرم جارێکیان باوکی خوالێخۆشبووم گێڕایەوە وتی...

موکەڕەم تاڵەبانی لە شیووعییە پێشەنگەکانی سەرەتای سالانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو بوو لە لایەن هەژاران و فەقیرانەوە خۆشەویست بوو، بەتایبەت کرێکاران و جووتیاران چەند جارێکیش لە کاتی حوکمی

پاشایەتیدا بەندکراوە، دەشڵێن لەو کـــاتانەدا نینۆکـــەکـــانی هەڵکێشراوە...ل٨٠

لێرەدا دەبێت لەبیرمان نەچێت کە (سـالار ئیـسـمـاعـیـل سـەمین)ی ڕۆمـاننووس ڕووبەڕووی لوغـزێکی تازەی کردووین کە لوغزێکی تازە لە دایکبـووی نامـۆیە ئەویش لوغـزی (ژێرزەمینی تلیاک کێشانە).

دەبێت ئێـمـەی خـوێنەر بیـر لە هەڵهـێنانی ئەو لوغـزە بکەینەوە، بەسـەر ئەو هەمـوو شـتـانەشـەوە دەتوانین بڵـێین سـالار بەرانبـەر کـارێکی ئەدەبی نوێ ڕاوەسـتـاوە، هەقی ئەوەی هەیە بەچاوی خـۆی تەماشای ئەو شـتـانە بکات نەوەک بەچاوی کامێرا.

ڕەخنەگـری ڕووسی (دیمتـری سـاتۆتسکی) لە کـتـێـبـەکـەیدا بەناوونیـشـانی (ڕۆمـان و سـەدەی بیست = الرواية والقرن العشرين) دەڵێت: ڕۆمان پەخشانە چیرۆکیکی درێژە. لە هەمان کاتیشدا نووسەری ئەڵمـانی (ئەرنوڵد سـفـایچ) لە تۆژینەوەیەکـیـدا بەناوونیـشـانی: (ڕوح و ناوەرۆک و کـاری ڕۆمـان) دەڵێ: (ڕۆمان پانتاییەکی گەورەیە لەکارێکی پەخشانیدا)، ئەگەر بێتو تەماشای ئەم دوو چەمک و بۆچوونە بکەین ئەوە دەڵێین ڕۆمـانی (شـاری لە غـەم ئاوسبوو) ڕۆمـانێکی گەورە نییـە، بەڵکو ڕۆمـانیکی بچـووکـە، واتا (Novells) ڕووداوی تێـدایە، بەڵام مـــەودای ئەوەی نـەدراوەتێ هەنگاوەکـانی بەرەو پێـشـتـر بنێت، ئەمـــەش بووەتە هۆی ئەوەی وەک کۆمەڵە یاداشتنامەیەک دەرکەوێت، هەرچەندێکیش دەکـــرا ببـــێت بە ڕۆمانێکی گەورە و بە بەرنامـەیەکی تۆکـمـەوە پابەند بێت، بەڵام کـاک سالار پەلەی کردووە لە ئەنجامی ئەو کـۆرپە تازە لەدایکبـووەی (شـاری لە غەم ئاوسبوو).

ڕۆمـاننووس سالار ئیـسـمـاعـیل سـەمین هەنگاوێکی بە سـەلیـقـە و تازەی سەرهەڵدان و موژدە بەخشە لە ڕێگەی ڕۆمانی کوردیدا.

ڕۆمان: شاری لەغەم ئاوسبوو
نووسەر: سالار ئیسماعیل سەمین
وەرگـێـڕ: ئەنوەر حـەسـەن مـووسـا (خورماتوو)

چەند سەرەقەڵەمێک بۆ خوێندنەوەی کتێبی (کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کورد)

تۆفیق کەریم
(سلێمانی)

ژمارە (۱۸۷)ی گۆڤاری (ڕامان) وەک ژمارەکانی پێشووی لە کات و ساتی خۆیدا و بەهەمان ڕەنگ و بۆی جارانییەوە بەدەستم گەیشت، ڕاستییەکەی لەم بازارە شێواوەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، نەفەس درێژی و نەخزان و بەسەنگینی مانەوەی (ڕامان) جێگەی ڕێز و دەستخۆشییە.

بابەتێک لەم ژمارەیەدا کە پێوەندیی بە منەوە هەبوو، (خوێندنەوەی کتێبی کاریگەریی ئیسلام لەسەر کولتووری کورد)ی بەڕێز مامۆستا حەسەن مەحموود حەمەکەریم بوو، کە جەنابیان بەو گشت سەرقاڵی و ئەرکەیانەوە، لوتفیان کردووە کتێبەکەی منیان ورد خوێندووەتەوە و نووسینێکی تێروتەسەلیشیان لە بارەیەوە نووسیوە، هەر شارەزایەک لەسەر فۆلکلۆر و کەلەپوور شتێک بڵێت من بەڕێزەوە لێی دەڕوانم، چ جای مامۆستایەکی وەک حەسەن مەحموود حەمەکەریم کە سوارچاکی مەیدانەکەیە، بۆیە لە ناخەوە سوپاسی دەکەم، ئەو خاڵانەی کتێبەکەم کە لای ئەو ئەڕێنییە و وای دادەنێت دانسقە و نایابن، لای من دڵخۆشکەرە و هاندەر دەبن و شانازییان پێوە دەکەم.

ڕەخنەو تێبینییەکانیشی بەخەڵات وەردەگرم و دەیانخەمە بەرنامەی کاری خۆمەوە تا لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکەدا پەیڕەویان بکەم.

ئەگەر لەسەر هەندێک خاڵیشی هەڵوێستەیەک بکەم، هەرگیز مەبەستم وەڵامدانەوەی نییە، بەڵکو ڕوونکردنەوە، یان تێبینییەکە و بەلای منەوە لێک تێنگەیشتن لەو خاڵەدا هەیە، هەرچەندە ئەوەیش هەرخەوشی منە کە نەمتوانیوە مەبەستەکەم وەها داڕێژم تا مامۆستا وەک خۆی لێی تێبگات، ڕوونکردنەوەکانیشم ئەمانەن:

(۱) مامۆستا وای زانیوە من لەساڵی ۱۹۹۱وە دەستم بەم نووسینە کردووە، بۆیە لەو کاتەوە تا ئەمڕۆی لەسەر من حساب کردووە، بەلێدان و دابەشکردن ژمارەوویەتی کە بە (۷۵) ڕۆژ جارێک لاپەڕەیەکم نووسیوە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە من لە ساڵی (۱۹۹۱)وە لەو بارەوە دەخوێنمەوە و دەنووسم و لێرەو لەوێ لێیان بڵاو دەکەمەوە، نەک لەوکاتەوە خەریکی ئەم کتێبەبم، بەڵکو لەساڵی (۲۰۰۷)وە دەستم بەم کتێبەم کردووە.

لە ناساندنی کتێبەکەوە دەستم پێ کردووە، لە کتێبەکەشدا هەر ویستوومە ئەوە بەخوێنەر بڵێم، جا ئەگەر نەمتوانیوە خوێنەر تێبگەیەنم کەموکورتی زمانی نووسینەکەمە.

(۲) سەبارەت بەوەی وتوومە (کاری نووسین بەئەرکی سێیەم و چوارەم دێت) هەر لەوێشدا وتوومە (بەهۆی کەم دەرفەتی و سەرقاڵی دیکەم) مامۆستا ئەم پەرەگرافەی لێ قرتاندووە و بەرگرییەکی دڵسۆزانەی لە شەرەفی نووسین کردووە، بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانی بەڕێزی دەڵێم: تەنیا مەبەستم کەم دەرفەتی بووە، وەک ڕوونم کرووەتەوە، نەک بە کەم سەیرکردنی نووسین و پلەبەندی بۆ کردنی و نزم کردنەوەی ئاستەکەی.

بەدڵنیاییەوە ئەگەر پلەبەندی بکرێت لای من خوێندنەوە و نووسین لەپێش هەموو شتێکەوەیە، بەڵام بابایەکی

گرفتاری وەک من بە چەند دەردی سەربیەوە کاتم بۆ نووسین هەر ئەوەندە بووە، هەمیشە لەدووی دەرفەتێکی ڕەخساو و لەبارتر دەگەڕێم تا مافی نووسین بدەم، چونکە خولیاو حەز و وزەی خۆمی تێدا دەبینمەوە.

(٣) مامۆستا کۆمەڵێک هەڵەی هونەری و ڕێنووس و چاپیی دەستنیشان کردووە، سوپاسی دەکەم، منیش لە ناخەوە کە ئەوانەم دی بەگلەیی بووم، بەداخەوە سەرپەرشتیارانی هونەریی بەسەریاندا تێپەڕبوو، بەڵام مانای ئایەتەکانم لە تەفسیرەکەی مامۆستا هەژار وەرگرتوون، هەروەها مانای فەرموودەکان و سەنەدەکانیشم یاداشت کردوون، دەبێ سەرنجی جەنابی مامۆستایان ڕانەکێشابێ، ئەگەر نا ڕەخنەی لەو دووەیان نەدەگرت.

(٤) شیعری هورمزگان من لەلاپەڕە (١٧)دا وتوومە ڕەشید یاسەمین هەڵی بەستووە ناوی (سەعیدخان) کە لەلاپەڕە (١٨) هاتووە، ئەوە قسەی تۆفیق وەهبی-یە کە مامۆستا محەمەد ڕەسوڵ هاوار دەیگێڕێتەوە، بۆیە من وەک مامۆستا حەسەن دەڵێت: دوو قسەی دژ بەیەکم نەکردووە.

(٥) لە خاڵی (٢٠) مامۆستا حەسەن دەڵێت: بریا نووسەر ئەوەی ڕوونکردایەتەوە کە ئایا ئیسلام چ زیادەیەکی بۆ کولتووری کوردی هێناوە و چی لێ سەندووەتەوە و بەچی گۆڕیوە.

ئەگەر مامۆستا سەرنجی دابێت من لەلاپەڕە (٢٤)دا وتوومە (ورده ورده ئایینی ئیسلام بەناو کۆمەڵگەی کوردیدا شۆڕدەبووەوە و کوردەکانیش زیاتر باوەشیان بۆ دەکردەوە و بوارەکانی ژیانی خۆیان لەسەر بەرنامەکەی ڕەنگڕێژ دەکرد، ئا بەو حاڵەتە سروشتییە ئیسلام جێگەی بەئایین و نەریت و بیروباوەڕانی دیکە لەق کرد، بە ئاراستە تێروتەسەلەکانی شوێنی پڕکردنەوە، کە بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار ئەوان تەنیا شوێنەوارێکی کەم، یان تاقمێکی دیاریکراو لە شوێنکەوتوانیان ماونەتەوە) بە کورتی من لە چەند شوێنێکی کتێبەکەمدا بیروبۆچوونی خۆم خستووەتەڕوو کە کورد پێش ئیسلام خاوەنی کولتووری خۆی بووە (سەرنجی لاپەڕە ٢٠-٢٣) بدرێ بابەتی کۆمەڵگەی کوردی بەر لە ئیسلام و کاریگەرییەکان لەسەری) کە ئایینی ئیسلامیش هات، ئەگەرچی بەشی زۆری ئەو کاریگەرییانەی سڕییەوە، یان گۆڕیبانی، بەڵام تا ئەمڕۆش بەشێک لەو کاریگەرییانە هەر ماون.

تەواو لەگەڵ قسەی مامۆستا ڕێکم کە پێی وایە ئەفسانەو کەلوپووری کورد لە کاریگەریی ئایین دوور نییە و هەموشی پەیوەست نییە بەئایینەوە، بەڵام ئەرکی من بەپێی ناوونیشانی کتێبەکە (کاریگەری ئیسلام لەسەر کولتووری کورد) ئەوە بووە، کاریگەریی ئیسلام لە بوارە جیاجیاکانی کولتووری کورددا دەربخەم، نەک کاریگەری ئایین و بیروباوەڕەکانی تر، ئەگەر لەم ڕووەشەوە بێ لایەن نەبووبم باگراوەندە ئایینییەکەم کاریگەریی هەبووە، بێجگە لەو هەموو پشتگوێ خستن و هەوڵی لێکدابڕانەی نێوان ئیسلام و کولتووری کورد کە نزیکەی سەدەیەکە مومارەسە دەکرێت.

ئاخر چ لۆژیکێکە لەنامەی دکتۆرادا باس لە پێوبستی شیکردنەوەی پەندی پێشینان لەژێر ڕۆشنایی بیردۆزی مارکسیەتدا بکرێت؟ یان زۆر کاریگەریی ئایینداریبەک لەسەر کولتووری کورد بکرێت کە تەنیا گوندێکن لە کوردستاندا، هیوادارم ئەگەر بێلایەنیشم نەپاراستبێت، بەڵام باسەکانم زانستی و بەڵگەداربووبن.

ڕەخنەکانی مامۆستاش لە بارەی هەندێک دەستەواژەی زەق و توند بەجێن و سوپاسی دەکەم.

٦- منیش وەک مامۆستا حەسەن ڕام وابوو کە بەشی یەکەم تەواو بکەم، ئەوجا بڵاوی بکەمەوە، بەڵام پێشنیازی دۆستان و حەز کردنم لە وەرگرتنی بیروڕای خوێنەران بۆچوونەکەمی گۆڕی.

٧- لەسەر خاڵی ٢٧ من ئیشم دەرخستنی کاریگەری ئیسلام بووە لەسەر کولتووری کورد، نەک بگەڕێم پەندو حەکایەت کۆ بکەمەوە وەک مامۆستا داوای لێکردووم.

٨-سەبارەت بە خاڵی (٢٨) کە لە باسی شەڕی کولتوور وروژاندوومن، بە کورتی ڕای من وایە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کە گەلی کورد وەک زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات لەوپەڕی بێ ئاگایی و دواکەوتوویبدابوون، گرفتاری دەیان نەخۆشی ببوون، ئەو ڕۆشنبیرانەی کە دنیای دەرەوەیان بینی، یان لەناوەوە پێگەیشتن، دەبوو لە خەمی چۆنیەتی پێشخستنی گەلی کورد بوونایە و ژیرانە هەوڵی چاکسازییان بدایە، کەچی ئەوان بۆ دژایەتی کردنی ئایین و ئیسلام هەموو هێزی خۆیان خستەکار، کە بەمە چوون بەگژی بیروباوەڕی گەلەکەیاندا و مەلا و شێخ و عەشایەر و هەموو چینەکانیان کرد بەدوژمن.

من نالێم مەلای کوردستان بێ تاوان بووە، بەڵکو دەڵێم ئەوان تووشی کاردانەوە کران، دەکرا ڕۆشنبیران بەمامەڵەی ژیرانەیان مەلا و شێخیان بکردایە بەهاوکاری خۆیان، یان هەرنەبێت بێ لایەنیان کردبان. هەرچۆنێک بێت ڕێزی تەواوم بۆ خوێندنەوەکەی مامۆستا حەسەن مەحموود حەمەکەریم دووپات دەکەمەوە، خوایاربێت لە بەشەکانی دیکەی کتێبەکەمدا سوودیان لێ وەردەگرم. ئومێد دەکەم ئەم چەند دێڕەم بەپێزانین لێوەربگرێت، نەک بە وەڵامدانەوە.

بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی حەڤدە ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

گۆڤاری ڕامان وەک سەرچاوەیەکی زانستی

شاهین نەجمەددین

بەشداربوونی گۆڤاری ڕامان لە بزووتنەوەی شانۆی کوردی چ لەڕووی بڵاوکردنەوەی دەقی شانۆیی خۆماڵی، یان دەقی شانۆیی وەرگێڕان، یان بابەتی ڕەخنەیی شانۆیی، یان چاوپێکەوتن و لێدوان لەسەر تەوەرێک کە زیاتر خزمەت بە هونەر و هونەرمەندان دەگەیەنێت.. بەشداربوونێکی کاریگەری لەم چەند ساڵانەی دواییدا لە بواری توانایی فیکری و ڕۆشنبیری و ئیستێتیکای هونەری شانۆ هەبوو.. ڕامان لەو بەشداربیەدا توانیویەتی بێ هیچ مەبەست و لایەنگیری لایەنێکی دیاریکراو یەکڕیزی هونەرمەندانی کورد بپارێزێ، چەندانێک لەو دەقانەی کە گۆڤاری ڕامان بڵاویانی کردووەتەوە، بەگشتی هونەرمەندانی کوردستان سوودیان لێ وەرگرتووە و توانیویانە لەسەر شانۆی زۆربەی شارەکان بەرجەستەیان بکەن و بینەرانی پێ ئاشنا بکەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕامان هەوڵەکانی بەفیڕۆ نەچووە و لە زۆر بوارەوە سوودی بۆ هونەرمەندان و خوێنەران هەبووە. تاکە گۆڤارێک بووە هەوڵی داوە کەلێنێکی گەورەی تەنگژەی دەقی شانۆیی پڕ بکاتەوە کە سالانێکە ئێمەی هونەرمەندان بەدەستییەوە دەنااڵێنین.

گۆڤاری ڕامان یەکەم ژمارەی تایبەت بەشانۆی بڵاوی کردبێتەوە لە ١٩٩٧/٤/٥ بوو کە بریتی بوو لە چەندان دەقی شانۆیی وەرگێڕدراو و خۆماڵی، لەپاڵ ئەمەشدا دەیان وتاری شانۆیی بەقەڵەمی گەورە هونەرمەندانی کورد نووسرابوو بڵاو کردەوە.. ئەمە وەک بەبیر هێنانەوەیەکی خێرایە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ گۆڤاری ڕامان سەرەتای موژدەهێنێکی دڵخۆشکەر بوو بۆ ئێمەی هونەرمەندان.. ئەو بایەخە گرنگەی بەشانۆی کوردی هەموو لایەکی دڵخۆش کرد، چونکە گرنگییەکی زۆری بەهەموو بوار و لایەنەکانی شانۆی کوردی و بیانی دا، لەوانە دەقی شانۆیی هەروەک ئاماژەم پێ کرد ڕامان هەوڵی داوە گرنگییەکی زۆر بەدەقی شانۆیی خۆماڵی بدات بۆ ئەوەی لە داهاتوودا پشکێکی گەورەی لە بەدەستهێنانی پێناسەی شانۆی کوردیمان هەبێت، دەبێ ئەوەش بڵێین بەهۆی ئەم دەقە شانۆییە خۆمالّییانەوە ویستوویەتی جەخت لەبوونی زمانێکی پوخت و پاراو و یەکگرتووی شانۆی کوردی بکاتەوە، هەرچەندە دەقە خۆمالّییەکان لەڕووی بابەتی مێژوویی و داستان و کەلەپور و ڕووداوی سەردەمیانەوە جۆراوجۆرن، لێرەدا وەک نموونە ناوی چەند شانۆییەکی خۆمالّی دەخەینە بەردیدی خوێنەران.

١- کێشەی چوون و نەچوون، یان گریمان نالی هاتەوە.. ئەحمەد سالار (ژ ١٠) ١٩٩٧.

٢- دوایین ڕۆژەکانی ژەنەرالّ شەریف پاشا.. د. فەرهاد پیربالّ (ژ٢٢) ١٩٩٨.

٣- زەمبیل فرۆش.. ژیلوان تاهیر (ژ٣٤) ١٩٩٩.

٤- مەم و زین.. تەلّعەت سامان (ژ٣٩) ١٩٩٩.

٥- مەلیک خەلیل.. عەبدولڕەزاق بیمار (ژ٤٦) ٢٠٠٠.

ئەو دەقە بڵاوکراوانەی کە لەسەرەوە ناومان هێنان هەموویان بەدەست و قەڵەمی خۆمانە نووسراون و

سەرچاوە و هەوێنی بابەتەکانیان بریتی بوون لە ڕووداوی مێژوویی و داستان و بەسەرهاتەکان.. زۆربەی نووسەرە شانۆییەکان و گەورە هونەرمەندو خاوەن ئایدیای بێ سنوورن لە بواری بەرجەستەکردنی ئەو ڕووداوانە لە بۆتەی دەقێکی شانۆییدا، دەکرێت لە داهاتوودا بۆ ناساندنی شانۆی کوردی بەنەوەی داهاتوو و گەلانی دیکە ئەو کەڵە نووسەرانە وەک خاوەن قەڵەمی نەمر و ڕەسەن ئاماژەیان پێ بکرێت.. بەڕای من بۆ مێژوو و ئەرشیڤی شانۆی کورد ئەو بواره گرنگترین بواری چەسپاندنی مێژووی شانۆی کوردییە، ئەگەر نمایشی شانۆی کوردی بە مێژوو نەکرێت، ئەوە ناتوانرێت قۆناغەکانی بەرەو پێشچوون و ڕادەی ڕۆشنبیری هونەرمەندان و بینەران پۆلێن بکرێت.. خاڵی دەستپێکردنی نمایشی شانۆ، بەشێکی زۆر گرنگی بەپێناسەکردنی شانۆی کوردیمان دەستنیشان دەکات، بۆیە نووسەر و ڕەخنەگرێکی وەک (موحسین محەمەد) دوای ماندوبوونێکی زۆر و گەڕان بەدوای هەموو ئەو کارە شانۆییانەی نمایش کراون توانیویەتی شانۆی کوردی بەئەرشیڤ بکات، کە ئەمەش کارێکی پیرۆزە و نووسەرێکی وەک ئەو بەتەنیا کاری دەزگایەکی گەورەی ئەدەبی و هونەری ڕاپەڕاندووە، پێویستە لایەنی پێوەنددار دان بەوەدا بنێت.. لەپاڵ ئەو نووسەرەشدا ڕەخنەگرێکی وەک خوای لێ خۆشبێت (محەمەد تەیوور) ئەویش بەهەمان شێوەی (موحسین محەمەد) شانۆی کوردی بەئەرشیڤ کردووە و توانیویەتی نمایشەکان بەمێژوو بکات، بەڵام موحسین محەمەد بەچەند قۆناغێک شانۆی کوردی بەئەرشیڤ کردووە و لە چەند ژمارەیەکی ئەم گۆڤارەدا بڵاوی کردووەتەوە.

ڕەخنەی شانۆیی

گۆڤاری ڕامان هەر لە سەرەتاوە لە هەموو بوارەکانی ئەدەب و هونەردا بڕوای بە ڕەخنە هەبووە، ئەگەر بەژمارە بڵاوکراوەکانیدا بچینەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، کەواتە ئەم بواره دەبێ گرنگی تایبەتی خۆی لە پێشوەچوونی کار و بەرهەمی ئەدەبی هەبێ، بەتایبەتی لە بواری شانۆدا، بۆیە لە خوارەوە چەند بابەتێکی ڕەخنەی شانۆیی بەنموونە دەهێنمەوە:

١-ڕەخنەی سەفەری.. فوئاد مەجید میسری (ژ٨) ١٩٩.

٢-گرووپی شانۆی ئاست نزم و ڕەخنەی شانۆیی.. سەباح هورمز (ژ٢٢) ١٩٩٨.

٣-شانۆگەری ناو هۆل لە شوێنەوار نمایشکرا.. موحسین محەمەد (ژ٣٠) ١٩٩٨.

٤-شانۆگەری دارتووەکەی هونەرمەند گەزیزە شاکارێکی داهێنەرانە بوو.. کەمال غەمبار(ژ٣٤) ١٩٩٩.

بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتە ڕەخنەییانە لە گۆڤارێکی وەک ڕامانداا گەورەترین سوود گەیاندنە بەبواری شانۆ، چونکە ڕەخنە تەواوکردن و کاملکردنی بەرهەمە هونەرییەکەیە، کەواتە دەکرێ بڵێین کارەکە بوونی خۆی سەلماندووە، بۆیە بۆ زیاتر بەرزڕاگرتنی بەرهەمەکە ڕەخنەی هونەری و ئەدەبی لێ دەگیرێت، زۆرجاران ئەو بەرهەمانە لە ڕووی ڕەخنەوە وەک شاکارێکی مەزن بەرز ڕاگیراون.

لێکۆڵینەوەی شانۆیی

ئەو چەمکە لە شانۆدا گرنگییەکی زۆری بۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردن و بەئەکادیمی کردنی هونەرمەندان هەیە، بەتایبەتی نەوەی نوێ لە قوتابیانی قۆناغەکانی خوێندنی شانۆدا لە پەیمانگە و ئەکادیمیای هونەری.. ڕێگایەکە بۆ ڕۆشنکردنی بەرچاوی هونەرمەندان لە هەموو بوارەکانی شانۆدا، بۆیە ڕامان ئەو بوارەشی پشتگوێ نەخستووە و بەردوی پێ داوە، نووسەرانیش بەتایبەتی ئەو هونەرمەندانەی کە شوێن پەنجەیان لە شانۆی کوردیدا هەیە، لێکۆڵینەوەکانیان تێدا بڵاوکردووەتەوە لەوانە:

١- مایەرهۆڵد/ لێکۆڵینەوەیەک لە شانۆی ئەزموونگەری و میتودی دینامیکی هونەری نواندن.. د. فازڵ جاف (ژ ٣٤) ١٩٩٩.

٢- کورتەیەک لە بارەی بنچینە و سەرەتاکانی شانۆی بووکەشووشە.. لەتیف نوعمان (ژ٣٤) ١٩٩٩.

٣-دراماو هەنگاوەکانی شانۆی کوردی.. حەمە کەریم هەورامی (ژ٤٦) ٢٠٠٠.

٤-ئەزموونی هاودژ دەروازەیەک بۆ شانۆی ئەزموونگەری.. نیهاد جامی (ژ٤٦) ٢٠٠٠.

مێزگرد و دیمانەی شانۆیی

ئەم بوارەش ڕۆڵی خۆی لە بەرجەستەکردنی

بیروبۆچوونی هونەرمەندان لە بارەی بابەتێکی بەرچاوو گرنگی شانۆی کوردی هەبووە، بۆیە ئەم گۆڤارە هەوڵی داوە ئەو هونەرمەندانە لە دەوری مێزی ڕاماندا کۆ بکاتەوە بۆ گفتوگۆ و لێدوان لە بارەی بابەتە هەنووکەییەکانی ئەو کاتە.. لە زۆربەی ژمارەکانی ڕاماندا تەوەری مێزگردو دیمانەی شانۆییمان بەرچاو دەکەوێت کە گەورە نووسەری بواری شانۆ و هونەرمەندانی کوردی لە خۆی گرد کردووەتەوە، خستنە ڕووی بیروبۆچوونەکان ئەگەرچی جیاوازیش بن، بەشێکی گرنگن لە ئایدیای گۆڤارێکی وەک ڕامان، چونکە بڕوای بەوە هەیە لە داهاتوودا ئەو مێزگرد و تەوەر و دیمانە شانۆییانە شێنکەوتووانی شانۆ وەک ڕەخنەگرو قوتابیانی ماستەر و دکتۆرا سوودێکی زۆری لێ دەبینن، وەک نموونە لەو میزگرد و دیمانانە:

١- لەگەڵ هونەرمەند تەها خەلیل... ئا/ ئازاد عەبدولواحید- مەحموود زامدار (ژ٢٩) ١٩٩٨.

٢- لەگەڵ هونەرمەند فەرهاد شەریف... ئا/ موحسین محەمەد (ژ٤٦) ٢٠٠٠.

٣- بزاڤی شانۆی کوردی لە بازنەی پرسیاردا... ئا/ ڕامان (ژ٣٤) ١٩٩٩.

٤- فۆرمی شانۆیی لە تێڕوانینی چەند هونەرمەندێکدا... ئا/ موحسین محەمەد(ژ٤٦) ٢٠٠٠.

وێنەی شانۆیی

لە گۆڤاری ڕاماندا، بێجگە لە ژمارە تایبەتییەکانی شانۆ هەوڵ دراوە چەند وێنەو دیمەنێکی شانۆیی چ وەک ئەرشیڤ، یان وەک بابەتی لێدوان بڵاوکراوەتەوە، بێجگە لە ئەرشیڤ کردنی ئەم وێنانە وای کردووە لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارە زیاتر ڕەنگینتر بێت.

ئێمەی هونەرمەندان دەبێ ئەوەشمان لەبەرچاو بێ کە ڕامان لە هەموو ژمارەکانیدا بەشێکی تایبەتی بۆ ئەدەب و هونەری شانۆ تەرخان کردووە، کەواتە ڕامان بایەخێکی تایبەتی بەهونەری شانۆ داوە، لە هەموو ئەو بوارانەی سەرەوە کە باسمان لێوە کردن.. لە هەموشیان گرنگتر ئەمڕۆ ڕامان بووەتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا لە بواری شانۆدا کە قوتابیان بۆ پشت بەستن بەلێکۆڵینەوەکانیان بابەتەکانی ئەم گۆڤارەیان کردووەتە سەرچاوەیەکی ئەکادیمی گرنگ لەوانە:

١- نامەی ماستەر (کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر) لەژێر ناوی ڕیالیزم لە شانۆی کوردیدا.. زانکۆی کۆیە ساڵی ٢٠١١.

٢- ڕەخنەی درامی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا.. (کەیفی محەمەد عەزیز) زانکۆی سەلاحەددین ٢٠٠٩.

خوێنەران و هونەرمەندانی کورد شادن کە دەبینن بەو تەمەنە کورتەی ڕامان توانیویەتی سامانی شانۆی کوردیمان بپارێزی، چ وەک ئەرشیڤ چ وەک سەرچاوەیەکی زانستی.. لە لایەکی دیکەوە بۆتە پێوەرێک بۆ ئاستی شانۆی کوردیمان.. بەڕای من دەکرێ بڵێین گۆڤاری ڕامان تاکە سەرچاوەی گرنگی بواری لێکۆڵینەوەیە بۆ هەر کەسێک بیەوێت لە داهاتوودا لێکۆڵینەوە لەسەر شانۆی کوردی ئەنجام بدات.

سووکە لەنگەر

وەستاگەری لە هونەردا

مەهدی ئومێد

وەستایەتی چاکترین پێناسەیە بۆ کەسێک کە چەمکی کار و پیشەیەکی گرتبێ و بە باشی ئەنجامی بدا، تەنانەت لە هونەر و سیاسەتیشدا، بۆیە لە هەندێک ولاتی پێشکەوتوو بە وەستایەکی پینەدۆز و پرۆفیسۆرێکی زانکۆ دەڵێن ماستەر، ئەمە کوتومت وەستاکەی لای خۆمانە. هەر ئەم وەستایە پلەی بەرزتر دەکرێتەوە و دەبێتە مامۆستا. ولاتانی دەوروبەریش بە وەستا دەڵێن (اسطا) یان (استاد) هەموو ئەم وشانە لە یەک دەچن و هەموشیان یەک مەبەست و مانا دەبەخشن.. لە کوردەواریدا پێش ئەوەی ببیتە وەستا، یان (استاد) دەبێ سەردەمی بەردەستی و شاگردیت بڕیبێ، دایکێک کۆرپەکەی دەلاوێنێتەوە و دەڵێ: بە قوربانت بێ سێ کەس- وەستا و شاگرد و بەردەست. هونەرمەند لەسەردەمی سەرەتایی و شاگردیدا ناتوانێ ڕاستەوخۆ ببێتە وەستا، گەورە هونەرمەندی سوریالیست، سلڤادۆر دالی دەڵێ: تۆ جارێ فێر بە چۆن وێنەی دەموچاو و باڵای مرۆڤێک بکێشیت و ئەندازە و ئاناتۆمی مرۆڤ و دەوروبەرەکەی بکێشیت، ئەوسا وەرە لاسایی من بکەرەوە و پێشانگا سازکە. لاساییکردنەوەی نادروست، یان دزی هونەری، سستی و کەم دەرامەتی خاوەنەکەی دەردەخات و هەر جوینەوەیە، کەواتە وەستا- مام وەستا- ئوستا، ئەو کەسانەن کە ئەزموندار و خەڵکە لێزانەکەن، سەردەمی سەرەتایی و قۆناغی شاگردییان بڕیوە و دەتوانن پیشەکەیان بەرەو نوێخوازی و داهێنان و پێشکەوتن بەرن. پێشکەوتنێک نەخشە و پلانێکی تۆکمە و دەسەڵاتێکی زیرەک و پێشکەوتنخواز پشتیوانی لێ بکا.

هونەر پێویستی بە وەستایەکی ڕۆشنبیرە کە بتوانێ بە قوواڵی بیرکاتەوە و بە سادە و ساکاری و جوانکارییانە بۆچوون و مەبەستەکانی ئەنجام بدات.

ساکاری لە هونەردا لە دەوڵەمەندی هزر و ڕۆشنبیری وەستاکەیەوە دێتە بەر، هۆنراوەیەکی فۆلکلۆری کوردی هەیە کە گۆرانیبێژە میللییەکانمان دەیڵێنەوە و کەسمان نازانین کام وەستای هونەرمەند وا داهێنەرانە بیری کردۆتەوە و گوتوویەتی (ئەو کچە نەبووە لە دایک / لەگەڵ بەفرا باریوە)، ئەگەرچی ئەم پارچە شیعرە نازانرێ بۆ کام شاعیری نادیار دەگەڕێتەوە و بۆتە مووڵکی فۆلکلۆر، دانەرەکەی هەر کەسێک بێت، مام وەستایەکی مەزنی بواری هونەرە، چەند بە ئاسانی دەتوانرێ سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی لێ پەیدا بێت، چەند بە ئاسانی دەتوانرێ ببێتە مۆتیف بۆ بەرهەمی درامی وەک شازادە بچکۆلەی نووسەری فەرەنسی (ئانتۆنیۆ دی ساینت) ئەویش باس لە دابەزینی کەسێکی بچکۆلانە بەناوی شازادە دەکات کە لە ئەستێرەکانی تردەوە بۆ بیابانێکی چۆڵوهۆڵ و فرۆکەوانێکی لێقەوماوی تووش دەبێ.

ئەو کچەی ئێمەش کە لەگەڵ بەفرا لای وەستایەکی فۆلکلۆر دابەزیوە، وەستایەکی دیکەی دەوێ تا وردەکاری دابەزینەکەی بنووسێتەوە.

دانەبڕان و کۆششی بەردەوام لە بواریجیاجیاکانی هونەردا دەبنە هۆی پەیدابوونی هونەرمەندی ماستەر و وەستا، هەر وەستاگەری هونەریشە دەتوانێت چەکوشکاری لە پەیکەری کۆمەڵگای کوردەواریدا بکاو بەرەو دوارۆژێکی گەشتری بەرێ و لە داتەپین و داڕووخان ڕزگاری بکات.